# AWEZ
# ئاوێز

ژمارە: ٦ | ڕاستی، نەک ڕا | جانیوێریی ٢٠٢٦


- موقەدەس و توندوتیژی
  چۆن ئایین توندوتیژی بەرهەم دەهێنێت؟

- مەحاڵبوونی ڕێنێسانس لێرە و لە ئێستادا



- ڕێنێسانسی کورد
  "لە وەهمی گۆڕانەوە بەرەو دیالێکتیکی ڕەنج و ژیانەوە"

- خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی
  "فەلسەفە و ژیار لە سەدەکانی ناوەڕاستدا"

www.awezjournal.com



FM and
down the
highway.



ژۆرناڵێکی وەرزانەی هزری، مەعریفی، تیۆرییە دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەری دەکات

AWEZ
ئاوێز

ژۆرناڵێکی وەرزانەی هزری،
مەعریفی و تیۆرییە

# ڕاستی، نەک ڕا

سەرنووسەر

فاروق ڕەفیق

ژمارە: ٦
جانیوێری ٢٠٢٦

Kurdistan Chronicle

سکرتێری نووسین
عەبدولخالق یەعقووبی

کۆئۆردیناتۆر
سەردار ستار

دیزاین
هیلال چلیک

سکێچ
شەماڵ سەعدوڵڵا

تیراژ: ١٥٠٠ دانە

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

ژمارەی مۆڵەتی یاسایی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی
کوردستان: ٩٩٢

بۆ پەیوەندی:

info@Awezjournal.com

+964 750 928 83 85




سەروتار ........................................................................................ 6

ڕێبەری ئاوێز بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان ..................................... 14


## باس و لێکۆڵینەوە




ڕەشیدی یاسەمی لەنێوان مێژوونووسیی کوردی و گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا ......................... 20

موقەدەس و توندوتیژی
چۆن ئایین توندوتیژی بەرهەم دەهێنێت؟........................................................ 36

پێداچوونەوە بە سەرچاوەکانی توێژینەوە لەسەر ئایینی یاری ............................................ 68

لیبرالیزم ............................................................................ 84


## تەوەرەی ژمارە




مەحاڵبوونی ڕێنیسانس لێرە و لە ئێستادا ......................................................... 114

ڕێنیسانسی کورد
"لە وەهمی گۆڕانەوە بەرەو دیالێکتیکی ڕەنج و ژیانەوە".......................................... 132

ڕێنیسانسی کوردی لە قەیرانەکانەوە بۆ دەرفەتەکان؛ ڕۆڵی حاکمان و ڕۆشنبیران لە چالاکییە کولتووری و
مێژووییەکان و یەکگرتوویی پان-کوردی لە هەرێمی کوردستان ..................................... 152

پارادۆکسی ڕێنیسانسی ئایینی .................................................................. 162

سەبارەت بە ڕێنیسانس یان ژیاندنەوەی کوردی
بۆ دەبێت بیر لە «ژیاندنەوەی کوردی» بکرێتەوە؟ .................................................... 186

لە "تەجەددود"ەوە بۆ "گەشەسەندن" لە شیعری کوردیدا
(بە نموونە، فایەق بێکەس و شێخ نووری شێخ ساڵح) .............................................. 212

مێژووی سەردەمی ڕێنیسانسی ئەورووپی ........................................................... 224

گرنگیی فەلسەفەی ڕێنیسانس .................................................................... 270

تەوەرەی ژمارەی داهاتووی ئاوێز ................................................................. 284

ڕاگەیاندنی کۆنفرانس ........................................................................... 286


## خوێندنەوەی کتێب




خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی "ئیمپریالیزمی ئیسلامی-
مێژوویەک" بە قەڵەمی ئەفرایم کارش ............................................................ 292

خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی
"فەلسەفە و ژیار لە سەدەکانی ناوەڕاستدا"....................................................... 312

# سەروتار

فاروق ڕەفیق



# ئازادیی بەیان و ئازادیی بیرکردنەوە

کۆتاییی ساڵی پار، جارێکی دیکە مەسەلەی سکاڵاکردن و ڕاکێشانی نووسەران و هونەرمەندان بۆ دادگا لەسەر بیروڕا و بۆچوونیان لە نێوەندەکەدا سەری هەڵدایەوە. لەو نێوەندەدا، گوایە ئیسلامەشرەبەکان سکاڵایان لەسەر چەند نووسەرێک کردووە و گوایە "سووکایەتییان بە ئایینی ئیسلام کردووە".

لە سەرەتای ئەمساڵیشدا، لە زۆر شوێنەوە دەنگێک بەرز بووەوە بۆ دادگاییکردنی مەلایەک، کە من وەک توێژەرێک بێ گومان چۆن دژی دادگاییکردنی نووسەرانم، ئاواش دژی دادگاییکردنی پیاوی ئایینیم. مەسەلەکە پەیوەندیی بە کێشەیەکی فەلسەفییەوە هەیە بە ناوی "ئازادیی بەیان" (Freedom of speech) و "ئازادیی بیرکردنەوە" (Freedom of Thought). با بزانین چی لە مەحەکدایە؟

لە ئەدەبیاتی فەلسەفیدا، زاراوەکانی "ئازادیی بەیان"، "قسەکردنی ئازاد" یان "ئازادیی قسەکردن"، "ئازادیی ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوونەکان" و "ئازادیی ڕادەربڕین" بۆ گەیاندنی هەمان مەبەست بەکار دەهێنرێن. هەروەها، خاڵێکی دیکە کە شوێنی گفتوگۆیە، ئەو جیاوازییەیە کە لەنێوان "بەیان" و "ڕەفتار یان کردارنواندن"دا هەیە؛ هەروەها دەتوانین جیاوازی بکەین لەنێوان "ئەخلاق یان ئاکاری بەیانکردن" و "قانوونی بەیانکردنی ئازاد". لە فەلسەفەی سیاسیدا، مامەڵەکردنێکی باو بریتییە لە تیۆریزەکردنی ئازادیی بەیان وەک پێداویستییەکی ئاکار و گەڕاندنەوەی لێکەوتەکانی تیۆرییەکی لەو جۆرە بۆ قانوون و سیاسەتەکان.

بەڵام ئاکار و قانوون لقوپۆپیان لێ دەبێتەوە و واتە جیاوازن، بەتایبەت یەکێک لەو جیاوازییانە دەتوانێت ئەو کاتە بێت کە قانوون نادادپەروەرانە بێت.

پارێزگاریکردنی قانوون لە بەیان (یان لە ئازادیی بەیان) کە لەناو قانوونی پۆزەتیڤدا (Positive Law) بەرجەستە بووە، دەشێت بە ڕێگەی جیاواز ئاکارەکەی بە هەڵەدا بڕوات. بە مانایەکی دیکە، مافێکی ڕەوا کە بەهانەی قانوونی بۆ هێنراوەتەوە، مافی ئازادیی بەیان و مافی بەیانکردن بێت، کە بە کردەیی (فعلی) هەیە، لەوانەیە کەمتر بتوانێت ئازادیی بەیان بپارێزێت.

ئێمە لێرەدا وەک مەسەلەیەکی تیۆری دەتوانین جیاوازی بخەینە نێوان ئەو تیۆرییانەی کە باسی ئازادیی مافەکان بەیان دەکەن وەک ماف و، جیاکردنەوەی لەو تیۆرییانەی کە لە دەرەوەی مافەکان باس لە ئازادیی بەیان دەکەن. بۆ هەندێک لە لیبراڵەکان، مافی قانوونیی ئازادیی بەیان ڕەوایەتیی هەیە بە هانابردن بۆ مافی ئەخلاقی بۆ هەبوونی ئازادیی بەیان، کە شایانی لێ‌تێگەیشتنە وەک مافی سروشتی (Natural Right) کە هەموو کەس خاوەنی ئەو مافەیە. شێوازی کارکردنی چەمکی مافی ئەخلاقی لێرەدا بریتییە لە (Claim-right) ”بانگەشەکردن-بۆ-ماف“، واتە داواکردنی ماف لە ئۆتۆریتەیەک. لای هەندێکی دیکە، بەهانەهێنانەوە بۆ ئازادیی بەیان مەرج نییە لە قانوونی سروشتییەوە بێت.

جۆن ستیوارت میل داکۆکی لە ئازادیی بەیان دەکات ئامرازانە، بە پەنابردن بۆ سوودە ئیپیستیمییەکانی ئازادیی بەیان لە کتێبی ”دەربارەی ئازادی“.

میل لەو باوەڕەدایە، بە لەبەرچاوگرتنی ”توانای هەڵەکردن“ ئەو پرەنسیپە فەلسەفییەی کە دەڵێت: هەڵوێستەکان دەشێت قبووڵ بکرێن هەرچەندە ناشێت و ناتوانرێت بسەلمێنرێن یان ڕەوایەتییان پێ ببەخشرێت، هەروەها نە ئەوەیە کە وەکوو مەعریفە یاخود قەناعەت شوێنی دڵنیایی بن؛ ئەم زاراوەیە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمیندا داڕێژرا لەلایەن فەیلەسوفی ئەمریکی Charles Sanders Peirce وەک وەڵامێک بۆ دنیابینی یان پرەنسیپی (Foundationalism).

بەپێی ئەم پرەنسیپە (Fallibility) ”توانایی هەڵەکردن“، ئێمە بەبەردەوامی دەبێت ڕۆتینانە عەقڵمان کراوە بێت بۆ هەر بۆچوونێکی هەڵە کە نەبادا ڕاست دەربچێت؛ وا دیارە ئەو بۆچوونە هەڵەیە، بەڵام ئەگەری ڕاستبوونیشی لە ئارادایە، یاخود بەلانی کەمەوە هەندێک توخمی ڕاستیی تێدایە. بگرە تەنانەت ئەوکاتەی قەزیەیەک یان گوزارەیەک بە دیاریکراوی هەڵە بێت، بەهایەک هەیە لەوەدا کە ڕێگە بدرێت خۆی بەیان بکات، تاکوو ئێمە لەوە تێبگەین کە بۆچی وا سەیرمان کردووە کە هەڵەیە. بڕوانە: (دەربارەی ئازادی، چاپتەری دووەم - On Liberty).

کاتێک گوزارەیەک، ڕایەک یان بۆچوونێک هەڵە بێت بەئاشکرایی، بەهایەک هەیە لەوەدا کە ڕێگە بدرێت بەیان بکرێت، تاکوو ئێمە هەموومان لەوە تێبگەین بۆچی دەبێت وەک هەڵە سەیری بکەین یان وەریبگرین؛ هەڵە لە ڕووی ئیپیستیمۆلۆژی و ئاکاری و سیاسی و کولتووری و ئۆنتۆلۆژییەوە.

ئەرگۆمێنتەکەی میل جەختی لەسەر سوودەکانی دیاریکردنی هەڵەکەیە.

ئەم بیروڕایانە هاوپەیوەستن بە ئایدیایەکی دیکەی فەلسەفەی لیبراڵەوە کە ئەویش "بازاڕی ئایدیاکان"ە، کە لە هەلومەرجی بەریەککەوتنی بیروبۆچوونەکان بەرەو ئەوە دەڕوات کە بۆچوونی زاڵ، سەرکەوتوو و بەهێز، دیبەیتەکە دەباتەوە.

بۆچوونی جۆن ستیوارت میل ئەوەیە کە تەنانەت ئەو بۆچوونانەش کە زیان دەگەیەنن دەبێت ڕێگەیان پێ بدرێت، هۆکەی لە کتێبی (دەربارەی ئازادی)دا بەئاشکرایی خراوەتە ڕوو. وتە یان بەیانکردنی هەڵە کە شوێنی زیانگەیاندنە (بۆ نموونە، جنێوی مەلاکان و بناژۆخوازە فاشیستەکان).

گرنگیی ئێمە بە "تەعبیرکردن-لە-خۆ"، واتە دەربڕینی ئازادیی بەیان و "خۆ-بەیانکردن"، هەمیشە پەیوەندیی بە فەراهەمبوونی هەلومەرجەکەوە هەیە، بە مانای ئازادی، بە مانای هەبوونی فەزایەکی کراوە و ئازاد بۆ دەربڕین، لە دەرەوەی مولاحەقەکردن و سەرکوتکردن و ڕاوەدوونان و سانسۆر و لێپرسینەوە. ئەوە بڵێین کە بەشێک لە پرۆسەی بیناکردن و وێناکردنی ئێمە بۆ ژیانێکی چاک، پەروەردەکردن و گەشەکردنی ئەرگۆمێنتەکانە دەربارەی چۆنێتیی ژیان و "چۆن بژین؟" (How to live). ئەمە خۆی بریتییە لە دەرگیربوون لەتەک چۆنێتیی ژیان لەتەک ئەوانی دیکەدا، ئەوەش ناوێکی هەیە: بەرژەوەندیی تەدبیریانە، یان چۆن تەدبیریانە پێکەوە بژین (Deliberative interest).

ئەم جۆرە لە بەریەککەوتن و دەرگیربوون، ئەو هەلانە دەخاتە ڕوو بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بۆچوونە جیاوازەکان و پێکەوەژیانەکان و هەڵکردنەکان. گەر ئازادیی بەیان ڕەوایەتیی پێ بدرێت بەهۆی تەعبیرکردنمان لە بەرژەوەندییەکانی خۆمان و لە زاتی خۆمان، کە ئەمە بەهانەکە بێت، ئەوە خۆی لە خۆیدا بەهانە دەهێنێتەوە بۆ دەستوەرنەدان لە کاروباری کەسیی کەسێک کە پێداگری دەکات لەسەر ئازادییەکانی و مافەکانی. ئەوە ڕەوایە یان دەشێت کە داکۆکی لە ئازادیی بەیان بکەین لەسەر بنەمای زەمینەیەکی نا-ئامرازبوون.

هەندێک بیرمەند ئازادیی بەیان دەبەستنەوە بە بەرژەوەندییەکانی تاکەوە وەک قسەکەر. لێرەدا ئەرگۆمێنتەکە جەختکردنە لەسەر ڕۆڵی بەیان/ڕا لە گەشەکردن و مەشقکردن بە ئۆتۆنۆمیی مرۆڤ، وەک ئەوەی کە مرۆڤ خۆی خاوەندارێتی لە بوون و ژیانی خۆی بکات. بەشێک لە چۆنێتیی

وێناکردنەکانمان بۆ ژیانێکی چاک و پەرەپێدان بە توانایی حوکمدان دەربارەی چۆن بژین، لەڕێگەی ئاڵوگۆڕکردنی ئایدیاکانەوە مەیسەر دەبێت، یان لەڕێگەی هەبوونی توانایی تاقیکردنەوەی بۆچوونە جیاوازەکان و تاقیکردنەوەی گۆشەنیگا جیاوازەکانی ڕوانینەوە مەیسەر دەبێت. کاتێک کە ئێمە دەرگیر دەبین لەتەک بەیانکردندا، ئێمە دەرگیر دەبین لەتەک دۆزینەوەی ڕێگە و شێوازە جیاوازەکانی بوون لە جیهاندا. ئەوەش بڵێین ئەوکاتەی ئێمە ئاماژە بە ئۆتۆنۆمیی قسەکەر یان خاوەن ڕا دەکەین، لە ڕاستیدا ئاماژە دەکەین بە تواناکانی ئەو قسەکەرە؛ لێرەدا "ئۆتۆنۆمی" وەک ئایدیایەکی ئیمانوێل کانت، بریتییە لە ئایدیاڵێکی ئاکاریی سەراپاگیر کە گونجاوە بۆ هەلومەرجی ئازادی و ئازادبوون. جەختکردن لەسەر ئۆتۆنۆمی سازگارە لەتەک ئایدیاڵەکانی لیبراڵ لە پرۆسەی سازدان و وێناکردنێکی سەراپاگیری ژیانێکی چاک.

هەروەها، هەنگاوێک لەمە زیاتر، دەتوانین ئازادیی بەیان پێناسە بکەین لەسەر ئەو بناغەیەوە کە ئازادیی بەیان خۆی بریتییە لە تەشویقکردن و بانگەشەکردن و بەهێزکردنی پایەکانی دیموکراسی. لێرەوە ئازادیی بەیان خۆی دەبێتە بەشێک یان توخمێک لە دیموکراسی، یاخود چاکتر لەمە، دەبێتە توخمێک لە سیستەمی دەستوورگەرایی-کۆماری.

سنووردارکردنی ئازادیی بەیان، وەک "ڕاوڵز" دەڵێت، سەر لە هەڵپەساردنی دیموکراسییەوە دەردەهێنێت. کەواتە، چاوبڕین لە دیموکراسی و لە هەلومەرجێکی دەستووری-حوکمڕانیکردن بە قبووڵکردنی ئازادیی بەیان و ئازادیی بیرکردنەوە مەیسەر دەبێت. زیاتر لەمە، ئازادیی بەیان شایانی زیاتر لێ تێگەیشتنە کە زانیمان چواردەوری ئازادیی ئاڵوگۆڕکردنی ڕا و ئازادیی بیرکردنەوە لەخۆ دەگرێت، لەکاتێکدا کە جیاوازن، بەڵام لە هەمان کاتدا پێکەوە دەسەپێنن (reinforcing) و چڕدەکەنەوە و سەربەخۆیی دەسەپێنن. لێرەوە ئازادیی بەیان جەوهەرییە بۆ گەشەکردن، وەزیفەبینین و کاراکردنی بیرمەندەکان. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئێمە دەبێت ئایدیاکانمان بهێنینە دەرەوە و بەوردی تەعبیریان لێ بکەین و بیانخەینە ڕوو تاکوو بتوانین هەڵیانبسەنگێنین و تاقیان بکەینەوە. ئەو پرۆسەیە ڕەنگە وەک مۆنۆلۆگ (یان مۆنۆلۆگ‌ئاسا) دەربکەوێت، بەڵام لە خۆبەیانکردندا بۆ ئەوانی دی دەبێتە دیالۆگ‌ئاسا؛ لێرەدا قسەکەر و گوێگر دەرگیر دەبن لە ئاڵوگۆڕی بۆچوونەکاندا.

زیاتر لەمە، ئەرگۆمێنتێکی دیکە بۆ ئازادیی بەیان و بیرکردنەوەی ئازاد دەبێتە مایەی گەشەکردنی تاک، گەشەکردنی لیبراڵانەی ئێمە بۆ هەڵکردن لەتەک ڕای بەرانبەردا، کە دواجار ئەمە دەبێتە مایەی ڕامکردنی کەڵکەڵە نالیبراڵەکان کە هەر یەک لە ئێمە هەڵیدەگرینەوە لە کۆمەڵگە نەخۆش و کەوتووەکاندا. ئازادیی بەیان کۆمەکمان دەکات بۆ پراکتیزەکردنی "ئیتۆسی هەڵکردن" (Ethos of toleration)، کە لێرەدا هەڵکردن دەبێتە مایەی تەشویقکردنی ئاکارێکی کۆمەڵایەتی کە پێکەوەژیان فەراهەم دەکات.

ئازادیی بەیان جەوهەرییە بۆ پەروەردەکردنی کاراکتەری تاک و گەشەکردنی توانا و ئەگەرەکانی، بەتایبەتی لە خۆبەڕێوەبردندا، واتە حوکمکردنی خۆی بۆ خودی خۆی (Self-Government). ئازادیی بیرکردنەوە، ئازادانە دوان و گفتوگۆکردن ئەو ئامرازەیە بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان. بەبێ ئازادیی بەیان و ئازادیی بیرکردنەوە، پرۆژەی ئۆتۆنۆمیی تاک و جڤات بەربەستی گەورەی بۆ دروست دەبێت و دەبێتە شتێکی مەحاڵ. ئەم پرەنسیپەش دەتوانین ناوزەد بکەین بە یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی "حوکمی ڕەشید"، کە پرەنسیپەکە خۆی واتە حوکمکردنی زات بۆ خۆی. کەواتە، لە یادمان بێت ئازادیی بەیان بەتەنیا ئامرازێک نییە لە خزمەت چاکەی تاک و چاکەی گشتی، بەڵکوو وەک بەهایەک خۆی لە خۆیدا بەهادارە بۆ گەشەکردنی تاک و بگرە مرۆڤسازی و نیشتمانسازی. ئازادیی بەیان چۆن توخمێکە لە پرۆسەی حوکمکردن و پەیڕەویکردن لە دادپەروەری و ئاوەزمەندیی حوکمڕانیدا، بە هەمان ئاست و گرنگی بەشێکە لە ڕۆحییەتی (Spirit)ی مرۆڤبوون، ڕۆحییەتێک کە دەخوازێت تەعبیر لە خۆی بکات، ئەوەش بەشێکی دانەبڕاوە لە گەشەکردنی ئایدیاکان و مانابەخشین بە ناسنامەی تاک و جڤات.

هۆیەکی دیکە بۆ بەرزڕاگرتنی ئازادیی بەیان و بیرکردنەوەی ئازاد، بریتییە لە گەڕان بەدوای حەقیقەتدا. باشترین تاقیکردنەوەی حەقیقەت بریتییە لە هێز و دەسەڵاتی بیرکردنەوە بۆ بەدەستهێنانی قبووڵکردن لە "بازاڕی ئایدیاکان"دا، ڕاستیش لێرەدا ئەو زەمینەیە کە لەسەریەوە ئەو پرۆسەیە خۆی بەیان دەکات. لێرەدا مێتافۆری "بازاڕی ئایدیاکان" کامڵ نییە، چونکە لە مێژوودا مەرج نییە هەمیشە ڕاستی زاڵ بووبێت، یان هەڵی خۆمانیفێستکردنی بە یەکسانی بۆ ڕەخسابێت. زۆر جاران ئایدیا

هەڵەکان و بۆچوونە ترسناکەکان باڵادەست و براوە بوون و هەلی زیاتریان لەم هاوکێشەیەدا بۆ ڕەخساوە.

مێژووی مرۆڤایەتی مێژووی هەڵە و درۆکانە نەک ڕاستییەکان، مێژووی ئایینەکان نموونەیەکی بەرجەستەی ئەم ڕاستییەیە. کەواتە، بەهادارە بزانین خەڵکی یان کەسانی دیکە چۆن بیر دەکەنەوە و بیر لە چی دەکەنەوە؛ دوا ئامانج بریتییە لە کەڵەکەکردنی مەعریفەیەک دەربارەی جیهان و دەربارەی خۆمان، لەبەر ئەوەی وزەبەخشە کە بزانین خەڵکی بیر لە چی دەکەنەوە، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە بیروڕاکانیان زیانبەخشن، شوێنی مەترسییە؛ تاکوو بۆچوونەکانیان زیاتر شوێنی هەڕەشە و مەترسی بێت، باشترە ڕێگەی تەعبیرکردنیان پێ بدرێت تاکوو ئێمەی لێ هۆشیار ببینەوە، نەک لە ژوورە تاریکەکان و لە مزگەوت و مەعبەدەکاندا بە چپە ئاڵوگۆڕی بکەن. کە ئەو ئایدیا پڕمەترسییانە حوجرەکانی جێهێشت و لە فەزای گشتیدا وەک بۆمب تەقییەوە، شۆک نەبین و نەڵێین ئەمە لەکوێوە هات؟

بێ گومان من دژی دادگاییکردنی هەر کەسێکم کە لەسەر بیروڕا و بۆچوونی ڕووبەڕووی ببێتەوە؛ نووسەران، هونەرمەندان، بیرمەندان، توێژەرەکان، مرۆڤی ئاسایی، هەر هەموو دەبێت ئازاد بن لە دەربڕینی ڕا و بۆچوونەکانیان.

لە پەیوەندی بەم کێشەیەوە، دژی سکاڵا لەسەرکردن و دادگاییکردنی مەلا بەرباسە بانگخوازەکانم. بۆ؟

بێ گومان من هاوڕای ئەو بانگخوازانە نیم و بە کەسایەتیی شەڕەنگێز و بگرە گەمژەشیان دەزانم، ئەوانە دژی فەلسەفە و زانستن، دژی شارستانییەت و مرۆڤایەتین و بانگەشە بۆ بەربەریزم و وەحشیگەری و جیهاد دەکەن، کە جیهاد عەقیدەیەکی قیتالییە بۆ کوشتن و بڕینی هەر گرووپ و کەس و تاقمێک کە بیر نەکەنەوە وەک فاشیزمی ئیسلامی، کە ئایدۆلۆژیای ئیسلامییەکانی کوردستانە، ئەوان هیچ مەناعەتیان نییە هەموومان سەر ببڕن. بەڵام دادگاییکردنی ئەو بانگخوازە بناژۆخوازە شەڕەنگێزانە لەبنەڕەتدا خۆبواردنە لە ئیشە گەورەکە، لە پڕۆژە گەورەکە کە دەبێت سەر ڕێگە بخرێت، ئەویش دادگاییکردنی ئەو ئایینەیە کە سەرچاوەی فاشیزمی ئیسلامییە، کە سەرچاوەی دید و دنیابینیی ئیسلامییەکانە. ئێمە دەبێت دادگاییەکی عەقڵی-ئەخلاقی-قانوونی سەر ڕێگە بخەین و ئەو میراتە ئایینییە دادگایی بکەین، نەک فلانە یان فیسارە مەلا کە دژی زانستن و لە مزگەوتەکانەوە بانگەشەی

جەهل و خورافیات و نەفامی و نەزانین و گەمژەیەتی دەکەن و، وەزارەتی ئەوقافیش لێی بێدەنگە.

خانمێک کە گوایە زەردەشتییە و نوێنەری زەردەشتییەکانە، بە مێشکێکی ژەهراویی فێمینییانەوە گوتی:

"باشترە فلانە مەلا زیندانی بکرێت و لە زیندانی ژنانیش زیندانی بکرێت". کاتی خۆی ئێمە چەند دامەزراوەیەک بووین داکۆکیمان لەو گرووپە کرد لەوەدا کە ئازاد بن ئایینی خۆیان بگۆڕن، بەڵام ئەو خانمە کە لە هەموو شتێک حاڵی نییە، ئێستا دێت بە خودی خۆی و خانمانی ئەم وڵاتە ڕادەبوێرێت بەوەی کە مەلایەکی نەفامی فاشیست دەخاتە زیندانەوە لەتەک ئافرەتاندا. ئەم ئافرەتە زەردەشتی بێت یان موسڵمان یان مەسیحی، یەک شتە، ئەویش گەمژەی گەمژەیە و لە ڕێزمانی گەمە فیکرییەکە ناگات. نابێت هیچ کەسێک لەسەر بیروباوەڕی دادگایی بکرێت، بەڵکوو گرنگە کە خۆمان پەروەردە بکەین، مەشق لەسەر ئاوەز و ئاوەزمەندی و فەلسەفە و زانست ببینین و خۆ تەیار بکەین بۆ دادگاییکردنی ترادیسیۆنی ئیسلامی و فاشیزمی ئیسلامی. ئەوە ئەرکە زانستی و مرۆڤدۆستی و ئەرکە ڕۆشنگەرییە پیرۆزەکەیە، نەک بێدەنگکردنی بانگخوازێکی نەزان یان مەلایەکی نەفام و نەخوێندەوار و بەدوور لە ئاکاری مەدەنی.

# ڕێبەری ئاوەز بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان

ژۆڕناڵی ئاوەز وەک ژۆڕناڵێکی وەرزانەی هزری و مەعریفی و تیۆری پشتگیری و کۆمەکی سازدان و بەئەنجام گەیاندنی ئەو توێژینەوانە دەکات کە توێژەر و شارەزایانی بواری فیکر دەینووسن لەمەڕ ئەو کێشە و ئاریشە و بابەت و مژار و مەسەلە فیکری و تیۆرییانەی خزمەت بەبرەودانی ئاوەزگەری و پێشخستنی فیکر و کولتووری باڵا دەکەن لەناو ڕەوتی جڤاتی کوردیدا.

## توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان دەبێت ڕەچاوی ئەم مەرجانە بکەن

١- زانستیبوونی ئەو باسانە بە واتای ڕەچاوکردنی مەرجە زانستییەکانە لە نووسین و ئامادەکردنی توێژینەوەکەدا، لەوانە بابەتیتی (objectivity) و خستنەڕووی بەڵگە و سەلماندن و ئەرگومێنت و تاقیکردنەوەی ئەرگومێنتەکان و دژە ئەرگومێنتەکان و دوورەپەرێزی کردن لە حوکمی پێشینە و ئالوودەنەبوون بەدنیابینییەکی ئایدیۆلۆژییەوە لە کاتی لێکۆڵینەوە لەمەڕ بابەتی قسە لەسەرکراو.

٢- ڕەوتی لێکۆڵینەوەکە و ئامانجەکانی چاو لە برەودان بەکولتووری ئاوەزگەری و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ببڕێت و دروستکردنی زەمینەیەک بۆ گفتوگۆکردنی زانستی و ئاوەزمەندانەی پشت ئەستوور بەشیکردنەوە و تاقیکردنەوەی ئاوەزی.

٣- پەیڕەویکردن لە میتۆدەکانی سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکان و بەکارهێنانی سەرچاوەکان (کتێب،

ژۆڕناڵ، بڵاوکراوەی زانستی) و ئۆتۆرەتییەکان (زانا، بیرمەند، توێژەر، نووسەر و خاوەن ڕاکان) بەشێوەیەکی زانستی و گونجاو، هەروەها بەو شێوەیەی کە لە ئەکادیمیاکاندا پەیڕەو دەکرێت.
لەم ڕووەوە میتۆدەکان زۆرن، نووسەران و توێژەرانێک کە بۆ ئاوەز لێکۆڵینەوە دەنووسن ئازادن لەوەی

## کام میتۆد بەکار دەهێنن، بەڵام پێویستە ئەم هۆشیارکردنەوەیە بدەین

A- لە نووسینی کوردیدا دیاردەی Plagiarism دزیەتیی بەرهەمی ئەدەبی و تێکڕای ئەوانی دیکە زۆر زۆر بەربڵاوە، بەتایبەت لەناو ئەو نووسەرانەی باش پەروەردە نەبوون و بەهەر چوارلادا نابەرپرسیارانە حوکمەکان بڵاو دەکەنەوە و، بێ ئەوەی مەشقکردن لەسەر زانست و تیۆری ببینن نابەرپرسیارانە قسە لەسەر مەعریفە و تیۆری و کایە زانستی و فیکرییەکان دەکەن و زۆربەی ئەو شتەی کە دەشیلێن دزینی ڕا و بۆچوون و بەری ڕەنجی بیرکردنەوەی کەسانی دیکەیە، جا چ کەسانی خۆرئاوایی بێت یا ڕۆشنبیرانی فارس و عەرەب. بۆیە فێر بوون بۆ شاردنەوەی دزییەکانیان لەدواوەی نووسینەکانیان ژمارەیەک سەرچاوە ڕیز دەکەن کە نە لە دوور و نە لە نزیک پەیوەندییەکی بەخودی پەیکەرە یا جەستە یا بابەتی سەرەکیی نووسینەکەوە هەبێت. ئەم شێوازە بەتەواوی لای ژۆڕناڵی ئاوەز ڕەت دەکرێتەوە؛ ئاوەز گرنگی بە بیرکردنەوەی ڕەسەن دەدات و، خۆی بۆ ئەوە تەرخان دەکات ئەم دیاردەیە بنبڕ بکات.

B- هەر ئایدیایەک ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لە سەرچاوەیەکەوە یان لە کەسێکەوە وەرگیرابێت

## پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت لەناو جەستەی نووسینەکەدا یا لەژێر نووسینێکدا بەم شێوەیە

ناوی نووسەر یا توێژەر یا بیرمەند یا زاناکە، سەرچاوەکەی کە ئایدیاکەی لێ وەرگیراوە، شوێنی چاپکردنی سەرچاوەکە، ژۆڕناڵ، کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە، بڵاوکراوەی زانستی، کاتی بڵاوکردنەوەکە

واتا ساڵی بڵاوکردنەوە، هەروەها ژۆرناڵی وەرزی بوو، ژمارەی وەرزەنامەکە و ساڵ و شوێنی بڵاوکراوەکە.

C - هەروەها ئەو ئایدیایانەی وەردەگیردرێن و دادەڕێژرێنەوە، بەڵام بیرۆکەیەک، بۆچوونێک کە موڵکی کەسێکی دیکەیە دەبێت ئەویش بەو شێوەیەی ئاماژەمان پێی دا دیاری بکردرێت.

D- گەر سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکان لە فۆرمی پەراوێزدا بوو، لە کۆتاییی لێکۆڵینەوەکەدا پێویستە توێژەر بیبلۆگرافیای سەرچاوەکان دابنێت، ناوی نووسەر، کتێب یا وەرزنامە یا بڵاوکراوەی زانستی و، ساڵ و شوێنی سەرچاوەکە.

E- دوورەپەرێزی کردن لە هەڵە لۆژیکییەکان، لەوانە هەڵەی پەنابردن بۆ ئۆتۆرەتی (مارکس دەڵێت X کەواتە X ڕاستە) هەڵەی لۆژیکی گشتگیرکردنی بە پەلەپروزکێ؛ هەڵەی پەنابردن بۆ بەزەیی ڕای X ڕاستە، لەبەرئەوەی خاوەن پێداویستیی تایبەتە یا کێشەی گەورەی هەیە (بۆ زانینی هەندێک لە هەڵەکان، بڕوانە ژمارەی یەکەمی ئاوەز، لێکۆڵینەوەی: بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و هەڵە لۆژیکییەکان. لە پاڵ: بیرکردنەوەی ڕەخنەیی. فاروق ڕەفیق ٢٠٢٣ - دەزگای سەردەم).

F- هەتا لە تواناییدا بێت دوورەپەرێزی کردن لە پێداگریکردن لەسەر "بەڕای من"، چونکە ئاوەز هەوڵێکە بۆ گواستنەوە لە مەملەکەتی ڕاوە بۆ مەملەکەتی مەعریفە لەڕێگای دەستوپەنجە نەرمکردن لە تەک ڕاستییەکان، شیکردنەوە و خستنە ڕووی ئەرگۆمێنتەکانەوە.

٤- ژۆرناڵی ئاوەز هیچ لێکۆڵینەوەیەک بڵاو ناکاتەوە ئەگەر بانگەشە بۆ دۆکترینێکی ئاینی یا ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی بکات.

٥- بۆ بەرزڕاگرتنی ئەو ستاندارده فیکری و زانستییە کە ئاوەز ڕەچاوی دەکات، خودی کەسی توێژەر دەبێت ئامادەیی تێدا بێت ڕەچاوی ئەو سەرنجانە بکات کە پێی دەگوترێت یا ئاگادار دەکرێتەوە لەلایەن ئاوەزەوە، بە واتای باش پێداچوونە بەتوێژینەوەکەدا.

٦-  ژۆڕناڵی ئاوەز دەستی ئاوەڵایە لە گۆڕینی ڕێنووس و ڕێزمانی لێکۆڵینەوە نێردراوەکان، بەپێی نامیلکەی پەسەندکراوی ئەکادیمیای کوردی. هەروەها بابەتی بڵاونەکراوە بۆ خاوەنەکەی ناگەڕێتەوە.

ژۆڕناڵی ئاوەز

جانیوێریی ٢٠٢٦

# باس و لێکۆڵینەوە

ڕاستی، نەک ڕا



# ڕەشیدی یاسەمی لەنێوان مێژوونووسیی کوردی و گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا

سیروان خسرەوزادە
دکتۆرا لە مێژووی ئێران



## پوختەی وتار

ئەم وتارە باس لە کەسایەتی غوڵامڕەزا خانی ڕەشید یاسەمی و بیروبۆچوونەکانی دەکات، هەروەها ڕۆڵی گوتاری ناسیۆنالیزمی فارسی لەسەر ئەم کەسایەتییە وەک مێژوونووسێکی کورد. ژیانی زانستی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی یاسەمی هاوکاتە لەگەڵ دەسەڵاتی ڕەزا شای پەهلەوی و ئەو سیاسەت و پروپاگەندانەی کە بۆ سەروەریی نەتەوەی فارس دەکرا و یاسەمیش وەک پیاوی ئەو دەسەڵاتە ڕۆڵی تێدا گێڕاوە.

یاسەمی وەک کوردێک، ئەگەرچی سەر بە دەسەڵات بووە و لەپێناو بەرژەوەندیی ڕەگەزپەرەستانەی ناسیۆنالیزمی فارسی ڕۆڵی گێڕاوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ناکرێت بوترێت ناوبراو هیچ هەست و بەرپرسیارێتییەکی بۆ کوردبوون و نەتەوەی خۆی نەبووە. یاسەمی بە نووسینی کتێبی "کورد و ڕەگوڕیشەی ڕەگەزی کورد"، ئەگەرچی هەوڵ دەدات لە بازنەی ئێرانیبوون و پێوەرەکانی نەتەوە لە ڕوانگەی گوتاری دەسەڵاتەوە باس لە کورد بکات، بەڵام هەستی خۆی لە ئاست کوردبوون ناشارێتەوە و دەیخاتە ڕوو. بۆ نموونە، هۆشیارانە و هەندێک جاریش نەخوازراو، بە پێچەوانەی گوتاری زاڵی سەردەم، لە کاتی باسکردن لە ڕابردوو و مێژووی ئێران، جێگە و پێگەیەکی شیاو و هەندێک جاریش تەنانەت پیرۆز بۆ کورد و ڕۆڵی کورد تەرخان دەکات. بە تیشک خستنەسەر و ئاماژەدان بە هەندێک بابەتی هەستیار و ڕوونکردنەوەیان، دەیسەلمێنێت کە جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ ناسیۆنالیستە فارسەکانی سەر بە دەسەڵات هەیە.

بەگشتی سەبارەت بە یاسەمی و مێژوونووسییەکەی، پێویستە بوترێت ئەگەرچی ناکرێت بڵێین کوردێکی نەتەوەپەروەر بووە، بەڵام بەهۆی کوردبوونییەوە زۆر جیاواز لە هاوبیروڕا فارسەکانی سەردەمی لەسەر کورد دواوە. ئەم وتارە دەیەوێت ئەم ڕاستییە بۆ یەکەمجار بسەلمێنێت کە وا یاسەمی، ئەگەرچی پیاوی دەسەڵاتی پەهلەوی بووە و خزمەتی بۆ گوتاری ناسیۆنالیزمی فارسی کردووە، بەڵام بە وردبوونەوە لە بارودۆخی ئەو سەردەمە، لەوانەیە بە بەراورد لەگەڵ نووسەرانی هاوسەردەمی خۆی، خوازراو یان نەخوازراو، لە هەندێک ڕوانگەوە خزمەتی بە کورد و مێژووی کوردیش کردبێت.

وشە سەرەکییەکان: ڕەشید یاسەمی، ڕەزاشا، ناسیۆنالیزمی فارسی، مێژووی کورد، پێوەرەکانی نەتەوە.

## پێشەکی

پاش شۆڕشی مەشرووتەی ئێران لە ساڵی 1906، کە دەرئەنجام و بەرهەمی دژایەتی و بەرخۆدانی خەڵکی ئێران بوو لە ئاست پاشای ئێران، واتە محەممەدعەلی شای قاجار و، کەمکردنەوەی ئاستی دەسەڵاتی پاشایەتی (بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئێران)، زەمینە بۆ دەربڕینی بیروڕای جیاواز لەلایەن ڕووناکبیران و چالاکانی خاوەن بیروبۆچوونی جیاوازەوە ساز کرا. لێرەوە قۆناغ و سەردەمێکی نوێ لەم وڵاتەدا دەستی پێکرد و هەر لەم پێناوەدا بوو کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژنامە و گۆڤارە جیاواز و سەربەخۆکان دەستیان بە بڵاوکردنەوە کرد، لەپێناو خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و گەیشتن بە ئازادی و بەیاساکردنی کاروباری وڵات.

بەڵام شۆڕشی مەشرووتەی ئێران لەئەنجامدا نەگەیشتە ئامانجەکانی و هێدی هێدی خەڵکی ئێرانی تووشی سەرلێشێواوی و بێهیوایی کرد. لەم بارودۆخەدا بوو کە لە وڵاتانی ڕۆژاواوە، گۆڤارگەلێک وەک 'کاوە' لەلایەن تاقمێک لە چالاکوان و بیرمەندی ئێرانیی دەرەوەی وڵات دەستیان بە چالاکی و نووسین کرد، لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەیەکی ناوەندخواز لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی ئێرانی. نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە، بە لەبەرچاوگرتنی شکۆی ئێرانی پێش ئیسلام، واتە سەردەمی هەخامەنشییەکان و ساسانییەکان و بەگشتی ئێرانی کۆن، باسیان لە شکۆ و مەزنی و پیرۆزیی ئێرانی ئەو سەردەمە کرد. هەروەها دەستیان دایە بەراوردی ئێرانی ئەو سەردەمە لەگەڵ ئێرانی ژێردەسەڵاتی قاجار و بەم شێوەیە هەوڵیان دەدا، وێڕای ناساندن و دەرخستنی هۆکارەکانی دواکەوتوویی ئێران، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە و گەڕاندنەوەی شکۆ مەزنە مێژووییەکەی ڕابردوو، ڕێگەچارەیەک بدۆزنەوە.

لەئەنجامی ئەم هەوڵانە، هەندێک جار گەیشتنە دژایەتی و دوژمنایەتیی ئیسلام و عەرەب و، جاروبار دەیانگەیاندە ئەو قەناعەتەی کە تەنیا ڕێگەی ڕزگاری ئێران و ئێرانییەکان، سەرهەڵدان و

دەرکەوتنی کەڵەپیاوێکی شکۆمەندە کە بتوانێت درێژەدەری ڕێگای داریووش و ئەردەشێر و شاپوور و خەسرەوەکان، واتە پاشاکانی ساسانی بێت. ئەم هەوڵانە ڕێگەیان بۆ هاتنەسەر دەسەڵاتی ڕەزاشای پەهلەوی خۆش کرد. دەوڵەتی ڕەزاشا هەر لە سەرەتاوە خۆی وەک دەوڵەتێکی مۆدێرن، نوێخواز، ناوەندخواز و لایەنگری گەڕاندنەوەی شکۆ مەزنە لەدەستچووەکەی دەورانی کۆن نواند. هەربۆیە، بۆ گەشاندنەوە و بوژاندنەوەی ئێران، بە پێویستیان زانی نەتەوەیەکی مۆدێرن پێک بهێنرێت. لەم ڕووەوە هێدی هێدی پرۆژەی پێکهێنانی دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرنی ئێرانی وەک ئەولەویەتی سەرەکی دەوڵەتی ڕەزاشا و پاشایەتیی پەهلەوی دەستی پێکرد.

لەو پرۆژەیەدا، توانەوەی نەتەوە و ئێتنیکە جیاوازەکانی ناوخۆی ئێران لەناو نەتەوەی فارسدا وەک پرۆژەیەکی پێویست و زەروور لەبەرچاو گیرا. لێرەوە سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن یان ئاسیمیلەکردن (یان یەکخستن) وەک سیاسەتێکی پێویست و حاشاهەڵنەگر، بە چڕوپڕی بوو بە ئەولەویەتی دەوڵەتی ڕەزاشا و ڕامانەداڕێژانی (تیۆریدانەرانی) دەوڵەتی مۆدێرنی ئێرانی کە لەڕاستیدا لەسەر بنەمای نەتەوەی فارس دروست کرابوو. لە وەها بارودۆخێکدا، مێژوونووسیی مۆدێرنی ئێرانی لە چوارچێوەی ئەم دەرفەتە نوێیەدا کە بۆی ڕەخسابوو، هەروەها بە کاریگەری لە هەستی تازە سەرهەڵداوی ڕەگەزپەرستانەی فارسی، بە کەیفی خۆیان دەستیان بە خوێندنەوەیەکی نوێ و جیاواز لە ڕابردووی ئێران کرد.

لەم خوێندنەوە نوێ و جیاوازەدا، ئێران وەک وڵاتێک پێناسە کرا کە خاوەنی میراتی کولتووری پیرۆزی پارس و پارسەکانە. هەربۆیە، فارس بە سەروەر و گەورە پێناسە کرا و گرنگتر لە هەموو شتێک، بانگەشەی بۆ کرا. گەلانی دیکە پەراوێز خران و ئەم گەلە بەپەراوێزخراوانە بۆ مانەوەی خۆیان ناچار بوون لەگەڵ ئەم گوتارە نوێیە خۆیان ڕێک بخەن، واتە بەرەو فارس بوون دەست لە ناسنامە و شوناسی خۆیان هەڵگرن. لە وەها بارودۆخێکدا کە جیا لە فارس و نەتەوە و کولتووری فارسی، باس لە شتێکی دیکە نەدەکرا، هەموو ڕووناکبیرانی ئێران لە ژێر کاریگەریی گوتاری زاڵی ئەو سەردەمە، جەختیان لە گرنگیی بەفارسکردن و فارسبوونی ئێرانییەکانیان دەکرد. غوڵامڕەزا خانی ڕەشید یاسەمی کرماشانیش لەم پێناوەدا دەستی دایە نووسینی کتێبی ”کورد و یەکگرتوویی مێژوویی و ڕەگەزی“.

## ڕەشید یاسەمی کێ بوو؟

غوڵام ڕەزاخان ڕشید یاسەمی کوڕی حەمەوەلی خان و سەر بە تایفەی گۆران و بنەماڵەی یاسم بوو کە ساڵی 1896 لە گوندی گاوارەی سەر بە پارێزگای کرماشان لە دایک بوو (ئەردەشێر کشاوەرز، 1382 : 73) و لە ساڵی 1951 لە تەمەنی 55 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

یاسەمی پاش تێپەڕکردنی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لە کرماشان، بۆ درێژەپێدانی خوێندن، ڕووی لە تاران کرد. ناوبراو پاش کۆتایی خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی بوو بە کەسایەتییەکی بەناوبانگ و لێهاتوو و ناسراوی ئێران و زۆرێ نەخایاند کە لە ساڵی 1934 بوو بە مامۆستای زانکۆی تازە دامەزراوی تاران، واتە یەکەمین زانکۆی ئێران. یاسەمی لە بواری شیعر و ئەدەب و مێژوو پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی و لەم بوارانەدا دەستی بە نووسینی کتێب و وتار کرد و چەندین کتێبی وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی و بەگشتی ئەکرێت بڵێین گرنگترین و ناسراوترین بەرهەمی ئەو کتێبەیە کە لە سەر کورد و مێژوو و ڕەگەزی کورد نووسیویەتی.

بە لە بەرچاوگرتنی بارو دۆخی زاڵبوونی گوتاری فارسچییەتیی ئەو سەردەمە کە دەرفەتی بۆ باسکردن لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران نەهێشتبووەوە و هەروەها بە ئاوڕدانەوە لە جێگە و پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی یاسەمی و سیاسەتی تواندنەوەی حکوومەت بەرانبەر بە کوردانی ئێران، تا ئەم ساڵانەی دوایی سەبارەت بە مەبەست و ئامانجەکانی یاسەمی لە نووسینی کتێبی مێژووی کورد زانیارییەکی ئەوتۆ لە دەستدا نەبوو. بە واتەیەکی دیکە، ڕوون نەبوو لە کاتێکدا کە ئامانجی دەسەڵاتی پەهلەوی سڕینەوە و پەراوێزخستنی گەلانی نافارسی ئێران بەتایبەت گەلی کورد بوو، هۆکاری نووسینی کتێبێک لەسەر کورد لەلایەن کەسێک وەک یاسەمی چ بوو!؟ جوابی ئەم پرسیارە لە سەنەدێکی گرنگدا هاتووە (ساکما، 297039825).

بەپێی ئەم سەنەدە، دەسەڵاتی ڕەزاشا لە ساڵی 1316ی هەتاوی پێنج هەزار تمەنی تەرخان کردووە بۆ سێ کەسایەتی گەورەی ئەو سەردەمە، واتە مامۆستا مەردۆخی کوردستانی، مینۆرسکی و هەروەها ڕەشیدی یاسەمی، کە هەر کامیان کتێبێک لەسەر مێژووی کورد بنووسن. بێ شک دەسەڵات چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد ئەو سێ نووسەرە لە چوارچێوەی گوتارە نوێیەکەی سەردەم باس لە کورد بکەن

و گەلی کورد وەک بەشێکی حاشاهەڵنەگر لە کۆمەڵگای ئێران و ئێرانییانی ڕەسەن پێناسە بکەن و بەم چەشنە هەر جۆرە بیرۆکەیەک کە باس لە جیاوازیی کورد و ئێران دەکات، لەناو ببەن. ئەگەرچی ئەو سێ نووسەرە بەگشتی و یاسەمی بەتایبەت کوردیان بەو شێوەیە ناساند، بەڵام وەک ئاماژە درا، یاسەمی بەتەواوی لە چوارچێوەی چاوەڕوانکراوەکەی سەردەم لەسەر کورد نەدوا و نووسینەکانی لەسەر کورد جیاوازیی تایبەتی هەبوو لە بەراورد بە نووسینەکانی نووسەرە ناسیۆنالیستەکانی ئێران.

بۆ باشتر ناسینی یاسەمی، پێویستە ئاماژە بەمەش بکرێت کە ناوبراو ئەندامی باڵای ناوەندی گرنگ و کاریگەری "ئەنجومەنی پەروەردەکردنی بیر و هزرەکان" بوو، کە لەبنەڕەتدا ناوەندێکی ستراتیژیی دەسەڵاتی پەهلەوی بوو و بە فەرمانی خودی ڕەزاشا دامەزرابوو. ئەرکی بنەڕەتیی ئەم ئەنجومەنە بریتی بوو لە پڕوپاگەندەکردن بۆ شاپەرستی و وڵاتپارێزی و گەشەپێدانی بیرۆکەی فارسخوازی و گوتاری دژەعەرەبی لەنێوان گەنجانی وڵات، بە مەبەستی سەقامگیربوونی دەسەڵاتی پاشایەتیی پەهلەوی.

پاش شۆڕشی مەشرووتەی ئێران، کەڵکەڵەی سەرەکیی ڕۆشنبیران و بیرمەندانی ئەو سەردەمەی ئێران دامەزراندن و پێکهێنانی دەوڵەت-نەتەوەیەکی مۆدێرنی ئێرانی لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی فارسی بوو. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، سڕینەوەی جیاوازییەکان لە ئەولەویەتی بنەڕەتی و سەرەکیی ئەم تاقمەدا بوو تا لەم ڕێگەیەوە نەتەوەیەکی یەکدەست و یەکڕەنگ بە ناوی نەتەوەی فارس پێک بهێنن. بۆ خولقاندنی وەهمی ئەم نەتەوە دەستکردە، تیشک دەخرایە سەر هەندێک بنەما کە لەبنەڕەتدا پێکهێنەری گوتاری زاڵی ئەو سەردەمەی وڵاتی ئێران و بە گشتی هەڵگری ئەم خاڵانەی خوارەوە بوون:

1. زمانی فارسی
2. ڕەگەزی ڕەسەنی ئاریایی
3. پێشینەی مێژوویی هاوبەش
4. وڵاتپارێزی
5. شاپەرستی (واتە خۆشەویستی بۆ پاشا) (ئەکبەری، 1384: 250)

ئەم خاڵانە لەبنەڕەتدا پێکهێنەری ئەو نەتەوەیە بوو کە دەسەڵات ئاواتی بۆ دەخواست. دەسەڵات لەپێناو زاڵکردنی گوتارە ناسیۆنالیستەکەی مەبەست، واتە پێکهێنانی نەتەوەیەکی یەکدەست بۆ

دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەیەکی مۆدێرن، دەستی بە سڕینەوەی هەر چەشنە جیاوازییەک کرد.

لە وەها بارودۆخێکدا، دەسەڵات هەوڵ دەدات لەڕێگەی ئەو سێ کەسایەتییە بە نووسینی کتێب لەسەر کورد دوو ئامانج بپێکێت: یەکەم، جۆرێک ئاشتی و ئارامی لەنێوان کورد و ئێران مسۆگەر بکات؛ و دووەم، کورد وەک بەشێکی حاشاهەڵنەگر لە ئێران پێناسە بکات و بیرۆکەی سەربەخۆیی و هەموو جۆرە هەستی جیاوازیی ڕەگەزی لەسەر کورد بسڕێتەوە.

یاسەمیش وەک کەسایەتییەکی سەر بە دەسەڵات، ئەم خاڵانەی لەبەرچاو گرتبوو، بەڵام ناوەڕۆکی کتێبەکەی یاسەمی هەڵگری دوو بەشی جیاوازە:

1. بەشێکی بەتەواوەتی هاوتەبای گوتاری زاڵی دەسەڵاتی پاشایەتییە و بە واتایەک، بەشێک لە مێژوونووسیی یاسەمی سەبارەت بە کوردان هاوتەبای ئەم گوتارەیە و دەیەوێت کورد بە بەشێک لە فارس و ئێرانی پێناسە بکات.

2. بەشێکی دیکە لە کتێبەکەی یاسەمی لە بەرژەوەندیی کورد و مێژووی کورددا نووسراوە و ناتوانێت بەتەواوەتی لە خزمەتی گوتاری زاڵی ئەو سەردەمەدا پێناسە بکرێت.

## ئەلف) هاوتەبایی لەگەڵ گوتاری زاڵ

### زمانی فارسی

ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمەی ئێران، ڕەمزی یەکگرتوویی و یەکڕیزی ئێرانییان لە پێکهێنانی نەتەوەیەکی یەکچەشن و یەکڕەنگدا دەبینی. بۆیە بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، بە پێویستیان زانی زمانی فارسی لە نێو نەتەوەکانی دیکەی ئێران پەرە و گەشە پێبدەن تا بتوانن لەم ڕێگەیەوە جیاوازیی زمانی بسڕنەوە و زمانی فارسی بکەنە تەنیا زمانی هەموو خەڵکی ئێران. هەربۆیە، بەرجەستەکردن و بایەخدان بە زمانی فارسی و پەراوێزخستنی زمانەکانی دیکە بوو بە بەشێک لە ستراتیژیی دەسەڵاتی پەهلەوی.

گۆڤاری "ئاینده" بە سەرپەرشتیی دکتۆر مەحموودی ئەفشار یەزدی، وەک ناوەندی بەرەوپێشبردنی ئەم سیاسەتە، دەستی دایە گوتارسازی و زۆر جار لە ئاست فرەزمانی و زمانەکانی دیکەی ئێراندا هەڵوێستی زۆر توندی دەنواند و لەپێناو بەفارسیکردنی زمانی هەموو ئێرانییەکان هەوڵ و تەقەلای زۆری

دەدا. ئەفشار وەک ڕەگەزپەرستێکی فارس لەسەر ئەم بڕوایە بوو کە نابێت کورد و لوڕ و قەشقایی و عەرەب و تورک بە زمانی دایکی قسە بکەن (ئەکبەری، 168). ناوبراو لەپێناو بەفارسیکردنی زمانی نەتەوەکانی ئێران دەیگوت: ”دەبێت تایفە و عەشیرەتە فارس زمانەکان لەو ناوچانەی کە نەتەوە و تایفە بیانییەکان دەژین نیشتەجێ بکرێن تاوەکوو زمانیان بگۆڕدرێت و ببێتە فارسی؛ هەروەها بەپێچەوانەشەوە، عەشیرەتە نافارسەکانیش دەبێت لە ناوچە فارس نشینەکان نیشتەجێ بکرێن“ (هەمان، 171-170، هەروەها ئایندە، ساڵی یەکەم، ژمارەی 6).

لە کەشوهەوایەکی وەهادا کە جیا لە فارس بایەخ بە هیچ نەتەوە و زمانێکی دیکە نەدەدرا و تەنانەت وەک بیانی پێناسە دەکران، یاسەمی هەوڵی دەدا بە شێوازێک لەنێوان کورد و فارس پەیوەندییەکی مێژوویی دروست بکات و کورد زۆر نزیک لە فارس و تەنانەت وەک بەشێک لە فارس پێناسە بکات. ناوبراو لەم پێناوەدا دەست دەداتە سەلماندنی نزیکبوونی کورد و فارس و بۆ نموونە پێی وایە زۆرێک لە وشەکانی کوردی لە فارسی و عەرەبییەوە وەرگیراون! واتە یاسەمی بڕوای بە کوردی وەک زمانێکی سەربەخۆ نییە (یاسمی، 136-135). یاسەمی تەنانەت زمانی کتێبە ئایینییەکانی شەبەکەکان و ئێزدییەکانی مووسڵیش بە فارسی ناو دەبات (هەمان، 124). هەروەها، بۆ نیشاندانی هەژموونی زمان لەنێو کوردان و پەیوەندیی نزیکی زمانی کوردی و زمانی فارسی دەنووسێت: ”کوردانی ناوچەی سلێمانی لە قاوەخانەکاندا شانامەی فیردەوسی دەخوێننەوە“ (هەمان، 120). واتە بە ڕای یاسەمی، تەنانەت کوردانی دەرەوەی ئێرانیش ڕێزی تایبەتیان بۆ شانامەی فیردەوسی و هەستی ئێرانی و زمانی فارسی هەیە و دواتر ئاماژە دەکات هەتا ساڵی 1921 لە کوردستانی عێراق هەموو نامە و نووسراوەکان بە زمانی فارسی دەنووسرا (هەمان، 135).

یاسەمی لە درێژەی هەوڵ و تەقەلای بۆ سەلماندنی پەیوەندیی کورد و فارس و تەنانەت فارسبوونی کورد و باسکردن لە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی شایی و زەماوەند و هەڵپەڕکێ و هەروەها ڕێوڕەسمی ماتەمینگێڕان و پرسە و سەرەخۆشی و نەورۆز دەڵێت: ”ڕێوڕەسمی نێوان کوردان لەگەڵ ئێرانییەکان جیاوازییان نییە و تەنانەت کوردەکان بۆ ناوی منداڵەکانیان ناوی پاشاکانی کۆنی ئێران وەک نەریمان و ڕۆستەم، و بۆ کچەکانیان ناوی فارسی وەک پەروین هەڵدەبژێرن“ (هەمان، 120).

بەم شێوەیە یاسەمی هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ سەلماندنی نزیکیی فارس و کورد و بەم شێوەیە لەلایەکەوە ئاستی کورد بەرز دەکاتەوە و دەیکاتە هاوشانی فارس و لەلایەکی دیکەوە نیشان دەدات کە هیچ باوەڕێکی بە کورد و زمان و نەریتی کوردی وەک شتێکی جیاواز و تایبەت و سەربەخۆ لە فارس و ئێرانی نییە.

## نیشتمان پەروەری

یاسەمی سەبارەت بە نیشتمانپەروەری و وڵاتپارێزیی کوردان دەنووسێت: "بەدرێژایی ئەو سەردەمانەی کە کورد، واتە ئەم ڕەگەزە ڕەسەنە، لەم بەشەی ئاسیا ژیاوە، تووشی نەهامەتیی زۆر بووە. زۆر جار ئێران کە ناوەند و مەکۆی سەرەکیی کوردە، کەوتووەتە بەر شاڵاوی هێرشی داگیرکەران یان تووشی لاوازی بووە. بەڵام سەرەڕای ئەو بارودۆخە، گەورەپیاوانی کورد هەرگیز ئامادە نەبوونە سەری خۆیان بۆ داگیرکەرانی بیانی شۆڕ بکەنەوە و تەنانەت لە دژیان وەستاون. ئەگەریش لەنێو کورداندا شۆڕشێک هەبووبێت و تۆمار کرابێت، کاتی بووە. کوردان هەرگیز لە دژی دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی هاوڕەگەزیان (واتە فارسەکان) شۆڕشیان نەکردووە و، خاڵی گرنگتر ئەوەیە کورد هەرگیز بەدوای سەربەخۆییەوە نەبووە. تەنانەت بەپێچەوانەوە، بەڵگە مێژووییەکان دەیسەلمێنن وەفای کورد بۆ ئێران، چ ئەوانەی نیشتەجێی بناری زاگرۆس بوون و چ ئەوانەی دانیشتووی پارس بوون، لە هەموو گەلانی دیکەی ئێران زۆرتر و بەرچاوتر بووە" (هەمان، 8).

یاسەمی لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا دەنووسێت: "هەندێک کەس لەبەر ئەوەی کورد لە ڕابردوودا بەدوای سەربەخۆییەوە بووە و هەندێک جاریش خاوەنی حاکمی سەربەخۆ بووە، کورد لە ئێرانی جیاواز دەبینن و جیاواز پێناسەی دەکەن. ئەمە لەکاتێکدایە لە تەبەرستان و گیلان و فارس و خوراسان و زۆر ناوچەی دیکەی ئێرانیش لە ڕابردوودا باسی سەربەخۆیی و جیابوونەوە هەبووە، بەڵام کەس ناتوانێت بڵێت ئەمانە ئێرانی نین." دیارە ڕووی قسەکانی یاسەمی ئەو ناسیۆنالیستە ئێرانییانەن کە کورد وەک سەربەخۆخواز و وەک گەلێکی بێهەست و سۆز بۆ ئێران پێناسە دەکەن.

یاسەمی لە درێژەی پێداگریی لەسەر ئێرانیبوونی کوردان دەنووسێت: "کورد هەمیشە لە هێڵەکانی

یەکەمی شەڕدا ئامادە بووە و لەپێناو پاراستنی تاج و تەختی دەسەڵاتی ئێران و هەروەها ئاو و خاکی ئەم وڵاتە، گیانی بەخت کردووە و دڵسۆزیی نواندووە" (هەمان، 9). بەم شێوازە، یاسەمی لەپێناو هەست و سۆز و خۆشەویستی بۆ کورد و هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی جێگە و پێگەی کورد و توندینواندن بەرانبەر بە نەیارانی کورد، لە چوارچێوەی گوتاری زاڵ پێش دەچێت و ئەمڕۆ کورد وەک تاوانبار و پیاوی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی پەهلەوی پێناسەی دەکات و هەست و خۆشەویستییەکەی بۆ کورد لەبەرچاو ناگرێت.

## شادۆسی

یاسەمی سەبارەت بە هەست و سۆز و خۆشەویستیی کورد بۆ پاشاکانی ئێران، سەرنجی خوێنەرانی کتێبەکەی بۆ کتێبی 'ئانابازیس' ڕادەکێشێت. 'ئانابازیس' یان 'گەڕانەوەی دە هەزار کەسی' ناوی ئەو کتێبەی گزنفۆن، سەرکردە سەربازییە ناودارەکەی یۆنانە کە لە کاتی شەڕکردن و گەڕانەوەی لە کوردستانەوە بەرەو یۆنان، ئەم بەرهەمەی نووسیوە. بە ڕای یاسەمی، لەم کتێبەدا باس لەوە کراوە کە پادشای ئێران تا چ ڕادەیەک بۆ کورد خۆشەویستە و بە واتایەک باس لەوە دەکات کورد تا چ ڕادەیەک پاشای ئێرانی خۆش دەوێت.

گزنفۆن لەسەردەمی هەخامەنشییەکان و لە کاتی ناکۆکیی نێوان پاشای ئێران، واتە ئەردەشێر و برا بچووکەکەی ناسراو بە کوورشی بچووک، بە هێزێکی دەهەزار کەسییەوە بۆ یارمەتیدانی کوورش بەرەو ئێران ڕێدەکەوێت. پاش کوژرانی کوورش و سەرکەوتنی ئەردەشێر، گزنفۆن ناچار دەبێت لەگەڵ هێزە دەهەزار کەسییەکەیەوە لەڕێگەی مێزۆپۆتامیاوە بەرەو یۆنان پاشەکشە بکات. بەڵام لە کاتی گەڕانەوەدا، کوردەکان کە ئامادە نابن قبووڵ بکەن هێزێکی بیانی لە نیشتمانەکەیانەوە تێپەڕ بێت، هێرش دەکەنە سەر هێزەکەی گزنفۆن. یاسەمی لە شیکردنەوەی ئەم ڕووداوەدا دەست دەکات بە چەواشەکاری و بۆ نموونە هۆکاری هێرشی کوردەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە هێزەکەی گزنفۆن دوژمنی شای ئێران بوون! (یاسمی، 148). بەم شێوازە یاسەمی هەوڵ دەدات ئەوە بسەلمێنێت کە هێرشی کوردان بۆ سەر سوپای یۆنان وەک نیشانەی ئەمەگداری و خۆشەویستیی ئەوان بوو بۆ شای ئێران.

کاتێک گزنفۆن لە کتێبەکەیدا، وێڕای ئاماژەدان بە هێزی کورد و ئەو زیانانەی کە بە سوپاکەیان دابوو، دەنووسێت: ’کوردەکان تەنانەت بۆ شای ئێرانیش سەردانانەوێنن‘، یاسەمی هەڵوێست و کاردانەوەیەکی توند بەرانبەر ئەم قسەی گزنفۆن دەنوێنێت و دەڵێت مەبەستی گزنفۆن لەم قسەیە نیشاندانی ئاستی ئازایەتی و بوێریی کوردەکان بووە و لەڕاستیدا بەم شێوەیە ویستوویەتی ئاستی مەترسیداربوونی تێپەڕبوونی سوپاکەی لە کوردستاندا پیشان بدات و ئەمە بەو مانایە نییە کە کورد گەلێکی سەربەخۆ بووە! چونکە بە ڕای یاسەمی، پاشایەتیی هەخامەنشی، دەسەڵاتی بەسەر هەموو نەتەوەکان لە سیندەوە هەتا حەبەشە هەبووە و ئەم دەسەڵاتە هەرگیز ڕێگەی نەدەدا لە ناوخۆ و ناوەندی ئێران، نەتەوەیەک خاوەنی سەربەخۆیی بێت و بیر لە سەربەخۆیی بکاتەوە (هەمان، 157). ئەگەرچی بەگشتی هۆکاری بەرەنگاربوونەوەی کورد لەگەڵ یۆنانییەکان بە بۆنەی پرسی پەڕینەوەی سوپاکە لەڕێگەی خاکی کوردستان بووە، بەڵام وەک بینرا یاسەمی هەموو هەوڵێکی خۆی دەخاتە گەڕ بیسەلمێنێت بەرەنگاربوونەوەی کورد لەگەڵ سوپاکەی گزنفۆن بە هۆی خۆشەویستیی کورد بۆ شای ئێران بووە.

## ڕەسەنایەتیی ڕەگەزی ئاری

ڕەگەزی ئاری وەک یەکێک لە گرنگترین پێوەرەکانی ئێرانیبوون پێناسە دەکرا. مێژوونووسان و بیرمەندان و ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە لەم بابەتەدا زۆر بەرهەمیان نووسیوە و بە دەسەڵات گەیشتنی گەلانی ناڕەسەنی عەرەب و تورک لە ئێران وەک نەهامەتی و هۆکاری دواکەوتوویی و داماویی ئەم وڵاتەیان پێناسە کردووە (ئادەمیت، 134: 121). لە وەها کەشوهەوایەکدا، زۆر کەس هەبوون دەیانویست کوردیش وەک نەتەوەیەکی بیانی و ناڕەسەن پێناسە بکەن. بەڵام یاسەمی هەڵوێستی توندی بەرانبەر ئەم تاقمە نواند و هەروەها کە پێشتر ئاماژە کرا، ئامانج و مەبەستی سەرەکیی خۆی لە نووسینی کتێبەکەی ’سەلماندنی ڕەسەنایەتی ڕەگەزی کورد‘ ڕاگەیاند.

ئەو لەسەر ئارياییبوونی کورد جەخت و پێداگری دەکات و دەڵێت: ”لە زۆر کتێب و سەرچاوە، هەندێک نووسەر هەوڵیان داوە و ویستوویانە ڕەگەزی کورد بگەڕێننەوە بۆ سەر ڕەگەزی توران (واتە

تورک) و سامی (عەرەب)” (یاسمی، 5). یاسەمی وێڕای ڕەتکردنەوەی ئەم ڕاوبۆچوونانە، تەنانەت ئەو بۆچوونەش ڕەت دەکاتەوە کە گوایە پێش هاتنی ئارياييەکان بۆ ئێران، کورد لەم وڵاتە نیشتەجێ بوو بێت. واتە بە هیچ شێوازێک قبوڵی ناکات کورد و ئاریایی لە یەک جیاواز بن (هەمان، 10).

## پێشینەی هاوبەشی مێژوویی

یاسەمی ئەم خاڵە وەک فاکتەرێکی حاشاهەڵنەگری ڕابردووی هەر نەتەوەیەک ناو دەبات. ناوبراو لە بەشی پێنجەمی کتێبەکەی، لەژێر ناوی ”حەقیقەتی نەتەوە“، دەست دەکات بە هەڵسەنگاندنی پێناسە جیاوازەکانی زانایانی جیهان سەبارەت بە نەتەوە و تایبەتمەندییەکانی یەک نەتەوە. لەدەرئەنجامدا، بە پشتبەستن بە ڕاوبۆچوونەکانی ئێرنێست بارکێر، پێشینە و مێژووی هاوبەش وەک بەهێزترین خاڵی پێناسەکردنی یەک نەتەوە ناو دەبات (هەمان، 142). بەم شێوەیە، لە ڕوانگەی یاسەمییەوە، کورد لە هەر شوێنێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبێت، بەهۆی پێشینە و مێژووی هاوبەشی لەگەڵ فارسەکان، بە ئێرانی دێتە ئەژمار و بە واتایەک خاوەنی ناسنامەی ئێرانییە و وەک بەشێک لە ئێران و نەتەوەی فارس ئەژمار دەکرێت.

## ب) خزمەت بە مێژووی کورد

وەک وترا، دەسەڵات هیوادار بوو لەڕێگای نووسینی ئەو سێ کتێبەی کە ئاماژەیان پێکرا، دوو ئامانج بپێکێت. بێ گومان یاسەمی هەردوو ئامانجی لەبەرچاو گرتبوو، بەڵام وێڕای ئەو دوو ئامانجە، تێبینگەلی تایبەت بە خۆیشی لەبەرچاو گرتبوو. یاسەمی مەبەستی سەرەکیی لە نووسینی کتێبەکەی ”ڕوونکردنەوەیەک بۆ هەندێ کەسی ناشارەزا کە بەهەڵە لە کورد و ڕەگەزی کورد تێگەیشتوون و بە چاوی گومانەوە تەماشای کورد و ڕەسەنایەتیی کورد و ئێرانیبوونی کورد دەکەن” (یاسەمی، 132) ڕادەگەیەنێت. ئەو جەخت لەسەر کوردبوونی خۆی دەکات و بە شانازییەوە باسی دەکات و هاوکات هەوڵ بۆ سەلماندنی ”شەرەفی ڕەسەنایەتی و نەجیببوونی ڕەگەزی کورد“ دەدات و ئەم مەبەستە وەک مەبەستی سەرەکیی نووسینی کتێبەکەی باس دەبات (یاسەمی، 5).

یاسەمی لە کتێبەکەیدا، ئاماژە بەسەرجەم ئەو تۆمەت و بوختانانە دەکات کە بە مەبەستی خراپکردن و سووکایەتیکردن و بەپەراوێزخستن خراونەتە پاڵ کورد و ئەو بوختانانە بەوردی دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و هەوڵ دەدات وەڵامی نەیارانی کورد بداتەوە. یاسەمی سەرەتای کتێبەکەی تەرخان دەکات بۆ باسکردن لەسەر هۆکاری نائارامبوونی ناوچە کوردییەکان و هەروەها ئاماژە جیاجیاکانی مێژوونووسانی ڕابردوو و هاوچەرخ لەسەر سیفەتی تاڵانکەربوونی کوردان و لەم بارەوە دەنووسێت: "پاش هێرشی عەرەب بۆ ئێران و ڕووخاندنی دەسەڵاتی ساسانییەکان، ئێران کرا بە گۆڕەپانی تاڵان و کوشتن و بڕین و بۆ ماوەی سەدان ساڵ دەسەڵاتی سیاسیی ئێران کەوتە دەست گەلانی بیانییەوە. هەربۆیە، ئێرانییە ڕەسەنەکان تووشی ڕەنج و ئازارێکی ئێجگار زۆر و کوشندە بوون و لەپێناو ڕزگاری و پاراستنی گیانیان پەنایان بردە کەژ و چیاکان. لە ڕوانگەی یاسەمیدا هەڵبژاردنی ئەم شێوازە لە ژیان، لە ئاکامدا بووە هۆی هەژاری و نەداری و بەپەراوێزبوونی کورد و بەناچاری ڕووی هێنایە ڕێگری و دزی و جەردەیی (یاسەمی، 107).

مەبەستی یاسەمی لە هێرشی گەلانی بیانی، هێرشی عەرەب و تورکە. ناوبراو بەم شێوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو کەس و لایەنانە بداتەوە کە کورد بەوە تۆمەتبار دەکەن بەدرێژایی مێژوو خەریکی تاڵان و دزی بووە. نووسەر بە ڕەچاوکردنی کەشوهەوای ئەو سەردەمەی ئێران و هەروەها ڕەچاوکردنی گوتاری زاڵی سەردەمی پاشایەتیی ڕەزاشای پەهلەوی، بیر لە جێگە و پێگەی کورد لە نێوان ئەم گوتارە دەکاتەوە، بۆیە کورد وەک بەشێک لە ڕەگەزی ئێرانی پێناسە دەکات کە تووشی هێرشی بیانی واتە عەرەب و تورک بووەتەوە.

هەروەها کە پێشتر ئاماژە کرا، یاسەمی بەئەنقەست یان نائەنقەست لە کتێبەکەیدا هەندێ جار لە چوارچێوەی گوتاری دەسەڵات دەترازێت و بە هەڵوێستی سەربەخۆیانەوە لەپێناو بەرژەوەندیی مێژووی کورد، زۆر شتی باش و نادیار ڕوون دەکاتەوە و خزمەتێکی ئێجگار زۆر بە مێژووی کورد دەکات. بۆ نموونە، وەک دەزانین مێژوونووسانی وەک موقەدەسی، ئیبن بەڵخی، ئیستەخری، و بەلازەری باسیان لە هەبوونی کورد لە باشوور و باشووری ڕۆژاوای ئێران لەسەردەمی هێرشی عەرەب و دواتر کردووە (ئیبن بەڵخی، 1385: 164-168، ئیستەخری، 1368: 97، موقەدەسی، 1361: 664-665،

ئیبن ئەسیر، ج 9: 68). جیا لەمە، لە چەندین جێ باسی بەرخۆدانی کوردانی پارس (واتە کوردانی نیشتەجێ لە پارێزگای فارسی ئەمڕۆ) و کوردانی ئەهواز لە کاتی هێرشی عەرەب بۆ سەر وڵاتی ئێران کراوە. ئەمە دەسەلمێنێت لە ڕابردوودا کورد جێگە و پێگەیەکی زۆر بەرز و پتەوتر و بەربڵاوتر لە ئێستای هەبووە لە ئێران. ئەمە لەکاتێکدایە کە مێژوونووسە ناسیۆنالیستەکانی ئێران ئەم ڕاستییەیان پێ گرانە و نکۆڵی لێ دەکەن و ئامادە نین دان بەو حەقیقەتەدا بنێن. بۆ نموونە، عەبدولحسەینی زەڕینکووب، مێژوونووسی ناوداری ئێرانی، سەبارەت بە ئاماژەی سەرچاوە مێژووییەکان بە کوردانی فارس و ئەهواز دەڵێت: "ئەو ئاماژانە بە مانای هەبوونی ڕەگەزی کورد لەو ناوچانە نییە، بەڵکوو ئاماژەیەکە بۆ شێوازی ژیان و گوزەرانی بەشێک لە خەڵکی ئێران کە سەرقاڵی کاری ئاژەڵداری و بە واتایەک کوێستان و گەرمیانکردن و بەگشتی مەبەست کەسانێکن کە کۆچبەرن و خەریکی حەیوانداریین!"

یاسەمی لە کتێبەکەیدا ناوچەکانی فارس و ئەهواز وەک زێد و نیشتمانی ئەسڵیی کورد ناودەبات و لەمبارەوە دەنووسێت: "کاتێک کە عەرەب هێرشی کردە سەر ناوچەی فارس، کە نە تەنیا لە ناوچە گرنگەکانی کوردە بەڵکوو مەکۆی ئەم تایفەیە، کوردەکان هاوشانی برا ئێرانییەکانیان چالاکی و دڵسۆزیی زۆریان نواند و لەپێناو پارێزگاری و پاراستنی شارەکانی فەسا و دارابگرد قوربانی زۆریان دا" (هەمان، 176). ئەم هەڵوێستەی یاسەمی بەپێچەوانەی هەڵوێستی هەموو مێژووناسە ئێرانییەکانە و بەم شێوازە نیشان دەدات جیاوازی هەیە لەنێوان یاسەمی و کەسانی وەک مەحموودی ئەفشار. یاسەمی لە جێگایەکی دیکەی کتێبەکەیدا باس لە کوردبوونی ساسانییەکان دەکات و لەپێناو ئەم باسەدا هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ سەلماندنی کوردبوونی ساسانییەکان (هەمان، 172-165). ئەم هەوڵانەی یاسەمی، واتە بە کوردکردنی ساسانییەکان و هەروەها سەلماندنی ئەم ڕاستییە مێژووییە کە لە ڕابردوودا کورد نیشتەجێی پارێزگای فارس و ئەهواز بووە، نیشان دەدات یاسەمی بەتەواوەتی لەژێر گوتاری زاڵی سەردەمی پەهلەوی نەبووە و زۆرجار وەک مێژوونووس و کەسایەتییەکی سەربەخۆ هەڵوێستی نوواندووە.

## ئەنجام

دوایین قسە لەسەر یاسەمی ڕەنگە زۆر ئەستەم و دژوار بێت. هەروەها کە پێشتر ئاماژە کرا، یاسەمی یەکێک لە بیرمەندان و مێژوونووسانی سەردەمی ڕەزاشای پەهلەوییە، کە ئەگەرچی بە ڕەگەز کورد بووە، بەڵام کوردبوونی لە خزمەت گوتاری زاڵی ئەو سەردەمەی دەسەڵات بوو، کە ئەم گوتارە لەبنەڕەتدا لە خزمەت نەتەوەی فارسدا بوو.

یاسەمی، وێڕای سەلماندنی ڕەسەنایەتی و پێشینەی مێژوویی کورد، گوتاری دەسەڵات لەبەرچاو دەگرێت و کورد لە چوارچێوەی گوتاری ئێرانیبووندا دەبینێت و بڕوای بە کورد وەک نەتەوەیەکی جیاواز لە فارس و ئێران نییە. یاسەمی کورد و ئێران پێکەوە دەبینێت و پێکەوە گرێیان دەدات و پێی وایە کورد بەبێ بوونی ئێران بێمانایە.

لەهەمان کاتدا کە ناتوانین وەک کوردێکی ناسیۆنالیست چاوی لێ بکەین، ناشکرێت بەتەواوەتی وەک مەحموودی ئەفشار و هاوبیروڕا فارسە نەتەوەپەرست و ڕەگەزپەرستەکان چاوی لێ بکەین. بە پێچەوانەوە، دەکرێت بڵێین لە ئاست هاوبیروڕاکانی نێو چوارچێوەی گوتاری زاڵ، خاوەنی بیروڕا و تایبەتمەندیی خۆی بوو. ئەگەرچی پێی سپێردرابوو کتێبێک لەسەر کورد بنووسێت، بەڵام وەک خۆی دەڵێت هۆکاری سەرەکی لە نووسینی کتێبەکەی، ڕوونکردنەوە بوو بۆ برێ لایەن کە سەبارەت بە کورد ڕوانگەی نەرێییان (سلبەییان) هەبووە و تەنانەت لە هەوڵی دژایەتیکردنی کورددا بوون. یاسەمی لە کتێبەکەیدا بەتوندی پێداگری لەسەر کورد دەکات و هەوڵ دەدات هەموو بوختان و تۆمەتێک کە خراوەتە پاڵ کورد، بسڕێتەوە. هەربۆیە، هەوڵی داوە تۆمەتی دزی و تاڵانکەری و هەروەها شۆڕش و ئاژاوە لە کورد بسڕێتەوە و بیسەلمێنێت کە بارودۆخی نائاسایی هۆکاری ئەو کردەوانەی کوردان بووە.

یاسەمی بەپێداگری لەسەر جێگە و پێگەی پتەو و قورس و قایمی کورد لە مێژووی ئێران، باس لە هەبوونی ڕەگەز و گەلی کورد لە باشووری ئێران لە سەردەمی هێرشی عەرەب دەکات و تەنانەت پارس (واتە پارێزگای فارسی ئەمڕۆی ئێران) بە مەکۆی کورد پێناسە دەکات. گرنگیی ئەم کارەی یاسەمی لەوەدایە کە هیچ کام لە ناسیۆنالیستە ڕەگەزپەرستەکانی ئێران تا بە ئەمڕۆ ئەو ئیدعایەیان پشتڕاست نەکردووەتەوە و بێ وچان ئاماژەی سەرچاوە مێژووییەکان بە هەبوونی کورد لە پارس و ئەهواز نەک

بۆ ڕەگەز و نەتەوەی کورد، بەڵکوو هەروەها کە وترا، بۆ شێوازێک لە ژیانی کۆچبەری و ئاژەڵداری دەگەڕێننەوە.

بەگشتی، دەتوانین بڵێین بەپێچەوانەی گەلانی نافارس کە لە سەردەمی ڕەزاشا کرانە ئامانجی گەمە و گاڵتە و سووکایەتی و ئەم دۆخە تا ئەمڕۆ بەردەوامە، کورد تا بە ئەمڕۆ نەتەنیا سووکایەتیی پێ نەکراوە، بەڵکوو تەنانەت لەلایەن دەسەڵاتیشەوە هەمیشە وەک قەومێکی ڕەسەن و جارجاریش وەک ڕەسەنترین قەومی ئێرانی پێناسە کراوە. ڕەنگە بتوانین بڵێین کورد تاڕادەیەک ئەم جێگە و پێگە پڕ لە شانازییەی قەرزداری هەڵوێستە توندەکانی یاسەمییە، کە لەو سەردەمەدا جێگە و پێگەی کوردی لە مێژووی ئێران بە شێوازێکی پڕ لە شانازی و سەربەرزی پێناسە و داکۆکیی لێ کردووە.

## سەرچاوەکان

1. آدمیت، فریدون. اندیشه های میرزا فتحعلی آخوندزاده. تهران: شرکت سهامی انتشارات خوارزمی، 1349.
2. اکبری، محمد علی. تبارشناسی هویت جدید ایرانی. تهران: انتشارات علمی و فرهنگی، 1384.
3. ابن اثیر جزری. الکامل فی التاریخ (تاریخ کامل بزرگ اسلام و ایران). ترجمه عباس خلیلی. تهران: موسسه مطبوعاتی علمی، 1371.
4. ابن بلخی. فارس نامه. تصحیح و تشحیه گای لسترنج و رینولد نیکسون. تهران: اساطیر، 1385.
5. ابوعبدالله محمد ابن احمد مقدسی. احسن التقاسیم فی معرفه الاقالیم، بخش دوم. ترجمه علینقی منزوی. تهران: شرکت مولفان و مترجمان ایران، 1361.
6. یاسمی، غلامرضا رشید. کُرد پیوستگی تاریخی و نژادی او. تهران: [نام ناشر نامعلوم]، [سال انتشار نامعلوم].
7. کشاورز، اردشیر. رجال و مشاهیر کرمانشاهان. کرمانشاه: انتشارات تاق بستان، 1382.

مقالات مجله:

8. افشار، محمود. "وحدت ملی ایران". مجله آینده. سال اول، شماره اول (تیر 1304): ص. 15-5.

# موقەدەس و توندوتیژی
# چۆن ئایین  توندوتیژی بەرهەم دەهێنێت؟

[بەشی یەکەم]

خەسرەو میراودەلی
نووسەر و توێژەر



## دەستپێک

لەو ڕوانگەیەوە کە مرۆڤ بە سروشت بوونەوەرێکی خاوەن عەقڵ و ئیرادەیە، توانایی ئەنجامدانی چاکە و خراپەشی هەیە، ئازادی و ئیختیاری لەدەستدایە؛ واتە مرۆڤ هەم دەتوانێت لێبوردە بێت، هەمیش دەتوانێت توندوتیژ بێت. بەڵام لەو سۆنگەیەوە کە لەم نێوەندەدا گەیشتن بە لێبوردەیی کارێکی سەختە، بەو پێیەی کە پەروەردە و هۆشیاریی پێویستە، هەروەها چاکەکاری و چاکسازی لەخۆبوردن و قوربانیدان و باجدانی دەوێت، هەمیشە کارێکی ئاسان نەبووە و لە توانایی هەموو کەسێکدا نەبووە. لێرەوە لەبەرانبەر هەوڵی چاکەکاریدا بەردەوام خراپەکاری، یان توندوتیژی، زاڵ و باو بووە لەنێو مرۆڤەکان و کۆمەڵگەکاندا بەدرێژایی مێژوو.

هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە سەرێکەوە خراپەکاری ئاسانترە لە چاکەکاری، لە سەرێکی دیکەشەوە کە مرۆڤ بە سروشت و لە خودی خۆیدا بوونەوەرێکی خراپەکارە، خۆپەرست و دەسەڵاتگەرا و تەماعکارە؛ هەربۆیە خۆپەروەردەکردن و بنیادنان کارێکی قورس و سەختە، بەرنامە و پلان و کۆششی زۆری دەوێت. بەڵام لەبەرانبەردا ڕووخاندن و لەناوبردن و کاولکاری کارێکی ئاسانە. لێرەشدا شاعیر دەڵێت:

«ولو الف بان خلفهم هادم کفی فکیف ببان خلفه الف هادم؟!»

واتە ئەگەر هەزار وەستا (بیناساز) یەک ڕووخێنەریان لە پشتەوە بێت بەسە، ئەی ئەگەر وەستاکە یەکێک و ڕووخێنەرەکە هەزار بن! دەبێت چۆن بێت؟! زۆر بەداخەوە وەک دەبینین لە دنیای ئێمەدا هەمیشە وەستاکان (مامۆستا و پەروەردەکارە ڕاستەقینەکان) زۆر کەم بوون و لەبەرانبەردا وێرانکەر و تێکدەرەکان زۆرینە بوون. لەوەش گەڕێ کە لای ئێمە بەتەنیا باڵەخانەکان نارووخێندرێن، بەڵکوو وەستاکانیش سووکایەتییان پێ دەکرێت و حەسوودییان پێ دەبرێت و دژایەتییان دەکرێت، بێ گومان ئەگەر تیرۆریش نەکرێن و هەوڵی سڕینەوەی تەواوەتییان لە نەخشەی ژیانیاندا نەدرێت!

هەڵبەتە مرۆڤ بە درێژایی مێژووی ئامادەبوونی لەم سەر زەوییەدا، هەوڵی بەردەوام و بێوچانی داوە لەپێناو دۆزینەوەی هۆکارێک بۆ بەختەوەرکردن و ئاسوودەکردنی خۆی، هەروەها بۆ دوورخستنەوەی سەرجەم ئەو شتانەی دەبنە هۆی زیانگەیاندن پێی و کێشە دروستکردن بۆی. لە سەرەتاوە ئەفسانە و

ئایینی بۆ ئەم مەبەستە داهێناوە، پاشان فەلسەفە و زانست و هونەر و ئەدەب. سەیر لەوەدایە هیچ یەکێک لەم بوارانە نەیانتوانیوە وەک پێویست بەختەوەری بکەن و لە کێشە و قەیرانەکانی دووری بخەنەوە و ڕزگاری بکەن! هەر بۆیە تا هەنووکەش، کە ئێمە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا دەژین، دوای ئەو هەموو هەوڵە زۆر و بەردەوامانەی باسکران، ڕەنگە زیادەڕەوی نەبێت ئەگەر بڵێین قەیرانەکانی لە هی جارانی زیاتر و قورس و سەختترن! دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەو کایانەی باسکراون ڕۆڵیان لە بەختەوەرکردنی مرۆڤ و ڕزگارکردنی لە قەیرانەکان نەبوو بێت، بەڵکوو ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ چەند بوونەوەرێکی کێشەسازە و لە دروستکردنی قەیران و بەڵا و کارەساتی گەورە ناوەستێت، مرۆڤ بوونەوەرێکە نە توانایی خۆدەربازکردن لە توندوتیژیی هەیە و نە دەشتوانێت بەوە ڕازی بێت کە هەیەتی!

وەک ئاماژەمان پێکرد، مرۆڤ بۆ بەختەوەرکردنی خۆی و خۆڕزگارکردن لە قەیرانی جۆر بە جۆر، لە سەرەتای ئامادەبوونیدا لەسەر زەوی، پەنای بۆ ئەفسانە و ئایین بردووە، ئەفسانە و ئایینیش لەسەر موقەدەس بەندن، کەواتە هەوڵی داوە لەڕێگەی موقەدەسەوە[1] بگات بەوەی دەیەوێت و لەوەش قوتار بێت کە نایەوێت، بێئاگا لەوەی کە موقەدەس، ئەگەر بە دیوێکدا ئەرێییش (ئیجابی) بوو بێت، بەڵام بە دیوەکەی دیکەیاندا قەیرانی قورس و چاوەڕواننەکراوی بۆ دروست کردووە! لەمەش سەیرتر ئەوەیە، ئێمەی مرۆڤی دنیای ئیسلامی، ڕەنگە لە هەرێمی کوردستانی لەمەڕ خۆشماندا بەتایبەت، لە گەڕانەوەیەکی سەیردایین بۆ لایەنە نەرێیی (سلبی) و کارەساتئامێزەکانی موقەدەس! دیارە ئەم دۆخە بەر لە هەر شتێک بەڵگە و نیشانەی نەگەیشتنی ئێمەیە بە قۆناغی فەلسەفە و قۆناغی زانست کە وەک دوو قۆناغی گرنگ لەدوای قۆناغی ئەفسانەوە دێن. مەبەست ئەوەیە ئێمە لە کۆتایی چارەکی یەکەمی سەدەی بیست و یەکدا، ئەفسانە و ئایین بە تاکە چارەسەر دەزانین بۆ کۆی کێشەکانمان، بە کێشەی توندوتیژیشەوە! بۆ چارەسەری کێشەکانمان و تێگەیشتن لە دنیا و دیاردە و قەیرانەکانی، لە جەوهەری مرۆڤ و کارەساتەکانی، هیچ ئاوڕێک لە زانست و فەلسەفە نادەینەوە. سیستەمی

[1] - بۆ بەرچاوڕوونی و سەرنجی خوێنەری هێژا دەبێت بڵێین، وەک چۆن لە فەرهەنگی «مەردووخ»یش هاتووە، وشەی «موقەددەس» بەئەسڵ عەرەبی و ئاوەڵناوە و بە واتای «پاک و پاکیزە و پاکژ و بێخەوش» دێت، بەڵام چونکی لە کۆنتێکستی کولتووری گشتیی کوردیدا بە واتای «پاکی و پاکیزەیی و پاکژی و بێخەوشی» جێ کەوتووە و، ئێمەش لێرەدا مەبەستمان ڕەنگدانەوەی ئەم واتا جەماوەری و گشتییەیە، بەئەنقەست ئەم وشەیەمان بە مانای «پیرۆزی» هێناوە.

خوێندن و زانکۆکانیشمان تەنیا بۆ دەرچوواندن و بەرهەمهێنانی کارمەند دەوێت! بۆ دروستکردنی کارمەندانێک کە بەڵکوو لەدوای تەواوکردنی زانکۆ دابمەزرێن و مووچەیەکەیان دەست بکەوێت، یان لانی کەم لە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەتدا – بەهۆی بڕوانامەکەیانەوە – کارێکیان پێ بدرێت! ئیتر ئەو کارە فرۆشتنی کاڵا و کەلوپەل بێت لە کۆگایەکدا، یان کاشێریی بێت لە فرۆشگای یەکێک لە مۆڵەکاندا! لە سۆنگەی ئەوەوە کە باس کرا، بوارێکی زۆر نەرێیی بۆ جۆرە ئایینداریيەکی ناتەندروست هاتۆتە ئاراوە، بە چەشنێک کە مرۆڤ لە دەرەوەی تێڕوانینە باو و تەسک و تەقلیدی و نازانستییەکەی ئایین، ناتوانێت دەم بکاتەوە و یەک قسە لە زاری بێتە دەر، ئەگەرنا موقەدەسپارێزان قودسییەتی مرۆڤبوونی پێشێل دەکەن، چۆنیان بوێت سووکایەتیی پێدەکەن و جنێوبارانی دەکەن، دیارە ئەگەر ڕووبەڕووی مەترسیی تیرۆرکردن، یان تۆمارکردنی سکاڵا لە دژی لەلایەن دادگاوە نەبێتەوە!

بەگوێرەی تێڕوانینی باو، پیرۆزی ئاماژەیە بۆ بابەتێک کە خاوەنی پاکی و بێگەردی و خێر و چاکەیە، هێمایە بۆ نموونە، یان سەرچاوەیە بۆ بەختەوەری و ئاسوودەیی و ئاسایش و ئاشتی و ئارامی. واتا کاتێک دەڵێین: فڵانە کارەکتەر، یان بابەت پیرۆزە، واتە تەواو دوورە لە شەڕ و خراپە و زیان و کێشەوە. لەو ڕوانگەیەوە کە بەڕواڵەت، یان لەڕووی مانای فەرهەنگیی وشەکەوە، پیرۆزی لە خودی خۆیدا دژ و پێچەوانەی خراپە و کێشە و قەیرانە. لەم تێگەیشتنە گشتییە باوە زمانەوانییەوە قسەکردن لەبارەی توندوتیژییەوە شانبەشانی باس و خواسی پیرۆزی کارێکی نەکردە و هەڵوێستێکی مەحاڵە، کەواتە لێرەدا پێکەوە گرێدانی پیرۆزی بە توندوتیژییەوە، یان قسەکردن لە بوونی پەیوەندی لەنێوانیاندا، نەخوازەڵا کە پیرۆزی ببێتە هۆکاری توندوتیژی، هەوڵدانە بۆ بەستنەوەی دوو پۆلی پێچەوانە بەیەکترییەوە، تێکەڵاوکردن و گونجاندنی دوو بابەتی تەواو جیاواز، بەڵکوو دژ و ناکۆک و ناتەباشن بەیەکەوە.

هەڵبەتە ئەگەر لە سەرەتاوە و بەبێ تێڕامان و بەدواداچوون لە مەسەلەکە بڕوانین، نابێت پیرۆزی هەڵگری تۆوی توندوتیژی بێت، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، پێویستە ڕەوێنەری توندوتیژی بێت و ڕزگارکەری مرۆڤەکان بێت لە خراپە و کێشە و زیانگەیاندن. لەم نێوەندە، لە باشترین حاڵەتدا ڕەنگە بگوترێت هەر کاتێک موقەدەس (پیرۆزی) توندوتیژی بەرهەم هێنا، ئەوا کێشەکە لە چۆنیەتیی تێگەیشتن و

بەکارهێنان و مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکەکەدایە، واتە چەمکی موقەدەس، واتە قەیرانەکە لە خاوەنەکەی و بەکارهێنەرەکەیدایە، ئەگەرنا مومکین نییە و هەرگیز نابێت موقەدەس توندوتیژیی لێ بکەوێتەوە.

ئەم بۆچوونەش لەوەوە هاتووە کە بابەتە پیرۆزەکان، لە نموونەی بابەتی خودا و سیفەتەکانی، پێغەمبەر و فەرموودەکانی، پیاوچاکان و وتە و هەڵوێستەکانیان، زانایان و هەوڵ و کۆشش و ئیجتیهادەکانیان، کتێبە پیرۆزەکان و بڕیارەکانیان...هتد، لەبنەڕەتدا بۆ بەختەوەری و شادمانی مرۆڤەکان و دوورخستنەوەیان لە کێشە و قەیران و شەڕ و خراپەکاری هاتوونەتە ئاراوە و، ئامانجی سەرەکی و بنەڕەتییان، بەڵکوو تاکە ئامانجی ڕاستەقینەیان ڕزگارکردنی مرۆڤەکانە لە خراپەکاری و توندوتیژی و قەیران و ئاژاوە.

بەڵێ، ئەم قسەیە ڕاستە و لە جێی خۆیدایە؛ ئایینەکان بۆ خزمەتی مرۆڤەکان و چارەسەری کێشەکانیان هاتوون. ئەم دیدە وەک ڕوانینێک بۆ ئامانجی سەرەتای هاتنی ئایینەکان و بنەما و نیازە سەرەکییەکانیانەوە دروست دەردەچێت، بەڵام کێشەکە، یان با بڵێین لادانەکە دواتر دەست پێ دەکات، کاتێک ئەم بڕیارە ئایینییانە دێنە ناو واقیعی جیاوازەوە؛ ناو کات و شوێن و سەردەم و بارودۆخی جیاواز. مرۆڤگەلێکی جیاواز دەبنە خاوەنیان، یان شوێنکەوتوویان، بەوەشدا کە واقیعەکان و مرۆڤەکان و هەلومەرجەکان جیاوازن، لێرەوە لێکەوتەی جیاوازیان دەبێت. واتە پەیڕەوکردنی ئەم ئەرك و فەرمانە ئایینییانە و، تەنانەت ڕادە و چۆنێتیی باوەڕبوونیش پێیان، شێوە و ئاستی جیاواز وەردەگرێت، بەرژەوەندیی جیاواز و خۆپەرستی و حەسوودی و تەماعکاری و گەیشتن بە خەون و خولیای گەورە لە ڕێگەی ئەم ئایینانەوە، دێتە ئاراوە. خۆ دیارە ئایینەکانیش بۆ خۆیان نکووڵی لە گەیشتن بەم سەرئەنجامە نادروست و نەرێییانە ناکەن، بەڵکوو بەپێچەوانەوە بەردەوام شوێنکەوتووانی خۆیان هان دەدەن کە دنیا و خۆشییەکانی و تەماع و ئارەزووپەرستی و خۆپەرستی و ماڵ و سەروەت، سەریان لێ تێک نەدەن و، لە ڕێگە ڕاستەکە لایان نەدەن.

ئەوەی لێرەدا مایەی سەرنجە ئەوەیە کە ئەو ئایینانە بە پلەی یەکەم ڕووی ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانیان لە شوێنکەوتووانی خۆیانە، نەک کەسانی لادەر و بێباوەڕ و ئەو مرۆڤانەی دەکەونە دەرەوەی بازنەی ئیمان و ئایینەکانیانەوە. واتە لادان لەو باوەڕ و ڕێنماییانە هەمیشە ئەگەرێکی ئامادە و ڕووداوێکی

مومکین و شیاوە. خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج لێرەدا ئەوەیە کە هەمیشە دەگوترێت ئەوانەی توندوتیژی ئەنجام دەدەن، یان تیرۆریستن، لەسەر ئایینەکە حیساب نین، بە شوێنکەوتوو و هەواداری ئایین هەژمار ناکرێن، چونکە لایان داوە و (لەبنەڕەتدا!) پەیوەندییان بە ئایینەکەوە نەماوە! دەستی دەرەکی دەیانجووڵێنێت، یان سیاسەتی ئەملاولا بەکاریان دەهێنن و، بۆ بەرژەوەندیی فلان وڵات یان فلان ئایین، یاخود فلانە ڕێکخراو و کۆمەڵە کار دەکەن.

بێ گومان ئەمانیش مرۆڤن و دەشێت بکەونە ژێر هەر جۆرە کاریگەرییەکی نەرێیی و خراپ و شەڕانگێز و ماڵوێرانکەرەوە، بەڵام خۆ بەم هەڵوێستانەیان لە ئایین دەرناچن، ئەمە لە سەرێکەوە. لە سەرێکی دیکەشەوە، ئەوان ئەم هەڵوێستانەیان بە دەق و بڕیاری ئایینی پاساو دەدەن، پشت بە ئایین و دەقەکانی دەبەستن، کەواتە لە ئایینەکە بەتەواوی دەرنەچوون و بێباوەڕ نەبوون. کەواتە، ئەوەی لێرەدا و وەک دەرئەنجام دەبێت بگوترێت، ئەوەیە کە هەرچۆنێک بێت، ئایین لە خودی خۆیدا ئەگەری ئاڕاستەوەرگرتن بەرەو توندوتیژیی تێدایە. بەڵام لەپاڵ ئەوەدا کە لەم دەستپێکەدا ئاماژەی پێکرا، پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە و بیسەلمێنین کە ئەم ئەگەرانەی توندوتیژی، کە لەناو ئاییندا ئامادەن، لە چییەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە ئەمەش لێرەدا کرۆکی لێکۆڵینەوەکەمان پێکدەهێنێت. ئەو ئەگەرانە کاتییش نین، بەڵکوو هەمیشە لە ئایینەکاندا هەبوون و هەر دەشمێننەوە، بەڵام بێ گومان دەکرێت خۆمانیان لێ بە دوور بگرین، یان جۆرێک لە چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، یاخود لانی کەم لە زیانەکانیان کەم بکەینەوە، کە ئەم لێکۆڵینەوەیە لە هەناوی خۆیدا هەڵگری جۆرێک لە چارەسەریشە لەم ڕووەوە.

ئێمە ئەمڕۆ، لە جیهانی ئیسلامیدا بەگشتی، لە هەرێمی کوردستانی خۆشماندا بەتایبەتی، لەڕێگەی پەنابردن بۆ نوێترین بەرهەمی زانستی و پێشکەوتووترین داهێنانی تەکنەلۆژیی سەردەم، کە مۆبایلی زیرەکە، لە میانەی پشتبەستن بە سایتە کۆمەڵایەتییەکان، دزێوترین دیاردە و نامرۆڤانەترین و نائەخلاقییانەترین کردەوە، کە یەکێکە لە جۆرە ڕەمزی و مەعنەوییە دیارەکانی توندوتیژی، هاتۆتە ئاراوە، کە بریتییە لە جوێنفرۆشی!

جوێندانی زۆر و بەردەوام بە ناوی پارێزگاریکردن لە موقەدەس و (پاراستنی ئەخلاقی ئایینی و کوردەواری!؟) بووە بە دیارترین بابەت و بەرچاوترین و بەربڵاوترین چەک کە ئایینداران پەنای بۆ دەبەن!

خوا نەیکا کەسێک وشەیەک، یان ڕستەیەک لە دەمی بێتە دەر، کە نەک لەگەڵ ئایین و دەق و بڕیارەکانی ناکۆک بێت، بەڵکوو تەنیا لەگەڵ بۆچوونی باو و تێگەیشتنی زاڵی ئەواندا سەبارەت بە ئایین نەگونجێت، کارێکی پێدەکەن با بە دەواری شڕی نەکردبێت.

واتە لێرەدا تاکە جۆری مشتومڕ و ئارگومێنت، کەناڵی تاقانەی گفتوگۆی زانستی و فیکری و (ئایینی و ئەخلاقی!!)، تەنیا جنێو و نەفرەتکردن و سووکایەتی پێکردنە! پارادۆکسەکە لێرەدا ئەوەیە، لەبری ئەوەی ئینتەرنێت یان مۆبایل، ببێت بە سەرچاوەی زانیاریی بەسوود و ڕاستەقینە، بووە بە کەناڵی جنێوی بە لێشاو، چاوگێک بۆ هەر کەسێک بتوانێت چەند ڕستەیەکی کوردیی پڕ هەڵە و پەڵە بزانێت بنووسێت و، بە ناوی بۆچوونی شەخسی و کۆمێنتی تایبەتییەوە بیخاتە ڕوو! خوا نەیبڕێت لەم هەرێمە (جنێو فرۆشە)دا، هەمووان خاوەنی بڕیار و بۆچوونی جیاوازی خۆیانن، هیچ هاووڵاتییەک ناتوانێت نووسەر و ڕەخنەگر و (ئاییناس!) نەبێت! لەم ڕووەوە مۆبایلی زیرەک و ئینتەرنێت خزمەتێکی باشمان دەکەن!!

ئەم وەهمی خۆ بە نووسەر، یان لانی کەم خۆ بە ڕۆژنامەنووسزانە لەلایەن هەموو هاولاتییەکەوە، لەکاتێکدا کە نەک ئەم هاولاتییانە نەبوون بە نووسەر و ڕەخنەگر، بەڵکوو سۆشیال میدیا کارێکی کردووە نوخبەش بێتە ڕیزی عەوامەوە! لەکاتێکدا کە نوخبەی ئێمە، بە ئاییندار و بێئایینەوە (بە ئیسلامی و نائیسلامییەوە)، بە بۆچوونی خۆیان لە هەوڵی ڕۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوەی هاولاتییاندان، بێئاگایانە دەکەونە دوای مێگەلەکەوە، واتە لەجیاتی ئەوەی ئەمان هاووڵاتییان هۆشیار و پەروەردە بکەن، هاووڵاتییەکان کردوویانن بە دەسکەلا و شوێنکەوتەی خۆیان. لەم فەزا فەوزاییەی ئێمەدا، نووسەر و هونەرمەند و ئەدیب، ئاکادیمیست و باسکار، ڕۆژنامەنووس و میدیاکار و ئاییندار و سیاسەتکار، هەمووان بەکۆ ڕوویان کردۆتە زانستێکی نوێ، یان کایەیەکی تازەی مەعریفە، کە بریتییە لە «جوێنناسی»!

لێرەدایە کە پێویستی قسەکردن لەسەر پەیوەندیی موقەدەس بە توندوتیژییەوە، وەک زەروورەتێکی حەتمی دێتە پێشەوە. خۆ دیارە توندوتیژییەکە لێرەدا بەتایبەتی نییە بە ئاییندااران و هەڵگرانی ئاڵای موقەدەس و پیرۆزپەروەرانەوە، بەڵکوو هەمووان کەم تا زۆر تێیدا بەشدارن، بەڵام کارەساتەکە ئەوەیە

که (موقەدەسکار!)ەکان لەم ڕووەوە پشکی شێریان بەردەکەوێت.

ئەمڕۆ بەهۆی داماڵینی ڕۆحانییەت لە ئایین و دوورکەوتنەوە لە ئەخلاق لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە مەجازییەکاندا – سۆشیال میدیا -، لەپاڵ شەپۆلێکی بەهێزی ڕووکەشکردنەوە و بەجەماوەرییکردنی هەموو کایەیەکی مەعریفی، کایەی ئاینداریش بە شێوەیەکی بەتایبەتی، ڕووبەڕووی جۆرێک لە توندوتیژی بووەتەوە کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبوونی بەردەوامدایە، لەژێر سایەی ئەخلاق و ئایین و مەعریفەی ساختەدا.

ئێمە ئەمڕۆ، لە جیهانی ئیسلامیدا بەگشتی، لە هەرێمی کوردستانی خۆشماندا بەتایبەتی، لە ڕێگەی پەنابردن بۆ نوێترین بەرهەمی زانستی و پێشکەوتووترین داهێنانی تەکنەلۆژیی سەردەم، کە مۆبایلی زیرەکە، لە میانەی پشتبەستن بە سایتە کۆمەڵایەتییەکان، دزێوترین دیاردە و نامرۆڤانەترین و نا ئەخلاقییانەترین کردەوە، کە یەکێکە لە جۆرە ڕەمزی و مەعنەوییە دیارەکانی توندوتیژی، هاتۆتە ئاراوە، کە بریتییە لە جوێنفرۆشی! جوێندانی زۆر و بەردەوام بە ناوی پارێزگاریکردن لە موقەدەس و (پاراستنی ئەخلاقیی ئایینی و کوردەواری!؟) بووە بە دیارترین بابەت و بەرچاوترین و بەربڵاوترین چەک کە ئاینداران پەنای بۆ دەبەن! خوا نەیکا کەسێک وشەیەک، یان ڕستەیەک لە دەمی بێتە دەر، کە نەک لەگەڵ ئایین و دەق و بڕیارەکانی ناکۆک بێت، بەڵکوو تەنیا لەگەڵ بۆچوونی باو و تێگەیشتنی زاڵی ئەواندا سەبارەت بە ئایین نەگونجێت، کارێکی پێدەکەن با بە دەواری شڕی نەکردبێت. واتە لێرەدا تاکە جۆری مشتومڕ و ئارگومێنت، کەناڵی تاقانەی گفتوگۆی زانستی و فیکری و (ئایینی و ئەخلاقی!!)، تەنیا جنێو و نەفرەتکردن و سووکایەتیپێکردنە! پارادۆکسەکە لێرەدا ئەوەیە، لە بری ئەوەی ئینتەرنێت یان مۆبایل، ببێت بە سەرچاوەی زانیاریی بەسوود و ڕاستەقینە، بووە بە کەناڵی جنێوی بە لێشاو، چاوگێک بۆ هەر کەسێک بتوانێت چەند ڕستەیەکی کوردیی پڕ هەڵە و پەڵە بزانێت بنووسێت و، بە ناوی بۆچوونی شەخسی و کۆمێنتی بەتایبەتییەوە بیخاتە ڕوو! خوا نەیبڕێت لەم هەرێمە (جنێو فرۆشە)دا، هەمووان خاوەنی بڕیار و بۆچوونی جیاوازی خۆیانن، هیچ هاووڵاتییەک ناتوانێت نووسەر و ڕەخنەگر و (ئایینناس!) نەبێت! لەم ڕووەوە مۆبایلی زیرەک و ئینتەرنێت خزمەتێکی باشمان دەکەن!!

ئێستا کە ئایندارانی ماسمیدیا، خاوەنی زۆرترین جەماوەرن و لە لووتکەی حەماسەتی جوێنئامێزدا دەژین، لە دۆخێکدا کە هەمووان لەسەر ئایین شەڕ دەکەن و هیچیان هیچی لەبارەوە نازانن، لەپاڵ

بوونی بۆشاییەکی گەورەی ڕۆشنبیری و زانستی و مەعریفییەوە، کە مەخابن هەموو شتێک بە فەرامۆشی سپێردراوە، گەڕانەوە بۆ کاری زانستی و فیکریی جیددی دەبێتە گەورەترین ئەرکی سەرشانی هەموو مرۆڤێکی هۆشیار و بێدار.

بۆ کۆمەڵێکی وەک ئێمە، کە لە توندوتیژیی ڕەمزییدا نوقمین، لە نەفامیی مەعریفییشدا وێڵ و ونین، لەوەهمی ئەوەدا دەژین کە کۆمەڵێکی لێبووردە و نەرم و نیانین، بووین بە خاوەنی ڕاستەقینەی یەکتر قبووڵکردن و پێکەوە ژیان و تەبایی. کەواتە، با ئاوڕێک لە خۆمان و قەیرانەکانمان بدەینەوە، لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ فەلسەفە و زانستە مرۆییەکان، با لەوێوە کەمێک لە خۆمان تێبگەین، با لەوێوە ئایین و موقەدەس وەک خۆیان بناسین و ڕیشە ڕاستەقینە و ترسناکەکانی توندوتیژییش ببینین و بیخوێنینەوە.

سەیر لەوەدایە کە ئاسانترین جۆری توندوتیژی، ئەوەیە کە لەڕێگەی موقەدەسەوە ئەنجام دەدرێت، بەوەدا کە ئینتیمای ئایینی ئاسانترین و سادەترین جۆری ئینتیمایە، هەر بەهۆی ئەم ئاسانییەشەوە دەبێتە گشتگیرترین جۆری توندوتیژی، بەوەدا کە ئاسانییەکەی دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرترین کەس لە دەوری کۆببنەوە و، بەبێ بوونی هیچ ئەرك و باجێکی ڕاستەقینە هەواداربوونی خۆیان بۆ ئایینداری ڕابگەیەنن، دیارە قسەکردن و بڕیاردانی ئێمە لەسەر زۆرینەیە، ئەگەرنا لە هەموو کات و شوێنێک و هەلومەرجێکدا، ئاییندارانێک وەک کەمینە هەر ئامادە دەبن کە جیددی و دڵسۆز بن و بە جۆرێک لە جۆرەکان ئامادەیی کۆشش و باجدانیان لە پێناوی خەڵک و خودا تێدا بێت.

هەربۆیە، گەرچی موقەدەسەکان جۆریان زۆرە، بەڵام موقەدەسی ئایینی لە هەموو جۆرەکانی دیکە پتر دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی توندوتیژی، لەو ڕوانگەیەوە کە هەتا چوونە ناو موقەدەس ئاسانتر بێت، بە ناموقەدەسدانانی ئەوانی دیکەش ئاسانتر دەبێت، گەیشتنی بەپەلە بە موقەدەس، خێرا بوونی تۆمەتبارکردنی ئەوانی دیکە بە نەبوونی ئینتیمایان بۆ موقەدەس زیاتر دەکات. نەبوونی ئینتیماش بۆ موقەدەس بەلای موقەدەسگەراکانەوە، ناپیرۆزی و بۆگەنی و خراپەکاری و گەندەڵی و، بەدڕەوشتی و نامرۆڤبوون و تەنانەت گەمژەییش، دەگەیەنێت، کە ئەمەش لە خودی خۆیدا گیرۆدەبوونە بە توندوتیژییەوە، لەو ڕوانگەیەوە کە سووکایەتیکردنە بە مرۆڤ و کارەکتەرەکەی، بە هەست و شعوور و ئینسانییەتەکەی!

## بەشی یەکەم: چییەتیی موقەدەس و پایەکانی

باسی یەکەم: چییەتی موقەدەس (چەمك و پێناسە)

هەڵبەتە بەر لە هەر شتێک دەبێت ئەوە بڵێم کە هێنانی وشەکە یان زاراوەکە بە زمانی عەرەبی، نەک کوردی، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لای ئێمەی کوردزمان، ئەم بابەتە زۆر لای لێ نەکراوەتەوە و وشەکە وەک زاراوەیەک لەناو زمانی کوردیدا و بە زمانی کوردیی خۆی، نەچەسپاوە. مەبەست ئەوەیە ئێمە لە ڕوانگەی بەکارنەهێنانی ئەم زاراوەیە، کە «پیرۆزی»یە لە ڕووە زانستییەکەیەوە، یان ئەنترۆپۆلۆژییەکەیەوە، کە لە نووسینی کوردیدا جێی خۆی نەگرتووە و نەبووە بە باو، لەبەر ئەوە ئێمە ناچار بەوە دەبین کە بە عەرەبییەکە و وەک خۆی بەکاری بهێنین.

ڕیشە زمانییەکانی چەمکی «المقدس»

مەبەست لە ڕیشە زمانییەکانی، بەکارهێنانیەتی لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا، واتە واتا گشتییەکەی بەکارهێنانەکەی.

قدُس: طهُر و بارك (پاك و پیرۆز و بەرەکەتدار بوو)

قَدّس الله فلاناً: طّهره و بارك علیه. واتە کە دەگوترێت خوا فڵانە کەسی تەقدیس، یان موقەدەس کرد، واتە پاکی کردەوە و بەرەکەتی بەسەردا ڕشت.

وقدس الرجل الله (پیاوەکە خوای موقەدەس کرد): نزهه و وصفه بکونه قدوساً:

بە پاك ڕایگرت و وەسفی کرد بەوەی (قدوس: پیرۆز)ە.

وقدس لله: طهّر نفسه له: خۆی بۆ خوا پاك کردەوە، دەگوترێت: «نحن نسبح بحمدك و نقدس لك»: اي و نطهر انفسنا لك. کاتێك فریشتەکان گوتیان: (ئێمە تەسبیحاتی تۆ دەکەین و سوپاست دەکەین- واتە دەڵێین سبحان الله و بحمده- و تەقدیست دەکەین: واتە خۆمان بۆ تۆ پاك ڕادەگرین (دیارە پاك و خاوێنیی مەعنەویی مەبەستە).

روح القُدس: جبریل. القداسة: الطهارة. القدوس: لە ناوە جوانەکانی خوایە، واتە پاك و دوور لە هەموو کەموکوڕی و نەنگییەك.

(القدیس) کە مێینەکەی (قدیسە)یە (قەشە): مرۆڤێکی باش کە تەواوی چاکە و پەسەندکردنی

لای خوا دەستکەوتووە// ئەو بروادارەی بە پاکی و باشێتی دەمرێت (نەصرانیانەیە، مەسیحیانە).

المقدس: المكان المقدس: شوێنی پیرۆز.

بیت المقدس: ماڵە پیرۆزەکە.

الارض المقدسه (خاکە پیرۆزەکە): فەلەستین.

ارض مقدسة (خاکێکی پیرۆز): مباركة.[2]

لەپاڵ ئەوەدا کە لەم دوو فەرهەنگە ناوبراوەدا هاتووە سەبارەت بە مانا و بەکارهێنانەکانی وشەی (المقدس)، یان ئەو وشە و داتاشراوانەی لە ڕیشەی (مقدس)ەوە هاتوون، فەرهەنگێکی دیکەی زمانی عەرەبی، ئەمەشی بۆ زیاد دەکات:

مقدس: خاص بشعائر دينية، مخصص للعبادة: مكرّس بكلام التقديس:

«قربان مقدس» مبارك او محترم، ما يبعث في النفس احتراماً و هيبة: (مكان مقدس), «واجب مقدس»/ «الكتاب المقدس».[3] لێرەدا بەوەدا کە فەرهەنگەکە هەوڵی هاوچەرخێتیی داوە، بەکارهێنانی نوێی هێناوەتە ناوەوە.

واتە: موقەدەس (پیرۆز): تایبەتە بە چەند سروتێکی ئایینییەوە، تەرخان بۆ پەرستن:

تەرخانکراو بە وشەی بەپیرۆزکردن: (قربان مقدس): قوربانییەکی پیرۆز/ موبارەك، یان بەڕێز، ئەوەی ڕێز و سام و هەیبەت لە دڵدا دروست دەکات:

«شوێنێکی موقەدەس» «واجبێکی موقەدەس» «کتێبی موقەدەس: پیرۆز».

شایەنی باسە چەمکی (مقدس) و داتاشراوەکانی، لە بەکارهێنانی زمانی عەرەبیدا تازەن، بەو مانایەی لە زمانی عەرەبی کۆندا، گەرچی بوونی هەبووە، بەڵام سنووردار بووە، بە چەند مانایەکی دیاریکراوەوە، وەك (روح القدس، بیت المقدس، القدوس) لەبەرانبەردا وشەی (مبارك) زۆر بەکارهاتووە و باو بووە، لای ئێمەی کوردیش بە شتی پیرۆز ناگوترێت (مقدس) یان قودسیەتی هەیە،

---

[2] - لويس معلوف، المنجد في اللغة، الطبعة الخامسة و الثلاثون، انتشارات اسلام- تهران, 1379,،ص -612 613. هەروەها بڕوانە: ابراهيم مصطفى و آخرون: المعجم الوسيط، دار الدعوة، استانبول، تركية، 1989، ص 719.

[3] - تحرير انطوان نعمة و آخرون, المنجد في اللغة العربية المعاصرة، دار المشرق، بيروت- لبنان,طبعة ثالثة, 2008, ص 1131.

بەڵكوو (مبارك)، یان بەرەكەتدار، یان وشەی بەرەكەت (البركة) بەكار دەهێنرێت، هەروەها دەڵێن: فڵانە شتت لێ موبارەك بێت كە عەرەب (مبروك)ی بۆ بەكاردەهێنن.

(موقەدەس وەك چەمك)

المقدس Sacred» – سێیكرید- پیرۆز: ئاماژە بۆ هەموو ئەو شتانە دەكات كە لەڕووی ئایینییەوە وەك شتانێك دیاریكراون كە خاوەنی نرخێكی تایبەتن و، ناكرێت هیچ كەسێك لێیان دەربچێت، یاخود پێشێل بكرێن، هەروەك چەمكەكە ئاماژە بۆ ئەو بەها و نەریتانە، یان مومارەسانەش دەكات كە نابێت لێیان دەربچین بەهۆی ئەو نرخ و ڕێزەوە كە خاوەنیانن، مەرجیش نییە ئەم نرخاندنە هەر بە ئایینەوە گرێدرا بێت.[4]

«موقەدەس، لەڕاستیدا، ئەو گوتەزایەیە كە ڕەفتاری ئایینیی لەسەر بونیاد دەنرێت، ئەوەیە كە تایبەتمەندیی نەوعیی خۆی پێدەدات و، هەستێكی تایبەت بە ڕێزگرتن بەسەر بڕواداردا دەسەپێنێت كە ئیمانەكەی لە ڕۆحی ڕەخنە دەپارێزێت، وەك چۆن لە مشتومڕی نەزۆكیش بەدووری دەگرێت، بەوەی دەیخاتە دەرەوەی بازنەی ئەقڵ و ئەودیوی ئەقڵ. بریتییە لەو بیرۆكە سەرچاوەییەی ئایین بەدەوریدا خول دەخوات، بەگوێرەی گوتەی هێنری هوبێر، ئەفسانە و بیروباوەڕەكان ناوەڕۆكەكەی لە ڕێگەی خۆیانەوە شی دەكەنەوە و سرووتەكانیش تایبەتمەندییەكانی بەكار دەهێنن و، كاهینەكانیش بەرجەستەی دەكەن و پەرستگە و شوێنە پیرۆزەكان و كۆشكە ئایینییەكان بەهێزی دەكەن و لە زەویدا ڕیشەكەی دادەكوتن، ئەخلاقە ئایینییەكانیش لەوەوە دروست دەبن، ئایین بریتییە لە بەڕێوەبردن و ڕێكخستنی موقەدەس.»[5]

موقەدەس بە عیبریی (قدوش)ە، مانای ئەوەیە كە چەمكی (المقدس) یان (القدسي) بە عەرەبی دەیگەیەنێت، بەڵام لە هەمان كاتدا مانای ئەو شتەشە كە بۆ پەروەردگار تەرخان كراوە، یان تایبەت كراوە، لێرەدا بەكارهێنانەكەی نزیك بۆتەوە لە تەرخانكراو بۆ بابەتێك (كارێك): «موقداش لو» كە مانای «تەرخانكراو بۆی» دەگەیەنێت. ئەمەش ڕیشەكە لە زمانە سامیەكاندا بۆ ئەوەی كە كردەی

---

[4] - دكتۆرە سەمیرە ئەحمەد ئەلسەیید، فەرهەنگی زاراوەی كۆمەڵناسی، ئینگلیزی- عەرەبی- كوردی، وەرگێڕانی: خەسرەو میراو دەلی، خانەی چاپ و بڵاوكردنەوەی چوارچرا، 2007، ل158.

[5] - روجيه كايوا، الانسان و المقدس، ترجمة سميرة ريشا، المنظمة العربية للترجمة, بيروت, 2010, ص 36.

تەرخانکردن و (بنیادنان و دامەزراندن)بە عەرەبی لای مەسیحییەکان لە خۆرهەڵاتدا «التقدیس: پیرۆزکردن) بێت. بەوەدا کە ڕیشەی مانای (التقدیس) بریتییە لە «تەرخانکردن: تکریس»ی بابەتێك، یان تایبەتکردن و ئامادەکردنی بۆ پەروەردگار. ئەمە دەشچێتە ناو «تەرخانکردن یان تەقدیسکردنی بەیتەوە بۆ پێشوازیکردنی جەژنە ئایینییەکان بۆ نموونە بەو پێیەی زەمەنگەلێکی موقەدەسن، هەروەها لە تەرخانکردنی گەنجێکی کوڕ، یان کچدا بۆ خزمەتکردنی خوا لە قوداسێکی کەنیسەییدا (کۆنوێژی گاورەکان).

لە بابەتە سەیرەکانی فیلۆلۆژیا ئەوەیە کە ئاشنای کردووین بەوەی وشەی «قدیشتو»ی ئارامیی ئەو ژنەی دەگەیاند کە لە ڕووی جەستەییەوە هیچ نەنگییەکی تێدا نییە، ئەمە لەهەمان کاتدا نزیکیشە لە چەمکی حەڵاڵ «کوشر» لە ئایینی جولەکەدا، کاتێك بە شتەکان، یان جەستەکان دەگوترێت لە دەرەوەی بازنەی گوتاری ئایینیدا، بەو پێیەی سیفەتێکن بۆ ئەوەی «کشراه»ن، واتە «شایستەن»، یان «گونجاون». لەبنەڕەتیشدا ئەو شتەیە کە خراپبوون و گەندەڵبوونی تێدا نییە، هەروەها ئەمە بە (قوربانی)ش دەگوترێت، بەو مانایەی دەکرێت بکرێتە قوربانی بۆ پەروەردگار.

حەڵاڵ و حەرام دوو داتاشراون نزیکن لە موقەدەسەوە، لەگەڵ جیاوازی ئەوەی کە حەڵاڵ ئەوەیە کە موقەدەس حەرامی ناکات، حەڵاڵکراو و حەرامکراویش (المحلل و المحرم) لەسەر ئاستە دنیاییەکە بەندن، هەروەها لە کاتێکدا کە حەرام سەر بە موقەدەسە، تەواو وەك ئەوەی لە حاڵەتی (بیت الله الحرام) دا هەیە، چونکە ئەوەی بڕیاری حەڵاڵکراو (المحلل) دەدات بریتییە لە حەرامکراوەکە، بەو مانایەی لایەنی دیاریکەر لەم هاوکێشەیەدا حەرامکەرە (المحرم) نەك حەڵاڵکەر (المحلل).[6]

چەمکی موقەدەس بە لاتینی مانای قەدەغە و دابڕاو لە شتەکان لەناو سیستەمێکی جیاواز و ناسروشتیدا دەگەیەنێت، موقەدەس هەمیشە بابەتی ڕێزە لەلایەن ئەوانەوە کە بڕوایان بەوەیە کە موقەدەسە، موقەدەس وەك دژی دنیایی Profane»، یان زەمەنیی دیاری دەکرێت، بەردەوام موقەدەس ئەوە دەگەیەنێت کە پێدراوی ڕاستەوخۆ تێدەپەڕێنێت بەرەو موفاریق و نازەمینی و ڕەها، لە فەرهەنگی

[6] عزمي بشارة، الدين و العلمانية في سياق تأريخي، الجزء الأول, المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات, الطبعة الاولى، بيروت، 2013، ص 179.

لالاند Lalande»دا ئەمە دەخوێنینەوە: موقەدەس «بە مانا گشتی و بەهێزەکەی ئەوەیە کە سەر بە سیستەمێکی دابڕاوە لە شتەکان، تایبەت و نەشیاو بۆ پێشێلکردن و، ئەوەی کە پێویستە ببێتە بابەتی ڕێزگرتنێکی ئایینیانە لەلایەن کۆمەڵێکی بڕوادارەوە». هەروەها موقەدەس مانایەکی ئەخلاقیانەشی هەیە، لەو ڕوانگەیەوە کە کاتێك قسە لە «خاسیەتی موقەدەسی کەسی مرۆیی» دەکەین. بەمجۆرە مانایە موقەدەس پەیوەست دەبێت بە بەهای ڕەهای دیاریکەری واقیع (...) موقەدەس مانایەکی دیکەی هەیە کە لالاند باسی دەکات و ئەوەیە کە سەر بە بواری پەرستشەکانە:

«مۆسیقای موقەدەس»، «کارەکتەرە موقەدەسەکان»، «شوێنە موقەدەسەکان».

ئەوەی فەرهەنگە جیاوازەکان تێیدا هاوبەشن، بە چاوپۆشیی لە هەمەڕەنگیی بابەت و بوارەکانی (زمانەوانیی، ئەنترۆپۆلۆژی، فەلسەفی...)، بریتییە لە دیاریکردنی مانا، یان ماناکانی موقەدەس لە ڕوانگەی زەمەنی، یان پیس- چەپەڵ و گڵاو – (المدنس) یاخود دنیاییبوونەوە (الدنیوي). دەستەواژەی Profane مانای ئەو بابەتەیە کە لەبەردەم پەرستگەدایە، واتە ئەوەی مۆرکێکی ئایینیانەی نییە و نامۆیە بە بواری ئایینی، واتە ئەوەی ناچێتە بازنەی موقەدەسەوە، ئەگەر بابەتی دنیایی (دنیاییبوون) مانای بابەتی سوك و ڕسوا و دنیایی بگەیەنێت، ئەوا موقەدەس بەڵگەیە لەسەر ئەو بابەتەی باڵاو کامڵ و موفاریقە، ئەم دیاریکردنەش ڕێگەی ئەوەمان پێدەدات کە بڵێین موقەدەس ماناکەی یان ماناکانی خۆی لەناو دوالیزمێکی میتافیزیکیدا وەردەگرێت کە لەسەر دابڕانی نێوان دوو جیهان، یان دوو جۆر لە بوون بەندە، کە یەکێکیان نیشانەکەی کەموکوڕی و کۆتاییهاتنە، دووەمیشیان نیشانەکەی کەماڵ و ناکۆتابوونە. موقەدەس بە ئایینەوە پەیوەست بووە، تەنانەت لایەنە ئایینییەکە خەریکە ببێتە ئەو لایەنە بنەڕەتییەی ئەو توێژەر و بیرمەندانە بایەخی پێدەدەن کە لە مەسەلەکە دواون.[7] ئەوەی لەم پێناسە و ڕوونکردنەوانەدا دەردەکەوێت، وەك پوختە و پاڵێوراوی بابەتەکە، ئەوەیە کە موقەدەس بابەتێکە لە دەرەوەی ڕەخنە، لە دەرەوەی بابەتە دنیاییەکان، واتە سەر بە ئەو دیوی سروشتە، لە دەرەوەی ئەقڵە، مانای بابەتی قەدەغە دەگەیەنێت، کە نابێت بە مەبەستی دەستکاریکردن، یان لادان لێی نزیك

[7] - مدخل الی فلسفة الدین، مجموعة من الأكادیمیین، تحریر: أ.د. عامر عبد زید الوائلي، شریف الدین بن دوبه، ابن الندیم للنشر و التوزیع، الجزائر، دار الروافد الثقافیة- ناشرون، بیروت- لبنان، 2017، ص -134 135.

بکەوینەوە، واتە پێشێلکردنی مەحاڵە، دنیا و دوارۆژ و مادده و دەرەوەی مادده لە یەکتر دادەبڕێت: جیهانێك دروست دەکات جیاواز لەوەی ئێمە تێیدا دەژین لەڕووی تایبەتمەندی و پێکهاتە و یاسا و ڕێساکانیەوە.

نەبوونی ئاڕاستەی زانستی و فەلسەفەیی، لە لێکۆڵینەوە لە ئایین و ئاینداری لە دنیای ئێمەدا، وای کردووە قسەکردن لەسەر موقەدەس، تایبەت بێت بە کتێبە موقەدەسەکانەوە، یان بەو کەسانەوە کە بە زانایانی ئایینی (پارێزەرانی موقەدەسی ئایینی) ناوزەد دەکرێن. تا ئەم ساتەوەختەش، ئایین نەهاتۆتە ناو لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینەی زانستی و فەلسەفییەوە و، غیابێکی بەرچاوی هەیە!

## باسی دووەم:- پایەکانی موقەدەس

### 1- باوەڕ

بەگوێرەی ئەوەی میتۆلۆژیست و ئەنترۆپۆلۆژیستەکان باسی دەکەن، ئایین لە دوو بەش پێکدێت، بەشێکی سەرەکی کە بریتییە لە باوەڕ و ئەفسانە و سرووت، لەگەڵ بەشێکی لاوەکی کە بریتییە لە ڕەوشت و شەریعەتەکان. هەڵبەتە ئایین بەر لە هەر شتێک بە باوەڕ دەست پێ دەکات. باوەڕهێنان بە شتانێک کە بنەمای سەرەکی و پایەی بنەڕەتیی ئایینەکە پێکدەهێنن، وەک ڕەگوڕیشە وان، لە نموونەی باوەڕهێنان بە خوا و زیندووبوونەوەی ڕۆژی دوایی و پێغەمبەران و کتێبەکانیان، لای ئایینە تەوحیدییەکانیش بەتایبەتی. لەو ڕوانگەیەوە کە ئەو باوەڕە دەبێتە پاڵنەر و هاندەری کردەوە و، هۆکاری ناچاریی پابەندبوون بە ئایینەکە و شوێنکەوتنی. باوەڕ لەسەر تەسلیمبوون بەندە، پێویستی بە بەڵگەی لۆژیکی و زانستیی ڕاستەقینە نییە. بەڵکوو لای خاوەنانی ئایینەکان، پێویستیی باوەڕهێنان و حەقیقەتی مەسەلەی ئیمان، لەوە ڕوونتر و بەڵگەنەویستترە کە بەدواداچوونی بوێت، چونکە مرۆڤ لەبنەڕەتدا بۆ ئەوە دروست بووە باوەڕ بهێنێت و پەرستش ئەنجام بدات.

مەبەستی سەرەکیی ئێمە لێرەدا ئەوەیە کە باوەڕ بنەما سەرەکییە ڕاستەقینەکەی موقەدەسە، گەورەترین و بەهێزترین پایەیەتی، لەو ڕووەوە کە موقەدەس بەو دەست پێ دەکات، موقەدەس لە

باوەڕەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەگەر بهاتبا و باوەڕ وەک پێویستییەکی بنەڕەتی لای باوەڕداران بوونی نەبوایە، ئەوا نە سرووت و نە ئەفسانە و نە بابەتە موقەدەسەکانی دیکە بوونیان نەدەبوو، بەوەدا کە هەموویان لەسەر باوەڕ بەندن. باوەڕ شوێنکەوتووانی ناچار دەکات قەناعەت بە پێکهاتە و بنەماکانی دیکەی موقەدەسیش بهێنن.

ئەوە ڕاستە کە بە دیوێکدا بابەتەکانی موقەدەس لەسەر باوەڕ بەندن، بەڵام بە دیوەکەی دیکەشیدا، باوەڕیش لەسەر ئەو پایانەی دیکەی موقەدەس بەندە. واتە ئەگەر ئەفسانە و سرووت نەبوونایە و، خاوەنی ئەو جیهانە ڕەمزییە ترانسێندێنتالە نەبوونایە، ئەوا باوەڕ لەبنەڕەتدا بوونی نەدەبوو، بە مانایەکی دیکە، لەهەمان کاتدا ئەو پایانەش بوون بە هۆی ڕاگرتنی باوەڕ.

هەتا مرۆڤ نەگاتە ئەو بڕوا و قەناعەتەی کە پێویستە لە ڕاستێتیی ئایینەکەی دڵنیا ببێت، ناتوانێت باوەڕ بە ئەفسانەکانی ئەو ئایینە بکات، وەکچۆن ئامادەش نابێت سرووتەکانی پیادە بکات. هەرچەند ئەفسانەکانی ناو ئایینەکانیش لە خودی خۆیاندا پێکهێنەری باوەڕن و، پێویستیان بەوەیە باوەڕیان پێ بهێنرێت، بەڵام لە بڕواهێنان بەو ئەفسانانە، دەبێت مرۆڤ لە قووڵایی قەناعەت و لە ناخی دڵ و هەستی خۆیدا بگاتە ئەوەی تەسلیمبوون بە ئایینەکە زەروورەتێکی حەتمییە، دەبێت لە سەرەتادا بگاتە یەقین بەوەی پێویستییەکی سایکۆلۆژی و ڕۆحیم وا دەکات ببێتە کەسێکی ئاییندار، بەر لەوەی هێشتا بە ئەفسانەکانی ئاشنا بووبێت و چووبێتە فەزای سرووتەکانییەوە.

**2- ئەفسانە**

وەک لە پێناسەی موقەدەسدا ئاماژەمان پێدا، ئەو بابەتەیە دەچێتە دەرەوەی ڕەخنە و پرسیارەوە. واتە بابەتێکە لە دەرەوەی توانایی تێگەیشتن و پەیپێبردنی مەعریفییانەی ئێمە، بەوەی کە هەڵوێستی مرۆڤ لەبەرانبەریدا تەنها دەبێت بریتی بێت لە تەسلیمبوون؛ ملکەچی و فەرمانبەردارییەکی بێ چەند و چوون. لەو ڕوانگەیەوە کە ئەوەی موقەدەس لێیان دەدوێت، بابەتانێکن لە دەرەوەی واقیعی ئێمە و، لەودیوی دنیای بینراو و بەرجەستە و بەرهەستەکەی ئێمە.

ئایینەکان لەڕێگەی موقەدەسەوە دەرگاکانی خۆیان بە ڕووی نهێنیدا واڵا دەکەن. «نهێنی» ئەو

بابەتەیە کە ئایین دەسەڵاتی خۆی لێوە ئاشکرا دەکات، وەک چۆن لەبەرانبەردا دەستەوەستانیی مرۆڤیش لە ئاستیدا دەسەلمێنێت. مادام مردن نهێنییە، کەواتە ئایین ڕاستە. هەتا شتانێک بمێنن کە مرۆڤ تێیان ناگات و پێیان ناگات، کەواتە دەبێت زاتێک هەبێت کە پێیان ئاشنایە و لێوەی سەرچاوە دەگرن، کە ئەویش خودایە، کە سەرچاوەی سەرەکیی موقەدەس و موقەدەسی موقەدەسەکانە؛ کانگای لەبنەهاتووی نهێنی و نادیار و موقەدەس. ئەمانە هەندێک لەو گریمانانەن کە لۆژیکی موقەدەسیان لەسەر بەندە؛ لۆژیکێک لە دەرەوە و سەرەوەی ئەو لۆژیکەی ئێمە پێی ئاشناین، واتە لۆژیکێک لەو دیوی لۆژیکی باو و زانراوی لای مرۆڤ.

نهێنیی ئەودیو ئەم بابەتانە لای مرۆڤی ئاییندار وەک نەزانراوی هەتاهەتایی و مەتەڵ ماونەتەوە، بەڵام مرۆڤی سەردەم لەڕێگەی زانستی ئەفسانەناسی (میتۆلۆژیا) و مرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆژیا)وە توانیویەتی لە نهێنیی پشت ئەم نهێنییانە تێبگات و، دیوە مرۆیی و دنیاییەکەیان دەربخات و شرۆڤە بکات.

بەم پێیەش بێت، کەواتە ئەوەی لە خانەی موقەدەسدا پۆلێن دەکرێت، بە پلەی یەکەم سەر بە فەزای ئەفسانەیە. چیرۆکەکانی دروستکردنی مرۆڤ و پێکهاتە و بابەتەکانی ناو گەردوون و، چیرۆکی پێغەمبەران و پیاوچاکان و، باس و خواسە غەیبی و ئایینییە بنەڕەتی و سەرەکییەکان، لە بونیادە ڕیشەییەکانی ئەفسانەن. ئەفسانەکانیش مێژووی خۆیان هەیە و، خاوەنی کات و شوێن و هەلومەرجی دروستبوون و سەرهەڵدانی خۆیانن. هەروەها ئەگەر موقەدەس بە پلەی یەکەم لەسەر باوەڕ بەند بێت، ئەوا باوەڕیش بە پلەی یەکەم لەسەر ئەفسانە بەندە.

فیراس سەواح دەڵێت: «ئەفسانە لە بیروباوەڕی ئایینییەوە دروست دەبێت و، وەك درێژکردنەوەیەکی سروشتی وایە بۆی، ئەفسانە کار لەسەر ڕوونکردنەوە و دەوڵەمەندبوونی دەکات، بەو لایەنە خەیاڵییەش پشتیوانیی دەکات کە دەیبەستێتەوە بە سۆز و ئینفیعالاتە مرۆییەکانەوە».[8] سەواح خۆی لە کتێبێکی دیکەیدا دەڵێت: «بیروباوەڕ و سروت و ئەفسانە، ئا ئەمانەن بنەما پێکهێنەرەکانی ئایین، کە ناتوانین بە دیاردەی ئایینی لە دەرکەوتنە کۆمەڵایەتییەکەیدا ئاشنابین، بەبێ ئەوەی پێکەوە و بەهاوکاریکردنی

[8] فراس السواح، الله و الكون و الإنسان, نظرات في تأريخ الأفكار الدينية, دار التكوين, دمشق, سوريا, 2016, ص 70.

یەکتری پێیان ئاشنا بین»[9] هۆکاری ئەم بایەخەی ئەفسانەش لە ئاییندا لەو ڕوانگەیەوەیە کە «ئەفسانە خاوەنی قودسییەت و دەسەڵاتێکی مەزنە بەسەر ئەقڵ و دەروونی خەڵکییەوە، ئەو دەسەڵاتەی ئەفسانە لە ڕابردوودا پێی بەهرەمەند بووە، جگە لە دەسەڵاتێکی زانستی هیچ دەسەڵاتێکی دیکە لەسەردەمی نوێدا شان نادات لە شانی (...) مرۆڤی کۆن باوەڕی بە هەموو ئەو جیهانانە هەبووە کە ئەفسانە بۆی گواستوونەتەوە، باوەڕنەبوونیش بەو ناوەڕۆکانە کوفر کردن بووە بە هەموو ئەو بەهایانەی تاك بە کۆمەڵەکەی و کولتوورەکەیەوە دەبەستێتەوە»[10] ئەوەی لەم تەوەرە کورتەدا خستمانە ڕوو، ئاماژەیەکی خێرا بوو، بەڵام لە میانی توێژینەوەکەدا دەگەڕێینەوە سەری و ماهییەت و حەقیقەتی بابەتەکە ڕوونتر دەبێتەوە لەلامان.

### 3- ڕەمز (سیمبۆڵ)

«ئێمەی مرۆڤ لەبەرانبەر دوو جۆر لە بەکارهێنانی زماندابین: بەکارهێنانێکی ڕاستەقینە یان واقیعی، یان دەکرێت بڵێین بەکارهێنانێکی ڕوون و ڕاشکاو و ڕاستەوخۆ، کە ئەو وشەیەی بەکاریدەهێنین، کتومت ئەو مەبەستە دەگەیەنێت کە بە ڕوونی و ئاسانی زانراوە. ئەم جۆرە بەکارهێنانەی زمان لە زمانی قسەکردنی ئاسایی و ڕۆژانەدا (زمانی ئاخاوتن)دا بە زۆری دەردەکەوێت. واتە لە زمانی باوی ڕۆژانەدا (دال و مەدلول) بە زۆری هەریەکێکن. بەڵام لەبەرانبەردا زمانێکی دیکە، یان جۆرە بەکارهێنانێکی دیکەی زمانمان هەیە کە ڕاستەوخۆ و بەڕوونی و ئاشکرایی مەبەستەکە ناگەیەنێت، بەڵکوو پێویستی بە شارەزابوون و بەدواداچوون هەیە. تێگەیشتن لە جەوهەر و حەقیقەتی وشە و چەمک و مەبەستەکان، بەبێ مەعریفەی پێویست دەستەبەر نابێت، کە ئەم جۆرە بەکارهێنانەی زمان پێی دەگوترێت «بەکارهێنانی ڕەمزییانەی زمان.» ڕەمزەکان چەند جۆرێکن، وەک ڕەمزی زانستی و فەلسەفی و ئەفسانەیی و ...تاد.

کەواتە ئەو بابەتانەی لە دەرەوەی بەکارهێنانی زمانی باو و ئاسایی و ڕۆژانەی مرۆڤدان، بابەتگەلێکن

---

[9] فیراس ئەلسەواح، ئایینی مرۆڤ، وەرگێرانی خەسرەو مەحموود میراودەلی، جەمال عیرفان، 2022، ل103.

[10] هەمان سەرچاوە، ل 86.

کە ماناکانیان کەوتووەتە پشت ئەو وشە و زاراوە و دەربڕینانەی بەکاریان دەهێنن. هۆکارەکەش ئەوەیە کە ئەو بابەتانە بە قووڵاییدا ڕۆچوون و، ڕووکەشی زمان و بابەتەکانیان تێپەڕاندووە، چونکە لە بابەتانێک دەدوێن کە بە دنیای ئێمە ئاشنا نین، نامۆ و نامەئلوفن. بەم پێیەش بێت، کەواتە بابەتی ڕوون زمانی ڕوونی بەسە، بەڵام بابەتی ناڕوون و قووڵ و پەنهان، پێویستی بە زمانێکە کە هاوشێوەی بابەتەکان ناڕوون و قووڵە و، پێویستی بە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ هەیە بۆ ناسین و ئاشنابوون پێی.

زمانی ڕەمزی (یان سیمبۆلیک یاخود هێمایی)، ئەو زمانەیە کە هێما بۆ بابەتێک دەکات لە دەرەوەی خودی بابەتەکە خۆی. واتە کاتێک وشەیەک بەکاردەهێنین، مەبەستمان بەکارهێنانی نییە بۆ مانا باو و زانراوەکەی خۆی. مەبەستمان ئەو مانایە نییە کە لە فەرهەنگی گشتیی زماندا بەکاردەهێنرێت، بەڵکوو مەبەستی دیکەمان لە پشت بەکارهێنانی ئەو وشەیەوە هەیە. بۆ نموونە، بەکارهێنانی (کوڕی ئاسمان) لای موسڵمانان بە کوفر دادەنرێت. خۆ دیارە ئاسمان بوونەوەرێکی زیندوو نییە تا کوڕی هەبێت، واتە بەکارهێنانە ڕووکەشەکە بێمانا و ناماقووڵە. بەڵام بەوەی کە (ئاسمان) ڕەمزە بۆ خوا (و بوونەوەرە غەیبی و ئایینییەکان)، کەواتە مانای (کوڕی خوا) دەگەیەنێت، کە ئەمەش لای موسڵمانان کوفرە، چونکە خودا کوڕی نییە و نابێت.»

لە پەیوەندیدا بە موقەدەس، ڕەمز دەبێتە بابەتێکی گرنگ، بەڵکوو بابەتێکی پێویست و ناچاری، لەو ڕوانگەیەوە کە ئەگەر موقەدەس بۆ خۆی لەسەر بابەتە پەنهان و ترانسێندێنتاڵ و دەرەدنیایی و دەرەمرۆییەکان بەند بێت، یان موقەدەس بە گوێرەی سروشتی خۆی، ئاماژە بۆ بابەتی نامۆ و نائاسایی بکات، کەواتە بە زەرورەت پێویستی بە زمانی نائاسایی و ناباویش دەبێت، کە ئەو زمانەش زمانی ڕەمزییە (زمانی هێمایی یان سیمبۆلیکە). گەرچی زمانی ئایین هاوشێوەی زمانی ئاسایی بەکارهێنراوە لەڕووی لەفزەوە، بەڵام لەڕووی دەلالەتەوە زمانی ئایینی زمانێکی نائاساییە، لۆژیکی تایبەتی خۆی و بونیادێکی پێکهاتەییانەی جیاوازی هەیە، کە لەسەر باڵابوونی مانا و ئەو تێڕوانینە بنیاد نراوە کە گوزارشت لە ویستی خوا دەکات، لەبەر ئەوە پێویستە سیستەمێکی گوزارشت لە وەرگرتن و گەیاندن و پەیوەندیدا دابهێنین، لەبەر ئەوە زمانی ڕەمزییانەی ئایین گونجاوە بۆ باڵابوونی دەق (ترانسێندێنتاڵبوونی دەق) خۆی و قودسییەتەکەی، گەرچی لەگەڵ زمانی ئاساییدا هاوبەشە لە وشەو دەربڕینەکانیدا لە

رووی لەفز (واژە)وە بە تەنیا، بەڵام ماناکە جیاوازە، لەبەر ئەوە لێوانلێو دەبێت لە ڕەمز و ئەفسانە لەپاڵ ئەو مۆرکی قودسییەتەش کە لەسەرەوە هاتۆتە ناوییەوە لەسەر بنەمای شکۆی بابەتی ئاماژە بۆ کراو»[11]

هەروەها «بەوەدا کە ڕەمزەکان پێکهێنەرێکی بنەڕەتین لە پێکهێنەرەکانی ئەفسانە لە چەمکە ئەنترۆپۆلۆژییەکەیدا، ئەوا پەیوەندیی نێوانیان زۆر پتەوە. «یۆنگ» ئاگاداری کردووین لەوەی مەعریفەی ئێمە لەمڕۆدا بە ڕەمزییەتی ئەفسانەکان تاڕادەیەکی زۆر مەعریفەی نەوەکانی پێشوو تێدەپەڕێنێت. چونکە لە سەردەمانی ڕابردوودا خەڵك بیریان لە ڕەمزەکانیان نەکردۆتەوە، بەڵکوو ملکەچانە ژیاون-بەبێ بوونی هۆشیاری لەلایەن ئەوانەوە- بە دەلالاتەکانی ئەو ڕەمزانە و کارکردیان لە ژیانیاندا»[12]

لەو ڕوانگەیەوە کە تێگەیشتن لە ڕەمز کارێکی ئاسان نییە بەهۆی قووڵایی مانا و دەلالەتەکانیەوە، لەبەر ئەوە ڕەمز پێویستی بە تەئویلە، لێرەشەوەیە کە ئێمە بەبێ مامەڵەی هێرمنیۆتیکیانە لەگەڵ ئەفسانە و دەقە ئایینیەکاندا، واتە لەگەڵ دەقە موقەدەسەکاندا، ناتوانین بە مانا ڕاستەقینە و مەبەستە جەوهەرییەکانیان بگەین، هەر ئەوەشە وای کردووە کە خوێندنەوەی ڕووکەشانە بۆ دەقە ئایینییەکان (خوێندنەوەی حەرفی و زاهیری) هیچمان پێ نەڵێن و بێئاگایانە بەجێمان بهێڵن. هەربۆیە، یەکێك لە تایبەتمەندییانەی ڕەمز، قابیلیەتەکەیەتی بۆ تەئویلکردن «بەو مانایەی ڕەمز هیچ مانایەکی نییە گەر بێتو ملکەچی پێڤاژۆیەکی (پرۆسەیەکی) تەئویلییانە نەکرێت بەگوێرەی پێوەرگەلێکی ورد کە بەپێی جیاوازیی ڕوانگە فیکری و میتۆدییەکانی تەئویلکارەکان دەگۆڕێن».[13]

## 4- ڕەهاگەری و ترانسیندێنتاڵبوون:

یەکێکی دیکە لە سیماکانی موقەدەس، کە وەک پایەیەک و سیفەتێکی سەرەکییەتی، بریتییە لە (ڕەهاگەری)، واتە خاوەنانی موقەدەس یان ئایین و ئایدیا و ڕەوتە ئایدیۆلۆژییەکان بە گشتی،

---

[11] - هاني عبدالصاحب هادي, فلسفة الدين، دراسة في فكر بول تيليتش، دار المعارف الحكمية، بيروت – لبنان, 2017، ص 169- 170.

[12] - د. بسام الجمل، من الرمز الى الرمز الديني، بحث في المعنى و الوظائف و المقاربات، رؤية للنشر و التوزيع, القاهره, 2011, ص 30- 31.

[13] - هەمان سەرچاوە، ل 36- 37.

موقەدەسەکانی خۆیان بە تاکە موقەدەسی ڕاستەقینە دەزانن، بەو موقەدەسانەیان دادەنێن کە باڵاترن لە سەرجەم موقەدەسەکانی دیکە. سیفەتی ڕەهایەتی دەخەنەپاڵیان، واتە موقەدەسەکانی خۆیان بەبێ سنوور و بێهاوتا دەزانن. ئەوەی لێرەدا مایەی سەرنجە ئەوەیە، چۆن دەکرێت خاوەنانی موقەدەسی جیاواز، هەر یەکە و موقەدەسی خۆی بە ڕاستی ڕەها بزانێت و، هی ئەوانی دیکەش بە ڕێژەیی، یان تەنانەت بە پووچ و بەتاڵ و بێمانا و بێبەها بزانێت! چۆن دەکرێت هەموو موقەدەسەکان لە یەک کاتدا خاوەنی ڕاستیی ڕەها بن، لەکاتێکدا کە لە یەکتر جیاوازن؟ سەر بە ئایین و ئەفسانەی جیاوازن. دەبوایە بوونی ئەو جیاوازییە بەڵگە بێت لەسەر ئەوەی یان هەموویان ڕەهان یان هەموویان ڕێژەیین، دیارە ڕاستییەکە ئەوەیە کە هیچ کامیان ڕەها نین و هەموویان ڕێژەیین. واتە لێرەدا موقەدەس بووەتە مایەی ڕەگەزپەرستی و نەرجسییەت و، وەلانانی ئەوی دیکەی جیاواز.

تایبەتمەندییەکی دیکەی موقەدەس (ترانسێندێنتاڵبوونە)، واتە باڵانشینی، یان (التعالي)، کە مەبەست پێی ئەوەیە سەرچاوەی ڕاستەقینەی موقەدەس، بەلای شوێنکەوتوانییەوە، جیهانێکە لە دەرەوە و سەرەوەی جیهانی ئێمە. ڕەهابوونەکەی وای لێکردووە سەر بەم دنیایە بچووک و ڕێژەییە نەبێت، بەڵکوو سەرچاوەکەی لە ئاسمان و بەرزی و بڵندی و پێگەیەکی تایبەتی ڕەمزی و مەعنەویدا بێت، بەوەی کە لە نادیاردایە و لە سەرووی تواناکانی مرۆڤ و، بابەتە دنیایی و ماددییەکانە. هەڵبەتە ئەم دوو سیفەتە «ڕەهاگەری و باڵانشینی» لە ڕووی فکرییەوە ئیشکالی گەورەیان خوڵقاندووە. پێدەچێت دیارترینی ئەو ئیشکالانە سەرقاڵبوونی زۆر و زیاد بێت بەو جیهانە ترانسێندێنتاڵە، لەسەر حیسابی دنیای واقیعیی خۆمان. بە گوزارشتێکی دیکە، بایەخدانی زیادەڕۆیانە بە جیهانی موقەدەس لەسەر حیسابی بابەتە دنیاییەکان. واتە چاوبڕینی بەردەوام لە ئاسمان و جیهانە غەیبییەکە و، لەبەرانبەردا نواندنی خەمساردی لەبەرانبەردا دنیا و ڕووداو و بابەتەکانی و مرۆڤ و کێشە و قەیرانە قووڵ و ڕاستەقینەکانی. گەرچی لە ڕۆحانییەتی ڕاستەقینە و تەصەوفی فەلسەفیدا، خودا و جیهانی ترانسێندێنتاڵ، ڕۆڵی بەرچاویان لە گەورەکردنی تواناکانی مرۆڤ و فراوانکردنی فەزای مرۆڤبوون و ئازادی و ئاسوودەییەکەیدا هەیە. بەڵام ئەم ڕوانینە زۆر نوخبەوییە و، لە ئایینداریی ئێمەدا ڕەنگی نەداوەتەوە و، پێچەوانەکەی زاڵ و باڵادەستە. واتە لە ئایینداریی ئێمەدا بوونی فەزای ترانسێندێنتاڵ

بووەتە مایەی لاوازکردن و فەرامۆشکردنی کاراکتەری ڕاستەقینەی مرۆڤ و تواناکانی و پەراوێزخستنی چالاکییە گەورە و گرنگە دنیاییەکانی.

سەبارەت بەم پایەگەلی موقەدەسە کە ئێمە لێرەدا هێناومانن، قوربانی و سرووتمان وەک پایەی بنەڕەتی باس نەکردووە، چونکە ئێمە زیاتر جەختمان لەسەر لایەنە تیۆری و ئایدیاڵییەکە بووە سەبارەت بە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی موقەدەس. وەک دیارە ئەنترۆپۆلۆژیستەکان بەر لە هەر شتێک موقەدەس بە قوربانییەوە گرێ دەدەن. لای ئەوان نزیکترین و دیارترین بابەت لە پەیوەندیدا بە موقەدەسەوە بریتییە لە قوربانی. بەخشینی قوربانیی مرۆیی بە خواوەندەکان لە ئەفسانە و ئایینە کۆنەکاندا، کە دواتر دەگۆڕدرێت بۆ قوربانیدان بە ئاژەڵ. دیارە لە ئیسلامیشدا لە چەندین ئایەت و فەرموودەدا باس لەوە کراوە کە مرۆڤی موسڵمانی ڕاستەقینە دەبێت ئامادە بێت ژیان و گیانی بکاتە قوربانیی ئایینەکەی، بە نەفس و ماڵ ئامادەی قوربانی و بەخشین بێت. لەپاڵ ئەوەدا کە قوربانیدان لە ئیسلامدا، لە دیاردەی شەهیدبووندا زیاتر خۆی نمایش دەکات، دەتوانین بڵێین قوربانیدان سیمبولێکە بۆ تەسلیمبوونی تەواو بە ئایینەکە. قوربانی، ڕەمزە بۆ باوەڕهێنان و تەسلیمبوونی تەواو بە موقەدەس.

هەروەها لەو پایانەی کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ باسمان نەکردووە بریتییە لە (سرووت)، لایەنە کردارییەکەی موقەدەس، گەرچی (قوربانی)ش هەر بۆ خۆی بەشێکە لە سرووتەکە، بەڵکوو سرووتە سەرەکییەکەیە. کەواتە سرووت بریتییە لە ڕێوڕەسم و ڕیتواڵی ئایینی کە لە نوێژ و ڕۆژوو و زیکر و نزاو پاڕانەوەدا خۆی نمایش دەکات. ئەوەی لێرەدا گرنگە جەختی لێ بکەینەوە ئەوەیە کە ئەم پایەگەلی موقەدەسە، یان ئەم پێکهاتانە بە گشتی، هەموویان بەناویدا چوون و یەکتر تەواو دەکەن، وزە و خۆراک بە یەکتر دەبەخشن و یەکدی ڕادەگرن.

## بەشی دووەم: شوێنەوارە نەرێنییەکانی موقەدەس

هەڵبەتە قسەکردنی ئێمە لێرەدا لەسەر شوێنەوارە نەرێنییەکانی (نێگەتیڤەکانی) موقەدەس، هەرگیز بەو مانایە نییە کە موقەدەس شوێنەواری ئەرێیی نەبێت، کە بێ گومان لە بنەڕەتدا موقەدەس لەپێناو شوێنەواری ئەرێنیدا (پۆزەتیڤیدا) هاتووەتە ئاراوە؛ مرۆڤ وەک پێویستییەک بۆی ڕوانیوە و سوودی لێ

بینیوە. لەو ڕوانگەیەوە کە کێشەی سایکۆلۆژی و ئۆنتۆلۆژیی چارەسەر کردووە، ناسنامەی تایبەتی پێ بەخشیوە. کۆمەڵە مرۆییەکان، یان کۆمەڵگاکانی بە یەکەوە بەستووەتەوە، واتە لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە سوودی پێگەیاندوون. بەڵام لەو ڕوانگەیەوە کە ئیشکردنەکەی ئێمە لەسەر شوێنەوارە نەرێییەکانی موقەدەسە لە پەیوەندیدا بە توندوتیژییەوە، سەرنجەکانی ئێمە لەسەر ئەم لایەنە چڕ بوونەتەوە. واتە سروشتی بابەتەکەی ئێمە جەختکردن و سەلماندنی هەبوون و کاریگەریی لایەنە نەرێییەکانی موقەدەسە.

### 1- بەرەهاییکردنی بابەتە ڕێژەییەکان

یەکێکە لە شوێنەوارە دیار و قەیرانە بەرچاوەکانی فیکری موقەدەس، لەو سۆنگەیەوە کە لەبنەڕەتدا لەسەر بابەتە ڕەهاکان بەندە، بەرەهاییکردنی بابەتە ڕێژەییەکانە. واتە موقەدەس دەیەوێت هەرچی زیاتر و زیاترە بازنەی بابەتە ڕەهاکان فراوانتر بکات، کە لەبەرانبەریشدا بە شێوەیەکی سروشتی کەمبوونەوەی بابەتە ڕێژەییەکانی لێ دەکەوێتەوە. بەو مانایەی هەموو هەوڵێك بۆ فراوانکردنی فەزای موقەدەس، لەسەر حسابی ڕووبەری بابەتە ڕێژەییەکان بە ئاکام دەگات. گەرچی خودی موقەدەسیش بۆ خۆی کە دێتە ناو واقیعی مرۆڤەکانەوە، سروشتێکی ڕێژەیی وەردەگرێت، بە حوکمی ڕێژەییبوونی واقیع و ژیان و بیرکردنەوە و توانایی مرۆڤەکان، واتە لە ئەنجامدا بابەتە ڕەهاکانیش دەبن بە ڕێژەیی، چ جای بابەتە ڕێژەییەکان خۆیان، «موقەدەس خۆیمان پێشکەش ناکات تەنیا لە ڕێگەی ڕەنگدانەوەکانی و شوێنەوارە دەرەکییەکانییەوە و کاریگەرییە زەمینییەکانییەوە نەبێت، لەو ڕووەوە کە ئێمە ناتوانین وەك خۆی و (لە خودی خۆیدا) بیخوێنینەوە و لێی تێبگەین، لەبەر ئەوە دەکەوینە بەردەم ئەنجامەکانی و کاریگەرییەکانی لەسەر ئەو شتانەی لە ڕێگەیانەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت وەك (بەرد و ئاو و درەخت و ئەستێرە...)».[14] وەك هەمیشەش ئەو شوێنەوارانەی موقەدەس بۆ خۆیان ڕێژەیین، بەڵام تەقدیسکردنیان خەرمانەیەکی سیحر و ئەفسوناوی بە دەوریاندا دروست دەکات و، مۆرکێکی نائاسایی و ناسروشتییان پێ دەبەخشێت، «لەبەر ئەوە ئەو شتانە بۆ خۆیان خاوەنی بنەمای قەداسەتی خۆیان نین، لە خودی

[14] عائشة عجينة, الوحي بين شروط وجوده و و تحولاته, منشورات الجمل, بغداد, بيروت, 2015, ص 16.

خۆیاندا موقەدەس نین. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا شتانێك و كەسانێك هەن، لەگەڵ شێوە و ڕوداوگەلێك، كە هێزی ڕەمزیی باڵایان هەیە، هاتنەدی ئەو هێزەش- مانای ئەوەیە ئەو شتانە دەبنە شتانێكی پیرۆز. زۆرجار دەبینین ئەم ئیمكانییەتە پشت بە سیفەتی ناوەكییانەی ئەم دیاردانە نابەستێت، بەڵكوو پشت بە ڕێكەوتێكی قەدەریانە دەبەستێت كە ئەم شتانە، كە لە خودی خۆیاندا هێزی ڕەمزییانەیان نییە، دەگەن بە هێزی ڕەمزییانەی نائاسایی لەلایەنی خودییەوە».[15]

ئەوەی لێرەدا ئیشكالییەتێكی گەورە دروست دەكات، ئەوەیە كە هەتا چوارچێوەی بابەتە ڕەهاكان فراوانتر بكرێت، لە واقیع دوورتر دەكەوینەوە و، ڕووبەری ئەو بابەتانەش كەمتر دەبنەوە كە ڕێژەیین، وەک ئاماژەمان پێ كرد. كەمبوونەوەی فەزای ڕێژەییبوونیش داخستنی زیاتری دەرگاكانە بە ڕووی ئەگەر و توانایی خوێندنەوە و تەئویل. بابەتە ڕەهاكان ئەو بابەتانەن كە كامڵ و نەگۆڕن، بەم پێیەش بێت كەواتە هەموو هەوڵدانێک بۆ زیادكردنی ڕووبەرەكەیان، بەرەو ڕێگرتن لە گۆڕانكاری و چەقبەستوویی و دۆگمایی مل دەنێت.

هەروەها بەڕەهاكردنی بابەتە ڕێژەییەكان، مانای هەوڵدانە بۆ بەخشینی سیفەتی حەقیقەتی ڕەها بە بابەتانێک كە ڕێژەیین. واتە فراوانكردنی بازنەی حەقیقەتی ڕەها. دیارە حەقیقەتی ڕەهاش ئەو بابەتەیە كە گومان و پرسیار هەڵناگرێت و، بواری پێداچوونەوە و خوێندنەوەی نییە.

### 2- پیرۆزكردنی مێژوو و ترانسیندێنتاڵێتی

یەكێكی دیكە لەو بابەتانەی موقەدەس و (ئەفسانە) كار لەسەر پیرۆزكردنیان دەكەن، هەوڵ دەدەن لە بابەتە ئاسایی و ڕێژەییەكان بیانبەنە دەرەوە، بریتییە لە پیرۆزكردنی كات و شوێن، كە ئێمە لێرەدا كاتەكەمان مەبەستە، كە بریتییە لە مێژوو، یان زەمەنی دیاریكراو. ڕاستییەكی زانستی و لۆژیكییانە و بابەتییانەی بەڵگەنەویستە كە كات و شوێن لەبنەڕەتدا سەر بە زانستی فیزیان و، ڕێژەیین. هیچ كاتێک، یان زەمەنێک، لە دەرەوەی مێژوو و لە دەرەوەی پێوەری ماددی بوونی نییە. واتە لە دەرەوەی

---

[15] بول تيليش, الدين .. ماهو؟ (الحب.. الإيمان.. الثقافة), ترجمة مجاهد عبدالمنعم مجاهد,مكتبة دار الكلمة, القاهرة, 2005, ص 102.

سروشت و گەردوون، شتێک بە ناوی مێژوو و زەمەنەوە بوونی نییە. لەم ڕوانگەیەشەوە کەواتە مێژوو بابەتێکی دنیایی و مرۆییە، سەر بە جیهانی مرۆڤ و مەعریفەی مرۆڤە.

دیارە کێشەکە لێرەدا ئەوە نییە کە موقەدەس یان ئەفسانە، زەمەنی تایبەت و گریمانکراوی خۆیانیان هەبێت، بەڵکوو قەیرانەکە لەوەدایە کە ئەو زەمەنە تێکەڵ بە زەمەنی ڕاستەقینە یان مرۆیی بکرێت، یان بە بەشێک لە زەمەن و مێژووی ڕاستەقینە هەژمار بکرێت. ئەو بابەت و چیرۆکانەی موقەدەس و ئەفسانەیین، دەبێت زەمەنەکەشیان، یان مێژووەکەشیان هەر موقەدەس و ئەفسانەیی بێت، واتە جیاواز بێت لە مێژووی مرۆیی.

بۆ نموونە، کاتێک ئایینەکان باس لەوە دەکەن کە ئادەم و حەوا لە زەمەنێکی تایبەتدیدا لەدایک بوون و هاتوونەتە بوون، بەو مەرجەی زەمەنەکە بخرێتە چوارچێوەی زەمەنی موقەدەسەوە، یان مێژووی ئایینی، یان ئەفسانەییەوە، گرفتێک لە ئارادا نابێت، بەڵام کێشەکە لەوێوە دەست پێ دەکات کە بە زەمەنێکی واقیعی و مێژوویی ڕاستەقینە دابنرێت.

قەیرانە سەرەکییەکە لەوەوە دەست پێ دەکات کە موقەدەسکردنی مێژوو، لە سەرێکەوە ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت ئەو مێژووە دیاریکراوە بۆ هەتاهەتایە هەر بە پیرۆز سەیر بکرێت، لە سەرێکی دیکەشەوە، کە ئەمەیان بابەتە ترسناکەکەیە، پیرۆزکردنی ڕووداو و کاراکتەرەکانی ناویشی دەگەیەنێت، کاراکتەرانێک کە نەک هەر لە سەردەمی خۆیاندا پیرۆز بوون، بەڵکو بۆ هەتاهەتایە بە پیرۆزی دەمێننەوە و، واجبە هەمووان تەقدیسیان بکەن! ڕەنگە پیرۆزکردنی سەردەمی سەلەف و ئەو کاراکتەرانەی لەو سەردەمەدا ژیاون بۆ ئێمەی موسڵمان دیارترین و ڕوونترین نموونە بێت. بۆ نموونە، کاتێک دەگوترێت وتەی سەحابی (هاوەڵانی پەیامبەر) بە پیرۆز دادەنرێت و، هاوشێوەی ئایەتی قورئان بە بەڵگەی ئایینی هەژمار دەکرێت، ئەمە بووە بە ڕاستییەکی ڕەها و هەرگیز قابیلی هەڵوەشاندنەوە نییە. لێرەشەوە جنێودان بە سەحابی کوفرە و دەبێت خاوەنەکەی بکوژرێت.

قسەکردن لە مێژوو لە هەمان کاتدا قسەکردنە لە واقیعێکی دیاریکراو کە خاوەنی ئەو مێژووەیە. ئەو واقیعە دیاریکراوەش خاوەنی کاراکتەر و ڕووداو و هەلومەرجی تایبەتی خۆیەتی. واتە هیچ مێژوویەک هەرچەندە پیرۆزیش بێت، کاراکتەرەکانی ناویشی هەرچەندە گەورە و پیرۆز بن، بمانەوێت و

نەمانەوێت لە ژێر بڕیار و کاریگەریی ئەو واقیعەدان کە تێیدا دەژین.

واتە ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە مێژوودا، دەچێتە دەرەوەی مێژووی واقیعی و ڕاستەقینەوە، بەرەو باڵابوون (ترانسێندێنتاڵ) دەچێت. مێژوو لێرەدا لە فیزیکەوە دەچێتە میتافیزیکەوە، لە دنیای بینراوەوە بۆ غەیب و، لەسەر زەمینی مرۆڤەکانەوە بەرەو تەعالی (باڵانشینی).

باڵانشینی – التعالي – مومارەسەیەکی کولتوورییانەی بەربڵاو و هاوبەش دەنوێنێت لەو کۆمەڵگایانەدا کە دیاردەی کتێبی پیرۆزیان ناسیوە. تەعالییش لە جەوهەری خۆیدا دابڕین و داماڵینی مۆرکی مێژووییبوونە لە ڕووداوەکان، واتە سڕینەوەی هۆکارەکانی پەیوەست بەو ڕووداوانەی لە کات و شوێندا ڕوویان داوە.

هەروەها تەعالی – ترانسێندێنتاڵبوون – ڕووەکەی دیکەی تەقدیسە، کە فەزایەکی میتافیزیکی بۆ فیکری ئایینی و وتە ئەبستراکتەکان پێکدەهێنن، لەبەر ئەوەی تەعالی وا دەکات بایەخدان بە کاریگەریی مێژوو بۆ سەر ئاراستەی فیکر و، داڕشتنە زمانییەکانی، ئامانجێکی مەعریفییانە نەبێت کە پێویست بە لێتێگەیشتن بکات، کە ئاسۆکانی پەیوەندیی دیالەکتیکییانەی نێوان زمان و فیکر و مێژوو هەژار دەکات.

لەم ڕوانگەیەشەوە، ئەولەویەت- لە پێشینەیی- بۆ ڕەها دەبێت لەبەرانبەر هەلومەرجی هەنووکەدا، بۆ جێگیریش بەسەر گۆڕاوداو، موقەدەسیش بەسەر دنیاییدا. لای محەمەد ئارکۆن هەموو خوێندنەوەیەکی مێژووییانەی فیکری ئیسلامی پێویستە لە تێگەیشتن لە پەیوەندیی تەعالی بە مێژووەوە سەرچاوە بگرێت، لەو ڕووەوە کە تەعالی- باڵانشینبوون- میکانیزمێکە لە میکانیزمەکانی پەردەپۆشکردنی ڕاستییەکانی مێژوو، لەوێشەوە دەبێتە بەربەستی تێگەیشتن لە واقیع و حەقیقەت، لەبەر ئەوە دانەپاڵی سیفەتی تەعالی و پیرۆزکردن و ئەبستراکتیزەکردن بۆ ماناو بەها مرۆییەکان، بەربەستێك دروست دەکات لە بەردەم هەڵوەشاندنەوە و شیکارییکردنی بە شێوەیەکی مێژووییانەی دروست، ئەوەش بەهۆی پێویستیی مرۆڤ بە ئاشکرانەکردنی ئەو پاڵنەرە ڕاستەقینانەی کۆنترۆڵی ڕەفتاری دەکەن، چونکە کۆی کۆمەڵگە مرۆییەکان سوورن لەسەر نکوولیکردنی سەرچاوەی ڕاستەقینەی بوونی خۆیان، واتە

ئامانجیان دروستکردنی دەمامکە بۆ حەقیقەتی ئەو هێزانەی بڕیار لە چارەنووسی مێژووییان دەدەن».[16]

کاتێك فیکری ئایینی و دەقەکانی و کارەکتەرەکانی دەخرێنە خانەی ترانسێندێنتاڵەوە، بێ گومان موقەدەس دەکرێن و، مێژووەکانیشیان پیرۆز دەکرێن، لە کاتێکدا کە بەرهەمی واقیعێکی دیاریکراوو کولتوورێکی دیاریکراون «ئێمە لەبەردەم هەوڵێکی مرۆییداین بۆ داڕشتنی پێدراوەکانی وەحی بە داڕشتنێکی فیکرییانە، خیانەتی فیکرییشە بەرانبەر بنەماکانی شیکاریی زانستی، کە پێمان وابێت ئەم هەوڵە فیکرییە مرۆییانە، دابڕاو لە هەلومەرجی مێژوویی و کۆمەڵایەتییانەی ئەو کۆمەڵگە، یان کۆمەڵانە/ کەسانە بەدەست هاتوون کە بەرهەمیان هێناون».[17]

لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین هاوکێشەیەك لەنێوان موقەدەس و مێژوودا هەیە، کە بەپێچەوانە و بەهەڵگەڕاوەیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەویش بریتییە لەوەی کە (موقەدەس) کاتێك دێتە ناو واقیع و ناو ژیانی مرۆڤەوە، مۆرکێکی مێژوویی وەردەگرێت، واتە دێتە ناو مێژووی واقیعییەوە، نەك بەپێچەوانەوە مێژوو بەهۆی موقەدەسەوە لە مێژووییبوونی خۆی دەربچێت و، بچێتە دەرەوەی یاسا مرۆیی و واقیعی و دنیاییەکانەوە، (هیچ گوزارشتکردنێك لە موقەدەس بوونی نییە کە تەئویلێکی مرۆیی نەبێت. نموونەش بۆ ئەمە ئەو پەیوەندییە بنەڕەتییەیە کە شیکردنەوەی دەربڕینە ڕەمزییەکان بەڕوونی دەیخاتە ڕوو: هەموو ئاگاداربوونێك لە نهێنییە ئایینییەکان، هەموو تەقدیسێك، بابەتێکی مێژوویە، لەبەر ئەوەی ئەو وەحیەی مرۆڤ پێیدا تێپەڕ دەبێت لە کاتی هەستانیەوە بە ئەزموونی موقەدەس، دەبێت بە مێژوو، چونکە بە هۆشیارییەکی ئاشکراوە تا ڕادەیەکی یان زۆر یان کەم خودی خۆی تێدا ڕێکدەخات».[18]

پیرۆزکردنی مێژوو و ڕووداو و کاراکتەرەکانی، هەمیشە پەیوەستە بە باڵانشینی (ترانسێندێنتاڵ)ەوە، بەوەدا کە خودی تەقدیسەکە بە دنیای غەیب و میتافیزیکەوە بەستراوە، لەکاتێکدا کە لەڕاستیدا ئەو جۆرە ڕوانینە بۆ مێژوو و ڕووداو و کاراکتەرەکانی لە پەیوەندیدا بە جیهانی غەیبەوە، دوورە لە واقیعەوە.

---

[16] کحیل مصطفی, الأنسنة و التأویل في فكر محمد اركون, منشورات الاختلاف, الجزائر, 2011, ص 273.

[17] نصرحامد ابو زید، التجدید و التحریم و التأویل, بین المعرفة العلمیة و الخوف من التكفیر، المركز الثقافي العربي, بیروت- لبنان, 2010, ص -73 74

[18] مرسیا الیاد, المقدس و العادي, ترجمة عادل العوا, دار التنویر, بیروت, 2009, ص -23 24.

بە گریمانەی ئەوەی ئەو بابەتانە لە فەزای ترانسێندێنتاڵیشەوە سەرچاوەیان گرتبێت و غەیب بنەمایان بێت، بەڵام کە هاتنە ناو واقیعەوە ئیتر ئەو ماهییەتە لە دەست دەدەن و دەکەونە ژێر کاریگەریی واقیع و یاساکانی و مێژوو و حەتمیەتەکانییەوە.

«ئەفسانە و مێژوو لە تامەزرۆییەوە بۆ زانینی ڕیشەی ئێستا سەرچاوە دەگرن، بەڵام لەو (بەها) یەدا لە یەکتر جیا دەبنەوە کە دەیبەخشن بەو ڕیشەیە. بەوەدا کە ئەو ڕیشەیە قودسییە لای ئەفسانە و ئەسڵێکی دنیایی بەتاڵکراوەیە لە بەئەفسانەبوون لای مێژوو. بە گوزارشتێکی دیکە، ئەفسانە وەک ڕەنگدانەوە و تەجەلای ویستی خودایی بۆ مێژوو دەڕوانێت، لە کاتێکدا کە مێژوو وەک ڕەنگدانەوە و دەرکەوتنی ئیرادەی مرۆیی لە دیالەکتیکەکەیدا لەگەڵ ئەو یاسایانەدا کە کار لە ژیانی کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤ دەکەن بۆ بابەتەکەی خۆی دەڕوانێت. ئەمەش واتە ئێمە لەبەردەم دوو جۆر لە مێژوودایین: مێژووی موقەدەس و مێژووی دنیایی. (واتە مێژووی ئەفسانەیی و مێژووی واقیعی).»

مێژووی پیرۆز تەنیا چۆنێتیی تەحەلاکردنی «بابەتی ئیلاهی» لە زەمان و شوێنی دنیاییدا دەگێڕێتەوە، لەگەڵ کەشفکردنی چالاکییەکانی بوونەوەرە میتافیزیکیەکان لە زەمەنەکانی میتۆلۆژیای یەکەمدا، لەگەڵ ئەوەشدا کە لێوەی دروست بووە لە جیهانی مرۆڤ».[19] دیاردەی ئاینی هەمیشە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و، ئابووری و سایکۆلۆژیشە، لەگەڵ ئەمەدا بێ گومان دیاردەیەکی مێژووییە لەبەر ئەوەی لە زەمەنێکی مێژووییدا بە ئاکام دەگات، هەروەها لەبەر ئەوەی مەرجداریشە بە هەموو ئەوەی پێشتر ڕوویداوە.[20]

گومانی تێدا نییە کە ڕوداوو کەسەکان دەکەونە بازنەیەکی مێژووییەوە، بەڵام ئایا خاڵی هاوبەشی نێوان کۆی ئەفسانەکان پێشکەشکردنیان نییە وەك ئەوەی حەکایاتی ڕاستەقینە بن؟ ئەوەشی بخەرە سەر کە هەواڵناسە کۆنەکانی عەرەب (الإخباريين العرب القدامى)- کە ڕۆڵی مێژوونووسیان بینیوە بەلای خۆیانەوە- هەواڵەکانی خۆیان لە زەمەن و شوێندا داناوە، ڕەچەڵەکی کەسەکانیشیان بە جددییەتێك

19 فراس السواح, الاسطورة و المعنى, دراسات في الميثولوجيا و الديانات المشرقية, دار علاء الدين, دمشق, 1997, ص 91.

20 ميرتشيا الياده, البحث عن التأريخ و المعنى فى الدين, ترجمة و تقديم, د. سعود المولى, مركز دراسات الوحدة العربية, بيروت- لبنان, 2007, ص133.

دەخەنە ڕوو کە دەمانخەنە پێکەنین، کە هەندێکجار دەگەڕێنەوە بۆ ئادەم، باوکی ڕەگەزی مرۆیی، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم مێژووگەراییە ڕووکەشە بایەخی خۆی هەیە. لەو سۆنگەیەوە کە ڕێسای گشتیی فیکری بەکۆمەڵ- فیکری جەماوەری- ئەو ڕوداوە گەورانەی لە ژیانی خێڵەکیدا جێی بایەخ بوون بۆ باپیرە گەورەی ڕەمزی دەگەڕێننەوە، تەنانەت بۆ پاڵەوانی ژیارییش، ئەم سەرنجە بواری ئەوەمان پێدەدات باشتر لە جیهانی ئەفسانەیی ئیسلام تێبگەین.[21]

### 3- قۆرخکردنی حەقیقەت

موقەدەس لای خاوەنەکانی، یەک جۆرە و دابەش ناکرێت، لە یەک شێوەدا بەرجەستە دەبێت و خۆی نمایش دەکات، هیچ شێوەی دیکەی نییە. واتە موقەدەس لای ئەوانەی باوەڕیان پێیەتی، یەک جۆرە و تەواو. خۆ ئەگەر ئەوانی دیکە بانگەشەی خاوەندارێتیی موقەدەس بکەن، ئەوا ڕاست ناکەن و موقەدەسەکەیان موزەییەفە، ساختە و درۆ و دەستکردە. ئاییندارانیش بەگشتی لە سەراسەری دنیادا، بە شوێنکەوتوانی سەرجەم ئایینە جیاوازەکانەوە، هەموویان هەمان بۆچوونیان هەیە. جوولەکە پێی وایە ئایینی ئاسمانی لەووە سەرچاوەی گرتووە و، ئایینەکانی دیکەی وەک مەسیحییەت و ئیسلام، لەبەر بەرژەوەندی یاخود لەبەر سەرلێشێوان یا بۆ ئەوەی خۆیان بکەنە خاوەنی ئایین و ناسنامەی جیاواز و سەربەخۆ، بە لاساییکردنەوەی جوولەکە ئەو ئایینانەیان بۆ خۆیان دیاری کردووە و جیا کردووەتەوە. مەسیحییەکانیش پێیان وایە مەسیح هاتووە بۆ ئەوەی تەواوی مرۆڤەکانی سەرزەمین، لە پێش هەموویانەوە جوولەکەکان، لە تاوان و خراپەکاری ڕزگار بکات و، ببێتە فریادڕەسی هەموویان. ئیسلامیش لەم ڕووەوە لە هەموویان پتر پێ دادەگرێت و، لەوان زۆر زیاتر دەڕوات و، دەڵێت جوولەکە و مەسیحییەکان هەردووک گومڕان و، لە ڕێگای ڕاستی ئایینداری، واتە لە ئایینی تەوحیدی و ئاسمانیی ڕاستەقینە، لایان داوە. دەقەکانی کتێبە پیرۆزەکانیان دەستکاری کراون و شێوێنراون و، چیتر مرۆڤەکان خاوەنی تەورات و ئینجیلی ڕاستەقینە نین. هەڵبەتە ئەم جۆرە وەهمەی خۆبەخاوەنی حەقیقەت زانینە

[21] یوسف شلحت، بنى المقدس عند العرب، قبل الاسلام و بعده، تعريب خليل احمد خليل، دار الطليعة- بيروت، الطليعة الثانية، 2004، ص 87.

لای هیندۆسەکان و بوودییەکان و سەرجەم خاوەنانی ئایینەکانی دیکەش بە هەمان شێوەیە.

لێرەوە دەردەکەوێت کە دەبێت بێلایەنانە بۆ حەقیقەتی ئەم ئایینانە و، خاوەندارێتییان بۆ حەقیقەت، مامەڵە بکەین. ئەم جۆرە مامەڵەکردنە بێلایەن و نا-ئایینییانەیە (واتە نا-ڕەگەزپەرستانەیە) دەبێت لەلایەن زانستەوە ئەنجام بدرێت. لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینەی زانستی ئەم کارە ئەنجام بدات. ئەو زانستانەی لە ئایین و جەوهەری پرۆسەی ئاییندارى و پێکهاتە و حەقیقەتەکەی و مێژووەکەی دەکۆڵنەوە، کە بریتیین لە زانستەکانی میتۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا و مێژووی ئایینەکان و کۆمەڵناسیی ئایینی و دەروونناسیی ئایینی، کە مەخابن نووسەر و بیرمەندە ئایینییە ئیسلامییەکان لە جیهانی ئیسلامیدا ئەم زانستانە ڕەت دەکەنەوە!

بە گوێرەی بوونی جیاوازیی بێت لەنێوان ئەم ئایینانەدا و، بەو پێیەش کە هەر یەکێکیان بەجیا خۆی بە خاوەنی ڕاستەقینەی حەقیقەتی حەقیقی دەزانێت، کەواتە یان دەبێت هەموویان بەجیا خاوەنی تاقانەی ئەو حەقیقەتە بن بە گوێرەی بانگەشەی خۆیان، یان دەبێت هیچ کامیان خاوەنی نەبن و، هەموویان لێی بێبەش بن، کە هەردوو گریمانەکەش هەڵەن. کەواتە، دەبێت هەر یەکە و خاوەنی حەقیقەتی جیاوازی خۆی بێت، گەرچی حەقیقەتەکانی نێوانیان جیاوازن، بەڵام هەموویان هەر حەقیقەتن، چونکە لە بنەڕەتدا یەک جۆر لە حەقیقەت بە تەنیا لە ڕووی ئایینی و فیکرییەوە بوونی نییە، بەڵکو حەقیقەت زۆر و هەمەڕەنگە.

مۆنۆپۆڵکردنی حەقیقەت، بمانەوێت و نەمانەوێت، مانای نەبوونی لێبوردەیی و، داننەنان بە مافی بەرانبەر و، بە هەڵەدانانی تەواوی ئەوانی دیکە دەگەیەنێت. ئەمەش مانای ڕەتکردنەوەیان و داننەنان بە بوونی جیاوازی لە بیرکردنەوە و لە ناسنامە لەلایەن ئەوانی دییەوە.

دیارە ئەم کێشەی مۆنۆپۆڵکردنی حەقیقەتە، کێشەیەکی فراوان و ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە، بە چەندین بابەتی جیاوازەوە پەیوەستە. سەبارەت بە ئایینێکی وەك ئیسلام، خاوەنەکانی نەك تەنیا خۆیان بە خاوەنی حەقیقەتی ئایینی دەزانن، بەڵکوو سەرجەم حەقیقەتەکانی کایەکانی دیکەشیان بۆ خۆیان قۆرخ کردووە، یان بە گوزارشتێکی دیکە، خۆیان بە خاوەنی موقەدەسەکانی بوارەکانی دیکەش دەزانن، بەوەدا کە ئەوان دەڵێن ئایینەکەیان گشتگیرە (شمولییە)، کەواتە خاوەنی حەقیقەتی کۆمەڵایەتی

و زانستی و فیکری و دەروونیی و پەروەردەیی و کولتوورییین. چونکە (بە بۆچوونی ئەوان) دەبێت لەسەرجەم کایە جیاوازەکانی چالاکیی مرۆییدا هەر بۆ ئیسلام بگەڕێنەوە، چونکە خاوەنی حەقیقەتی ڕەها و گشتگیرە بۆ سەرجەم کایەکانی ژیانی مرۆڤ. «ئەگەر من خاوەنی ئایینی هەق و ڕاستەقینە، یان موقەدەس بم، ئەمە واتە من خاوەنی حەقیقەتی موتڵەقم، دواتریش مافی خۆمە توندوتیژی دژی ئەوانی دیکە ئەنجام بدەم کە شوێن ئایینەکەم ناکەون. پەیوەندییە سێکوچکەکەی نێوان موقەدەس و توندوتیژی و حەقیقەتیش لێرەدا پەنهانە. کۆی بزووتنەوە فەندەمێنتالیستەکانیش لەسەر ئەم بناغەیە مومارەسەی توندوتیژی دەکەن».[22]

لە باری مێژوویی، زانستی و مرۆییەوە بدوێین، حەقیقەت ناتوانێت یەك بێت. حەقیقەت ئاڵۆز و فرەیە. ئەگەر لەسەر ئەوە ڕێ بکەوین کە خودا یەکە لە یەك ئاسماندا، باوەڕداران لە نواندنی ئیمانیاندا فرە چەشن و جیاوازن. هەر کەس حەقیقەتی تایبەتی خۆی هەیە. مانای دنیا و گەردوون لە فرە چەشنیی ئایین، کولتوور و ئیدەکاندا نیشتەجێیە. بەڵام داخستنی کولتوور و ئایینەکان لە یەك ئایین و یەك کولتووردا، بەم بیانووەوە کە تەواو بوون، داخستنێکە زەبر لە مرۆڤ و حەقیقەتیش دەدات.[23]

قسەکردن لە بارەی کورتهێنانی حەقیقەتی ڕەها لە ئایینەکاندا، ئیدی ئەو ئایینە هەرچییەك بێت، وتەیەکی بارکراوە لە دەمارگیری، بەڵگەشە بۆ تەسکیی ئاسۆی مەعریفی، لەبەر ئەوەی وەحی ئیلاهی لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا بە زمانەکانی مرۆڤ گەیەندراوە، هیچ قسەیەکی مرۆییش (بەو قسەیەشەوە کە گوزارشت لە سرووشی خوایی دەکات، واتە: دەقە موقەدەسەکان) ناتوانێت تەواوی کەلامی ئیلاهی لەخۆ بگرێت، ناشتوانێت لە شمولیەتەکەیدا گوزارشتی لێ بکات. لەبەر ئەوە ناکرێت کتێبە پیرۆزەکان، بە پەیمانی کۆن و نوێ و قورئان و دەقە پیرۆزەکانی دیکەشەوە، گوتەی خودایی لە هەمەکییبوونی خۆیدا (الكلام الإلهي في كليته) ئابڵوقە بدات، لەبەر ئەوەی ئەو کەلامە ناگرێتە خۆی، بەوەدا کە ناکۆتایە، ئەوەش کە ئەم ئەسفارانە گرتویاننە خۆیان لەڕاستیدا لە بەشێك

---

[22] محمد اركون, نحو نقد العقل الإسلامي, ترجمة و تقديم: هاشم صالح, دار الطليعة- بيروت, 2009, ص 51.

[23] ئەدۆنیس، گفتوگۆی نێوان ئەدۆنیس و حووریە عەبدولواحید، مەنسوور تەیفوری. لە فەڕەنسییەوە کردوویە بە کوردی، غەزەلنووس و ماڵی سوهرەوەردی، 2016، ل 67.

زیاتر لەخۆ ناگرن کە دەشێت یەکجار کەم بێت، بەراورد بە بڕی کۆتایینەهاتووی کەلامی ئیلاهی.[24]

لە بیرکردنەوەی ئایینییانەی تاکی مسوڵماندا، بەردەوام لەنێوان حەقیقەت و موقەدەسدا دیالەکتیك هەیە، هەردووکیان یەکتر تەواو دەکەن، تەنانەت دەکرێت بڵێین لەبنەڕەتدا یەك شتن لە لایان. بەو مانایەی لای ئەوان موقەدەسی ئیسلامی تەواوی حەقیقەتە جیاوازەکانی کایە جوداکانی ژیانی مرۆڤی لەخۆگرتووە، بە کۆمەڵایەتی و سیاسی و زانستی و فەلسەفی و... بییەوە، لەبەر ئەوە حەقیقەتە ڕاستەقینەکان، کە بەلای ئەوانەوە ئەو بڕیارانەن کە لەلایەن زاناکانەوە دەرچوون، بە پشتبەستن بە قورئان و فەرمووده و کولتووری پێشینانی زانایان، هەمیشە موقەدەسن. کەواتە، ئەگەر موقەدەسی ئیسلامی ڕەها بێت، ئەو بڕیارە (حەقیقیانەش) دەربارەی کایە جیاوازەکانی ژیان کە لەو موقەدەسەوە سەرچاوەیان گرتووە ئەوانیش موقەدەسن. واتە ئەوان هەر موقەدەسیان مۆنۆپۆڵ نەکردووە، بەڵکوو حەقیقەتیشیان پاوان کردووە، لەکاتێکدا هەردووکیان ڕێژەیین، بە گوێرەی هەلومەرجی جیاوازی مێژوویی و جوگرافی و کولتووری و شارستانی دەگۆڕێن. واتە ئەگەر بە ڕەهاکردنی موقەدەس کێشە دروست بکات، ئەوا بە ڕەهاکردنی حەقیقەت لە گەڵیدا، قەیرانەکە دەکات بە دوو ئەوەندە و، قووڵتر و قورستری دەکات. کەواتە، ئەوان تەنیا بەرگری لە موقەدەسەکەیان ناکەن، بەڵکوو شەڕ لەسەر حەقیقەتەکانی خۆشیان دەکەن، ئارکۆن دەڵێت: «هەموو کۆمەڵەیەك- کە خاوەنی ئایینێکی خۆیانن- ئامادەن بۆ توندوتیژی لەپێناو بەرگریکردن لە حەقیقەتە موقەدەسەکەیان (...) توندوتیژی بە تەقدیسەوە گرێدراوە و تەقدیسیش بە توندوتیژییەوە بەستراوە، هەردووکیشیان پەیوەستن بە حەقیقەتەوە، یان بەوەوە کە بڕوا وایە حەقیقەت بێت».[25]

---

[24] حمادي المسعودي, الظاهرة الدينية من علم اللاهوت الى علم الأديان المقارن, مؤمنون بلا حدود, المغرب, 2018, ص 43 -44.

[25] محمد مستقيم, مفاهيم اركونية, المشروع النقدى للعقل الاسلامي, محاكاة, النايا, سورية, 2013, ص130.



# پێداچوونەوە بە سەرچاوەکانی توێژینەوە لەسەر ئایینی یاری

سەید کەسرا حەیدەری
توێژەری ئایینی یارسان

## سەرەتای باس

بە پشکنینی ئەو سەرچاوانەی کە تا ئێستا لەسەر ئایینی یاری و یارسان بڵاوکراونەتەوە، یان لە ناویاندا وشەیەک لەسەر ئەم بابەتە هەیە، ئێمە تووشی کۆمەڵێک نووسینی جیاواز دەبین کە لەڕووی هەڵسەنگاندنەوە، لەگەڵ سەرچاوە سەرەکییەکانی یاری، جیاوازییەکانیان بەرچاون. چونکە ئەو سەرچاوانەی باسیان دەکەین لەسەر دوو شێوازی لێکۆڵینەوە دامەزراون، واتە پشکنینی دەقە ئایینییەکان و توێژینەوەی مەیدانی. پێدەچێت باشترین ڕێگە کە بتوانێت یارمەتیدەرمان بێت لە لێکۆڵینەوەیەکی بنەڕەتیدا سەبارەت بەم ڕێوڕەسمە و ڕێگەیەکمان بۆ بکاتەوە، پشتبەستن بە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکانە، هاوکات لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە دەقە ئایینییە ڕەسەنەکان، واتە کەلامە ڕەسەنەکانی یارسان. لێکۆڵینەوەیەکی لەم جۆرە پێویستی بە دەستڕاگەیشتن بە دەستنووسە ڕەسەنەکان و ئاشنابوون بە زمانی کوردیی گۆرانییە. بەداخەوە زۆربەی ئەو توێژەرانەی تا ئێستا لەم بوارەدا نووسیویانە، کەمتر ئەو توانایانەیان بووە. هەروەها ئەو کەسانەش کە لەم دواییانەدا دەستیان بەو دەقانە گەیشتووە، ڕووبەڕووی چەند دەیان هەزار خشتی کەلام بوونەتەوە و بەداخەوە بەهۆی فراوانیی کارەکەوە، هەوڵی پێویستیان نەداوە و لێکۆڵینەوەکەیان بە ناتەواو و نەزۆک بەجێهێشتووە و تەنیا بە پرسیار و وەڵامی ناوخۆیی لە چوارچێوەی گفتوگۆیەکدا ڕازی بوون.

ئەو سەختییانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کردن، هانمان دەدات کە پێگەی ئەو لێکۆڵینەوە و کتێبانەی لەم بوارەدا نووسراون، پێناسە و هاوسەنگ بکەین و هەریەک لەو سەرچاوانە لە تەرازووی باوەڕپێکراویدا هەڵسەنگێنین؛ چونکە بەهۆی هەمەچەشنی و فرەیی توێژینەوەکان کە پێگەیان لەسەر بناغەی ناڕەسەنن، توێژینەوە لەم بوارەدا بە لاڕێدا ڕۆیشتووە و تەنانەت بۆ توێژەرانی پسپۆڕیشی کردووەتە گێژاوێکی سەرلێشێواو.

بەم جۆرە، وادیارە پێویستە لە هەنگاوی یەکەمدا بەگشتی توێژینەوەکان پۆلێن بکرێن و دابەش بکرێن بەسەر شێوازی جیاوازدا بۆ دیاریکردنی بەهای توێژینەوەکانیان؛ چونکە زۆرێکیان تەنیا کۆکردنەوەی توێژینەوەکانی پێشوون و دەرئەنجامی چەندین ئاڵوگۆڕی زانیارین لە یەک یان چەند توێژینەوەی

سەرەکی. لەم بژارکردنەدا بە ئاسانی دەتوانین بەشێک لەو کۆکراوانە بەجێبهێڵین و بە دیاریکردنی توێژینەوە سەرەکییەکان، هەروەها دابەشکردنی ئەو توێژینەوانە بەسەر لقە لاوەکییە جیاوازەکاندا، بە وردی لێکۆڵینەوەیان لەڕووی بەهای زانستییەوە بپشکنین. ئەگەر ئەوان توانای زانستییان هەبێت و سەرچاوە سەرەکی و فەرمییەکانی یارییان لەبەردەستدا بووبێت کە لەلایەن ناوەندە سەرەکییەکانی یارسانەوە پەسەندکراون، توێژینەوە ڕاستەقینە و ڕەسەنەکان لە پێوەندیدا لەگەڵ ئەو دەقانەدا پێوانە دەکرێن و هەروەها تێگەیشتن و تێڕوانینەکانی ئەو توێژەرانە لەڕووی گونجان لەگەڵ سەرچاوە ئایینییەکان بە شێوەیەکی زانستی تاقی دەکرێنەوە.

هەوڵمان داوە کۆکراوەی توێژینەوەکان بەسەر دوو بواردا دابەش بکەین: کاری توێژەرانی ئێرانی و غەیرەئێرانی. پاشان بە دابەشکردنی ئەم بەرهەمانە بەسەر لقە لاوەکییە وردترەکاندا وەک لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەیی، توێژینەوە لەسەر بنەمای چاوپێکەوتنی مەیدانی، یان توێژینەوەی کتێبخانەیی، هەوڵ دەدەین تێگەیشتنێکی زیاترمان لەسەر ئەم دۆزینەوانە هەبێت تا بتوانین بە ئاسانی لەگەڵ سەرچاوە ئەسڵییەکانی ئەم ئایینە بەراوردیان بکەین.

بەگشتی ئەو بەرهەمانەی لەسەر یارسان نووسراون دەتوانرێت بەم شێوەیە پۆلێن بکرێن[1]

**I. بەرهەمی نووسەران و توێژەرانی غەیرئێرانی**

١. توێژەرە سەرەتاییەکان کە تەنیا لە وتووێژ و لێکۆڵینەوەی مەیدانی لە بواری بایۆجۆگرافیای ئەهلی‌حەق و لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی یارسان لە کاتی لێکۆڵینەوەکانیاندا کەڵکیان وەرگرتووە.

لە ١٥٠ ساڵی ڕابردوودا و لەگەڵ هاتنی ڕۆژهەڵاتناسانی ئەورووپی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یەکەمین نووسینەکان سەبارەت بە یارسان لە بەرهەمەکانی ئەو توێژەرانەدا دەرکەوتن و لە شێوەی کتێب یان وتارێکی سەربەخۆ، یان هەندێک جار بابەتی سەفەرنامە یان مێژووی ئێران یان کوردستان بڵاو

---

[1] . جۆرێک کتێبنامە (بیبلیۆگرافیا) لەسەر بنەمای پۆلە خوازراوەکان لە پاشکۆی کتێبەکەدا کۆمان کردووەتەوە و زیاتر لە دوو سەد ناونیشانی کتێب و بابەتەکانی چاپکراو و چاپنەکراومان ڕاپۆرت کردووە.

.

بوونەوە. ئەم نووسەرانە تەنیا داتای مەیدانییان کۆکردبووەوە و کەموکوڕی کارەکانیان لەوەدایە کە هەرگیز ڕوونووسێک لە «کەلام»یان لەبەردەستدا نەبووە، یان ئەگەر هەبوبێتی، لە نووسینەکانیاندا بەکاریان نەهێناوە. شتێکی تر ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵە لێکۆڵەرە زۆرجار لە پێگەی بەرپرسی سەربازی، دیپلۆمات یان گەشتیار لە ئێراندا ئامادە بوون و ئەگەر لەسەر بابەتی یارسان نووسیبێتیان، تەنیا بە ڕوانگەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی قسەیان لەسەر کردووە. تەنیا مەبەستیان نووسینی سەفەرنامەیەک یان ڕاپۆرتێک بووە، یان لە باشترین حاڵەتدا، وەک ژۆزێف ئارتور دوگۆبینۆ، بە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسییەوە سەیری کۆمەڵگەی یارسانیان کردووە. بێ گومان ئەمە بەو مانایە نییە کە ئێمە ئەم بەرهەمانەمان بە بێ نرخ زانیوە یان لێیان تێپەڕیوین، بەڵکو بە مانای سەیرکردنێکی جیاواز و هەندێک جار تێڕوانینی شارەزایانە بەو ئایینە دێت کە چەندین خاڵی تاریکی بۆ ئێمە ڕۆشن کردووەتەوە و گەورەکانیان لە شوێنی خۆی باس و شیکاری دەکەین. بەڵام مەبەست ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵە بەرهەمە لە بواری دینناسی و ئیلاهیاتی یارساندا مافێکیان بەدی نەهێناوە و ناتوانرێت وەک سەرچاوەیەکی شایستەی سەرنجی توێژەری ئیلاهیات هەژمار بکرێن.

٢. ئەو توێژەرانەی کە تەنیا داتاکانی کتێبخانە و دەق و بەڵگەنامەکان کە لەلایەن توێژەرانی دیکەوە پێشکەش کراون، بەکار دەهێنن.

تایبەتمەندی بەرچاوی ئەم توێژەرانە، شارەزاییان لە سەر زانستە کۆمەڵایەتیی و ئایینەکانە. بۆیە بەرهەمەکانیان ئەگەر لەسەر بنەمای ڕاستەقینە و بەنرخ بن سەرنجڕاکێش و تایبەتمەندن.

٣. ئەو توێژەرانەی کە جگە لە خوێندنی کتێبخانەیی و هەروەها کەڵکوەرگرتن لە دەق و بەڵگەنامەکان کە لەلایەن توێژەرانی دیکەوە دابینکراون، توێژینەوەی مەیدانیشیان کردووە.

لەم بوارەدا بەرهەمەکانی «ڤان برۆینسن» تازەترن و بە شێوەیەکی تایبەتمەندتر لەگەڵ ئەهلی حەقدا مامەڵەی کردووە. ئەم شارەزایانە سەرەڕای لێکۆڵینەوە مەیدانییەکانیان، لە سەرچاوەگەلێک کەڵکیان وەرگرتووە کە هەمان سەرچاوە ناوبراوانەن کە لە فارسی وەرگێڕدراون و خراونەتەڕوو بە زمانەکانی ئینگلیزی، ڕووسی، فەرەنسی و ئەڵمانی (وەک وەرگێڕانی شانامەی حەقیقەت و سەرەنجامی مینۆرسکی). بەڵام داتاکانیان لە ڕاپۆرتە مەیدانییەکان و تێبینییەکان لەگەڵ داتاکانی سەرچاوە ئاماژەپێکراوەکاندا ناتەبان.

بە واتایەکی تر، لە نووسین و وتووێژەکانیاندا حەقیقەتەکانی یارییان لە ڕوانگەی شارەزایی لە بابەتەکانی ئیلاهییات وەرگرتووە و نووسیویانە، بەڵام لە بەشی ئاماژەکانی بەرهەمەکانیاندا بە ناچاری ئاماژەیان بە سەرچاوە نارەسەنەکان کردووە کە تاکە سەرچاوەی بەردەست بوون، وەک ئاماژەکانی برۆینسن بۆ بەرهەمەکانی جەیهون ئابادی لە «ڕێزگرتن لە شەیتان لەنێو ئەهلی حەقەکانی ناوچەی گۆران» — یان ئەوەی کە لە زۆر حاڵەتدا گیرۆدەی سەرلێشێواوی و دەرئەنجامێکی هەڵە بوون. هەروەها ئەم توێژەرانە خۆیان بەگشتی دان بەوەدا دەنێن کە بابەت و ڕاستییە مێژوویی و ڕێوڕەسمی و ئیلاهیاتییەکان و هاوشێوەکانیان ناتوانرێت لەگەڵ داتاکانی سەرچاوە بەردەستەکاندا هاوتەریب بکرێن (ئیڤانۆڤ، ۱٤۰۰:٥۹) و جۆرێک لە نایەکسانی لە هەموو لێکۆڵینەوەکانیاندا دەبینرێت. بێ گومان لە هەندێک حاڵەتدا ئەو توێژەرە، هێز و ئیرادەی نەبووە کە ڕوانگەیەکی لەو شێوەیە بۆ کارەکەی وەربگرێت و بە پەلە بابەتەکانی داخستووە و جێی هێشتووە.

٤. توێژەرانێک کە جگە لە سوودوەرگرتن لە هەموو ئەو بابەتە پێشوانە، دەستیان کردووە بە پێشاندانی دەق و بەڵگەنامە ئایینییەکانی ئەهلی حەق و هەوڵیان داوە بە بڵاوکردنەوە و سەرچاوەدانانی ئەوانە، یاری بپشکنن.

ئیوانۆف و مینۆرسکی لەم توێژەرانەدان. ئەوان شرۆڤەیکی نیوەچڵ لە بەشێک لە دیوان گەورە[2] (سەر بە یەکێک لە بنەماڵە یارسانەکان، کە لەنێوانیاندا تەنها چەند خشت لە دەقی کەلامی گۆرانی و تورکی وەک شایەت بەکارهێنراون) دۆزییانەوە و لەم ڕێگەیەوە لە بەرهەمەکانیاندا، بە شێوەیەکی پسپۆڕانە سەرنجیان بە ڕێبازە تیۆلۆژییەکانی ئەهلی حەق داوە و شیکارییەکی قووڵیان بڵاوکردووەتەوە.

ئیوانۆف بەرهەمەکەی لە ژێر ناوی «ئەهلی حەقی کوردستان»[3] لە «لیدن»[4] و مینۆرسکی لە ژێر ناوی «کەیسێک بۆ لێکۆڵینەوە لە تەریقەتی عەلی ئەللاهی»[5] لە مۆسکۆ بڵاو کردەوە. کارەکەی ئیڤانۆڤ لە ڕاستیدا شرۆڤە و وەرگرتنێک بوو لە دەقێک بە ناوی «تەزکەرەتوڵ ئەعلا» کە لە ساڵی ۱۲۹۱ی کۆچی

---

[2] .Diwána gewra

[3] .The Truth Worshippers of Kurdistan

[4] .Leiden

[5] .Material dl'a izuceniya persiskoy sekti l'udi istini "Ali_llahi

لەلایەن نووسەرێکی نەناسراوەوە لە نێو ئەهلی حەقەکانی دانیشتووی وەرامین دۆزرایەوە. ئەم دەقە لە ڕاستیدا وەسف و تەفسیرێکە بە زمانی فارسی لەسەر دیوانە گەورە (یەکێک لە دەقە سەرەکییەکانی ئایینی یاری) بە پێی گێڕانەوەی یەکێک لە خانەدانەکانی ئەهلی حەق. بەڵام کێشەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەم سەرچاوە ڕەسەنە، دیوانە گەورە، لە ماوەی چەند سەد ساڵێک لە دەستێکەوە بۆ دەستێکی تر سینگ بە سینگ گواستراوەتەوە تا گەیشتووەتە ناوچەکانی یارسان کە لە نیشتمان دوورن، وەک تاران و وەرامین و شیراز و شێوازی جیاوازی وەرگرتووە. تەنانەت وەک ئەوە وایە نووسەر نەیتوانیبێت دەقی گۆرانییەکە بخوێنێتەوە. ئەوانەشی کە ڕوونووسێک بە زمانی گۆرانی و فارسی (ڕوونووسە فارسییەکە لە وتارەکەی «پاژی عەلیوڵلاهی» چاپکراوە) لە شیراز دایان بە ئیڤانۆڤ، نەیانتوانیوە شیعرە گۆرانییەکانی بخوێننەوە (ئیڤانۆڤ، ١٤٠٠:٥٩،٥٨). هەروەها دەقی مینۆرسکییش بێ کێشە نییە. ئەم دەقە وەک تەزکەرەیەک وایە و بەشێک لە دیوانەگەورە لەخۆ دەگرێت لەگەڵ وەرگێڕانی بەشێکی و کۆمەڵێک شیعری تورکی.

هەردوو توێژەر بە پێی دەقە ئاماژەپێکراوەکان وەک بەڵگەنامە و هەروەها بەکارهێنانی خاڵە بەهێزەکانی ئەو سێ بەرهەمەی کە پێشتر ئاماژەیان پێکراوە، باسیان لە ئەهلی حەق کردووە. دەکرێ بڵێین ئەو بەڵگەنامانەی خراونەتەڕوو، داتای ناتەواو و هەندێکجار دژ بەیەک و لێکدانەوەی سەلیقەییان تێدابووە کە لە کۆتاییدا کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر دەرئەنجامەکانی دوو توێژەرەکە لە بنەما تیۆری و ڕێوڕەسمەکانی یاری هەبووە. هەندێک جار ناتەبایی بنەڕەتی لە نێوان داتا و تێبینییەکانیان و بەڵگەکانیان لە واقیعدا دەبینرێت. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە نووسەران ناوبانگ و متمانەیەکی بەرزیان هەبووە، هەروەها لەبەر ئەوەی بەرهەمەکانیان یەکەم بەرهەمی چاپکراو بوون کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد هەندێک لە دەقە پلە یەک و ڕەسەنەکانی ئایینی یارییان پێشکەش کردووە، و جگە لەوەش دەقە فەرمییەکانی یاری تا چەند ساڵێک لەمەوبەر لەبەردەستی توێژەران نەبوون، زۆربەی توێژەران بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم ئایینە ئاماژەیان بەم کارانە کردووە. هۆکارێکی گرنگتری سەرنجڕاکێشانی بڵاوکەرەوەکان و ئەوانی دیکە بۆ ئەم بەڵگەنامە و وەشانانە ئەوە بوو کە بەشێکی زۆریان بە زمانی فارسی بوون، لەم دوو بەرهەمەدا بەشێکی بچووکیان بە زمانی گۆرانی و تورکی بوون و زۆربەی

ڕوونووسکەرەکانی یارسانی فارسی زمان یان تورک زمان، بەبێ ئەوەی بە تەواوی لە چەمکەکە تێبگەن، تەنیا ڕەسمیان کردووە و لە لێکدانەوە فارسییەکاندا بە شێوەیەکی دیکۆراتی بەکارهێنراون. بوونی شیعری کەلامی گۆرانی بە زمانی فارسی لەم بەرهەمانەدا، لە خوێندنەوەی دەقەکەدا هەستێکی ڕەسەنایەتی بە خوێنەرێک بەخشی کە زمانەکەی گۆرانی نەبوو. لە هەمان کاتدا، خوێندنەوە و تێگەیشتنی ئەم کەلامەی بۆ خاوەن و خوێنەری کارەکە سادە و دڵگیر کرد.

ئەو پرۆسەیەی کە دەتوانرێت لەم ڕوونووس و لێکدانەوەی دەقە ڕەسەنانە لە سەدەی ١٣ و ١٤ی هەتاویدا پەیڕەو بکرێت، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە یارسانەکان کە لە ناوەندە سەرەکییەکەی خۆیان دوور بوون، پەیوەندییان لەگەڵ ناوەندی سەرەکیی ئایینەکەیان لەدەستدابوو و ئەمەش هەندێک جار بووە هۆی ئەو دیاردەیەی کە لەم بوارانەدا ڕێوڕەسمێکی سەربەخۆیان دروست کردبێت.

٥- ئەو لێکۆڵینەوانەی کە بابەتی ئەهلی حەق گفتوگۆی سەرەکییان نەبووە، بەڵام بەکورتی باسێک لە بەشێکیان یان پێناسە گشتییەکەی کردووە:

لەم بەرهەمانەدا، زیاتر لە یەک یان چەند پەرەگراف، باس لە بابەتەکانی پەیوەست بە ئەهلی حەق دەکرێت، بۆ نموونە بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی و مێژوویی، یان ئایینەکەی لەگەڵ ئایینەکانی دیکە بەراورد دەکرێت، یان لە کۆمەڵە پێداچوونەوەیەکدا کە زۆرێک لە بابەتەکانی لەخۆگرتووە، یاری یان کۆمەڵگای یاری وەک بەشێک لە باسەکە ئاماژەی پێدراوە.

**II . بەرهەمی نووسەران و توێژەرانی ئێرانی**

١.سەرجەمی بەرهەمەکانی نەعمەتوڵڵا جەیهوون ئابادی

بەشی دووەمی سەرچاوەکان سەبارەت بە یاری، نووسینە سەرەتاییەکانی پەیڕەوانی ئەم ئایینە یان توێژەرانی بیانییە کە بە زمانی فارسین و تەمەنی ئەم بەرهەمانە دەگاتە کەمێک زیاتر لە سەد ساڵ لەمەوبەر. یەکەمین کتێب، بەرهەمی حاج نەعمەتوڵڵا جەیهوون ئابادییە (١٢٩٨-١٢٥٠ی هەتاوی) بە ناوی «شانامەی حەقیقەت»[6]. ئەم کتێبە وەسف و ڕوونکردنەوەی ئایینی یارسانە کە هەندێک

---

[6] . بە هەوڵدانی محەممەدی موکری (١٣٤٥ی هەتاوی). تاران، پەیمانگای ئێران و فەڕەنسا.

جار بە هەڵە وەک بەشێک لە دەقە پیرۆزەکانی یارسان دادەنرێت. بەو پێیەی کە ئەم بەرهەمە یەکەم بەرهەم بوو کە لەسەر یاری بە زمانی فارسی نووسراوە، وە هەمەلایەنەیەکی بەرچاوی هەیە، سەرنجی زۆری لێکۆڵەرانی وەرگرتووە. ئەم بەرهەمە دەتوانرێت وەک خاڵێکی سەرەتایی و تێڕوانینێکی نوێ بۆ دەستکەوتەکانی یاری لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا هەژمار بکرێت، بەرهەمێک کە بە تەواوی بیرۆکە نوێیەکانی یاری پیشان دەدات. ئەم بیرۆکانە دەرئەنجامی تێکەڵکردنی بیروباوەڕی ڕەسەنی یاری لەگەڵ بڕواکانی ئایینی شیعە و سۆفیگەریی شیعەیە.

«شانامەی حەقیقەت» بە پێی هەستەکانی پێشوو لە کۆمەڵگاکانی یارسانی دوور لە ناوەند، خاڵێکی بەرچاو بۆ خولانەوەی بیروباوەڕە مێژووییەکان، لە بیرۆکەکانی ئایینی یارییە، کە بە کۆکردنەوەی هەموو بوارەکانی بەردەست و هەستەکانی پێش خۆی، و بە ڕەچاوگرتنی دۆخی ڕووحی، زیرەکی، بەرژەوەندی و تواناکانی بێ وێنەی نووسەرەکەی، بە فەرمی دەستی بە گۆڕانکاری و وەرچەرخانی مێژوویی بەشێکی کۆمەڵگای دوور لە ناوەندی یارسان کردووە و جێبەجێی کردووە و تا ئێستا ڕابەری دەکات.

شایانی باسە جەیهون ئابادی نووسەری بڕێک بەرهەم بە زمانی گۆرانییە، کە خۆی بە کەلام لە قەڵەم دەدات. شیعرەکانی گۆرانیی جەیهون ئابادی کە لەم دواییانەدا لە عێراق چاپ کراون، دەربڕینی بیروباوەڕ و هەمان سیستمی ئایینی نوێ و هێتێرۆدۆکسی شانامەی حەقیقەتن. «شانامەی حەقیقەت» بەم شێوەیە وەک بەرهەمی سەرەکی و پردێک لە نێوان یاری ڕەسەن و یاری، لە بەرهەمەکانی توێژەرانی دوای جەیهون ئابادیدا ناسێندراون. وە ڕوانگە و تێڕوانینەکانی دوای خۆی بە ڕامبەر یارسان جیاواز کردووەتەوە و سێبەری قورسی خۆی لەسەر لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بەم ڕێوڕەسمە داخستووە.

٢. ئەو بەرهەمانەی کەلەژێر ناوی کۆکردنەوەی کەلام یارسان، کۆمەڵە کەلامی یارسانیان پێشکەش کردووە. ئەم بەرهەمانە کە زۆربەیان تەمەنیان لە پەنجا ساڵ کەمترە، دەرئەنجامی بەرهەمی گروپێک یارسانی و غەیرە یارسانییە، کە لە ژێر ناوی کەلامی ئایینی یارسان بە مەبەست و ئامانجی جیاواز کۆکراونەتەوە و چاپ و بڵاو بوونەتەوە.

بەشێک لەم کۆمەڵەیە، بەرهەمی ئەو نووسەرانەن کە لە شیعرەکانی گۆرانیی جەیهون ئابادییان

کەڵکیان وەرگرتووە و وەک دەقەکانی کەلام لە بەرهەمەکانیاندا بەکاریان هێناوە، یان بە چەمکە دەستکردەکەی ئەو لە «شانامەی حەقیقەت»دا شیعرێکیان وەک کەلام دروست کردووە و لە جێگەی کەلام هێناویانەتە نێو خشتەی کەلامەکان.

تایبەتترینی ئەم بەرهەمانە بریتین لە سەرجەمی بەرهەمەکانی سدیق سەفیزادە[7] بە ناوەکانی: نامەی سەرئەنجام (کەلام خەزانە)، یەکێک لە دەقە کۆنەکانی یارسان (١٣٧٥)، نووسینە پەرش و بڵاوەکان دەربارەی یارسان (١٣٦١)؛ سەردەمی بەهلوول (١٣٦٣)، سەردەمی هەفتەوانە، بەشێک لە نامەی مینۆی سەرئەنجام (١٣٦١)، کۆمەڵێک لە کەلاماتی سەرئەنجام (تاران، ١٣٧٥)، ئینسایکلۆپیدیای ناودارانی یارسان (١٣٧٦)، بەرهەمێکی ماشاڵڵا سووری بەناوی سروودەکانی ئایینی یارسان (١٣٤٤).

٣. ئەو توێژەرانەی کە توێژینەوەی کتێبخانەییان کردووە و بە کەڵکوەرگرتن لەو دەق و بەڵگەنامانەی کە لەلایەن توێژەرانی دیکەوە دابینکراون، کارەکانیان پێشخستووە.

ئەم بەشە ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و توێژەران لەخۆ دەگرێت کە لە بەرهەمەکانیاندا، چ کتێب بێت یان وتار، بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستیاندا بووە، لەبارەی یاری پشکنینیان کردووە؛ بۆیە بەرهەمەکانیان لەسەر بنەمای بەرهەم و داتای توێژەرانی دیکەیە.

٤. ئەو توێژەرانەی کە لە گفتوگۆ و توێژینەوەی مەیدانی بایۆجۆگرافیای ئەهلی حەق، لە توێژینەوەی کتێبخانەیی، هەروەها دەق و بەڵگەنامە کە لەلایەن توێژەرانی ترەوە دابین کراون، کەڵکیان وەرگرتووە.

دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمە ئاماژەپێکراوەکانی جەیهوون ئابادی، بەرهەمێکی زۆر بە زمانی فارسی لە بواری لێکۆڵینەوەی ئایینی یاریدا چاپ کراون، هەریەکەیان هەوڵی خۆیان بۆ پشکنینی یاری

[7]. ڕەنگە سدیق سەفیزادە، وەک نەعمەتوڵڵا جەیهوون ئابادی، بە یەکێک لە ساختەچییە سەرەکییەکانی کەلام دابنرێت. بێ گومان مەودای ئەم دوو کەسە زۆر جیاوازن و ئامانجیشیان جیاوازە. جەیهوون ئابادی لەم بوارەدا خۆی بە سەرچاوەی «زات» دەزانی و قسەی خۆی بە کەلام دەناساند، بەڵام سەفیزادە لە پێگەیەکدا لە دەرەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئایینی یارسانە، لە زمانی گەورە پیاوانی ئایینی یارسان لە دەورەکانی زاتی جیاواز، شیعرێکی هاوشێوەی کەلامی نووسیوە و بە ناوی ئەوانەوە دەریدەخات. ئەو لە قۆناغە جیاوازەکانی بیرکردنەوەیدا هەوڵدەدات کۆمەڵگای یارسان بەرەو بیروباوەڕ و بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان ببات. بەدواداچوون بۆ ئەو پرسیارەی کە بۆچی و چۆن ئەم گۆڕانکاری و وەرچەرخانە فیکرییانە لەم کەسەدا ڕوودەدەن، لە چوارچێوەی ئەم کتێبە نییە.

و یارسان تەرخان کردووە. ئەم نووسەرانە، جگە لە کەڵکوەرگرتن لە لێکۆڵینەوە ناوخۆیی و بیانییەکان و هەروەها وتووێژی مەیدانی، هەموویان بە هۆی فارسی بوونی کتێبی «شانامەی حەقیقەت» و گونجانی تەوەرەکانی لەگەڵ مەزاجی شارنشینی مۆدێرن، لەم بەرهەمە ئیلهامیان وەرگرتووە و بەکاریان هێناوە. زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانە لە ژێر کاریگەریی ئەدەب و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی جەیهوون ئابادیدان. دیسان سەرچاوەیەکی گرنگی دیکە کە زۆرێکیان سوودیان لێ وەرگرتووە، کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی مینۆرسکی و ئیڤانۆڤە لە بواری ئەهلی حەقدایە.

٥. شرۆڤەی نووسراوەکان لەسەر کەلام (سێ دەستنووس)

ئەوجۆرە کەدیارە تا سەردەمی سەید براکەی گۆران[8] نووسینی کەلام زۆر باو نەبوویێت و فرەتر کەلامەکان سینگ بە سینگ و پشت بە پشت لە شێوەی نەریتی زارەکیدا دەگوازرێنەوە. بۆیە نووسینی شرۆڤەیەک کەمتر لەسەریان بیری لێ دەکرێتەوە. هاوکات لەگەڵ بزووتنەوەی نووسینی کەلام لە سەردەمی سەید براکەدا، نووسینی لێکدانەوە و ڕاڤە لەسەر کەلامیش دەستی پێکرد و پێدەچێت مەبەستی شرۆڤەکاران ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگاکانی دوور لە ناوەندی ئەهلی حەق بووە.

هەرچۆنێک بێت ئێستا ئێمە سێ بەرهەمی شرۆڤە و لێکدانەوەی کەلاممان لەبەردەستدایە. یەکەم، ناسراو بە سەرئەنجامی مینۆرسکی کە لە ساڵی ١٢٥٩ی کۆچی نووسراوە. دووەمیش، بەرهەمی «تەزکەرتوڵئەعلای» ئیڤانۆڤە کە لە ساڵی ١٢٩١ی کۆچی نووسراوە. سێیەمیان، ناسراوە بە دەسنووسەکەی کا بەشیر کە لە ساڵی ١٣١٣ی کۆچی لەلایەن بەشری بزەهویی نووسراوە.[9]

٦. ئەو پشکنینانەی کە بابەتی سەرەکییان بوارەکانی ئەهلی حەق نییە، بەڵام بەکورتی لە باسەکانیاندا پێناسەیەکی گشتییان خستووەتە ڕوو.

---

[8] . یەکێک لە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی یارسان کە خاوەنی «زات» بووە. (وەرگێڕ)

[9] . بۆ بینینی کتێبناسیی بواری توێژینەوە کە پەیوەندی بە یاری و یارسانەوە هەیە، هەروەها چۆنیەتی پۆلێنکردنیان لە لق و لقە لاوەکییەکانی سەرەوەدا، سەیری پاشکۆی کۆتایی ئەم کارە بکەن.

## داڕشتنی کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە

ئێستا تووشی ئەو کێشەیە بووینەوە کە ئایا ئەم بەرهەمانە و ناوەڕۆکە بەرهەمهێنراوەکان لەلایەن ناوەندەکانی یارسانەوە پەسەندکراون یان نا؟ وە ئایا داتاکانیان لەگەڵ سەرچاوە متمانەپێکراوەکانی یاری دەگونجێت یان نا؟

پێداچوونەوەکانی ئێمە ئەوە دەردەخەن کە ڕەچەڵەکی هەموو ئەو لێکۆڵینەوانە دەگەڕێتەوە بۆ سێ سەرچاوەی سەرەکی، کە بریتین لە: بەرهەمەکانی جەیهوون ئابادی، بەرهەمەکانی مینۆرسکی و بەرهەمەکانی ئیڤانۆڤ. وا دیارە بەرهەم و هزرەکانی نەعمەتوڵڵا جەیهوون ئابادی بەگشتی بەشێکی گەورەی ئەو هەموو بەرهەمە بیانی و ناوخۆییانە پێکدەهێنن. لە نێو بەرهەمە بیانییەکاندا بەرهەمە بەنرخەکانی دوو زانای ڕووسی بە ناوەکانی ڤلادیمێر مینۆرسکی و ڤلادیمێر ئیڤانۆڤ دیارن. ئەم دووانە بە دەرخستنی بەڵگەنامەکان و داخستنی بابەتەکانی تیۆری و هەڵسەنگاندنی ئایینەکان، باسیان لە ئیلاهیات و گەردووناسی و ڕێوڕەسمی یاری کردووە. بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین داتاکانی جەیهوون ئابادی جگە لەوەی سەرچاوەی ڕاستەوخۆی مینۆرسکییە، لە هەندێک جاردا سەرچاوەی ناڕاستەوخۆی ئەو و ئیڤانۆڤە لە بەڵگەنامە فارسییەکانیاندا. بۆیە ئەم بیرکردنەوە و کار و شیکاریی دەستی یەکەم لە بەرهەمەکانیاندا زۆرترین پێگەی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەهلی حەق پێک دێنن.

بەم شێوەیە وا دیارە دووبارە خوێندنەوەی بەرهەمی بەناوبانگی جەیهوون ئابادی بە ناوی «شانامەی حەقیقەت» و بەرهەمەکانی مینۆرسکی و ئیڤانۆڤ لە بواری ئەهلی حەقدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە هاوسەنگکردن و هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو بەرهەمانەی کە لە بواری شیکردنەوەی ئەهلی حەق نووسراون، چونکە «شانامەی حەقیقەت» هەر لە سەرەتای نووسینەوە، بنەڕەتیترین سەرچاوە لەسەر یاری و یارسان بۆ نووسەرانی فارس بووە. بەرهەمەکانی مینۆرسکی و ئیڤانۆڤیش نەک هەر لە دەرەوەی ئێران وەک تاکە و کۆنترین بەرهەم کە بەڵگەنامەی کەلام پێشکەش دەکەن، ناسراون و ئاماژەیان پێدەدرێت، بەڵکو لەلایەن نووسەرانی ئێرانیشەوە بە توندی بەکارهێنراون.

کەواتە، بابەتی ئاماژەپێکراومان فۆرمێکی نوێ وەردەگرێت و بە وردی ئەو پرسیارە دێتە بەر چاو کە ئایا بەرهەمەکانی ئەم سێ توێژەرەوە کە سەرەکین بۆ لێکۆڵینەوەکانی تر، لەگەڵ دەقە ڕەسەنەکانی یاری

دەگونجێن کە لەلایەن ناوەندەکانی یارسانەوە پەسەندکراون یان نا؟

ئەم ڕەخنەیە کاتێک بایەخدارە کە لەسەر بنەمای دەقە ڕەسەنەکانی یاری بێت کە سەرچاوەی سەرەکیی هەموو بناغە تیۆری و ئایینی و ڕێوڕەسمەکانییەتی، بەو شێوەیەی بتوانین سەرچاوەبوون و ڕەسەنایەتییان لە لایەنی ناوەندە ڕێوڕەسمییە ڕەسەنەکانی یاریدا پشتڕاست بکرێتەوە. لەم توێژینەوەدا کاری ئێمە جگە لە پەیڕەوکردنی ئەم ڕەوتە هیچی تر نییە. بۆیە لەم کتێبەدا بە ناساندنی دەقە سەرەکییەکانی یاری و سەلماندنی ڕەسەنایەتییان، هەوڵ دەدەین ئەو سێ بەرهەمەی کە ئاماژەیان پێکراوە لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەو دەقانەدا بگونجێنین و ڕاستبوون یان نەبوونیان لە بابەتە جیاجیاکاندا بپێوین.

وەک پێشتر گوتمان لەو بەرهەمانەدا کە باس لە یاری و یارسان دەکەن؛ دوو کێشەی گەورە هەن. یەکەم: بەکارنەهێنانی دەقی ڕەسەن یان دەست نەگەیشتن بەو دەقانە و دووەمیش: نەتوانینی شرۆڤەکردن و ڕوونکردنەوەی دەقە گۆرانییەکان بە هۆی هۆکارەکانی وەک ئاشنا نەبوون بە زمانی دەقەکان و فراوانی و ئاڵۆزیی چەمک و ناوەڕۆکەکانیان. وا دیارە هیچ کام لە بەرهەمە هەبووەکان نەیانتوانیبێت بە پێی دەقە ڕەسەنەکان بناغە تیۆری و ئایینی و ڕێوڕەسمە ڕاستەقینەکانی یارسان دەرببڕن.

بەو پێیەی کە هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن بەبێ بناغە نابێت و ناتوانرێت ڕەخنە لە بۆشاییدا ئەنجام بدرێت، بەداخەوە تا ئێستا هیچ بەرهەمێک لەسەر بنەمای کەلامی ڕەسەنی یاری بە زمانی فارسی دروست نەکراوە. پێویستە بۆ ئەوەی بچینە ناو ژێرخانی سەرەکیی ئەم بەرهەمەوە، سەرەتا لەسەر بنەمای سەرچاوە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی یارسان، وەک «دیوانە گەورە»، خاڵ بە خاڵ بەپێی ئەو بابەتانەی کە لە بەرهەمە ڕەخنەکراوەکاندا هاتوونەتە ژوورەوە [لێکۆڵینەوە بکەین یان شیکاری بکەین - لێرەدا دەبێت کردارەکە تەواو بکرێت]، بچینە ناو باسی کتێبەکانی کەلام یاری و بنەما تیۆرییەکان و ڕێوڕەسمەکانی یاری لە سەر بنچینەی کەلام ڕوون بکەینەوە [10]. ئەم بابەتە لە بەشی دووهەمدا

---

[10] . پێویست ناکات بڵێین ئەوەی لە بواری مێژووی پیرۆزدا جێگیر کراوە، تێکەڵەیەک لە توخمە مێژووییەکان و سەرچاوە ئەفسانەییەکان و بیرکردنەوە فەلسەفییەکانی پەیوەست بە گەردووناسییە.

بەدی دێت و لە بەشی سێهەم و چوارەمدا بە ڕیز سەرنجی سەرچاوە و دەرئەنجامەکانی نووسەرانی ئاماژەپێکراو دەدەین و یەکسانی یان ناکۆکی لە تەک دەقی ڕەسەنی « کەلام» لەبەر چاو دەگرین.

## شێوازی ئەم توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا چەندین شێوازی پشکاندنمان بەجیا بەکارهێناوە و لە بەشە جیاوازەکاندا جێبەجێمان کردووە. بە واتایەکی تر، ئێمە ڕێکارێکی تێکەڵاومان11 بەکارهێناوە. لە پاژی یەکەمدا، واتە لە بەککگراوندی توێژینەوەکەدا، شێوازی کۆکردنەوە و ڕاپۆرتی وەسفکاریمان بەکارهێناوە. لە بەشی یەکەمی پەرەگرافی دووەمدا، هەوڵمان داوە وشە باوە سەرەکی و تایبەتییەکانی ئەم ئایینە بە بەڵگە و بە وردی ڕوون بکەینەوە. وە لە بەشی دووەمی پەرەگرافی دووەمدا کەم تا زۆر میتۆدی هێرمێنۆتیکمان بەکارهێناوە، بەجۆرێک کە بە لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن لە دەقە ڕەسەنەکانی کەلام، ئەم ئایینە لەسەر دوو ئاستی بناغەی تیۆری و ڕێوڕەسمی پراکتیکی و ئایینی بناسێنین. هەڵبژاردنی میتۆدی هێرمێنۆتیک بۆ ئەم بەشەی کارەکەمان دیکۆراتی یان سەلیقەیی نییە، بەڵکو بنەمایەکی هەیە کە لە زانستی هێرمێنۆتیکی نوێدا باس دەکرێت؛ بە واتایەکی تر لە تێگەیشتن لە هەر دەقێکدا، ئێمە پەیڕەوی لە «پێکهاتە وەک ئۆبژە» دەکەین و لە «دەق» وەک «ئۆبژە» تێدەگەین و شرۆڤەی دەکەین، واتە لە هەموو شیعرەکانی کەلام ئەو بەشە ڕەچاو دەگرین کە لە پەرەگرافەکانی دواتر دەبنە بنەمای ڕەخنەکانمان. لە بەشی سێیەم و چوارەمدا، جگە لە شێوازی هێرمێنۆتیک و هەڵسەنگاندن، شێوازی زمانناسی بەکار دەهێنین و نموونەی دەقە لێکۆڵینەوەکراوەکانمان لەڕووی پێکهاتەکانی زمانی و هەڵەبوونیان لەگەڵ دەقە ڕەسەنەکان بەراورد کردووە و لە کۆتاییدا ڕاستکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەمان کردووە.

ئەم کارە، لە پلەی یەکەمدا ڕەخنەیەکە لە بەرهەمە هەبووەکان – واتە شیکاری و بەراوردکاری و ڕەخنەیەک بۆ ئەو کۆمەڵە بەرهەمەی کە لەبەردەستدان – و لە هەنگاوی داهاتوودا، لەگەڵ ئەنجامی ئەم ئامانجە، بەراوردێک لە نێوان ئەو بەرهەمانەی کە باسی لێوە دەکرێت لەگەڵ دەقە ڕەسەنەکان، و

---

11 .multi method

نیشان دەدەین کە پەیوەندییەکە چییە یان چ ناکۆکییەکیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. پێویستە ڕوونی بکەینەوە کە کاتێک ئێمە دەقی سەرچاوەی توێژەر دەپشکنین، و بۆ نموونە ئەو دەقەی «تەزکەرتۆلئەعەلا» وەک سەرچاوەی سەرەکیی ئیڤانۆڤ لە لێکۆڵینەوەکانی ئەهلی حەقدا، ڕێزبەندی توێژینەوەکانمان پەیڕەو کردووە و بۆچوونی ئیڤانۆڤمان سەبارەت بەو بابەتە لە سەرەتای کارەکەدا لەبەرچاو نەگرتووە، بەڵکو سەرەتا بە ڕێبازی پشکنین، بەپێی ناوەڕۆکی دەقە ڕەسەنەکان شیکاریمان بۆ کردووە. لە دواییدا لە پەرەگرافی چوارەم کە گەرەکمان بووە بەرهەمی توێژەری ئاماژەپێکراو بپشکنین، تێبینیمان کرد کە نووسەر لە کاتی خوێندنی تەزکەرە، کە فۆرمێکی شێواوی دەقە ڕەسەنەکانە، بێ ئاگاداری لە سەرچاوە ڕەسەنەکە، زانیارییەکانی دوور لە ڕاستی بووە و هەندێکجار بێ دیتنی دەقی ڕەسەنی کەلام، بە دەرئەنجامێکی باش و سەرنجڕاکێش سەبارەت بە لاوازی و ناتەبایی دەقەکانی تەزکەرە گەیشتووە. لە ڕاستیدا ئێمە سەرنجمان داوە بە تێگەیشتنەکانی توێژەران و پیشانمان داوە کە ئەگەر تێگەیشتنیان لە دەقە ڕەسەنەکان بە شێوەیەکی تر بووایە، لێکۆڵینەوەکەیان بە چ ڕێگەیەکی دیکە دەڕۆیشت و چۆن دەیانتوانی لە سەرچاوەکانی بەردەستیان سوود وەربگرن.

## سەرچاوەکان


Ivanow, v(1948), An Ali- ilahi Fragment, Retrieved from http://www.ismaili.net/Source/0723/07234a.html

Ivanow, w(1948), Vol. I. Satpanth (Indian Ismailism), Some specimens of Satpanth literature, The Holy Shikshapatri, An Alì-Ilahi fragment, by W. Ivanow, Kitâbu›r-Rushd, .Leiden: E. J. Brill

Ivanow, w(1953), The Truth Worshippers of Kurdistan, SERIES: Ismaili Society Series A, VOLUME: 7; leiden: E.J. brill

.Minorsky, V(1943), The guran, BSOAS,vol XI, pp 73-103

ایوانف، و. ا (1400)، اهل‌حق کردستان (ترجمە س. کسری حیدری)، تهران: حکمت کلمە

جیحون‌آبادی مکری (1345)، نعمت‌الله، شاهنامۀ حقیقت (مصحح محمد مکری)، تهران: قسمت ایرانشناسی انستیتو ایران و فرانسه
حیدری، سیّد عبداله (1383)، شجره‌نامۀ خانوادۀ حیدری، کرماشان: ناشر مؤلف
شرفکندی، عبدالرحمن (1369)، فرهنگ کردی-فارسی/ هه‌ژار، تهران: سروش
عزاوی، عباس(١٣٢٨)، الکاکائیه فی التاریخ، بغداد: شرکه التجاره و الطباعه المحدوده
کاکه‌یی، هه‌رده‌ویل (1990)، شاعیر و ناودارانی کاکه‌یی، بغداد: الثغافه و الشباب
مکری، محمد (1963)، تحقیق دربارۀ یکی از بنچاق‌های تاریخی کردستان از قرن دهم هجری، مجلّۀ آسیایی پاریس، صص -229 256
مینورسکی، ولادیمیر (13؟؟)، تاریخ تبریز، مترجم: عبدالعلی کارنگ
مینورسکی، ولادیمیر (1379)، کُرد، مترجم: عبدالله تابانی، تهران: گستره
نسخۀ خطّی، دفتر دیوان گوره (پردیوری)، رونوشت 1313، تکیۀ حیدری

ئاماژە: ئەم بابەتە بەشێکە لە پرۆژەی  توێژینەوەیەکی سەید کەسرا حەیدەری بە زمانی فارسی کە لەلایەن کاوە حەیدەری-یەوە کراوە بە کوردی و بەم زووانە وەک کتێبێکی سەربەخۆ چاپ دەکرێت.

# ليبڕاليزم



براين تاماناها

و/ شەفیقی

حاجی خدر

لیبڕالیزم لە ڕۆژگاری بەر لە مۆدێرنە، لە ئاخروئۆخری سەدەی حەڤدەهەم و سەرەتای سەدەی هەژدەهەمەوە پەیدا بوو. وەک هەر ڕامانەیەکی (تیۆرییەکی) سیاسی، لیبڕالیزم لەنێو خۆیدا شەقڵی کێبڕکێکاری هەیە، هەر لە لیبڕالیزمی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی جۆن ڕاولز John Rawls، تا لیبڕالیزمی لیبەرتاریی[1] ڕۆبەرت نۆزیک Robert Nozick ، تا لیبڕالیزمی کۆنسەرڤاتیڤی فریدریک هایەک Friedrich Hayek، تا لیبڕالیزمی فرەیی ئیسحاق بەرلین Isaiah Berlin تا دەگاتە لیبڕالیزمی هاوشانی/یەکسانی ئامی گوتمان Amy Gutman خۆی وێنەکە لەمەش ئاڵۆزترە، چونکە لیبڕالیزم هەر بەتەنیا بریتی نییە لە ڕامانەی (تیۆریی) سیاسی و سیستەمی حوکمڕانی، بەڵکوو بریتییە لە کولتوور، ڕامانەی ئابووری، دەروونناسی، ڕامانەی ئاکار و ڕامانەی زانین.١ لەگەڵ ئەو هەموو فرەیی و ئاڵۆزییەشدا، لە هەر شەقڵێکی لیبڕالیزمدا پێگەیەکی چارەنووسساز بۆ دەوڵەتی قانوون هەیە. تێگەیشتنی دەوڵەتی قانوونی ئەمڕۆش هەر لە ڕوانگەی لیبڕالیزمەوەیە.

جارێ لەسەرووی هەموو شتێکەوە، لیبڕالیزم جەخت لەسەر ئازادیی تاک دەکاتەوە.٢ بە دەستەواژەی کلاسیکی جۆن ستیوارت John Stuart Mill میلەوە: «تاکە ئازادی کە شایستەی ناوەکەی بێت، هەوڵ و تێکۆشانمانە بۆ بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانیی خۆمان بە شێوازی تایبەتمەندانەی خۆمان، بە مەرجێک هەوڵ نەدەین خۆشگوزەرانیی ئەوانی دیکە زەوت بکەین، یان ڕێگەیان لێ بگرین تا ئەوانیش بە هی خۆیان بگەن.»٣

دابی پەیمانی کۆمەڵایەتییانەی لیبڕالیزم، ئەو فۆڕمە هەرە کاریگەرەیە، کە جۆن لوک John Locke دایڕشتتوە ، بنەڕەتییەکانی دەوڵەتی قانوون لە بە زاراوای نموونەیی خۆیەوە ڕادەگەیەنێت. ژیان بەبێ قانوون (لە دۆخی سروشتیدا) ناسەلامەت و پڕ لە ئاریشەیە؛ پاراستنی ئاسایش پێویستی بە قانوون و پەیڕەوکار و دادوەرانی بێلایەن هەیە. تاکە سەربەخۆکان هەر بەخۆیان پەیمانێکی پابەندکەرانەی دووقۆڵی لەگەڵ دەسەڵاتی حکوومەت هەڵدەبژێرن تا کۆمەڵە قانوونێک بۆ پاراستنی سیستەم دابڕێژن و پەیڕەوی لێ بکەن، ئیدی بەم شێوەیە ژیانی سروشتییانەی خۆیان بگۆڕنەوە بە ژیان لەژێر سایەی

---

[1] لیبەرتاریانی libertarian واتە ئەوپەڕی لیبراڵێتی کە تێیدا ئازادیی تاک و سەروەریی کەسی و دەستوەرنەدانی میری لەوپەڕی برەودابێ... وەرگێڕ

سیستەمێکی قانوونی، بەشێوەیەک ئازادی و مافە بنەڕەتییەکانیان پارێزراو بێت. ئەوەی ڕەوایەتیش دەداتە ڕێساکان قایلنامەیانە. قایلنامەکەش سەربەخۆیی تاکەکان بەڕێزلێگرتووی دەهێڵێتەوە، تەنانەت کە خۆشیان ڕاستەوخۆ ملکەچی قانوونەکە دەبن.

لەنێو لیبراڵیزمدا یەکسانییش هاوشانی ئازادییە، ئەمەش بە گوێرەی هاوشانی ئاکارییە (ڕەوشتی) تاکەکانە، بەوەی بوونەوەرێکی سەربەخۆی خاوەن مافن. پێویستە هەموو کەسێک بەیەکسانیی ڕێز و شکۆمەندییەوە ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێتت، بەپێی ئەوەی بوونێکی مرۆیی توانامەندی ئاوەز و ڕێرەوشتە. یەکسانی لە لیبراڵیزمدا دەخوازێ کە هاووڵاتییان خاوەنی مافی سیاسیی وەک یەک بن و هەروەها لەبەردەم قانوونیشدا هەر یەکسان بن. ئازادی و یەکسانی وەها دەخوازێ، کە حکوومەت سەبارەت بە پرسی چاکە بێلایەن بمێنێتەوە: «بەگوێرەی ئەوەی هاووڵاتییان لە دید و بۆچوونیان جیاوازن، کەواتە حکوومەت بەیەکسانی ڕەفتاریان لەگەڵدا ناکات ئەگەر ڕوانینێک پێش ئەوی دیکە بخا، ئەمەش لەبەر ئەوەی گوایە کاربەدەستان لەو باوەڕەدان، کە ئەم ڕوانینە لەخۆوە باڵادەستە، یان ڕوانینێکی زۆرینەیە یاخود ڕوانینی گرووپێکی بەهێزە.»٤

ئەم بەندە پێشەکییەکە بۆ تەوەرە سەرەکییەکانی لیبراڵیزم تا پاشخانێک بۆ گەنگەشەکردنی ڕامانە (تیۆرییە) مێژوویی و هاوچەرخەکانی دەوڵەتی قانوون لە چوارچێوەی سیستەمی دەوڵەتی قانووندا پێشکەش بکات. لێرەدا گرنگە ئەوە بەبیر خۆمان بهێنینەوە کە وردەکاتری و تیشکۆی زیاتر لەسەر لیبراڵیزم پێویستە: چونکە سیستەمی لیبراڵیزم بەبێ دەوڵەتی قانون پەیدا نەدەبوو (هەروەک ڕوون دەکرێتەوە)، لەکاتێکدا دەوڵەتی قانوون بەبێ سیستەمی لیبراڵیزم پەیدا دەبوو. هیچ لەو باسوخواسی گەنگەشەکردنی هەردوو بەندی پێشوو -گریک، ڕۆمان و سەدەکاتنی ناوەڕاست- پەیوەندییان بە سیستەمی لیبراڵیزمەوە نەبوو. ئاراستەی لیبراڵیزم بۆ دەوڵەتی قانوون بە شێوەیەکی بەرچاو لە قۆناغی بەر لە سەرچاوەکانی لیبراڵیزم جیاوازە. لە لیبراڵیزمدا جەخت لەسەر پاراستنی ئازادیی تاکەکەسی دەکرێتەوە. دەوڵەتی قانوون نە لە تێگەیشتنی گریک و نە لە هی سەدەکاتنی ناوەڕاستدا ئاماژەی بە ئازادیی تاکەکەسی نەکردووە. چەمکی یۆنانی بۆ ئازادی واتای خۆبەڕێوەبردنی بەکۆمەڵ بوو، سەروەرییش بۆیە بۆ قانوون بوو، چونکە لەلایەن هاووڵاتییان خۆیانەوە پەیڕەو دەکرا و ڕەنگدانەوەی ئاکار و دابی کۆمەڵ بوو، دەراوی

هێزی جێبەجێکردنیش بوو. هەرچی لێتێگەیشتنی سەدەکاتنی ناوەڕاستیش بوو بۆ دەوڵەتی قانوون، بۆ جڵەوکردنی دەسەڵاتی پاشا چاوچنۆکەکان بوو، هەروەها جەخت لەوە دەکرایەوە کە قانوون پێویستە بۆ جڤاکەکە باش بێت نەوەک بۆ تاکەکانی. لەنێو کۆمەڵدا کە بەرەو ئاراستەی کۆمەڵبوون دەڕۆیشت، یان لەنێو کۆمەڵی خاوەن هێزی قوچەکی جێگیردا، جڵەوکردنی ستەمکاریی حکوومەت بۆ ئەوە نەبوو تا بازنەی ئازادیی تاکەکەسی بەرفراوان بکات یان ئەوەی تاک بیەوێت بیکات. قەیدوبەندی ژینگەی کۆمەڵایەتی و کولتووری کە دەورەیان دابووین ئەو جۆرە ئازادییانەیان فەرامۆش کردبوو ، بەڵکووو هەر بیریشیان لێ نەدەکردەوە. «هەستی تایبەتمەندی بەخۆی، لە مەودای پەیوەندییەکانی کەسییەوە وەک پیرۆزیەک لە ئازادییەوە سەرچاوی گرتبوو، هەرچەندە ئەمەش ڕەگوڕیشەیەکی دینی هەبوو، بەڵام لە سەرپێ وەستانی ئەم هەستە بەزەحمەت لە دوورتر سەردەمی ڕێنیساس یان چاکسازی دەبینرێ.»٥ خۆی ئەو پێداگرتنە لەسەر تاکایەتی و ماکی دنەدەری هزری لیبرالیش لە ترسەوەیە، ترس لە شت سەپاندنی ئەوانی دیکە و نەخاسمە ترس لە دەوڵەت.

## چوار تەوەری ئازادی

چیرۆکە ناسراوەکەی ئازادی وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، تاکەکانی خستە هەڵوێستێک کە هی ئیرەیی پێبردن نەبوو: ئاخر دیاربوو ئەوەی داخواز بوو کە ئازادی لەپێناوی بەرژەوەندیی ئاسایشی کەسی و سیستەمی کۆمەڵایەتی بکاتە قوربانی. ئینجا لەدوای هەموو شتێکیش، لەنەبوونی قانووندا تاک سەربەستییە ڕەهاییەکەی خۆی وەردەگرێتەوە. خۆ ئەگەر ئەنجامەکە ملکەچکردنی چەوساندنەوەی قانوونی بێت، ئەوا دەستبەرداربوون لە ئازادی بۆ خۆهێشتنەوە دەبێتە ئاڵوگۆڕییەکی گوماناوی؛ شتەکە وەک ئەوە وایە بەپێی خۆت بچیتە زیندان لەبەرئەوەی لەپشت شیشەکانی زیندانەوە ئاسایشت پارێزراوە. لیبرالەکان وای دادەنێن، خۆ ئەگەر هەموو کەسێك بەشێوەیەکی ڕەها سەربەست بێت، لەڕاستیدا ئازادی لەگۆڕێدا نییە، ئەوەش لەبەر ئەو گەفوهەڕەشانەی بەخۆمان لە یەکدی دەیکەین. تەنانەت خۆ ئەگەر وەهاش بێ – کە بەهیچ شێوەیەک وەها نییە- ئەوا کاتێ بە کەسێک دەگوترێ دوای ئەوەی تۆ ملکەچی قانوون بیت ئازادی، ئیدی لێرەدا گومان دەورووژێ. ئەرێ ڕاشکاوانەتر نییە

دان بەوەدا بنێین کە مرۆڤ لەژێر سایەی قانووندا ئازاد نابێت، بەڵام سوود و کەڵکەکەی شایستەی ئەوەیە؟ دێموکراسیی لیبڕالییەتی نوێ وەڵامێکی چوارسەرەی بۆ ئەم پرسیارە هەیە.

یەکەم؛ تاکی هاووڵاتی سەربەستە تا ئەوکاتەی قانوونەکان بەشێوەیەکی دێموکراسی دادەڕێژرێن. ئاخر هاوڵاتییان خۆیان بەوە قایلن کە ڕێساگەلێک بۆ پەیڕەوکردن دانراوە، بەڵکوو هەر خۆشیان دایان ناون. لەیەک کاتدا، تاکی هاوڵاتی هەم فەرمانڕەوایە و هەم فەرمانبەسەرداکراو. بەم جۆرە، تاکەکان فەرمانڕەوایی بەسەر خۆیاندا دەکەن. « ژان ژاک ڕۆسۆ»ش ڕایگەیاندوە: «ملکەچکردنی قانوونێک کە مرۆڤ بەخۆی بۆ خۆی دابنێ، سەربەستییە.»٦ گەل کاتێک ملکەچی قانوون دەبێت، پێویستە خۆی داڕێژەری بێت»٧ سەرباری ئەمەش خۆی مەزندەکە وایە، هاووڵاتییان لە سایەی دێموکراسیدا قانوونێک دەرناکەن بیانچەوسێنێتەوە؛ بۆیە هێزی ئەوان بۆ دانانی قانوون باشترین شتە بۆ پاراستنی خۆیان. خۆبەڕێوبردن «ئازادی سیاسییانەیە». لە ڕۆژئاوادا نوێنەرایەتیی دێموکراسی نمایشێکی نوێگەرییانەی خۆبەڕیوەبردنە. ئەمەش نزیکایەتییەکی لەگەڵ لێتێگەیشتنی کلاسیکی یۆنانی بۆ ئازادی هەیە، هەرچەندە جیاوازییە گرنگەکەیان ئەوەیە دێموکراسیی گریکەکان ڕاستەوخۆ بوو نەوەک نوێنەرایەتی. لە جیهانی هاوچەرخیشماندا، ئەم شتە لە زۆر نمونەدا بەرجەستە دەبێت، هەروەک پەرۆشی دنەدانی بۆ سەربەخۆبوون لە دەستی بێگانە یان لەدەستی حوکمی زۆرینە، ئەوەی مۆرکێکی فەرهەنگی و دینی جیاوازی پێوەیە. دەستەبەرکردنی ئازادیی سیاسی ئەوە دەخوازێ کە دەرفەتی بەشدارییەکی ڕاستەقینەی بڕیاردانی بەکۆمەڵ پەیوەست بە فەرمانڕەوایی سیاسی و بونیادێکی قانوونییەوە هەبێت، هەروەها ئەمە ئەوە لەخۆ دەگرێ، کە مافی دەنگدان و توانستی ڕایکردنی سیاسی و پاراستنی ئازادیی قسەکردن و کۆمەڵبوون و نەقابە مەیسەر ببێت.

دووەم؛ تاک سەربەستە تا ئەو ڕاددەیەی لە کاربەدەستانی میری دەخوازرێت بەگوێرەی قانوونی هەبوو بجوڵێتەوە. ئەم مەرجەش ئازادی پشتڕاست دەکاتتەوە بەوەی تاکەکان توانستی وادەی پێشبینیکردنی ملکەچکردنیان لەلایەن دامەزراوەی قانوونی دەوڵەتەوە هەبێت، ئەمەش دەرفەتی ئەوەیان پێدەدا دوورکەونەوە لە هەر دەستوەردانێکی قانوونی لە کاروباریان بەوەی سەرپێچی قانوونەکە نەکرێ. هاووڵاتییان تەنیا ملکەچی قانوونن، نەوەک ملکەچی خواستێکی گۆترەکاری یان حوکمی

کەسێکی دیکە، کە بەدڕەفتارانە هێزی میری بەکار بهێنێ و بیقۆزێتەوە. ئەمەش وا پێویست دەکات قانوونەکان بەڕوونی ڕاگەیەنرابن و بۆ خەڵک ئاشکرا کرابن، بەیەکسانییش لەسەر هەمووان پەیڕە بکرێتن و، هەروەها بە گوێرەی متمانەوە ڕاڤە و جێبەجێ بکرێتن. نموونەی هەرە زەقیش قەدەغەکردنی هەر سزایەکی تاوانە بێ هەبوونی قانوونێکی پێشوەختە. ئەمەش «ئازادی قانوونییە» و، مۆنتسکۆ بە باشترین شێوە دایڕشتووە: «ئازادی مافی کردنی هەموو شتێکە، ئەوەی قانوون ڕێگەی پێدابێت.»٨ سەربەستی، کردنی هەر شتێکە، کە قانوون ڕاشکاوانە قەدەغەی نەکردبێ. هەروەک دواتر وردەکاترییەکەی دێتە گۆڕێ، ئازادی قانوونییانە لە دێموکراسیی لیبڕالیی نوێدا لێکتێگەیشتنی تیۆریکی (ڕامانەیی) باوە بۆ دەوڵەتی قانوون.

سێیەم؛ تاک ئازادە تا ئەو کاتەی دەسەڵاتی حکوومەت بە سنوورداری دەمێنێتەوە و ناپەڕێتەوە بازنەی تایبەتی مافەکانی کەسی، کە هی دەستکاریکردن نین. زۆر جاریش بە بازنەی پاراستنی مافە مەدەنییەکان یان ئازادییەکانی تاک دەناسرێت و ئەمانەش خراونەتە نێو بروانامەی ماف و جاڕنامەکانی مافی مرۆڤەوە. ئەم سنووردارییەش شتێکی زۆر چارەنووسسازە [لیبڕاوانە لە حکوومەت قەدەغەیە ئەم چوارچێوە پارێزراوە ببەزێنێ)، یان هەر شتێکی ڕێکارییانەیە (حکوومەت دەبێت بچێتە ژێر بارێکی قورسەوە بەوەی دەبێت بەدوای هۆکارێکی زۆر پێویست و ناچاردا بگەڕێ بەر لەوەی پێ بنێتە نێو ئەو بازنە پارێزراوە کەسییەوە). ئەمەش «ئازادیی کەسی»یە]. ئازادیی کەسییش ڕادەی هەرە کەمی سەربەخۆیی تاکە، کە تەنانەت کاتێک بە ملکەچبوونی قانوونیش قایل دەبێت، پێویستە ئەو مافانەی هەربمێنێ و بپارێزرێ. ئەمەش بریتییە لە پارێزگارییەکی پێویست بۆ ئەوەی ئامانجەکەی جۆن ستیوارت میل بێتە دی: «سەربەستی، بەدواداچوونی شایستەیی خۆمانە بە ڕێبازی خۆمان.»[2] ئەوەش لە دەوڵەتی لیبڕال قەدەغە دەکات کە لیستێکی تایبەت بەخۆی بە باشی و شایستەییەتی بەسەر هیچ کەسێک لە هاووڵاتییانیدا بسەپێنێ. کاتێکیش دان بە ئازادیی تاکدا دەنرێ، ئەوا لەبارەی مەودا و فرەیی ناواخنی

[2] دەقی وتەکە وەهایە : “freedom to pursue our own good in our own way وەرگێرانی دەقاودەقی وشەی good لێرە لەوانەیە واتای خۆی نەدا، بەڵام ڕاڤەکردنی وشەکە واتای بەرژەوەندی و هەر چی شتێکی باش بە تاکەکە، لێرەدا پێموایە وشەی شایستەیی ئەو واتایە دەدا. وەرگێڕ

ناڕوونی هەیە. جار لەسەرجاریش ناکۆکی لەبارەی چوارچێوە پارێزراوەکە هەیە، هەروەک چۆن جیاوازی لەبارەی ئەوە هەیە چۆن ناواخنەکەی چوارچێوەکە سنووردار بکرێت. ئاساییانە ئەمەش بریتییە لە ئازادیی دین و ویژدان، ئازادیی قسەکردن و بیروبڕوای سیاسی، ئازادیی لە ئەشکەنجەدان و سزای قورس؛ هەروەها ئازادی شێوازی ژیان و بەهاکانی خۆت دیاری بکەیت. شەقڵی بەهێزی ئەم بازنەیەش بە دەستەواژە و هەلومەرجی فراوانکردنی بازنەی تایبەتمەندی و شکۆمەندییەکانەوە دەسەلمێنرێ. دادگای باڵای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش وەهای دەربڕیوە: «ئازادی وەها دەخەملێنرێ، کە سەربەخۆیی تاکە بەوەی ئازادیی بیرکردنەوە، بیروباوەڕ، دەربڕین، ڕێڕەوشتێکی خۆیی دیاریکراو بگرێتەوە.»٩ ئەم هزرە بنەڕەتییە ئەوەیە کە تاکەکان دەسەڵاتیان بەسەر سەرتاپای جەستە و ئاوەزی خۆیاندا بشکێ بەبێ هیچ دەستوەردانێکی حکوومەت. ئەم بیرۆکەیە «ڕوانینێکی پێوەرئاسایە (ستاندارده) بۆ ئازادی لەنێو بۆتەی دابی لیبڕالیزمدا.»١٠

لە کۆتاییشدا، ئازادی زیاتر دەچەسپێ کاتێک دەسەڵاتەکانی فەرمانڕەوایی دابەش ببێتە سەر توخمە پێکهێنەرەکانی -هەروەک باوە دەسەڵاتی قانووندانان، جێبەجێکردن و دادوەری (دابەشکارییە ئاسۆییەکە)، هەروەها هەندێک جاریش شارەوانی، ویلایەت و هەرێمەکان (دابەشکاری شاقوولی)- بەوەی متمانەی پیادەکردنی قانوونیش بە دادوەرییەکی سەربەخۆ بسپێردرێ. ئەم دابەشکردنە ئازادییەکان دەسەلمێنێ بەوەی دەسەڵاتەکان لە تەنیا یەک دامەزراوەدا کۆ نابێتەوە، ئاخر جۆرێک لە جۆرەکانی کێبڕکێ لەنێو دەسەڵاتی فەرمانڕەوادا دێتە گۆڕێ. جیاکردنەوەی دامەزراوەی دادپەروەری لە دامەزراوەکانی دیکەی حکوومەتدا بایەخێکی تایبەتی خۆی هەیە. ڕاسپاردنی دادوەرەییەکی سەربەخۆ بە جێبەجێکردنی قانوون هەبوونی دامەزراوەیەکی قانوون مسۆگەر دەکات تا چاودێریی ڕەوایەتیی کردەوەکانی حکوومەت (میری) بکاتت. خۆی ئەمەش «پاراستنی دامەزراوەیی ئازادی» یە. ئەمەش وەها دەخوازێ دامەزراوەیەکی دەستووری و ڕێکارگەلێک بۆ سەلماندنی ئازادیی هاووڵاتییان لەڕێگەی دابەشکردنی هێز و دەسەڵاتەکانی حکوومەتدا بێنێتە کایە. چۆنایەتیی ئەم تەوەرەش لە سێ تەوەرە ناوبراوەکانی دیکەدا جیاوازە، چونکە خۆی ڕێکخستنێکی بونیادییە بۆ سەلماندنی ئازادی لەوەی شێوەیەک لە شێوەکانی ئازادی خۆی بێت.

هەر سێک تەوەری پێشوو، هەروەها هەر یەکەشیان بە شێوەی خۆی، دەربەستی شێوە جیاجیای خۆبڕیاردانی چارەنووسە. ئازادیی سیاسی ڕێگە بە تاکەکان دەدا (بە کۆمەڵ) بڕیار لەسەر ڕێساگەلێک بدەن لەژێر سایەیەوە دەژین. ئازادیی قانوونی ڕێگە بە تاکەکان دەدا هەرچییەکیان بوێ بۆ زانینی ڕێساگەل و گونجانیان. ئازادیی کەسی لایەنی هەرە کەمی سەربەخۆییان مسۆگەر دەکات بۆ ئەوەی بیانەوێت کێ بن. لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ کام لەم ئازادییانە ڕەها نین. یەکەمیان پێویست دەکات ئەوانی دیکە هاوکار و بەشدار بن؛ سنوورەکانی دووەمیشیان بە ڕێنماییەکانی قانوون دیاری دەکرێت؛ مەودای ئەو سەربەخۆییەی خاڵی سێهەمیش دەستنیشانی دەکات لەگەڵ سەربەخۆیی هاوشانی تاکەکانی دیکە و لەگەڵ پێویستییەکانی دەوڵەت هاوسنوورە. خۆی کۆمەڵێک سنووریش بەسەر کەسەکاندا سەپێنراون، چونکە توانستی خۆبڕیاردانی چارەنووسیان نییە، هەروەک منداڵ، کەسی ئاوەزناتەواو و تاوانبار، لە ڕۆژگاری ڕابردووشدا هەر یەک لە ژن، کۆیلە و ڕەعیەتی وڵاتی داگیرکراو هەبوون. بۆ ئەوەی ئازادیی بڕیاردانی چارەنووس وەک مافێک پیادە بکەی، ئەوا پێویستە مرۆڤ توانستی خۆبڕیاردانی هەبێت. ئیدی لەبەر ئەم هۆکارە دەکرێت ڕێکارگەلێکی وەک خوێندنی تەوزیمی بەسەر گەنجاندا بسەپێندرێ، بەڵام بێ ئەوەی ئازادییەکە لەکەدار بکرێت.

دێموکراسییە لیبراڵە مۆدێرنەکان بە ئاوێتەکردنی تێکەڵەی هەر چوار تەوەرە باسکراوەکە وەڵامی ئەو پرسیارە گومانا‌وییە دەدەنەوە کە پێشتر وروژێنرا: گەلۆ چۆن تاک لەسایەی قانووندا ئازادە؟ هاووڵاتییان لە کەشی دێموکراسیدا ئەو قانوونانە دادەڕێژن، کە لەسایەیدا دەژین (ئازادیی سیاسی)؛ کاربەدەستانی حکوومەت بە گوێرەی قانوونەکان لەگەڵ هاووڵاتییان دەجووڵێنەوە (ئازادیی قانوونی). لە دۆخی یەکەمدا خۆیان فەرمانڕەوای خۆیانن؛ لە هی دووەمیشدا هیچ کاتێک ناکەویتە بەر حوکمی ڕیسای تاکێکی دیکە. سەرباری ئەمەش، هاووڵاتییان مەودایەکی تایبەتی پارێزراوی سەربەخۆیی تاکێتییان هەیە، کە قانوون سنوورداری دەکات (ئازادیی کەسی). زۆر جاریش دێموکراسە لیبراڵەکان ئەم تێکەڵە ئاوێتەییە لە چوارچێوەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانەوە بەرجەستە دەکەن، بەتایبەتیش بە هەبوونی دادوەرییەکی سەربەخۆ (ئازادیپارێزیی دەستووری). تاڕادەیەکی زۆر و بێ هەڵاواردن (کە

شانشینی یەکگرتووی بریتانیا بەشە ڕیزپەرە زەقەکەیە[3]) ئەم ڕێخستنەیەیان لەنێو دەستوورێکی نووسراودا دەقڕێژ کردووە، کە بۆ کاربەدەستانی حکوومەت و هاووڵاتییان فەرمانبەردارە و دادگای سەربەخۆش جێبەجێی دەکاتت. ئاشکراشە ئەم بونیادی لیبڕالییە بەتەواوی قانوونییە. قانوون ئەو پەیکەرەیە کە سیستەمی لیبڕالیی قیت ڕاگرتووە و شێوە و سەقامگیریی پێداوە.

## گرژیی نێو ئازادییەکان

هەرچەندە زۆر جار ئەم چوار وەڵامە بەیەکەوە دەستدەکەون، بەڵام خۆ شتەکە نە پێویستە و نە ئاسانیشە. دەکرێت هەرسێ ئازادییەکە؛ ئازادیی قانوونی، ئازادیی کەسیی و ئازادیپارێزیی دەستووری بەبێ ئازادیی سیاسی بەیەکەوە هەڵبکەن؛ هەر بۆ نموونە، لەو سیستەمەی قانوونەکان لەلایەن دەستەبژێرێکی نادێموکراسی (فەلەسەفی یان زانایی) داڕێژرابن، هەروەک فەیلەسوفە سیاسییە تۆباوییەکان خەونیان پێوە دەبینی. هەر بەڕاستیش بەڵگەوبەندەکاتن ڕێیان تێدەچێ، کە سیستەمێکی داڕێژراوی دەستی دەستەبژێر لەوانەیە لە سیستەمی دێمکراسی زیاتر بازنەی ئازادیی قانوونی و ئازادییە کەسییەکان فراوان بکاتت. ئەو نیگەرانییەش ئەم پێشبینییە دەیهێنێتە گۆڕێ -تەنانەت ئەگەر بەهەر چەشنێک بێت بەسەر گەندەڵیی دەستەبژێرە پاسەوانەکشدا زاڵ ببین- ئەوا نمایشەکە بەشێوەیەکی بەرچاو بە ئازادیی سیاسییەوە پەیوەستە. خۆی بەشێوەیەکی بەرفراوان خۆبەڕێوەبردن خۆشەویتر و لەپێشترە تەنانەت ئەگەر بەخراپیش فەرمانڕەوایی بکرێت.

زۆر جاران ڕامانەزانە (تیۆرییەزانە) قانوونییەکان ئاماژەیان بەوە داوە کە دەکرێت ئازادیی قانوونی (وەک دەوڵەتی قانوون) بەبێ ئازادیی سیاسییش (دێموکراسی) بێتەدی. « هەر بەتەنیا پابەندبوونی گشتی و سەربەخۆیی لە قانوون و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی قانونداڕێژ و بەڕیوەبردن و دادوەری بایەخێکی جەوهەریی دێموکراسیی نین.»١١ «لەڕووی بنەماوە دەکرێت سیستەمێکی قانوونیی نادێموکرات... باشتر لە گەڵ داخوازییەکانی دەوڵەتی قانوون بێتەوە بە بەراورد لەگەڵ سیستەمێکی قانوونیی هەرە ڕۆشنگەری دێموکراسیی خۆرئاوا.»١٢ هەندێ لە ڕامانەناسان (تیۆریناسان) زیاتر لەسەری

---

[3] دیارە ئەم شانشینە دەستوورێکی نووسراوی نییە. وەرگێڕ

ڕۆیشتن، بەگوێرەی جەختکردنەوەی زێدەتری دادوەران بێ، «دەوڵەتی قانوون وەک پشکنەرێکی ڕوونە بەسەر باندۆری کردەیی و کشانی دێموکراسیی مەحکەم (پتەو).١٣ پەیوەندیی نێوان دەوڵەتی قانوون و دێموکراسی ناهاوسەنگە: دەکرێت دەوڵەتی قانوون بەبێ هەبوونی دێموکراسی بێتە ئارا، بەڵام دێموکراسی پێویستی بە دەوڵەتی قانوونە، چونکە دەکرێت ئەو قانوونانەی بەرێگەی دێموکراسییەوە داڕێژراون لە پەیڕەوکردندا لە ناواخنەکەیان دابماڵدرێن.

دەکرێت ئازادیی قانوونیش بەبێ ئازادیی سیاسی بێتە کایەوە. هیچ ڕژێمێکی نالیبڕالیش کە دەوڵەتی قانوونی هەیە، ئەمەی نمایش نەکردووە. ئەوەی دەگوترێ هاووڵاتی لە بۆتەی مەودای ڕێگەپێدراوی قانووندا ئازادە، واتای ئەوە ناگەیەنێ ئاخۆ بەربەرینیی (یان بەرتەسکیی) ئەو مەودا کراوەیە چەندە. ئازادیی قانوونی بە بازنەی تەسکراوی تاکەکانەوە بەند نییە، چونکە ئەو ئەوەی داخوازە کە کاروکردەوەی حکوومەت لە چوارچێوەی قانوونێکی پێشوەختە ڕاگەیەنراودا بێت، بێ ئەوەی هیچ کۆتوبەندێک لەسەر ناواخنی قانوونەکە دابنێت. دوو سەدە لەمەوبەر بێنیامێن کۆنستانت Benja-min Constant سەرنجی داوە و ئاماژەی بە کورتهێنییەکەی پێناسەی مۆنتسکیۆ بۆ ئازادی کردووە: «گومانی تێدا نییە، هیچ ئازادییەک لە گۆڕیدا نییە ئەگەر هاتوو خەڵکەکە نەتوانن هەموو ئەو شتانە بکەن کە قانوون ڕێگەی پێداون، بەڵام خۆ دەکرێت قانوون ئەوەندە شتە قەدەغە بکات کە بەتەواوی ئازادی لە بەین بەرێ.»١٤ دەکرێت ڕژێمێک کە قانوونی چەوسێنەرانە بسەپێنێ، بەرگی ئازادیی قانوونیش بپۆشێ، بەوەی بڵێ ئەوەی لە چوارچێوەی قانوونەکەدا ڕێپێدراوە ئازادییە. لەو جۆرە ڕژێمانەدا هەرچەند ڕێز لە ئازادیی قانوونی بگیرێ، ئەوەندە بەدڕەفتارییە بۆ سەر ئازادیی کەسی. کەواتە دیسان پەیوەندییەکە ناهاوسەنگە: ئازادیی کەسی بەبێ هەبوونی دەوڵەتی قانوون نابێ، هەرهیچ نەبێ کاتێک ئەو ئازادییانە بەگوێرەی قانوون دەسەپێنرێن.

دەکرێت گرفتە هەرە پێشچاوەکەی بەیەکەوە گرێدانی ئازادییەکان ئەگەری ناکۆکی نێوان ئازادیی کەسی و ئازادیی سیاسی بێت. هەروەک ئیسحاق بەرلینیش سەرنجی داوە: «پەیوەندییەکی پێویست لەنێوان ئازادیی تاک و فەرمانڕەوایی دێموکراسیدا نییە. وەڵامی ئەم پرسیارە؛ ‹کێ حوکمڕانیم بەسەردا دەکات؟› لەڕووی لۆژیکەوە جیاوازە لەو پرسیارەی؛ ‹تۆ بڵێی تاچەند حکوومەت دەست لە کاروبارم

وەربدا؟»١٥ ئامانج لە ئازادیی کەسی بەربەستکردنی دەسەڵاتی حکوومەتە لەبەرانبەر تاکەکاندا، هەرچی ئامانجی ئازادیی سیاسییشە دەسەڵات گرتنەدەستە تا دەسەڵاتدارییەکە جێبەجێ بکات.»١٦ یەکەمیان نیگەرانە لە ستەمکاریی بەرانبەر بە تاک، کە هیچی لەو ستەمکارییە کەمتر نییە کە بەرهەمی دیموکراسی بێت. نیگەرانیی دووهەمیان لەوەدایە ئاخۆ کێ لەڕێی بڕیاری قانوونییەوە شێوەی کۆمەڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەستنیشان دەکات، ئەو ئامانجەی بەهۆی سنوورەکانی سەر ئازادیی کەسی ڕێگری لێ دەکرێت. خۆ ئەگەر ئەم ناکۆکییە بە قسەی توند دابڕێژرێت، ئەوا دەبێتە شەڕی نێوان ئایدیۆلۆژیا ڕکابەرەکان: خۆبەڕێوەبەریی بەکۆمەڵ لەپێناو کۆمەڵدا لەبەرانبەر ویست و ئارەزووی تاکەکان بۆ دەستبەرداربوون لێی.

«وەنەبێت ئەمە دوو ڕاڤەی جیاواز بۆ یەک چەمک بێت، بەڵکوو دوو هەڵوێستی لێکدوورن، کاتێکیش هەڵوێستەکە بە ئامانجی ژیانەوە پەیوەست بێت، ئەوا لەگەڵ یەک ناسازێن. ناشکرێ بەتەواوی ئەو هەموو داخوازییانە دابین بکرێتن.»١٩

لیبڕالەکانیش بەشێوەیەکی نەریتی هەر کاتێک ئازادییەکانی تاک لەگەڵ دیموکراسی تێک بگیرێن، ئەوا بەلای ئازادییەکاندا دەیشکێننەوە. زۆر لە لیبڕالە بەرایییەکان دژی دیموکراسی میللی بوون -ئەوەی تا سەدەی بیستەم بەشێوەیەکی بەرفراوان دانەمەزرا- ئەو شتەی بە چاوی ترسەوە سەیریان دەکرد، چونکە فەرمانڕەوییەکە لەلایان نەزانانەوە هەڵدەسوڕێنرێ، ئەمەش هەڕەشەیە لەسەر سەروسامانی دەستەبژێر و مایەی هەراو پاشاگەردانیشە. تەنانەت هەستوزۆری لایەنگرانەی دیموکراسی، کە هەندێ لە لیبڕالەکان دەریانبڕێ، هەروەک پێداگرتنی ئەمانوئیل کانت لەسەر ئەوەی کە هاووڵاتی «مافێکی قانوونی ڕەوای هەیە ملکەچی هیچ قانوونێکی دیکە نەبێ بەدەر لەوەی خۆی پەسەندی کردووە.» دیارە ئەم بەڵگەوبەندانەش وەک دیارن بەخشندە نین؛ ئاخر کانت سەرجەم هاووڵاتییە «ناکاران/ پاسیڤەکان»ی لە پرۆسەی دەنگدان هاوێشتۆتە دەرەوە، لە نێویاندا ڕاهێنراوان، خزمەتکاران (نۆکەران)، سەرجەم ژنان، جووتیارانی کرێگرتە و بەشێوەیەکی گشتیش هەر ‹کەسێک› لەبن فەرمانی یان پارێزبەندیی تاکەکانی دیکەدا بێت.»١٨ هەندێ لە ڕامانەناسە لیبڕالە مۆدێرنەکانیش مشتومڕیان لەسەر ئەوەیە کە کوشندەترین هەڕەشە بۆ سەر ئازادیی کەسیی لە سیستەمی نوێنەرایەتیی دیموکراسییەوە

دێت.١٩ «بەقەدەر ئەوەی کە هەمیشە و لە هەموو شوێنێک ژمارەی هەژاران لە هی دەوڵەمەندان زۆر پترە، کەواتە لەڕووی ڕامانەییەوە (تیۆرییەوە) سنوورێکی دیاریکراوی دەسەڵاتی دەوڵەتی دیموکراسی بۆ پێشێلکردنی سامانیی تایبەتی کەسییەوە نییە.»٢٠ لێرەدا سەیر نییە لە ڕوانگەی ئەم ترسەوە ڕامانەداڕێژانی (تیۆریستانی) لیبڕالیزم (هەروەک کانت) سوور بن لەسەر ئەوەی قانوون بە پەسەندنامەوە ببەستنەوە، ئەوەی ئەوان زۆرجاریش مەبەستیانە پەسەندنامەی گریمانەیی نییە، بەڵکوو شەقڵێکە لە پەسەندنامە کاتێک مرۆڤ ئاوەزی گونجاوی خۆی بەکار بهێنێ.٢١

ئەم گرژییەی نێوان هەر چوار تەوەرەکەی لیبڕالیەت نادیدە ناگیرێن، بەڵام هی ئەوەش نییە چارەسەری نەبێت. هەر دیموکراسییەکی لیبڕال بە شێوازی جیا جیا ڕەفتاری خۆی لەبەرانبەر چوار تەوەرەکەدا دەنوێنێت. خۆی گرژییەکی جەوهەریی دیکە لەنێوان ئازادی و یەکسانیدا هەیە. کاتێک دابەشکارییەکی یەکسانیی نایەکسان بۆ موڵکایەتی (بە سامان و بەهرەشەوە) بێتە گۆڕێ، ئەوا دەبێت ئازادییەکە بۆ دەستەبەرکردنی ڕادەیەک لە یەکسانی سەردابنەوێنێت. لە بەندەکاتنی داهاتوودا باسی سازانێک لەنێوان گرژیی ئەو دوو بەها لیبڕالەدا دەهێنینە گۆڕێ، ئەوەی بارە هەرە قورسەکەی سەر شانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیی لیبڕالە، کە خۆی لە دابەزینی دەوڵەتی قانوونیی خۆرئاواییدا دەبینێتەوە.

## بەرڕەوتی کۆمەڵایەتی-کولتووری لیبڕالیزم

ئەگەر مرۆڤ ئەو بیرۆکانەی لەسەدەی هەژدەم دەوروخولی ڕۆشنگەرییان دابوو بەهەند وەرنەگرێت، ئەوا ناتوانێت بەتەواوی لە لیبڕالیزم تێبگات و هەرسی بکات.٢٢ جارێ لە پێشەوە ئەو بڕوا سەرەکییەی ڕۆشنگەری لەسەری بوو، پیادەکردنی ئاوەز و زانست و دوورخستنەوەی نەفامی و خورافات بوو.٢٣ فیزیای ئیسحاق نیوتن، ئەوەی چەندین قانوونی دۆزییەوە کە بەهۆیەوە دەکرا شوێن و جووڵەی هەر ماددەیەک لەسەر زەوی یان لە ئاسمانەوە دیاری بکرێت، بەمە هێزی بێسنووری زانستی لە پەردەهەڵدانەوە لەسەر مەتەڵ و تەڵیسمی سروشت دەرخست. لەدوای ئەم دەستکەوتە مەزنە، وا بڕوا دەکرا هیچ شتێک لە تێگەیشتنی مرۆڤ بەدەر نییە. پشکبەندیی فەیلەسوفە ناوازەکانی ڕۆشنگەری

ئەوەندە بەرفراوان بوو، سەری بۆ ڕێڕەوی ئاوەز و زانست بۆ ڕەهەندەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، قانوونی، ئابووری و ئاکاریش کێشا. ئەوان لەو بڕوایەدا بوون، دەکرێت زانستی مرۆڤ ئەوەندە پێشبکەوێت بەهۆیەوە بتوانێت حکوومەت و کۆمەڵگەکان سیستەمێکی دادوەری و ئاوەزدارتریش بهێننە کایە. بۆ کەسە مجێزبەرز و گەشبینەکان دوائامانج کەمتر نەبوو لە هێنانەکایەی کۆمەڵەیەکی تەواوعەیار[4]. ئیدی هەرچی عورف، دابونەریت و ڕێنماییەکانی کڵێسا هەبوون، ئەوانەی تا ئەو کات سەرچاوەی بەخشینی ڕەوایەتی بوون بۆ دەسەڵات، لەدوای ئەوە کەوتنە بەر چەکوشی ڕەخنەی وردەوە. حکوومەت و قانوون و هەر دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی دەبوایە لەڕووی ئاوەزەوە ڕەوایەتی وەربگرتایە یان لێی دەربازبوونایە. پەسەندنامەی بەرجەستەی بەرژەوەندییەکانی تاک و کۆمەڵ لەو کاتەوە بووە چەقی بازنە و هەرچی بەڵێن و پاداشتی خواوەندانەش بوو بۆ ژیانی ئەودیو هەڵگیرا.

ئەو شەڕ و دەمەقاڵێانەی لە سەدەی شازدەهەمینەوە بەهۆی چاکەخوازان (ڕیفۆڕمیستەکان)ەوە پەیدا بوون، ڕێگەیان بۆ هاتنی ڕۆشنگەری و لیبڕالیزم خۆشکرد. ئیدی بە ڕاشکاویی داڕسانە[5] کڵێسای ئەرسەدۆکسی، ئەوەی هەزار ساڵ بوو هەژموونەکەی باڵکێش بوو. پڕۆتستانتیزمیش پەرەی بەشێوەیەکی تاکگەرایی دا، بەوەی جەختی لەسەر پەیوەندیی کەسیی تاک لەگەڵ خودای خۆیدا کردەوە، بێ ئەوەی کڵێسا دەستی تێوەربدات. ململانێ و بەیەکدادانەکانی نێوان پڕۆتستانت و کاسۆلیکەکان کوشتارگە و داهێزرانی هێزی هەر دوو لای لێ کەوتەوە، تا لەدواییدا ناچار بوون ئاگربەستێک لەسەر بنەمای لێبوردەیی ڕابگەیەنن.٢٤ ڕاستی و ماکی خودی ململانێکە سەلمێنەری ئەوە بوو کە چیدی بنەما دینییەکان بۆ زانست بێوەی و سەلامەت نین. لە ڕوانگەی ئەوەی کریستیانێتیی سەدەکانی ناوەڕاست دیدێکی سەرتاپایی جیهانی هەبوو، کە سیاسەت، قانوون، ئاکار و ئابووری دەگرتەوە، هەروەک چۆن دیاردە سروشتییەکانیشی دەگرتەوە. پاشان ئەو گومانانەی سەبارەت بە ڕێنماییەکانی کڵێسا پەیدا بوون، ڕێگەیان لەوە نەگرت بۆ بوارەکانی دیکەی ژیانیش گشتگیر بکرێتن و ئەوانیش بگرێتەوە.

---

4 وشەی تەواوعەیارم لەبری perfect / کامل بەکارهێناوە. وەرگێڕ.

5 داڕسانە شتێك: واتە ئاڵنگاریکردن، تەحەداکردن. وەرگێڕ

زیانمەندی هەرە گەورەی ئەو لێپرسینەوەیە گشتییە ئەو میراتە وێرانکەرەیە بوو کە تا ئێستاش ماوەتەوە، ئەویش تێکشکاندنی یەقینە ئاکارییەکە بوو. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەکرا مافی ئاکاری و مافی سروشتی بەگوێرەی سروشتی تەوجیلیەوە[6] (هەر وەک کڵێسا ڕاڤەی دەکرد)، یان لەڕێی بەکارهێنانی ئاوەز، کە خودا بەمرۆڤی بەخشیوە، لە یەک جیا بکرێتەوە. هەرچی فەیلەسوفانی ڕۆشنگەریش بوون بەوە متمانەدار بوون کە زەمینەی نوێی سێکولاری بۆ مافی ئاکاری و قانوونی سروشتی دەکرێت لە پەیڕەوکردنی ئاوەزەوە بۆ توێژینەوە لە سروشتی مرۆڤەوە بدۆزرێتەوە، بڕواشیان وابوو ئەمە شتێکی گەردوونییە. ئەم هەوڵ و تەقەلایەش لەبەر کۆمەڵێک هۆکار شکستی هێنا.

دۆزینەوەی جیهانی غەیرەڕۆژئاوایی هاوزەمان لەگەڵ ڕۆشنگەری، پەردەی لەسەر چەندین سیستەمی عورفی و ئاکاریی جیاواز و چاوەڕواننەکراو هەڵدایەوە. خۆ ئەگەر کورتهێنانیش لە خاسییەتی هاوبەشیاندا هەبوویێت، بەڵام خۆ هەندێک لە بەها و دابەکان هەر دەبوو ڕاست بن و هەندێکیشیان هەڵە بن، کەچی بەڵگەیەکی پێوانەیی نەبوو تا حوکمێکی وەها بدرێت، کە سیستەمێکی ئاکاری لە ئەوی دیکە باڵاترە. زۆرێک لە فەیلەسوفان گریمانەی ئەوەیان کرد گوایە شارستانییەتی ڕۆژئاوا باڵاترە، لەکاتێکدا ئەوانی دیکە پێیان وابوو سیستەمە «سەرەتاییەکان» ئەوانەی ون بوونە، پاکتر لەگەڵ بوونی مرۆڤدا دەهاتنەوە. هەندێک سوور بوون لەسەر ئەوەی، کە چەقێکی هاوبەشی بیروباوەڕی ئاکاری لەژێر ئەو جیاوازی و فرە کولتوورە هەبوواندا هەیە. هەرچی بەڵگەوبەندە[7] فەلسەفییە مەزنەکەی دایڤید هیومیشە، داڕشتەی هەیە is و پێویستە هەبێت ought لە یەک جیا دەکاتەوە – باندۆر و لێکەوتەی پێشبینییە پێوەرییەکان جۆرێکی جیاوازترن لە پێشبینییە چەندایەتییەکان و ناشکرێت دەرەنجامەکەی لە پێشبینییە وەسفییەکانفدا هەڵبهێنجێنرێت- بەمەش ئەو هەوڵ و کۆششەی داتەپاند، کە پێیان وابوو پێوەرە ئاکارییەکان لەسەر بنەمای داب و ئاکاری هاوبەش ڕۆنراون.[8] ئەو ڕاستییەی هەیە کەوا

[6] تەوجیل واتە تەورات و ئینجیل (بایبل) بەیەکەوە. وەرگێڕ.

[7] بەڵگەوبەند: ئەرگومێنت

[8] نووسەر بیروڕای فەلسەفیی دەیڤید هیومی لە چەند وشەیەکدا چڕ کردووەتەوە، بۆ بەرچاوڕوونیی خوێنەر پێویستی بەم ڕوونکردنەوەیە هەیە کە لە سەرچاوەی جیاجیاوە ئامادەم کردووە: ئەم دەربڕینەی هیوم لەبارەی «هەیە و پێویستە هەبێت» بە «یاسای هیوم» یان بە «گرفتی هەیە و پێویستە هەبێت» یاخود بە «سێدارەی (گیلۆتینی) هیوم» ناسراوە. پوختەکەی

پێوەرێکی ئاکاری بەوپەڕی فراوانییەوە بڵاوبووەتەوە، هەر بەخۆی ئەوە ناگەیەنێت کە پێویستە لەسەری بڕۆین. دەکرێت ڕوانینە کردەییەکەی ئەم خاڵە فەلسەفییە لەو ڕاستییە باوەدا ببینینەوە کە وا کۆیلایەتی کردەیەکی باوی هاوبەشی کولتوورەکان بووە، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، چەوساندنەوەی ژنان هەر بەربڵاوە. سەرباری ئەمەش، وا پێدەچێت بەڵگەوبەندەکەی هیوم ئەوە بەدوور بگرێت کە هیچ سیستەمێکی ئاکار بەشێوەیەکی تایبەت لەسەر سروشتی مرۆڤەوە دانرابێت، چونکە ئەمە لەسەر ئەوەی «هەیە» دانراوە، هەروەها لەسەر ئەو پێشبینی و پێشنیارە وەسفییانەی ئاخۆ ئێمە وەک مرۆڤ کێین، تا ئەوە بگوترێت لەسەر ئێمە پێویستە چۆن بجوڵێینەوە. ئاریشەیەکی پێشچاوی دیکەش ئەوە بوو، مرۆڤ (پێدەچێت هەر بە سروشتی خۆی) زۆر ئەهریمەن بێت، بۆیە هەر بەتەنیا پشکنینێکی سروشتی مرۆڤ نابێتە مایەی ئەوەی ڕەفتارێکی ئاکاری گونجاوی لەسەر دابنرێت. لایەنی هەرە کەمی قانوونێکی سروشتی، کە لە سایەیدا بارودۆخێکی پێویستی ژیان و مانەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی مرۆیی بهێنێتە کایە، ئەوا پێدەچێت ستراتیژییەکی پەسەندکراو بێت، بەڵام خۆی ئەمە لەبارەی مجێزبەزری و دنەدانی زیاتر زۆر کورتهێنە، زۆر بە زەحمەت دەکرێت بە شتێکی ئاکاری وێنا بکرێتت. قانوونی سروشتیی مجێزبەرز ئەوەیە کە تیشکی خۆی بخاتە سەر گەشەی مرۆڤ، بەوەی یەکەم جار دەبێت بزانێت ئاخۆ گەشەی مرۆڤ واتای چی دەگەیەنێت، هەروەها پێویستە شێوازێک لە ئەگەرە جێگرەوەکانی بەردەست لێ هەڵبژێرێت و پۆلێنبەندیی بکات، بە جۆرێک بوار بۆ هیچ وەڵامێکی دژبەیەک سەبارەت بە بژاردەکەی نەهێڵێتەوە.

ڕۆمانسییەکان زەبرێکی کوشندەیان سرەواندە پرۆژەی تۆباوی (خەیاڵپڵاوی) ڕۆشنگەری، بەوەی بەرەنگاری یەکانگیری و ئارەزوومەندیی گەردوونی و (بەیارمەتی دایڤید هیومیش) چوارچێوەی ئاوەز بوونەوە، داکۆکیان لەسەر پێگەی خۆیان بۆ پرسی تایبەتمەندی و خواست و داهێنان و هەست و سۆز

ئەوەیە مرۆڤ ناتوانێت بەشێوەیەکی ژیربێژییانە پێوەرێک یان دیدێک بۆ (پێویستە هەبێت) لەسەر پێوەر و دیدی (هەیە) بەبێ هەبوونی پێشەکییەکی بەهایی یان پێوەری دابڕێژێت، چونکە فاکت و بەهاکان لەبنەڕەتەوە لەیەک جیاوازن، ئەو بەڵگەوبەندەی هەوڵ دەدات پردێکیان لەنێواندا دروست بکات و بەیەکیان بگەیەنێت، هەڵەن ئەگەر هۆکاری ئاوەزییانە بەهای دیکەی بۆ زیاد نەکەن. وەرگێڕ.

کردەوە. ئەوان کولتوورەکانیان بە شتێکی نەمر و بەرز زانی بەوەی هەرخۆیان یەکەیەکی گشتین، هەر یەکەیان بوونێکی بێوێنەی خۆی و جیهانی ژیان و بەهای بێنموونەیی خۆیەوە. «لێ ئەگەر ئەو ژمارە زۆرە لە چەشنەکانی تەواوعەیاریمان بەگوێرەی جۆرەکان کولتوورە لەیەک جیاکانمان هەبێت، هەر یەکەشیان نموونەی تایبەتی خۆی بە خێر و چاکە هەبێت، کەواتە لێرەدا بیرۆکەی ئەگەری هەبوونی تاکە کۆمەڵێکی تەواوعەیار شتێکە لەگەڵ لۆژیک نایەتەوە.»٢٥

لەگەڵ شکستهێنانی هەوڵ و کۆششی ڕۆشنگەری بۆ ڕۆنانی پرینسپگەلێکی ڕەها یان گەردوونی بۆ ئاکار، ئەوە بوو زۆر لە فەیلەسوفان وازیان لە ڕێگەی بەدواداچوونی کلاسیک هێنا بۆ گەیشتن بە ئەوپەڕی باشە، ئەو ڕوانینەیان ڕەت کردەوە کە دەگوترا ئەم شتە تاکە باشەی هەبووە یان بەلای کەمییەوە دەکرێت بە یەقینێکی تەواوە پێناسە بکرێت کە وایە. یەکێک لە دەرچەکانی ئەم لۆژیکە دانان بوو بە فرەیی (پلورالیزمی) ئاکار، ئەوەی سەری کێشا بۆ ئەوپەڕی گومانی ئاکاری (ئەو زێدەڕۆییەی بیرمەندانی ڕۆشنگەری بێزراندیان).٢٦ کاردانەوەیەکی دیکەی ئەم لۆژیکە سەرهەڵدانی ڕامانەی (تیۆریی) سوودگەرایی[9] ئاکاری سەدەی نۆزدەهەم بوو، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەبوو، کە بیرۆکەی باش ئەوەیە کە بە ئارەزووی خەڵک بێت یان پێی دڵخۆش بن؛ بەگوێرەی ئەم ڕێبازە، دامەزرانی کۆمەڵ و دامەزراوەکانیشی بۆ ئەوە نەخشەیان بۆکێشراوە تا ئەوپەڕی ڕادە چێژ(کەمترین ئازار) بە تاکەکانی نێو کۆمەڵ ببەخشێت. کاردانەوەیەکی دیکەش هەبوو کە هەموو تیشکی خۆی خستبووە سەر جەختکردنەوەی ڕێکارگەل: لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکی پرنسیپە ئاکارییەکان دوورن لە یەقین، بۆیە باشترە ڕوو لە جێگرەوەکەی بکرێت، ئەویش ڕێککەوتنە لەسەر کۆمەڵێک ڕێکار تا بۆ دەرکردنی ئەو بڕیارانە بگیرێتەبەر، ئەوانەی کاریگەرییان بەسەر کۆمەڵگەوە هەیە. ئیدی وەک لە بەندەکانی داهاتووی ئەم کتێبەدا دەردەکەوێت، لیبڕالیزم لە جەوهەری خۆیدا ڕێکارانەیە.

ئێستاش دەکرێت باشتر لە ئازادی تێبگەین کە چەقی بازنەی لیبڕالیزمە. هەروەک ئاماژەی بۆ کرا، کەواتە ئازادی بەدواداچوونی شێوازی تایبەتیی مرۆڤە بۆ خێر و چاکە. هەرچۆنێک ئێستا لەم شتە تێبگەین بەوەی باشترین ڕێگە بۆ بەرزڕاگرتنی سەرتاپای چێژە، یان هەڵوێستێکی گریمانەیی بێت لە

---

[9] utilitarian moral theory

ئەنجامی نوشوستیی پێناسەکردنی پرینسیپگەلی ئاکاریی جیهانی بەسەرماندا چەسپێنرابێت، یاخود هەڵوێستێکی ڕاستودروست بێت، کە لەبەرئەنجامی ئەو گوتەیە گیرابێتە بەر، کە دەڵێت کۆمەڵێک شێوەی خێر و چاکەی جێگرەوە پەیوەستن بە کولتوور و شێوەی جیاجیای ژیان، ئەوا هەرچۆنێک بێت ئەنجامەکە یەک ئەنجامە، ئەویش: لیبڕالیزم لەڕێگای لەباوەشگرتنی فرەیی ئاکارییەوە ڕۆنراوە.٢٨

فرەیی ئاکاری لەنێو لیبڕالیزمدا بە دوو شێوازی جێگرەوە کارایە، کە دەکرێت بەیەکەوەش هەڵبکەن. شێوازی سەرەکیی ڕۆژئاوایی بریتییە لە ڕوانینی تاکەکان لەنێو بۆتەی کولتوور[یکی تاکگەرایی] بۆ فرەیی ئاکار؛ شێوازە لاوەکییەکەش ئەوەیە کاتێک زیاتر لە کۆمەڵگە و کولتوورێکی جیاواز (لیبڕال یان نالیبڕال) بەیەکەوە لە بۆتەی یەک تاکە سیستەمدا دەژین. لە هەردوو دۆخیشدا دەوڵەتی فیدراڵ خۆی وەها دادەنێت لەبەرانبەر هەر شێوازەڕوانینێکی جێگرەوە بۆ چاکە و خێر بێلایەنە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە دەوڵەت ڕوانینێک لە یەکێکی دیکە سەرووتر بگرێت یان بە شان و باڵی دینێکدا هەڵبدات و بیکاتە هی دەوڵەت و بەسەر ئەوی دیکەیدا زاڵی بکات، بەڵام خۆ لێرەدا شتێکی گرنگی دیکەش هەیە، هەر دەوڵەتەکە خۆی ڕێکاری قەدەغەکردن یان سزا بەرانبەر ئەو کەسانە دەگرێتەبەر، ئەوانەی توندوتیژی لە دژی بەرانبەرەکەیان بەکاردەهێنن و دەبنە هەڕەشە بۆ سەر مانەوەی دەوڵەتە لیبڕالەکە. شێوازە کێبڕکێکارەکان لەسەر خێر و چاکە – بۆ سەرهەڵدان و گەشە و گۆڕان یان پووکانەوە – بۆ بازاڕی هزرە کولتوورییەکان وازی لێ دەهێنرێت. لێرەدا بنەماکانی لیبڕالیزم هەراسان ناکرێتن، بەلای کەمی لای زۆرینەی داڕشتەکانی لیبڕالیزم کاتێک دەوڵەت پشتگیریی ماددی یان هاندان بۆ پەروەردە و فێربوونی ئامانجە دیاریکراوەکانی کۆمەڵایەتی دەکات، هەروەک پشتگیریی هونەر و مۆسیقا، یان برەودان بە چالاکییەک بۆ سەلماندن یان چاندنی بەهاکانی لیبڕالی وەک لێبوردن و سەربەخۆیی تاکگەرایی لەنێو گەنجاندا، بەڵام نابێت دەوڵەت لە جیاتی هەر کۆمەڵە و تاقمێکی تایبەت ئەو بەهایانە بسەپێنێت.

ئەم هەڵوێستە بێلایەنییە تایبەتییە واتای ئەوە ناگەیەنێت سیستەمە لیبڕالییەکە بەتەواوی بێلایەن بێت، خۆی لەدوو ڕوانینی گرنگدا وەها نییە. ڕژێمە لیبڕالە ڕۆژئاواییەکان لەسەر ئەو هەڵوێستەن، کەوا بێلایەنی پرینسیپێکی ڕاستودروستە تا حکوومەت و سیستەمی قانوونەییەکەی لەسەر ڕۆبنرێت.٢٩

ناکرێت لەلایەن ئەوانەی لە حکوومەتدا باڵادەستن ئەم بێلایەنییە هەڵبوەشێنرێتەوە. خۆئەگەر وەها نەبێت، ئەوا لیبراڵیزم ناتوانێت لەبەرهەمهێنانەوەی خۆی سەرکەوتوو بێت، ئاخر خۆ ئەوە ڕوو دەدا کاتێک دژەلیبراڵەکان یان گرووپێکی دژەلێبوردەیی لەڕێی دێموکراسییەوە دەسەڵات بگرنەدەست و بەرەو بنیاتنانی ڕژێمێکی نالیبراڵی هەنگاو بنێن. سیستەمە لیبراڵەکان لەوەدا بێلایەن نین کە پێشنۆرەییان داوەتە مافەکانی تاک بەوەی سنوورێک بۆ کۆمەڵ دابنرێت. لەبەر ئەم هۆکارانەش، کۆمەڵ و جڤاتە لاوەکییە نالیبراڵەکانی نێو بونیادی سیستەمی لیبراڵ هەست دەکەن لەگەڵ سیستەمی باوی لیبراڵیدا لە ململانێدان، هەروەها لەوەش دەترسن کە بەهاکانیان لەو بۆتە گشتییەدا دابشۆرێت.

تکایە ئەم دەقە هەڵەچنی کراوەیە:

پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە بێلایەنیی لیبراڵی، وەرچەرخانێکی ڕادیکاڵانەیە لەبەرانبەر ڕوانینی پێشتر بۆ دەوڵەت و بۆ قانوون. لە سایەی ڕوانینە کلاسیکییەکانی یۆناندا، دەوڵەت و قانوون ئاراستەکەر بوون بۆ برەودان بە چاکە و ژیانی کۆمەڵایەتی (هی ئەرستۆکرات و جەنگاوەران)؛ لە سایەی سەدەکانی ناوەڕاستیشدا وایان دەبینی کە ڕۆڵیان داهێنان و درێژەپێدانی ژیان و کۆمەڵی کریستیانییە لەسەر زەوی. لە هەردوو دۆخەکەدا، قانوون وەک ڕەنگدانەوەیەکی جەوهەری شێوازێکی چاکە و خێر و ژیانێکی هاوبەشی ئامانج هاوبەش بووە.

بەگوێرەی ڕوانینی لیبراڵیش، پێویست بە بوونی ڕێگەیەکی هاوبەشی ژیان ناکات کە باز بەسەر ئەو ڕێککەوتنەدا بدات کە بەهۆیەوە بۆ تاکەکان باشتر بێت ئەگەر لێیان بگەڕێن خۆیان و خواست و ئارەزووی خۆیان بن. ئیتر لەبری ئەوەی کۆمەڵێکی یەکگرتوو بێت کە بەهای هاوبەشی هەبێت، ئەوا کۆبوونەوەی تاکەکانە پێکەوە بەشێوەیەک کە بڕوانامەی دەستوەرنەدان لە کاروباری یەکتریان لە نێواندا بێت.

## بەراوردکردنی کۆمەڵگەرایی[10] بە لیبراڵیزم

ڕێگەیەکی دیکە بۆ تێگەیشتن لە لیبراڵیزم لەبەریەکڕانانیەتی لەگەڵ کۆمەڵگەرایی - لێرە بەدەستەواژەی

[10] Communitarianism

ساده ڕوون دەکرێتەوە-، ئەوەی بەشێوەیەکی باو لە ڕامانەی سیاسیدا بە دژەکەی دەناسرێتەوە.٣٠ خاڵی دەستپێکی کۆمەڵگەرایی کۆمەڵ/جڤاکە، نەوەک تاک. کۆمەڵ بەر لە بوون و مردنی تاکەکان پەیدابووە. کۆمەڵ خاوەنی بوون و قەوارەی خۆیەتی و لەوە زیاترە هەر بەتەنیا کۆمەڵبوونی تاکەکان بێت. کۆمەڵ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بۆ مانەوە هەیە، زۆریش لەوە جیاوازترە کە کۆمەڵبوونی بەرژەوەندیی تاکەکان بێت. کولتوور، زمان و مێژووی کۆمەڵ لانکەی سەرهەڵدان و پەروەردەی تاکە. ناسنامەی تاکەکان بە پێگەیان لەنێو کۆمەڵدا شێوە و بڕیاری خۆی وەردەگرێت. هزری باش و چاکەش هەر لە کۆمەڵەوە سەرهەڵدەدات و دەبێتە ڕێبازی ژیان. واتای ژیان بۆ تاک ڕۆڵی خۆیانە لەنێو کۆمەڵ و بەشداریی کارایانە لە ژیانی کۆمەڵدا، نەوەک بەدیهێنانی خۆییەتی و سەربەخۆیی تاکایەتی خۆیان. هەر بەڕاستیش تاکەکان ناتوانن نە سەربەخۆ بن و نە بڕیاریش لە چارەنووسی خۆیان بدەن، بەڵکوو ئەوان بوونەوەری کۆمەڵن کە دەیانهێنێتە بوون، خۆراکیان دەداتێ و دەیانخاتە سەر ڕێڕەوی ژیان لەنێو کۆمەڵدا. ئەو بژاردانەی لە دەستی تاکەکاندایە، ئەو جێگرەوە کۆمەڵایەتییانەن کە هەر کۆمەڵێک بەهای پێداوە. بەم جۆرە چەمک و لێتێگەیشتنی کۆمەڵگەڕایی بە چەندین شێوە پێشەنگایەتی دەداتە کۆمەڵبوونەکە نەوەک تاکەکان خۆیان.

قانوون لە سیستەمی کۆمەڵگەرادا ڕەنگدانەوەی بەها و بەرژەوەندییە کۆمەڵە. قانووندانایش پرسی دۆزینەوە یان ڕاگەیاندنی بەها و بەرژەوەندیی ژیان و کولتووری کۆمەڵە.٣١ قانوونیش بەهیچ شێوەیەک بێلایەن نییە، بەڵکوو پاڵپشت و سەلمێنەری ڕێگەی ژیان و بەرژەوەندیی کۆمەڵەکەیە. ئیدی لەگەڵ هەبوونی بەهای هاوبەشی بەربڵاو و قانوونی عورفیدا، پێویست ناکا قانووندانان باڵکێش یان قەبە بێت. ئاخر چارەسەرکردنی کێشەکان پشت بە ڕێساگەل نابەستێت بەقەدەر ئەوەی پشت بە سەلماندنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ دەبەستێت. لێرەدا ئەوەی شایانی سەرنجە؛ بەپێچەوانەی ئەو ترس و مشوورخۆرییەی لای لیبڕالەکان هەیە، لەوەی حکوومەت بەرەو ستەمکاری هەنگاو بنێت، ئەوا لە سیستەمی کۆمەڵگەرادا پێویست ناکا سنوور بۆ دەسەڵاتی حکوومەتدا دابنرێ. ئاخر خۆ دەوڵەت لەدژی تاکەکان نییە، بەڵکوو لەبری ئەوە درێژەپێدەری کۆمەڵە، بۆیە پێویست ناکات بۆ گەیشتن بە چاکەی گشتی دەستکەوتە گشتییەکەی سنووردار بکرێت.

## لیبڕالیزم و سەرمایەداری (کاپیتالیزم)

لەبەر هۆکارگەلێک سەبارەت بە بنەچە و ناوەڕۆکی لیبڕالیزم، ناوی تیۆریکی (ڕامانەیی) سیاسی بۆرژووازی لێ نرا. ئەم دەربڕینەش لەسەر زاری جۆن لوکەوە هات کە هاوزەمان بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی نوێی چینی بازرگانان لە شار و ئاواییەکانی ئینگلستانی.٣٢ هەروەک لە بەندی پیشوو ڕوون کرایەوە، بۆرژوازی کەوتە خەباتێکی دوورودرێژ لەدژی زێدەمافەکانی[11] خانەدانێتی، دژی قانوونەکان وەستانەوە، ئەو قانوونانەی ڕێگەی کار و چالاکییەکانیان لێ گرتبوون، هەروەها پێگەیەکی قانوونیشیان نەدابوونێ. ڕامانەیەکی (تیۆرییەکی) سیاسی تاکگەرایی کە داکۆکی لە ئازادی و مافەکان دەکات، نەخاسمە مافەکانی گرێبەست و موڵکدارێتی بە مافی فرۆشتنی کاری تایبەتیشەوە، هەروەک چۆن ڕامانەکەی (تیۆرییەکەی) جۆن لۆک وەهای کرد، ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی چینی بۆرژووازی بوو.٣٣ مافی موڵکایەتی بووە مایەی پاراستن و کەڵەکەبوونی سەرمایە؛ مافی کاریش بەرانبەر مزوکرێ سەری ئەو کۆتوبەندانەی خوارد کە سیستەمی دەرەبەگایەتی ڕێگر بوو بۆ دەستەبەرکردنی دەستی کار؛ ئازادیی گرێبەستیش ڕێگر بوو لەوەی حکوومەت دەست وەربداتە کاروباری گرێبەستی نێوان بازرگان و کرێکاران، هەروەها بازرگانەکان خۆبەخۆ؛ جێبەجێکردنی گرێبەستەکانیش بۆ ئاڵوگۆڕییەکان بووە پارێزبەندی.٣٤ سەرباری ئەمەش، بارزگانان پێویستیان بە پێشبینیی متمانە هەبوو بۆ پاراستن و درێژەدان بە گرێبەستەکان و مافی خاوەندارێتی بۆ ئەوەی ببێتە داردەستێک بۆ هەژمارکردنی سوودی چاوەڕێکراو لە سەودای بازرگانی و مسۆگەرکردنی بەرهەمی پڕۆژکانیان.٣٥

لەلایەن ئادەم سمیسیشەوە پشتگیری ئابووریی لیبڕالیزم کرا، ئەو کەسەی بە پێداگرییەوە دەیگوت ئەو تاکانەی لە بازاڕدا بەدوای بەرژەوەندییەکانیان دەکەون، ئەو بازاڕەی ڕێگە بە ئاڵوگۆڕی ئازاد و کێبڕکێ لەسەر نرخی کاڵاکان و کرێوە دەدا ئەوا (هەروەک ئەوەی دەستێکی نادیاری لەپشت بێت) دۆخێکی سوودمەند بۆ هەمووان دێنێتە ئارا. تاکەکانیش بۆیە سوودمەند دەبن، چونکە سەرقاڵی کار و بەرهەم و چالاکییەکی کێبڕکاری وەهان، کە بەگوێرەی خواست و ئارەزوو و تواناکانیانە. کۆمەڵیش سوودمەند دەبێت چونکە سامان قەبە و زیاد دەبێت: هەر ئەو کاڵایانە بەرهەم دێن کە سودیان بەدوایەوە و

[11] زێدەماف: ئیمتیازات، privileges

بڕی بەرهەمیش لەسەر خواستە و هاوڕێکییەکیش لەنێوان تێچوون و نرخ و چۆنایەتییەکی کاڵاکان هەیە، دابەشکارییەکەش بۆ ئەوانەیە بایەخی دەزانن (ئەو پێوەرەش بە خواستی کڕینەوە دەستنیشان دەکرێت). هەر شتێکیش پێ بەپێی سنووردارکردنەکانەوە نەیەتەوە، ئەوا ڕێڕەوی سزای ڕاستکردنەوەی سروشتی وەک شکستییەک بەدواوەیە. ئەم سیستەمی «ئازادی سروشتی»یە زۆر باڵادەستتر دەبێت لە نەخشە و پلانی حکوومەت، ئەو نەخشە و پلانەی ناکارایە ئەگەر ئەستەمیش نەبێت، ئاخر ئەوکات دەست بۆ مافی سروشتی خاوەندارێتی و گرێبەستی تاکەکان دەبات.٣٦

خەوشی سەرەکیی نەخشە و پلانی حکوومەت ئەوەیە کە لە توانایی و خواست و مەیلی دوولایەنی تاکەکان نازانێت؛ لە کاتێکدا بازاڕەکان لە ڕێی ئاڵوگۆڕی خۆبەخشانەی بێ سنووری تاکەکان وەک میکانیزمێک بۆ قەیدکردنی خواست و ئارەزووەکان دەکەوێتە گەڕ. بەم جۆرە پێویستە حکوومەت چوارچێوەیەک لە قانوونبۆ پاراستنی مافی خاوەندارێتی و گرێبەست دابنێت، هەروەها پێویستە سیستەمێکی نەختینەی دراوی ڕێکوپێک دابنێت تا کێبڕکێ و بازاڕی ئازاد بپارێزێت، لە باقی دەستوەردانەکانی دیکەش خۆی بەدوور بگرێت. بانگەوازی ئەم بیروبڕوایە کە ئاراستەی نەوەکەی خۆی کرد، هی مشتومڕکردن لەسەر نەبوو. ئەم بڕوایە بە ئەربابکاترانی گوت ئەو چاکەبەخشێکی میللیە، هەروەها بەپێداگرییەوە پێی گوت، کە چەند کەمتر سنوور بۆ هەوڵدان بۆ سەروسامانی لەپێش دابنرێت، ئەوەندە خۆی و هاوڕێکانی سوودمەندرتر دەبن.٣٧ بەڵگەوبەندە ئابوورییەکانیش ڕێگایەکی دیکەی هاندەرانە بوون بۆ ئەوەی تاک بەدوای خێر و چاکەی خۆیدا بگەڕێت، ئێستاش بۆ بەرژەوەندیی گشتی و بۆ بنیاتی حکوومەت و یاساکانە ئەم پەیڕەوکارییە ئاسان بکەن.

هەروەک وەسف کراوە، پەیوەندیی نێوان لیبڕالیزم و سەرمایەداری پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و گەرموگوڕە. لیبڕالیزم لەبارەی ئازادییەوەیە؛ هەرچی سەرمایەداریشە سیستەمێکی ئابوورییە لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی ئازادانەی ئابوورییەوە دامەزراوە. ئەو ئازادییەی لیبڕالیزمی سیاسی بانگی بۆ دەدات ئازادییەکی دەستنیشانکراو نییە، بەڵام ئاستێکی باڵای لیبڕالیزمی ئابووری لەخۆ دەگرێت. هەڵبەتە تاکەکان لەنێو کۆمەڵدا سەرقاڵی کار و چالاکیە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانن، کە ناکرێت بە یەکجاری لە یەکیان جیا بکەیتەوە. داهێنان، بەرهەمهێنان، کڕین و فرۆشتن، کەڵەکەکردن، بەکارهێنان لەنێو ئەو

شتانەن کە خەڵک لە جڤاکە سەرمایەدارەکاندا و لە ڕێڕەو و ڕۆیشتنیان لەگەڵ ئازادییەکاندا هەڵوەدای بەدەستهێنانیانن. ئیتر ئەو ئازادییەی کە لیبڕالیزم هەڵمەتی بۆ دەکات بە شێوەیەکی سەرەکی خۆی لە مەیدانی ئابووریدا دەبینێتەوە. ڕەوایە ئەو ئەنجامە بگوترێت، لیبرالیزم دەربڕی «ئەو ڕوانینە سیاسییەیە لەلایەن کاروکردەوەی بازاڕی سەرمایەداری داوا دەکرێت و ڕەوایەتیشی پێ دەدرێت.»٣٨

هەر بۆ دوورکەوتنەوە لە بەدحاڵبوونێکی باو، لیبرالیزمی سیاسی وەک پێویست پێ لەسەر ڕوانینی دەستوەرنەدانی حکوومەت داناگرێت.٣٩ هایک[12]، یەکێک لە داکۆکیکارە هەرە سەرسەختەکانی لیبڕالیزمی کلاسیک لە سەدەی بیستەمدا، ڕاشکاوانە ڕایگەیاندووە: «دیارە هیچ شتێک ئەوەندەی هەندێ لە بیستانڕنە[13] لیبڕالەکان زیانیان بە پرسی لیبڕالیزم نەگەیاندووە، ئەوندەی زۆر بەتوندی دەستیان بە پرەنسیپی دەستوەرنەدانی حکوومەتدا گرتووە.»٤٠ مشتومڕی هایک لەسەر ئەوەیە، وێڕای چەسپاندنی چوارچێوەیەکی قانوونی بۆ بازاڕ، ئەوا بەشداریی حکوومەت و ڕێکخستنی کاروباری بازاڕ شتێکی پێویستە نەخاسمە کاتێک ئامرازەکانی کێبڕکێ و نرخ بۆ دابیکردنی کاڵای گشتی و ژێرخان هەروەک دروستکردنی ڕێگاوبان و کاردانەوە بەرانبەر دارستان و پرسی پیسبوونی ژینگە دەرەقەت نایەن.٤١ ئەو پێداگرە لەسەر ئەوەی، «گومانی تێدا نییە لایەنی کەمیی خۆراک ، هەنوان[14] و جلوبەرگی پێویست بۆ باری لەشساغی و توانستی کار دەکرێت بۆ هەمووان مسۆگەر بکرێت.»٤٢ ئەو بۆ هێنانەکایەی سیستەمێکی دەوڵەتی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی تاکەکان لەدژی کارەساتەکان داکۆکیکار بوو.٤٣ کۆنسەرڤاتیڤە هاوچەرخەکان، ئەوانەی داوای کەمتر یان هەر نەهێشتنی ڕێخستنی قانوونی دەکەن، ئەو لێتێگەیشتنەی هایکیان لەبیر چووەتەوە، بەوەی دەوڵەتی لیبڕال ڕۆڵی جەوهەریی دەوڵەتی قانوون دەپارێزێت.

---

[12] Freidrich August Hayek (١٨٩٩-١٩٩٢) ، ئابووریناسی نەمساوی لە ١٩٧٤دا خەڵاتی نۆبلی لە بواری ئابوریدا وەرگرتووە. وەرگێڕ

[13] نووسەر دەربڕینێکی ئیدیۆمی لەم دێڕەدا بەکارهێناوە، کەمن وای بۆچووم ئەو ئیدیۆمە کوردییە کەدەڵێ :تۆ کاڵەکخۆری یان بێستانڕن پڕبەپێستم زانیوە: “Probably nothing has done so much harm to the liberal cause as the wooden insistence of some liberals on certain rough rules of thumb, above all the principle of laissez faire.”

[14] هەنوان : shelter

## هۆشدارییەکی کۆتایی

لەوانەیە کابرای لیبڕاڵ، ئەو کەسەی ئازادی بە بەنرخترین بەها دابنێت، لەو وێناکردنە لیبڕاڵییە هەراسان بێت کە قانوونبە پارێزەری گەورەی ئازادی دادەنێت. لیبڕاڵەکان وای دەبینن کە قانوونبە شێوەیەکی بەرفراوان بەسەر ئازادییەوە خۆسەپێنەرە. جیرمی بانتام[15] - خۆی لیبڕال نەبوو، بەڵام داکۆکیکارێکی سەرسەختی ڕوانینی ئاشکرا و ڕوونی قانوون بوو- سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ئازادی «شتێک نییە قانوون بەرهەمی بهێنێت. ئازادی بەبێ قانوون هەیە و لەڕێی قانوونیشەوە پەیدا نابێت.»٤٤ لیبڕالەکان بڕوایان وایە، کە قانوون دەبێت لایەنی کەمی مەرجی پێویست بۆ تەکوزیی[16] کۆمەڵایەتی دابنێت، هەر ئەمەش لە ئانارشیستەکان جیایان دەکاتەوە. لەوە زیاتر شتێکی دیکە نییە. لەو کاتە ئازادی هەیە کە قانوون بێدەنگ بێت.٤٥ قانوون کەمتر، ئازادی پتر. لەم ڕوانگەیەوە، قانووندانان بەچاوپۆشین لە بناغە دێموکراسییەکە بە هەڕەشە دادەنێت، دەوڵەتی قانوونیش خزمەتی قانووندانان دەکات؛ هەروەها مافەکانی تاکیش ئەوەندە کەمن ناپارێزرێن.

ڕامانەدارێژانی (تیۆریستانی) کۆمەڵناسیی مۆدێرن ئەوەیان ڕاگەیاندووە، کە «ڕەوایەتیدان» لە جڤاکە لیبڕالەکان هەرمێنی پەیدا کردووە، ئەمەش لەڕێی قانوونەکانی دەوڵەتەوە پێشهاتێکی بێپێشینەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، کە تا دێت بەرەو کاروباری تاکەکانیش دەکشێت.٤٦ خۆ ئەگەر بەڕاستی ئەمە بێتە دی، ئیتر ئازادی لە کۆمەڵە لیبڕاڵەکاندا بە چاوپۆشین لە هەبوونی ئەوەی پێی دەگوترێت پارێزبەندی یاسایی لەچاو زۆر لە ڕژێمە ڕەهاکانی پێشوو کەمترە، ئەوانەی ژمارەی یاساکانیان کەمتر و دامودەزگاکانیش لاوازتر بوو. لێ خۆ بە لایەنی کەمەوە دەکرێت ئەم خەتاباركردنە ڕەت بکرێتەوە، ئەمەش کاتێک دان بەوەدا بنرێت کە گونجاو نییە کۆمەڵی سەرمایەداریی نوێ لەگەڵ بارودۆخی ژیانی سادەی سەردەمی بەرێدا بەراورد بکرێت، بەڵام خۆ ئەم خاڵە شایستەی هەڵوەستەلەسەرکردنێکی جدییە. سەرباری ئەمەش، هۆشدارییەک لەبنەوە هەیە: بە گێڕانەوەی ئەو ڕامانە (تیۆرییە) ڕەوایانە دەستخەرۆ مەبە، کە بیر و زەینت بەلاڕێدا ببەن لەوەی دۆخەکە نموونەییانەتر و واقیعییانەتر تێبگەیت.

---

15 Jeremy Bentham (١٧٤٨-١٨٣٢) فەیلەسوف و قانووناس و چاکەخوازی کۆمەڵایەتی ئینگلیز. وەرگێڕ

16 تەکوزی: نیزام، order

## سەرچاوە و پەراوێزەکانی نووسەر


1. For accounts of liberalism which include many of these various aspects, see Harry K. Girvetz, The Evolution of Liberalism (New York: Collier Books 1963); Roberto M. Unger, Knowledge and Politics (New York: Free Press 1976).

2. See Jeremy Waldron, "Theoretical Foundations of Liberalism" 37 (No. 147) Philosophical Quarterly 127 (1987)

3. John Stuart Mill, On Liberty and Other Writings (Cambridge: Cambridge Univ. Press 1989) p. 16.

4. Ronald Dworkin, A Matter of Principle (Harvard: Harvard Univ. Press 1985) p. 191.

5. Isaiah Berlin, Four Essays on Liberty (Oxford: Oxford Univ. Press 1969) p. 129

6. Jean-Jacques Rousseau, The Social Contract (Middlesex: Penguin 1968) p. 65.

7. Ibid., p. 83.

8. Baron de Montesquieu, Spirit of Laws, edited by J. V. Pritchard, vol. 1 (London: Bell and Sons 1914) p. 161 (Book XI, s. 3).

9. Lawrence v. Texas, 123 S Ct 2472, 2475 (2003) (holding that homosexuals have a right to engage in private consensual sexual conduct free from government interference).

148 Notes to pages 35—43

10. Ian Shapiro, The Evolution of Rights in Liberal Theory (Cambridge: Cambridge Univ. Press 1985) p. 271.

11. Unger, Law in Modern Society, p. 191.

12. Joseph Raz, "The Rule of Law and Its Virtue," in Robert L. Cunningham, ed., Liberty and the Rule of Law (College Station: Texas A&M Univ. Press 1979) p. 4.

13. Hutchinson and Monahan, "Democracy and the Rule of Law," p. 100.

14. Quoted in Leoni, Freedom and the Law, p. 152.

15. Berlin, Four Essays on Liberty, p. 130. Berlin made a famous distinction between "negative liberty" and "positive liberty" that is different from but converges at certain points with my contrast between, respectively, private liberty and political liberty. To avoid a confusion of terminology, I have not referred to his distinction, informative as it is.

16. Ibid., p. 118—72.

17. Ibid., p. 166.

18. Immanuel Kant, Metaphysical Elements of Justice, 2nd edition, translated by John Ladd (Indianapolis: Hackett Publishing 1999) p. 120—21.

19. See Leoni, Freedom and Law.

20. Pipes, Property and Freedom, p. 231.

21. See Immanuel Kant, Political Writings (Cambridge: Cambridge Univ. Press 1991) p. 79.

22. John Gray, Liberalism, 2nd edition (Minneapolis: Univ. of Minneapolis Press 1995) p. 17—25.

23. This account of the Enlightenment and its implications is informed by a number of texts, predominantly Ernst Cassirer, The Philosophy of the Enlightenment (Princeton: Princeton Univ. Press 1951); Carl Becker, The Heavenly City of Eighteen Century Philosophers (New Haven: Yale Univ. Press 1932); Peter Gay, The Enlightenment: The Science of Freedom (New York: Norton & Co. 1996); Norman Hampson, The Enlightenment (London: Penguin 1990); Isaiah Berlin, The Roots of Romanticism (Princeton: Princeton Univ. Press 1999).

24. See Thomas Munch, The Enlightenment: A Comparative Social History (London: Arnold 2000) p. 132–42.

25. Isaiah Berlin, The Crooked Timber of Humanity (Pinceton: Princeton Univ. Press 1990) p. 40.

26. See Hampson, The Enlightenment, p. 73–127.

27. See John Gray, The Two Faces of Liberalism (Cambridge: Polity Press 2000).

28. See Shapiro, The Evolution of Rights in Liberal Theory, p. 282–84.

29. See Stephen Mulhall and Adam Swift, Liberals and Communitarians (Oxford: Blackwell 1992) p. 9–33; Ronald Dworkin, "Liberalism," in A Matter of Principle (Cambridge, Mass. Harvard Univ. Press 1985).

30. See Mulhall and Swift, Liberals and Communitarians.

31. In legal theory this view of law was known as historical jurisprudence, most prominently expressed in F. von Savigny, Of the Vocation of Our Age for Legislation and Jurisprudence (New York: Arno 1983).

32. The two most elaborate accounts of this connection are Harold J. Lasky, The Rise of European Liberalism (New Brunswick: Transaction 1997) and C. B. Notes to pages 43–49 149 Macpherson, The Political Theory of Possessive Individualism (Oxford: Oxford Univ. Press 1962).

33. Lasky, The Rise of European Liberalism, p. 161–96.

34. See Poggi, The Development of the Modern State, p. 119.

35. See Weber, On Law in Economy and Society, p. 39–40; David Trubek, "Max Weber on Law and the Rise of Capitalism," [1972] Wisconsin Law Review 720.

36. See Lasky, The Rise of European Liberalism, p. 175–91; Robert L. Heilbroner, The

Worldly Philosophers (New York: Touchstone 1981) p. 42–74.

37. Lasky, The Rise of European Liberalism, p. 181.

38. Shapiro, The Evolution of Rights in Liberal Theory, p. 303.

39. See Macpherson, The Political Theory of Possessive Individualism, p. 57–59.

40. F. A. Hayek, The Road to Serfdom (Chicago: Univ. of Chicago Press 1944) p. 21.

41. Ibid., p. 44.

42. Ibid., p. 133.

43. Ibid., p. 134.

44. Jeremy Bentham, "Bentham Manuscripts, LXIX", 44, quoted in A. J. Ayer and Jane O'Grady, eds., A Dictionary of Philosophical Quotations (Oxford: Blackwell 1992) p. 48.

45. Hobbes made this point. See Shapiro, The Evolution of Rights in Liberal Theory, p. 39.

46. See Brian Z. Tamanaha, Realistic Socio-Legal Theory: Pragmatism and a Social Theory of Law (Oxford: Clarendon Press 1997) p. 123–27

تێبینی: سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە بەندی سێیەمی ئەم کتێبەیە:

Brian Z. Tamanaha, On the Rule of Law, History, Politics, Theory, Cambridge university Press, 2004.

# ڕێنێسانس و دۆخی کوردبوون



# مەحاڵبوونی ڕێنێسانس لێرە و لە ئێستادا

فاروق ڕەفیق
سکۆڵەری بواری فەلسەفە



ڕێنێسانس (Renaissance) چەترەچەمکێکە کە لەژێر سایەیدا چەندین چەمک و زاراوەی دیکە دەشێ ببینرێنەوە یا جێبکرێنەوە، لەچەشنی (Revival - ژیانەوە)، (Rebirth - لەدایکبوونەوە بۆ جارێکی دیکە) و (Renewal — نوێکردنەوە)، هۆرێزان، ڕاپەڕین، زیندووکردنەوە، جارێکی دیکە بەبەرداکردنەوەی گیان یا ژیان، چوست و چالاکبوونەوەیەکی سەرلەنوێ، گۆڕینی مۆدێل یان پارادایمی باو بە نیاز و مەبەستی هێنانەکایەوەی دید و تێڕوانین و هەڵسوکەوتی نوێ و پێشتر نەبوو، هەروەها بووژاندنەوەی هزر و دنیابینییەکی پێشتر گەشاوە و باڵادەست.

ڕێنێسانس وەک کات (زەمەن یا سەردەم) بریتییە لە قۆناغێکی تایبەتی لەناو ترادیسیۆنی ئەورووپیدا کە لە ناوەڕاستی سەدەی چواردەهەمەوە دەست پێدەکات تاکوو سەرەتاکانی سەدەی هەڤدەهەم، کە لەو ماوەیەدا وزەیەکی نوێ و چڕوپڕییەکی دیاری ئایدیا و بیرۆکەکان و دنیابینییە فەلسەفی و هونەری و ئەدەبییەکان خۆیان نومایش کرد، لەپاڵ سەرهەڵدانی کەڵکەڵەی نوێ و گریمانەی نوێ و پرۆژەی نوێ و بیرکردنەوەی نوێ لە شێوازی هەم بیرکردنەوە و هەم ژین و ژیان، شێواز و تەرزێکی نوێ بە چاوبڕین لە (Classical Antiquity) کولتوور و زەمەنی دێرین یان کلاسیک. مەبەست لە کلاسیک بریتییە لە شارستانێتیی یۆنان و ڕۆم لە شەش سەدەی پێش زایینەوە تاکوو کۆتاییهاتنی ئیمپراتۆرییەتیی ڕۆم (Roman Empire)؛ (بەشە خۆرئاواییەکەی لە ساڵی ٤٧٦ ز. کۆتایی هات، بەشە خۆرهەڵاتییەکەی لە ساڵی ١٤٥٣ ز. کۆتایی هات).

ئەو قۆناغە، واتا ڕێنێسانس، قۆناغی داهێنانی نوێ بوو لە کولتوور و هونەر و پەروەردە و فێربووندا کە لە ئیتاڵیاوە دەستی پێکرد و دواجار کیشوەری ئەورووپای گرتەوە. بە واتایەکی دیکە، دەوڵەت-شارەکانی ئیتاڵیا جوگرافیا و سەکۆکانی ئەو گۆڕینانە بوون. هەرچەندە ئیمپراتۆرییەتیی ڕۆمانی (خۆرئاوایی) ٤٧٦ ز. کەوت، بەڵام شارە مەزنەکانی ئیتاڵیا گیانی سالمیان دەرکرد. ئەوەی گرنگە لەو شارانەدا چینێکی پیشەوەری سەربەخۆ و بازرگانە سەربەخۆکان هەبوون لە دەرەوەی دەسەڵاتی میرەکان، کە ئەمە بووە مایەی هاتنەکایەوەی هەلومەرجێکی نوێی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی. تاکوو سەرەتای سەدەی سیازدە، زۆربەی شارەکانی ئیتاڵیا لە ڕووی سیاسییەوە سەربەخۆ بوون لە میرەکان (Lords) و هەژموونیان بەسەر بەندەر و زەوییە دوور لە ڕووبارەکاندا پەیدا کرد.

لەم هەلومەرجەدا، دەسەڵات لەو شارانەدا کەوتە دەست ئەوانەی ناوزەد دەکران بە (Popoli Gros-si)؛ خەڵکی قەڵەو، کە ئاماژەیە بە کەسانی خاوەن سەروەت و سامان و دەستەبژێرێک بازرگان کە دەستیان بەسەر سیاسەتدا گرتبوو لە قۆناغی دەرەبەگایەتی و ڕێنێسانسدا لە دەوڵەت-شارەکانی ئیتاڵیادا، لەبەرانبەر (Popoli Minuto) خەڵکی بچووک و گرگن. کولتووری خەڵکی قەڵەو زۆرتر تێیاندا ڕووپامایی باو بوو، سیاسەتکردن بە هەمان شێوە. لەبەرئەوەی ناونیشان و نازناوی «جوامێر» یا «میر» زۆر شوێنی گرنگپێدان نەبوون، ناو و ناوبانگی خێزان و پەیوەندییە خێزانییەکان زیاتر شوێنی سەرنجدان بوون، بەڵام لە هەمان کاتدا سەبارەت بە دەستەبژێری کۆمەڵایەتی، ڕێز یان شەرەف (Honor) زۆر شوێنی بایەخدان بوو، لێرەوە کەمترین تانەلێدان لە ناو و ناوبانگی خێزانێک بەس بوو بۆ بەریەککەوتنی دوو خێزان. وێڕای ئەوەش، یەکێک لە ڕەهەندەکانی ناسنامەی ئەم چینە «خەڵکی قەڵەو» بریتییە لە ڕێکخستنێکی ئاشتییانەی سیاسی لەسەر ئاستێکی باڵا تاکوو بەرژەوەندییەکانیان پارێزراو بێت. لەبەرئەوە خۆیان دەپاراست لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەستەویەخە و جەختیان زیاتر لەسەر پەروەردە و کولتوور و ئەدەب و هونەر و زانست و بەخششی خوێندن (Scholarship) بوو. گەر لە شوێنەکانی دیکە جوامێرەکان دەرگیری جەنگ و هونەری جەنگ دەبوون، ئەم چینە لەم دەوڵەت-شارانە سەرقاڵی ئەوە بوون کە سەروەری نیشان بدەن لە هونەر و لە بیرکردنەوەدا، لەپاڵ نیشاندانی زەوق و سەلیقەیەکی تەواو نوێ. بۆ نموونە، شارێکی وەکوو فلۆرانس، کە سیستەمەکەی کۆماری بوو و خاوەنی شێوازێکی حوکمڕانیی مەدەنی بوو (Civic) کە تێیدا هاوشارییەکان دەنگیان لەسەر یاساکان دەدا و خۆشیان لە پۆستە سیاسی و ئیداری و مەدەنییەکاندا بەشدار دەبوون، خزمەتیان دەکرد بۆ کاتێکی دیاریکراو. تاوەکوو ساڵی ١٤٥٣ ز. دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە دەستی خێزانێکدا بوو بە ناوی (Medici Family) کە خێزانێک بوون لە سێکتەری بانکدا باڵادەست بوون، لەژێر دەسەڵاتی «کۆسیمۆ دی میدیچی» و کوڕەزاکەی «لۆرێنزۆ»ی قەشەنگ (Magnificent).

گریمانەیەکی بنەڕەتیی ڕێنێسانس وەک کۆیەک بریتییە لەو تێڕوانینەی کە قۆناغی کلاسیک (یۆنان-ڕۆم) سەرچاوەیەکی بەهاداری ناوازەیی بوو، کە قۆناغی دارزیوی سەدەکانی یازدە و دوازدە -کە بەشێک بوون لەو ناونانەی دواییتر کە هاتنە سەر زاران بەناوی سەدەکانی ناوەڕاست، یاخود

سەردەمی چەقبەستن، یا سەدەکانی سەرەولێژبوونەوە، یا سەردەمی پەککەوتنەکان- کە خودی ئەو جووڵانەوەیە، نوێبوونەوەیە، لەدایکبوونەوەیە، چاوی لە جێهێشتنی بڕیبوو، نەک بە مانای گەڕانەوە بۆ یۆنان بەڵکوو بە مانای چاوبڕین لە ئایندە، بە وەرگرتنی وزە و زاد لە مۆدێلی کلاسیکەوە. ئەوەش زەمینەسازییەکی گەورەی بۆ وەرچەرخانێکی گەورە دروست کرد، بەتایبەتی بۆ گۆڕین و وەرچەرخانی کولتووری و فیکری و فەلسەفی و زانست، بگرە زەمینەسازی بۆ شۆڕشە زانستییەکانی سەدەکانی دوایی کرد. هەروەها لە بواری لێکۆڵینەوەی کولتووری و زمانەوانی و ئەدەبیدا جووڵە و بزاوتێکی بەرفراوانی خستە ناو لێکۆڵینەوە یان خوێندنەوەی تێکستە دێرینەکان (Ancient texts) و ڕاڤەکردنیان. یەکێک لە نیشانە و ئاماژە گرنگەکانی فەلسەفە لە قۆناغی ڕێنێسانسدا بریتی بوو لە زیندووڕاگرتنی خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی دەقە فەلسەفییە بنچینەییەکانی فەلسەفە؛ ئەفلاتوون و هیومانیزم و فەلسەفەی هێلینیستی و فەلسەفەی سروشتی، دیارە لەپاڵ ئەوانەشدا بیرکردنەوە و خوێندنەوەیەکی نوێی ئەرستۆ.

بۆ گرنگیی فەلسەفە لەو قۆناغەدا بڕوانە ئەم سەرچاوە بەنرخە:

The Cambridge Companion to Renaissance Philosophy

Edited by James Hankins 2007

فەیلەسوف و بیرمەندان و هونەرمەندانی ڕێنێسانس ئاگایانە ئەو بانگەشەیەیان ڕادەگەیاند کە ئەوان چاو لە زیندووکردنەوە و (Reviving) و وزەبەخشینەوەن بە ترادیسیۆنێکی بزر بوو، یان خامۆش بوو، یان لەبیرکراو و فەرامۆشکراوی ترادیسیۆنی یۆنان و ڕۆم کە هەمەچەشن بوو، پێکهاتووە لە فەلسەفە و شیعر و داستان و ڕەخنە و فەلسەفەی سروشتی و دراما و هونەرە جوانەکان.

لە سەرەتاوە ڕێنێسانس وەک هەوڵێک بۆ چاولێکردن یا زیندووکردنەوەی زانست و فەرهەنگ و فیکر و سکۆلەرشیپ (Scholarship)ی گریک و ڕۆمانی بوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و بە دەوڵەمەندبوونی بزاوتەکە و پرۆژەکە، بیرمەندان و هونەرمەندانی ڕێنێسانس کەوتنە سەر ڕێچکەی خۆیان و چاویان لەوە بڕی کە ببنە داهێنەرانێکی سەربەخۆ (یان) لەسەر ڕێگا و مۆدێلی خۆیان، کە مانای ڕێنێسانسیش لەم بەشەیدا فۆرمیلە بوو. ڕێنێسانس تەنیا مانای بووژانەوە و زیندووکردنەوە و لەدایکبوونەوە ناگەیەنێت، بەڵکوو چاوبڕین لە مۆدێلێکی ڕابردوو و داهێنانی داهاتوو یا مۆدێل

یا پارادایمێکی نوێی بیرکردنەوە و شێوازی ژیان. لەنێوان سەرباسە جیاواز و هەمەچەشنەییەکانی بیرکردنەوەی ڕێنێسانسدا ڕەنگە هیومانیزم (Humanism - مرۆڤپەروەری و مرۆڤدۆستی) کە ڕەوتێک بوو لە هونەر و ئەدەب و فیکر لە قۆناغی ڕێنێسانسدا بۆ زیندووکردنەوەی کەلەپووری کلاسیک لە چاخی ڕاپەڕیندا، دوای ئەوەیش لە سەدەی هەژدەهەمدا لەسەر بونیادی جەختکردنەوە لەسەر بەهای هزری مرۆڤدا جارێکی دی پەیدابووەوە، گرنگترین پارادایمی ئاوەزمەندی بووبێت کە تێیدا جەخت لەسەر جوانی و مەرکەزییوونی مرۆڤایەتی و پێداگری لەسەر مرۆڤبوون لە گەردووندا گرتبێت. مرۆڤدۆستەکان (هیومانیستەکان) پێداگرییان دەکرد لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ خۆڕسکانە ئاوەزمەندە (Rational)، قەشەنگە، جوامێرە، لەجیاتی ئەوەی کە لاواز بێت یا شەڕانگێز. لەم گۆشەنیگایەوە چاویان لە جوانیی جەستە بڕی لەناو هونەردا، عەقڵی مرۆڤ و دەستکەوتەکانی مرۆڤ لە کایە جیاوازەکانی مەعریفە و هونەر و ئەدەبدا.

«مرۆڤدۆستیی ڕێنێسانس دواجار بووە ڕەگوڕیشەی چەمکەکانی تاک و تاکگەرایی، پەروەردە بە نیازی پەروەردەکردنی تاکێکی باش پەروەردەبوو، تاکێکی سەربەخۆی جوامێر کە ڕیشەکەی دەگەڕایەوە بۆ پایدیای یۆنانی، پەروەردەی لیبراڵی کلاسیک».

ئەوەی تا ئێستا ئاماژەمان پێدا، ئەو ڕەوتە یا بەستێنە ئەورووپییەکەی ڕێنێسانسە کە ئێمە وەک توێژەرەکان لێوەی دەست بەکاربین و ڕۆبچینە گشت باس و خواسەکانی پەیوەندیدار بە ڕێنێسانسەوە. بەڵام ئێمە لێرەدا و لەم باسەماندا نیگەرانیی دیکەمان هەیە، سەرقاڵی دەغدەغەی دیکەی زۆر تایبەتین بە جڤاتی کوردییەوە؛ بە مانایەکی دیکە، ئێمە لێرەدا دەمانەوێت لە بەستێنێکی زۆر تایبەت بە جڤاتی کوردییەوە لە ڕێنێسانس بدوێین، شەنوکەوی بکەین. دیارە لەبەرئەوەی کە شتێک نییە بە ناوی ڕێنێسانسەوە لەم ناوچەیە و بەتایبەتیتر لەناو نووسین و جڤاتە کوردییەکاندا، کەواتە ناڵێین ڕێنێسانس چییە، بەڵکوو دەڵێین گەر هەبێت دەشێ و دەبێت چۆن بێت؟ یان بە مانایەکی دیکە، ڕەوایە خەون بە ڕێنێسانسێک لەنێو پاشاگەردانیی ئەم کولتوورە و لەناو ئاژاوەی نووسینی کوردیدا -کە خاوەن خەسڵەتی ئاوەزمەندی نییە- ڕەوایە چاو لە سەرڕێگاخستنی ڕێنێسانسێک ببڕین؟ کەوایە ئەگەر ڕێنێسانسێکی کوردییانە، کوردانە، سەر بە جڤاتی کوردی سەرڕێگا بخەین، چۆن دەبێت؟

مەراقی من وەک توێژەرێک لێرەدا مرۆڤی کوردە، بگرە موسڵمانیش یا ئیسلامیش نییە، چونکە من تێگەیشتووم لە ئیسلامدا نە ڕیفۆرم، نە چاکسازیی ئایینی دەکرێت و نە ڕێنێسانسێک لە ئیسلامدا سەرهەڵدەدات وەک پارادایمێک، بگرە ئیسلام شوێنی خەفەکردنی هەر هەوڵێکی عەقڵییە، هەر خەونێک بە ڕێنێسانسەوە، چونکە وەک دنیابینی و لەڕاستیدا وەک ئایدۆلۆژیا دژە لۆگۆسە، واتا دژە ئاوەز و دژە ئازادییە، دژە مرۆڤە، دژە ژیانە، لە هەمووی سەیروسەمەرەتر دژە ئایینە؛ واتا ئیسلام ئایین نییە بەڵکوو کەڵتێکی سیاسیی مەرگپەرستییە. هەروەها لە یادمان بێت ئیسلام دژە ئەخلاقە (واتا دژە ئاکارە)، بەو مانایەی کە هیچ پرەنسیپێکی ئاکاری-ئەخلاقی لەناو ئەم کەڵتەدا نابینیتەوە، بەڵام بەئاسانی لە شەریعەتدا هەموو ڕەزیلەت و بۆچوونە نا-ئەخلاقییەکان دەبینیتەوە.

ئەم وێناکردنە و ئەم ڕایەی کە لە چەند دێڕێکدا تەعبیرمان لێکرد، کرۆکی کێشەکەیە. ئاریشە و کێشەی نەک غیابی ڕێنێسانس، بەڵکوو مەحاڵبوونی ڕێنێسانس لە هەر شوێنێک کە بە چەند گرێیەکەوە بە ترادیسیۆنی ئیسلامییەوە پەیوەست کرابێت، یا پەیوەندییەکی ئایینی و کولتووری و ئیمانیی هەبێت. بە ڕاست و ڕەوان و بەڕاشکاوی لەسەر ئەو قەناعەتە زانستی و فەلسەفییەم پێداگری دەکەم کە ئایین لێرەدا، واتا ئایینی ئیسلام، کۆسپ و تەگەرە گەورەکەی بەردەم ڕێنێسانس و نوێبوونەوە و بزاوتی ڕۆشنگەرییە و تەنیا دەریچەیەک بۆ ڕزگاری ئابڵوقەدانی ئایینە، وەرنەگرتنی ئایینە وەک لایەکی هیچ هاوکێشەیەک؛ نە هاوکێشەی فیکری، نە مەعریفی، نە ئەخلاقی، نە قانونی، نە سیاسی، نە ژیاری، نە فیقهی و نە فەرهەنگی. بەڵکوو کۆکردنەوەی ئایین -لەم کەیسەدا ئایینی ئیسلام- تەنیا و تەنیا لە ئازادیی ئاییندا، واتا ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە ئایینە وەک ئازادییەکی تاکەکەسی بتوانن باوەڕیان پێ بێت، بتوانن مومارەسەی بکەن، بەڵام لە دەرەوەی مومارەسەی قانونی، سیاسی و فەرهەنگی؛ بە مانایەکی دیکە لەناو جوگرافیا و بەستێنی فەزا و دونیای تاکەکەسدا و لە دەرەوەی فەزای گشتی و بوارە گشتییەکان. هەمیشە ئەو ڕاستییە مەعریفییە و ئەو ڕاستییە ئەخلاقییە تۆخ بکرێتەوە کە چۆن پێداگری دەکەین لەسەر ئازادیی ئایین، بە هەمان تۆن و بە هەمان شێواز و بە هەمان سەنگینی لەسەر ئازادییەکەی دیکە -کە زادەی بزاوتی ڕۆشنگەری و فەلسەفە و شۆڕشە زانستییەکەمانە- ئەویش ئازادبوونە لە ئایین. چۆن کەسێکی خاوەن باوەڕ ئازادە لەوەی باوەڕی ئایینیی

تاکەکەسیانەی هەبێت، مرۆڤەکانی دیکەش دەبێت ئازاد بن لەوەی کە ئایینیان نەبێت؛ واتا بژین لە دەرەوەی جوغز و فەزاکان و پراکتیکەکان و سرووتەکانی هەر ئایینێک. هەروەها سیاسەت یا ئەتەکێتی (Political Correctness)، واتا لیاقەی سیاسی، ڕاستبوونی سیاسییان بەسەردا نەسەپێنرێت. (Political Correctness) واتا (Conformity)؛ هاوڕێڕەوی، واتا کردار و گونجاندن (نواندن) بەگوێرەی ڕێکەوتنێکی ئایدۆلۆژی.

ڕاستبوون یا دروستبوونی سیاسی واتا باڵادەستی و هەژموونی بۆچوونێکی ڕادیکاڵ بۆ دوورەپەرێزیکردن لە هەر کردار و تەعبیرێک کە ببێتە مایەی پەراوێزخستن یا ئیهانەکردنی کەسان و گرووپی دیکەی ناو جڤاتەکە، واتا غیابی (offend)؛ بریندارکردنی هەستی بەرانبەر. هەروەها ڕاستبوون یان دروستبوونی سیاسییانە زاراوەیەکە بەکاردێت لەناو گوتارە کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و میدیاییەکاندا بۆ وەسفکردنی زمان، پۆلەسییەکان (سیاسەتەکان)، یاخود یا هەروەها ئەو پێوانە و ڕێگا و شوێنانەی کە دەگیرێنە بەر بۆ بریندارنەکردنی هەستی ئەوانی دیکە. گەر ئەوە وەسفی ئەو زاراوەیە بێت، بەڵام لە واقعدا (Political Correctness) واتا گونجاندن، لەبنەڕەتدا بریتییە لە ئامرازێکی فاشیستیانەی لیبراڵەکان، یاخود ئەو قۆناغەی کە تێیدا لیبرالیزم بەتەواوی بۆگەن دەکات و هەموو ئەگەرە ئەخلاقی و عەقڵی و جوانناسی و زمانەوانییەکان بەرەو کەوتنێکی شەرمئاوەرانە گلۆر دەبنەوە. گونجاندن لێرەدا واتا بیرنەکردنەوە، بەتەواوی پێچەوانەی ڕێنێسانسە. ڕێنێسانس بریتی بوو، هەروەها بریتییە لە بزێویی فیکری و مەعریفی، ڕێنێسانس بریتییە لە چەندین فۆرمی گومانگەرایی؛ «مەعریفی-فەلسەفی»، گومانگەرایی ئەخلاقی کە هەموو ئەمانە دەبنە مایەی ڕووشاندن و بریندارکردنی دۆگماکان و بیروڕا چەقبەستووەکان و هەستە لەرزۆکەکان.

تا سنووری مەحاڵبوون ڕێنێسانس لە بەستێنی کوردی یا جڤاتی کوردیدا مەحاڵە، ئەوەش لەبەر ئەو هەموو ئاستەنگە مەعریفی و سیاسی و فیکری و ئەخلاقی و ژیارییانەی کە ئامادەییەکی مێژوویی و کردارەکییان هەیە، ئەمە لەپاڵ غیابی پاڵنەرە پێویستە ژیاری و مەعریفی و ئەخلاقی و ئاوەزمەندییەکان کە بە ناچاری ئاماژەیان پێ دەدەین. دیارە وەک سەرەتا ئەوە بڵێین کە ڕێنێسانسێک کە لە بیرکردنەوەماندایە یا شوێنی بیرکردنەوەمانە و

ناچارییەکی عەقڵی و ئەخلاقییە، کۆپییەکەی ئەزموونی خۆرئاوا نییە، بەڵکوو بگرە جەختکردنەوە لەسەر کۆمەڵێک پرەنسیپ و بەها و وەزیفەگەلێکی کایە جیاوازەکان کە بە ناچاری هەم لەو مۆدێلە خۆرئاواییەدا هەبوون، هەم دەبێت لە هەر مۆدێلێکدا هەبێت کە بتوانێت ببێتە هەڵگری ناوی ڕێنێسانس یا ژیانەوە، بووژانەوە، لەدایکبوونەوە، یا ڕاپەڕینی عەقڵی.

با سەرەتا قسە لەسەر ئاستەنگە مەعریفی و تیۆری و ژیارییەکان بکەین لەبەردەم ڕێنێسانسێکدا، ژیانەوەیەکدا، نوێبوونەوەیەکدا، ڕاپەڕینێکی فیکری و مەعریفی و ژیاریدا لەناو جڤاتی کوردی و لەنێو نێوەند و فەزای ڕۆشنبیری و سیاسی و فیکریی کوردیدا. یەکەم هەڵدێر، یەکەم بەربەست بریتییە لە بزربوونی کانوونێکی فەرهەنگی کە وەک مۆدێلێک یان پارادایمێک لەوێ بوونی هەبێت بۆ چاولێبڕین، بۆ وەرگرتنی ماهیەت و ئیحا و وەحی و ئیلهام بۆ ڕەفتارنواندن، کارکردن، نەک بە لاساییکردنەوە وەک ئەوەی کە لە مۆدێلەکەی ڕێنێسانسەکەی ئیتاڵیا یاخود خۆرئاوا یا ئەورووپادا ڕووی دا، ئەویش چاوبڕین لە کانوونی فەرهەنگیی کلاسیک (یۆنان و ڕۆم وەک کۆیەک، وەک ترادیسیۆنێک، وەک کانوونێکی فەرهەنگیی خاوەن دنیابینی و هونەر).

هەبوونی میراتێک و سەیرکردنی وەک مۆدێلێک بۆ چاولێکردن خۆی لەخۆیدا کافی نییە، ئەوەی گرنگە لەو مۆدێلەدا دەبێت بوونی هەبێت دینامیکیەتی هەم لۆگۆس و هەم ئیرۆسە، غیابی عەقڵ و عەشق ئەو ترادیسیۆنە دەکاتە میراتێکی مردوو، بێڕۆح، بێگیان. گەر میراتێک هەبێت بێڕۆح، بێ دینامیکیەتی عەقڵ، بێ گەرموگوڕیی مشتومڕی عەقڵی و فیکری و بێ هەبوونی فەزایەکی ئازاد بۆ گفتوگۆکردن و دیالێکتیک و هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوە.

لە بەستێنە عەرەبی-ئیسلامی-فارسییەکەدا هاوکێشەیەکی مردوو، هاوکێشەیەکی لەکارکەوتوو، هاوکێشەیەکی کارنەکردووی مەعریفی-مێژوویی-کوولتووری هەیە کە «بوون بە هێز» (وجود بالقوة) بووەتە ڕێگر و ئاستەنگ لەبەردەم بیرکردنەوە و گۆڕانکاریدا، ئەویش هاوکێشەی میرات (کەلەپوور) لەبەرانبەر هاوچەرخێتیدا (تراث - معاصرة). ئەم هاوکێشە موزەیەفە، درۆزنە، ڕۆژگارێکی زۆر وێردی سەر زمانی ڕۆشنبیران بوو بەبێ ئەوەی یەکێکیان پەی بە درۆ و ساختەچێتیی خودی هاوکێشەکە و تەڵزگەکە بکەن و هۆشیار ببنەوە یان ئاگادار ببنەوە لە مەوداکانی هەموو درۆ و ساختەچێتییە فیکری

و مەعریفییەکانی کە ئەم تەڵزگەیە، ئەم هاوکێشە درۆزنانە لەخۆی دەگرێت یا دەیەوێت گوایا نیشانی بدات، کە هیچ نییە جگە لە زەیفێکی مەعریفی.

هاوکێشەی میرات (کەلەپوور) - هاوچەرخێتی هاوکێشەیەکی ساختەیە و دوورە لە خستنەڕووی پرسیارە سەرەکییە وجوودی و ژیارییەکانی جڤاتێکی دیاریکراو. بۆ نموونە، کاتێک کە عەرەب یا موسڵمانە عەرەبەکان ئەم پرسیارە -ئەم هاوکێشەیە- دەخەنە ڕوو، بزانن یا نەزانن، مەبەستیان بێت یان نا، گیروگرفتێکی مەعریفی-فیکری-ژیاری دروست دەکەن. لەبەرئەوەی لەلایەکەوە ئەوەی ئەوان ناوی دەنێن کەلەپوور -توراس- یا ترادیسیۆنی فیقهی-ئیسلامی، بارستەیەکە-قەبارەیەکە لە بێڕۆحی، جمود، مردوویێتی، بیرنەکردنەوە، کەڵەکەبوونی دید و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی نائاوەزمەندی و نازانستی، بگرە دژە زانستی و دژی لانی کەمی ئاوەزمەندی.

بە هەڵاواردنی قۆناغێکی زۆر زوو تێپەڕبوو کە قۆناغی بەیۆنانیکردنی ئەو ترادیسیۆنە بوو، کە دواجار بەتەواوی ڕەت کراوەتەوە، ڕمووزەکان، کەسەکان ڕسوا کراون؛ وەک فارابی، ئیبن سینا، ئیبن ڕوشد، یان تیرۆر کراون. کەواتە چەقبەستوویی بیر و ڕا و دۆگما ناتوانێت لایەکی هیچ هاوکێشەیەک پێکبهێنێت. هەموو گەڕانەوەیەکیش بۆ ئەو میراتە چەقبەستووە، گەڕانەوەیە بۆ ئەو تراژیدیای مەرگ و تیرۆرکردنەی عەقڵ کە ناوی ئیسلامی لێنراوە؛ کۆتاییهێنانە بە هەر خەونێک، هەر هەوڵێک بۆ نوێکردنەوە یان هەوڵێک بۆ دەربازبوون لە تەڵزگەکانی کە ئەو ئایینە داخراوە بەدوور لە بیرکردنەوەیە خستوویەتییە ڕوو، دیارە وەک کۆسپ و تەگەرەیەکی هەم مەعریفی هەم ژیاری خستوویەتییە ڕوو کە دەربازبوون لێی تا سنووری مەحاڵ دەڕوات.

کەواتە کەلەپوور-توراس نابێت لایەکی هیچ هاوکێشەیەک بێت، ئەوە جگە لەوەی بیرۆکەی گەڕانەوە بۆی، خۆی دروستکەری ئەو مەرگەساتەیە -ئەو کارەساتە ژیارییەیە- کە مرۆڤی موسڵمانی تێدا دەژی، یا ڕاسترە بڵێین تێیدا ڕۆژانە دەمرێت. توراسی ئیسلامی-ترادیسیۆنی ئیسلامی بۆ ئەوە ناشێت بخوێنرێتەوە، دیالۆگی لەگەڵ بکرێت، لەتەکیدا لە ڕووی مەعریفییەوە لەتەکیدا دەرگیر بیت گەرچی بەنیازی ڕەخنەکردنی بێت، یەک مامەڵە، یەک هەڵوێست بەرانبەری لە ڕووی ئاوەزمەندی و ئەخلاقی و ژیارییەوە ماناداره، ئەویش ڕەتکردنەوەی بە مانای وشەی ڕەتکردنەوە، ئابڵوقەدانی و کۆکردنەوەی لە

بوخچەیەکی ئاسنیندا و لەبەرچاو لابردنی تا ئەو شوێنەی شیاوە. غیابی لایەکەی هاوکێشەکە کارێک دەکات کە ڕێنێسانس لێرە و لە ئێستادا مەحاڵ بێت. بڕوانە ڕێنێسانسی ئەورووپی کە بریتی بوو لە زیندووبوونەوە و ژیانەوە و گەڕانەوە بۆ میراتێکی دەوڵەمەندی ژیاری-فەلسەفی-هونەری، بە مەبەست و بە ڕاز و نیازی گەڕانەوە نا بۆ ڕابردوو بەڵکوو بە چاوبڕین لە پرۆسەی لەدایکبوونەوەیەکی نوێ، سەرڕێگاخستن یا چوونەوە سەر ڕێگای ئایندەیەکی پرشنگدارتر. ئەو شتە یاخود ئەو مۆتەکەیەی کە ماوەی سەد و پەنجا ساڵە ڕۆشنبیرانی عەرەب و موسڵمانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە ئەم هاوکێشە ساختە، ئەم هاوکێشە نارەسەنەیە؛ کەلەپوور و هاوچەرخێتی، بووەتە مایەی لەباربردنی هەموو یا هەر پرۆژەیەکی مەعریفی-ژیاری-سیاسی و فەرهەنگی، بگرە لەباربردنی مەدەنییەت، لەباربردنی پرۆژە گەورەکە: خولڵاندنی مرۆڤی سەربەست و ئازاد.

لەو شتەی پێی دەگوترێت «نەهزەی عەرەبی» لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەو گیروگرفتە بەتەواوی بەرجەستە ببوو. ئەو کەسانە یا بە قەولی ڕۆشنبیرانی عەرەب-موسڵمان ئەو مونەزیرانە دەمیان لەم هاوکێشەیە دەکوتی «توراس - حەداثە»، واتا لەلایەکەوە دەرگیری خوێندنەوەی کەلەپوور و میرات وترادیسیۆنی ئیسلامی بوون بە چاوبڕین لە تازەگەری و هاوچەرخێتی.

بە سەیرکردنێک و وردبوونەوەیەکی زۆر سادە دەردەکەوێت کە کۆکی پرۆسەکە درۆیەکی گەورە بوو، نە لە دوور و نە لە نزیک پەیوەندییەکی بە ڕێنێسانسەوە نەبوو. بگرە کێشەی وجودی گەورەتریان لەپاڵ کێشە مەعریفییەکان کە هەبوون هێنایە ئاراوە، بۆ نموونە، داتاشینی دوژمن لە ترادیسیۆنێکی دیکە کە ترادیسیۆنی خۆرئاوایە، لەسەر دەستی ئەواندا بوو کە دژایەتیکردنی خۆرئاوا یا ئەوی دیکەی ئەورووپا، کە ئەورووپای مەسیحییە، سەری هەڵدا. بە موفارەقەیەکی گەورەتر لەسەر دەستی ئەواندا بوو بۆ نموونە، پیاوێکی دژە-ئەورووپی، دژە-مەسیحی، دژە-زانست و دژە-عەقڵ وەک (جەمالەددین ئەفغانی) دێت و زانست و بەتایبەتیتر داروین و تیۆرییەکەی مەسخەرە دەکات. (جەمالەددین ئەفغانی) لە ڕووی زانستییەوە گەمژەیەک بوو لەو گۆڕەی، نە باگراوندی زانستی هەبوو، نە باگراوندی لۆژیک و فەلسەفە، هەیبوو نەیبوو «هەستەکانی هەبوو» واتا هەستکردن بە دواکەوتوویی هاوئیمانەکانی، بەڵام ئەو هەستە هیچ پەیوەندی بە عەقڵەوە نەبوو، واتا بە عەقڵ و ئاوەزدا گوزەری نەکردبوو. ئاخر چۆن

ڕێنێسانس شایانی بیرلێکردنەوەیە لەکاتێکدا تۆ گرووپەکەت، کولتوورەکەت، دەستەبژێرەکەت دژی زانستەکان و شۆڕشە زانستییەکانە؟ جەمالەددین لە وتارێکدا بە تیۆری گەشەسەندن و بە خودی زانای گەورە داروین ڕادەبوێرێت و مەسخەرە دەکات، نەک لە ڕووی زانستییەوە تیۆرەکە هەڵبسەنگێنێت -کە ئەمە ڕەوایە- بەڵکوو لە دیدی شەریعە و فیقهی ئیسلامەوە تیۆرییەک مەسخەرە دەکات کە هیچی لێ نازانێت و بگرە هەر تێنەگەیشتووە کە ئەو تیۆرییە باسی چی دەکات و چۆن داڕێژراوە و بونیادی تیۆرییەکە و بەڵگەکانی چین. ئەو لە بۆچوونێکی ئایینی بوغرای نازانستیی نالۆژیکیی نەخۆشەوە -کە زادەی ترادیسیۆنێکی بێکەڵکی دەرەوەی مەعریفەیە، هی قۆناغەکانی منداڵیی سەدەکانی تەنانەت پێش یۆنان و ڕۆم- لەو دیدگا بێسەروبەرەیەی عەرەبەوە بە ڕاقیترین تیۆریی زانستی گەمە دەکات، کە خۆی لەڕاستیدا ئەوە ترادیسیۆنەکەی ئەوە، ترادیسیۆنی ئیسلامی کە بە خۆی گەمە دەکات و بە ئەم بووکەڵەیە کە جەمالی ناوە، بەم سەرلێشێواوییە کە ناوی نەهزەی عەرەبە ڕادەبوێرێت... نوقتە.

ئەوەی پێی دەڵێن «نەهزەی عەرەبی» درۆ و فێڵێک و ساختەکارییەکی کولتووری و فیکری بوو کە زاتێکی بیمار، زاتێکی فووتێکراو، زاتێکی نەرجسی، مرۆڤکوژی قاتیڵ کە زاتی ئیسلامییە هاتووە و دەدوێ بەڵام بێ ئەوەی سەرەتاکانی هونەری قسەکردن و بیرکردنەوە و تێرامان فێر بووبێت، دێت و هەر وەک قەسابخانەکانی کە لە مێژوودا سەرڕێی خستوون بە خوێن لە جیاتی لۆگۆس «ئاوەز» قسان دەکات. هەر بۆیەشە تا ئەمڕۆ شتێک بە ناوی ڕێنێسانس لەو نێوەندەدا بوونی نییە.

ڕێنێسانسێک کە دەشێ شوێنی چاولێبڕین و بیرکردنەوە بێت، بە ناچاری دەبێت بە پلەی یەک و لە سەروو هەموو لێکدانەوەکان و لەبەرچاوگرتنەکاندا دەبێت زانست و بیرکردنەوەی زانستی لە سەری سەرەوەی بیرکردنەوەکان و لەبەرچاوگرتنەکاندا دابنرێت. بە مانایەک لە ماناکان، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ڕێنێسانس یەکێک لە ڕەهەندە مەعریفییە گرنگەکانی بریتییە لە زانستپەروەری، بریتییە لە بڕەودان بە بیرکردنەوەی زانستی و میتۆدی زانستە دەقیقەکان، زانستە سروشتییەکان؛ واتا پێداگری لەسەر جیاکردنەوەی زانست لە زڕەزانست، پێداگری لەسەر زانستیبوون بە خۆی و میتۆدەکانی و کرایتریاکانی و شێوازەکانی شیکردنەوەی زانستییەوە و جیاکردنەوەی لە خورافیاتی ئایینی و خورافیاتی کولتووری و بگرە جیاکردنەوەی بە دەقیقی لە زڕەزانستەکان، واتا زانستە بەناو کۆمەڵایەتییەکان کە لەژێر ئەم چەترە

مۆزەیەفەدا چەندین زانستی مۆزەیەف خۆ مەڵاس دەدەن، حەشار دەدەن، کۆمەڵناسی و زانستی سیاسیی مۆدێرن و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و مارکسیزمی بەناو زانستی و مارکسیزمی کولتووری و... هتد.

لە بەستێنە کوردییەکەدا ئەورۆ موفارەقەیەکی سەیر لە ئارادایە، لەلایەکەوە لە ماوەی سێ دەیەدا زیاد لە سی و چوار زانکۆ و کۆلێژ لە کوردستانی باشوور و چەندین زانکۆ لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دامەزراون، کەچی لە هەمان کاتدا ئەو دژایەتییە و ڕەتکردنەوەی زانست کە ئەمڕۆ لەناو ئەم جڤاتەدا دەبینرێتەوە هەم بێوێنەیە و هەم کۆمیدییە؛ ئەویش بەهۆی باڵادەستی فاشیزمی ئیسلامی بە خۆی و بازاڕە گەرمەکەی خورافیاتەکانییەوە، پشت بەستنەکانییەوە بە ناڕاستی و چەواشەکاریی زانستی و فیکری کە هەموو سنوورەکانی بێمانایی بڕیوە. کۆمیدی نییە کەسێک دکتۆرای لە فیزیادا هەبێت بێت بە هەموو عەقڵییەوە داکۆکی لە ڕوودانی ئیسرا و میعراج بکات؟[1]

ئایا ئەمە ئاساییە؟ بێ گومان نەء (نەخێر). دەیەها بانگخواز ئەمڕۆ لە کوردستاندا بانگەشە بۆ جەهلی موقەدەس دەکەن، بانگەشە بۆ خورافیات و دژایەتیکردنی ئاوەز و دژایەتیکردنی زانست، زۆربەی ئەو بانگخوازانەش کارمەندی وەزارەتی ئەوقافن و بە فەرمی لە مزگەوتەکان و لە خوتبەکانیانەوە کە هەزاران هەزار کەس گوێیان لێ دەگرن دژایەتیی زانست دەکەن و داکۆکی لەم خورافیاتە و لەو ئەفسانە و لەو بێمانایییەی ناو ئەو میراتە دەکەن؛ بۆ نموونە، ئەوەی گوایە زەوی تەختە، ئەوەی کە تیۆریی گەشەسەندن، تیۆرییەکەی داروین، درۆیە و جیهان لە شەش ڕۆژدا دروست کراوە، بە

[1] - کەسێک کە سەرۆکی زانکۆیەکی ئیسلامییە لە شاری سلێمانی دکتۆرای لە فیزیادا هەیە و بە مەرسوومی سەرۆکی هەرێم کراوە بە سەرۆکی زانکۆ، لە چاوپێکەوتنێکدا باس لە واقیعیبوونی ڕووداوی ئیسرا و میعراج دەکات کە چۆن هیچ کێشەیەکی لەگەڵ فیزیا و زانستدا نییە و ڕووی داوە. واتا پێغەمبەری ئیسلام سواری بوراق بووە -کە بوراق ئاژەڵێکە لە گوێدرێژ گەورەترە و لە ئێستر بچووکترە و دوو باڵی هەیە- و لە مەککەوە فڕیوە بۆ بەیتولموقەدەس (کە ئەوسا نە مزگەوتی لێ بووە، ئەو شوێنە کەلاوەیەک بووە دوای ڕووخانی مەعبەدی یەهوودییەکان لە ٧٠ی میلادیدا)، لەوێوە چوو بۆ حەوت «تەبەقە»ی ئاسمان، لە هەر تەبەقەیە لە دەرگا دراوە تا دەرگا بکرێتەوە بۆ میوانە. دکتۆرای فیزیات هەبێت و باس لە «تەبەقە»ی «ئاسمان» بکەیت؟! هەندێک لە فەقێکانی ئیسلام و هەندێک لە فەیلەسوفەکانی قۆناغی بەیۆنانیکردنی ترادیسیۆنی ئیسلامی زۆر لەم کەسە ئاوەزمەندتر و ژیرتر و ڕووسوورتر بوون. ئەم مەخلووقەی یەکگرتوو لە گەمژەیەتیدا بۆڕی زۆر گەمژەی داوەتەوە.

دروستکردنی مرۆڤیشەوە پێش دە هەزار ساڵ بەر لە ئێستا.

مەلاکان و بانگخوازەکان شێلگیرانە دژایەتی زانست و فەلسەفە دەکەن، هەر هەمووشیان کارمەندن لە وەزارەتێک لە وەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێمدا، واتا بەخستنەبری دەسەڵاتێکت هەیە لەوێ دژایەتی ئاوەز و زانست و فەلسەفە دەکات، یاخود بوێری ئەوەی نییە ئەم گاڵتەجاڕییە ڕابگرێت و ئەو بانگخواز و مەلایانە بنێرێتەوە ماڵەوە. ئەوەش بڵێین تەنیا مەلا و بانگخوازی ئیسلامی نییە کە دژایەتی زانست و فەلسەفە دەکەن، بگرە ژمارەیەک نووسەری سەرلێشێواو دژایەتی ئاوەز دەکەن، یا دژایەتی زانست، جارێک بە ناوی پۆست-مۆدێرنەوە، جارێکی دیکە -لەمە سەیر و سەمەرەتر- بەناوی بوونخوازیی «وجوودییەت»ەوە. یارۆ PHDی هەیە و دەڵێت «قسەکەی هایدیگەر سەدبارە دەکاتەوە کە زانست بیرناکاتەوە»؛ ئەی تۆ چۆن دکتۆرات هێنا؟ دکتۆرا واتا: (Doctor Of Philosophy) کە لەقەبێکی زانستییە، یاخود تۆ پەخشانت لەسەر بەهار نووسیوە؟

ڕێنێسانس لە بەستێنە ئەورووپییەکەیدا بریتی بوو لە گەڕانەوە بۆ یۆنان و ڕۆم، بریتی بوو لە سەرلەنوێ بووژاندنەوە و نوێبوونەوە و تەکاندنی تەپوتۆزی ئیمانی کوێرانە و گەڕان بە دوای لۆگۆس «ئاوەز»، بە پشتبەستن بە ئیرۆس، عیشقێک بۆ زانین و عیشقێک بۆ گەشەکردنی ڕۆحی و گەشەکردنی مەعریفی و هونەری و ئەخلاقی، لە هەمان کاتدا چاوبڕین لە خوڵقاندنی داهاتوویەکی پرشنگدار، پرشنگدار لە ڕووی مەعریفی و ئەخلاقی و جوانناسییەوە. لە بەستێنە کوردییەکەیدا وەک ئاماژەمان پێ دا، ئێمە میراتێکی پرشنگداری ژیاریمان نییە، ئێمە کۆمەڵە خەڵکانێکین ماڵمان داگیرکراوە، ماڵمان دابەش کراوە، لە ماڵی خۆماندا نامۆین و خاوەن ماڵ نین، ئێمە خەڵکێکی داگیرکراوین، یەکەم داگیرکارییش کە ڕووبەڕووی بووینەوە داگیرکردنی زەین و ڕۆح و ئاوەزمان بوو لەلایەن عەرەب و لەلایەن ئایینی ئیسلامەوە کە بە پلەی ئیمتیاز ئایینێکی عەرەبییە و بواری هیچ دیدێکی ناعەرەبی نادات لەتەکیدا هەڵبکات، ئەو کە دێت یەک بژاردە زیاترت ناداتێ، یا مەسخ دەبیت یا مەسخ دەبیت؛ یا دەبیتە عەرەب و موسڵمان -کە ئەمەش مەسخبوونە- یاخود لەناوت دەبات. لە بەرزەخدا، لە شوێنێکدا ڕاتدەگرێت کە ماڵی تۆ نییە، ناتوانی خۆت بیت، یاخود وەک فارس مەسخ دەبیت بەو شێوەیەی کە مەزهەبێک سەرڕێگا دەخەیت و دەست دەکەیتە شین و شەپۆر بۆ ئالوبەیت، کە ئەمەش هەموو

سنوورەکانی مەسخبوونی تێپەڕاندووە، کە نووسەرێکی گەورەی وەک سادق هیدایەت بە جوانی و قەشەنگی تابلۆی مەسخەرەبوونی فارسی ژیرانە و هونەرمەندانە کێشاوە.

پرسیارە ئیپستمۆلۆژی و ئۆنتۆلۆژییەکە لێرەدا ئەوەیە کاتێک کە لایەکی هاوکێشەکە لە تێزی ڕێنێسانسدا بزرە، ئەویش چاوبڕین لە مۆدێلێک -کە مۆدێلێکی قەشەنگی ئاوەزمەند و پڕی چاکە بۆ پەیڕەوی لێکردن و ئیلهام وەرگرتن و سەیرکردنی وەک پێشەنگ- بزر دەبێت، یا هەر بوونی نابێت، لە حاڵەتی ئیسلامی و عەرەبی و ئینجا لە حاڵەتی بەستێنە کوردییەکەدا، ئەوسا قسەکردن لەسەر لەدایکبوونەوە، ژیانەوە، ڕاپەڕین، زیندووبوونەوە، زیندووکردنەوە، داهێنانەوە دەبێتە دروشمێکی بەتاڵ و حەتاڵ. تەنیا لایەکی هاوکێشەکە دەمێنێتەوە، ئەویش چاوبڕینە لە داهاتوو، لە مۆدێلێک کە هیچی لەبارەوە نازانین، ئەمە جگە لەوەی نازانین کە پشت بە چ میتۆد و ئامرازگەلێک ببەستین، چاو لە کامە پرەنسیپ و پرەنسیپگەلێک و سیستەمی بەهاکان ببڕین و بەرمەبنای چ پێودانگگەلێک؟

لەڕاستیدا، هەر ئەوەشە تەڵزگەکە، بەتایبەت لە بەستێنە کوردییەکەدا. ئێمە وەک جڤاتی کوردی شێوێنراوین، زەینمان داگیرکراوە، کراوینەتە عەرەب، بەڵام لە هەمان کاتدا نەبووینەتە هەڵگر یا پەیڕەوانی ئەو میراتەی عەرەب، کە هەرچەندە هەموو جووڵانەوە و بزاوتە ئیسلامییەکان و مەلاکان، لە ماوەی دوو سەدەدا ویستوویانە بمانکەنە عەرەب و هەڵگری پەیڕەوانی فیقە و مەزاهیبی ئیسلامی کە بە ڕۆحی کورد نامۆن، ئێمە لە بەرزەخدا تا ئێستا ماوین، لە جوگرافیایەکداین کە جوگرافیای بوونێکی نامۆیە، لە ڕووی ئۆنتۆلۆژییەوە ئێمە نازانین چۆن هەین و چ جۆرە بوونێک هەین، بوونمان چ مانایەکی هەیە، کە ئێمە سەروەری ماڵی خۆمان نەبین، کە ئێمە ماڵمان نەبێت ئەی سەروەری کوێین؟ کە سەروەر نەبووین چۆن هەین؟ چۆن بڕیاردەری بوون و ژیانی خۆمانین؟

بۆ ئەوەی بیر لە ڕێنێسانس بکەینەوە یاخود خەیاڵی ڕێنێسانسێک بکەینە خولیا و غەمی قووڵی ژیانی سیاسی و فیکری و کولتووریمان، تاکە ڕێگایەک لەبەردەمماندا کە دەشێت تەیی بکەین، کە دەشێ خۆمانی لە قەرە بدەین، تەنیا و تەنیا بریتییە لە هەڵپەساردنی ئیسلام یا هەڵواسین تا تەعلیقکردن یا پەراوێزخستنی ئیسلام.

مەبەست چییە لەم پرۆسە هەرە گرنگە ژیارییە؟ مەبەست لەوەیە نەهێڵین وەک کورد، ئەو کارەساتەی

که بەسەر ڕۆشنبیرانی عەرەب و فارسدا هاتووە بەسەر ئێمەدا بێت. دیارە چەند لاساییکەرەوەیەکی محەمەدی بن جابری هەن لە کورددا کە ستوونووسن و لەم ئیشکالیەتە فیکرییە ناگەن و بوونەتە لاساییکەرەوەیەکی عەرەب. ئێستا ئێمە دەبێت ئەو هەلومەرجە بەجێ بهێڵین، ئێمە گشت ئەو هاوکێشە و ئەو تێزانە وەلا بنێین، هەڵیانپەسێرین و خۆیان لە قەرە نەدەین؛ توراس و تازەگەری و هەموو ئەو کێشانەی کە هاوپەیوەستن بەم هاوکێشە موزەیەفە -بەم تێزە زڕەوە- ئەم نا-هیچەوە، لەمە گرنگتر ئیدی ئێمە کاتی ئەوەیە کە عەرەب نەخوێنینەوە.

کەواتە خستنی ئیسلام بە خۆی، توراس و ترادیسیۆنییەوە بۆ ناو دوو کەوانە یان جووتکەوانە « » بە مانای ئەوەی کە شوێنی ئیشکالیەتە و لێرە و لە ئێستادا ئێمە کارمان پێی نییە، نوقتە. گەر ئیسلام نەخەینە ناو جووتکەوانەوە و وەزیفە بەناو فیکرییەکەی ڕانەگرین، هەرگیز و هەرگیز ناتوانین بیر لە ڕێنێسانس بکەینەوە، ڕێنێسانس تەنیا و تەنیا لە دەرەوەی ئیسلام و بە بازدان بەسەر ئەو میراتە ساردبووە و مردووەدا تێدەپەڕێت. ئیسلام بە خۆی و گشت نەهامەتییە فیکری و ئەخلاقییەکانییەوە کۆسپ و تەگەرەیەکی گەورەیە لەبەردەم نەک ڕێنێسانسدا بەڵکوو لەبەردەم مرۆڤبوون و لەبەردەم هەر خەونێک بە ئازادی و بە ئاوەزمەندییەوە، هەر خەونێک بە شارستانیبوون و بە لانی کەمی شەرافەتمەندانەی مرۆڤانەوە، بڕوانە پەنجا و شەش وڵاتی ئیسلامی تا ببینیت ئیسلام چۆن بێڕێزی بە مرۆڤ و بە ژیان دەکات!

گەر لە هاوکێشەی توراس-هاوچەرخێتیدا ئێمە دەستبەرداری ئەو میراتە مردووەی ئیسلام بووین، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە: ئەی چاو لە چ مۆدێلێک ببڕین؟ چ مۆدێلێک وەک پێشەنگی ئاوەزمەندی و ئەخلاقی و جوانناسی و ژیارییانە وەک پێشەنگ چاو لێ بکەین و بیکەینە سەرمەشقی ژیان و بیرکردنەوەکانمان؟ مادامێک ڕێنێسانس بە سروشتی چاوبڕینە لە مۆدێلێک یا پێشەنگایەتییەکی ژیاری و ئەخلاقی و کردارەکی، ئەمەش زۆر زۆر دوورە لە میراتی ئیسلامەوە، کەواتە لە بەستێنە کوردییەکەی خەون بینین بە ڕێنێسانسەوە بە ناچاری ئێمە دەبێت، ئێمەی کورد خۆ لە عەرەب و تورک و فارس و میراتی ڕەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕزگار بکەین و لەودیو موهاتەراتەکانی فارس و تورک و عەرەب و ئیسلامەوە بە ئاقاری ڕابردوو چاو لە میراتی یۆنانی و ڕۆمانی ببڕین، بە ئاقاری ئایندەش چاو لە

ترادیسیۆنی کانوونی فەرهەنگیی خۆرئاوا لەدوای ڕێنێسانس و بەتایبەتیتر قۆناغی ڕۆشنگەری ببڕین، بەتایبەتیتر جەختمان لەسەر شۆڕشە زانستییەکان بێت چونکە لێرە کوژراوی جەهلی موقەدەسین، کە ئایین بەشێکی سەرەکیی ئەو جەهلەیە.

پرسیارە وجوودییەکە لێرەدا ئەوەیە: ئێمە وەک کۆمەڵە خەڵکانێک سەر بەم نەفرەتخانەیین کە ناوی خۆرهەڵاتە، چۆن دەتوانین میراتێکی خۆرئاوایی بکەینە مەرجەع، بکەینە کانی و ئاو بۆ ئیلهاموەرگرتن و چاولێبڕین؟ ئەم پرسیارە پرسیارێکی ئۆنتۆلۆژی و ئیپستمۆلۆژی و ئاکارییە لە هەمان کاتدا. کردنی کارێکی لەو جۆرە ئەرکێکی گەورەی ژیارییە، لە هەمان کاتدا پێویستی بە دیدێکی فەلسەفیی تەواو ئاوەزمەند هەیە لەبواری پایدیادا «پەروەردەدا»، واتا گەر سیاسەت و فەرهەنگ و لۆگۆس لەسەر خوانێک کۆببنەوە -کە ئەم کۆبوونەوەیە زۆر ئەستەم نییە- ئەوسا بەرئەنجامی ئەو خوانە، ئەو دیدارە بریتی دەبێت لە سەرڕێگاخستنی خودی ئەو پرۆژەیە. گەر تێبینی بکەین گشت ئەو پرۆژە ژیارییانەی دووهەزار و پێنجسەد ساڵی ڕابردوو لەنێو کانوونە فەرهەنگییە جیاوازەکاندا بریتییە لە کۆبوونەوە و گردبوونەوەی سیاسەت و فەرهەنگ و لۆگۆس و ئیرۆس لەسەر خوانێک بە چاوبڕین لەسەر چەند بەها و پرەنسیپگەلێک، کە بەرئەنجامەکەی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا جوانی و چاکە و ڕاستی بووە کە خودی ماهییەت و پرۆژەی فەلسەفەیە وەک پرۆژەیەکی شارستانی.

بۆ ئەوەی ڕێنێسانس سەرڕێگا بخەین، پێویستە و دەبێت (ئەرکە) کە چاو لە مۆدێلی خۆرئاوا، وەک کانوونێکی فەرهەنگی ببڕین. بەڵام ئەم کانوونە فەرهەنگییە چییە؟ تاکوو سەرهەڵدانی نازیزم و فاشیزم و کۆمۆنیزم وەک سێ ئایدۆلۆژیای ترسناکی تۆتالیتاریزم، خۆرئاوا پێناسە دەکرا وەک کانوونێکی فەرهەنگیی ئاوەزمەند کە پشت بە ئاوەز و پرەنسیپی عەقڵی و ئەخلاقی دەبەستێت، ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لۆگۆسی یۆنانی، واتا ترادیسیۆنی یۆنانی و دواجار ئیزافەکردنی ترادیسیۆنی ڕۆمانی بەهۆی بەشداریکردنە گرنگەکەی ڕۆمانییەکانەوە لەبواری فەلسەفەی قانوندا و ئەو داهێنانە گەورانەی ئەوان لەبواری حوکمڕانیدا لە ئیمپراتۆرییەکەدا.

دواجار لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا کانوونی خۆرئاوایی ڕەهەندێکی دیکەی بۆ زیاد کرا بەتایبەتی دوای جینۆسایدکردنی جووەکان، هەوڵێکی مەعریفی درا بۆ زیادکردنی ڕەهەندێکی

دیکە بۆ سەر ئەو کانوونە، ئەو میراتە، ئەویش یەهوودی یان جووبوونەکەیەتی، بە مانای ئەوەی ترادیسیۆنی خۆرئاوایی یان کانوونی فەرهەنگیی خۆرئاوایی، مەسیحی-یەهوودییە.

ڕستە بەناوبانگەکەی لیۆ شتراوس یا بۆچوونە فەلسەفییە بەناوبانگەکەی ئەو بووە دروشم؛ ئەسینا و جورسەلیم بوونە تەعبیرکەری شارستانێتیی خۆرئاوا، واتا لەلایەکەوە لۆگۆس کە ئەسینا نوێنەرایەتی دەکرد و دەکات، لەلایەکەوە جۆرسەلیم کە نوێنەری ئیمان و وەحییە (سرووش)؛ هەردووک بنەمان بۆ شارستانێتیی خۆرئاوا.تا ئەمڕۆ کە باس لە خۆرئاوا دەکرێت لە مەحافلە ئەکادیمی و فیکری و ڕۆشنبیرییەکاندا قسە لە خۆرئاوا دەکرێت وەک هاوکێشەی ئەسینا (عەقڵ) و جۆرسەلیم (ئیمان) وەک بنەمایەک، زەمینەیەک بۆ ئەو شارستانێتییە. دیارە بۆچوونی دیکە هەن، هەر بۆ نموونە ئێمە لەو باوەڕەداین کە تەنیا خودی ئەسینا واتا لۆگۆس، واتا فەلسەفە، بنەما سەرەکییەکەی شارستانێتیی خۆرئاوایە. ئەمڕۆش دوای ئەو هەموو بەرزی و نزمی و شکست و قەیرانانە باوەڕی تەواومان بەوە هەیە کە بنەمای سەرەکیی شارستانێتیی خۆرئاوایی خودی لۆگۆسە، خودی ئاوەزە، خودی میراتی یۆنان و ڕۆمە لە دەرەوەی مەسیحیەت، نوقتە.

ئەمڕۆ ئێمە وەک کورد، وەک جڤاتی کوردی دەتوانین میرات و توراسی ئیسلامی بەجێبهێڵین و وەک نەبوو، وەک عەدەم، وەک لا شیئ «هیچ نەبوو» سەیری بکەین، ئەوەی ڕاستی بێت ئێمەی کورد هەرگیز و هەرگیز ناتوانین ببین بە نەتەوە مەگەر ئەو کاتەی ئەو میراتە ئیسلامییە هەزار و چوارسەد ساڵە تووڕ هەڵبدەینە دەرەوە و لە دەرەوەی ئەو میراتە ژیان بەسەر ببەین و بیر لە خۆ بکەینەوە، هەر بیرکردنەوەیەک لەناو ئیسلام بۆ کورد هیچ نییە جگە لە مەرگی کورد وەک بوون، وەک مەرگی کوردبوون. کەواتە کوردبوون بریتییە لە بوون لە دەرەوەی موسڵمانبوون و لە دەرەوەی جوغزی ئیسلام و ترادیسیۆنی ئیسلامی. تۆ ناتوانیت کورد بیت بە هەموو ڕەهەندەکانی کوردبوونتەوە، ڕەهەندە ئەخلاقی و جوانناسی و مەعریفی و وجوودییەکانەوە و موسڵمانیش بیت. واتا یا تۆ کوردیت یا موسڵمانیت؟ ئەوە پرسیارە وجوودییەکەیە.

٢٠٢٦/١/٢٠

# ڕێنێسانسی کورد
# “له وەهمی گۆڕانەوە بەرەو دیالێکتیکی ڕەنج و ژیانەوە”


فەرهاد ئەمین‌پوور

توێژەر و نووسەر




دوای هێرشی ژێرمەن و بەربەرەکان و شکست و داڕووخانی ئیمپراتۆریی ڕۆمیی ڕۆژئاوایی لە ساڵی ٤٧٦ی زایینیدا، چاخی ناوەڕاست دەستی پێکرد کە بووە هۆی دەسەڵاتی هەزار ساڵەی کڵێسا و سەرهەڵدانی فیۆدالیزم، کە زۆربەی دەستکەوتە فەرهەنگی و فەلسەفی و هونەرییەکانی یۆنان و ڕۆمی کۆنی لەناو برد. لەگەڵ کەوتنی قوستەنتەنییە لەسەر دەستی عوسمانییەکان لە ساڵی ١٤٥٣ی زایینی و ڕووخانی ئیمپراتۆریی ڕۆمیی ڕۆژهەڵاتی، دیسان قۆناغێکی نوێ لە ژیانی ئورووپییەکاندا هاتە ئاراوە کە نزیک بە ٤٠٠ ساڵی ڕەبەقی خایاند. ئەم قۆناغە گەڕانەوە بوو بۆ میراتی فەلسەفی و سیاسیی یۆنانی کۆن و هەروەها میراتی هونەری و بیناسازیی ئیمپراتۆرییە ڕووخاوەکەی ڕۆم. قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی ئورووپییەکان کە کاریگەری لەسەر چارەنووسی کۆی مرۆڤایەتی دانا. بۆ یەکەم جار «جۆرجۆ ڤازاری» نیگارکێشی ئیتالی لە ساڵی ١٥٥٠ی زایینیدا باسی لەدایکبوونەوەی (rinascita) هونەریی کرد لە ئیتالیا و دوای ئەویش «ژۆل میشێلە» مێژوونووسی فەرانسی لە ساڵی ١٨٥٥دا بە شێوەیەکی وردتر و بابەتیتر ئەم قۆناغەی بە ڕێنێسانس ناوزەد کرد. وشەی فەرانسی ڕێنێسانس ریشەی لاتینی هەیە، Re بەواتای دووبارە و nasci بەواتای لەدایکبوونە.

ئەگەر وردتر لە پێکهاتەی ئەم چەمکە بڕوانین، تێدەگەین کە کولتووری ئورووپایی بە فیکر و فەلسەفەی یۆنان و بە هونەر و بیناسازیی ڕۆمەوە جارێک لەدایک ببوو، بەڵام چاخی ناوەڕاست بەری بەم ڕەوتە گرت. ئورووپا دوای ئەم تاریکییە دوور و درێژە، گەڕایەوە بۆ سەرچاوەکانی پێشووی خۆی و بە خوێندنەوەی دووبارەی ئەم میراتە و موتوربەکردنی لە پێداویستییەکانی سەردەم، توانی جارێکی تر لەدایک ببێتەوە. واتە سەرەتا لەدایکبوونێک هەیە، ئەمجار مەودایەک وەک کۆما، سڕبوون، پچڕان یان دژڕابوون (امتناع) و لەدواییدا لەدایکبوونەوەیەکی تر. یەکەم پرسیار کە لێرەوە سەرهەڵدەدات ئەمەیە: ئەگەر بە ڕوانگەیەکی ڕەچەڵەکناسانەوە سەیری وشەی «ڕێنێسانس» بکەین و سروشتی ڕەوتە مێژوویەکەی لەبەرچاو بگرین، ئێمەی کورد دەمانەوێ بۆ کام میراتی فیکری و فەلسەفی و هونەریی مێژووی خۆمان بگەڕێینەوە؟ ئەو ژیارە شکۆمەندە و ئەو میراتە گەورە کامەیە کە شەڕ یان فەرامۆشی کردوویە بە ژێر داروپەردووی ڕابردووەوە و ئێستە دەبێ بۆی بگەڕێینەوە و خاک و خۆڵی لەسەر هەڵدەینەوە و بە خوێندنەوەی دووبارەی، جارێکی تر لەدایک ببینەوە؟ ئایا هەر ڕێنێسانسێک

پێویستی بە گەڕانەوە بۆ میراتی زێڕینیی پێشوو هەیە؟

بابەتێکی تر کە پرسیاری دووهەم دەورووژێنێ ئەوەیە کە دیاردە مێژووییە کاریگەرەکانی وەک ڕێنێسانس، ڕۆشنگەری و مودێرنیتە کە ژیانی هەموو مرۆڤیان ژێروژوور کرد، دیاردەگەلێکی بەرنامەدارێژراو و وشیارانە نەبوون. واتە لە سەرەتاوە هیچ وێنەیەکی ڕوون سەبارەت بە داهاتوو یان ئەنجامەکانی ئەم ڕەوت و بزاڤانە لە ئارادا نەبووە و چەند دەیە یان چەند سەدە دوای دەستپێکردنیان و بەپێی دەرکەوتە و دەرەنجامەکانیان ناوزەد کراون. بێ گومان کەسانێک وەک دانتە، پێترارک، داوینچی، کۆپەرنیک، گالیلە، ماکیاولی و... نەیاندەزانی خەریکی دەسپێکردنی سەردەم یان قۆناغێکی نوێن لەژێر ناوی ڕێنێسانسدا. ئەوان زیاتر گیرۆدەی چارەسەرکردنی کێشەکانی سەردەمی خۆیان بوون، وەک: گەندەڵیی کڵێسا، نەخوێندەواریی خەڵک، سانسۆر و نەزانیی زانستی. واتە ڕەوتی ڕووداوەکان لە پێڤاژۆیەکی چەند سەد ساڵە و لە چەند وڵاتی جیاوازی ئوورووپایی، لە ئەنجامدا کۆمەڵێک گۆڕانکاری بەربڵاو و قووڵی لێکەوتەوە کە تانوپۆی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان و لەدواییدا هەموو جیهانی هەڵوەشاندەوە و سەرلەنوێ دایڕشتەوە.

لێرەوە پرسیاری دووهەم دێتە ئاراوە: ئایا بێئاگابوون یان نەبوونی وێنەیەکی ڕوون بەرانبەر بە داهاتوو، پێشمەرجی دەستپێکردن و بەئەنجامگەیشتنی گۆڕانکارییە مێژووییەکانە؟ ئایا هەبوونی ئاگایی لە کۆی ڕووداوێکی مێژوویی وەک ڕێنێسانس بۆ ئێمەی کورد، دەتوانێت بەربەست بێت یان دەرفەت؟ ئایا ناسینی ئەم گۆڕانە بنەڕەتییە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ سەرهەڵدان و لەدایکبوونێک بۆ کورد؟ بەگشتی ئایا ئەم ئەزموونانە دەتوانن لە دۆخگەلی بەرنامەدارێژراودا دووپات ببنەوە؟

پرسیاری سێهەم، کە لە دوو پرسیارەکەی پێشوو گرنگترە، پێوەندی بە دەوری دەوڵەت یان دەسەڵاتی سیاسییەوە هەیە لە بەڕێوەبردن و سەقامگیرکردن و بەڕێکخراوەیی کردنی گۆڕانکاری و دەستکەوتەکاندا. ڕێنێسانسی ئوورووپایی سەرهەڵدانێکی فیکریی خۆڕسک نەبوو، بەڵکوو دەوڵەت-شارەکانی وەک فلۆرانس و وێنیز، دەرباری پاشاکان و ڕێکخراوەکانی کڵێسا و سیستەمە یاسایی و ماڵییە تاڕادەیەک سەقامگرتووەکان، ئەو ئەگەرەیان ڕەخساند کە ئایدیاکان دیسان بەرهەم بێنەوە و سەقام بگرن. لە غیابی ئەم ڕێکخراوانەدا، ڕەنگە ڕێنێسانس لە چوارچێوەی بازنە بەرتەسکە ڕووناکبیرییەکاندا بمایەتەوە.

واته دەبێ بپرسین ئایا ڕێنێسانس دەتوانێ بەبێ دەوڵەت یان دەسەڵاتی سیاسیش دەستپێبکات؟ ئایا گۆڕانکارییەکان لە غیابی ڕێکخراوەی سیاسیی سەقامگرتوودا کاریگەرییان دەبێت؟ ئایا بوونی دەوڵەت پێشمەرجی ڕەهایە بۆ سەرهەڵدانی ڕێنێسانس یان نا؟

بەگشتی، ئەم وتارە سەرەتا هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم سێ پرسیارە بداتەوە:

١. ئایا لە غیابی نەریتێکی دەوڵەمەندی فیکری و فەلسەفیدا، ئەگەری ڕێنێسانس و هەستانەوە هەیە؟

٢. ئایا ڕێنێسانس بە ئاگایی و بە شێوەیەکی بەرنامەداڕێژراو دروست دەبێت؟

٣. ئایا لە غیابی دەوڵەتدا دەتوانین هیوادار بین کە زەرفییەتەکانی دروستبوونی ڕێنێسانسمان لەبەردەستدایە؟

هەروەها لە درێژەی بابەتەکەدا باس لەو ئەگەر و زەرفییەتانە دەکرێت کە دەتوانن وەک سامانی مێژوویی و فەرهەنگیی سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێ بۆ کورد لەبەرچاو بگیرێن. لەدواییشدا، ئەو ئاراستانەی پێویستن بگیرێنە بەر بۆ وردکردنەوە و ئوبژێکتیڤ‌کردنی ئەم سامانە، دەکەونە بەر باس.

## (١)

سەبارەت بە پرسیاری یەکەم، دوو ڕوانگەی گشتی هەیە:

١. ڕوانگەی «تایبەتخوازانە» کە پێی وایە ئەم ئەزموونە تەنیا لە ڕۆژئاوا و لە بارودۆخێکی تایبەتیی کۆتاییەکانی چاخی ناوەڕاست ڕووی دا کە بیزانس کەوت، دژایەتی لەگەڵ کڵێسا دەستی پێکرد، دەقە یۆنانییە کۆنەکان گەڕانەوە، دنیایەکی نوێ دۆزرایەوە و سەرمایەداری و بورژوازی سەریان هەڵدا.

٢. ڕوانگەی دووهەم کە ڕوانگەی «سەرچەشن‌تەوەر»ە، ڕێنێسانس بە سەرچەشنێکی گۆڕانکاریی مێژوویی دەزانێ کە دەتوانێ لە بارودۆخی هاوشێوە و لە کۆمەڵگەی دیکەدا دووپات ببێتەوە. واتە دەتوانین وەک مۆدێلێکی چەمکی لە ڕێنێسانس کەڵک وەربگرین، نە وەک قۆناغێکی مێژوویی تایبەت.

بەم پێیە، ئەگەرچی ڕێنێسانس لە مانا مێژووییەکەی خۆیدا ئەزموونێکی تایبەت بە ڕۆژئاوایە، بەڵام واتایەکی گشتیتر و بەربڵاوتریشی هەیە کە لە سنووری ڕووداوێکی مێژوویی تایبەت دەرباز دەبێت و

لە ڕەوتە مێژووییەکەی دەردەهاوێژرێت و وەک خوازە یان تایپێک بەکار دەهێنرێت. لێرەوە ڕێنێسانس ئاماژەیە بۆ هەستانەوە و گۆڕانکاریی ئاگاهانە و بونیادی لە خودئاگایی فەرهەنگی، زمانی، سیاسی و مێژوویی یەک نەتەوەدا. دیارە لەم ڕوانگەوە، هەبوونی ڕابردوویەکی زێڕین و گەڕانەوە بۆ ئەو ڕابردووە پێشمەرج نییە و ڕێنێسانس دەبێتە گۆڕانێک لە شێوەی بیرکردنەوەدا. بۆیە غیابی نەریتێکی فەلسەفی و هونەری وەک یۆنان و ڕۆم، بە واتای بەربەست نییە لەبەرانبەر لەدایکبوونێکی نوێدا.

بەم واتایە هەموو ئەو نەتەوانەی ئەزموونی ڕێنێسانس یان سەرهەڵدانەوەیان بووە، پاڵپشتێکی نەریتیی کۆنیان نەبووە.

بۆ نموونە:

١. ڕێنێسانسی جوولەکە لە سەدەی ١٩ کە بووژانەوەی فەرهەنگیی جوولەکە بوو بە کەڵکوەرگرتن لە مودێرنیتە، ئەویش بەبێ لەئارادابوونی ئیمپراتۆری یان دەزگایەکی فەلسەفیی کۆن وەک یۆنان و ڕۆم.

٢. ڕێنێسانسی عەرەبی: بزووتنەوەیەک لە سەدەی ١٩ و کۆتایی عوسمانیدا بۆ بووژاندنەوەی زمان و ئەدەبی عەرەبی و ڕیفۆرمی فیکری و دروستکردنی مودێرنیتەی ئیسلامی کە لەسەر نەریتی ئیمپراتۆریی عەباسی ڕووی نەدا، بەڵکو لە چوارچێوەی دروستکردنی ناسنامەیێکی هاوچەرخدا بوو.

٣. ڕێنێسانسی فەنلاندی، لیتوانی، ئەرمەنی، گورجی، ئاڵبانی کە هەموویان لە غیابی ژیارێکی کۆن و تەنیا لە چوارچێوەی پرۆژەی مودێرنی نەتەوەسازیدا سەریان هەڵدا و گەشەیان کرد.

هەروەها دەتوانین ئاماژە بە وڵاتە ئیسکاندیناوییەکانی وەک سوید، نەرویژ و دانیمارک و لەلایەکی تریشەوە کۆریای باشوور بکەین کە لە غیابی نەریتێکی فیکری و فەلسەفیی دەوڵەمەندا، توانییان ڕەوتی ژیان و بیرکردنەوەیان بگۆڕن و ئێستا لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهانن.

## (٢)

لە وەڵامی پرسیاری دووهەمدا کە ئایا ئەم ئەزموونانە دەتوانن لە دۆخگەلی وشیارانە و بەرنامەداڕێژراودا دووپات ببنەوە یان نا؟ دەتوانین بڵێین ڕێنێسانس بە شێوەیەکی ئۆبژێکتیڤ دووپات نابێتەوە، بەڵام

وەک پێڤاژۆیەکی زیندوو و خۆماڵیکراو دەتوانێت ڕێڕەوی ژیانی کۆمەڵگەکان بگۆڕێت. هەروەها، ئاگاداربوون لە مێژوو و نموونەکانی پێشووتر ئامرازێکی بەهێزە، بەڵام ئەگەر هاوکات واقیعبینی و داهێنان و هێمنی لە هەناوی خۆیدا هەڵنەگرتبێت، واتە:

١. ئاگایيەکی ڕووکەشی و لاسایيکەرەوە بێت نەک قووڵ و ڕیشەیی؛

٢. ببێتە هۆی چاوەڕوانییەکی ناواقیعی و خەیاڵی؛

٣. ببێتە هۆی بێهیوایی و شکستی خێرا؛

٤. لە چوارچێوە مێژووییەکانی بێگانەدا بمانبەستێتەوە و چاوەڕوانیی ئەوە بکەین گۆڕانکارییەکان ڕێک وەک نموونە مێژووییەکان دووپات ببنەوە، ئەوە دەبێتە بەربەست لە بەرانبەر گۆڕانی بنەڕەتیدا.

بەڵام ئەگەر وشیارانە و مەعریفی بێت:

١. ڕەوتی گۆڕانکاری ئامانجدار و خێرا دەکات؛

٢. سەرچاوە فەرهەنگی و مرۆییەکان ڕێک دەخات؛

٣. دەبێتە هۆکاری متمانەبەخۆبوون؛

٤. دەبێتە بەستێنی داڕشتنی بەرنامەی ئیستراتیژیک بۆ گەشەی فەرهەنگی، زمانی، سیاسی و پەروەردەیی.

## (٣)

وەڵامی پرسیاری سێیەم تاڕادەیەک بەربڵاوترە و لە هەڵسەنگاندنی پەیوەندییەکانی سێگۆشەی «دەوڵەت»، «یادگەی مێژوویی» و «ناسنامەی نەتەوەیی»دا ڕوون دەبێتەوە.

پرسیار لەسەر ئەوەی چ شتێک مێژووی نەتەوەیەک دروست دەکات و یادگەی مێژوویی سەقامگیر دەکات، لە یەکبڕ (تقاطع)ی نێوان مێژوونووسی و کۆمەڵناسی و تیۆری ناسیۆنالیستی (ملیت) دا خۆی دەبینێتەوە. زۆربەی بیرمەندانی مودێرن پێیان وایە دەوڵەت وەک ڕێکخراوەیەکی سیاسی، دەورێکی یەکلاکەرەوەی هەیە لە ڕێکخستن و دامەزراندنی یادگەی مێژووییدا، بەڵام ئەم ڕوانگەیە پێویستی بە توێژینەوەی ورد و ڕەخنەیی هەیە. پرسیار ئەمەیە: ئایا دەوڵەت بەرهەمهێنەری مێژووە یان

تەنیا ڕێکی دەخات؟ لە غیابی دەوڵەتدا چ چەشنە یادگەیەک بۆ نەتەوە دروست دەبێت؟

مێژوو، گێڕانەوەی فەرمیی ڕووداوەکانی ڕابردووە کە زیاتر لەڕێگەی شوێنەوارە مێژووییەکان، بەڵگەکان و کتێبەکان و گوتارە ڕێکخراوەییەکانەوە پێناسە دەکرێت. یادگەی مێژوویی، بیرهێنانەوە و بەرهەمهێنانەوەی ڕابردووە لە یادی (ذهن) کۆی کەسەکان و گرووپەکاندا. ناسنامەی نەتەوەیی کۆمەڵە بڕواکان، بایەخەکان و هەستی ئینتمایە (احساس تعلق) کە ئەندامانی کۆمەڵگەیەک یەککگرتوو دەکات.

لە نەریتی کۆمەڵناسیدا، یادگەی مێژوویی لەوپەڕی ڕووداوەکانەوەیە و بریتییە لە واتاکان، سیمبولەکان و ئەو گێڕانەوانەی کە ڕابردوو واتادار دەکەن و زەمینە دەڕەخسێنن بۆ یەککگرتنی بەکۆمەڵ. پرسیاری سەرەکی ئەمەیە کە ئایا دەوڵەت داهێنەری یادگەی مێژووییە یان تەنیا ئەم یادگەیە بەهێز دەکات؟

«هابسباوم» لە کتێبی «داهێنانی نەریت»دا دەڵێت، ڕێکخراوەکانی دەوڵەت لەڕێگەی پەروەردەی فەرمی، سیمبولە نەتەوەییەکان، ڕۆژژمێر و بۆنەکان و مۆزەخانەکانەوە، ڕابردوو ڕێک دەخەن و لە یادگەی مێژوویی‌دا دایدەمەزرێنن. لە ڕوانگەی ئەوەوە، دەوڵەت بە هەڵبژاردنی بابەتەکان و چەشنی گێڕانەوە و دیاریکردنی کاتی نواندنەوەیان، «مێژووی فەرمی» بەرهەم دەهێنێت. «بندیکت ئەندرسۆن»یش لە کتێبی «نەتەوە وێناکراوەکان»دا دەیسەلمێنێت نەتەوە مودێرنەکان نەک بەپێی زمان یان ڕەچەڵەک، بەڵکوو لەڕێگەی «وێنای هاوبەشەوە» دروست دەبن. لەم ڕوانگەیەوە، دەوڵەتەکان ئامرازەکانی پێوەندی و پەروەردە بەکار دەهێنن تا ڕابردوویەکی هاوبەش و وێناهەڵگر بۆ خەڵکی خۆیان بەرهەم بهێنن.

لێرەوە دەوڵەت وەک ئەکتەری سەرەکیی بەرهەمهێنانی یادگەی مێژوویی دەردەکەوێت، چون ئامرازی ڕێکخراوەیی لەبەردەستدایە و دەتوانێت گێڕانەوە شپرزە و پچڕاوەکانی ڕابردوو بکات بە زنجیرە گێڕانەوەیەکی یەکپارچە. کەسانێک وەک «پییر نۆرا» و «میشێل فۆکۆ» ڕەخنە لەم ڕوانگەیە دەگرن و پێیان وایە دەوڵەت تەنیا یەکێکە لە ئەکتەرەکانی ئەم پێڤاژۆیە. ئەوان گێڕانەوە فەرمییەکانی مێژوو بەردەوام گرێ دەدەن بە پێوەندییەکانی دەسەڵاتەوە و دەڵێن کە دەوڵەت بەشێک لە گێڕانەوەکان سەرکوت دەکات و هەوڵ دەدات تاکەدەنگ هەر خۆی بێت. بەڵام نابێت ئەم ڕاستییە لەبیر بکەین کە یەکێک

لە کاردانەوە گرنگەکانی مێژووی فەرمی، بەدیهێنانی هەستی یەکگرتوویی لە نێو تاکەکاندایە کە وەک گێڕانەوەی مێژووی هاوبەش، هەستی گرێدراوێتی بە یەک نەتەوەوە وێنا دەکات.

لە غیابی دەوڵەتدا، یادگەی مێژوویی بە شێوەیەکی نافەرمی و پرشوبڵاو و فرەدەنگ دەردەکەوێت و زانیاری مێژوویی لەڕێگەی نەریتی زارەکی، ئوستوورە، داب‌ونەریت، ئەدەب، مۆسیقا و بۆنە نافەرمییەکانەوە دەگوازرێتەوە. ئەگەرچی ئەم یادگەیە بزۆز و نەرمە و دەتوانێت بەرانبەر بە سەرکوت بەرگری لە خۆی بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانێت سەقامنەگرتوو و هەڤدژیش بێت. بۆ نموونە، ئەگەرچی کوردەکان خاوەنی زمان و کولتوور و ئوستوورە و گێڕانەوەی مێژوویی هاوبەشن، بەڵام لە غیابی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا، ناتوانن یادگەی مێژوویی خۆیان بە شێوەی فەرمی و ڕێکخراوەیی بەرهەم بهێننەوە، هەر بۆیە یادگەی مێژووییان چەندپارچە و پرشوبڵاوە و بەردەوام لە مەترسی فەرامۆشی یان دیسان‌خوێندنەوە و لێکدانەوەی ناتەبا و هەڤدژدایە.

لێرەوە ناچار دەبین بۆ وەڵامی وردتر بەم پرسیارە پەنا ببەینە بەر پێناسەی دەوڵەت. ئەگەر دەوڵەت بە واتای کلاسیکی دەوڵەت-نەتەوەی سەربەخۆ پێناسە بکەین، دەبێ بڵێین لە غیابی ئەم دەوڵەتەدا ناتوانین چاوەڕێی هیچ ڕێنێسانسێک بکەین. بەڵام نموونەکانی وەک ڕێنێسانسی جوولەکە پێش دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرایل، سەرهەڵدانەوەی فەرهەنگیی کاتالانەکان لە غیابی دەوڵەتی سەربەخۆدا و ڕێنێسانسی عەرەبی لە سەدەی ١٩ بەبێ بوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکگرتوو، زەروورەتی هەبوونی ئەم پێشمەرجە ڕەت دەکەنەوە. بەڵام ئەگەر دەوڵەت بە واتایەکی بەربڵاوتری وەک ڕێکخراوەی خاوەن شەرعییەتی هێز، بوروکراسی، فێرکاریی فەرمی، میدیا، یاسا و یادگەی بەکۆمەڵ پێناسە بکەین، وەڵامی پرسیارەکە دەگۆڕدرێت. بەم پێیە دەتوانین بڵێین: ڕێنێسانس لە غیابی دەوڵەتی ڕەق یان دەوڵەت بە پێناسە کلاسیکەکەی، توانایی و ئەگەری سەرهەڵدانی هەیە، بەڵام لە غیابی «ڕێکخراوەی سیاسی»دا، ئەم ئەگەرە لاواز دەبێت.

دۆخی تایبەتی کورد پێمان دەڵێ کە کێشەکە تەنیا غیابی دەوڵەتی ڕەق نییە، بەڵکوو بڵاوبوونەوە لەنێو چوار سیستەمی سیاسیی جیاوازدایە کە پرۆژەی یەکسانکردن، گوشاری زمانی و فەرهەنگی و سەرکوتکردنی سیاسی لە هەموویاندا هاوبەش بووە. ئەم دۆخە سێ دەرەنجامی لێ کەوتووەتەوە:

١. دابڕانی ڕێکخراوەیی کە نەیهێشتووە ئەندێشە و فەرهەنگی کوردی بە شێوەی مێژوویی کەڵەکە بێت؛

٢. دەستکەوتەکان ناسەقامگیرن و هەر پێشکەوتنێکی فەرهەنگی و سیاسی تورتە و، بەردەوام ڕووبەڕووی خەسار دەبێتەوە؛

٣. فەرهەنگ بووە بە پرسێکی هەڕەشاوی نەک سامانێکی گشتی.

ئاڵۆزیی ژیانی کورد و بوونی لەناو دۆخە سیاسی و ناسنامەییە هەڤدژ و یەکبڕەکاندا، ڕەنج و ئازارێکی گەورەی سەپاندووە، بەڵام هاوکات دەتوانێت ببێتە هۆی گەشەکردنی بیر و ئەندێشەی کوردی بەتایبەت لە باری سیاسی و فەرهەنگییەوە. بۆ نموونە، کەسێکی خەڵکی تاران یان ناوەندی ئێران یان ئانکارا، کێشەی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی لە ئەنجامدا کورت دەبێتەوە بۆ کێشەی سیاسی (دیموکراسی) و ئابووری (دابەشکردنی سامانی گشتی). بەڵام کورد لەم وڵاتانەدا جیا لەم کێشانە، دەیان کێشەی بنەڕەتی تری هەیە کە زیاتر لە تەوەری ناسنامە و زمان و مێژوو و دەسەڵات و فەرهەنگدا خۆیان دەبیننەوە. هەروەها کوردەکان بە هۆی دابڕانی جوگرافی و ژیان لە چەند وڵاتی جیاوازدا، دەیان کێشەی ناوخۆییشیان هەیە کە هاوکات لەگەڵ گرفتە دەرەکییەکاندا، ژیانیان ئاڵۆزتر دەکات.

ئەم دۆخە جۆرێک خەون و ڕوئیای پارچەپارچە و یەکبڕی بەرهەم هێناوە کە کوردەکان لە زۆر برگەی مێژووییدا دەوری ئەویدیی یەکتریان گێڕاوە و پێکدادان و خوێنڕشتنیشی لێ کەوتووەتەوە، بەڵام هاوکات لە ڕەهەندی لێکدانەوەی تیۆریی دیاردەکانی وەک «ژین لە سنوورەکان» و «چەندپارچەبوونی ناسنامە» و «هێزی پرشوبڵاو»ەوە، ناڕاستەوخۆ هەندێ دەسکەوتی فیکری و فەرهەنگی و سیاسی بە دوای خۆیدا هێناوە. نەبوونی دەوڵەت-نەتەوەی سەربەخۆ و یەکپارچە، بووەتە هۆی ئەوەی ناسنامەی کوردی، پێش لە دەوڵەت-تەوەر بوون، زیاتر سروشتێکی «فەرهەنگی- زمانی- گێڕانەوەیی» ببێت. واتە لە سەرەوە دانەمەزراوە، بەڵکوو لە ئەدەب و مۆسیقا و بەرخۆدان و یادگەی گشتیدا بەرهەم هاتووەتەوە. ئەم دۆخە جۆرێک ناسنامەی نەرم و فرەتوێی دروست کردووە کە دەتوانێت لە بارودۆخی جیاوازدا خۆی پێناسە بکاتەوە و ببێتە هۆی بزۆزی و لەدایکبوونی بەردەوامیی واتاکان.

بەپێی بیرۆکەی «وشیاریی دووانە»ی «دوبۆوا»، دەتوانین بڵێین کوردەکان بە هۆی کوردبوون لەلایەکەوە و ژیان لە چوارچێوەی دەوڵەت-نەتەوە جیاوازەکاندا لەلایەکی ترەوە، توانایی خوێندنەوەی هاوکاتی چەند نەزمی سیاسی و فەرهەنگیی جیاوازیان ببێت و، ڕووناکبیرانی کورد ڕوانینێکی ڕەخنەییتریان بەرانبەر بە «نەتەوەخوازی کلاسیک» و «ناوەندخوازی» و «دەوڵەتی پاوانخواز»ەوە هەیە و ئاستی وشیاریی ڕەخنەییان بەرزترە. ئەگەرچی ڕوانگە و گوتاری سیاسیی جیاوازی کوردەکان و هەوڵ بۆ دروستکردنی سیستەمی سیاسیی جیاواز لە چوار وڵاتی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا، ئاستەنگی دروست کردووە لە بەردەم یەکگرتوویی ئیستراتژیکی ئەواندا، بەڵام لە باری فیکرییەوە چەشنێک تاقیگەی سیاسیی ناوازەی بەرهەم هێناوە کە کەمتر نەتەوەیەک ئەم دۆخەی ئەزموون کردووە. هەروەها دیاسپۆرا یەکێکی تر لەو دیاردانەیە کە هێزی نەرمی بۆ کورد دروست کردووە و لەڕێگەی بەرهەمهێنانی زانیاری و دەوری میدیا و هونەر و لۆبییەوە و هەروەها بەستنەوەی پرسی کورد بە گوتارە جیهانییەکانی وەک مافی مرۆڤ و فیمینیزم و دیموکراسییەوە، یارمەتی گەیاندووە بە جیهانیکردنی ئەم پرسە. بێ گومان ئەم دەستکەوتانە بەبێ ئەزموونی مێژوویی چەندپارچەیی و دابڕان و کۆچەوە بوونیان نەبوو.

لێرەوە ڕێنێسانس ناتوانێت چاوەڕێی دروستبوونی دەوڵەت-نەتەوەی کلاسیک بێت، هەربۆیە ئەگەر بە پێڤاژۆیەکی شێنەیی و چەندتوێیی پێناسەی بکەین، دەبێ ڕێگەی جێگرەوەی بۆ بدۆزرێتەوە کە بریتییە لە:

١. دروستکردنی ڕێکخراوە لە غیابی دەوڵەتدا، واتە زانکۆکان و تۆڕەکانی فێرکاریی نافەرمی، میدیاکان، وەشاندنی سەربەخۆ، ئیستانداردکردنی زیاتری زمان و بەرهەمهێنانی مەعریفەی خۆماڵی؛

٢. دروستکردنی سامانی فیکری و فەرهەنگی لەڕێگەی خوێندنەوەی ڕەخنەیی مێژووی کورد، بەرهەمهێنانی فەلسەفەی سیاسیی هاوچەرخ و پتەو و دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی دژکردەوەیی ڕووت و هەروەها پێوەندیسازکردن لەنێوان نەریت و چەمکە مۆدێرنەکانی وەک دیموکراسی، مافەکان، جێندەر و...؛

٣. بەکارهێنان و تاقیکردنەوەی شێوازەکانی جێگرەوەی سیستەمی حوکمڕانی.

لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەگەرچی کوردەکان دەوڵەت-نەتەوەی سەربەخۆ و کلاسیکیان نییە، بەڵام هەم خاوەنی شەرعییەتی هێز و یادگەی بەکۆمەڵ و میدیان و هەم لە چوارچێوەی کیانێکی نیوەسەربەخۆی وەک هەرێمی کوردستان و لەم دواییەشدا ڕۆژئاوای کوردستان، جۆرێک بوروکراسی و

فێرکاریی فەرمی و ڕێکخراوەی فەرهەنگییان بەرهەم هێناوە کە دەورێکی بەرچاوی بووە لە ڕێکخستنی پەروەردەی فەرمی، پەرەدان بە زمانی کوردی و میدیاکان، زیندووکردنەوەی سیمبولە نەتەوەییەکان، بەکارهێنانی ڕۆژژمێر و بۆنەکان و...، واتە بە چەشنێک ڕابردووی ڕێک خستووەتەوە و تاڕادەیەکی زۆر لە یادگەی مێژوویی کوردەکاندا سەقامگیری کردووە.

دامەزراندنی یەکەمین دەسەڵاتی فەرمی و یاسایی سیاسی و بوروکراسیی کوردی واتە هەرێمی کوردستان، گۆڕانکاریی قووڵ و بەربڵاوی لە زمانی کوردی و زەرفییەتەکانی ئەم زمانە و لە بەستێنی نووسین و چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردیدا دروست کردووە، بزووتنەوەیەکی بەهێز لە وەرگێڕان و بەرهەمهێنانی دەقی فیکری و ئەدەبیدا سەری هەڵداوە، زمانی کوردی لە کوردستان و عێراق بە فەرمی ناسراوە و خوێندن لە قوتابخانە و زانکۆکانی کوردستان بۆ یەکەمجار بەم زمانە بووە، دەیان کەناڵی تەلەڤیزیۆنی و سەدان ماڵپەڕی ئینتەرنێتی بە زمانی کوردی دامەزراوە، چەمکەلی وەک مێژوو، نەتەوە، ناسیۆنالیزم، ناسنامە، سیاسەت، دەسەڵات، کوردبوون، دەوڵەت، ڕۆشنبیر، دیموکراسی و... کەوتوونەتە بەر خوێندنەوەی نوێ و ڕەخنەیی، پێوەندیی بەربڵاوی فەرهەنگی و سیاسی لەنێوان بەشە جیاکانی کوردستاندا دروست بووە و حکوومەتەکان لە کۆنترۆڵکردنی ئەم پێوەندییانەدا شکستیان هێناوە و بەگشتی، سوبژێکتیڤیتەی کوردی لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و بیری گشتی و ئەمری نەتەوەییدا سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە. ئەم گۆڕانکارییانە تاڕادەیەک بۆشایی دەوڵەت-نەتەوە کلاسیکەکەی لەم بوارەدا پڕ کردووەتەوە. واتە لەڕێگەی کاریگەرییە سیاسی و فەرهەنگییەکانی ئەم نیوەدەوڵەتەوە، ئاستی وشیاریی نەتەوەیی لە هەموو پارچەکانی کوردستان بەرزتر بووەتەوە و ناسنامەیەکی نەتەوەیی قووڵتر و بەربڵاوتر لە پێشوو بیچمی گرتووە کە بووەتە هۆی دروستبوونی زنجیرەیەک هەوڵ لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە مێژووییە داسەپاوە. ڕۆژئاوای کوردستان ئەڵقەی دووهەمی ئەم زنجیرەیە کە ڕەوتەکەی خێراتر و ڕوئیای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی بەهێزتر کردووە. لەم ڕوانگەیەوە، ڕێنێسانس دەتوانێت بانگهێشتکردنی دەوڵەت بێت، بەڵام دەوڵەت ناتوانێت جێگەی ڕێنێسانس پڕ بکاتەوە. بە وتەی فارووق ڕەفیق: «گۆڕانی ستراکچەری کۆمەڵایەتی، هەندێک جار گۆڕانی سیاسیش لەخۆ دەگرێت، بەڵام مەرج نییە گۆڕانی سیاسی هەمیشە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و

بونیادی بەدوای خۆیدا بهێنێت.»

ئەم دەستکەوتانە بەرهەمی ڕەنج و بەرخۆدان و خەباتی فەرهەنگی و سیاسیی سەدان ساڵەی کورد بووە لە هەموو پارچەکانی کوردستان. لە مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و فەقێ تەیران و نالی و حاجی قادر و مەحوی تا بەدرخانەکان و پیرەمێرد و هتد. ئەگەرچی سەرهەڵدانە کاتییەکانی سەدەی ١٩ و سەرەتاکانی سەدەی ٢٠، وەک شێخ عوبەیدوڵڵا، سمکۆ، شێخ مەحموود، شێخ سەعید، بارزانی و...، بەر لەوەی سەرهەڵدانی مودێرن بن، لەسەر ئەساسی ئایینی-عەشیرەیی دروست بوون، بەڵام لە هەناوی خۆیاندا تایبەتمەندیی نەتەوەیی و بەرگری لە ناسنامەی کوردیشیان لەگەڵ بووە. ئەم سەرهەڵدانانە لە درێژەی خۆیاندا سروشتە ئایینی و عەشیرەییەکەیان گۆڕدراوە بۆ سروشتێکی نەتەوەیی.

دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦دا، یەکەمین خاڵی بیچمگرتنی بونیادێکی سیاسی-ئیداریی کوردی بوو لەسەر بنەمای زمان و ناسنامەی کوردی. کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغداد کە ساڵی ١٩٧٠ دامەزرا، نیشانەیەکی دیاری دەستپێکردنی بزووتنەوەیەکی زانستی-زماناسییە وەک بووژانەوەی زمان، هاوشێوەی دیکەی ڕێنێسانسە نەتەوەییەکانی وەک عیبری، فەنلاندی، چێکی و... .

هەروەها لە دەیەکانی پێشوودا ئەدەب، ئەندێشە، مۆسیقا و سینەمای کوردی گەشەی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە و بە ڕوانگەی مودێرنەوە هەوڵی داوە پەرە بستێنێت کە لە دەرکەوتەکانی سەرهەڵدانێکی فەرهەنگییە. بزووتنەوە مودێرنە کوردییەکان کە هەڵگری بابەتگەلی وەک: مافی مرۆڤ، دادپەروەری، دیموکراسی، دادپەروەریی ڕەگەزی، ژینگەپارێزی، خۆسەری و... کە لە بنەما سەرەکییەکانی لەدایکبوونەوەی یەک نەتەوەن لە دنیای ئەمڕۆدا. هەروەها شەڕی مێژوویی کورد لەگەڵ داعش یەکێکی تر لەو بابەتانە بوو کە هەم بۆ دونیا گرنگ بوو، هەمیش ناسنامەی نەتەوەیی کوردی یەکپارچەتر و بەهێزتر کرد.

بەڵام نابێ کەموکوڕی و ئالنگارییەکان لەبیر بکەین کە بەگشتی بریتین لە:

١. غیابی ناوەندی فیکری و سیاسیی یەکگرتوو: بەپێچەوانەی ڕێنێسانسە ئورووپییەکان یان تەنانەت نەتەوەگەریی عیبری و عەرەبی، بزووتنەوەی کوردی تووشی پرشوبڵاوی و سەرلێشێواوییەکی جوگرافی

(ئێران، عێراق، تورکیا، سووریا)، زمانی (سۆرانی، کرمانجی، زازایی و...) و سیاسی (حیزب و گوتاری زۆر) و بەربڵاوە.

٢. غیابی زمانێکی پێوەر و قبووڵکراو: هێشتا زمانێکی پێوەری کوردی کە لە هەموو جوگرافیای کوردستاندا بە شێوەی فەرمی زاڵ بێت و بخوێندرێت، بوونی نییە.

٣. شەڕ و سەرکوتکردنی سیستەماتیک: لە ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا بزووتنەوەی کوردی بەردەوام سەرکوت کراوە و ئەگەری ڕێکخراوەسازیی مەدەنی و فیکریی بەردەوامی نەبووە.

٤. ئایدیۆلۆژیگەری و نیزامیگەری: بەشێک لە بزووتنەوەی کوردی بە جێگەی جەختکردن لەسەر فەرهەنگ، پەروەردە، زانست و زمان، زیاتر گیرۆدەی ئایدیۆلۆژییەکان و شەڕی چەکداری بووە کە بووەتە هۆی ئەوەی سیمای فەرهەنگی-ژیاریی بزووتنەوەکە بەتەواوی گەشە نەکات یان بکەوێتە پەراوێزەوە.

٥. نەبوونی پێوەندییەکی پتەو لە ناو نوخبە کوردەکاندا لە جوگرافیای جیاوازدا: نوخبە کوردەکان زیاتر لە ناو سنووری سیاسی و فەرهەنگییەکانی خۆیاندا بیر دەکەنەوە و گرێدراوەتییەکی فیکری و فەرهەنگیی لاوازیان هەیە.

## (٤)

ئایا شکست و ڕەنجی مێژوویی دەتوانێ ببێت بە بەستێنێک بۆ گۆڕان و دیسان‌خوێندنەوەی دۆخی یەک نەتەوە یان خەڵکێکی لێکدابڕاو؟

ئەزموونە مێژووییە تاڵەکانی وەک بندەستی، شکستی سەربازی، ژینۆساید، ئاوارەبوون و کۆچ، بەردەوام لە یادگەی مێژوویی نەتەوەکاندا دەمێننەوە. پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم ئەزموونە پڕ لە ئازارانە دەتوانن ببن بە سەرچاوەی خوێندنەوە و پێداچوونەوە و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی؟ بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە سەرەتا دەبێت پێوەندیی نێوان شکست و یادگەی مێژوویی و لەدواییدا گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و ناسنامەی بەکۆمەڵ لێک بدرێتەوە. دیاردەگەلێک وەک شکستی سەربازی، لەدەستدانی شەرعییەت یان خاکی وڵات یان دەسەڵاتی سیاسی، بە پێوەری کۆ

هەڵدەسەنگێندرێن. هەروەها ڕەنج و ئازاری مێژوویی، ئەزموونە کۆییەکانی ژینۆساید و ئاوارەبوون و هەڵاواردن و لەدەستدانن، کە لەڕێگەی یادگەی مێژووییەوە دەگوازرێنەوە. ئەم دوو چەمکە تەنیا ڕووداوگەلی عەینیی ڕووت نین، بەڵکوو نواندنەوەی سیمبولیک لە یادگەی مێژووییدان کە دەتوانن لە دیسانخوێندنەوە و وێناکردنەوەی ناسنامەدا دەور بگێڕن.

بە وتەی پۆل ڕیکۆر، ڕەنج و ئازارە مێژووییەکان کاتێک دەبن بە زەرفییەت یان ئەگەری گۆڕان، کە کۆمەڵگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕابردوو و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی چالاکانەی ئەم ڕابردووە ئامادە بێت. ئەم هەوڵە بەبێ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و لە غیابی وتووێژێکی گشتی لەسەر واتاکان و دەرکەوتەکانی ڕابردوو مسۆگەر نابێت. هانا ئارێنت پێی وایە تێگەیشتن لە ڕابردوو و بەرپرسیارێتی بەرانبەر بە ڕابردوو، دەتوانێت ببێت بە بنەمایەک بۆ کردەوەی ئەخلاقی و سیاسیی بەکۆمەڵ. ئارێنت لەسەر «ڕوانینی ڕەخنەیی بەرانبەر بە ڕابردوو» داکۆکی دەکات و دەڵێت: ڕەنج و ئازاری مێژوویی لە کاتێکدا دەتوانێت ببێت بە بزوێنەرێک بۆ گۆڕانی بنەڕەتی کە سووژەی بەکۆمەڵ بەرانبەر بە ڕابردوو وشیار ببێتەوە. لێرەوە بەپێی تێگەیشتنی مێژوویی، کردەوەی بەکۆمەڵ دروست دەبێت.

ئایا ئەزموونە مێژووییەکانی کوردی دەتوانێت ببێت بە بنەمای سەرهەڵدان بۆ دیسانخوێندنەوەی بەکۆمەڵ؟

کوردەکان لە مێژووی هاوچەرخدا لەگەڵ دەیان کارەساتی وەک پارچەپارچەبوونی خاک، شەڕ، سەرکوتکردنی سیاسی و فەرهەنگی، ژینۆساید، ئاوارەبوون و... ڕووبەڕوو بوونەتەوە. ئەم ئەزموونانە ڕەنجێکی مێژوویی قورس و تراژیکیان لەگەڵ خۆیان هێناوە کە جیا لە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی، لە یادگەی مێژوویی ئەم نەتەوەشدا بنەنیشتە بوون و خۆیان تەنیوەتەوە.

بەپێچەوانەی نموونەگەلی ئاڵمان و ژاپۆنی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، کوردەکان ئەزموونی خوێندنەوە و پێداچوونەوەی فەرمیی ڕابردوویان لە ئاستی دەوڵەتدا نەبووە، بەڵام بیرەوەرییە ئازاربەخشەکان لە ئەدەب و مۆسیقا و ڕێوڕەسم و گوتاری سیاسیدا بوونی هەیە و بەردەوام ئامادەیە و وەک یادگەی ڕەنجی مێژوویی بۆ بەرەکانی دواتر دەگوازرێتەوە. ئەم یادگەیە دەتوانێت ببێت بە بنەمای جۆرێک وشیاریی گشتیی ڕەخنەیی. لە ڕوانگەی ڕیکۆرەوە، نواندنەوەی چالاکانەی ئازار و

شکستەکان، نەک سەرکوتکردن یان فەرامۆشکردنیان، دەتوانێت تێگەیشتن و دیسان‌خوێندنەوەی سیاسیی لێ بکەوێتەوە. ئەم دۆخە پێویستی بە هەندێک بەستێنی فیکری و کۆمەڵایەتی هەیە کە بریتییە لە:

١. وتووێژی بەکۆمەڵ سەبارەت بە ڕابردوو: لە غیابی وتووێژێکی کراوە و ڕەخنەیی لەسەر ئەزموونە ئازاربەخشەکان، یادگەی مێژوویی دەتوانێت قووڵبوونەوەی هەستی قوربانیبوون یان دووجەمسەریی ناسنامەی لێ بکەوێتەوە. بۆیە نواندنەوەی ئەزموونەکان، هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی و مێژوویی و وتووێژی ڕەخنەیی لەسەر واتا و دەرکەوتەکان پێویستە. ئایا کورد سەبارەت بە ئازارەکانی ڕابردووی خۆی ئەم هەوڵەی داوە؟ مەریوان وریا قانع لەسەر دەرئەنجامە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەنفال دەڵێت: «هەموو ڕاگەیاندنی کوردی، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ یەکێک لەو کەسە کوردانە تێدا نییە کە بەشداریی پەلامارەکانی ئەنفالیان کردووە. تا ئێستا یەک حیکایەتمان لەبەردەستدا نییە کە تێوەگلانی یەکێک لە بەشداربووەکانمان بەوردی بۆ بگێڕێتەوە. بە بۆچوونی من، ئەو گوناهە گەورەیەی بەرانبەر بە قوربانییەکان و کۆمەڵگەی ئێمە کراوە، ئەوەیە کە لێبوردنی سیاسی و لێبوردنی ئەخلاقی بە یەکدی یەکسان کراون و بەم کارەش، ڕێگە لە دروستبوونی ویژدانێکی ئەخلاقی ڕەخنەیی و ئینساندۆست گیراوە کە هەر کۆمەڵگەیەک بیەوێت پارێزگاریی لانیکەمی ئینسانییەتی خۆی بکات، پێویستی پێیەتی.»

٢. ڕێکخراوەی فەرهەنگی و فێرکاری: ڕێکخراوە فەرهەنگی و مەدەنییەکان، میدیاکان و زانکۆکان دەتوانن دەورێکی گرنگیان لەم پێداچوونەوەدا ببێت و گێڕانەوە فرەدەنگەکان بەهێز بکەن، فەزای وتووێژ-تەوەر بەرهەم بێنن و ئەزموونە ئازاربەخشەکان بکەن بە چەمکگەلێک بۆ توێژینەوە و لێکدانەوە.

٣. پێناسەکردنەوەی ناسنامەی بەکۆمەڵ: پێناسەی دووبارەی ناسنامەی بەکۆمەڵ دەتوانێت یەکێک لە دەرئەنجامەکانی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی شکست و ڕەنجە مێژووییەکان بێت و ناسنامەی قەتیسماو لە ناو ڕەنج و پەسیڤبووندا بکات بە ناسنامەیەکی چالاک و وشیار بەرانبەر بە ڕابردوو. ئەم ناسنامەیە بەر لەوەی واتای خۆی لە ڕەتکردنەوەی ئەویدی وەربگرێت، لەسەر بنەمای فامکردنی دۆخی مێژوویی و هەڵبژاردنی داهاتوو دادەمەزرێت. ئایدیۆلۆژی، مەترسیدارترین ئاستەنگە

بەرانبەر بە سەرهەڵدانی ئەم چەشنە لە ناسنامە. ئایدیۆلۆژی دەروازەکانی بیرکردنەوەی ئازاد و ڕەخنە لە خود و ڕابردوو دادەخات و هەڵە و لاوازییەکانی ڕابردوو بەهێز و جوان وێنا دەکاتەوە. ئایدیۆلۆژی، دیواری دژڕابوونە بەرانبەر بە بیر و ئەندێشەی ئازاد. فارووق ڕەفیق وتەنی: «ئایدیۆلۆژیاکان دەبنە مایەی پەسیڤبوونی عەقڵی و سیاسی، چونکە لە جەوهەردا ئەوان کۆششێکی نائومێدانەن بۆ ڕاکردن لە لێپرسراوێتی، خۆیان دەشارنەوە لە پاڵ ئیدیعای زانستیبوونیاندا و کەشفکردنی یاسا زانستییەکانی مێژوو یان کۆمەڵگە. لێرەوە ئایدیۆلۆژیا داوامان لێ دەکات کە سەر دانەوێنین بۆ ئەو شتەی کە حەتمییە، تا ببینە موسافرێکی ئەو شەمەندەفەرەی مێژوو، پرسیار نەکەین بۆ و چۆن، چونکە حەقیقەتەکان لەلایەن ئایدیۆلۆژیاوە کەشف کراون، ئیدی ئەوەی لەسەر ئێمەیە ملکەچکردن و ڕازیبوونە.»

پێناسە و شیکاریی پێشاژۆی ژیانەوە لە کۆمەڵگەی کوردی دەتوانێت لەسەر ئەم چەند تەوەرە بێت:

## (١)

تەوەرەی مێژوویی: یادگە و گێڕانەوەی مێژوویی کە بە بووژانەوەی یادگەی مێژوویی لەڕێگەی دووبارە خوێندنەوەی شۆڕشەکان، زمان، شیعر، ئەدەب و ئوستوورەکانەوە و دروستکردنی گێڕانەوەیەکی یەکگرتوو و جێگەی شانازی دەستەبەر دەبێت. بەرهەمهێنانی مێژوونووسیی سەربەخۆی کوردی بە جێگەی گێڕانەوە دەوڵەت-تەوەرە ناوچەییەکان و هەروەها لەقاودانی ساختەکاریی ناسنامە لە مێژوونووسیی ئێران، تورکیا، عێراق و سووریا، یان ڕەخنە لە مێژووی فەرمی و هەڵسازراو، یەکێکی تر لەو کارانەیە دەبێت جیدیتر بە گژیدا بچینەوە.

## (٢)

تەوەری زمان: کە وەک ستوونی سەرەکیی بووژانەوە و هەڵگری فەرهەنگ و ناسنامە، بنەماییترین توخمی ناو ئەم هاوکێشە مێژووییەیە و دەتوانێت لەڕێگەی بەهێزکردنی بەردەوامیی زمانی دایکی، دروستکردنی زمانی پێوەر بەتایبەت لە ناو سۆرانی و کرمانجی و بەرهەمهێنانی زانیاری و زانست و ئەدەب بەم زمانە، دەورێکی گرنگ و تەنانەت یەکلاکەرەوە بگێڕێت.

**(٣)**

تەوەری فیکری و فەرهەنگی: واتە بیچمدان بە سیستەمێکی مودێرنی بیر و ئەندێشەی کوردی لەسەر ڕیشە فەرهەنگییەکانی خۆی و موتوربەکردنی لە دەستکەوت و گۆڕانکارییە جیهانییەکان، خاڵێکی تری ئەم ڕەوتە بەردەوامەیە کە لەڕێگەی پێناسەی دووبارەی کوردبوون لە بەستێنی جیهانیبوون و چەندفەرهەنگیدا، خوێندنەوەی دووبارەی سامانە فەرهەنگییەکانی وەک حەماسەکان، چیرۆکەکان، شیعرەکان، مۆسیقا و... کە قووڵاییەکی فەرهەنگیی بەرچاویان هەیە بۆ بەهێزترکردن و سەقامگیرترکردنی یادگەی مێژوویی، هاوردەکردنی ئایدیا نوێکان بۆ دنیای کورد و بەپێچەوانەوە، بەرهەمهێنانی گێڕانەوەی نوێ لە خود و لە جیهان لەلایەن نوخبە و ڕۆشنبیر و ئاکادیمیی کوردەوە، گوتارسازی لە ئاستی میدیا ناوچەیی و جیهانییەکاندا و کەڵکوەرگرتن لە دیپلۆماسیی میدیایی جێبەجێ دەبێت. کەڵکوەرگرتنی وشیارانە و بەربڵاو لە تەکنۆلۆژیا نوێکانی وەک ئینتەرنێت، تۆڕی پەروەردەی ئۆنلاین و ژیریی دەستکرد، وەک ئەو دەورە کاریگەرەی کە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە لە سەردەمی ڕێنیسانس گێڕای. هەروەها کۆکردنەوە و گرێدانەوەی ئەو میراتە فەرهەنگییە دابڕاو و پەڕاکەندەی پێش ئیسلام و سەردەمی ئیسلام و سەردەمی ئێستا، کە بە شێوەی نەریتێکی ژیاریی یەکپارچە و یەکگرتوو دانەڕێژراوەتەوە و لە یادگەیەکی مێژووییماندا بنەنیشتە نەبووە.

**(٤)**

تەوەری سیاسی و مافی چارەی خۆنووسین: کە بە پێوەندیدروستکردن لەنێوان بووژانەوەی فەرهەنگی و پرۆژە سیاسی و یاساییەکاندا بۆ دابینکردنی مافەکان، بەزاندنی بازنەی پەراوێزنشینی و پەراوێزخراوی، بەکارهێنانی مودێلە جیاوازەکانی داخوازی، وتووێژ و بەرخۆدان، کەڵکوەرگرتن لە زەرفییەتە نێونەتەوەییەکان و مافی مرۆڤ و دیموکراسی بۆ شەرعییەتدان بە داخوازییەکان دەستەبەر دەبێت. هەروەها بەرهەمهێنانی فەزای وتووێژی فیکری لەگەڵ یەکتر لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە کە خۆی لە بازنەی بەرتەسکی وتووێژی تاکڕەهەند لەگەڵ سیاسییەکان یان سیستەمەکانی دەسەڵات دەرباز بکات و بابەتگەلی وەک مافی مرۆڤ، دادپەروەری، دیموکراسی، دادپەروەریی ڕەگەزی، ژینگەپارێزی، خۆسەری و... بکات بە چەقی باس و بابەتەکانی خۆی.

## (٥)

## دەرئەنجام

ئەگەرچی هاتنی دیاردەگەلێک وەک بەجیهانیبوونی ئابووری و سیاسەت، ئینتەرنێت، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ژیریی دەستکرد، هاوکێشەی گۆڕانکارییە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانیان لەگەڵ ئاڵۆزییەکی سەیردا ڕووبەڕوو کردووەتەوە و جۆرێک گرێدراوێتی و تێکەڵاوییان لەنێوان کۆمەڵگە و فەرهەنگە جیاوازەکاندا دروست کردووە، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەم دۆخە ئەمئەوەکییەدا، دەتوانین چاوەڕێی چەشنگەلێک لە گۆڕان و ژیانەوە بین لە دونیای ئێستادا کە بۆ بەدیهێنانی خۆی، کەڵک لەم دیاردە نوێیانەش وەربگرێت.

کوردەکان میراتێکی فیکری و فەلسەفیی دەوڵەمەند و بەهێزیان نییە، بەڵام خاوەنی سوننەتێکی فەرهەنگی و سیاسیی پرشوبڵاو و داپڕاو لە مێژوودان کە بە شیعر و مۆسیقا و دابونەریت و بەرخۆدانەوە دەناسرێتەوە و دەکرێت بە دیسانخوێندنەوە و کۆکردنەوە و یەکپارچەکردنی و هەروەها موتوربەکردنی لە دیاردە و زەرووەرەتەکانی دونیای نوێ، ببن بە بەشێک لە یادگەی مێژوویی ئەم نەتەوەیە. وشیاری بەرانبەر بە ڕابردوو و ئاگاداری لە نموونە مێژووییەکانی سەرهەڵدانەوە و ژیانەوە، دەتوانێت ببێت بە دەرفەتێک بۆ کورد تا بە کەڵکوەرگرتن لە ناسنامە و فەرهەنگی خۆیان و هەروەها توانایی تایبەتییان بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوەی دیاردەکان، ڕێگەیەک بۆ بەرینکردنەوە و قووڵترکردنەوەی ڕەوتی ئەو گۆڕانکارییانە بدۆزنەوە کە لە سەدساڵی ڕابردووەوە دەستیان پێکردووە و لە سەردەمی ئێستادا خێراییەکی زیاتری بە خۆیەوە بینیوە.

ئەگەرچی غیابی دەوڵەت-نەتەوەی کوردی و درز و کەلێنە جوگرافی و فەرهەنگی و سیاسییەکان، دامەزراندن و سەقامگیرکردنی ئەم گۆڕانکارییانە و کردنی بە بەشێک لە یادگەی مێژوویی و ناسنامەی نەتەوەییی کوردی دژوار کردووە، بەڵام دەتوانن بە کەڵکوەرگرتن لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی نەرم و زەرفییەتە یاسایی و سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان و هەروەها بەکارهێنانی ئامرازە مودێرنەکان لە بوارەکانی پێوەندیی و سیاسەت و فەرهەنگدا، بەشێکی بەرچاو لەم بۆشاییە پڕ بکەنەوە و زەمینە خۆش بکەن بۆ بانگهێشتکردنی دەوڵەت-نەتەوەی کوردی. بەگشتی کوردەکان

دەتوانن بە ئاوڕدانەوە لە فەرهەنگی بەرخۆدان کە بەشێکی بەرچاو لە سامانی ناسنامە و بوونی ئەوانی لە درێژەی مێژوودا پێکهێناوە، بەرەوپیری دونیای نوێ بچن و بە دوورکەوتنەوە لە ئایدیۆلۆژی، لە کاراکتەری قوربانییەوە ببن بە سووژەی داهێنەر و لە وەهمی گۆڕانەوە بچنە قۆناغی دیالێکتیکی ڕەنج و ژیانەوە.

## سەرچاوەکان


١. وێستگەیەک لە گەشتێکی فەلسەفی، فاروق ڕەفیق، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، سلێمانی ٢٠١١، چاپی یەکەم، ل ٢١٥.

٢. بەختەوەریی و بێدەنگی، مەریوان وریا قانع، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، سلێمانی ٢٠١٧، چاپی سێیەم، ل ٣٤.

٣. ستەمکاری: مەملەکەتی ترس و لەمرۆڤخستنی مرۆڤ و تیرۆرکردنی عەقڵ، فاروق ڕەفیق، لە بڵاوکراوەکانی خانەی حیکمەت بۆ لێکۆڵینەوەی فەلسەفی، چاپی دووەم، ٢٠١٢. ل ٣٣٨.

٤. رنسانس: دوران شکوفایی هنر در اروپا، آلیسون کول، مترجم سارا برزگر، انتشارات سبزان، چاپ هشتم، تهران ١٤٠٣.

٥. تاریخ رنسانس، سدنی دارک، ترجمه احمد فرامرزی، به کوشش حسن فرامرزی، انتشارات دستان، تهران ١٣٧٣.

٦. ملت‌ها و ناسیونالیسم پس از ١٧٨٠، اریک هابسبام، مترجم مهدی صابری، ویراستار حسن مرتضوی، انتشارات چرخ، چاپ سوم، تهران ١٤٠٢.

٧. ابداع سنت، اریک هابسبام، مترجم محمد نبوی، ویراستار الهام آقابابا‌گلی، نشر بی‌گاه، چاپ اول، تهران ١٤٠٣.

٨. جماعت‌های تصوری، بندیکت آندرسون، مترجم محمد محمدی، انتشارات رخداد نو، چاپ اول، تهران ١٣٩٣.

٩. بازاندیشی تاریخ، کیت جنکینز، مترجم حسینعلی نوذری، نشر آگه، چاپ دوم، تهران

.۱۳۹۳

۱۰. میان گذشته و آینده، هانا آرنت، مترجم سعید مقدم، انتشارات اختران، چاپ ششم، تهران ۱۴۰۲.

۱۱. مدرنیته و مدرنیسم: سیاست، فرهنگ و نظریه اجتماعی، مجموعه نویسندگان، تدوین و ترجمه حسینعلی نوذری، انتشارات نقش جهان، چاپ چهارم، تهران ۱۴۰۲.

# ڕێنێسانسی کوردی لە قەیرانەکانەوە بۆ دەرفەتەکان؛ ڕۆڵی حاکمان و ڕۆشنبیران لە چالاکییە کولتووری و مێژووییەکان و یەکگرتوویی پان-کوردی لە هەرێمی کوردستان


دکتۆر کەیومەرس عەزیمی

توێژەر و ئەکادیمی




## پوختەی بابەت

بووژانەوەی کولتووری کوردی یان ڕێنێسانسی کوردی، پێشاژۆیەکی (پرۆسەیەکی) ستراتیژی و بنەڕەتییە بۆ نوێکردنەوەی زمانەوانی، ئەدەبی، هونەری، کولتووری و ناسنامەیی کورد لە هەرێمی کوردستان، کە لە سێبەری قەیرانە سیاسی، ئابووری و ئەمنییەکاندا دەرفەتی گەورەی بۆ دروستکردنی مۆدێلێکی مۆدێرن و بەردەوام، بەتایبەتی لەڕێگای یەکگرتوویی لەگەڵ کوردەکانی دەرەوەی هەرێم پێشکەش کردووە. ئەم قەیرانانە، لە ناکۆکییەکانی بودجەیی لەگەڵ بەغدا و ناکۆکییە حزبییەکانەوە تا هەڕەشە دەرەکییەکان، چالاکییە کولتوورییەکانی سنووردار کردووە، بەڵام ڕۆڵی حاکمانی کورد (وەک پاڵپشتی پرۆژەی «Visit Kurdistan» و دیپلۆماسیی کولتووری و چالاکییە فەرمییەکان) و ڕۆشنبیران (لە توێژینەوە و پێکهێنانی فێستیڤاڵ و کۆنگرەکان) نیشان دەدەن کە دەکرێت ئەم ئاستەنگییانە بگۆڕدرێن بە دەرفەتی ستراتیژی بۆ پتەوکردنی ناسنامەی پان-کوردی. چالاکییە کولتوورییەکانی وەک فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی سلێمانی و دهۆک، پێشانگای کتێبی هەولێر و پێشنیاری کۆنگرەی نێودەوڵەتی لەسەر کەسایەتییە ئەدەبی و مێژووییەکان وەک ئەحمەدی خانی، سەلاحەددینی ئەییووبی، مەستوورەی ئەردەڵان، شەرەفخان بەدلیسی و هتد، ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە پتەوکردنی هۆشیاری نەتەوەیی و ناساندنی کورد بە جیهان و هەروەها کاریگەرییەکی قووڵیان هەیە لەسەر کوردەکانی تورکیا، ئێران، سووریا و دیاسپۆرا. دەرفەتەکانی دیجیتاڵیزەکردنی ئەرشیفە کولتوورییەکان، پەرەپێدانی گەشتیاریی کولتووری وەک سەرچاوەیەکی ئابووری بەردەوام و دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی وەک ئەکادیمیای کوردی، ڕێگایەکی زانستییانە و مۆدێرن پێشکەش دەکەن بۆ گونجاندن لەگەڵ واقیعی گلۆبەلایزەیشن و سەردەمی تەکنۆلۆژیا لەگەڵ جیهانی ئەمڕۆ و پتەوکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی. ئەم توێژینەوەیە، بە پشتبەستن بە ڕامانەی (تیۆریی) ناسیۆنالیزمی کولتووری و نموونەی سەرکەوتووی نەتەوە بچووکەکان، پێشنیار دەکات کە بە یەکڕیزیی سیاسیی ناوخۆیی، بەشداری چالاکانەی ئافرەتان و گەل و دیاسپۆرا، دامەزراندنی ئەکادیمیای کوردی و پلانی ستراتیژی پان-کوردی و جێبەجێکردنی پلانی نەتەوەیی درێژخایەن، حاکمان و ڕۆشنبیرانی کورد دەتوانن ڕێنێسانسی کوردی بگۆڕن بە

پرۆسەیەکی نیشتمانیی بەردەوام و کاریگەر بە ناوەندایەتیی هەرێم، لەسەر تەواوی چوارپارچەی کوردستان. بەم شێوەیە، قەیرانەکان دەبنە دەرفەتێکی مێژوویی بۆ بووژانەوەی کولتووری کوردی، کە هەرێمی کوردستان دەکاتە سەنتەری یەکگرتوویی نەتەوەیی و نموونەیەکی جیهانی بۆ نەتەوە بچووکەکان، کە لە نێوان ئاستەنگییەکاندا ناسنامەیان پتەو دەکەن.

وشەی سەرەکی: ڕێنێسانسی کوردی، قەیرانی سیاسی-ئابووری، حاکمانی کورد، ڕۆشنبیرانی کورد، چالاکییە کولتوورییەکان، دیجیتاڵیزەکردن، یەکڕیزیی نەتەوەیی، پلانی ستراتیژی کولتووری.

## دەستپێک

پێویستییەکی ستراتیژی بۆ ڕێنێسانسێکی پان-کوردی

لە سەردەمی گلۆبەلایزەیشن و قەیرانە جیهانییەکاندا، بووژانەوە و ڕێنێسانسی کولتووریی نەتەوەکان نەک تەنها پاراستنی کەلەپوورە، بەڵکوو ئامرازێکی ستراتیژییە بۆ پتەوکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و یەکگرتوویی. ڕێنێسانسی کوردی لە هەرێمی کوردستان، وەک پرۆسەیەکی نوێبوونەوەی زمانەوانی، ئەدەبی، کولتووری، هونەری و مێژوویی، یەکێکە لە گرنگترین دەرفەتەکانی سەردەمی نوێ بۆ کورد، کە لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ زایینی سەری هەڵداوە و بووەتە بنەمای سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی.[1] ئەم پرۆسەیە هاوشێوەی ناسیۆنالیزمی کولتووری لە نەتەوە بچووکەکانی وەک بەلتیک یان کاتالۆنیا نییە، بەڵکوو ئامرازێکی زانستیانەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاسیمیلاسیۆن و دروستکردنی مۆدێلێکی گەشەی بەردەوام و پتەوکردنی ناسنامەی نەتەوەیی، گەشەی ئابووری و یەکگرتوویی.[2] ئەم پرۆسەیە، بەپێی ڕامانەی (تیۆریی) داهاتووی ناسیۆنالیزمی گەلان، دەتوانێت کاریگەرییەکی قووڵی هەبێت لەسەر کوردەکانی دەرەوەی هەرێم - کە زۆرینەی دانیشتووانی نەتەوەی کورد پێکدەهێنن - و هەرێم بکاتە سەنتەری یەکگرتوویی پان-کوردی.

لەم چوارچێوەیەدا، قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان - لە قەیرانی ئابووری و بودجەییەوە تا ناکۆکییە

---

[1] . Phillips, 2015

[2] . Anderson, 1983

سیاسییەکان و هەڕەشە ئەمنییەکان و دەرەکییەکان - نەک ڕێگر، بەڵکوو دەرفەتێکن بۆ نوێکردنەوەی کولتوور بە شێوەیەکی مۆدێرن و کاریگەر، کە کوردەکانی تورکیا، ئێران، سووریا و دیاسپۆراش تێیدا بەشدار بن. حاکمانی کورد بە دیپلۆماسیی نەرم و پاڵپشتیی دامەزراوەیی و دارایی و، ڕۆشنبیران بە توێژینەوەی زانستیانە و چالاکییە ئەکادیمییەکان، دەتوانن ئەم قەیرانانە بگۆڕن بە هێزێکی پێشەنگ بۆ بووژانەوەی کولتووریی پان-کوردی. ئەم توێژینەوەیە، بە پشتبەستن بە تیۆرییە ئەکادیمییەکان و نموونەی ڕاستەقینەی چالاکییەکان، پێشنیاری ستراتیژی دەدات کە دەتوانێت ببێتە ڕێنیشاندەرێک بۆ دەوڵەتمەندارانی کورد و ڕۆشنبیران بۆ پلاندانانی ئایندەیەکی کولتووریی یەکگرتوو و پتەو.

**پرسیارە سەرەکییەکان بریتیین لە؛**

- چۆن حاکمان و ڕۆشنبیران دەتوانن چالاکییە کولتووری و مێژووییەکان بەکاربهێنن بۆ گۆڕینی قەیران بە دەرفەت؟

- چ پلانێکی نەتەوەیی پێویستە بۆ گەیشتن بە ڕێنێسانسێکی بەردەوام؟

**چوارچێوەی تیۆریک و مێژوویی ڕێنێسانسی کوردی؛**

لە ناسیۆنالیزمی کولتوورییەوە بۆ مۆدێلی مۆدێرن و یەکگرتوویی نیشتمانی

لە تیۆریی ناسیۆنالیزمی کولتووریدا، کولتوور وەک «کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی» دەبینرێت کە ناسنامەی نەتەوەیی دروست دەکات و دەتوانێت سنوورە سیاسییەکان ببڕێت.[3] لە کوردستان، ئەم تیۆرییە لە سەدەکانی بەر لە سەدەی نۆزدەیەم بە سەرهەڵدانی میرنشینەکانی کورد؛ وەک بابان، سۆران، ئەردەڵان، برادۆست، بەدلیس و هتد دەستی پێکرد، کە بوونە سەنتەری ئەدەبی و کولتووری، لەگەڵ کەسایەتییەکانی وەک ئەحمەدی خانی، شەرەفخانی بەدلیسی، نالی، سالم، مەستوورە و زۆر کەسانی تر. لەنێوان ئەو کەسانەدا ئەحمەدی خانی «مەم و زین»ی وەک یەکەمین پەرتووکی نەتەوەیی

---

[3] . Anderson, 1983

کوردی نووسی.[4] بەڵام قۆناخی مۆدێرنی ئەم بووژانەوە و ڕێنێسانسە دوای ساڵی ١٩٩١ زایینی بوو، کاتێک هەرێمی کوردستان دامەزرا و زمانی کوردی بوو بە فەرمی، کە بووە بنەمای پاراستنی ناسنامە لەبەرانبەر ئاسیمیلاسیۆن و هەروەها بوو بە مۆدێلی ئۆتۆنۆمی و کاریگەریی هەبوو لەسەر کوردەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.[5]

کاریگەرییەکانی ئەم بووژانەوە و ڕێنێسانسە لە هەرێمی کوردستان لەسەر کوردەکانی دەرەوە قووڵ و بەرفەراوانە و ئێستا زۆرتر لە پێش بەرچاو دەکەوێت؛

- لە ڕۆژئاوا کورد داواکاری مۆدێلی خۆبەڕێوەبەرە و هەوڵ دەدات بۆ دروستکردنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆم، بە نموونەی هەرێمی کوردستان.
- لە باکوور و ڕۆژهەڵات هۆشیاری بەرانبەر ئاسیمیلاسیۆن زیادی کردووە و بنچینەکانی ناسیونالیزمی کوردی و پان-کوردیی پتەوتر کردووە.
- لە دیاسپۆرا ناسنامەیەکی نیشتمانی و یکگرتویی پێک هێناوە.
- لەنێو هەموو کوردانی جیهاندا، گرنگیدان و هەستی شانازی بە ئاڵا و سروودی نەتەوەیی کورد و پێویستی دامەزراندنی یەک وڵات، بە ناوی کوردستان، زیادی کردووە.

حاکمان و کاربەدەستان و ڕۆشنبیرانی کورد دەتوانن ئەم کاریگەرییانە لە کوردەکانی دەرەوەی هەرێم بەرچاوی خۆ بخەن و بۆ پتەوکردنی ڕێنێسانسێکی بەربڵاو لە هەرێم بەکاری بهێنن.

ڕۆڵی حاکمانی کورد لە پارتی و یەکێتی و حزبەکانی دیکە لەم پرۆسەیەدا بنەڕەتییە. خێزانی بارزانی و تاڵەبانی وەک دوو بازووی سەرەکی لە سیاسەتمەدارانی حزبە دەسەڵاتدارەکان، بە یاسا و دامەزراوەیی، پاڵپشتیان کردووە بۆ پەرەپێدانی زمان و کولتوور، وەک دامەزراندنی زانکۆکان بە زمانی کوردی و پشتگیریی میدیای کوردی. ڕۆشنبیرانیش، لە زانکۆکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک و هتد، توێژینەوەیان لەسەر زمانەوانی، ئەدەب و مێژوو کردووە، کە بووەتە بنەمای بووژانەوەی ئەدەبیی

---

[4] .Vali, 2003

[5] . McDowall, 2004

نوێ.[6] ئافرەتان، بە تیۆری و ئەدەبی فێمینیستی، ڕۆڵی پێشەنگیان هەبووە لە نوێکردنەوەی کولتوور بە شێوەیەکی بەربڵاو. بەرزبوونەوەی بەشداریی ژنان بۆ ئاستی پارێزگاری هەڵەبجە، نوێنەری پەرلەمان و بەرپرسی دەستە و ئۆرگانە جیاجیاکانی هەرێم، بەڵێنی بەشداری زیاتریان لە بەڕێوەبردنی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە ئایندەیەکی نزیکدا دەدات. ئەمەش وای کردووە کوردستان ببێتە یەکێک لە خاڵە پێشەنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.[7] ئەم چوارچێوەیە نیشان دەدات ڕێنێسانسی کوردی نەک تەنها پاراستنە، بەڵکوو ستراتیژییەکە بۆ گەشەی نەتەوەیی لە سەردەمی نوێدا.

## قەیرانەکان وەک ئاستەنگی ستراتیژی

قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، عێراق و هەرێمی کوردستان، هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم بۆ پێشکەوتن و بەرێوەبردنی ڕێنێسانسێکی مۆدێرن و پێشکەوتنخوازانەی سنووردار کردووە، بەڵام دەرفەتی یەکگرتوویی لەگەڵ کوردانی دەرەوەی وڵاتیشی ڕەخساندووە. قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی دوای ساڵی ٢٠١٤ زایینی و ریفراندۆمی ساڵی ٢٠١٧زایینی، بوونەتە ئاستەنگییەکی جددی بۆ بووژانەوەی کولتووری و ڕێنێسانسی کوردی. یەکێک لە ئاستەنگە توند و مەترسیدارەکانی بووژانەوە و ڕێنێسانس لە کوردستان، کێشەکانی نائەمنی و هەڕەشە دەرەکی و ناوخۆییەکانە کە سەرنجی سەرکردەکان و بودجەی گشتی حکوومەتی هەرێمی بۆ کارەکانی پەیوەست بە ئاسایشی ناوخۆ و ناوچەکە ڕاکێشاوە. هەڕەشەکانی داعش و هێزە سەربازییەکانی پەیوەست بە وڵاتانی ناوچەکە و لایەنە عێراقییەکان و دەرئەنجامەکانی کێبڕکێی سەربازیی ئێران، ئیسرائیل و تورکیا لە کوردستان، گرنگترین هۆکارن، کە پێشکەوتن و ڕێنێسانسی ئابووری، ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی کوردستان ڕووبەڕووی کێشە دەکەنەوە. هەڕەشە ئەمنییەکانی دراوسێکان - هێرشی تورکیا بۆ سەر PKK و فشارەکانی ئێران و بۆردومان و هێرشی سەربازی لەلایەن هەردوولا، بۆ سەر خاکی کوردستان - سەرنجی حکوومەتی بۆ لایەنی ئەمنی بردووە و لە پرسگەلی پەیوەندیدار بە کولتوور دووری خستووەتەوە. گرفتێکی تر،

---

[6] . Bengio, 2014

[7] . Dirik, 2018

کێبڕکێی حزبی و ناکۆکیی توندی ناوخۆیی لەنێوان حزبە دەسەڵاتدارە کوردییەکاندایە، کە لەمپەڕێکی جیددییە لەبەردەم پێشکەوتن و ڕێنسانسی کورد و کوردستاندا. ڕکابەری و ناکۆکیی حزبی لەم چەند ساڵەدا زیانێکی زۆری لێ کەوتووەتەوە و چەندین جار پەرلەمانی کوردستان داخراوە. هەروەها دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ٢٠٢٤ زایینی کە دواکەوتنی دامەزراندنی حکومەتی نوێی لێ کەوتەوە، یەکڕیزیی سیاسی لاواز کردووە و کاریگەریی لەسەر پلانە کولتوورییەکان هەبووە. قەیرانی ئابووری، بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ بەغدا لەسەر داهاتی نەوت و کەمکردنەوەی بودجەی فیدراڵی، بووەتە هۆی دواکەوتنی مووچە و کەمبوونەوەی تەرخانکردن بۆ کولتوور کە ئەمەش یەکێک بوو لە هۆکارە سەرەکییەکانی دابەزینی گەشەی خێرای ڕێنێسانس لە کوردستان.
لە کێشەکانی دیکە، گلۆبەلایزەیشن و میدیای بیانییە کە مەترسی ئاسیمیلاسیۆن زیاد دەکەن. ئەمەش مەترسی ئەوەی هەیە زمان و کولتووری کوردی لەنێوان لاواندا لاواز بکات. ئەم قەیرانانە، بەپێی ڕامانەی (تیۆریی) بەرخۆدانی کولتووری، دەتوانن ببنە هۆی لاوازبوونی بووژانەوە، ئەگەر بە شێوەیەکی ستراتیژی نەسڕدرێنەوە.8 بەڵام ئەم ئاستەنگییانە دەرفەتیش دروست دەکەن بۆ نوێکردنەوەی کولتوور بە شێوەیەکی مۆدێرن - وەک گەشتیاریی کولتووری و دیجیتاڵی – و دەتوانن ببنە هۆی پاڵپشتیی زیاتر بۆ دیاسپۆرا و کوردەکانی دەرەوە، بۆ پاراستنی ناسنامە کوردی و هەستی ناسیۆنالیزم و شانازیی نەتەوەیی.

## دەرفەتەکان؛

### ڕۆڵی حاکمان لە گۆڕینی قەیران بە دەرفەت

دەسەڵاتداران و دەوڵەتمەدارانی پارتی دیموکرات، یەکێتیی نیشتمانی و لایەنە چالاکەکانی دیکە، دەتوانن بە پشتیوانی زیاتری خۆیان، ڕۆڵی سەرەکییان هەبێت لە گۆڕینی قەیران بە دەرفەت. هەرێمی کوردستان بەهۆی زیادبوونی مەترسییەکانی دراوسێکانییەوە، هیچ ڕێگەیەکی تری نییە جگە لە یەکخستنی گروپە ناوخۆییەکان و هاوڕێیەتیکردنی سیاسەتە جیهانییە مۆدێرنەکان لە گەشەکردن و پێشکەوتندا. هەرێمی کوردستان دەشێت بتوانێت سوود لە لاوازی دراوسێکانی وەربگرێت و خۆی

8 . Scott, 1985

بکاتە ناوەندی گەشەپێدان و ئاسایشی ناوچەکە. پەیوەندیی دەرەکی بەردەوام لەگەڵ دراوسێکان، ئەوروپا، ئەمریکا و تەنانەت چین و ڕووسیاش، لەسەر بنەمای گرنگیدان بە بەرژەوەندییە نەتەوەیی و ناوچەییەکان، ئەمە مومکین دەکات و زەمینەیەکی باشتر بۆ بووژانەوە و ڕێنێسانس لە هەرێم دابین دەکات. کردنەوە و دەستپێکردنی کاری باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان - کە گەورەترین باڵیۆزخانەی ئامریکا لە جیهاندایە - بنەمای فراوانکردنی ئاسایش و ڕێگریکردن لە دەستدرێژی دراوسێکان و تەنانەت حکوومەتی عێراق لە کاروباری کورددا دابین دەکات.

دەتوانین ئەم خاڵانەی خوارەوە وەک گرنگترین ئەرکەکانی دەوڵەتمەدارانی کورد بۆ دابینکردنی کەشێکی گونجاو بۆ ڕێنێسانس لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەستنیشان بکەین:

دیپلۆماسیی نەرم و پاڵپشتی پان-کوردی، تەرخانکردنی بودجەی زیاتر بۆ سیستەمی پەروەردەی زمانی کوردی، ئەنجامدانی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بۆ کەسایەتییە دیارەکانی کورد، پاڵپشتیکردنی لە کاناڵی تەلەفزیۆن و تۆڕە مەجازییەکان بۆ فراوانکردنی کولتوور و زمانی کوردی، پشتیوانیی هەمەلایەنە بۆ بەرفراوانی و دەوڵەمەندیی زمانەوانی، ئایینی، ڕێوڕەسم و کولتووری کوردستان و هەوڵدان بۆ تۆمارکردنیان لەسەر ئاستی جیهانی، هەوڵی بەرفراوان و ڕاستەقینە بۆ فراوانکردنی دیموکراسی و بەشداریی ژنان و سەرجەم گروپە چالاکەکان لە هەیکەلی حکوومەتدا، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر زانست و شایستەیی، هەوڵدان بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی بەرچاوتر لە دیپلۆماسیی جیهانی و پەیوەندییەکانی دەرەوەدا بگێڕێت و باشتر تواناکانی هەرێمی کوردستان و گەلی کورد بە جیهان بناسێنرێت.

پاڵپشتی فەرمی لە چالاکییەکانی وەک فێستیڤاڵی نەورۆز، پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێبی هەولێر و سلێمانی و زاخۆ، پرۆژەی «Visit Kurdistan» ، فێستیڤاڵی فیلمی سلێمانی و خەڵاتی نێودەوڵەتی فێلمی دهۆک، نیشان دەدات کە حاکمان دەتوانن بودجەی سنووردار بەکاربهێنن بۆ پتەوکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی. بەڵام، پێویستە ئەم پاڵپشتییە فراوانتر بکرێت بە پلانی درێژخایەن بۆ دیجیتاڵیزەکردن و کۆنگرەی نێودەوڵەتی، کە دەتوانێت هەرێم بکاتە سەنتەری توێژینەوەی کوردی لە جیهاندا. ئەم پرۆژەیە نەک تەنها ئابووری پتەو دەکات، بەڵکوو کولتووری کوردی بە جیهان دەناسێنێت.

ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە چالاکییە کولتووری و مێژووییەکان

ڕۆشنبیران، وەک توێژەرانی زانکۆکان و نووسەران، مامۆستاکان و شاعیران، پێشەنگی بوژانەوەی ئەدەبی و مێژوویی گەلی کوردن. چالاکییەکانی وەک کۆنفرانسی توێژینەوەی کوردی لە ٢٠٢٥زایینی و فێستیڤاڵی فیلمی سلێمانی نیشان دەدەن کە ڕۆشنبیران دەتوانن کولتوور بەکاربهێنن بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیران. بێ گومان پێویستە دان بەوەدا بنێین کە تا ئەمڕۆش ڕۆشنبیرانی کورد هەنگاوی باشیان ناوە بە ئاراستەی بەستنی کۆنفرانس، فێستیڤاڵ، کۆنگرە، جەژن و ئاهەنگەکانی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی، کە پێویستە بە پاڵپشتی و بەهێزی زیاتر درێژەیان پێبدرێت. لەنێو ئەو چالاکییانەدا دەکرێ ئەم نموونانەی خوارەوە بهێنرێنەوە کە قووڵایی ڕێنێسانسی کورد لە ناوچەکە و لە نێو گەلی کورددا دەردەخەن:

کونفرانسی نێودەوڵەتی توێژینەوەی زمانی کوردی، کونفرانسی نێودەوڵەتی جینۆسایدی گەلی کوردان، خەڵاتی نێودەوڵەتی کتێبی کوردی، فستیواڵی نێودەوڵەتی فێلمی دهۆک و سلێمانی، فێستیڤاڵی فۆلکلۆری نێودەوڵەتی، پیشانگای کتێبی کوردی لە هەولێر، خەڵاتی قەڵاتی هەولێر، خەڵاتی قەڵەمی هەژار، خەڵاتی ئەدەبیی مەولەوی، خەڵاتی ئەدەبیی کاڵ، فێستیڤاڵی هەناری هەڵەبجە، فێستیڤاڵی هەڵپەرکێ، فێستیڤاڵی سیاچەمانەی هەورامان، فێستیڤاڵی هۆرەی خانقین، فێستیڤاڵی بەیت و حەیران و دەیان خەڵات و کونفرانس و فێستیڤاڵی دیکە کە بە بوونیان کولتوور و ئەدەبی کورد و کوردوستان پتەوتر و ئەستۆرتر دەبێت.

پێشنیاری دروستکردنی کۆنگرەی نێودەوڵەتی و خەڵاتی ساڵانە لەسەر کەسایەتییەکان وەک ئەحمەدی خانی (بۆ ئەدەبی نەتەوەیی)، سەلاحەددینی ئەییووبی (بۆ ناساندنی جیهانی)، شەرەفخانی بەدلیسی (بۆ مێژوونووسان)، مەستوورەی ئەردەڵان (بۆ ڕۆڵی ئافرەتان) و هتد، دەتوانێت ببێتە ئامرازێکی زانستیانە بۆ نووسینەوەی مێژوو و پتەوکردنی هۆشیاریی پان-کوردی. بەشداریکردنی سەرۆک مەسعود بارزانی لە چوارەمین سیمپۆزیۆمی مەلای جزیری، لە شێرناخی بۆتان و ئامادەبوونی چالاکانەی بەرپرسانی دیکەی حزبی لەم جۆرە ئاهەنگ و فێستیڤاڵانەدا نیشانەیەکی ڕوونی پشتیوانیی سیاسییە کوردەکانە بۆ ئەو جۆرە چالاکییە کولتوورییە کە بەڕوونی هەرێمی کردووە بە ناوەندی گەشە و ڕێنێسانسی کورد.

هەروەها دامەزراندنی ئەکادیمیای کوردی و ناوەندی دیجیتاڵی پاراستنی کەلەپۆر، پێشنیاری ڕاستەقینەیە بۆ ڕۆشنبیران، کە دەتوانێت لەگەڵ دیاسپۆرا هاوکاری بکات بۆ بڵاوکردنەوەی کولتووری کوردی لە جیهان.

## کۆتایی بابەت

**پلانی ستراتیژی بۆ ئایندەیەکی کولتووری پتەو**

ڕێنیسانسی کوردی دەتوانێت بە ڕۆڵی یەکگرتووی حاکمان و ڕۆشنبیران، لە قەیرانەکان وەک دەرفەتی مێژوویی سوود وەربگرێت. پێویستە پلانێکی نەتەوەیی درێژخایەن دروست بکرێت کە یەکڕیزیی سیاسی، بودجەی تایبەت بۆ کولتوور، دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی وەک ئەکادیمیای کوردی و کۆنگرەی نێودەوڵەتی لەسەر کەسایەتییە مێژووییەکانی تێیدا بێت. بە بەشداری ئافرەتان، گەل و دیاسپۆرا، ئەم پلانە دەتوانێت هەرێمی کوردستان بکاتە نموونەیەکی جیهانی بۆ گەشەی کولتووری لەنێو قەیرانەکاندا. حاکمان و ڕۆشنبیران دەتوانن ئەم پرۆسەیە بگۆڕن بە هێزێکی ستراتیژی بۆ ئایندەیەکی پتەو و سەربەخۆی کوردی.

## سەرچاوەکان


Anderson, B. (1983). Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism. Verso.

Bengio, O. (2014). The Kurds of Iraq: Building a State Within a State. Lynne Rienner Publishers.

Dirik, D. (2018). «Building Free Women: Jineoloji and the Kurdish Women›s Freedom Movement».

McDowall, D. (2004). A Modern History of the Kurds. I.B. Tauris.

Phillips, D. L. (2015). The Kurdish Spring: A New Map of the Middle East. Transaction Publishers.

Vali, A. (2003). Essays on the Origins of Kurdish Nationalism. Mazda Publishers.

# پارادۆکسی ڕێنێسانسی ئایینی



د. لهۆن قادر عەبدولڕەحمان
دکتۆرا لە ئەدەبی کوردی

## پوختە

لەم توێژینەوەیەدا، وێڕای خستنەڕووی کرۆکی ڕێنێسانس و هەقیقەتی ڕێنێسانسی ئایینی لە ئەورووپا، گریمانە و هەوڵەکانی ڕیفۆڕم یان ڕۆشنگەریی ئایینی لە ئیسلامدا دەخەینە ڕوو. جگە لە بەراوردی ڕیفۆڕمی ئایینی لە ئەورووپا و لێرە بە ئامانجی پەیبردن بە گریمانەی ڕیفۆڕم و ڕۆشنگەری لە ئیسلامدا، پرسیارگەلی بونیادیش لەسەر ڕیفۆڕمی ئایینی لە چوارچێوەی ڕێنێسانسدا دەپرسین و تەتەڵەی ئەو دەنگۆیانە دەکەین کە لەنێو ئیسلامدا هەوڵیان داوە بۆ ڕیفۆڕم و بەمۆدێرنەکردنی ئایین. ئەگەرچی ئێمە گریمانەی ئەوەمان کردووە کە لە کوردستاندا ڕۆشنگەریی ئایینی بەگشتی و ئیسلامی نییە، بەڵام گریمانە و هەوڵەکانی ڕیفۆڕم لەلایەن کۆمەڵگە موسڵمانەکانی دەوروبەرمانەوە، لێرەش شوێنکەوتەی هەیە و کاریگەریی هەیە لەبەردەم سەرهەڵدانی فەلسەفە و لۆژیک و ئاوەزمەندیدا. میتۆدی توێژینەوەکەمان، شیکاریی وەسفی، ڕەخنەیی و بەراوردکارییە، تا بیسەلمێنین لەم ناوچەیە و لای ئێمەش وەک نەتەوەی ژێردەستەی ئەم ناوچەیە، ئایین تاکە هەژموونی هەیە و بەردەوام بە ڤێرژنی نوێ خۆی دەژێنێتەوە و ڕێگری سەرەکییە لەبەردەم ڕێنێسانس و ڕۆشنگەریدا.

وشە کلیلییەکان: ڕێنێسانس، ڕیفۆڕم، ئایین، ڕۆشنگەری، نوێخوازیی ئایینی.

## پێشەکی

کاتێک دێینە باسی ڕێنێسانس و نوێگەری لە ئیسلام و کۆمەڵگە موسڵمانەکان-جیهانی ئیسلامی، ئیتر تێکەڵکردنێک لەنێوان ڕێنێسانس و چاکسازی، ڕۆشنگەری، نوێگەری و بووژانەوە و بێداریدا دروست دەبێت کە دەرئەنجامی میتۆدیانە تێنەگەیشتنە لەم چەمکانە، یا نەخوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ناواقعییانە و نازانستییانەی خۆیانە، یاخود ئایدۆلۆژیانە و ڕەگەزپەرستانە دەستبردنە بۆ فیکر.

کۆی بابەتی چاکسازیی ئایینی پەیوەستە بە ئاشنایی جیهانی ئیسلام بە مۆدێرنە و پەرچەکرداره بەرامبەر هاتنەناوەوەی ڕۆشنگەری. مۆدێرنە بە ڕووە کۆمەڵناسییەکەیدا هەڵوەشانەوەیە؛ هەڵوەشانەوە و جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت لە یەکتری، ژیانی تایبەت و گشتی و زۆر بواری دیکەش. مۆدێرنە

بەم مانایە پێویستیی ژیانی هەر کۆمەڵگەیەکە و لە هەر کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆزیش کە دێتە ناووەوە ئاریشە دروست دەکات، چونکە لە کۆمەڵگەی نەریتیدا خاوەن دەسەڵاتەکان نایانەوێت دەسەڵاتەکان دابەش و سنووردار ببێت.

ڕۆشنگەری تەڵەزگەی بۆ جیهانی نەریتی، لەوانەش ئیسلامی، دروست کردووە کە دەبێت وەڵامگۆ بێت. بەگشتیش دوو ڕەوتی دروست کردووە: ڕەوتی ڕیفۆرم و لایەنگرانی بووژانەوە. ڕیفۆرمخوازان بەڕوونی دەڵێن مۆدێرنە باشە و پێویستە بسازێین لەگەڵی، بەڵام پێویست ناکات ئێمە لەگەڵ مۆدێرنە ڕۆژئاواشمان قبووڵ بێت و دەتوانین لەبەرانبەر شێوازی ژیانی ڕۆژئاوادا ژیان و ناسنامەی خۆمان بپارێزین، لە هەمان کاتدا مۆدێرنە قبووڵ بکەین. لایەنگرانی بووژانەوە، ئەم دووانەیان پێکەوە ئاوێتە کردووە و دەڵێن مۆدێرنە و ڕۆژئاوا پێکەوەن و دوو ڕووی یەک دراون و هەردووکیان ڕەت دەکەنەوە، بەڵام خۆ دەبێت جێگرەوەیەکیان هەبێت، بۆیە گەڕانەوە تا سەرلەنوێ دارشتنەوەیەکیان بۆ ماددە خامەکەی ئایین-بنەما سەرەکییەکانی ئایینی دێرین کرد و گوتیان هەر ئەو ئایینەی هەزار و چوارسەد ساڵەی پێشین وەڵامدەرەوەی هەموو پرسیارەکانی ئێمەیە. لە سەدەی بیست ئەم ڕەوتە پتر کۆنەخوازتر دەبێت و وەهابییەت و سەلەفییەت دێنێتە گۆڕێ.

لە هەناوی هەندێک لە ڕیفۆرمخوازیشەوە دیدێکی نوێ هاتە دەرەوە کە بونیادنانەوە-سەرلەنوێ چاککردن و دروستکردنەوەیە، بەڵام لەگەڵ ئاوات خواستنیان و خەونەکانیان بۆ پێشکەوتن، هەنگاو بە هەنگاو و پێ بە پێ هەنگاوهەڵگرتنیان لەگەڵ جیهانی مۆدێرندا بەلاوە پەسەند نەبوو، بەڵکوو تێگەیشتنێکی ڕادیکاڵ و بنەڕەتییانەیان بۆ ئایین بە پێویست دەزانی، لێرەوە لەنێو ڕیفۆرمخوازیی ئایینیدا دوو ڕەوش سەریهەڵدا، ئەویش «باشکردن» و «بونیادنانەوە» بوو؛ گەیشتن بە ئاوەدانی و ئازادی بە کەمترین باجدان و گەڕانەوە بۆ مۆدێرنە، بەکورتی وەهمی ژیانی شایستە لە کولتووری ئایینیدا.

## ڕێنێسانس

لە کۆتاییەکانی سەدەی چواردەیەمی زایینی، واتە دوای سەدەکانی ناوەڕاست و لە فلۆرانسی ئیتاڵیا هەنگاوەکانی سەرەتای نا، بزاوتێکی ڕۆشنبیریی گرنگ بوو کە بووە زەمینە بۆ «شۆڕشی زانستی»،

«ڕیفۆڕمی ئایینی»، «گەشە و پێشکەوتنی هونەر» لە سەرانسەری ئەورووپا. وەرچەرخانێکی سێسەد ساڵەیی بوو کە دواجار ڕۆشنگەری-مۆدێرنەی لێ کەوتەوە.

ڕێنێسانس، واتە سەرلەنوێ لەدایکبوونەوە. لەم قۆناغەدا جیهانبینیی مەسیحی گورزی گەورەی بەرکەوت، لەو ڕوانگەوە کە ئیتر فەلسەفە و زانست لە ئایین دوورکەوتنەوە؛ بە واتایەکی دیکە ئەقڵ و لۆژیک سەربەخۆ بوون لە ئایین.

بیریارانی ڕێنێسانس ڕایانگەیاند لەڕێی ئەقڵ بەکارهێنانەوە ناتوانین خوا بناسین و مرۆڤ تەنیا لە ڕێی «باوەڕ»ەوە دەتوانێت بە خوا بگات. ئەمەش جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەتی لە یەکتری لێ کەوتەوە و هەرکام بەڕێی خۆیدا ڕۆیشت؛ لەلایەک دەرگا بە ڕووی ڕەوشی زانستیی نوێدا کرایەوە و لە لایەکی دیکەوە ئایین لەسەر بنەمای باوەڕ، گەرموگوڕییەکی پەیدا کرد. لە سەردەمی ڕێنێسانسدا، مرۆڤسالارییەک کە لە سەدەکانی پێش سەدەکانی ناوەڕاستدا لە گۆڕێدا بوو، جارێکی دیکە هاتەوە گۆڕێ، واتە لەبری ئەوەی خەڵکی هەموو ڕەهەندەکانی ژیانیان لە دەلاقەی ئیلاهییەتەوە ببینن، دووبارە هەموو شتەکان گەڕانەوە بەر نرخاندنی مرۆڤبوون و خواسەنتەری لەسەرخۆ جێی لەق بوو بۆ مرۆڤسەنتەری.

فێربوونی زمانی یۆنانی (زمانی یۆنانی زمانی کتێبە فەلسەفییەکان و لاتینیش زمانی کڵێسا بوو) بووبووە خواستی خەڵکی و پەروەردە بە مۆدێلی ئەقڵانیی یۆنانیی دێرین لە گەشەکردندا بوو. لەو سەردەمەدا دەگوترا: «کە ئەسپ بەئەسپی لەدایک دەبێت، بەڵام مرۆڤ پێویستی بە پەروەردەیە تا ببێتە مرۆڤ».

لە سەردەمی ڕێنێسانسدا سێ دۆزینەوە بوونە داهێنانی مرۆڤ و بوونە بنەڕەت و زەمینە بۆ سەرهەڵدانی ڕۆشنگەری. ئەم دۆزینەوانەش بریتی بوون لە: هێڵڕێکەر (Compass) یاخود ئەو ئامێرەی بە هەڵە پێی دەوترێت قیبلەنما (قیبلەنما تەنیا ئاراستەی قیبلەت دەداتێ)، هەروەها چەکی گەرم و داهێنانی ئامێری چاپ. بە کۆمەکی هێڵڕێکەر گەشتی کەشتیگەل و دۆزینەوەی سەرزەمینی نوێ سەریهەڵدا، چەکی گەرم و پێشکەوتوو ئەورووپای کردە زلهێز، دواجار داهێنانی چاپەمەنی گەیاندن و پەخشکردنی تێڕوانین و بیرکردنەوەی مرۆڤەکانی خێراتر کرد، دوای ئەوە خێراییی داهێنانەکانی مرۆڤ زیاتر و زیاتر

بوون. لەڕاستیدا هەموو داهێنانەکانی مرۆڤ لە مۆدێرنەدا قەرزاری ئەو دەستپێکەی ڕێنێسانسن.

هاوکات گەورەبوونی شارەکان و دامەزراندنی سیستمی بانکی و گەشەی ئابووری و ئاڵوگۆڕی دراو و بازرگانیی ئازاد و دەرکەوتنی کاڵای نوێ، هەموو ئەمانە بوونە فاکتەری دەرکەوتنی چینی ناوەند. چینی ناوەند لەسەرخۆ توانی خۆی لە چنگی چینی فیۆدالیست و پیاوانی کڵێسا دەربهێنێت. ئابووریی مۆدێرن، پشتیوانی کار و توانای خەون و داهێنانەکان بوو، چونکە ئابووریی مۆدێرن تەنیا بۆ دەستخستنی نان نەبوو، بەڵکوو هاندەری خۆسەلماندن بوو، بۆیە لەدوای ژیانی شایستە بوون نەک تەنیا ژیان.

## لەبارەی گرنگترین ئایدیاکانی سەردەمی ڕێنێسانس

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا جەخت لە گوناهباریی سروشتی مرۆڤ دەکرایەوە، واتە مرۆڤ بە سروشتی خۆی گوناهبارە، بەڵام لە دیدی بیریارانی ڕێنێسانسدا، مرۆڤ نرخی لە مرۆڤبوونیدا بوو. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا خوا سەنتەری بیرکردنەوە و ئامانج بوو، بەڵام لە ڕێنێسانسدا مرۆڤ بووە ئامانج و سەنتەر. خاڵێکی دیکە، لە ڕێنێسانسدا پتر جەخت لە تاکێتیی مرۆڤ دەکرایەوە، بەو واتایەی کە لە ڕێنێسانسدا هەر تاکێک جیهان و ماف و ئەرکی خۆی هەبوو و بۆی و تێیدا دەژیا و گەشەی هەر لایەنێکی خودیانە، مایەی دەستخۆشی بوو. لەسەردەمی ڕێنێسانسدا گرنگی و بایەخی مرۆڤ ڕووی لە جەستە نا لەبری ڕۆح، هەر لەو چوارچێوەیەدا زانایان کەوتنە توێکاریی جەستەی مرۆڤ. ئەم کارە بۆ پزیشکی و هونەریش بەسوود بوو، چونکە پاش هەزار ساڵ لە شەرمکردن لە جەستەی ڕووتی مرۆڤ، جارێکی دیکە مرۆڤ بە ڕووتی وێنە کێشرایەوە. دەتوانین بڵێین لەسەردەمی ڕێنێسانسدا چیتر جەستەی مرۆڤ مایەی شەرم نەبوو، وەک ئەوەی لە سەدەکانی هەژموونی مەسیحییەتدا بوو. لە ڕێنێسانسدا چیتر مرۆڤ تەنیا بۆ پەرستشی خوا نەخولقابوو، چونکە پێیان وابوو هەر تاکێک سەربەخۆیی خۆی هەیە و مافی هەیە چۆن دەیەوێت ئاوا بژی، بەم جۆرە ئیتر مرۆڤ سنووردارکردنی تێپەڕاند.

مرۆییبوونی سەردەمی ڕێنێسانس جیاواز بوو لە هیی سەردەمی یۆنانیی دێرینیش، ئەمەی ڕێنێسانس لەدوای هاوسەنگی و خۆکۆنترۆڵکردن نەبوو، چونکە وەک ئەوە وابوو لە خەوێکی هەزار ساڵە ڕاپەڕیبن. لەم قۆناغەدا هەموو شتێک خێرا وەرچەرخا، لە: مۆسیقا، بیناسازی، هونەر و ئەدەب بەگشتی و زۆر بواری دیکەی ژیان. لە سەردەمی ڕێنێسانسدا چیتر مرۆڤەکان ژیانی سەرزەوییان بە نزم و بێنرخ و پێشەکییەک بۆ جیهانێکی باشتری ئەو دونیا سەیر نەدەکرد، دیدیان بۆ سروشت و بوون گۆڕا. هەندێک لە فەیلەسوفەکان گوتیان: «ئەگەر خوا بێکۆتاییە، لە هەموو شوێنێک بوونی هەیە، کەواتە خوا لەنێو هەموو دروستکراوەکانیدا هەیە». بەپێچەوانەی سەدەکانی ناوەڕاست کە پێیان وابوو: «بەربەستێک لەنێوان خوا و سروشتدا هەیە کە تێناپەڕێنرێت». برۆنۆ کە فەیلەسوفێکی ڕێنێسانس بوو پێی وابوو خوا لە سروشتدا ئامادەیی هەیە و جیهانی بوونەوەرەکانیش ناکۆتایە، لەئەنجامی ئەم بیرکردنەوانەی لە ساڵی ١٦٠٠ز لە شاری ڕۆم، هەر بە زیندوویی سووتاندیان. ئاخر لە سەردەمی ڕێنێسانسدا تەریب بە بزاوتێکی هیومانیستی-مرۆیی، بزاوتێکی دژە هیومانیزمیش کەوتەکار.

بێ گومان مرۆڤەکان ڕێنێسانسیان خوڵقاند، نەک بەپێچەوانەوە، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ فەلسەفە و لۆژیک و ڕەوشگەلێک کە مرۆڤی ئەم سەردەمە کوێرانە دوای کەس نەدەکەوت، بەڵکوو مرۆڤ گەیشتە ئەوەی ڕەوشی زانستی بۆ تێگەیشتن لە سروشت بگرێتە بەر. باشترین ڕەوشیش ئەزموونکردن و بینینە لەڕێی هەستەکانەوە، چونکە وەڵامی زۆرێک لە پرسیارەکان تەنیا لەڕێی تیۆری و ئاوەزاندنی تەنیاوە بەدی نایەت. بەپێچەوانەی سەدەکانی ناوەڕاستەوە کە تەنیا ئەقڵگەرایی بوو، ئەمان بۆ تێگەیشتن لە سروشت پێیان وابوو، دەبێت لەسەر بنەمای (بینین-واتە هەستەکان)، (ئەزموونکردن)، (تاقیکردنەوە) ئەنجام بدرێت؛ بە واتایەکی دیکە گرنگی و جەختیان لەسەر ڕەوشی ئەزموونگەری بوو. پێیان وابوو زانین و ئاگایی دەبێت لەسەر بنەمای ئەزموون بێت نەک لەسەر بنەمای نووسینگەلێکی کۆنی داڕزاو یان لەڕێی خەیاڵکردن. گالیلۆ دەیگوت: «هەڵیسەنگێنە، ئەوەی کە دەتوانیت هەڵیسەنگێنیت، ئەوەیشی کە ناتوانیت هەڵیسەنگێنیت، وای لێ بکە هەڵسەنگێندرێت». فرانسیس بیکۆنیش کە بە یەکێک لە فەیلەسوفەکانی زانست و مەعریفە ناوزەد دەکرێت، پێی وابوو «زانست و مەعریفە، واتە دەسەڵات»؛ دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر سروشتدا. هەر ئەم پێشەکییانە (ڕێنێسانس) بوو کە دەرگای

بەڕووی مۆدێرنە و سەرجەم داهێنانەکانی دوای خۆیدا کردەوە.

وەک پێشتریش گوتمان، تەریب بە بیر و بیریاری ڕێنێسانس، خاوەن دەسەڵاتی فرەچەشن کەوتبوونە دژایەتیکردن، بەتایبەتی کەنیسە و پیاوانی ئایینی. کڵێسا بەو هەژموون و دەسەڵاتەی کە هەیبوو چەندین مرۆڤی ئازادیخوازی دادگایی کرد و سووتاندنی؛ نە لەبەر چییەتیی هەقیقەت، بەڵکوو کەنیسە دەیویست دەسەڵاتی بەردەوام بێت، لەوانەش سەرتۆپی ئەو دەسەڵاتانە، دەسەڵاتی مەعریفی بوو. بە نموونە تیۆریی بەتلیمۆسیان لەگەڵ باوەڕی مەسیحییەتدا هێنابووەوە و سەرسەختانە دژایەتیی کۆپەرنیکۆسیان دەکرد، چونکە لەبنەڕەتەوە بەتلیمۆس و دیدی ئایینیی مەسیحی دەبردە ژێر پرسیارەوە و ئەو هۆشیارییەی دروست کردبوو کە هەزار ساڵ، بەڵێ هەزار ساڵ بە لاڕێدا براون. لێرەوە کەنیسە کەوتە دادگاییکردنی گالیلۆ، سووتاندنی برۆنۆ، ئەوە لێگەڕێ کە خورافەی ئایینی گەیشتبووە فرۆشتنی بەخشینی خوا و بەدەستهێنانی بەهەشت.

## ڕێنێسانس و ڕیفۆرمی ئایینی

ڕێنێسانس بووە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکی نوێ لەنێوان مرۆڤ و خودادا بێتە کایە. کاتێک زانست و فەلسەفە لە ئایین دوورکەوتنەوە، جۆرە ئایینێکی نوێ سەریهەڵدا، بە جۆرێک کە پەیوەندیی هەر تاکێک لەگەڵ خودا، لە پەیوەندیی هەر تاکێک بە کڵێساوە گرنگیی زیاتر بوو. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، دەقی سەرەکیی ئایین بریتی بوون لە دوعا و پاڕانەوەکان بە لاتینی، بەڵام کتێبی پیرۆز تەنیا قەشەکان دەیانتوانی بخوێننەوە و ڕاڤەی بکەن بۆ خەڵکی؛ کتێبی پیرۆز تەنیا بە زمانی لاتینی نووسرابوو، بەڵام لە سەردەمی ڕێنێسانسدا ئینجیل وەرگێڕدرایە سەر زمانە ناوچەییەکان و ئەمەش کاریگەریی زۆری لەسەر بزاوتی ڕیفۆرمی ئایینی هەبوو. ڕیفۆرمخوازانی وەک مارتن لۆسەر، پەیوەندیی خۆیان بە کەنیسەوە پچڕاند، چونکە باوەڕیان وابوو مرۆڤ بۆ وەرگرتنی ڕێنمایی ئایینی پێویستی بە نێوەندگیری نییە و فرۆشتنی ڕێنمایی ئایینی زۆر بێ مانایە، چونکە ناکرێت بەخششی خوایی بکڕدرێت و مامەڵەی پێوە بکرێت، هەربۆیە کڕینی ڕێنمایی ئایینی لە نیوەی دووەمی سەدەی شانزەیەم بەدواوە لە کڵێسای کاسۆلیکدا قەدەغە کرا.

مارتن لۆسەر، خۆی بەدوور گرت لە زۆربەی نەریت و حوکمە یەکلاکەرەوەکانی کڵێسای سەدەکانی ناوەڕاست و دەیویست بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرەتای مەسیحییەت و دەیگوت تەنیا تێکست و دەقی باوەڕپێکراومان تێکستە نووسراوە پیرۆزە باوەڕپێکراوەکانە. هەروەک چۆن هیومانیستەکان دەیانویست بۆ سەرچاوە بنەڕەتییەکانی یۆنانیی دێرین بگەڕێنەوە، مارتن لۆسەریش دەیویست بۆ سەرچاوەی مەسیحییەت بگەڕێتەوە. کتێبی پیرۆزی وەرگێڕایە سەر زمانی ئەڵمانی و پێی وابوو هەر کەس دەبێت خۆی قەشەی خۆی بێت، دەیگوت ڕۆڵی قەشە تەنیا دەبێت لە بەڕێوەبردنی کڵێسا و مەراسیمە ئایینییەکان بێت، ئەگینا هیچ جیاوازییان لە خەڵکی ئاسایی نییە، هەروەها دەیگوت تەنیا شتێک دەبێتە مایەی ڕزگاریی مرۆڤ، باوەڕەکەیەتی، نەک بەشداری لە مەراسیم و کۆبوونەوە و بەجێگەیاندنی دابونەریتی ئایینی. لێرەوەیە کە مارتن لۆسەر بە کەسایەتییەکی ڕێنێسانسی ئەژمار دەکرێت، چونکە لە ئاستی تاکگەراییدا، جەختی لە پەیوەندیی خودی و تاکی مرۆڤ دەکردەوە لەگەڵ خوادا. بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە لۆسەر بەو مانایەی بۆ نموونە لای لیۆناردۆ داڤینشی هەیە، هیومانیست بووبێت. لە ڕاستیدا هیومانیستەکان جیاواز بوون لەگەڵ لۆسەر و پێیان وابوو تێگەیشتنی ئەو بۆ مرۆڤ نەگەتیڤە، چونکە مارتن باوەڕی وابوو مرۆڤ لە پاش هاتنەخوارەوە لە بەهەشتەوە بۆ سەر زەوی، تێوەگلاوە بە خراپەکارییەوە و تەنیا ڕەحمەتی خوا دەتوانێت ڕزگارکەری بێت.

## چۆنیەتیی کەوتنەوەی ڕێنێسانس و چەمکی ڕیفۆرم لە جیهانی ئیسلامیدا

نوێگەری لە فیکری ئایینیدا، یاخود ڕۆشنگەریی ئایینی، یەکێکە لەو ناو و ناونیشانانەی بە ڕێچکەگەلێکی بیرکردنەوەی ئایینی دەگوترێت کە لەناو موسڵماناندا سەریهەڵداوە. بەپێی جیاوازیی دید و قۆناغەکان ناوی تریشی لێ نراوە، لە نموونەی: بووژاندنەوەی ئایینی، چاکسازی یا ڕێنێسانسی ئایینی. هەندێک پێیان وایە ئەو ناوانە یەکن و هەندێکی دیکەش ڕایان وایە شێوازی دید و کاریان جیاوازە. هەرکام بێت، بەگشتی مێژووەکەی لەنێو کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەد و پەنجا ساڵێک پێش ئێستا. ئامانجی بنەڕەتیی ئەم ڕەوتە، چاکسازی و ڕیفۆرمە لە ئایینی ئیسلامدا و سەرلەنوێ هێنانەوە و داڕشتنەوەیەتی بە جۆرێک لەگەڵ ڕۆشنگەری و ئەقڵانییەتی سەردەمدا کە زادەی

ڕۆژئاوایە، بێتەوە.

کەسانی سەر بەم ڕەوتە، لە ئەنجامی دیدی جیاوازیان، هەر دەستە و تاقمێکیان ناونیشانێکی هەڵگرتووە. بۆ نموونە عەلی شەریعەتی لە دەستەواژەی «ڕۆشنبیری موسڵمان» سوودی وەردەگرت و خۆی و پەیڕەوانی بە ڕۆشنبیرانی موسڵمان ناوزەد دەکرد. دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، عەبدولکەریم سروش «ڕۆشنبیری ئایینی» بەکار دەهێنا، بەڵام لە میسر بە چاکسازی و نوێکردنەوە لای عەبدە و ڕەشید ڕەزا و شوێنکەوتووانی کەوتەوە کە ئەمانە تەنیا جیاوازیی ناوەکە نییە، بەڵکوو جیاوازییە لە خستنەڕووی بابەت و چارەسەریشدا، بەڵام خاڵی هاوبەشیش زۆرە. بنەڕەتی بیری ئەم ڕەوتە یان ڕۆشنبیرانی ئایینی، دەڵێن: ئەمەی بەناوی ئیسلامەوە بە ئێمە گەیشتووە، لە جیهانی نوێدا کێشەی زۆری هەیە، هەندێک ڕەهەندی ئایینەکەمان پێویستی بە خوێندنەوەی نوێ هەیە تا لەگەڵ فیکری هاوچەرخدا بێتەوە. موسڵمان کە دواکەوتوویی خۆی و پێشکەوتنی ڕۆژئاوای دەبینی، لەنێو ڕۆشنبیرانیدا ئەو پرسیارگەلە سەریهەڵدا کە هۆکارەکانی دواکەوتن و فاکتەری پێشکەوتن چییە. هەندێکیان هێزی ڕۆژئاوایان لە تەکنەلۆژیای نوێی چەک و هێزی سەربازیدا دەبینییەوە و پێیان وابوو دەبێت سەرەتا ڕژێمە ئەڵقەلەگوێکانی ناوچەکە بۆ ڕۆژئاوا نەمێنن و دواتر دەسەڵاتێکی بەهێزی ئەوتۆ بێتە کایەوە کە توانای ململانێی لەگەڵ ڕۆژئاوای دژە ئیسلامدا هەبێت، لێرەوە ڕەوتی چەکداریی جیهادی ئیسلامی سەریهەڵدا.

دەستەیەکی دی، هۆکاری کێشەکانی جیهانی ئیسلامیان بۆ فاکتەری ناوخۆیی دەگێڕایەوە، نەک دەرەکی؛ بە واتای ئەوەی دواکەوتنی سیاسی و ئابووری و زەمینەکانی دیکەش دەرهاویشتەی کێشەیەکی بنەڕەتین، ئەویش چۆنیەتیی فیکر و بیرکردنەوەیە و بووەتە مایەی ئیفلیجبوونی داهێنان. بێ گومان لەبەر ئەوەی ئایین پێکهێنەرە و فۆرموولە دەداتە هەموو ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە و کولتوور لەم ناوچەدا، کەواتە بێ چاکسازی لە ئاییندا ناتوانین دواکەوتنەکانمان قەرەبوو و سەروەریمان لە بوارەکانی دیکەی ژیاندا بەدەست بهێنینەوە و هەنگاوی یەکەم چاکسازیی ئایینی و ڕۆشنبیریی ئایینمان پێویستە. لە بەرایی ئەو کەسانەی هەڵگری ئەم بیرکردنەوە بوون، جەمالەدینی ئەفغانی بوو کە ڕیشەی کێشەکانی جیهانی ئیسلامی بۆ نێوخۆی گێڕایەوە. دواتر موحەممەد عەبدەی میسری کە شتانێکی بۆ پێش خۆی

زیاد کرد و هەردووکیان پێکەوە گۆڤاری (العروة الوثقى)یان دەرکرد، ئامانجیان یەکخستنی جیهانی ئیسلامی و دژایەتیی ئیستعمار بوو. دواتر هەر لە میسر ڕەشید ڕەزا و لایەنگرانی کە بە ڕەوتی چاکسازی و نوێگەری ناسرابوون، گۆڤاری (المنار)یان دەرکرد. ئەوەی شایەنی باسە، حەسەن بەننای دامەزرێنەری ئیخوان موسلیمین لەو کەسانە بوو کە پێی کاریگەر بوو و دوای خۆی سەرپەرشتیی گۆڤارەکەی دەکرد. بەگشتی ئەم ڕەوتە کە کێشەی کۆمەڵگە موسڵمانەکانی بە فیکرەوە پەیوەست دەکردەوە، پاڵنەری سەرەکییان، تامی تاڵی شکست بوو لە بەرانبەر ڕۆژئاوادا کە لەسەر بنەمای جیاوازیی ئایینی بە دوژمنی بەردەوامیان دەزانی.

لە جیهانی عەرەبی دەنگی ڕیفۆرم سەریهەڵدا، بەدیاریکراوی لە میسر کە لانکەی سەرهەڵدانی ڕیفۆرمی ئایینی بوو. ڕەنگە لە هۆکارەکانی ئەوە بێت، ئەو وڵاتە لە ئەنجامی هێرشی ناپلیۆن زووتر بەرکەوتەی هەبوو لەگەڵ ڕۆژئاوا و لەژێر هەژموونی عوسمانی دەرهێنرا. وێڕای دەستپێک لەلایەن عەبدە، پاشان ڕەشید ڕەزا کە خوازیارێکی گێڕانەوەی دەسەڵات بوو لە عوسمانییەوە بۆ عەرەب و وەهابییەتی لێ کەوتەوە کە بووە بناغەی مۆدێلی ئایینیی وەهابی بۆ دەسەڵاتی نوێی دوورگەی عەرەبی و سەلەفییەتی لێ هاتە بەرهەم کە دروشمی گەڕانەوە بوو بۆ ئایینی پاک و بێگەرد و مەبەستیشی نەوەی یەکەمی ئیسلام و سەدەی یەکەمی کۆچی بوو. بە کورتی فۆرمێکی ئەم شۆکە شارستانییە و پێداچوونەوە فیکرییە، سەری لە سەلەفییەتی عەقیدەیی دەرچوو کە بووە مۆدێلی ئاییینداری بۆ دوورگەی عەرەبی.

بەشێکیشی لە حەسەن بەنناوە حیزبی دەعەوی و سیاسیی لێ دروست بوو؛ سەرەتا بە بانگەواز و دواتر بووە حیزب و کۆتاجار لە ڕەحمیدا فیکری ئەوتۆ سەری دەرهێنا کە حوکمی جاهیلبوونی دەسەڵات و تەنانەت کۆمەڵگەش بدەن و لەو پێناوەدا دەست بدەنە چەک. ئەگەر بگوزەرێین لەو هێڵەی سەرەوە کە وەک دەستە و تاقم دەرکەوتن و ئەمڕۆ لە هەموو کات ڕوونترە کۆمەڵگەیان تووشی چ دواکەوتن و قەیرانگەلێکی گەورەتر کرد، دەتوانین هەر لە میسر ناوی چەندین ڕیفۆرمخواز بهێنین کە نووسینەکانیان بە نیازی ڕیفۆرم بووە لە پێکهاتەی بیرکردنەوەی موسڵمان و ئایینی ئیسلامدا. دەتوانین چەند نموونەیەک بخەینەڕوو، لەوانە:

**١- عەلی عەبدولرەزاق:**

لە کتێبی (الاسلام و اصول الحکم)دا کە ساڵی ١٩٢٥ز بڵاو کرایەوە و هەرایەکی بەدوای خۆیدا هێنا، داوای جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەتی کردبوو لە یەکتری.

**٢- حەسەن حەنەفی:**

گرنگترین کتێب و ئایدیاکانی لە بابەتی نەریت و نوێگەریدایە و ئامانجی سەرلەنوێ خوێندنەوەیە بۆ نەریتی ئیسلامی بە گیانی سەردەم لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی ئێستا. لە نموونەی کتێبەکانی وەک: (التراث و التجدید) بە بەشەکانییەوە وەک «من العقیدة الی الثورة» و «من النقل الی العقل»، (موسوعة الحضارة الاسلامیة)، (مقدمة في علم الاستغراب). کرۆکی چارەسەری حەسەن حەنەفی، بریتییە لە: مرۆییانەکردنی دەقی ئایینی، تێپەڕاندنی: (لاساییکردنەوە و چاولێکەریی ڕۆژئاوا) و (شوێنکەوتنی پێشینان) و (دابڕان لە واقیع) تا فیکر ببێتە ئامرازی بەدیهێنەری ڕێنێسانس و گۆڕانکاری.

**٣- نەسر حامید ئەبووزەید:**

خاڵە سەرەکییەکانی نێو فکری ئەم ڕیفۆڕمخوازە، لە دەوری خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە و هێرمۆنۆتیکییانەی دەقی ئایینی دەسوڕێتەوە، بەتایبەتی قورئان، کە جەخت لە جیاکردنەوەی ئایین دەکاتەوە لە فیکری ئایینی کە کولتوور بەرهەمی هێناوە و ئەو تێگەیشتنە ڕەخنە دەکرێت نەک دەقی پیرۆز. پێی وایە ئەرکی ئایین هاندانی مرۆڤە بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی شایستەتر نەک پاساو هێنانەوە بۆ چەقبەستوویی و دەسەڵات، بە بەکارهێنانی میتۆدی زانستیی هاوچەرخ و بەکارهێنانی زانستی زمانەوانیی هاوچەرخ و میتۆدەکانی، بۆ تێگەیشتن لە دەق و گوتار و دوورکەوتنەوە لە ڕاڤەی کۆن و سواو. کاریگەربوون بە موعتەزیلە کە مەرجەعیان ئەقڵانییەت بوو و هەروەها زمان و گوتاریان. لە گرنگترین کتێبەکانیشی، بریتین لە: «مفهوم النص» و «نقد الخطاب الدیني» کە مشتومڕی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا.

**٤- ئەحمەد سوبحی مەنسوور:**

ڕێبەری (أهل القرآن)، جەختی لەسەر ئەوەیە کە دەبێت قورئان تەنیا سەرچاوەی (تەشریع) بێت و نکوڵی لە سوننەت و حەدیس-فەرموودە و مێژوویەک دەکات کە لەگەڵ قورئان نایەتەوە و پێی

وایە فتوحاتی ئیسلامی ئیستعمار-داگیرکاری بووە و گومانی لە هەندێک فەرزی ئاینی هەیە. ژمارەیەک کتێبی هەیە، لەوانە زنجیرەی (أهل القرآن) و (المسکوت عنه).

لە باکووری ئەفریقا، بەدیاریکراوی مەغریب-مەراکش، دەتوانین ناوی جابری و تەهاعەبدولڕەحمان بەرین:

**١- موحەممەد عابید ئەلجابری:**

بنەڕەتی فیکری جابری لە دەوری ڕەخنەکردنی ئەقڵی عەرەبی دەسوڕێتەوە. ئامانجی شیکاریی بونیادی ئەقڵی عەرەبییە لە پێناو تێپەڕاندنی کێشەی دواکەوتوویی، لە ڕێی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانە بۆ نەریت و هەڵوەشاندنەوەی گوتاری هاوچەرخ. لە گرنگترین کتێبەکانی: (تکوین العقل العربي)، (بنیة العقل العربي)، (العقل السیاسي العربي)، ئەمە جگە لە کتێبەکانی: (نحن و التراث)، (الخطاب العربي المعاصر)، (العقل الأخلاقي العربي). کرۆکی کتێبی یەکەمی، بانگەشەیە بۆ داڕشتنەوەی ئەقڵی عەرەبی لەسەر بنەماگەلێکی هاوچەرخ، بە شیکاریی ڕەخنەگرانە لە نەریت، لەبری مێگەلئاسا ڕۆیشتن لەگەڵی، بە جەختکردنەوە لە ئەقڵانییەتی ئیبن ڕوشد و ڕەخنەی ئیبن حەزم و خوێندنەوەی مێژووی ئیبن خەلدوون.

**٢- تەها عەبدولڕەحمان:**

بە پێویستی دەزانم کەمێک زیاتر لەبارەی ئەم نموونەوە بدوێم، چونکە ئەم خۆی بە دژی ڕیفۆرم-نوێگەرەکان دەزانێت و پێی وایە لە نەریتدا فاکتەرەکانی داهێنان و پێشکەوتن هەیە: تەها عەبدولڕەحمان باسی کێشەی چەقبەستووی ئەقڵی موسڵمان دەکات، بەڵام ڕیفۆرمخوازەکان بە لاساییکردنەوە تاوانبار دەکات و بڕوای وایە: کەرەسەکانی داهێنان لە نەریتی ئێمەدا هەیە، تەنیا کەشفکردنی دەوێت، بەڵام ئەوە لایەنگرانی نوێگەری و ڕۆشنگەریی ڕۆژئاوان کە بنەماکانی داهێنانیان لێ ون کردووین، ئەوانەی کە نکوڵی لە بۆماوە و نەریت دەکەن؛ مەبەستم ئەو نوێگەرانە نییە باوەڕیان بە پۆڵێنی نەریت و بۆماوە هەیە، بەجۆرێک ئەوەی بەسوودە بیپارێزین، چونکە ئەمانە ئەگەر نوێگەریان نەکردبێت ئەوا بەڕێزەوە ڕوانیویانەتە نەریت. تەها بەمجۆرە ڕەوشی خۆی دەخاتەڕوو: توێژینەوەم لەو تووڵ و کەرەسانە کرد کە ڕۆشنگەرەکان لەسەری ڕۆیشتبوون و بە پێویستم زانی ئامرازەکان بگۆڕم بە هیی دیکە، ئەو ئامراز و تووڵانەم بەکار هێنا کە پەیوەستە

بە کولتوورمانەوە، بۆیە جیاوازیم کرد لەنێوان دوو میتۆدی (المنقولة) و (المأصولة). واتە باوەڕی بە دوو جۆر ڕۆشنگەری هەیە، یەکێکیان لاساییکردنەوە و گواستنەوەیە و ئەوی دییان ڕەسەنە و ڕیشەی لە نەریتدایە.
هەروەها پێی وایە: ڕۆشنگەرەکانی جیهانی ئیسلامی، نوێگەرییان بە مانا باوەکەی وەرگرتووە کە: وەدەستخستنی ئەو کەرەسانەیە مرۆڤ پێی پێشکەوتووە، ئەگەرنا لە سەدەی دوو یاخود سێی کۆچیدا نوێگەری-ڕۆشنگەری هەبووە. ئەم نوێگەرییەیش لە لایەن فەیلەسوفەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرا، بەڵام ئەم بابەتە ئەمڕۆ کۆمەڵێک بیریار نوێنەرایەتی دەکەن کە پێیان وایە پەییان بە شتانێک بردووە کە دەبێتە مایەی ڕێنێسانسی ئوممەتی ئیسلامی.
تەها عەبدولڕەحمان لەبارەی لەباربردنی داهێنانەوە، کە پێی وایە ڕیشەی لە نەریتماندا هەیە و ڕەوتی ڕیفۆرم و ڕۆشنگەرخواز لەباری بردووە، دەڵێت: ئەم دوو گرووپە لە نوێگەر و ڕۆشنگەر هەستاون بە (إسقاط)-داگرتنی ئەم ئامراز و میتۆدانە بۆ سەر ڕۆشنبیریی عەرەبی و فیکر و بۆماوە-نەریتی عەرەبی. بەم کارەیان پچڕان و دابڕانێکیان دروست کردووە لەنێوان زانیارییەکان کە هەن لەسەر نەریت و بنەماکانی نەریتدا، واتە بنەما و بنەڕەتی کەلەپووریان گۆڕیوین بە بنەماگەلێکی دیکە کە گواستوویانەتەوە و لێرەدا ئێمە لەبەردەم ڕۆشنبیرییەکی پێکەوە ئاوێتەکراوداین، لە بەردەم ڕۆشنبیرییەکداین کە فاکتەرەکانی پەیوەست بە زمانەکەی پەک خراوە و فاکتەرە پێکهێنەرەکانی زەینی لە کار خراوە، بە جۆرێک فەیلەسوف یاخود بیریار بە زمانێک دەدوێت کە بیری پێ ناکاتەوە و بیر دەکاتەوە بەوەی کە قسەی پێ ناکات، چونکە جیاوازی هەیە لەنێوان ئەو زمانەی پێی دەدوێت؛ واتە ئەو کولتوورەی ئەم زمانەی هەڵگرتووە لەگەڵ ئەو فیکرەی ئەم زمانە دەیگوازێتەوە جیاوازە. بەم چەشنە دووفاقی دەردەکەوێت؛ بە واتایەکی دیکە زمانی لە دۆڵێکە و بیرکردنەوەشی لە دۆڵێکی دیکە، ئەمەش ئەگەر بەردەوام بێت هیچ داهێنانێک نایەتە دی. من چاکسازیم لەنێوان زمان و فیکردا کردووە و لە دوای فیکرێکم کە لەگەڵ زمانماندا بێتەوە تا بتوانین داهێنان بکەین. لەم قەناعەتەوەیە کە چەمکی (الفلسفة التداولية)ی بەکار هێنا، واتە بیر بکەمەوە بەپێی زمانم و تەعبیر بکەم بە زمانم بەپێی فیکرم.
دواتر نموونە دەهێنێتەوە و دەڵێت: بۆ نموونە وشەی (الهوية) بە خراپی وەرگیراوە لە (Identity)ی فەرەنسی و ئینگلیزی، یەکەم واتە (وجود)ی تۆ، لە کاتێکدا وشە ئینگلیزی و فەرەنسییەکە بە مانای خودێتی-

زاتییتی دێت، لەسەر بناغەی ئەم وەرگێڕانە خراپە ڕیفۆرمخوازەکانمان دێن دەفەلسەفێنن و چەندین ئایدیای سەیر دێننە دەرەوە، بەڵام لە عەرەبیدا (الأنسان كائن موجود و يعرف بالوجود)، ئەگەر لەسەر ئەمە بووەستین ئەوا بە عەرەبی مافی چەمکەکەمان داوە، بەڵام (Identity) ئەو شتەیە جیات دەکاتەوە لەوی دیکە. لە عەرەبیدا (الهوية) جیاکردنەوەی مرۆڤە بەو بەهایانەی هەڵیدەگرێت و کارەکانی کە هەموو مرۆڤ تێیدا بەشدارە، لە کاتێکدا (Identity) جیاکردنەوەی مرۆڤێکە لەوی دیکە بە بوونی-قەوارەی. بەگشتی کرۆکی بیری تەها عەبدولڕەحمان، بریتییە لەوەی ڕۆشنگەری داهێنانە، داهێنانیش لە نەریتماندا هەیە، بەڵام ڕۆشنگەرە لاساییکەرەوەکان بە داگرتن و سەپاندنی میتۆد و تووڵ و کەرەسەی بیرکردنەوەی ڕۆژئاوا سەریان لێ شێواندووین و بیرکردنەوەی ڕەسەنیان لەبار بردووین تا داهێنانی پێ بکەین.

لە نێو عەرەب زمانەکان بێینە دەرەوە، لە هیندستانی گەورە، دوو نموونە دەخەینە ڕوو:

**١- موحەممەد ئیقبالی لاهووری:**

نووسینەکانی ئیقبالی لاهووری کە بووە ئیلهامبەخشی بزاوتە ئیسلامی و سەربەخۆخوازەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی، لە کتێبی (خودی)دا باسی مرۆڤی کامڵ و توانا دەروونییەکانی هەر تاکێک و باوەڕ بە خۆبوون دەکات. لە کتێبی (احیای دین)دا، تیشکۆ دەخاتە سەر ناوەڕۆکی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر و ڕەخنە لە فیکری هێنراو لە دەرەوە و غەیرە ئیسلامی دەگرێت. لە نووسینی (نقد غرب و شرق)دا، ڕەخنە لە مادیگەراییی ڕۆژئاوا و دارمانی ڕۆژهەڵات دەگرێت و بانگەشە بۆ تێکۆشان دەکات. لە (ملت گرایی اسلامی) بیرۆکەی یەکێتیی موسڵمانان و ناسنامەی هاوبەشی ئیسلامی دەخاتەڕوو. لە (فەلسەفەی مێژوو) دا، دیدی بۆ بەرەو کەماڵچوونی مێژووی مرۆڤ و ڕۆڵی لە ئایندەسازیدا دەخاتەڕوو. بەگشتی کتێبەکانی سەر بە ژانری شیعری و بە زمانەکانی ئوردوو و فارسی نووسراون، لەوانەش کتێبێکی هەیە کە بە زمانی ئینگلیزییە و پتر بۆ ئامانجەکەی ئێمە دەست دەدات، بە ناوی (The Reconstruction of Religious Thought in Islam) واتە «زیندووکردنەوەی فیکری ئایینیی ئیسلامی»، باس لە نوێگەری و ڕیفۆرم دەکات لە بنەماکانی بیری ئایینیی ئیسلامی، لەوانە: بابەتی ئەزموونی ئایینی، مانای پاڕانەوە، وێناکردنی

خوا، نەمریی نەفس، ڕۆحی شارستانییەتیی ئیسلامی، گریمانەی بەرەوپێشچوون لە پێکهاتەی ئاییندا.

**٢- فەزڵ ڕەحمان:**

ئەم نووسەرە پاکستانییە کە لایەنگری ڕۆشنگەریی ئاینیی ئیسلام بوو، کاری لەسەر: نوێکردنەوەی ئایین: باوەڕی وابوو کە ئەحکامی ئیسلامی دەبێت لەگەڵ هەلومەرجی گونجاو بە کات و شوێنەکەی خوێندنەوەی نوێی بۆ بکرێت و جێبەجێ بکرێت تا عەدالەت و عەقڵانییەتی ئایینی پارێزراو بێت، نەک ڕووکەشی دەقەکان وەربگیرێت.

ڕەخنەگرتن لە نەریتی ئیسلامی: جیای کردووە بۆ دوو بوار؛ وەحی و نەریتێکی مێژوویی کە لەژێر کاریگەریی بەستێنێکی تایبەتدایە و دەکرێت ڕەخنە بکرێت و ریفۆڕمی تێدا ئەنجام بدرێت. پێی وابوو پێویستە نوێگەریی موسڵمانان بە دوو جووڵە بێت، سەرەتا بۆ تێگەیشتن لە ئایین، دەبێت پەی بە ڕۆح و ئامانجی گشتیی قورئان بەرین، واتە لە دەقەوە بۆ ڕۆح-کرۆک؛ هەنگاوی دووەم بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دۆخە و پێداویستییەکانی سەردەم، حوکمەکان هەڵبگۆزین، واتە لە ڕۆحی ئایینەوە بۆ دەق.

چەقبوونی قورئان: قورئانی بە سەرچاوەی بنەڕەتی و بەرایی بۆ پەیبردن بە ئایین دەزانی و سوننەتی وەک دەرهاویشتەیەکی مێژوویی سەیر دەکرد. گرنگترین کتێبەکانی بریتین لە (ئیسلام و مۆدێرنە) و (وەحی-نیگا لە ئیسلامدا).

لە ناو فارسەکاندا، دەتوانین ئاماژە بەم ناوانە بکەین:

**١- مەحموودی تاڵەقانی:**

یەکێکە لە مەلا شیعەکانی ئێران کە لە سەردەمی خۆیدا پشتگیریی دکتۆر موسەددیقی کرد بۆ بەخۆماڵیکردنی نەوتی ئێران و پتر چالاکێکی سیاسی بوو، بەڵام لەڕووی فیکرییەوە وێڕای ئەوەی کاریگەر بوو بە جەمالەدینی ئەفغانی و عەبدە، دەستی دایە نووسینی تەفسیری قورئان و لەوێدا پێی وایە قورئان تەنیا سەرچاوەی ڕێنماییە بۆ هەموو سەردەمەکان و ئیسلامی بە ئیلهامبەخشی ڕێنێسانس دەزانی و پێی وابوو ئیسلام و دیموکراسییەت یەکن.

**٢- عەلی شەریعەتی:**

ڕەنگە شەریعەتی لەنێو فارس زمانەکاندا پتر لە ئەوانی دیکە بە ڕۆشنبیری ئایینی و هەڵگری فیکری

نوێگەریی ئایینی بناسرێت. ئەمیش وەک زۆری دیکە کە هەڵگری دروشمی نوێگەری بوون بۆ ئیسلام و بە لایەنی کەمەوە فیکری ئایینی، لە کۆمەڵێک بەرهەمیدا دیدەکانی خۆی دەخاتەڕوو:

١- لە (کویر)دا کە بە مانای سەرگەردان و بیابان دێت، لە دوای ناسنامە و چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مۆدێرنەدا دەگەڕێت.

٢- (فاطمە، فاطمە است)، لەم کتێبەدا خوێندنەوە دەکات بۆ کەسایەتیی فاتیمەی کچی پێغەمبەر، وەک نموونەیەک بۆ چاولێکردنی لەلایەن ژنی موسڵمانەوە.

٣- (حسین وارث آدم)، شیکاری بۆ ڕووداوی کەربەلا دەکات و بە نموونەیەکی دەزانێت بۆ دژایەتیی ستەم و سەرخستنی عەدالەت.

٤- (تشیع علوی و تشیع صفوی)، جیاوازی دەکات لە نێوان شیعە لە مۆدێلی عەلی و لەوەی سەفەوی، پێی وایە ئەمەی دووەم سەری بۆ خورافە کێشاوە.

٥- (بازگشت بە خویشتن)، بانگەشە بۆ پێداچوونەوە بە ناسنامەی ڕەسەنی ئێرانی-ئیسلامی، لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕۆژئاوادا.

٦- (اسلام شناسی)، کۆمەڵە وانەیەک بوون لە حوسێنییەی ئیرشاد پێشکەش کرابوون، ئامانج لێی وێناکردنی ئیسلامێکی مۆدێرن بوو.

بێ گومان کتێب و دیدی دیکەشی هەن، لەوەی کە ئیسلامی نەوەی یەکەمی سەردەمی پێغەمبەر و سەحابەی بە (دوور) و موحەممەدیانە و ئێستایشی بە (نزیک) و بە لادەر ناوزەد کردووە. ئەوەی جێگای سەرنجە جەخت لە تێکۆشان لە پێناو خستنەڕووی ئایدۆلۆژیایەکی ڕزگارکەر دەکات، لەسەر بنەمای ئیسلام بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئیستعمار و ستەمکاری. بێ گومان لە پاش ئینقیلابی ئێرانیش کەسانێکی دیکە هەن، لە نموونەی عەبدولکەریمی سروش و شەبەستەری...هتد، کە زۆرن و وا دەزانم دیدیان لەبەرچاوە لە کەناڵە جیاوازەکان و پێویست بە خستنەڕوو ناکات.

**٣- مەهدی بازرگان:**

بازرگان ئەگەرچی کەسێکی سیاسی بوو و مامۆستای زانکۆ و یەکەم سەرۆک وەزیرانی پاش

شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بوو، بەڵام گرنگی بە بواری فیکریش دەدا و چەند نووسینێکی هەیە: (آخرت و خدا)، (پا به پای وحی)، (تعریف حکومت از پایین)، (توسعه و تکامل)، (نقد و باز اندیشی دینی).

بازرگان لە دوو کتێبی یەکەمدا، هەوڵی ئەوەی دەدا ئایین لەگەڵ لۆژیکی زانستیی سەردەم بگونجێنێت. لە کتێبی کۆتاییدا کە باسی نوێگەری لە فیکری ئاییندا دەکات، پتر ڕەخنە لە ڕێچکەی ئایینیی باو دەگرێت. بە کورتی، بازرگان لە دوای ئیسلامێکی ئێرانی بوو، بەجۆرێک لەگەڵ ڕەسەنایەتیی ئێران و ناسنامەی میللی و پێشکەوتنی مۆدێرندا بگونجێت. نوێگەریی ئایینیشی، هەوڵێک بوو لە پێناو بەمۆدێرنەکردنی ئایین تا بتوانێت ڕووبەڕووی ئاریشە و تەڵەزگەکانی سەردەم ببێتەوە.

## ئەنجامگیرییەک لە بەراوردی ڕێنێسانس و ڕیفۆڕمی ئایینیی ئەورووپا و نوێگەری و ڕۆشنگەریی ئایینی لە ناو موسوڵماناندا

سەرەتا پێویستە تێگەیشتنێکی هەڵە ڕاست بکەمەوە کە ڕەنگە مێژووی دووروودرێژی پتر لە سێسەد ساڵەی ڕێنێسانس لە ئەورووپا دروستی کردبێت، گوایە ڕیفۆڕمی ئایینی ڕێنێسانسی خوڵقاند و دواتر ڕۆشنگەری بە دوای خۆیدا هێنا، چونکە ڕۆشنگەرانی ئایینیی ناو کۆمەڵگەی موسڵمان تەنیا دەم لە نوێگەریی ئایینی دەدەن و وەک ئەوە دەیخەنە ڕوو کە ئەگەر ئایین نوێ بوویەوە ئیتر دەرگای ژیانی نوێ و باش بە ڕووی ئەم ناوچەیەدا دەکرێتەوە! لەڕاستیدا وەک گوتوومانە و لێرەش جەختی لێ دەکەینەوە، گەڕانەوە بۆ ئەقڵانییەت و فەلسەفەی سەدەکانی پێش هەژموونی ئایین، واتە سەدەکانی ناوەڕاست، بنەمای ڕێنێسانس بوو، ئیتر کە ئەقڵانییەت دەرکەوت خورافە جێ پێی پێ لێژ دەبێت و ڕووت دەبێتەوە و ئیتر ئەوە ئایینە خێرا ڕیفۆڕم لە خۆیدا دروست دەکات لە پێناو مانەوە.

لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە ئەگەر سەیر بکەین، ڕیفۆڕمی مەسیحی و بەتایبەتی لۆسەر چەند چەمکێکی بەکار هێنا، کە لە ڕەوشی گشتیی ڕێنێسانسی ئەورووپادا هەڵگیرایەوە، وەک «خودییەتیی باوەڕ و ڕاڤەکردنی باوەڕ کە پەیوەندیی تاک و خودییە لەگەڵ خوا». لەڕاستیدا، ئەمە هەڵگیرایەوە و بووە

پاڵپشت بۆ تاکگەرایی و ژیانی تایبەت و ئازادبوونی تاک لە بیروباوەڕی ئایینی و سیاسی و فیکریدا، کە بێ گومان لۆسەر و ڕیفۆرمی ئایینی هیچکات ئامانجی ئەوە نەبووە.

دەتوانین نموونەی دیکەش لە چەشنی «کارکردن وەک فەزیلەتێکی ئەخلاقی و پەرستش» باس بکەین، کە لۆسەر جەختی لێ دەکردەوە، چونکە چینی فیۆدالیست کە چینی باڵا بوون و کاریان نەدەکرد و کارکردن ئەرکی چینی خوارەوە بوو و فیۆدالیستەکان تەنیا ڕەنجی ئەوانیان دەخوارد، ببووە نەریت و وەک فەزیلەتی بەرزی چینی سەرەوە سەیر دەکرا. ڕیفۆرمی ئایینی پشتیوانیی مەعنەوی و ئەخلاقی لە کارکردن کرد و بە قەشەکانی ڕاگەیاند تەنیا بانگخوازی ئێوە کار نییە، کار و خزمەتی ڕۆژانەش لەنێو کۆمەڵگە پەرستشە، کارکردن لە دنیا و بوونی سەرمایە و کار خراپ و دژی ئایین نییە و دەوڵەمەندی دژە ئایین و هەژاریش پاکێتی نییە. دەتوانین بڵێین ئەمە هاندان بوو بۆ دروستبوونی سەرمایەی تاک و دواجار سیستمی سەرمایەداری کە بەداخەوە لە کولتووری ئەم ناوچە بە ئایینی و مارکسییەوە دیدێکی ئێجگار ناشیرینیان بۆ سەرمایەداری دروست کردووە، کە ئەوە ڕیشەی لە سەدەکانی ناوەڕاستی مەسیحییەتدا هەیە، بەڵام هاندان بوو و هەڵگرتنەوەی گوزارشتێکی ئایینی بوو لەلایەن ئاوەز و ئاوەزمەندییەوە کە سەرەتاکەی لە یۆنانی دێرینەوە کەوتبووە سەرڕێ و دەبێت جەخت لەوە بکەینەوە تەنیا ئەقڵانییەتە دەتوانێت ئەو تێبینی و شیکاری و پەیوەستکردنەوەیە دروست بکات، ئاخر هیندستان زۆر پێشتر ماتماتیکی کەشف کردووە، میسر سەرچاوەی ئەستێرەناسی بووە، لەم ناوچانە و وەک دەوترێت لای حەموورابی یاسا دانراوە، بەڵام چونکە ئەقڵانییەت نەبووە، نە ماتماتیکەکەی هیند بووە میتۆدی خوێندنەوە بۆ یاساکانی سروشت، نە ئەستێرەناسییەکەی میسر گالیلۆ و کۆپەرنیک و شۆڕشی زانستیی دروست کرد و نە حەموورابی کولتووری پاراستنی کەرامەتی بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان هێنایە گۆڕێ.

دوای ئەم پێشەکییە، چەند خاڵێک دەخەمەڕوو بە ئامانجی تێگەیشتن لە پارادۆکس-بوونی ڕێنێسانسی ئایینی و بەگشتی ڕێنێسانس لەم ناوچەیە:

١- ئەگەرچی ڕەها نییە، بەڵام بەگشتی ڕۆشنبیری موسڵمان، وەک بەردەوامیی ململانێی نێوان ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و ڕۆژئاوای مەسیحی سەیری مۆدێرنە دەکات و ڕۆشنگەریی

ئەورووپا بە کۆتاییهێنان بە هەژموونی کەنیسە و وەگەڕخستنی ئەقڵ و گێڕانەوەی شکۆی مرۆڤ نازانێت، پێی وایە ئەمە هێرشی نوێی ڕۆژئاوای مەسیحییە، دوای جەنگی خاچپەرستان و ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی و ناویشی ناوە هێرش یان داگیرکاریی ڕۆشنبیری. دەتوانین بڵێین لە ئەنجامی ئەم حوکمە پێشوەختە، زۆرێک لە ڕۆشنگەرانی ئایینی، ئایینیان وەک ئایدۆلۆژیا خستەڕوو و لەڕاستیدا کەوتنە ڕقبوونەوە لە هەر بیرکردنەوەیەک کە لە دەرەوەی سنووری خۆیان بێت و مۆدێرنەیان بۆ دژایەتیی مۆدێرنەی ڕۆژئاوا و دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤ خوێندەوە، وەک ئەوەی تەها عەبدولڕەحمان دەڵێت: تووڵ و کەرەسەکانم خوێندەوە تا گوتاری دیکەی نەریتیی خۆمان دابهێنم!، هەروەک پێشتر غەزالی و ئیبن تەیمییە لۆژیکیان خوێندووە و لەبارەیەوە نووسیویانە و تەنانەت غەزالی بە فەرزی عەینی دەزانێت، بەڵام بۆ دژایەتیکردنی لۆژیک کە گوایە یۆنانیی بتپەرستانە و ئەرەستۆیانەیە! بە کورتی باوەڕیان بە کلتووری ئەقڵی مرۆڤ نییە.

٢- هەر ئەو خاڵە وای کردووە، جگە لەوەی بیرکردنەوەی ڕۆشنبیری نوێگەریی موسڵمان داخراوە بە ڕووی ناوچەکەی خۆیدا و بەڵکوو نرخی نییە بۆ کولتووری ئەوانی دیکە، لە نێو خۆشیدا یەکترخوێندنەوە نییە و هەمیشە لە سەرەتاوە دەدوێن و شتەکان دەڵێنەوە، وەک ئەوەی دەبینین زۆربەی پۆینتەکان لەنێو گشت ڕۆشنگەرەکاندا چەندبارەیە و کەسیان زیادکردنێکی نییە، لە کاتێکدا فەلسەفە و فیکر (تەراکم) کەڵەکەکردن و ڕەخنە و شیکاریی ئارگومێنتی پێشوو و زیادکردنە.

٣- دیدی ئایدۆلۆژی بۆ فیکر، پەیمان دەڵێت: فەلسەفەی ئەم ناوچەیە بە چاولێکەریی کوێرانەی فەلسەفەی ئەورووپایی و کێشە و چەمکەکان و تیۆرییەکانی هێناوە بۆ ئێرە و خۆمانە نییە و بۆ نەریتی ئێمە دانەبەزیوە. گریمان ڕاستە، بەڵام کێ گوتوویەتی ئەو بیرکردنەوە بێنە بۆ ئێرە، گرنگ ئەوەیە خودی بیرکردنەوە لێرە بخەرە سەرپێ، چونکە بیرکردنەوە یەک خراوە و نەریت و ئایین یەکی خستووە.

٤- دەتوانین بڵێین: نوێگەری و ڕۆشنگەریی ئایینی هەر لە هەنگاوی سەرەتاوە نەزۆک بووە، چونکە زۆر سانایە تێبگەین کە فیکر ناکرێت سنووردار بکرێت لە چوارچێوەیەکدا کە پێشتر بۆی دیاری کراوە. ڕیفۆرمخوازی ئایینی هەر بۆ خودی سەرچاوەکانی ئایین خۆی دەگەڕێتەوە و بەردەوام خەریکی هێنانەوەی بەڵگەیە بۆ شتێک کە ئیمانی پێیەتی، لە کاتێکدا

ئیمان ئیمانە و بەڵگەی ناوێت و ئیمانی باش ئەوەیە کە بێ بەڵگەیە لە نەریتی ئاییندا. ڕیفۆرمخوازی ئایینی دەیەوێت پێیەکی لەنێو هەقیقەتدا بێت بە پێناسەی باوەڕ، لە کاتێکیشدا دەیەوێت خۆی بکاتەوە بە ڕووی ژیانێکدا کە لەسەر بنەمای وەلاخستنی هەقیقەتی ئایینی هاتووەتە کایە.

زۆرێک لە ڕیفۆرمخوازان لە دوای هەقیقەتن، بەڵام لە ئاییندا، بۆیە لەنێو هەقیقەت و گۆڕانکاریدا بەردەوام لە سەفاوەروادان. بیریاری ئایینی هەیە کە ئەکتیڤیستە و لە خەمی ئاییندایە و بۆی بیر دەکاتەوە، ئەوە جێی کێشە نییە، بەڵام کێشە لەوێدایە بیر بکەیتەوە کە چۆن ژیان ئاییندارانە بکەیت و بە گوزارەی ئێرە: ئەسلەمەی ژیان بکەیت.

٥- گرنگترین بنەمای باوەڕ و ئاینداری، باوەڕداربوونە بە خوا. لە ڕێنێسانسدا فشاری هیومانیزم، خوای بکوژ و ببڕ و نائەخلاقیی سەدەکانی ناوەڕاستی گۆڕی بە مرۆڤ و خوایەک کە باشبوونەکەی لە مرۆڤدۆستیدایە، هەر دەتوانین بڵێین خواسەنتەریی کردە مرۆڤسەنتەری، بەڵام لە جیهانی ئیسلامیدا، خوای باو تا هەنووکەش خوای ناو عەقیدەی ئەشعەرییە کە ئێجگار تووڕە و توندە و بەردەوام نارازییە لە مرۆڤی باوەڕداریش. ئەگەر بیرکردنەوە بووبێت لەم خوایە، ئەوا بۆ تێپەڕاندنی نەبووە، بۆیە ئیشق و خوا وەک مەعشووق هاتە دەر و بووە ئەڵتەرناتیڤ و جۆری دیدی بۆ خوا گۆڕی نەک لایدا. تەنانەت لە شیعری عیرفانیی شاعیرێکی وەک مەولانادا و لە چیرۆکە شیعری (مووسا و شوان)، خوای مووسا کە خاوەن شەریعەتێکی توندە باوە و زاڵە.

٦- پرسیارێکی گرنگ پەیوەست بە ڕیفۆرمی ئایینی لە کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا ئەوەیە: هەر بەڕاست فەزای فیکری و ڕۆشنبیریی ئەم ناوچانە ئازادیی فیکر و ڕادەربڕین هەڵدەگرێت؟! ئاخر بیرکردنەوە بێ ئازادی مەحاڵە. لە وڵاتانی ئیسلامی ئەوەی ڕایەکی هەبێت یا لە دەرەوەیە یاخود سزا دەدرێت. نەسر حامید ئەبووزەید، نموونە ساناکەیە کە دەزگای ئایینیی فەرمیی ئەزهەر حوکمی لە ئایین دەرچوونی بۆ دەرکرد و ژنەکەشیان بە حەرام زانی بۆی.

٧- ڕۆشنگەریی ئایینیی ئیسلامی پێیان وایە لە مەسیحییەتدا وتەبێژی فەرمیی ئایین بووە، بەڵام لە ئیسلامدا نییە و ئیسلام کاهینی نییە، بۆیە ڕۆشنگەریی ئیسلامی وەک ڕیفۆرمی مەسیحی نییە. لەڕاستیدا، ڕێنێسانس مەرجەعی مەعریفەی لە ئایین و کتێبی پیرۆزەوە گۆڕی بۆ ئەقڵ و

بەڵگەهێنانەوەی لۆژیک و ئەقڵ، بەڵام ڕۆشنگەریی ئایینی داوای بەمەرجەعکردنی تەنیا کتێبی پیرۆز دەکات و پێی وایە کێشە لە نەریتدایە کە خوێندنەوەی دروستی بۆ ئایین نەبووە و لایان براوەتەوە کە دەق لەگەڵ ئەقڵدا هیچ دژایەتییەکی نییە. هەر لەو ڕوانگەوە پێیان وایە هەر شتێک بەناوی ئایینەوە دەکرێت پێویستە لەگەڵ دەقی قورئاندا بێتەوە، لە کاتێکدا واقیع و مێژووش پێمان دەڵێت لە ئیبن ڕوشدەوە تا داعش خاوەنی بەڵگەی ڕوونی ئایەت بوون، ڕەنگە ئەوانەی داعش ڕوونتر بێت.

٨- موسڵمانی ڕۆشنگەرخواز، کێشەی لەگەڵ «زانست» و «تەکنەلۆژیا» وەک دوو دەرهاویشتەی مۆدێرنە نییە و گوایە لە کۆمەڵگەی خۆیدا پەرەی پێ دەدات. ئەگەرچی لەو دووانەشدا وانییە چونکە زانستیشی هەروەک تەکنیک وەرگرتووە نەک جیهانبینی، بەڵام بەریەککەوتنی سەرەکی لەسەر چییەتیی هەقیقەت هەیە، کە مۆدێرنە هەقیقەتی مرۆڤی ئاراستە کردووە بۆ کارکردن لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانی، بەڵام ئایین جەختی لەسەر ماف نییە، بەڵکوو مرۆڤ دروست کراوە بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی خوایی و لەو پێناوەدا گیانیشی هیچ نرخی نییە. دەتوانین بڵێین باسی مرۆڤانەبوون و ئەخلاقیبوون لە تێکستی ئایینیدا نییە.

٩- دەوترێت، ڕۆشنبیری ئایینی ئەقڵانییە و کەرەسەی دەستی ڕەخنەگرتنە، گریمان دروستە، بەڵام ڕەخنەی لە نەریت هەیە کە وەک سەرچاوە ئەسڵییەکە نییە! نەک لەسەر بنەمای ئەقڵی و لۆژیکی ڕەخنەی هەبێت و پێوەرەکەی ئاوەز بێت و چارەسەی نوێی بۆ کێشە هەنووکەییەکان هەبێت.

١٠- ڕۆشنبیرانی ئایینی ڕەخنەیان هەیە کە بیرکردنەوە لەوان دەسەنرێتەوە لە کاتێکدا، فەیلەسوفەکان تا مارکس، زاناکانیش تا ئاینشتاین و دواتر باوەڕیان بە خوا و ئایین هەبووە. سەرەتا ئایینیش دەبێت بیرکەرەوەی هەبێت و کەس مافی ئەوەی نییە بیرکردنەوە لە کەس زەوت بکات، ئەو فەیلەسوف و زانایانەش بە مانای خۆیان ئاییندار بوون، نەک بەناوی خوا و ئایینەوە حوکم بکەن و بکوژن و ببڕن. گوتار و پڕۆژەیان ئایینی نەبووە. کەسێک بۆ خۆی باوەڕی هەیە، ئەوە جیایە باوەڕەکەی بکاتە پڕۆژە بۆ کۆمەڵگە. زاتییەتیی خۆی گشتی بکات.

لە کۆتاییدا و لە توێژینەوەیەکی کورتی لەم چەشنەدا هەموو گۆشەیەکی ئەم بابەتە ناخرێتەڕوو و مافی خۆی پێ نادرێت، بەڵام ڕاستیی بینراو ئەوەیە کە ڕۆشنفیکریی ئایینی نەشتەرگەرییەکی سەرنەکەوتووە کە ئامانج لێی پێکەوەهێنانەوەی دوو دژیەکە بە ئامانجی پاراستنی پێگە و هەژموون و بەرژەوەندیی

دەستەیەک نەک ئایین وەک پێویستییەکی ڕۆحی، چونکە ئایین لەو بارەدا پۆلیس و ڕۆشنبیری ناوێت.
ئەم ڕەوتە فیکرییە سەدوپەنجا ساڵەیە، باری ژیانی لەم ناوچەیە قورستر و تەڵەزگەی زیاتری لەسەر ئایینەکە هێنایە پێشێ. هەر بە نموونە، ئیقباڵی لاهووری لە نوێگەریی ئایینیی خۆیدا خورافەی هیندۆسی و ئیسلامیشی ڕەد دەکردەوە و خوازیاری داڕشتنەوەی کۆمەڵگە بوو لەسەر بنەمای نوێ، بەڵام سەری لە دابەشبوونی هیندستانەوە دەرکرد و پاکستانێکی داهێنا کە تاڵیبانی خوڵقاند، هیندستانیش کە ملی ڕێی چاکسازی نەگرتە بەر نموونەی دیموکراسیی ئەم بەری جیهانە.
بەگشتی، ڕۆشنگەریی ئایینی، توندڕەوی و سەلەفییەتی زیاتری لێکەوتەوە، ئەوە لێگەڕێ هەندێکی کەوتە دامی کاری دەزگا سیخوڕییەکانی ناوچەکە، بە نموونە بەڵگە هەیە کە ساواکی ئێران شەریعەتی بەکار هێنا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەپەکان و توودە کە لەو کاتەدا زۆر لە گەشەی خێرادا بوون. لە میسریش، ئەنوەر سادات ئیخوان و چەپەکانی دابوو بەگژی یەکدا و خۆی حوکمی دەکرد.
دوا ئەگەر و گوتاری نوێخوازیی ئایینی ئەوەیە کە مرۆڤی مۆدێرنە وشک هەڵهاتووە لە مەعنەوییەت، ئایینی پێویستە تا تەریب بە ئەقڵ ببێتە خۆراکی گیان، یاخود دڵ. ئیتر ئەمەش شێواندنە و مەعنەوییەت هەڵگرتنی پرسیاری جەوهەرییە کە کەسی فەیلەسوف پێشەنگی ئەم کارەیە و ئاییندار هیچ پرسیاری نییە، چونکە سەرجەم وەڵامەکانی لایە.

## سەرچاوەکان


١- لاهوری، اقبال، (تجدید الفکر الدیني في الأسلام)، ترجمة: محمد یوسف عدس، القاهرة، دارالکتب المصري، ١٩٨٥م.
٢- بلقزیز، عبد الإله (من الأصلاح الی النهضة)، مرکز دراسات الوحدة العربیة، ٢٠١٤م.
٣- بلقزیز، عبد الإله (من النهضة الی الحداثة)، مرکز دراسات الوحدة العربیة، ٢٠١٤م.
٤- بن نبي، مالک (مشکلات الحضارة و شروط النهضة)، ترجمة: عبدالصبور شاهین و عمر کامل مسقاري، دار الکتب المصري و دار الکتب اللبناني، ٢٠١٢م.

٥- طرابيشی، جورج (من النهضة الى الردة، تمزقات الثقافة في عصر العولمة)، دار الساقي، ٢٠٠٠م.
٦- حنفي، حسن (التراث و التجديد، موقفنا من التراث القديم)، الهمداوي، ٢٠١٩م.
٧- شريعتی، علی (كوير)، انتشارات مستقل، ١٣٣٤ش.
٨- شريعتی (أمت و إمامت)، انتشارات حسينييەی ارشاد، چاپ او ١٣٤٨ش.
٩- دوو بەرنامەی (نو انديشي دينی)، حميد انتظام لە بەرنامەی (پرتو نور).
١٠- سێ بەرنامەی (پرگار) لە بی بی سی فارسی، لەبارەی (نو انديشي دينی).
١١- پۆدكاستی (رنسانس) لە (كەناڵی آوای فلسفه).

# سەبارەت بە ڕێنێسانس یان ژیاندنەوەی کوردی
# بۆ دەبێت بیر لە «ژیاندنەوەی کوردی» بکرێتەوە؟

د. ئیسماعیل مەحموودی
توێژەر و نووسەر



## لەباتی پێشەکی

سەرهەڵدانی هەر ڕووداوێکی پڕکاریگەر و چارەنووسساز و گشتگیری وەک ڕێنێسانس، بەستێن و سەبەب و گرنگتر لەوەش، ئاکام و ئەنجامی تایبەت بە خۆی هەبووە و هەیە و جیا لەوەش، ئەم چەشنە ڕووداوانە، سەرەڕای ئەوەی کاریگەریی بەرچاوی عالەمی و گشتگیری هەبووە و بە جۆرێک خەڵکی گۆی زەوی سەرقاڵی خۆی کردووە و تەنانەت ژیان و فەرهەنگ و ئایین و هەڵسووکەوتیشیانی تووشی گۆڕانی سەیروسەمەرە کردووە. بەس وادیارە، ئاخێزگەی سەرهەڵدانی ڕووداوەکە هەمیشە قسەی یەکەمی کردووە و دەیکات و بە واتایەک بڕاوەی یەکەم بووە و یەکەم دەمێنێتەوە و وڵاتانی دیکە و بەتایبەتی بەشی ڕۆژهەڵاتی گۆی زەوی کە لەم ماوەیەدا بەردەوام هەر خەریکی لاساییکردنەوە بووە، جیا لە چەندین دەستکەوتی بەرچاو، هەمیشە تووشی سەرلێشێوان و سەرگەردانی و تەنانەت پاشاگەردانی و قەیران بووە.

لێرەوە پرسیار ئەوەیە بۆ ئەم چەشنە ڕووداوانە لە ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتتر لە کوردستان ڕوو نادات، یان لانیکەم ئەنجامی وەک ئەوەی ڕۆژئاوای نابێت و گرنگتر ئەوەش بۆ ئەم چەشنە ڕووداوانە لە ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی لە کوردستان دووپات نابنەوە؟

لە وەڵامی ئەم چەشنە پرسیارانەدا، دەکرێت ئاماژە بە هۆکار و سەبەبی زۆری وەک نەبوونی دەوڵەت، بە هەڵپەسێردراوی مانەوەی پرسی نەتەوەسازی، هەڵکەوتەی جوگرافی، پرسی فەرهەنگ و ئایین و مێژوو و هەروەها نەبوونی زانست و ئیرادە بکرێت، بەڵام پێدەچێت ڕێبازی «مێژووگەرایی نوێ»، وەڵامێکی تاڕادەیەکی بەرچاو گونجاوتر و ڕێکوپێکتری لەم ئاراستەیەدا و بەتایبەتی بۆ پرسیاری «لە ڕۆژهەڵات یان کوردستان بۆ ئەم چەشنە ڕووداوانە دووپات نابنەوە یان ئەنجامی وەک ڕۆژئاوایان نابێت؟» هەبێت.

ڕێبازی «مێژووگەرایی نوێ» بڕوای بە مێژوومەندیی ڕامانە (ڕامانەی) و ڕووداوەکان هەیە، واتە لە ڕوانگەی ئەم ڕێبازەوە هەر چەمک و ڕامانە و ڕووداوێکی سیاسی و بەتایبەتی فەرهەنگیی وەک ڕێنێسانس، لەپڕا ڕوو نادات و ڕووینەداوە، بەڵکوو لە ڕەوتێکی مێژوویدا ڕوویداوە و دەرکەوتووە و لەم ڕووەوە مێژوومەندە و بە واتایەک مێژووی تایبەت بە خۆی هەیە، کەواتە ئەم چەشنە ڕووداوانە بەرهەمی

دیار و نادیاری ڕەوتێکی مێژوویی کۆمەڵگەیەکە و، دووپاتکردنەوە و دووپاتبوونی لە کۆمەڵگەیەکی دیکەی وەک ڕۆژهەڵات گەر نامومکین نەبێت، ئەوەتا بەتەواوەتی ئەستەم دەنوێنێت.

کەواتە لەم ڕوانگەیەوە، سەرهەڵدانی هەر ڕووداوێکی فەرهەنگی و سیاسی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، تایبەت بە کەشوهەوای فەرهەنگی و مێژوویی ئەو کۆمەڵگەیەیە، بۆیە ناکرێت تووشی ئەو هەڵەیە ببین کە وا تێبگەین دەکرێت بە سانایی و ساکاری لە کۆمەڵگەیەکی دیکەدا و لەوانەی کوردستان، ئەو ڕامانەیە وەک خۆی دابەزێنرێت، یان ئەو ڕووداوە سەرهەڵبدات و بخولقێنرێت و یان ئەوەی دووپات بکرێتەوە.

بۆ وێنە، چەمک و دەستەواژەی وەک ئازادی، فەزای گشتی، دادگەری، دەسەڵاتی یاسا و دیموکراسی و هەروەها ڕووداوی وەک مۆدێرنیتە، پۆستمۆدێرنیتە، پرۆتێستانتیزم، ڕۆشنگەری و بەتایبەتی ڕێنسانس، بەرهەمی مێژوویی و فەرهەنگی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایین و دابەزاندنیان لە شوێن و وڵاتانی دیکە، نەک تەنیا ئەستەم، بەڵکوو لە زۆر ڕەهەندەوە نامومکین دەنوێنێت و لەم ڕووەوە هەوڵ بۆ لاساییکردنەوەی دەق بە دەقی ئەم چەمک و ڕووداو و ڕامانانە (تیۆرییانە)، جگە لە شپرزەترکردنی فەزای نووسین و ملکەچیی فەرهەنگی و قبووڵکردنی هەژمۆنیی بەردەوامی ڕۆژئاوا، کەمترین دەستکەوتی لێ ناکەوێتەوە (میلانی، ١٣٨٧: ١١-١٨).

لەم ڕووەوە پێدەچێت باشترین ڕێگەچارە بۆ دەربازبوون لەم دۆخە شپرزەی کەوا فەزای زانستی و ئەکادیمی و ڕۆشنبیری و تەنانەت سیاسیی ئێمەی تەنیوەتەوە و تووشی قەیرانی کردووین، باشتر وایە لەباتی لەبەرکردن و سەپاندنی بەردەوامی ڕامانەی ڕۆژئاوایی و هەروەها هەوڵ بۆ دووپاتکردنەوەی ڕووداوی لەم چەشنە، بە کەڵکوەرگرتن لە میتۆدۆلۆژیی ڕۆژئاوایی لەڕێگەی خوێندنەوەی دەق و هەناوی کۆمەڵگەی کوردییەوە بیر لە ڕامانەدانانی (تیۆریدانانی) خۆماڵی بکرێتەوە و لەباتی تەماشاکردنی کۆمەڵگە لە دەرەوە و خوێندنەوەی سەقەتیان بە یارمەتی ڕامانەی ڕۆژئاوایی، لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردییەوە لەگەڵ کۆمەڵگە و دەقە کوردییەکان گفتوگۆ ساز بکرێت و ئەولەوییەت بە ڕامانەدانان لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردییەوە بدرێت و بە واتایەک بیر لە ڕووداوی خۆماڵی بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە بەتایبەت وڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوایی، هەڵبەتە بە ڕەچاوکردنی دۆخی

سیاسی و فەرهەنگی و مێژوویی، بکرێتەوە. لەم ئاراستەیەدا، دیسانەوە ئەو پرسیارە بەرجەستە دەبێتەوە:
ئایا دەکرێت لە کوردستان و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان باس لە ڕێنسانس بکرێت؟

پێش ئەوەی بچینە سەر وەختی ئەو پرسیارە جەوهەرییەی واتە ئایا دەکرێت لە کوردستاندا باس لە ڕێنسانس بکرێت و ئایا هەر لەبنەڕەتەوە کوردستانی ئێستا و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان، پێویستی بە ڕێنسانس هەیە؟ هەست دەکرێت باشتر ئەوە بێت سەرەتا و هەڵبەتە بە ڕەچاوکردنی وانەکانی ڕێبازی مێژووگەرایی نوێ، ئاوڕێک لە ڕووداوی ڕێنسانس لە ڕۆژئاوا و بەتایبەتی وڵاتی ئیتاڵیا بدرێتەوە و ئینجا وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە.

## ڕێنێسانس لە ڕۆژئاوادا

ڕێنسانس یان ژیاندنەوە لەبنەڕەتدا، بزووتنەوەیەکی گەورەی فەرهەنگی بوو کە وەک شۆڕشێکی زانستی و هاوکات چاکسازیی ئایینی و هەروەها پێشکەوتنی هونەری لە ئەورووپادا دەستی پێ کرد و بوو بە بەشێک لە مێژووی ئەم بەشە لە دنیا و لەم ئاراستەیەدا، وەک سەردەمی نێوان سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی مۆدێرنی ڕۆژئاوا پێناسە دەکرێت.

ئەم وشەیە واتە وشەی ڕێنسانس لە زمانی فەڕەنسییەوە وەرگیراوە و بە واتای لەدایکبوونەوە یان ژیاندنەوە دێت. ئەوانەی ڕێنێسانسیان خوڵقاند، پێیان وابوو سەردەمەکەیان هیچ پێوەندییەکی دوور و نزیکی بە «سەدەکانی ناوەڕاست»ەوە نەماوە، بەڵکوو زیاتر لەگەڵ یۆنانی کەونارا و ڕۆما پێوەندی و نزیکایەتی هەیە، چونکە بە بۆچوونی ئەوان تەنیا لە دنیای کەونارای یۆنان، بایەخدان بە مرۆڤ و بە واتایەک مرۆڤ-تەوەری و ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ بەدی دەکرا و لەو سەردەمەدا سەرکەوتنی گەورەی لەم بوارەدا ئەزموون کردبوو. لەڕاستیدا، لایەنگرانی ڕێنسانس پێیان وابوو سەرکەوتن و پێشکەوتنی گەورە، تەنیا لەڕێگەی ژیانەوەی فەرهەنگی یۆنان و ڕۆما و هەروەها دەربازبوون لە دەسەڵاتی کڵێسا و وانەکانی دەکرێت.

لەم ڕووەوە، پێدەچێت ژیانەوە و گەڕانەوە بۆ فەرهەنگی یۆنان و ڕۆمای کەونارا، لەپاڵ چاکسازیی ئایینی و هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی نائایینی و نەتەوەیی لەلایەن شازادەکانی دژە دەسەڵاتی

کڵێسا، گرنگیدان بە بازرگانیی عالەمی و ڕێگەخۆشکردن بۆ پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی دنیا، لە ڕیزی گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم سەردەمەی ڕۆژئاوا بن کە لە ئەساسدا سەردەمی ڕزگاربوونی ڕۆژئاوا لە دەسەڵاتی پڕ لە جەهالەتی ئەو سەردەمەی کڵێسا بوو.

دیارە ڕێنسانس وەک دیاردەیەکی فەرهەنگی، خاوەن هزر و ئەندیشەی تایبەت بە خۆی بووە. ئەم هزر و ئەندیشەیە لەسەر سێ بنەمای فەلسەفە و بەتایبەتی گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی ئەفلاتوونی، هیومانیزم و چاکسازیی ئایینی یان پرۆتێستانتیزم دانراوە و، لەم بارەوە دەکرێت بانگەشەی ئەوەش بکرێت ئەساسەن ڕێنسانس بەرهەمی گرنگیدان بە فەلسەفەی ئەفلاتوونی و چاکسازیی ئایینی و هەروەها گەڕانەوە بۆ هیومانیزمی یۆنانی کەونارا بوو کە دەستکەوت و ئەنجامی سەیر و پڕبایەخی لێ کەوتووە. وەک نموونە لەم قۆناغەدا، مرۆڤی ڕۆژئاوایی ئیتر وازی لە کڵێسا-تەوەری و لێکدانەوەکانی بۆ مرۆڤ و دنیا هێنا و لەباتی گرنگیدان بە کڵێسا، مرۆڤ-تەوەری لە پێوەندی بە ئایین و هونەر و ئەدەب و مەعریفە گرتەبەر و لەم ڕووەوە بیرمەندانی ئەم سەردەمە هەوڵی سەرەکییان ئەوە بوو ئیتر دنیا لە دەرەوەی دۆگما سەپێنراوەکانی کڵێسای کاسۆلیکی لێک بدەنەوە (ئیلخانی، هەمان: ٥٦٣) کە ئاکامی بەرچاوی ئەم دنیابینییە نوێیە، ڕزگارکردنی مرۆڤ لە کۆت و بەندەکانی حوکمڕانیی کڵێسا و هەروەها گەشەکردن و گەشەسەندنی تاکگەرایی لە فەرهەنگی سیاسی و کولتووریدا بوو (ڕاسڵ، ١٣٧٣: ٢/٦٨٣).

جیا لەمەش، ڕێنێسانس شایستەیی گەورەی هەبوو، وەک نموونە لەو سەردەمەوە تا ئێستا ناوبانگی خۆی لە بواری تەلارسازی و نیگارکێشی و شیعردا پاراستووە، کەسایەتیی گەورەی وەک لیۆناردۆ داڤینچی و میشێل ئەنجێلۆ و ماکیاڤێلی بەرهەم هێنا، مرۆڤە خوێندەوارەکانی لە کۆت و بەندەکانی فەرهەنگی سەدەی ناوەڕاست ڕزگار کرد و زانایانی لە کاتێکدا کە هێشتا کۆیلە و گیرۆدەی دنیای کۆن بوون، ئاگاداری ئەم خاڵە گرنگە کردەوە کە سەرچاوە بەناوبانگەکان (وەک ئەفلاتوون و ئەرستۆ و...) بۆچوونی جیاوازیان لەسەر هەموو بابەتێک هەیە (ڕاسڵ، هەمان: ٦٨٢) و لەم ڕووەوە باشترە لەباتی ڕاڤەی کڵێسا، ئاوڕێک لە بۆچوونەکانی فەیلەسووفانی کۆنی یۆنان وەک ئەفلاتوون بدرێتەوە.

بەگشتی ڕێنسانس بە زیندووکردنەوەی زانست و هۆشیاریی یۆنان، ژینگەیەکی فیکریی وای خوڵقاند کە دەکرا جارێکی دیکە ڕکابەریی دەستکەوتەکانی یۆنانییەکان بکرێتەوە و لەم ڕووەوە زانایی تاکەکەسی

تا ئاستێکی سەیروسەمەرە و بەوپەڕی ئازادییەوە گەشەی کرد و ئەمە خۆی لە خۆیدا دواتر بەستێنی بۆ ڕۆشنگەری و دەرەنجام مۆدێرنیتەی ڕۆژئاوایی ساز کرد.

ئەوەش لەبیر نەکرێت ڕێنسانس بۆ یەکەمجار لە ئیتاڵیا ڕووی دا و لێرەوە پرسیاری گرنگتر ئەوەیە کە ڕێنسانس بۆ لەم وڵاتە ڕووی دا؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستە ئاماژە بە مێژووی کۆنی ئیتاڵیا و هەروەها ئەو دۆخە بدرێت کە سەبەبی سەرهەڵدانی ڕێنسانس بوو. لەم بارەوە گەر ئاوڕ لە مێژووی ئیتاڵیای پێش سەرهەڵدانی ڕێنسانس بدرێت، دەکرێت باس لە زۆر بابەت بکرێت و خوێندنەوەیان بۆ بکرێت، بەڵام بەگشتی و بەپێی توانایی و زەرفییەتی ئەم وتارە، دەکرێت ئاماژە بە چەندین تایبەتمەندی بکرێت وەک: سەرهەڵدان و پەرەسەندنی شەڕی ناوخۆیی نێوان شازادە و میرەکانی ئیتاڵیا بۆ ماوەی نزیکەی یەک سەدە، پارچەپارچەبوونی وڵات، مەترسیی ڕوولەئاوابوونی یەکجاریی وڵات، پەراوێزخستنی پرسی پەروەردە و زانست، پەرەسەندنی ئاکاری خراپی وەک باجسەندنی بێبنەمای هەڕەمەکی، زیادبوونی توندوتیژی، ڕێککەوتنی ژێربەژێری شازادەکان بەمەبەستی لێدانی یەکدی، کزبوونی وانەکانی ئەخلاق و ئینسانییەت، بێنرخبوونی مرۆڤ و زاڵبوونی وانەکانی کڵێسا و بەتایبەت بێبایەخیی زانست و پەراوێزخستنی زانایان و فەیلەسووفان؛ ئەمانە وەک گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئیتاڵیای پێش ڕێنسانس دادەنرێن کە بە دڵنیاییەوە لە سەرهەڵدانی ڕەوتی گەڕانەوە بۆ فەرهەنگی ئینسان-تەوەریی یۆنانی کەونارا و چاکسازیی ئایینی و هەروەها هەوڵ بۆ یەکپارچەیی دەسەڵاتی سیاسیی ئیتاڵیا بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە ئاژاوەی ناوخۆیی و بایەخدان بە ئینسان، ڕۆڵی بەرچاو و چارەنووسسازیان هەبووە. کەواتە، دۆخی شپرز و بەپارچەکراو و پڕ لە ئاژاوە و شەڕی ناوخۆیی ئیتاڵیا لە ڕووی سیاسییەوە و بەپەراوێزخستنی ئینسان و زانست لە ڕووی فەرهەنگییەوە، لە سەرهەڵدانی ڕووداوی ڕێنێسانس وەک ڕووداوێکی فەرهەنگی و سیاسیی مێژوومەند، کاریگەریی بەرچاو و تەنانەت سەرەکیی هەبووە.

بەم وەسفەوە، پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: بە ڕەچاوکردنی دۆخی ئێستای کوردستان و تەنانەت مێژووی هاوچەرخی کوردستان، ئایا پێویست بە ژیانەوە لە ڕەنگ و قەبارەی ڕێنسانس هەیە؟ ئایا ئەساسەن ڕووداوی وا لە کوردستاندا ئەگەری ڕوودانی هەیە و گرنگتر ئەوەی ئەرک و بەرپرسیاریەتی

ڕووناکبیران و بیرمەندانی کوردستان لە ئێستادا و بە نیسبەتی ڕووداوێکی وەک ڕێنسانس بە مەبەستی چاکسازی و ژیاندنەوەی چییە؟

## ژیاندنەوەی کوردی

بە ڕەچاوکردنەوەی وانەکانی ڕێبازی مێژووگەرایی نوێ، دیار و ڕوونە دووپاتکردنەوەی ڕێنسانس و تەنانەت چاوەڕێکردنی ڕووداوێکی ڕێک هاوشێوەی ڕێنێسانس، نەک تەنیا لە کوردستان، بەڵکوو لە هیچ شوێنێکی دنیادا ئەگەری نییە. لێرەوە پرسیار ئەوەیە گەر ئەگەری نییە و نامومکینە، ئیتر بۆ دەبێت باس لەم بابەتە و بابەتی وا لە کوردستاندا و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان بکرێت؟

وەک ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بەم پرسیارە، دەکرێت باس لەم ئەگەرەش بکرێت: ڕاستە نەک تەنیا دووپاتبوونەوەی ڕێنێسانس لە کوردستاندا نامومکینە، بەڵکوو تەنانەت ناکرێت چاوەڕێی دەقاودەقی ئەنجامی ئەم ڕووداوە لە ناوچەکانی دیکە و بەتایبەتی کوردستانیش بکرێت. وەک نموونە باسکردن لە گەڕانەوە بۆ فەرهەنگی یۆنانی کەونارا و هەروەها چاکسازیی ئایینی لە شێوەی ڕێنێسانس لە وڵاتانی موسڵمان و بە کوردستانیشەوە، واقیعگەرایانە نییە، بەڵام دەکرێت وەک سەرچەشن باس لە پلانی چاکسازی بکرێت و ئەویش بەپێی واقیع و مێژووی کوردستان بێت کە ئاکامی گۆڕانکاری و چاکسازیی بەرچاو و کاریگەر بێت لە کۆمەڵگەی کوردی و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان و لە ژێر ناونیشانی وەک «ژیاندنەوەی کوردی».

کەواتە چاوەڕێکردنی ڕێنسانس لە چەشنی ڕۆژئاوا و ئیتاڵیا نەک ئەستەم بەڵکوو نامومکینە، بەڵام لە هەمان کاتدا، باسکردن لە ڕووداوێکی چاکسازیخوازانە و لەژێر ناونیشانی وەک ژیاندنەوە و هەر ناونیشانێکی دیکە کە پەیوەندیی بە واقیع و مێژووی کوردستان و بەتایبەتی هەرێمی کوردستانەوە هەبێت، پێدەچێت تا ڕادەیەک مەنتیقی بێت. لەم ڕووەوە پرسیار ئەوەیە: بۆ دەبێت لە ئێستادا بیر لە گۆڕانکاری و چاکسازیی کوردستان بکرێت و ئەساسەن بۆ ژیانەوەی کوردستان پێویستە؟ و لەم ژیانەوەدا ئایا دەبێت وەک ڕێنسانس، کۆمەڵگەی کوردیش بۆ «فەرهەنگی پێشوو» بگەڕێتەوە و ئەساسەن ئەوەی پێشوو کامەیە کە دەبێت بۆی بگەڕێنەوە؟

پێدەچێت بۆ گەیشتن بەم پرسیارە جەوهەرییە، دەبێت لە چەندین ئاراستەوە دەست پێ بکرێت: یەکەم ئەوەی بۆ دەبێت چاکسازی بکرێت؟ دووەم، ئایا ئەساسەن دەکرێت بۆ سەردەمێک لە مێژووی کوردستان بگەڕێنەوە؟ گەر دەکرێت ئەو سەردەمە کامەیە و تایبەتمەندییەکانی چین؟ و کۆتا پرسیاریش ئەوەیە کە دەبێت لە چییەوە دەست پێ بکرێت؟

یەکەم: بۆ دەبێت بیر لە ژیانەوەی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بکرێت؟

با لە سەرەتاوە هیچ وەهمێکمان نەبێت لە بینینی ئەو هەلومەرجە نە ناسروشتییەوە نە نالۆژیکی و نە نوێ، ئەم حاڵەتە لە لایەکەوە ڕیشەکەی وا لە مێژوودا و لە لایەکی دیکەوە درێژکراوەیە... لە حوکمکردنێکی تێکشکاوی نامەدەنییانە... (فاروق ڕەفیق، ٢٠٠٨: ٢/١٧٠).

دۆخی سیاسی و فەرهەنگیی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ئەم سی و پێنج ساڵەی حوکمڕانیی خۆماڵیدا، سەرەڕای ژمارەیەک دەستکەوتی بەرچاو و شیاوی شانازی، بەڵام وادیارە هێشتا لە ئاستی خواست و چاوەڕوانیی خەڵکدا نییە و لەم بارەوە بەردەوام ڕەخنە و گازندە و هەندێ جاریش ئیهانە، لەلایەن بیرمەندان، خوێندکاران، ڕۆشنبیران، ڕۆژنامەنووسان و بەتایبەت خەڵکی ئاسایی و تەنانەت ژمارەیەکی بەرچاو لە سیاسەتمەداران ئاراستەی دەسەڵات و دۆخی سیاسی و فەرهەنگیی هەرێمی کوردستان دەکرێت. بەم بۆنەیەوە ڕەنگبێ نالۆژیکی نەبێت گەر بانگەشەی ئەوەش بکرێت: خەڵکی هەرێم نەک تەنیا لە دۆخی سیاسی و فەرهەنگیی ئێستای نیشتمانەکەیان ناڕازی و توڕەن، بەڵکوو هەندێ جاریش هەست دەکرێت خەڵک لە چاکسازی و باشبوون و باشترکردن بەتەواوەتی بێهیوا و بێئەمەل بوون و هەر بەم بۆنەیەوە جۆرێک لە کەمترخەمی و دڵساردی لە گفتی ڕۆژانەی خەڵکدا دەبیسترێت و بەدی دەکرێت.

ڕەنگبێ لەم بارەوە هەق بە خەڵکی ناڕازی بێت، چونکە وادیارە دۆخی گشتیی هەرێمی کوردستان، سەرەڕای دەستکەوتی بەرچاو و بوونی هەوڵی بنەڕەتی بۆ جێخستن و سەقامگیرکردنی سیستەمی حوکمڕانیی سەردەمیانە لەلایەن هەندێ کەس و هێزەوە، هێشتا لە ئاست مێژووی یەک سەدە قوربانی و ماڵوێرانی و دەربەدەریدا نییە. جیا لەمەش، هەست دەکرێت لە ئێستادا ئیتر هەرێمی کوردستان لەبەردەم هەلومەرجێکدایە دەکرێت وەک «سەرهەڵدانی هاوکاتی قەیرانەکان» یان هەمان

«پێکەوەسەرهەڵدانی قەیرانەکان» پێناسە بکرێت و بناسرێت.

واتە لە ئێستادا ئیتر هەرێمی کوردستان نەک تووشی یەک قەیران، بەڵکوو هاوکات تووشی زنجیرەیەک قەیرانی مەترسیدار بووەتەوە کە هەریەکەیان دەتوانێت نەک تەنیا دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لە لێواری ترازان و ڕووخان نزیک بکاتەوە، بەڵکوو کۆمەڵگەی تا ڕادەیەک شپرزەی هەرێمی کوردستان لە لێواری ترازان نزیک بکاتەوە. وەک نموونە، دەکرێت ئاماژە بە قەیرانی مووچە، قەیرانی ڕەوایی و شەرعییەت، قەیرانی سەرهەڵدانی مافیای سەیروسەمەرەی ئابووری، قەیرانی گەندەڵی، قەیرانی کەمتەرخەمی، قەیرانی بێهوایی و دڵساردی و کارامەنەبوونی گوتاری زانست و بەتایبەتی قەیرانی متمانە بکرێت.

وەک پەردەهەڵدانەوە لە بەشێک لەم قەیرانگەلە، دەکرێت ئاماژە بە پرسی چارەنووسسازی «بەرژەوەندیی گشتی» بکرێت. وەک دیار و ڕوونە پاش نزیکەی چل ساڵ لە حوکمڕانیی کوردی، هێشتا ئەم پرسە واتە پرسی «بەرژەوەندیی گشتی»، نەک تەنیا پێناسە نەکراوە، نەک تەنیا هێڵە سوورەکانی دیاری نەکراوە، تەنانەت وا هەست دەکرێت بەتەواوەتی پشتگوێ خراوە و گەریش جارجار لەلایەن هەندێ سەرکردەوە ئاماژەی پێ دەکرێت، بە ئاسانی لەلایەن هێزی دیکەوە پێشێل دەکرێت. ئەمەش وای کردووە لە هەرێمی کوردستاندا بە ئاسانی هەموو شتێک ڕوو بدات، هەموو شتێک جێبەجێ بکرێت، هەموو شتێک ئاسایی بنوێنێت و زۆر شتی پیرۆزیش سووکایەتیی پێ بکرێت و تەنانەت پێشێلکردن و برینی هێڵی سوور، زۆر جاریش وەک تۆڵەسەندنەوە و خستنی بەرانبەرەکە و بە واتایەک دەستکەوت و شانازی باس بکرێت و چەپڵەی بۆ لێ بدرێت.

ئەم دۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان وای کردووە ئیتر گوتاری «غروور و عیناد» لەلایەکەوە و گوتاری «بێمنەتی و بێباکی» لەلایەکی دیکەوە، ببێتە بەشێک لە فەرهەنگی زاڵی سیاسیی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی سیاسەتی سەرەکیی زۆربەی حزبەکان. ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕێگەی بۆ دیاردەی ناحەزی «ڕێککەوتنی ژێربەژێر و ملکەچی» لەبەرانبەر نەیارانی کورد خۆش کردووە و لە ئێستادا بەداخەوە ئیتر ئەم دیاردە ناحەز و دزێوە بووەتە بەشێکی سەرەکی لە فەرهەنگی سیاسیی هەرێمی کوردستان. هەر ئەمە وای کردووە پێگەی هێمای نیشتمانی وەک خاک، خەبات، پێشمەرگە،

دەوڵەتی کوردی، ئاڵای کوردستان و کیانی کوردی و هەروەها پرسی بەرژەوەندیی گشتی، پشتگوێ و پەراوێز بخرێن و ئەم دیاردە ناحەز و دزێو و پڕ لە سووکایەتی و خیانەتەی «ڕێککەوتنی ژێربەژێر و ملکەچی» وەک دیپلۆماسی بناسرێت و هەندێ جاریش شانازیی پێوە بکرێت.

کەواتە، لە ئێستادا ئەوەی لە هەرێم و سیاسەتی دەرەوەی هەرێم دیار و بەرجەستەیە، ئەو ڕاستییە تاڵ و ناحەزەیە: حزبەکان لە سیاسەتکردن بەرانبەر یەکتردا، لە دوو بژاردەی «غروور و عیناد» کەڵک وەردەگرن. هەر ئەمەش وای کردووە کابینە بە ئاسانی پێک نەیەت، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەمزووانە ڕێک نەخرێت، ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان بەیاسایی و کاری پێ نەکرێت، پەرلەمان بە ئاسانی پەک بخرێت و بەرژەوەندیی خەڵکی هەرێم بە ئاسانی بخرێتە پەراوێزەوە. خراپتریش ئەوەی بەهۆی بوونی پارەی زەبەلاحی نەوتی قاچاق و باج و هەروەها داهاتە سنوورییەکان و هاوکات غیابی کۆمەڵگەی مەدەنی و دادگای بێلایەن، حزب ئیتر لەبەرانبەر خەڵکیشدا بێمنەت و بێباک بێت، کەواتە ئیتر لە پاڵ گوتاری عیناد و غروور، گوتاری «بێمنەتی و بێباکی»ش لە سیاسەتی هەرێمی کوردستاندا ببێتە جەمسەرێکی دیکەی فەرهەنگی سیاسی، ئەویش لە ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و دەرهەق بە خەڵکی کوردستان.

ئاساییە لەم حاڵەتەدا واتە حاڵەتی بێباکی و بێمنەتی، ئیتر ژمارەیەکی بەرچاو لە دەسەڵاتدارانی هەرێم بە کەیف و حەزی خۆیان هەڵسوکەوت و تەراتێن بکەن، بە ناوی سیاسەتکردن و خزمەتەوە سەرقاڵی تاڵانکردن و سووکایەتیکردن بن و لەبەرانبەریشدا کەمترین منەتیان بە خەڵکەوە نەبێت. مەترسیدارتر ئەوەی لەبەرانبەر گۆڕانکارییەکانی دنیا و ناوچەکە و تەنانەت مەترسیی هاتنەوەی دەسەڵاتی ناوەندیش بۆ کوردستان، لەوپەڕی بێباکیدابن. ئەمە خۆی لە خۆیدا جیا لەوەی پرسی ڕەوایی دەسەڵاتی تووشی کێشە و قەیران کردووە، متمانەی خەڵکی هەرێمی بۆ دەسەڵات و تەنانەت خەباتی کوردی کز و لاواز کردووە و خراپتر و ناحەزتر لە هەمووشی، ئەم حاڵەتە ئیتر ئینسانی کوردی پەراوێز و تەنانەت فەرامۆش کردووە.

لەم بارەوە و لە درێژەی ئەم حاڵەتە ناخۆش و ناپەسەندەدا، دەکرێت باس لەو ڕاستییە تاڵەش بکرێت: دەمێک ساڵە گوتاری زاڵ و سەقەتی گەر نەڵێین سەرجەم حزبی کوردی ئەوا بەشی بەرچاوی حزبی

کوردی، لەڕێگەی بەدوژمنکردنی بەرانبەرەکەیدا و هەروەها پەخشان و تەخشانی ناڕەوا، سەرقاڵی دروستکردنی ئینسانی حزبی لەباتی ئینسانی کورد بووە. هەربۆیە، لەم هەلومەرجەدا نەک تەنیا لە هەرێمی کوردستان، بەڵکوو لە هەر چوار بەشی کوردستان بەدەگمەن ئینسانی کورد دەبینرێت، بەدەگمەن سیاسەتمەداری کورد دەبینرێت، بەڵام لەبەرانبەردا بە زۆری و زەبەلاحی ئینسانی حزبی دەبینرێت، لایەنگری گیانفیدای حزبی دەبینرێت. هەر ئەمەش وای کردووە لە کوردستان، ئینسانی حزبی و پێشمەرگەی حزبی ئامادە بێت لەپێناو بەرژەوەندیی حزبی نەک بەرانبەرە کوردەکەی، بەڵکوو خاکی کوردستانیش هەرزانفرۆش بکات و لەگەڵ نەیاری کورد بۆ لێدانی بەرانبەرەکەی ڕێککەوتنی ژێربەژێر بکات، ملکەچی بنوێنێت و لە هەمان کاتدا وەک شانازی و سەرکەوتن بە خەڵکی ناهومێدی کوردستانیش بیفرۆشێتەوە.

دیارە لەم حاڵەتەدا، ئاساییە ئیتر خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی هەرێم بەتایبەتی، نەک تەنیا ئینتیمای بۆ خاک و نیشتمان و ئاڵای کوردستان و تەنانەت خەباتی ڕابردوو کز و لاواز بێتەوە، بەڵکوو زۆر جاریش هەست بە ماندوویەتی و بێزاری بکات و ئیتر تەنیا ڕانت و پارە و پلە وەک براوە سەیر و خوێندنەوەی بۆ بکات.

ئەوەش لەبیر نەکرێت، ئەم دیاردەیە لە ناکاو و لەپڕا سەری هەڵنەداوە، بەڵکوو مێژوومەندە و بە واتایەک بەرهەمی ڕەوتێکی مێژوویی تایبەت بە بارودۆخ و هەلومەرجی سیاسی و فەرهەنگیی کوردستانە کە لە ماوەی ئەم سەد ساڵەی خەبات و بەتایبەتی حوکمڕانیی کوردی سەری هەڵداوە و پەرەی سەندووە و بووە بە بەشێکی دانەبڕاو لە فەرهەنگی سیاسیی کوردی.

لەم ئاراستەیەدا گەر بێت و بیر لە چارەسەرکردنی عالەمانە و سەردەمیانەی ئەم قەیرانانە و بەتایبەتی قەیرانی فەرهەنگی سیاسیی کوردی نەکرێتەوە، بەدڵنیاییەوە نەک تەنیا کیانی هەرێمی کوردستان بەڵکوو سەرجەمی خەون و خەباتی کوردی بەرەو لێواری لێکترازان و ئاوابوون نزیک دەکاتەوە و بەمزووویانەش گەر نەیکاتەوە، بەردەوام دڵەراوکێ، ملکەچی، چەندپارچەبوون، مەترسیی ڕووخان و مەترسیی ڕێککەوتنی ژێربەژێری بەرانبەرەکەی بەرۆکی بەرنادات و دیارە ئەم حاڵەتە، پێش بە ئیدارەدان و حوکمڕانییەکی تەندروست و سەردەمیانە دەگرێت.


Just tune in to
the heart of Kiss
CARIBBEAN BRE
Ancient Philosop
PHILOS
VEDANTA
MÜLLER

کۆی ئەو حوکم و قسانەی سەرەوە لە پاڵ لێکدانەوەی دۆخەکە و هاوکات ڕەچاوکردنی گۆڕانکارییە خێرا و سەیروسەمەرەکانی ناوچەکە و تەنانەت دنیاش، بەرەو ئەو دیعایە سادە و لە هەمان کاتدا ئازاربەخشەمان هان دەدات کە ئاخێزگە و سەبەب و هۆکاری سەرەکیی ئەم دۆخە شپرز و پڕ لە قەیرانە، پێدەچێت هێشتا پلان و ڕەوتی «بەنەتەوەبوون» و «بەنەتەوەکردن»ی کورد و بەتایبەتی بە «کۆمەڵگەکردنی کوردستان» بێت کە نەک تەنیا کۆتایی نەهاتووە، بەڵکوو لە زۆر ڕووەوە بە سەقەتی کراوە و لەم بارەوە ناسروشتی دەنوێنێت. بۆیە لە ئێستادا «ژیاندنەوەی کوردی»، واتە بەتەواوکردن و سروشتیکردنی ڕەوتی بەکۆمەڵگەکردنی کوردستان و هەروەها بەنەتەوەبوونی مەدەنییانەی کورد، دەکرێت وەک ئەو ڕووداوە فەرهەنگییە بە ڕەنگ و بەرامەی ڕێنسانس سەیر بکرێت کە کورد و بەتایبەتی چینی بیرمەند و خوێندەواری کورد چاوەڕوانی دەکات.

هەر لەم بارەوە واتە ئاماژەدان بە بەها و پێگەی «ژیاندنەوەی کوردی»، وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕستەیەی «ئالەن بدیۆ»، هەست دەکرێت ڕوونکەرەوە بێت. بدیۆ لەو باوەڕەدایە دانیشتووانی یەک وڵات لە دوو حاڵەتدا دەبنە خەڵک یان هەمان نەتەوە و کۆمەڵگە: یەکەم ئەوەی توانای ئەوەیان هەبێت دەوڵەتێک لە ئاراستەی خەون و ئاواتەکانیان بەدی بهێنن و دایمەزرێنن؛ دووەم ئەوەی هاوکات بتوانن بەئاسانی ئەو دەوڵەتەی کەوا دژی ئاوات و بەرژەوەندی و ویستەکانیانە لەناو ببەن (عەزیمی، فەخرەدین، ١٣٩٩: ١٥٥).

لەم ڕووەوە، پێدەچێت «ژیاندنەوەی کوردی» یان هەمان بەنەتەوەبوون و بەکۆمەڵگەبوونی کوردستان و بە وتەی «بدیۆ»، بە خەڵکبوونی دانیشتووانی کوردستان، تەنیا ڕازی سەرەکیی مانەوەی کورد و گەیشتن بە ئاواتی ئیدارەدانێکی تەندروست و دادگەرانەیە، تەنیا ڕێگەی بەنیشتمانکردنی کوردستان بۆ هەمووانە، تەنیا کارتی هەستکردن بە بوون و ڕێزگرتن لە کەرامەتی ئینسانی کوردە کە دەکرێت وەک مەزنترین و کاریگەرترین و لە هەمان کاتدا چارەنووسسازترین ڕووداوی چاکسازی و شۆڕشی فەرهەنگی سەیر و بەرجەستە بکرێت.

## گەڕانەوە بۆ چی و بۆ کوێ

پاش ئەوەی دەرکەوت و تا ڕادەیەک ڕوون کرایەوە کە هەلومەرج و بارودۆخی ئێستای سیاسی و فەرهەنگیی کوردستان و بەتایبەتی هەرێم، چاکسازی و ژیاندنەوەی خێرای لەسەر بنەمای عەقڵانییەت و ئاوەزمەندی - بە ڕەنگ و بەرامەی ڕێنسانس - دەوێت، دیسانەوە ئەم پرسیارەش دێتە ئاراوە: ئایا دەکرێت لێرەش وەک ڕۆژئاوا و بەتایبەتی وڵاتی ئیتاڵیا بیر لە گەڕانەوە بۆ ڕابردووی پڕ شکۆی عەقڵانییەتی سەدەکانی پێشووی مێژووی کوردستان بکرێتەوە؟ ئایا ئەساسەن شتێک بە ناوی سەردەمی زێڕین و ئینسان-تەوەری وەک یۆنانی کەونارا لە مێژووی کوردستان و تەنانەت مێژووی ناوچەکەدا بوونی هەیە کە کورد بۆی بگەڕێتەوە؟ ئایا لە ئێستادا و لەم هەلومەرجەدا ئیمکانی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ئەویش بە شێوەی ئیتاڵییەکان هەیە و گرنگتر لە هەمووشی چۆن دەبێت کورد بۆ ڕابردوو بگەڕێتەوە و ئایا ئەساسەن ئاسایی و سروشتییە وەک پلان و پرۆژە سەیر لە ژیاندنەوەی کوردی و ڕێگەکانی ژیاندنەوە بکرێتەوە؟

پێشتر و بە ڕەچاوکردنی وانەکانی ڕێبازی مێژووگەرایی نوێ، باس لەوە کرا جیا لەوەی دووپاتبوونەوەی ڕووداوی وەک ڕێنسانس لێرەدا ئەستەم و نامومکینە و ئەساسەن بەستێنی وەک هزر و فەلسەفەی یۆنانی کەونارا لە مێژووی کوردستاندا و ناوچەکەدا لە ئارادا نییە و، جیا لەوەش سەرەڕای بوونی هەندێ تایبەتمەندی دۆخ و هەلومەرجی ئێستای کوردستان لە شێوەی ئیتاڵیای ئەو سەردەمە وەک پارچەپارچەبوونی کورد و غیابی یەکڕیزی و یەکدەنگی، دەبێت ئەم بڕیارە بەرجەستە بکرێتەوە: بڕیار نییە دەقاودەق لاسایی لە ڕێنسانس بکرێتەوە و گەریش بڕیار بێت، ئەوەتا قەت ئیمکانی نییە و بەم بۆنەیەوە تەنیا دەکرێت بیر لە ڕووداوێک بە ڕەنگ و بەرامەی ڕێنێسانس - واتە ڕووداوێکی فەرهەنگی کە چاکسازیی فەرهەنگی و سیاسیی چارەنووسساز لە مێژووی کوردستاندا بەدوای خۆیدا بهێنێت - لە کوردستان و بەتایبەتی لە هەرێم بکرێتەوە.

هەڵبەت هەر لەم ئاراستەیەشدا، بە ڕەچاوکردنی مێژووی کوردستان، وەک بیرکردنەوە لە سەرچەشن و نموونە، دەکرێت یاد لە سەردەمێکی زێڕینی فەرهەنگی لە مێژووی هاوچەرخی کوردستان واتە سەردەمی سەرهەڵدانی یەکەم بەرەی مونەوەرانی کورد بکرێتەوە کە دەکرێت سەرەڕای ناکامی لە

دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، وەک سەردەمێکی زێڕین و پڕشکۆ لە مێژووی ئەندیشەی کوردستان سەیر بکرێت. لەم سەردەمەدا کە بە سەرهەڵدانی حاجی قادری کۆیی و یەکەم نەسڵی مونەوەرانی کورد و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان و دواتر کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقیی کوردستان دەست پێ دەکات و تا سەرەتای دامەزراندنی یەکەم حزبی کوردی درێژە دەکێشێت، نەتەوە-تەوەری و بەواتاییەک هەوڵ بۆ بەنەتەوەکردن و بەنەتەوەبوونی کورد و هەروەها بەکۆمەڵگەکردنی کوردستان لەپاڵ خزمەتی خۆبەخشانە و بێ چاوەڕوانی بە ئەندیشە و فەرهەنگی کوردی، تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم سەردەمەیە. لەم ڕووەوە دەکرێت باس لە گەڕاندنەوە بۆ سەردەمی نەتەوە-تەوەری و ژیانەوەی ئەدەب و فەرهەنگی کوردی وەک سەرچەشن و نموونەی پڕ لە شکۆی مێژووی کوردستان لە ڕووداو و بەرنامەی چاکسازیخوازانەی «ژیاندنەوەی کوردی»دا بکرێت.
بەم وەسفەوە دەکرێت لەم بەشەدا و لە پرسیاری «گەڕانەوە بۆ چی و بۆ کوێ»، ئاماژە بە دوو خاڵی سەرەکی بدرێت:
یەکەم: ئەوەی بڕیار نییە لە «ژیاندنەوەی کوردی»دا لاسایی تەواو لە ڕێنێسانس و بەتایبەتی بیر لە گەڕاندنەوە بۆ فەرهەنگی مرۆڤ-تەوەریی یۆنان و ڕۆمای کۆن بکرێتەوە کە بە دڵنیاییەوە ناکرێت، بەڵکوو دەکرێت وەک سەرچەشن ئاماژە بەو سەردەمە زێڕینەی نەتەوەسازی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمی کوردستان بدرێت کە سەردەمی نەتەوە-تەوەری و هەوڵ بۆ نەتەوەسازی و بەنەتەوەکردن بوو. لە ئێستادا گەر تا ڕادەیەک ئەستەم بێت بەڵام بە دڵنیاییەوە نامومکین نییە ئەو سەردەمە وەک نموونە و سەرچەشن لەبەرچاو بگیرێت.
دووەم: هەروەک پێشتر ئاماژەی پێ درا، پێدەچێت ئاخێزگە و سەبەبی سەرەکیی ئەم دۆخە شپرزەی کوردستان و بەتایبەتی هەرێم، غیاب و بە سەقەتی مانەوەی پرسی بەنەتەوەبوون و بەکۆمەڵگەبوونی کوردستان بێت. لەم ڕووەوە دەکرێت باس لە گەڕانەوە بۆ نەتەوەسازی و بەکۆمەڵگەکردنی هەرێم وەک گرنگترین و پڕبایەخترین تەوەری بەرنامە و ڕووداوی ژیاندنەوەی کوردستان بکرێت. کەواتە، باشتر و ئاوەزمەندانەتر ئەوەیە هەڵمەتی «ژیاندنەوەی کوردی» لەم پرسەوە دەست پێ بکرێت و ئەم پرسە بە ناوەند بکرێت و هەوڵ بدرێت لەپێناو دەربازبوون لەم هەلومەرجە و هەروەها هەنگاوهەڵگرتن بەرەو

ئاسانەی گۆڕانکاری و چاکسازی، «ژیاندنەوەی کورد» ببێتە گوتاری زاڵی کوردستان و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان.

کەواتە، لە ئێستادا کە هەرێم پێویستی بە چاکسازی و ڕووداوی وەک ڕێنێسانس - نەک دەقاودەق وەک خودی ڕێنسانسی ڕۆژاوایی - هەیە، باشتر ئەوەیە باس لە ڕێنسانسی کوردی بەپێی واقیع و مێژووی کوردستان بکرێت و لەم ئاراستەیەدا بە ڕەچاوکردنی بارودۆخ و هەلومەرجی هەرێم، باشتر و گونجاوتر ئەوەیە هەڵمەتی چاکسازی لە ژێر ناونیشانی «ژیاندنەوەی کوردی» بە مەبەستی کامڵکردن و تەواوکردنی ڕەوتی بەنەتەوەکردن و بەکۆمەڵگەکردنی هەرێمی کوردستان دەست پێ بکرێت. لەم بارەشەوە گەر باس لە گەڕانەوە بۆ سەردەمی زێڕینی فەرهەنگی و ڕۆشنبیریی کوردستان واتە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم وەک نموونە و سەرچەشن بکرێت، بە دڵنیاییەوە خۆماڵییانە و گونجاوتر دەبێت.

لە هەڵمەتی «ژیاندنەوەی کوردی»دا، دەبێت هەوڵ بدرێت لە بازنەی بەنەتەوەکردن و بەکۆمەڵگەکردنی کوردستان، ئەم وڵاتە وەک نیشتمانی هەمووان وەسف بکرێت، وەک نیشتمانی هەمووانی لێ بکرێت، هەوڵ بدرێت هەمووان نیشتمانیان خۆش بوێت، نیشتمانیش هەمووانی خۆش بوێت و ئامێز و سامان و ئازاری بۆ هەمووان بێت و گرنگتر ئەوەش هەمووان هەست بە ژیانی سەرفرازانە لەم نیشتمانەدا بکەن و ئازادانە و سەربەرزانە بیر لە ژیان و خۆشگوزەرانی و پڕ لە کەرامەت و پڕ شکۆی نەوەکانی داهاتوو بکرێتەوە.

لە هەڵمەتی «ژیاندنەوەی کوردی»دا هەوڵ بدرێت نیشتمان و سامانی نیشتمان بۆ سەرجەمی دانیشتووانی بێت، پاراستن و ڕێزگرتن و ئیدارەدانی ئەرکی سەرجەم دانیشتووانی بێت. لەم نیشتمانە دەبێت هەمووان دەرک بە ئازار و شادیی سەرجەم دانیشتووانی بکەن، ئازاریان بە ئازاری خۆیان و شادمانییان بە شادمانیی خۆیان بزانن، بە سەرهەڵدان و سەرکەوتنی پرۆژەیەکی نیشتمانی هەموویان هەست بە شانازی و سەرفرازی بکەن و، ئیزن نەدرێت هیچ کەس بیر لە کەمترین دەستێوەردان و تێکدان و ڕەشنواندنی بکاتەوە. هەوڵ بدرێت سەرجەمی دانیشتووانی ئەم نیشتمانە بە شێوازێک لە دیاریکردنی شێوەی حوکمڕانی و نووسینی دەستوور و سەرجەم بنەماکانی خۆیان بە بەشدار و

بەرپرسیار بزانن و لەپێناو پاراستنی دەستکەوتەکان هیچ دانیشتوویەکی ئەم نیشتمانە بیر لە کەمترین بێدەنگی و کەمتەرخەمی نەکاتەوە.
لەم حاڵەت و کاتەدا ئیتر هەست دەکرێت کۆمەڵگەی کوردستان لەدایک بووە، هەست دەکرێت کۆمەڵگەی کوردستان بوونی هەیە، مرۆڤی کورد هەست دەکات لە کۆمەڵگەیەکی سەرفراز و پڕ لە کەرامەت دەژیت. بەدڵنیاییەوە لەم حاڵەتەدا کەس ئیتر ناتوانێت نیشتمان بە تەنیا ماف و سامان و کێڵگەی خۆی بزانێت، ناتوانێت بە کەیف و حەزی خۆی تەراتێن بکات، ئیتر لەم حاڵەتەدا کەس ناتوانێت خەڵکی دیکەی ئەم نیشتمانە ئازار بدات، سووکایەتیی پێ بکات، پەراوێزی بخات، بیر لە ستەمکاری و بەکوێلەکردنی خەڵکی ئەم نیشتمانە بکاتەوە و گرنگتر ئەوەش هیچ هێزێکی بیانی ناتوانێت بیر لە دەستێوەردان و تێکدان بکاتەوە. دیارە لەم حاڵەتەدا ئیتر سەرجەمی دانیشتووانی هەرێم بە هەر عەشیرەت و قەوم و ئایین و ئایینزایەکەوە دەبن بە خەڵک و نەتەوەی کوردستان و لەم ڕێگەیەشەوە کۆمەڵگەی کوردستانی پێک دێت و سەقامگیر دەبێت، لەم کاتەدا ئیتر کۆمەڵگە بەکۆدەنگی و بەردەوامی بیر لە گەشەسەندن و پێشکەوتن و مانەوەی سەرفرازانە دەکاتەوە.
ئەوەش لەبیر نەکرێت لەم حاڵەتەدا ئیتر کۆمەڵگەی کوردستان بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە سەیری کۆمەڵگە و نەتەوەکانی دیکە دەکاتەوە، چونکە سووکایەتی و بێڕێزی لە هیچ کەس و نەتەوەیەک قبووڵ ناکات، لەبەرانبەریشدا بێڕێزی و سووکایەتیش بە کەس ناکات و لەوەش تێدەگات کاتێک دەتوانێت باس لە ئینسانبوونی خۆی بکاتەوە و هەستی پێ بکات کەوا بیر لە کەمترین سووکایەتی بە کەسانی سەر بە نەتەوە یان قەوم و عەشیرەت و ئایینی دیکە نەکات و بە واتایەک بیر لە داماڵینی ئینسانییەتی هیچ کەس و قەومێکی دیکە نەکاتەوە. بەدڵنیاییەوە، لەم حاڵەتەدا، کۆمەڵگەی کوردستان دەگاتە ئەو دەرک و فامەی گەر کەسێک یان نەتەوەیەک، تایبەتمەندییە ئینسانییەکانی کەسانی دیکە لەبەرچاو نەگرێت یان لە ڕێزدانان بۆیان کەمتەرخەمی بنوێنێت، ئەوەتا دواکەوتوویی مەدەنی و ناشیاویی فەرهەنگیی خۆی پیشان دەدات (عەزیمی، ١٣٩٩: ٥٠).
ئەم ڕستانەی سەرەوە، سەرەتا لە دروشم و شیعر دەچن، بەڵام گەر بێت و هەڵمەتی ژیاندنەوەی کوردستان لەپێناو بەنەتەوەبوونی مەدەنییانە و بەکۆمەڵگاکردنی ئینسانی و سەردەمیانەی کوردستان

دەست پێ بکات و پەرە بستێنێت و ببێت بە گوتاری زاڵی هەرێم، ئەو دەم هەمووان تێدەگەن ئیتر ئەمە خەون و دروشم نییە، بەڵکوو ژیاندنەوەی ڕاستەقینەیە، تێدەگەن گەر ئەستەم بووە بەس نامومکین نەبووە.

لەم حاڵەتەدا ئیتر خەڵکی هەرێم دەتوانێت هەست بە ژیاندنەوەی کەرامەتی ئینسانیی خۆی بکات، دەتوانێت پێش بە تاڵان و تەراتێن و تەنانەت هەر ستەمکارییەک بگرێت، دەتوانێت بە ویست و ئیرادەی بەرزی ئینسانیی خۆی بیر لە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی تەندروست و مەدەنییانە بکاتەوە، دەتوانێت هەست بە بوونی سەرفرازانەی خۆی بکاتەوە.

لەم ڕووەوە، ژیاندنەوەی کوردستان ویست و ئیرادەی دەوێت، بەرنامەی دەوێت، زانستی کارامەی دەوێت، بەس هەر دەبێت ڕۆژێک بیر لەم ژیاندنەوەیە بکرێتەوە، دەبێت ڕۆژێک هەڵمەتی ژیاندنەوە دەست پێ بکات، دەبێت ڕۆژێک چاوەڕێی ڕوودانی ژیاندنەوە بکرێت. چ باشتر لە ئێستادا کە دۆخی هەرێم و ناوچەکە و تەنانەت دنیا، چاکسازی و گۆڕانکاریی کاریگەر و بەرچاوی دەوێت، ژیاندنەوەی کوردی لەلایەن بیرمەندان و ڕۆشنبیران و میدیاکارانەوە دەست پێ بکات. دەستپێکی ژیاندنەوەی کوردستان پێدەچێت گەر لە سەرەتادا سەخڵەت و ئەستەم بێت بەڵام نامومکین نەبێت.

بۆ سەرەتا هەست دەکرێت چەند خاڵ و تایبەتمەندی وەک: خۆشەویستیی ڕاستەقینەی نیشتمان و سەرجەم دانیشتووانی کوردستان، بیرکردنەوە لە سازکردنی نیشتمانێک بۆ هەمووان، بیرکردنەوە لە ژیانێکی سەرفرازانە بۆ هەمووان، بیرکردنەوە لە ژیانەوەی کەرامەتی سەرجەم دانیشتووانی کوردستان؛ بۆ سەرەتا و دەستپێکی ژیاندنەوەی کوردی کاریگەریی خۆی هەبێت و بەواتاییەک وەک دەستپێکی ژیاندنەوە بکرێت سەیر و خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

لە کۆتاییشدا دەمێنێتەوە ئاماژە بەو بابەتە گرنگەش لە پرسی ژیانەوەی کوردی بدرێت، ئەوەی کە ئەم ڕەوتە یان ڕووداوە فەرهەنگییە دەبێت چۆن دەست پێ بکات، دەبێت لە کوێ و چ کاتێکەوە دەست پێ بکات. جگە لە پێشکەشکردنی چەندین پێشنیاری سەرەتایی وەک ئەوەی ئاماژەی پێ درا، لە توانایی ئەم وتارەدا نییە و بە دڵنیاییەوە باسکردنی بەردەوام و زانستی کارامەی لە ڕەهەندە جیاجیاکانەوە دەوێت، لە هەمان کاتیشدا پێدەچێت ئیتر کات و دەرفەتی ئەوە هاتووە لە شوێنێکەوە دەستی پێ بکرێت.

## پاشنووسەکان

١) Renaissance

٢) مێژوومەندی «Historicity» واتە بڕوابوون بەوەی کە هەر دیاردەیەک لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا کە بەستێن و جوگرافیای دیاریکراویشی هەیە ڕوو دەدات و گرنگتر لەوەی زەمەنی سەرهەڵدانی و گەشەسەندنی دیاردەیەکەش ڕوون و دیارە. هزر و ئەندیشە دیاردەیە، دیاردە فیکرییەکانیش دیاردەی کۆمەڵایەتین، دیاردەی کۆمەڵایەتیش دیاردەی مێژوویین. هیچ شتێکی فیکری و هزری جگە لە هەناوی کۆمەڵگە و مێژوودا ڕوو نادات و بە واتاییەک سەر هەڵنادات. (حەنەفی، ١٣٧٥: ٣٨)

بۆ زانیاری زۆرتر سەبارەت بە مێژوومەندی بڕوانە:

حەنەفی، حەسەن (١٣٧٥) ترجمە محمد مهدی خلجی، فصلنامە نقد و نظر، سال سوم، شمارە ١ (پیاپی ٩)، ص: ٣٧-٥٧.

٣) بۆ ئاگاداری لە ڕوانگەی ڕێبازی مێژووگەرایی نوێ بڕوانە:

میلانی، عەباس (١٣٨٧) تجدد و تجددستیزی در ایران، تهران، اختران.

Montrose, Louis A. professing the Renaissance: The poetics and Politics of Culture, in The New Historicism, Ed.by H. Aram Veser. New York, 1989.pp15-37

Greenblatt, Stephen, and Catherine Gallagher (2000). Practicing New Historicism. USA: The University of Chicago Press.

Hamilton, Paul (1996). Historicism. London: Routledge.

٤) سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست (Middle Ages) لە مێژووی ڕۆژئاوادا جێگەیەکی تایبەت و گرنگی هەیە و لە ئەساسدا درێژترین قۆناغی مێژووی ئەم ناوچەیەی جیهانە. تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم قۆناغە تێکەڵبوونی ئایین و سەروەربوونی ئیمانە بەسەر فام و عەقڵ و تێگەیشتندا. قۆناغی دوای سەدەکانی ناوەڕاست بەزۆری بە ڕێنیسانس (Renaissance) و قۆناغی پێش ئەویش بە سەردەمی تاریکی و جەهالەت (Dark Ages) ناودەبرێت. لە ڕوانگەی قۆناغبەندیی سەردەمە مێژووییەکانی

ڕۆژئاوا، سەردەمی پێش ئەم قۆناغەش وەک سەردەمی سەدەکانی سەرەتای ئایینی مەسیحییەت و پێش ئەویش سەردەمی ڕۆما و یۆنانی کەونارایە. (دامپی یێر، ١٣٨٤: ٨٤).

بۆ ئەم بابەتە واتە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست (Middle Ages) بڕوانە:

دامپی ییر، ویلیام سیسیل (١٣٨٤) تاریخ علم، ترجمه عبدالحسین آذرنگ، تهران، سمت.

Colish, Marcia L. (1997). Medieval Foundations of the Western Intellectual Tradition .400–1400. New Haven, CT: Yale University Press

G. R. EVANS, philosophy and theology in the Middle Ages, Routledge, 1993, first .published, page 3-4

٥) لە ڕووی سیاسییەوە، لەم سەردەمەدا پاشا و میرەکان خۆیان زیاتر لە سیستەمی کڵێسا سەربەخۆ کرد بە جۆرێک کە لە سەردەمی چاکسازیی ئایینیدا هەندێکیان بە ئاشکرا پشتیوانیی ئەم بزووتنەوەیەیان دەکرد و دژی پاپا و کڵێسای کاسۆلیکی وەستانەوە و دواجار کڵێسایان بەجێ هێشت؛ شتێک کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بیری لێ نەدەکرایەوە. (ئیلخانی، ١٣٨٢: ٥٦٠).

٦) لە ڕووی ئابوورییەوە بازرگانەکان بەو قازانجە بەرچاوەی کە لە ئاڵوگۆڕی کاڵاکان بەدەستیان دەهێنا، سەربەخۆیی کۆمەڵایەتیی زیاتریان بەدەستهێنا. گەشەسەندنی ئابووری و بازرگانی لە سەردەمی ڕێنێسانسدا پێویستی بەوە بوو کە ئابوورییەکی دراوی زاڵ لەبری ئابوورییەک کە لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی کاڵا بە کاڵا دامەزراوە هەبێت. هەر بەو هۆیەشەوە زیو و زێڕ لە ئەڵمانیا و ئەمریکاوە هاتە بازاڕەوە و زۆری نەخایاند بانک سەری هەڵدا. لە لایەکی دیکەوە بازرگانەکان بەهۆی زیادبوونی خواست و کەمیی کاڵاکانەوە گەشتیان بۆ سەرزەوییەکانی دیکە دەکرد و بەدوای ناوچەی نوێدا دەگەڕان (ڕێندال، ١٣٧٦: ١٢٥-٦). و هەر لەم ئاراستەیەدا، ئەورووپییەکان لەڕێگەی سەفەر و ئاشنابوون بە شارستانییەتە دوورەکانەوە، بە شێوەیەکی بەرفراوانتر دەستیان بە لێکۆڵینەوە لە دەقە یۆنانی و لاتینییەکان کرد و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش، فێربوونی زمانی دیکە لە نێو بیرمەندانی ئەم سەردەمەدا گەشەی سەند (دامپی ییر، ١٣٨٤: ١٥٨-٩).

٧) لەم بارەوە وەک تایبەتمەندییەکی دیکەی سەردەمی ڕێنێسانس، دەکرێت ئاماژە بە زیادبوونی

ژمارە و فرەچەشنیی ناوەندە پەروەردەییەکان و لەوانەش زانکۆ بکرێت. هەر لەم ماوەیەدا ناوەندگەلێک پێکهاتن کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی کڵێسا بوون. لەم ناوەندانەدا تاکە ئامانج دۆزینەوەی حەقیقەت و بەدەستهێنانی زانست لەپێناوی خۆیدا بوو، نەک ڕاهێنانی چەند قەشەیەک و ئاشتکردنەوەی ئیمان لەگەڵ عەقڵدا. (ئیلخانی، ١٣٨٢: ٣٠٦-٧).

٨) ئەوەش لەبیر نەکرێت یەکێک لە ڕووداوە هەرە گرنگەکانی سەردەمی ڕێنێسانس داهێنانی چاپخانە بوو. بە داهێنانی ئەم ئامێرە لەلایەن گۆتێنبێرگەوە، کتێبەکان بە شێوەیەکی بەرفراوانتر و هەرزانتر خوێندنەوەیان بۆ هۆگران و لایەنگرانی زانست ئاسانتر کردبوو، هەر بەم بۆنەیەوە ژمارەی کەسانی خوێندەوار بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش گەشەی کرد و ژنانیش زیاتر دەستیان بە کتێب گەیشت. (هێرش، ١٣٨٣: ١٢٦).

٩) دەستەواژەی هیومانیزم یان مرۆڤدۆستی، بۆ یەکەمجار لەلایەن مێژوونووسانی سەردەمی ڕێنێسانسەوە بۆ پێناسەکردنی بزووتنەوەیەکی ڕامانەیی تایبەت بەکاریان هێناوە کە بەپێچەوانەی بێڕێزیکردن بە مرۆڤ و دنیا لەلایەن ڕاهیبەکانی سەدەی ناوەڕاستەوە، جەختیان لەسەر بەها مرۆییەکان دەکردەوە. مرۆڤدۆستانی سەردەمی ڕێنێسانس لەبری دونیایەک کە بەرهەمی گوناهی مرۆڤ بوو و دەبوو لەڕێگەی چلە و دوورکەوتنەوە لەم دنیا و هەموو ئەو شتانەی کە سەر بەم دنیایەن خۆیان ڕزگار بکەن، دنیایەکی دیکەیان ساز کرد و لەبری دۆگماتیزمی کڵێسا لێبوردەیی، و لەبری دۆگماتیزمی فەلسەفەی باوی کڵێسایی عەقڵانییەتیان لە پاڵ ئەدەب و هونەر و ئەخلاق پێشکەشی مرۆڤی ڕۆژئاوا کرد. هەروەها لە سەدەی ١٥ و ١٦ و لەبەرانبەر بە زانکۆکانی دۆگمی کڵێسا، بەرنامەیەکی پەروەردەییان پێشکەش کرد کە بریتی بوو لە خوێندنی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس (لەگەڵ ئەدەبی لاتینی و هەندێک جاریش یۆنانی)، ڕیتۆریک، شیعر و ئەخلاق. ئەم بەرنامەیە زیاتر لەسەر بنەمای بەرهەمی بیرمەندانی یۆنانی و لاتین و هەندێک جاریش هەندێک بیرمەندی ئازادئەندیشەی مەسیحی بوو کە وەک زانستە مرۆییەکان ناودەبرا. (ئیلخانی، هەمان: ٥٧١).

١٠) پرۆتێستانتیزم (Protestantism) واتە مەیل و حەز و بڕوامەندی بە ئاینی پرۆتێستانت (Protes-tant). لەم ڕووەوە ئایینی پرۆتێستانت ناوی یەکێک لە سێ مەزهەبە سەرەکیی مەسیحییەتە و

هەڵبەتیش لەبنەڕەتدا بەرهەمی چاکسازیی ئایینی لە خودی مەسیحییەتدایە. چاکسازیی ئایینی گرنگترین بزووتنەوەی ئایینی لە سەردەمی ڕێنێسانسدا بوو. پێدەچێت گرنگترین هۆکاری سەرهەڵدانی چاکسازی لەم قۆناغەدا ئەوە بووبێت کە بۆ زۆرێک لە ئەورووپییەکانی سەردەمی ڕێنێسانس ئیتر دەرکەوت پێکهاتەی کڵێسا چیتر نەیدەتوانی ویست و پێداویستییە ئایینییەکانیان بۆ دابین بکات. دۆگماتیزمی زیادەڕۆییانەی ئەوان و پێگەی ڕێکخراوێکی عەلمانی وەک تاکە ڕێگەی ڕزگاربوون لە ژیانی دوای مردندا بۆ زۆرێک لە ڕۆژئاواییەکان جێگەی ڕەزامەندی نەبوون (مالێرب، ١٣٨١: ٩١-٢). و گرنگتر ئەوەی دنیاگەرایی و گەندەڵی و شەهوەتگەرایی قەشەکان هۆکاری دیکە بوون کە خەڵکیان بەرەو چاکسازیی ئایینی هاندا (دامپی یێر، هەمان: ١٧٠).

مارتن لوتێر یەکێک لەو کەسایەتییانە بوو کەوا لەم قۆناغەدا ڕۆڵێکی گرنگ و چارەنووسسازی هەبوو. ئەو ڕاستەوخۆ تەحەدای دەسەڵاتی کڵێسای کرد و لە دەربڕینی نارەزایەتییەکی گشتیدا، (٩٥) خاڵی وەک تاوانی کڵێسا ئاراستەی خەڵک و قەشەکان کرد. یەکێک لە دیارترین نارەزایەتییەکان لەم بەڵگە (٩٥) خاڵییەدا کە پێی وابوو لە ئەساسدا سووکایەتیکردن و شێواندن و لاوازکردنی باوەڕی باوەڕمەندانە، پرسی کڕین و فرۆشتنی بەخشینی گوناه لەلایەن قەشەکانەوە بوو کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا باو کرابوو و لە هەمان کاتدا سەرچاوەی داهاتی کڵێسا بوو. هەر لەم بارەوە، لوتێر تەوبەی وەک پرسێکی باتنی و ویژدانی دەزانی کە بەبێ نێوەندگیریی کڵێسا و قەشەکان ڕوو دەدات. (ناس، ١٣٧٧: ٦٦٩-٦٧٠). لوتێر ئایینی لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتیدا نەهێشت و لەڕێگەی پێشنیارکردنی دروشمی «هەر کەس خۆی قەشەیەکە» بانگەشەی بۆ تاکگەرایی کرد و هەروەها بە دروشمی بەتایبەتیکردنی ئایین و سنووردارکردنی پانتاییەکەی لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خودا، بەستێنی بۆ سڕینەوەی ئایین لە فەزای گشتی ساز کرد و لەم بارەوە یەکێک لە دەرەنجامەکانی بزووتنەوەی چاکسازییەکەی، ململانێی نێوان گرووپە ئایینییەکان بوو کە بووە هۆی لەناوچوونی پیرۆزیی ئایین و ڕێگەی بۆ عەلمانییەت و سیکۆلاریزم خۆش کرد. (بەیات، ١٣٨١: ٣٣٣).

١١) شیاوی ئاماژەیە تاوەکوو ئێستاش لە ڕەوتی مێژوونووسیی کوردستاندا بە شێوازێکی زانستی سەبارەت بە چەمکی هاوچەرخ یان هەمان «Contemporary» و بە واتایەک مێژووی هاوچەرخی

کوردستان نەکراوە یان گەر کراوە زۆر ئاڵۆزە و کەمترین پێناسە لەم سەردەمەدا نەکراوە. ئەساسەن هێشتا باس لەوە نەکراوە بۆچی و لەبەر چ سەبەب و بەڵگەیەک باس لەو سەردەمە وەک سەردەمی هاوچەرخ دەکرێت و ئەساسەن مێژووی هاوچەرخ یان مۆدێرنی کورد لە چ سات و کات و بە واتایەک لە ڕوودانی چ ڕووداوێکەوە دەست پێ دەکات کە ئەمانە بەشێک لە خەسارناسیی مێژوونووسیی کوردستانە کە نووسەری ئەم بابەتە لە چەندین کۆڕدا ئاماژەی پێ کردووە. بەگشتی سەرەڕای ئاڵۆزبوونی وشەی هاوچەرخ بۆ دیاریکردنی بەشێک لە مێژووی ئێستای کوردستان، نووسەر لەو بڕوایەدا مێژووی هاوچەرخی کوردستان بە هاتنی ئەندیشە و ئامرازی مۆدێرن و سەرهەڵدانی تازەگەری و ویست بۆ چاکسازی لە سەردەمی حاجی قادرەوە و بەتایبەتی ڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨) واتە کۆتایی سەدەی نۆزدە دەست پێ دەکات، چونکە ڕووداوەکە واتە ڕووداوی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تازەگەریی ڕۆژئاوایی یان هەمان مۆدێرنیتە، ئەوەندە کاریگەر و گشتگیرە کە سەرجەم ڕەهەندەکانی ژیانی ئینسانی کورد و کۆمەڵگەی کوردستان دەخاتە بەردەم ئاسانەی سەردەم و دۆخێکی نوێ و هەر لەم بارەوە بۆ یەکەمجار، حاجی هەست بە پێویستیی نەتەوەسازی و دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوە و هەروەها تازەگەری و چاکسازی و گۆڕانکاری لە سیستەمی پەروەردەدا دەکات و بە واتایەک مێژووی هاوچەرخی کوردستان دەست پێ دەکات.

١٢) ئەم دەستەواژەیەم لە کتێبی «ئێران لەسەر لێواری تێغ» لە نووسینی «محەممەدی فازڵی» وەرگرتووە. لەوێدا نووسەر سەبارەت بە پێناسەکردنی دۆخی قەیراناویی ئێران دەستەواژەی فارسیی «همآیندی بحران‌ها»ی هێناوە و بە مانای سەرهەڵدان و گردبوونەوەی سەرجەم قەیرانەکان «The coming together of crises» مانا دەدات. بڕوانە: فاضلی، محمد (١٤٠٠) ایران بر لبه تیغ، تهران، روزنه، چاپی هفتم.

١٣) لێرەدا مەبەست لە بەکۆمەڵگەکردنی کوردستان ئەوەیە کە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە بکرێت کوردستان وەک کۆمەڵگەیەکی یەکپارچە لە ڕووی سیاسی و فەرهەنگییەوە پێک بنرێت کە سەرەڕای جیاوازییەکان هەست بە یەکجەستەبوون بکات و بە واتایەک هەموو ئەندامێکی ئەم کۆمەڵگەیە خۆی وەک بەشێکی دانەبڕاو و جیانەکراو لەم جەستەیە بزانێت. وەک نموونەی دیار و

ساکار، کەسێک لە دهۆک خەمی هەورامان و هەڵەبجە و کەرکوک و گەرمیانی بێت و هەر بەڕاست و لە دڵەوە وەک بەشێک لە جەستەی خۆی سەیریان بکات و، بە پێچەوانەشەوە کەسێک لە هەورامان و گەرمیان و سلێمانی، بارزان و هەولێر و شەنگال و یارسان و شەبەک بە بەشێک لە خۆی بزانێت، بە بوونیان شانازی بکات، بە خەمیان هەست بە ئازار بکات، بە شادمانییان هەست بە شادی بکات. ناکرێت تۆ دانیشتووی هەولێر و دهۆک بیت حەز بە سەردانی شارەکانی تورکیا و عێراق و ڕۆژئاوا بکەیت و کەمترین حەز و مەیلت بۆ سلێمانی و هەورامان و هەڵەبجە نەبێت.
ناکرێت تۆ دانیشتووی سلێمانی و گەرمیان و هەورامان بیت و سەردانی زۆرێک لە شارەکانی ئێران و ڕۆژئاوات کردبێت، بەس نەزانی یارسان لە کوێن، شەبەک چییە، دهۆک و زاخۆت نەبینیبێت و کەمترین هەستت نەبێت بۆیان؛ لەم حاڵەتەدا کۆمەڵگە دروست نابێت و باسکردن لە کۆمەڵگەی کوردی زۆرتر لە هەڵەیەکی زمانی و هەندێ جار خۆفێڵدان دەچێت.

## سەرچاوەکان


کوردی:

ڕەفیق، فاروق (٢٠٠٨) غەمە جڤاتییەکان، بەرگی دووەم، سلێمانی، ڕەنج.

فارسی:

ایلخانی، محمد (١٣٨٢) تاریخ فلسفه در قرون وسطی و رنسانس، تهران، سمت.

بیات، عبدالرسول و جمعی از نویسندگان (١٣٨١)، فرهنگ واژەها، قم، اندیشه و فرهنگ دینی.

دامپی یر، ویلیام سیسیل (١٣٨٤) تاریخ علم، ترجمه عبدالحسین آذرنگ، تهران، سمت.

راسل، برتراند (١٣٧٣) تاریخ فلسفه غرب، ج دوم. ترجمه نجف دریابندری، تهران، کتاب پرواز.

رندال، هرمن (١٣٧٦) سیر تکامل عقل نوین، ج اول، ترجمه ابولقاسم پاینده، تهران، علمی و فرهنگی.

عظیمی، فخرالدین (١٣٩٩) هویت ایران، تهران، آگاه.

مالرب، میشل (۱۳۸۱) انسان و ادیان، ترجمه مهران توکلی، تهران، نی.
میلانی، عباس (۱۳۸۷) تجدد و تجددستیزی در ایران، تهران، اختران.
ناس، جان (۱۳۷۷) تاریخ جامع ادیان، ترجمه علی اصغر حکمت، تهران، علمی و فرهنگی.
هرش، ژان (۱۳۸۳) شگفتی فلسفی، ترجمه عباس باقری، تهران، نی.

## گۆڤارەکان

حەنەفی، حەسەن (۱۳۷۵) ترجمه محمد مهدی خلجی، فصلنامه نقد و نظر، سال سوم، شماره ۱ (پیاپی ۹)، ص: ۳۷-۵۷.



# له ”تەجەددود“ەوە بۆ ”گەشەسەندن“ لە شیعری کوردیدا (بە نموونە، فایەق بێکەس و شێخ نووری شێخ ساڵح)

د. خالید تەوەکولی
ئەکادیمی و نووسەر

لەوانەیە یەکەمین کاریگەریی بەرچاوی جیهانی مۆدێرن لەسەر کورد ئەوە بێ کورد ئیتر قانع نەبوو بەوەی کە هەیەتی و بەو هەلومەرجەی کە تێیدا دەژی. «ناڕەزایەتی» و قانعنەبوون، سەرەکیترین تایبەتمەندیی مرۆڤ و کۆمەڵی مۆدێرنە. مرۆڤی مۆدێرن، چونکە نارازییە، خۆی بە خاوەنماف دەزانێ هەرچی پێی خۆش بوو و بە نالەباری زانی، بیگۆڕێ؛ دەستتێوەردانی هەموو کەلوکونێک بکا و هەرچی ڕەق و سەختە، نابود و وردوخاشی بکا. «گیدێنز» مۆدێرنیتە وەکوو بۆڵدزێرێک وێنا دەکا کە هەموو شتێک دەڕووخێنێ و، «مارکس»یش دەڵێ کاری فەیلەسوفی ئێستا، گۆڕانی جیهانە. جیاوازیی کورد لەگەڵ وڵاتانی مۆدێرن لەوەدایە کە لەو وڵاتانەدا ناڕەزایەتی، بنەمای فەلسەفیی هەیە، بەڵام لەلای کورد نەتیجەی هەستکردن بە دواکەوتوویی و لاوازییە کە ناڕەزایەتیی دروست کردووە.

بیرۆکەی مۆدێرن، جۆرێکی تر لە ناسنامەی ساز کرد و هێنایە ناو کایەوە کە لەگەڵ ناسنامەکانی دیکەدا جیاواز بوو. ئەم ناسنامەیەی کە دروست کرا و بەرجەستە بووەوە، ناسنامەی نەتەوەیی یان «میللییەت» بوو. بەر لەوە ناسنامەی ئایینی، خێڵەکی، بنەماڵەیی و... برەوی هەبوو، بەڵام لە سەدەی هەژدە بەملاوە ناسنامەی نەتەوەیی و دەوڵەت—نەتەوە هاتە ئاراوە؛ ئەو ناسنامانەی تر لاواز بوون و وەلا نران. ئاکامی کۆتاییهاتن بە شەڕی یەکەمی جیهانی، ڕووخانی ئیمپراتۆرییەکان و پێکهاتنی دەیان وڵاتی نوێ لە جیهان و لە ناوچە و دەوروبەری کورد بوو.

دوای شەڕی دووەمی جیهانی، بەشێکی زۆر لە وڵاتانی پێشکەوتوو، بابەتێکی تریان هێنایە بەرباس و داوایان لە وڵاتانی تەواوی دونیا، بەتایبەت وڵاتانی جیهانی سێیەم کرد، بۆ ئەوەی ژیانێکی خۆش و پێشکەوتووانە بۆ خۆیان و وڵاتەکەیان دابین بکەن، بەو ئاراستەیەدا هەنگاو هەڵبگرن. پێداگری لەسەر «گەشە» و پەرەسەندنی ئابووری ئەوەندە زۆر بوو کە وردەوردە دونیای تەنییەوە و بوو بە یەکێک لە سەرەکیترین ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی بەشێکی زۆر لە وڵاتان. بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش دەستیان کرد بە داڕشتنی بەرنامە و سازکردنی یەکێتیی نێونەتەوەیی و ناوچەیی. بۆ نموونە، یەکێتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، چەندین دامەزراوە و سیمینارگەلی جۆراوجۆری ڕێکخست بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانەی پێشکەوتن و گەشەی پایەداری ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییان نییە، بتوانن لە ئەزموون و سەرمایەی وڵاتانی پێشکەوتوو کەڵک وەربگرن و یارمەتی بدرێن بۆ ئەوەی بگەنە ڕیزی

کۆمەڵانی گەشەکردووی جیهان.

کوردیش وەکوو تەواوی گەلانی تری جیهان کەوتە بەر کاریگەریی ئەو تەوژمە و بەشێکی زۆر لە بیرمەندان، خەڵک و کۆمەڵگەیان هان دەدا تێبکۆشن بۆ پەرەدان بە فیکری میللییەت، ناسنامەی کوردی و دامەزراندن و گەیشتن بە وڵاتێکی پێشکەوتوو. ئەم بیرۆکەیە لە شیعری شاعیراندا بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە و بەرچاو دەکەوێ کە چۆن بانگەوازی پێشوازیکردن لە تازەگەری و لە ساڵانی دواییدا لە گەشە و پێشکەوتن دەکەن. لە یەک سەدەی ڕابردوودا، ڕووبەڕووبوونەوەی کورد لەگەڵ دونیای مۆدێرن، چەندین پرسیاری بنەمایی و تازەی لەناو کورددا وروژاندووە. یەکێک لەو پرسیارانە ئەمە بوو: ئێستا کە دەورەیەکی نوێ سەری هەڵداوە «کورد چۆن دەتوانێ ژیانێکی باشتر بۆ خۆی دەستەبەر بکا؟». هاوزەمان لەگەڵ ئەو پرسیارە و لەوانەیە بەر لە پرسیارەکەیش دوو ئەندێشەی سەرەکی لای بیرمەندانی کورد، کە لەو سەردەمەدا زۆربەیان شاعیر یان چالاکی سیاسی بوون، برەو پەیدا دەکا و لەسەر بنەمای ئەو دوو ئەندێشە و تیۆرییەکانیان، هەوڵ دەدەن وەڵام و ڕێکار بۆ ئەو پرسیارانە ئامادە بکەن. لەم وتارەدا، چۆنیەتیی ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکارییە فیکری و عەمەلییە لە شیعری شاعیرانی کورددا تاووتوێ دەکرێ و پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە پێناسە و لێکدانەوەی ئەمان بۆ گەشە و پێشکەوتن چی بووە و چ دیاردەگەلێکیان بۆ ئەم چەمکە کۆمەڵایەتییە دەستنیشان کردووە؟

• فایەق بێکەس (١٩٠٥ – ١٩٤٨) شاعیرێک و ڕۆشنبیرێکە کە فیکری پێشکەوتن، سەرکەوتن، سەربەخۆیی و ڕۆحی میللی لای ئەو جێگە و پێگەیەکی بەرزی هەبووە و لە ناوەندی دەزگای هزری ئەودا بووە. بابەتی سەرەکیی بەشێکی زۆری ژیان و شیعرەکانی بێکەس بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە و قەتیش ئومێدی لەم فیکرە قەتع نەبووە: بێکەسا قەتعی ئومێدی سەربەخۆیی قەت نەکەی / کوردەواری زیندووە موحتاجی لوتفی بارییە (دیوانی بێکەس: ١٣٦٦؛ ٤).

هەروەها:

فیکری سەرکەوتن بە بێشک ئەی ڕفێقان غیرەتە / فەوز و ئیقباڵ و تەعالی هەر بە سایەی هیممەتە
گەر بە دڵ بێت و هەوڵ دەین بۆ تەرەققی قەومی کورد / نائیلی جێگە و حقووقی خۆی ئەبێ ئەم

میللەتە (هەمان: ٣).

بیرۆکەی کوردایەتی و هەوڵدان بۆ نەمانی دواکەوتوویی، میللییەت لە شیعری بێکەسدا زۆر بەقوەتە و تەنانەت زیندان و تێهەڵدان و ئەشکەنجەیش ناتوانێ چرای خۆشەویستیی نیشتمان و عەشقی کورد بکوژێنێتەوە و لێی غافڵ بێ:
ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم، شێوەتم بیر کەوتەوە / وەختی بەندەیی و ئەسارەت، پێ بە تەوق و کۆتەوە
من لە زیکر و فیکری تۆ غافڵ نەبووم، وا تێنەگەی / حەپس و تێهەڵدان و زیللەت، تۆی لە بیر بردۆتەوە
بەو خوایەی بێ شەریک و لامەکان و واحیدە / عەشقی تۆ نەوعێ لە دڵما ئاگری کردۆتەوە
ئاگرێکی وا هەزار ساڵ ئاوی پڕژێنیتە سەر / قەت گڕ و کڵپە و بڵێسەی تا ئەبەد نەکوژێتەوە
لافی میللییەت بە دەم لەم عەسرەدا کەڵکی نییە / ڕۆژی هەوڵە، هەر بە هیممەت گۆی هونەر ئەبرێتەوە (هەمان: ٥).

لە کەناری ئەو چەمکە ناوەندییە، هەستکردن بە دواکەوتوویی و ئاگاداربوونەوە لەو وەزعیەتەی کە کورد هەیەتی بەنیسبەت وڵاتانی دەوروبەر و جیهان، هەروەها خوێندنەوەی ڕەخنەییانە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی، هۆکار و هەوێنی سەرەکیی سەرهەڵدانی شیعری سیاسی و کۆمەڵایەتین لە کوردستان، کە بێکەسیش لەو ڕێبازەدا هەوڵ و چالاکیی ئەدەبیی هەبووە. بێخەبەری، جەهل، نەزانی، نووستوویی و دواکەوتوویی لەم شیعرەدا یەک مەبنا و مانایان هەیە و وەکوو بەربەست لەسەر ڕێگای گەیشتن بە سەربەخۆیی ئاماژەیان پێ دەکرێ:
کوردە تا کەی بێ خەبەر بی؟ نووستنت بێ عارییە / واسیتەی دواکەوتنت ئەمڕۆکە هەر بێکارییە
سەیری ئەم قەومانە کە چۆن بوون و ئێستا بوون بە چی / حەیفە بۆ تۆ وا ئەسیری، بوویتە عەبد و جارییە
ئیتیفاقێ گەر نەکەی، لەم جەهلە خۆت ڕزگار نەکەی / پاشەڕۆژت قەڵبە بەخوا، عەیش و نۆشت زارییە
ڕێی نەزانی بەر بدە و ڕێگەی مەعاریف بگرەبەر / نیشتمانت زۆر کەساسە و ژینی هەر غەمبارییە (هەمان: ٤).

بێکەس لە سەردەمێکدا ژیاوە کە هەر دوو شەڕە جیهانییەکەی بینیوە، لەوانەیە ئەمە کاریگەریی هەبووبێ لەسەر بیروباوەڕی سیاسی و خەون و خولیاکانی بۆ کورد. بۆیە ئاماژە بەو ڕێگاچارانە و

هۆکارانەیش دەدا کە دەتوانن ئومێدی سەربەخۆیی بێننە دی و ئامانجەکان دەستەبەر بن. «عیلم و سەنعەت» و زانین لە سیستمی هزری بێکەسدا وەکوو فاکتەرێکی سەرەکی بۆ سەربەخۆیی و سەرکەوتن بەسەر بێگانەدا ڕەچاو کراوە:

قەومی کورد، شێرانی میللەت، فیکری وەحشەت لابدەن / وەختی تێکۆشینە ئەمڕۆ، ڕۆژی «عیلم و سەنعەت»ە

میللەتی بێ «عیلم و سەنعەت» باوەڕت بێ دائیما / وا لە ژێر پێی ئەجنەبیدا ناوی هەر بێقیمەتە (هەمان: ٣).

هەروەها:

ڕێی «نەزانی» بەربدە و ڕێگەی مەعاریف بگرە بەر / نیشتمانت زۆر کەساسە و ژینی هەر غەمبارییە (هەمان: ٤).

سەنعەت و عیلم و مەعاریف، زەڕەیەک باوی نییە / پیاوەتی لایان بە تەنها چەفتە و جامانەیە (هەمان: ١٥).

میللەتی جاهیل لە دنیادا ئەبێ هەر بەندە بێ / نۆکەری هەر خشت بە باڵای قەومی دیل و پەست ئەبێ (هەمان: ٢٠).

بێکەس شاعیرێکی عەمەل گەرا بووە، وشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەبووە و لە ڕەوتی خەبات بۆ سەربەخۆیی و سەرکەوتن؛ هیممەت، هەوڵ، تێکۆشین و کردەوە بە پێویست، و لاف لێدان و بێهیممەتی و بێعەمەلی بە بێ کەڵک دەزانێ:

«هەوڵ و تێکۆشین» بە تەنها هەر بە دەم کەڵکی نییە / گرمەگرمی هەوری بێباران نیشانەی زیقەتە (هەمان: ٣).

لافی میللییەت بە دەم لەم عەسرەدا کەڵکی نییە / ڕۆژی هەوڵە هەر بە «هیممەت» گۆی هونەر ئەبرێتەوە (هەمان: ٥).

میللەتی بێعیلم و ئەخلاق چۆن بە ئیستیقلال ئەگا / واسیتەی بەرزی و تەرەقی «هیممەت»ی مەردانەیە (هەمان: ١٥).

هەروەها عەزم و سەبات و غیرەت بە پێویست دەزانێ:

پاڕانەوە و کەساسی بێ کەڵکە پارە ناکا / عەزم و سەبات و غیرەت پێویستە لەم زەمانە (هەمان: ١٣).

هەوڵ و هیممەت ئەوەندە لە سیستمی هزری بێکەسدا گرنگیی هەیە کە کاتێک دێت و بەبۆنەی تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر تەمەنی ڕۆژنامەی «ژین» تەقدیر بکا لە پیرەمێرد، یەکێک لە تایبەتمەندییە باشەکانی ئەو کەسایەتییە مەزنە بە ئینسانی ئیشکەر و کەسێک کە بیست ساڵە هەوڵ و تێکۆشانی هەیە بۆ زانست و تێگەیشتن وەسف دەکا:

هاتووین تەقدیری ئینسانی ئیشکەر / بکەین و قەدری بخەینە سەر سەر «حاجی تۆفیق بەگ» پیری بەغیرەت / ئەمە بیست ساڵە بە هەوڵ و هیممەت خەریکە لەگەڵ «ژیان» و «ژین»دا / لەگەڵ ئەدەب و شیعری شیریندا (هەمان: ٢٢).

لە شیعری «سەدەی بیستەمە»دا، بێکەس ئاماژە بەو فاکتەرانە دەدا کە لە سەرەوە وەکوو هۆکارگەلێک کە دەتوانن ناو، حورمەت و قورسایی کورد بەرز کەنەوە باسیان لێکرا:

سەدەی بیستەمە، کوردە غیرەتێ / لە خەو ڕاپەڕە، هەوڵێ، هیممەتێ بەسیە نەزانی، عیلم و سەنعەتێ / سووکی هەتا کەی؟ ناوێ، حورمەتێ (هەمان: ١٧).

یەکێک لە دیاردە بەرجەستەکانی نوێخوازی لە یەکەمین ڕووبەڕووەکانی بیرمەندانی کورد لەگەڵ جیهانی مۆدێرن، پرسی «ژن» بووە. بێکەسیش وەکوو بەشێکی زۆر لە شاعیرانی دیکە ئاوڕی لەم پرسە داوەتەوە و لە شیعری «نەسرین»دا بیر و ڕای خۆی سەبارەت بە ژیانی پڕ لە گیرۆدەیی و زوڵمی ژنان دەربڕیوە. لەم شیعرەدا، بێکەس لە چوارچێوەی سیستمی هزری خۆی لا نادا و هەر بەو پێوەرە پرسی ژن شیکاری دەکات. بەر لە هەموو شتێک تەئکید لەسەر دۆخی نالەباری ژن دەکا:

نەسرین دەمێک داخت لە دڵمە / گیرۆدەی بەندی، ژیانت زوڵمە (هەمان: ٥٣)

هێندە دانیشتی پشتت چەماوە / زەرد و لاواز بوویت هێزت نەماوە (هەمان: ٥٤)

لە وەها ژیانێکی نالەبار و ناخۆشدا ژن دەبێ چی بکا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لای بێکەس بەم جۆرەیە؛ ئاماژە بە زانینی عیلم و عیرفان، یەکسانیی ژن و پیاو، لابردنی سەرپۆش و

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە دەبێ تێبکۆشن، شەرم نەکەن و خۆیان دەستبەکار بن:
ئەمڕۆ زەمانی عیلم و عیرفانە / عالەم شەو و ڕۆژ وا لە فەرمانە / فەرقی نێر و مێ نییە بیزانە مەڵێ من کچم، تۆش وەکوو منی / موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی / مەجبووری ئیش و خزمەت کردنی هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە / سەرپۆش فڕێ دە کەی وادەی شەرمە (هەمان: ٥٣)

لە کۆتاییدا بێکەس هەر دەچێتەوە سەر ڕێچکە و بیرۆکەی خۆی کە فیکری میللییە و بە مەبەستی سەرکەوتن و سەربەخۆیی کورد، خوازیاری ئەم گۆڕانکارییانەیە:
وەک خوشک و برا ئەبێ هەردووکمان / قوڵی لێ هەڵکەین بچینە مەیدان / تا کورد بەرینە ڕیزی میللەتان / هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە / سەرپۆش فڕێ دە کەی وادەی شەرمە (هەمان: ٥٤).

• «شێخ نووری شێخ ساڵح » یەکێکی تر لەو بیرمەندانەیە کە بەرەو پیری ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی چووە و پەرەی داوە بە بیری نوێ و ئەندێشەی پێشکەوتن لە کوردستان، هەتا بتوانێ وەتەن، ژیانی تاک و مرۆڤی کورد بگۆڕێ. «ڕەفیق حیلمی» شێخ نووری وەکوو شاعیرێکی «تەجەددودپەروەر» وەسف دەکا؛ ئەم سیفەت و ئەم بیرۆکەیە زۆر جار لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە:
سبحەینێ ئەم تەجەددودە بۆ تۆیە ئەی شەباب / بۆ تۆیە ئەی ئومێدی وەتەن، خادیمی حەیات (دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح؛ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس: ٢٠٠٨).

بەبۆنەی گۆڕینی ناوی گۆڤاری «ژیانەوە» بۆ ژیان، شیعرێک پێشکەش دەکا کە بەم بەیتەوە دەست پێ دەکات:
دەوری تەجەددودت وەکوو ماهێ لە ئاسمان / هەڵهات و بوو بەدافیعی زوڵمەت لە ئینس و جان (هەمان: ٣٢٦).

«تەجەددود» یان تازەگەری ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی–سیاسییە کە لە هیند و ئەفغانستانەوە هەتا تورکیا و ئێرانی ئەو سەردەمەی گرتۆتەوە و چۆنیەتیی هەڵوێستی ڕۆشنبیران و خەڵک بەنیسبەت فەرهەنگ و شارستانییەتی ڕۆژئاوایی دەگێڕێتەوە و، وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە بۆچی کورد لە ڕەوڕەوەی مێژوو دوا کەوتووە و تووشی زیللەت و پەرێشانی بووە. دیارە کوردیش لەگەڵ ئەو تەوژمە ڕووبەڕوو دەبێتەوە و لە ژیانی ڕۆژانەوە بگرە هەتا سیاسەت و ئابووری دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو تەوژمە و کۆمەڵگەی

کوردی دەکات بە تووشی چەندین پرسیار و تەنانەت ڕووبەڕووی جۆرێک لە قەیرانی دەکات کە تا ئێستایش ئەو قەیران و پرسیارانە هەر ماون و وەڵامێکی ئەوتۆیان بۆ ئامادە نەکراوە.

کاتێک تاکێک یان کۆمەڵگەیەک لەگەڵ مۆدێرنیتە ڕووبەڕوو دەبێتەوە، دوو لایەنی جیاواز دەبینێ؛ بەواتایەکی تر، مۆدێرنیتە دوو لایەنی جۆراوجۆری هەیە: لایەنی بەرچاو و ماددی مۆدێرنیتە وەکوو ئۆتۆمبێل، ڕێگاوبان، فڕۆکە و بۆمب، کۆمپیوتەر، مەکتەب و... و لایەنی مەعنەوی و فەرهەنگیش وەکوو ئایدیۆلۆژی، ناسنامەی میللی، زانست و فەرهەنگ. جیهانی مۆدێرن لەو دوو لایەنە پێکهاتووە، بەڵام زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات لانی کەم لە یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ ئەو جیهانە ئاڵۆزەدا، تەنیا لایەنی بەرهەست و ماددییان وەرگرت و هاوردەی وڵاتی خۆیانیان کرد. کۆمەڵناسان بەم دیاردەیەیان وتووە «دواکەوتنی کولتووری» (Cultural lag) کە گۆڕانکاریی ماددی دەکەوێتە پێش گۆڕانکاریی مەعنەوی.

کاتێک «شێخ نووری» ئاماژە بە «دەوری تەجەددود» دەکا، چ تایبەتمەندییەک بۆ ئەم دەورەیە دەستنیشان دەکا؟

• ئەم دەورەیە بە مانگێک دەشوبهێنێ کە لە ئاسمانەوە هەڵدێ و زوڵمەت و تاریکی لە ئینس و جان دوور دەخاتەوە؛

• خادیم و ناشری مەعاریفە و دوژمنی جەهل و نەزانینە؛ شێخ نووری گرنگیی زۆر دەدا بە عیلم. وادیارە مەبەستی لە عیلم، هەمان زانستی ئەزموونییە کە لە سەردەمی مۆدێرندا پەرەی سەند و بوو بە هۆی گۆڕانکاری لە سەنعەت و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە و دەورووبەری: عیلمە میللەت نائیلی جاه و شکۆ و شان ئەکا / دایەیی پاکی وەتەن، پڕ نەشئە و خەندان ئەکا واسیتەی عیلمە بەشەر ئەمڕۆکە مانەندی تیوور / وا بەسەر ئەوجی سەماوە سەیر ئەکا و تەیران ئەکا واسیتەی عیلمە کە ئەمڕۆ هەر وەکوو ماسی بەشەر / کەشفی قەعری بێکەرانی، بەحری بێ پایان ئەکا (هەمان: ٥٠٢).

• نوور دەڕژێنێتە ناو مەجلیس و کۆڕی بیرمەندان و بیر و هزریان، و بۆ دوژمنانیش دەبێ بە مایەی زیان.

• بەگشتی «شێخ نووری» زۆر ئومێدی بە ئایندەیە و خۆشبینانە باسی گوزەر لە دۆخی ئێستا و ڕابردوو دەکا:
ڕووناک و بێ پەڵە وەکوو سوبحێکی نەوبەهار / هەر ئینتیزاری غیرەتی ئەفرادی میللەتە
هاوار ئەکا بە حوزنەوە، ئەی قەومی نامدار / ئیحرازی مەعریفەت بکە بۆ ئاتییەکی چاک.

• خولیای سەربەخۆیی یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی پڕۆژەی تەجەددودە لە کوردستان. شێخ نووری، خوێندنەوەیەکی نوێی هەیە بۆ میللییەت و وەکوو «ماف»ێک سەیری ئەو داخوازییە دەکات. دیارە «ماف» یان «حەق» چەمکێکی مۆدێرنە و ئەمە دەریدەخا کە ڕوانینی شێخ نووری بۆ ئەم پرسە، ڕوانینێکی مۆدێرنە:
ئەم زوڵمە کە دی میللەتی ئەم کوردە لە تورکان / نەیدیوە زەمانە چ لە ئینس و چ لە شەیتان
دەعوایی «حەق»ی میللییەت و گۆشەیی زیندان!!؟ / پاڕانەوە بۆ ژین و تەنافی مل و خنکان!!؟
هاواری وەتەن کردن و کوژران و فڕێدان!!؟ (هەمان: ٤٩٣).

لە شیعرێکدا کە بۆ ماتەمی «٦»ی ئەیلوولی ساڵی «١٩٣٠» وتراوە، ڕوونتر باسی ئەم دەورە نوێیە وەکوو عەسری تەرەقی و تەکامول دەکا و هەم لەسەر «حەق»خوازیی کورد پێ دادەگرێ:
لەم عەسرەدا، کە عەسری «تەرەقی» و «تەکامول»ە / ئەم سەربڕین و کوشتنە، شەرتی حیمایەتە؟
بۆ کەعبە کەچ ئەبێ، کە کەسێ ناوی «حەق» بەرێ؟ / «حەق»گۆ لەبەرچی، قیسمەتی هەر دار و لەعنەتە؟ (هەمان: ٥٤٧)

زۆر بەپەرۆشەوە بوو بۆ سەربەخۆیی و ئیستیقلالی کوردستان:
خوایا بەسیە ئیتر لابەری دەیجووری ئیضمیمحلال / تلووعی پێ بکەی خورشیدی ڕۆژی پاکی ئیستیقلال
لەگەڵ خولیای هیجرەتدا، بەسەرچوو عومری شیرینم / دەسا نۆبەی ویسالە، ئاە ئەی ئومێدی ئیستیقلال (هەمان: ٥١٤).

هەروەها لە شیعرێکی تردا، حەمدی خوا ئەکا بۆ ئیستیقلالی کورد و لە چین و توێژی جۆراوجۆری کۆمەڵگە وەکوو لاوان، مورشید، خەلیفە، مەلا، شاعیر، داوا ئەکا بوغز، کیبر، نیفاق و حەسادەت لابەن و تەواوی هیممەت و توانایی خۆیان بۆ سەربەخۆیی

کوردستان، ڕووناکی داهاتوو، سەرکەوتنی کورد و جەژنی ئیستیقلال تەرخان بکەن:
ئەی جەوانان، ئەی خیرەدمەندانی ساحێب عیلم و فەن / ئەی عەزیزان، ئەی نەجیبانی جگەرگۆشەی وەتەن
ڕۆژی سەعی و غیرەتە، هەنگامی کەیف و شادییە / جەژنی ئیستیقلالە، ئەمجار نۆبەتی ئازادییە (هەمان: ٤٩١).

لە شیعرێکی فارسیدا، بەبۆنەی چاپ و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی «بانگی کوردستان» لە ساڵی ١٩٢٢دا، بەخێرهاتنی ئەو ڕۆژنامەیە دەکا، چونکە ئەو ڕۆژنامەیە بە مایەی «ترقی»، «تعالی»، «عمران» و «استقلال» دەزانێ. لە شیعری «وقت ارشاد است»دا کە بە فارسی نووسیویەتی، باسی سەرەکیی ئەو شیعرە، سەربەخۆیی کوردستان و میللەتی کوردە. ئەو فاکتۆرانەی کە شێخ نووری بە پێویستی دەزانێ بۆ سەربەخۆیی و پرۆژەی تەجەددودی ناوبراو نیشان دەدا، بریتین لە:
حسن نیت، قابلیت، فکر آتی، اتحاد / انتظام عسکری، نشر معارف، اقتصاد از حکومت عدل و از افراد ملت، اعتماد / لازم است امروز تا مثبت شود عرفان ما (هەمان: ٣١٨).

لەم پرۆژەیەدا تەنیا گرنگی نەدراوە بە یەک فاکتۆر، بەڵکوو دید و بۆچوونێکی هەمەلایەنەی هەبووە سەبارەت بە حکوومەت و شێوەی حوکمڕانی. ئەگەر لە ڕوانگەی «بۆردیۆ»وە ئەم شیعرە لێک بدەینەوە، دەبینین «حسن نیت»، «اعتماد» و «اتحاد» گوزارشت لە سەرمایەی کۆمەڵایەتی دەکەن کە حکوومەت بەبێ ئەمانە ناتوانێت بەباشی بەرنامەکانی بەڕێوە ببا. هەروەها «قابلیت»، «عدل»، «اقتصاد» فاکتۆرگەلی سەرمایەی ئابوورین، «نشر معارف» سەرمایەی کولتوورییە و «انتظام عسکری» و «فکر آتی» سەرمایەی سیمبولیکن کە ئەمانیش پێویستن بۆ مانەوە و پێشکەوتن.

شێخ نووری لە بڕێک لە شیعرەکانیدا گرنگیی زیاتری داوە بە دیاردەکانی «گەشەسەندن». پێشوازی دەکا لە سەنعەتی چاپ و بە مایەی زانین، تەرەقی، سەعادەت و پێشکەوتنی دەزانێت کە دەتوانێت چرای جەهالەت و نەزانی بکوژێنێتەوە:
ئەم موژدە خۆشە، خەو بووە، یا گوێم زڕایەوە / یا ڕاستە پەردەیی تەڕەبە، هەڵدرایەوە
بەڵام فەیلەسوفانی ڕینێسانس سەرقاڵی چی بوون و ئامانج و دەستکەوتەکانیان چۆن ڕەنگە پەیوەندییان بە فەلسەفەی هاوچەرخەوە هەبێت؟ ئاشکراترین ڕاستی دەربارەی فەیلەسوفانی ڕینێسانس ئەوەیە کە باشترینیان – هیومانیستەکان (humanists)، سکۆلاستییەکان (scholastics) و «فەیلەسوفانی نوێ» بە هەمان شێوە – سوور بوون لەسەر ئەوەی کە لە سنووری تەسکی کتێبە خوێندنگەییەکانی ئەرستۆیی پەسندکراو، کە خۆراکی فەلسەفەی سکۆلاستیکی سەدەی سیانزەهەم و سەرەتای

چواردەهەمیان دابین دەکرد، دەربچن. فەیلەسوفانی زانکۆیی، بە هاندانی هیومانیستەکان، هەوڵیان دا کوالیتیی خوێندنی خۆیان بە فێربوونی زمانی یۆنانی، باشترکردنی کوالیتیی وەرگێڕانەکان و بەدەستهێنانی زانیارییەکی تەواوتر لەبارەی نەریتی تەفسیری کۆن، موسڵمانان، جولەکە و مەسیحییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە زیاد بکەن. سەرەڕای هەندێک ناکۆکیی گەورە، زۆربەی سکۆلاستیکەکان کاتێک کاری لێکۆڵینەوەیان لەسەر شرۆڤەکارانی ئەرستۆیی لە نەریتە ئایینییەکانی تردا دەکرد، بە شێوەیەکی بەرچاو بێلایەن بوون. ئەمە پێشتر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕاست بوو و لە ڕینێسانسدا زیاتر ڕاست بوو. لە دەرەوەی زانکۆکاندا، هیومانیستەکان بە شێوەیەکی چالاکانە سەرقاڵی گەڕاندنەوەی میراتی فەلسەفە و تیۆلۆژیای بتپەرستیی کۆن بوون، هەروەها پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی ئەفلاتوونگەرایی، گومانگەرایی، ئاپیکۆرگەرایی و ستۆیزمی (Stoicism) کۆن وەک جێگرەوە فەلسەفییەکان. فەیلەسوفە نوێیەکانی وەک مارسیلیۆ فیچینۆ، پیکۆ دێلا میراندۆلا و فرانچێسکۆ پاتریزی لە هەوڵدا بوون بۆ گەڕاندنەوەی ئەوەی کە ئەوان بە حیکمەتی تیۆسۆفیکی میسری کۆن، ئێران، یۆنان و ئیسرائیلیان دەزانی. لە جیهانی نوێ و ڕۆژهەڵاتی دووردا، بانگەشەکارانی کاسۆلیکی کە لە پۆلەکانی فەلسەفەی ئەورووپیدا پەروەردە کرابوون، سەرقاڵی خوێندنی ئایین و فەلسەفەی گەلانی ڕەسەنی ئەمریکای لاتین، ژاپۆن، چین و ئاسیای باشوور بوون. زۆربەیان فێربوون کە بۆ گۆڕینی کەسانی تر بۆ باوەڕەکەی خۆیان، تەنانەت بە پشتیوانیی شمشێریش، پێویستییان بە جۆرێک لە گۆڕانکاری لە باوەڕەکەی خۆیاندا هەیە. لە هەموو شوێنێکدا جۆرێک لە نارەزایی قووڵ لەمەڕ سەرچاوە بەردەستەکانی ژیانی فیکری ئەورووپا و بڕیارێکی پتەو بۆ بەدەستهێنانی حیکمەت و زانستی کەلتوور و ئایینەکانی تر هەست پێدەکرا.

لێشاوی سەرلێشێوێنەری ئارگومێنتی نوێ، دەقە نوێیەکان و بۆچوونە نوێیەکان، کە کاریگەرییان لەسۆنگەی چاپخانەوە بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد بووبوو، پێویستیی پێداچوونەوەی ڕادیکاڵیان لەبابەت مەسیحییەت و واتای مەسیحیبوون هێنایە ئاراوە. مەسیحییەت وەک نەریتێکی ژینراو و هەروەها وەک نەریتێکی دەقی، بێ گومان هەر لە سەرەتاکانی خۆیەوە دووبارە تەفسیر کرابوو، بەڵام برە زۆرەکەی دەقە نا-مەسیحییە نوێیەکان، کە گەڕاندنەوەیان هاوکات بوو لەگەڵ کەمبوونەوەی دەسەڵاتی کڵێسای کاسۆلیکی، فشارێکی ناوازەی خستە سەر پێکهاتە دۆگماتیکەکانی پشتیوانی ناسنامەی مەسیحی.

فەیلەسوفان لە یارمەتیدانی کۆمەڵگەی مەسیحی بۆ گەشەکردن بەرەو خودناسینەوەی نوێ پێشەنگ بوون. زۆربەیان هەڵوێستی پارێزگارانە یان سازشکارانەیان وەرگرت، بەڵام زۆریش هەبوون کە بەدوای بەکارهێنانی تیۆلۆژیای فەلسەفیی کۆن یان زانستی نوێدا دەگەڕان بۆ دروستکردنی چاکسازییەکی تەواو و تەنانەت یاخیبوون لە دۆگما و دەسەڵاتە نەریتییەکان. هەندێکی تر وەک کوسانوس (Cusa-nus)، فیچینۆ (Ficino) و جۆڤانی پیکۆ دێلا میراندۆلا (Giovanni Pico della Mirandola) بەدوای شارستانیکردنی مەسیحییەتی تاکڕەودا (exclusivist) دەگەڕان بە کردنەوەی بەڕووی حیکمەتی نەریتە ئایینییەکانی تردا؛ هەندێکی تر، وەک سێباستیان کاستێلیۆ «Sebastian Castellio و مۆنتێن (Mon-taigne)، چەمکگەلێکی نوێی لێبوردەییان بۆ فرەچەشنیی ئایینی و کولتووری پێشخست. ئێراسموس (Erasmus) گومانی خستە سەر ئایدیاڵی خاچپەرستی و هیومانیستەکانی تر هەڵوێستی ئاشتەوایی و ڕێژەییان هەڵبژارد تەنانەت بەرامبەر تورکەکانیش، کە گەورەترین هەڕەشەی دەرەکی بوون بۆ کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان لە سەردەمی ڕێنسانسدا. ئەوەی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا لەم قۆناغەدا ڕێچکەی کۆمەڵگە ئیسلامییەکانی نەگرت، تا ڕادەیەکی زۆر قەرزاری پابەندبوونی فەیلەسوفانی ڕینێسانسە بە گەڕان و بەرگریکردن لە ڕاستی، لە هەر کوێیەک کە بدۆزرێتەوە، تەنانەت گەر بە نرخی ژیان و ناوبانگی خۆشیان کۆتایی پێ هاتبا.

ئەمە لەڕاستیدا، یەکێکی ترە لە تایبەتمەندییە سەرنجڕاکێشەکانی فەیلەسوفانی ڕینێسانس: ڕادەی بەشداریکردنیان لە کاروباری جیهان و گرِوتین و ئارەزوویان بۆ چاکسازی. بزووتنەوەی هیومانیستی (مرۆڤدۆستی) بۆ یەکەمجار دەسەڵاتی ئەخلاقی بەدەست هێنا کاتێک پێترارک (Petrarch) ئامانجی پەروەردەکردنی ڕەوشت و ڕەوانبێژیی پێ بەخشی. هیومانیستەکان بنچینەییانە پابەند بوون بەوەی کە نیشتمانپەروەری، وریایی و فەزیلەتی شارستانییەکانی چینی دەسەڵاتدار بە پێشکەشکردنی وێنەی ئایدیاڵی پاڵەوانان و حەکیمانی کۆن بەوان پەرە پێبدەن. بەم کارە، ئەوان جارێکی تر هەڵوێستە تاکڕەوەکانی جیهانی مەسیحییان بەرانبەر بە کولتوورێکی تر، لەم حاڵەتەدا کولتووری یۆنانی-ڕۆمانی کۆن، گۆڕی. هەر بۆیەش ئەوان ڕوونی و قەناعەتیان بە پێشینە دانا و گاڵتەیان بە گفتوگۆ تەکنیکی و پسپۆڕییەکان دەکرد. تۆماس مۆر (Thomas More)، بیرمەندێکی تری هیومانیست (مرۆڤدۆست)

بوو کە نەریتی ئەدەبیاتی یوتۆپیی دەست پێکرد، کە بوو بە ئامرازێکی بەهێز بۆ ڕەخنە و چاکسازیی کۆمەڵایەتی. بەڵام فەیلەسوفانی سکۆڵاستیکیش دەیانتوانی لە جیهانی دەوروبەریاندا بەشدار بن. بە درێژایی ڕینێسانس و دواتریش، هەردوو بەرەی پسپۆڕانی هیومانیست و سکۆڵاستیک، باوەڕێکی پتەویان هەبوو، هەرچەندە ڕەنگە نادروست، بەوەی کە خولەکانی وانەگوتنەوەی گشتی لەسەر دەقگەلێک وەک «دەربارەی ئەرکەکان»ی سیسیرۆ و «ئەخلاق»ی ئەرستۆ دەتوانن گۆڕانکاریی ئەرێیی (پۆزەتیڤ) لە شار و ناوچەکانی ئەوروپادا دروست بکەن. فەیلەسوفانی سکۆڵاستیک لە نەریتی ئیسپانیدا سوودیان لەو ڕێزە زۆرەی خۆیان وەرگرت بۆ دارشتنی چوارچێوە ئەخلاقییەکان بە ئامانجی سنووردارکردنی سەربازیگەریی ئیسپانیا و داگیرکاریی کۆلۆنیالی. ئەوان نەریتی سەدەکانی ناوەڕاستیان بۆ بەکارهێنانی فەلسەفەی ئەخلاق لە ژیانی ئابووریدا بە شێوەیەکی بەرچاو بەرفراوان کرد. فەیلەسوفە نوێیەکانی وەک کوسانوس و بێساریۆن (Bessarion) چالاکانە بەشدار بوون لە بەدەستهێنانی ئاشتی لەنێوان کڵێسا مەسیحییە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواییەکان و لە ڕێکخستنی بەرگری لە جیهانی مەسیحییەت بەرانبەر هەڕەشەی تورکەکان. فیچینۆ وەک ڕێبەری ڕۆحی بۆ چەندین نەوەی پاتریکەکانی فلۆرەنس کاری دەکرد. کامپانێلا (Campanella) هەوڵی دا کۆمەڵگەیەکی یوتۆپیی لە باشووری ئیتاڵیا دابمەزرێنێت و لە زیندانەوە بەرگرییەکی بوێرانەی لە گالیلۆ و ئازادیی فەلسەفاندن (libertas philosophandi) نووسی. چاکسازیی پەروەردەیی حەزی هەمیشەیی نزیکەی هەموو فەیلەسوفانی ڕینێسانس بوو. گاڵتەجاڕی دەبێت ئەگەر بانگەشە بکەین کە هەموو چالاکییە سیاسی، پەروەردەیی و کولتوورییەکانی بیرمەندانی ڕینێسانس ئەمڕۆش شایانی ستایشن، بەڵام ڕاستیی بەشداریکردنیان لە کاروباری جیهان و ئارەزوویان بۆ بەکارهێنانی زانین و تێڕوانینی فەلسەفییان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی جیهانەکەیاندا گومانی لەسەر نییە.

بە هەمان شێوە، بایەخدانی فەیلەسوفانی ڕینێسانس بە مێژوو و سروشتی بوارەکەی خۆیان جێگەی سەرنج و داهێنەرانە بوو. لە قۆناغێکدا کە چەندان سیستەم و بیرۆکەی فەلسەفیی نوێ پێشنیار دەکران، سروشتی بوو فەیلەسوفان حەزیان لە کۆکردنەوە و پۆلێنکردنی زانیاری دەربارەی مێژووی فەلسەفە بێت. نیوەی دووەمی سەدەی شانزەهەم شایەتی شۆڕشێکی بەرچاو لەم جۆرە لێکۆڵینەوانە بوو. مێژووە

کۆنەکانی فەلسەفە دۆزرانەوە و نوێیەکان نووسران؛ پارچە دەقە ونبووەکانی فەلسەفی کۆکرانەوە و ڕێکخران. دەقەکان بە ستانداردی بەرزتر دەستکاری دەکران و کۆمەڵێک وەرگێڕانی نوێ و وردتر بەردەست خران. لەنێوان «فەلسەفە نوێیەکانی» کۆتایی ڕێنسانسدا دەبێت ئەو فەلسەفانە هەژمار بکرێن کە تازە لە جیهانی کۆنەوە دۆزرابوونەوە، فەلسەفانێک کە پێکهاتە ڕێکخراوەکانیان تەنها ئەو کاتە شیاوی تێگەیشتن بوون. ئەگەر پرسیار بکرێت، وەک زۆر جار دەکرێت، کە گەورە فەیلەسوفانی بەرهەمهێنراوی ڕینێسانس کێن، وەڵامێکی تەواو دەبێت ئەرستۆ، ئەفلاتوون، پلوتینوس (Plotinus)، سێکستوس ئێمپیریکوس (Sextus Empiricus) و مارکوس ئۆرێلیۆس Marcus Aurelius»، لەناو ئەوانی تردا بگرێتەوە.

جگە لە گەڕاندنەوەی میراتی فەلسەفیی سەردەمی کۆن، فەیلەسوفانی ڕینێسانس هەوڵیان دا تێڕوانینێکی فراوانتر سەبارەت بە چالاکیی فەلسەفی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەدەست بهێنن. نەیارانی سکۆلاستیک، چیرۆکی نوێیان دەربارەی مێژووی فەلسەفە گێڕایەوە بۆ ئەوەی مۆدێلی ئەرستۆیی گەشەپێدانی فەلسەفیی یۆنانی، کە بەپێی ئەوە فەلسەفەی سەرەتا لە سیستەمی ئەرستۆیدا گەیشتبووە لوتکە و بەهۆی ئەوەوە لەناو چووبوو، بەگومان لێی بڕوانن. لەبەرانبەر، ئەم گێڕانەوە خۆپەرستانەیەدا، فیچینۆ چیرۆکێکی نوێی خستە ڕوو، دەربارەی ئەوەی کە چۆن حیکمەتێکی خودایی کۆنی قووڵ لەلایەن سەرهەڵدانی فەلسەفەیەکی کەمتر ڕۆحی، واتە فەلسەفەی ئەرستۆ، گیراوە، کە بەناچاری بووە هۆی جیاکردنەوەی خواپەرستی و فەلسەفە. بەڵام پێشبینیی دەکرد کە قۆناغێکی نوێ لە ڕێگادایە کە تێیدا ژیانەوەی ئەفلاتوونگەرایی (Platonism)، فەلسەفە و ئایین دووبارە یەکدەخاتەوە. جۆڤانی پیکۆ دێلا میراندۆلا (Giovanni Pico della Mirandola) وەڵامێکی تری بۆ ئەرستۆییەکان هەبوو: بۆچوونی ئەو کە زیاتر پلوتینی بوو، ئەوە بوو کە حیکمەتێکی خودایی یەکگرتوو و یەکپارچە هەیە بۆ هەموو کات و شوێنێک کە لە هەموو کات و شوێنێکدا بۆ عەقڵی مرۆڤی ئاگادار لە خودایەتیی خۆی بەردەستە. لە کۆتاییدا، فەیلەسوفانی وەک برونۆ(Bruno) ، کامپانێلا (Campanella)، بەیکن (Bacon)، و دیکارت – بە شێوازی زۆر جیاواز – دیدگای درەوشاوەی پێشکەوتنە نوێ و بیۆێنەکانیان لە فەلسەفەدا، و تێپەڕاندنی کۆنەکانیان پێشکەش کرد.

فەیلەسوفان هەروەها بایەخێکی زۆریان بەو پرسیارە دا کە فەلسەفە بۆچییە و چ پەیوەندییەکی بە ئایینەوە هەیە. ئەگەر ئۆگۆستین (Augustine) لە کتێبی «دەربارەی ئایینی ڕاستەقینە»دا مەسیحییەتی وەک جۆرێکی نوێی ژیانی فەلسەفی زانی کە بە خێرایی پێویستی بە لقە ڕۆحییەکانی فەلسەفەی بتپەرستی لە جێگەی خۆیدا دەکرد، ئەگەر تۆماس ئەکوئیناس (Thomas Aquinas) و خواناسەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بەگشتی ئاستی فەلسەفەیان وەک خزمەتکاری تیۆلۆژیا (خواناسی) دابەزاند، ئەوا فەیلەسوفان لە نیوەی دووەمی سەدەی سیانزەهەم بەدواوە ئەم ئەگەرەیان خستە ڕوو کە فەلسەفە دەتوانێت سەربەخۆیی کۆنی خۆی بەدەست بهێنێتەوە و شێوازی تایبەتی خۆی لەمەڕ بەختەوەریی ئەم جیهانە پێشکەش بکات. هەندێک هیوایان دەخواست کە ئایینی عەقڵانیی فەیلەسوفان، تەنانەت لە کۆتاییدا بتوانێت جێگەی ئایینی دۆگماتیستەکان بگرێتەوە. ئەم تێڕوانینە لە فەلسەفە بوو کە دواجار جۆردانۆ برونۆی (Giordano Bruno) لە ساڵی ١٦٠٠دا بەرەو سزای سووتاندن برد.

بەرەنگاربوونەوەی هیومانیزم (مرۆڤدۆستی) لەگەڵ سکۆلاستیکدا، تێگەیشتنێکی تری فەلسەفەی لەگەڵ خۆیدا هێنا، واتە تێگەیشتنێکی سیسیرۆیی یان کوینتیلیانی (Quintilianic) کە تێیدا فەلسەفە بە یەکێک لە چەندین زانستی شارستانی دادەنرا، کە ئاراستەی ژیانی چالاک و ئەرکەکانی بەڕێوەبردنی کۆمار (respublica) کرابوو. لە لایەکی ترەوە، پرۆتێستانتیزم هێرشی کردە سەر نەریتی خواناسیی فەلسەفی و ئایدیاڵی فەلسەفەی وەک خۆ-بەڕێوەبردن (self-mastery)، وەک ڕێگایەکی سەربەخۆ بۆ بەختەوەری، لاواز کرد. فەیلەسوفانی تر، کە بەهۆی چەوساندنەوەوە خۆیان حەشاردابوو، بە نهێنی بیرۆکەی فەلسەفەیان وەک حیکمەتێکی نهێنی (esoteric wisdom) پەرەپێدا، جادوویێکی فێرکراو کە دەستی ڕادەگەیاندە هێزە شاراوەکانی سروشت و ڕۆحی مرۆڤ. لە کۆتاییدا، دابەشبوونی ئەورووپا بۆ دوو بەرەی ئایینیی نەیار، گۆڕانکاریی فەلسەفەی خێراتر کرد بە ئاراستەی تەنیا کۆمەڵێک بیروباوەڕ یان کۆمەڵێک هەڵوێست و، ڕۆڵی کۆنی خۆی وەک شێوازێکی ژیان لاواز کرد.

بەکورتی، فەلسەفەی ڕینێسانس زۆر هاوشێوەی فەلسەفەی سەردەمی ئێمە هەیە. لە سەردەمی ئێمەشدا، شایەتی پچڕان و قەیرانی نەریتە دەسەڵاتخوازەکان، فرەییەکی نوێی بۆچوونە فەلسەفییەکان، شۆڕشێکی زانیاریی نیگەرانیکەر و ئارەزووی گەرموگوڕ بۆ تێکەڵکردنی ئەدەبیاتی حیکمەتی نەریتە

نا-ڕۆژئاواییەکان لە گفتوگۆی فەلسەفیدا بووین. ئێمەش فەیلەسوفمان هەیە کە دوژمنی سیستەم و سەلماندنی وردن و گومان لە ئەگەری بەڵگەهێنانەوەی یەکلاییکەرەوە دەکەن، فەیلەسوفانێک کە حەز دەکەن فەلسەفە ببێتە جۆرێک لە چارەسەری دەروونی یان گفتوگۆیەکی شارستانی یان جۆرێک لە قەناعەتپێکردن و ڕۆشنبیرکردن.  ئێمەش گومانگەر و باوەڕگەراکانمان هەیە؛ ئێمەش ئەوانەمان هەیە کە لە ڕابردووی فەلسەفەدا بەدوای دیدگای جێگرەوەی ژیانی فەلسەفیدا دەگەڕێن. ئێمەش فەیلەسوفانمان هەیە کە بە توندی پابەندن بە چەندین هەڵوێست لەسەر پەیوەندیی دروستی نێوان باوەڕ و عەقڵ. ئێمەش فەیلەسوفانێکمان هەیە نیازیان وایە کاریگەری لەسەر گفتوگۆ گشتییەکان دابنێن و ژیانی گشتی پێکبهێنن. ئەگەر فەلسەفەی ڕینێسانس بەڵێنی سوودی خێرای هەندێک قۆناغی تر لە مێژووی هزریدا نادات، ئەگەر هەمیشە ئەو ئارگومێنت و تێڕوانینە ئامادانە پێشکەش ناکات کە لە گفتوگۆ ئەکادیمییە هەنووکەییەکاندا بەسوود بن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە پێشکەش دەکات کە ڕەنگە ئاشکراترین تێڕوانین بێت لە هەموویان – تێڕوانینێک کە لە سەیرکردنی ئاوێنەوە بەدەست دێت.

## سەرچاوە

Hankins, J. (Ed.). (2007). The Cambridge companion to Renaissance philosophy. Cambridge University Press. Pp. 338-345

# تەوەرەی ژمارەی داهاتووی ئاوەز؛

## مەعریفە و دەسەڵات

تەوەرەی ژمارە ٧ی ژۆرناڵی ئاوەز (کە هەمان تەوەرەکانی کۆنفرانسی ژۆرناڵی ئاوەزە بۆ مانگی ٤ی ساڵی ٢٠٢٦) تایبەت دەبێت بە "مەعریفە و دەسەڵات" لە چوارچێوەی ئەم پرسیارانەدا:

• دەسەڵات چییە؟ دەسەڵات ئەرێییە (ئیجابی) یان نەرێیی (سلبی)؟ هاوکێشەی دەسەڵات و مەعریفە چۆن خۆی دەردەبڕێت؟ مەعریفە لەسەر دیدی خێڵ و خێچ بۆ دەسەڵات چی دەڵێت؟

• مانا فەلسەفییەکانی ئازادبوونی کورد لەژێر دەسەڵاتی ستەمکاریی خۆراوای ئاسیادا چین؟

• پێناسەی ئەخلاقی مەدەنی لە پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە لە جوگرافیایەکی دوور لە ئاکاردا چییە؟

• ئاوەزمەندی تا چەندە ڕێگە بۆ دەسەڵات خۆش دەکات بە ئاراستەی ئازادی بۆ تاک و جڤاکدا بڕوات؟ چ ئاوەزمەندییەک (عەقڵانییەتێک) بۆ کۆمەڵ و دەسەڵاتی کوردی ڕزگارییەخشە؟



# ڕاگەیاندنی کۆنفرانس



# ئاگاداری

لەو ڕووەوە کە لە بەشێکی بەرچاوی گوتاری ڕۆشنبیریی کوردیدا جۆرێک بەدحاڵیبوون لەمەڕ بابەتی پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و مەعریفە لەئارادایە کە خۆی دیاردەیەکە سەر بە ئاراستەی پۆست مۆدێرنە کوردەکان، پڕۆژەی ئاوەز دەخوازێت بە لەبەر چاوگرتنی نەتەوەی کورد وەکوو نەتەوەیەکی ڕەسەن و شایستەی دەسەڵاتدارییەکی سەردەمیانە و پێشکەوتوو، لەڕێگەی چالاکییە مەعریفی و هزرییەکانی خۆیەوە سنوورەکانی ئەم خراپ تێگەیشتنانە ببڕێت و قامک بخاتە سەر ئەو کێشە و ئاریشانەی گوتاری پۆست مۆدێرنیزمی کوردی دروستیان دەکات و بەردەوامیش زەقیان دەکاتەوە.

لەم پێناوەدا و لەسۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسایەتیی مەعریفی و هزرییەوە، پڕۆژەی ئاوەز دەخوازێت لە مانگی ٤ی ساڵی ٢٠٢٦، کۆنفڕانسێکی نێودەوڵەتی بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک توێژەری کورد و بیانی لەسەر مژاری "مەعریفە و دەسەڵات" بەڕێوە ببات. بۆ ئەم مەبەستە داوا لە توێژەران و لێکۆڵەرانی هێژا دەکەین توێژینەوە زانستییەکانی خۆیان لە چوارچێوەی بابەت و مژارگەلی کۆنفڕانسەکە و بەپێی ڕێبەری توێژینەوەی ژۆرناڵی ئاوەز بۆ یەکێک لەم چوار ئیمەیلەی خوارەوە بەڕێ بکەن:

info@Awezjournal.com

faruqr.hamakarim@gmail.com

yaghoobi7474@gmail.com

yaghoobi74@yahoo.com

دواوادەی وەرگرتنی توێژینەوەکان31/03/2026 دەبێت. کۆی توێژینەوە پەسندکراوەکانی کۆنفرانسەکە وەکوو بابەتەکانی تەوەرەی ژمارە ٧ی ژۆرناڵی ئاوەز چاپ دەکرێن. بابەت و مژارگەلی گشتیی کۆنفرانسەکە بریتین لە:

• مەعریفە و دەسەڵات: دەسەڵات چییە؟ دەسەڵات ئەرێییە (ئیجابی) یان نەرێیی (سلبی)؟

• ڕەخنە و دەسەڵات: هاوکێشەی دەسەڵات و مەعریفە چۆن خۆی دەردەبڕێت؟ ڕوانینی ڕەخنەگرانە بۆ دەسەڵات دەبێت خاوەنی چ پاشخانێکی مەعریفی بێت؟ مەعریفە لەسەر دیدی خێڵ و خیچ بۆ دەسەڵات چی دەڵێت؟

• فەلسەفە و دەسەڵات: مانا فەلسەفییەکانی ئازادبوونی کورد لەژێر دەسەڵاتی ستەمکاریی خۆراوای ئاسیادا چین؟

• ئەخلاق و دەسەڵات: پێناسەی ئەخلاقی مەدەنی لە پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە لە جوگرافیایەکی دوور لە ئاکاردا چییە؟

• ئاوەزمەندی و دەسەڵات: ئاوەزمەندی تا چەندە ڕێگە بۆ دەسەڵات خۆش دەکات بە ئاراستەی ئازادی بۆ تاک و جڤاکدا بڕوات؟ چ ئاوەزمەندییەک (عەقلانییەتێک) بۆ کۆمەڵ و دەسەڵاتی کوردی ڕزگارییەخشە؟

# خوێندنەوەی کتێب

ڕاستی، نەک ڕا



# خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی "ئیمپریالیزمی ئیسلامی- مێژوویەک" بە قەڵەمی ئەفرایم کارش

فاروق ڕەفیق
سکۆڵەری بواری فەلسەفە



ئەم خوێندنەوەیە پێشکەشە بەو ئافرەتە ئێزیدییانەی کە لاقە کران لەلایەن جیهادییەکانی سەر بە دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و شام.

ئەمە کارەساتێکە کە فیکری و مەعریفی نییە: ئایا نەتەوەیەکی پەنجا ملیۆن کەسی، یەک توێژەری نەبێت بتوانێت لەسەر ئیسلام قسان بکات؟ ئەمڕۆکە لەناو نووسینی کوردی و ناوەندی کولتووری و ئەکادیمیدا، یەک توێژەر نییە شایستەی ئەوە بێت مەشقی فیکری و مەعریفی دابنێت لەسەر کایەکانی ئایینەکان و بەتایبەت ئیسلام؛ یەک توێژەر کە لەبەر دەستی چەند پسپۆڕێکی شارەزای ئیسلامدا پەروەردە بووبێت و ئێستا بتوانێت شتێکی مانادار و گرنگ لە ڕووی فیکری و مەعریفی بڵێت و بنووسێت، کە زادەی تێرامان و بیرکردنەوەیەکی ڕەسەن بێت.

ڕۆژنامەنووس هەیە لەسەر ئیسلام قسە دەکات، بەڵام کاشکی هەر بێدەنگ باما، چونکە شتگەلێکی تەنک و بێمانا، تا ڕادەیەکیش هەرزەکارانە دەربارەی ئیسلام دەڵێت کە زۆرتر بۆ ڕازیکردنی گاڕانی ئیسلامییەکانە. هێندەی بۆ کۆکردنەوەی حەشامات و بە زمانێکی پەخشان و شیعر دەدوێ، هێندە بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی جیدیی کەسێکی خوێنەوار و بیرکەرەوە نییە. ئەم ڕۆژنامەنووسە هیچ ئاگایەکی لەو ئەدەبیاتە دەوڵەمەندەی کە لەسەر ئیسلام بە زمانی ئینگلیزی و زمانەکانی تر هەیە، نییە. نووسینەکانیشی لەسەر ئیسلام خاڵییە لە بیرکردنەوە و تێرامانی ئاوەزمەندانە و خاڵییە لە شیکردنەوە. ئاخر چۆن کەسێک دەتوانێ قسە لەسەر ئیسلام بکات لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، تەنیا، بۆ نموونە، ڕۆبێرت سپێنسەر نەناسێت کە خاوەنی بیست و حەوت کتێبە لەسەر ئیسلام، لەوانە تەنیا بۆ نموونە:

## The Critical Quran

هەروەها ئیبن وەڕاقی نەخوێندبێتەوە کە خاوەنی دەیان کتێبە لەسەر ئیسلام؛ یەکێک لە کتێبە گرنگەکانی بریتییە لە «من بۆ موسڵمان نیم؟»

لێرەدا بە چەند سەرنجێک کتێبێکی گرنگ هەڵدەدەینەوە کە پەیامەکەی لە ناونیشانەکەیدا بەرجەستە بووە، ئەویش کتێبی «ئیمپریالیزمی ئیسلامی – مێژوویەک»، لە نووسینی ئەفرایم کارش. پێش گوتنی هەر شتێک، دەخوازم بڵێم لە دیدی منەوە، «ئیمپریالیزمی عەرەبی-ئیسلامی» ڕاستترە،

چونکە عەرەبایەتی (عرووبە) و ئیسلام یەک شتن؛ ئیسلام وەک ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسیی تۆتالیتاری (شمولی) هەڵگری پرۆژەیەکی عەرەبییە بۆ پەرەسەندن و داگیرکاری و بۆ کۆڵۆنیالکردنی جیهان تا ئەو شوێنەی دەتوانێت. کە داگیرکردنی نیشتمانی کوردەکان و داگیرکردنی سایکۆلۆژیای مرۆیی کوردی و مەسخکردنی، بە شێوەیەکی ترسناک، بەشێک بووە لەم پرۆژە ئیمپریالیستییە. سەرەتا با لە ناونیشانی چەند چاپتەرێکی کتێبەکە بڕوانین و چەند نموونەیەک ئاماژە پێ بدەین لە 13 چاپتەر، کە لەڕێگای ئەم نموونانەوە لە خودی ڕاز و نیازی نووسەرەکە دەگەین:

1. پێغەمبەرێکی جەنگاوەر
2. سەرهەڵدان و کەوتنی یەکەم ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی
3. باشترین کاتەکان و خراپترین کاتەکان
4. ماڵی ئیسلام و ماڵی جەنگ
5. دوایین ئیمپراتۆرییەتی مەزنی ئیسلام
6. باجی ئیمپراتۆرییەت
7. خراپ بەڕێوەبردنی یارییەکە
8. سەرهەڵدانی خەونی ئیمپریالییانەی عەرەب
9. قەیسەرێک (سێزەری عەرەب)
10. ....
11. ....

ڕاستییە مێژووییەکان و سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان و بگرە خودی سەرچاوە عەرەبی و ئیسلامییەکان، لەوانە خودی دەقی قورئان، ئەوە دەسەلمێنن کە ئیسلام لە جەوهەردا، لە ناوەڕۆکدا و لە مەغزادا عەرەبی و ئیمپریالیستییە. زۆرێک لە پیاوانی ئایینی ئیسلام و چالاکوانەکان، کادیرەکانی کەڵت، جەماعەتە ئایینییە داخراوەکان، کە بەهەڵە بە حزبی ئیسلامی ناوزەدیان دەکەن، ئەمڕۆکە دەیانەوێت ئەو شتەی پێی دەڵێن شەریعەتی ئیسلامی بەسەر جیهاندا بسەپێنن، کە شەریعەتی ئیسلامی

کۆمەڵێک کۆدە، زۆرێکی لە تەڵموودەوە وەرگیراوە؛ بەشێکیشی لە ئاداب و ڕەسم و ڕسووماتی بتپەرستەکانی عەرەب لە نیمچەدوورگەی عەرەبییەوە وەرگیراوە. لەگەڵ کاریگەریی ئایینی زەردەشتی و ئایینی کریستیانییەت (مەسیحییەت)، ئەو کۆدانە هیچ پەیوەندییەکیان بە ئاوەز و لۆژیک و بیرکردنەوە و تێڕامان و دونیابینیی زانست و کایەی مەعریفی و وانەکانی مێژوو یان ئەزموونی گەلان، یان حیکمەتی مرۆڤایەتی نییە؛ ئەوەی کە هەیە جگە لە ئیلاهییاتی یەهوود، بەتایبەت لە تەڵموود، ئیتر ڕیشەیەکی ئیلاهیاتیی نییە، بەڵام ئەوەش ڕوون و ئاشکرایە کە دەربڕی کولتوورێکی داخراوی دواکەوتووی کۆمەڵگەیەکی نامەدەنی و ناشارستانییە و، لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا، شەریعەت پەیوەندییەکی بە دنیای فەلسەفی و زانستی و هیچ پەیوەندییەکی بە ئاکار و ئەخلاق و بیرکردنەووە نییە؛ سەپاندنیشی بەسەر کۆمەڵگەکاندا یەک مانای هەیە: ستەمکاری و ستەمکاریی ئایینی، یاخود ڕاستتره بڵێین: کەڵکەڵەی ئیمپریالیستی و کەڵکەڵەی داگیرکاری. ئەوەی کە لە ئەدەبیاتی چەپەکاندا بەربڵاوە، بەتایبەت ئەدەبیاتی پۆستکۆڵۆنیالیزم و مارکسیزم، ئەوە هەڵەیە، ئەو «ڕا» نادروستە کە گوایە ڕۆژئاوا خاکی عەرەب و موسڵمانەکانی داگیر کردووە و ڕۆژئاوا هێزێکی ئیمپریالیستییە، کەچی ئەوەی کە دروستە و ڕاستە بگوترێت ئەوەیە کە ڕۆژئاوا بیست و سێ دەوڵەتی بۆ عەرەب دروست کردووە و خودی عەرەب خۆی هێزێکی ئیمپریالیستییە لە مێژووی هەزار و چوارسەد ساڵەکەی ڕابردوودا؛ عەرەب هێزێکی کۆڵۆنیالیستییە و دەیان وڵات و کیشوەری داگیر کردووە.

بە مانایەکی دیکە، دەیان میللەتی جیهانی جینۆساید کردووە، وەک جووەکان، کوردەکان، ئاشوورییەکان، ئەمازیغییەکان، قیبتییەکان، هیندییەکان، فارسەکان، فینیقییەکان، مەسیحییەکان، سریانییەکان، ئیسپانییەکان، پرتوگالییەکان، هتد. چەندین نەتەوەی مەحف کردۆتەوە، واتە قاتووقڕی کردوون و ئاسەوارییانی نەهێشتووە لەسەر زەوی. عەرەب و دینەکەی هێزێکی داگیرکەری ئیمپریالیستییان پێک هێناوە، لە ماوەی چواردە سەدەی ڕابردوودا؛ ئێستاش لەڕێگەی ئیخوان و بزووتنەوە ئیسلامییەکان و جیهادییەکان و گرووپە تیرۆریستییە ئیسلامییەکانی دیکە، سەرقاڵی زیندووکردنەوەی ئیمپریالیزمی عەرەبی ئیسلامین و خەون بە داگیرکردنی هەموو جیهانەوە دەبینن، لەوانە وڵاتە ئەورووپییەکان. ئامانج و ستراتیژیی ئیخوان و جووڵانەوە ئیسلامییەکان هیچ نییە جگە لە داگیرکاری و سەرێگاخستنی پرۆژەی

ئیمپریالیستیی عەرەبی-ئیسلامی، لەوانە ئیسلامییەکانی کوردستان کە مووچەخۆری (مورتەزەقەی) ئیمپریالیستی عەرەبین لەسەر خاکی کوردان و سەرقاڵی بەعەرەبکردنەوەی کوردن. جگە لەم ئەرک و وەزیفەیە، هیچ پەیامێکی دیکەیان نییە، بەڵام مەخابن میدیای گەمژەی کوردی، کە چەپەکان دەستیان بەسەردا گرتووە، لەم ڕاستییە تێناگەن یان خۆی لێ دەبوێرن!

لێرەدا پێش ئەوەی ئاماژە بەم کتێبە گرنگە بکەم، دەبێت تەقویم و ڕۆژژمێرێکی ئیمپریالیزمی عەرەبی-ئیسلامی بخەینە ڕوو.

ساڵژمێری سەرەتاکانی ئیمپریالیزمی عەرەبی-ئیسلامی یان پرۆژەی داگیرکارییەکانی عەرەب بۆ جیهان

٦٣٠ دوو ساڵ یان ساڵێک پێش مردنی محەمەد، ئەو جیهادەی خستە سەر ڕێگا کە تێیدا سی هەزار جیهادیی ڕێکخست دژ بە مەسیحییەکانی بیزەنتییەکان (لێرەدا جیهاد یەک مانای هەیە، ئەویش تیرۆری موقەددەس). هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە، تا ئێستا جیهاد هیچ نییە، جگە لە تیرۆری موقەددەس، جگە لە تیرۆر و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن.

٦٣٢-٦٣٤ لەژێر حوکمڕانیی ئەبوبەکردا، موسڵمانە جیهادییەکان (هەمیشە لەگەڵ ئیسلامدا دەبێت و جەوهەری ئیسلام هیچ نییە جگە لە جیهاد و کوشتن لەپێناوی -وەک دەڵێن- خوادا) هەستان بە داگیرکردنەوەی نیمچەدوورگەی عەرەبی کە پێشتر داگیریان کردبوو. ئەو هۆزانە دەبوو جارێکی دیکە وەفادارییان بۆ ئیسلام و دەسەڵاتی توندڕۆیان بۆ ستەمکاریی عەرەبی یان باڵادەستیی عەرەبی ڕابگەیەنن. واتە، هەر لە سەرەتاوە ئیسلام وەک ئایدیۆلۆژیایەکی عەرەبی-ئیسلامی-تۆتالیتاری خۆی بەیان کرد. بۆ نموونە، کاتێک مەککە داگیر دەکرێت، لە کاتێکدا لە مەککەدا هەزاران خوداوەند دەپەرستران و هەزاران بت هەبوون، ئەم دینە دێت و یەک بت کە ناوی «الله»یە، دیاری دەکات و گشت خوداکانی دیکە تێکدەشکێنێت (بڕوانە بەرنامەکانی حامید عەبدولسەمەد، سندووقی ئیسلام).

فاشیزمی عەرەبی-ئیسلامی، وەک حامید عەبدولسەمەد دەڵێت، لەم دروشمەوە دەست پێدەکات: «لا اِلهَ إلّا الله»، چونکە گشت خوداکانی دیکەی وەلا ناوە و بە ناوی خودایەکەوە قسان دەکات. ئەو

شتانە دەڵێت کە تەنیا لە تەوراتدا دراونەتە پاڵ خودایەک، کە جەبار و قەهار و ... بکوژ و فێڵباز و ماکر و توورەیە و هتد؛ لەو غەزەب و سیفەتانە کە هی مرۆڤن، هی ستەمکارێکن، نەک پەرەستگاری، نەک خالقی گەردوون. بەڵام ئەم دونیایە ترسناکەی «الله» کە ئەمرۆکە ناوی دەهێنرێت، ترس و تۆقاندن و لەرزین و ملکەچی دروست دەکات، ئەم هەڵبژاردنە مەبەستدار بوو؛ ئەم سیمبولەی بڵاوکردنەوەی تیرۆر و تۆقاندن بە ناوی خوداوەندەوە. کەواتە، ئایینەکان هەر لە چرکەساتەکانی یەکەمەوە سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی تیرۆر بوون. یەکەم جار لەڕێگەی ناوی خودایەکەوە کە تایبەتە و ناوی «الله»یە، دواجار یەکەم ڕێگای جیهاد تۆقاندنە بەهۆی بوونی دۆزەخێکەوە، جەهەنەمێکەوە کە زادەی خەیاڵێکی نەخۆشە و وەزیفەی سەرەکیی بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و کۆنترۆڵکردنە. بەڵام لە هەمان کاتدا، نیشانەیەکی مەترسیداری ئەو خودایە پڕ لە غەزەبەیە کە تەنیا لەڕێگەی ئاگر و ئاسن و جیهاد و کوشتن و برین و سەربڕین قسان دەکات و هەڕەشە دەکات و دەدوێ.

٦٣٣ جیهادییەکان بە ڕابەرایەتیی خالیدی کوڕی وەلید کە قەساب و مرۆڤکوژێکی گەورەی عەرەب بوو (محەمەد دەیزانی کە مرۆڤکوژە و لەگەڵ ئەمەشدا ناوی نا «شمشێری الله»)، شاری ئەلیس (Ullais) یان داگیر کرد، کە کەوتبووە سەر ڕووباری فورات و بە دەست ساسانییەکانەوە بوو. خالید سەری هەزاران مەسیحیی بڕی کە مەزەندە دەکرێت بە حەفتا هەزار کەس، کە ئەمە جینۆسایدە بە مانای وشە؛ خالید سەری هەزاران کەسی بڕی و تووڕی هەڵدان، کە دواجار بە گوتەی تەبەری (٣٥-٢٠٣٤/ ٢٤: ١١) ناو زەویی کرد بە کاناڵی خوێن.

٦٣٤ لە شەڕی یەرمووک لە سووریا، جیهادییە عەرەبییەکان (ئیسلامییەکان) شکستیان بە بیزەنتییەکان هێنا. لە ئەدەبیاتی جیهادییەکاندا ئەمڕۆ، لەوانە ئیخوان و گرووپی تیرۆریستیی حەماس و ئیرهابییەکانی دیکە، دروشمێک کە وەک مۆتۆ لەو دیو کار دەکات، بەبەردەوامی دووپات و سەدپاتە دەکرێتەوە، وتەیەکی خالیدی کوڕی وەلیدە کە گوتوویەتی: «شەڕکەرەکانی [ئێمە] مەرگیان خۆش دەوێت، زیاتر لەوەی کە دوژمنەکانی [ئێمە] ژیانیان خۆش دەوێت.» (ئەمڕۆ تیرۆریستەکانی حەماس کە کۆمەڵێک بناژۆخوازی توندوتیژگەرای دوور لە پێوانە مرۆییەکانن، هەمان دروشم دووبارە دەکەنەوە).

٦٣٣ جیهادییەکان عێراق داگیر دەکەن لە شەڕی قادسییەدا.

٦٣٤ بۆ ٦٤٤ حکوومەتی عمەری کوڕی خەتتاب دەست پێدەکات کە بەتایبەت تودنوتیژ بوو. لە سەردەمی ئەودا، داگیرکارییەکان زۆر بوون. ٦٣٥ دیمەشق دەگرێت، کە شارێکی ڕۆمانی-بێزەنتی بوو و ناوەندێکی ژیاری و کولتووری بوو. بە داگیرکردنی لەلایەن بەربەرییەکانەوە خامۆش بوو.

٦٣٦ بێزەنتییەکان لە شەڕی یەرمووکدا تێکدەشکێن.

لە ٦٣٨ جیهادییە عەرەبەکان جورسەلیم، کە شارێکی جووەکان و ئەو کاتە تەمەنی دوو هەزار ساڵ بوو، داگیر دەکەن. بگرە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە موڵکی خۆیانە و تا ئێستاش بە کەڵگەییانە دژ بە جووەکان سەرقاڵی ئەو بانگەشە بێبنەما و بێبناغەیەن.

٦٣٩-٦٤٢ جیهادییەکان میسریان داگیر کرد.

٦٤١ جیهادییە عەرەبەکان سووریا و فەڵەستینیان بەتەواوی داگیر کرد.

٦٤٣ بۆ ٧٠٧ جیهادییەکان باکووری ئەفریقایان داگیر کرد.

٦٤٤ خەلیفەی جیهادییەکان، عومەر، تیرۆر کرا، عوسمان بە خەلیفەی سێیەمی جیهادییەکان دانرا.

٦٤٤-٦٥٠ جیهادییەکان قوبرسیان داگیر کرد لەپاڵ ترابلوس. شوێنەکانی دیکەی باکووری ئەفریقا و ئەفغانستان و سندیان داگیر کرد و خستیانە ژێر قەڵەمڕەوی جیهادییەکانەوە.

٦٥٦ خەلیفە عوسمان تیرۆر کرا و، عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب بە خەلیفەی جیهادییەکان دانرا.

٦٥٥ شەڕی حوشتر ڕووی دا، کە تێیدا عائیشەی خێزانی محەممەد دژ بە عەلی ڕاپەڕی، کە بۆچی حەقی عوسمانی نەستەندووە.

٦٥٧ شەڕی سەفین لەنێوان عەلی و والی جورسەلیم ڕووی دا.

٦٦١ تیرۆرکردنی عەلی.

٦٦١-٦٨٠ موعاوییە خەلافەتی ئەمەویی دامەزراند و پایتەختی ئیمپراتۆرییەتەکەی بردەوە دیمەشق.

٦٧٣-٦٧٨ عەرەبە جیهادییەکان گەمارۆی پایتەختی ئیمپراتۆرییەتی بێزەنتییان دا، قوستەنتینییە (کۆنستانتینۆپڵ).

٦٨٠ کوشتنی حوسەین و یارانی لە کەربەلا- عێراق.

له ٦٩١ له جورسەلیم، گومەزی بەرد (Dome of the Rock) تەواو بوو.

Dome of the Rock

که لەسەر پەرستگای جووەکانەوە دروست کراوە وەک تەحەدایەک بۆ جووەکان. ژێر ئەم گومەزە هەر هەمووی ئاسەواری سێ هەزار ساڵی مێژوویی جووەکانە، لەوانە

شاری داوود.

ئەم گومەزە و ئەم مزگەوتە دەلالەتێکی ئاشکرای ئیمپریالیزمی عەرەبی-ئیسلامییە.

٧٠٥ عەبدولمەلیک حوکمڕانیی ئەمەویی توند کردەوە.

٧١٠-٧١٣ جیهادییە عەرەبەکان دۆڵی ئیندۆسیایان داگیر کرد، کە ئەفغانستان و پاکستانی ئێستا و بەشێک لە کشمیر دەگرێتەوە.

٧١١-٧١٣ عەرەبە جیهادییەکان ئیسپانیایان داگیر کرد و مەملەکەتی ئەندەلوسیایان دامەزراند.

٧٣٢ عەرەبە جیهادییەکان لە شەڕی پواتییە (Poitiers)، کە شارێکی فەڕەنسییە، لەلایەن فرانکەکانەوە ڕاگیران و نەیانتوانی پێشڕەوی بکەن.

٧٤٩ عەباسییەکان کوفەیان داگیر کرد و کۆتاییان بە ئەمەوییەکان هێنا.

٧٥٨ ئیمارەتی قورتوبەی ئیسپانیا لە خەلافەتی عەباسی جیا بووەوە.

٧٦٢ بەغدا دروست کرا.

٧٨٩ سەرهەڵدانی میر ئیدریس لە مۆراکۆ (مەغریب)، دامەزراندنی فاس. تیرۆرکردنی کریستۆفۆرس، ئەو موسڵمانەی کە بووە مەسیحی.

٨٠٧ هاروون ڕەشید فەرمانی بە خاپوورکردنی ئەو پەرستگا و کڵێسایانە دەرکرد، لەپاڵ کڵێسای مەریەمی مەجدەلانی لە جورسەلیم، هەموویان خاپوور کران.

٨٠٩ عەرەبە جیهادییەکان شاری ساردینای ئیتالیایان داگیر کرد.

٨١٣ جیهادییەکان کەوتنە قاتوقڕکردنی مەسیحییەکان لە فەلەستین. ئەوەی کە مایەوە، شاربەدەریان کردن.

٨٥٠ خەلیفەی جیهادییەکان، موتەوەکیل، فەرمانی دەرکرد کە گشت پەرستگا و کڵێساکانی

قەڵەمڕەوی خەلافەتەکە، شوێنی پەرستنی ناموسڵمانەکان، جووەکان، و مەسیحییەکان و ئایین و مەزهەبەکانی دیکە، خاپوور بکەن.

٨٦٩-٨٨٣ ڕاپەڕینی کۆیلە ڕەشپێستەکان لە عێراق.

٩٠٩ سەرهەڵدانی خەلافەتی فاتیمییەکان لە تونس.

٩٣٧ کڵێسای قیامە (Resurrection) لەلایەن جیهادییەکانەوە سووتێنرا و بە دەیان کڵێسای دیکە خاپوور کران.

٩٦٦ خۆپێشاندان و ڕاپەڕین دژ بە مەسیحییەکان لە جورسەلیم.

٩٦٩ فاتیمییەکان (جیهادییەکان) میسریان داگیرکرد و قاهیرەیان دروست کرد.

٩٧٠ سەلجوقییەکان لە ڕۆژهەڵات هاتنە سەر خاکە داگیرکراوەکانی جیهادییەکان.

٩٧٣ فاتیمییەکان ئیسرائیل و سووریایان داگیر کرد.

١٠٠٣ ڕاوەدوونانی مەسیحییەکان. کڵێسای فوستات لە میسر خاپوور کرا.

١٠٠٩ کڵێسای قیامە خاپوور کرا.

١٠١٢ سەرەتای ستەمکاری و زوڵمی ئەلحەکیم دژ بە جووەکان و مەسیحییەکان.

١٠٥٥ توغرولی سەلجوقی بەغدادی داگیر کرد و سەڵتەنەتی سەلجوقیی دامەزراند.

١٠٥٥ تاڵانکردنی کڵێسای قیامە.

١٠٧١ جیهادییە سەلجوقییەکان بەشی زۆری ئەنادۆڵیان داگیر کرد، کە خاکی کورد و ئەرمەن بوو. پێش داگیرکردن و هاتنی جیهادییەکان، تورکیای ئێستا خاکی یۆنانییەکان و ئەرمەن و کورد بووە. لە دوای ١٠٧١، دواجار عوسمانییەکان لە ئاسیای بچووکەوە هاتن و داگیر و خاپووریان کرد.

١٠٧١ تورکەکان، واتە جیهادییەکان، فەڵەستینیان داگیر کرد.

١٠٩٠ جیهادییەکان، لەم حاڵەتەدا موڕابیتەکان، ئەندەلوسیایان داگیر کرد.

١٠٩٤ ئیمپراتۆری بیزەنتی داوای لە مەملەکەتی مەسیحییەکان کرد کە کۆمەکی بکەن دژ بە داگیرکاریی جیهادییەکان (سەلجوقییەکان).

١٠٩٥ پاپا ئۆربانی دووەم بانگەشەی بۆ خاچپەرستی کرد. قودس لە ١٠٩٩دا ڕزگار کرا؛ کەواتە،

ئەوەی کە شەڕی نێوان خاچپەرستەکان و جیهادییەکانی خستە سەر مێژوو، شەڕوشۆڕ و داگیرکاریی جیهادییەکان بوو دژ بە مەسیحییەکان و مەملەکەتی مەسیحی، نەک بەپێچەوانەوە.

لەدوای ئەو مێژووەوە جیهاد بەردەوامە، داگیرکاری بەردەوامە. تا ئەمڕۆ لەو ۹۰۰ ساڵەدا خاپوورکردن و کوشتن و بڕین و جینۆسایدی دیکە دژ بە مەسیحییەکان و جووەکان و ئەرمەنەکان و کوردەکان و درووزەکان و هیندییەکان و بودییەکان و قیبتییەکان و ئەمازیغییەکان و ڕۆژئاواییەکان خراونەتە سەر ڕێگا. ئەوەی ئێمە لێرەدا وەک نموونە باسمان کرد، مشتێکە لە خەروارێک. تاوانەکانی ئیمپریالیزمی عەرەبی-ئیسلامی، ئێستاش بەهۆی ئەو تاوانانە لەلایەن ئیسلامخوازان و فاشیزمی ئیسلامییەوە درێژەی هەیە و، ئەمجارە خودی شارستانییەتی ڕۆژئاوا بە مانای وشە لەژێر هەڕەشەی کەوتندایە لەلایەن فاشیزمی ئیسلامی و چەپەکانەوە، واتە مارکسییەکان کە لەگەڵیان چوونەتە هاوپەیمانییەتێکی دۆزەخییەوە.

بۆ زانیاریی زیاتر، سەیری ئەم دوو سەرچاوە گرنگە بکەن:

Andrews, Waraq, Ed. (2008). The Legacy of Jihad: Islamic Holy War and the Fate of Non-Muslims. Boston: Prometheus Books.

ناوی کتێبەکە بە کوردی:

میراتی جیهاد: جەنگی موقەدەسی ئیسلامی جیهادی و چارەنووسی ناموسڵمانەکان .

Spencer, Robert. (2018). The History of Jihad: From Muhammad to ISIS. New York: Bombardier Books.

ناوی کتێبەکە بە کوردی:

مێژووی جیهاد لە محەممەدەوە بۆ داعش

داگیرکاریی عەرەبی-ئیسلامی کە غارەت و داگیرکردن و بەکۆیلەکردن و سەرکوتکردن و سەرێگاخستنی قەسابخانە و جینۆسایدە (لەوانە بە جینۆسایدکردنی جووەکان (بەنی قورەیزە) و

مەسیحییەکان لە نیمچەدوورگەی عەرەبی دەست پێدەکات)، هەر هەمووی ئاماژەن و پاڵنەرن بۆ پەیداکردنی هەژموون و پاوانخوازیی عەرەبی، کە هەر هەمووی لەلایەن ئیلاهییاتێکی زۆر شەڕانگێزەوە بەهانەسازیی بۆ کراوە و، تا ئێستا ئەو ئیلاهییاتە شەڕانگێزە بەهانەسازی بۆ هەژموونی گوتاری عەرەبی-ئیسلامی دەکات.

ئیمپراتۆرییەتی عەرەبی-ئیسلامی دروست کرا لە ڕێگای داگیرکارییەکی دوژمنکارانەی پڕ لە خوێن و کوشتن و بڕینێکی هەمەلایەنەی بێوێنە لە مێژوودا، لە ڕێگای ڕاوەدوونان (مۆلاقەکردن)، و کوشتنی دیل و بەسەباکردنی هەزاران ئافرەتی فارس و کورد و ئێزیدی و بێزەنتی و ئەمازیغی و مەسیحی و ئیسپانی و جوو و هیندی و بوودی و ئەفغانی و ئەورووپی، یان هەر ئافرەتێکی دیکە کە ئەو بەربەریانە دەستیان پێی گەیشتبێت لەپێناو دامەزراندنی ئیمپریالیستی عەرەبی و ئیسلامیدا، کە ئەم پاڵنەرە تا ئەم چرکەساتە بەردەوامە. بەتایبەت ئێمەی کورد ئەزموونێکی ترسناکمان لەگەڵ هەمان جینۆساید هەیە، ئەویش جینۆسایدی ئێزیدییەکانە کە ڕۆشنبیرانی کورد ناپاکانە و نابەرپرسیارانە ئەستۆی ئیسلامییەکانیان لێ پاک کردەوە، کە ئەمە گەورەترین ناپاکی و کەوتنی ئەوان بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم لایەنەی ڕووداوەکانی مێژوو، واتە داگیرکاری و بڵاوکردنەوەی تیرۆر و لاقەکردنی ژنان و کوشتن و بڕینی نەتەوە ناموسڵمانەکان و بڵاوکردنەوەی ئیسلام بەهۆی شمشێر و خوێن، پەردەپۆش کراوە، شاردراوەتەوە و بگرە جوان کراوە (گوایە لەسەر داوای ئەو نەتەوانە، عەرەبە جیهادییە سەرکوتکەر و بەربەرییەکان هاتوون ناوچەکانیان داگیر کردووە). لە ئێستادا، ئەم درۆیە لە ناوەندی کوردیدا برەوی پێ دەدرێت، بەتایبەت لەلایەن ئەفسانەی «ئیسلامی کوردییەوە» کە کەس نازانێت ئیسلامی کوردی چییە یان وەک دەڵێن «ئیسلامی دایکم»!

لە کاتێکدا کە ئەدەبیاتی ئەمڕۆی ڕۆژئاوا، لە دەرەوەی ئەم کتێبە، ئیمپریالیزمی ئیسلامی و کارەکانی سپێنسەر و ئیبن وەڕاق و چەند سکۆلەرێکی دیکە، هەرچی پەیوەندی بە لیبراڵە ترسنۆکەکانەوە هەبێت، ئەم مێژووە بە تەواوی شێوێنراوە و وەلا نراوە. تا ئیمپریالیزمی فاشیزم و ستەمکاریی عەرەبی-ئیسلامی وەلا دەندرێت، لە جیاتی ئەمە، داستانێک، چیرۆکێک، حیکایەتێک بە کۆمەکی چەپەکان، لیبراڵەکان، مارکسییەکان بەرەوپێش دەبرێت کە گوایە موسڵمانەکان و وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان قوربانیی



کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی یان داگیرکاریی ئیسرائیلن (ئەمە لە کاتێکدایە کە جوولەکە قوربانیی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزمی عەرەبییە). ئەم خوێندنەوە نادروستە-ئایدیۆلۆژییە، بەرهەمی چەپ و مارکسییەکان و ناسیۆنالیزمی عەرەبییە. ناسیۆنالیزمی عەرەبی ئایدیۆلۆژیایەکی دژە جوو، دژە کورد، دژە کەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دژە ڕۆژئاوا و لە هەمووی ترسناکتر دژە ئاوەز و ئاوەزمەندی و گشت بەها ڕۆژئاواییەکانە.

ئێمە لەم کتێبەدا (ئیمپریالیزمی ئیسلامی) و دەیان کتێبی دیکە و دۆکیومێنتی دیکەی مێژووییەوە کە لەبەردەستدان، فێر دەبین بزانین کە ئیسلام (وەک ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسیی شمولی، نەک وەک ئایینێک یان بوخچەیەک لە دید و تێڕوانینی ڕۆحانی بۆ جیهان) وەک بیروڕایەکی ڕۆحانی دەستی پێنەکردووە. بگرە گەر ڕۆحانییەتی هیندی و بوودی و زەردەشت و مەسیحی و جوو نەبوونایە، بیابانێکی بێرەهەند دەبوو لە ڕووی ڕۆحانییەتەوە (spirituality).

ئیسلام دەست پێدەکات وەک جووڵانەوەیەکی لەبنەمادا سیاسی-کۆمەڵایەتی کە چاو لە جیهادکردن و لە دواجاریشدا دامەزراندنی حوکمڕانییەکی تیۆکراسی دەبڕێت. لەبەر ڕۆشنایی شەریعەتی ئیسلامیدا، شەریعەتی ئیسلامی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی بتپەرستە، لە دەرەوەی ژیار و شارستانییەت و ئاوەزمەندی. شەریعەتی دینێکی ئەوتۆ شمولییە، سەراپاگیرە؛ لە چوونە ئاودەستەوە دەست پێدەکات و تاکوو نیکاح و لاقەکردنی ئاژەڵان و بەچەبازیکردن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی قۆناغێکی بەربەریی کۆمەڵە خەڵکێکی دابڕاوە لە ئاوەز و لە شارستانییەت و لە ئادابی شار و لە مەدەنییەت.

ڕۆڵی محەمەد (کە ناوی خۆی نییە و ئەم ناوە ناوێکی مەسیحییە؛ ئەوەش کەڵتی سەرەتایی ئیسلامی دەکاتە کەڵتێکی مەسیحی و یەهوودیی تەواو. گەر بێت و مەسیحییەت و یەهوودییەت لە ئیسلام دەربهێنین، ئیتر هیچ شتێک لە ئیسلامدا نامێنێتەوە. کەواتە، ئیسلام کەڵتێکی یەهوودی، مەسیحی، عەرەبییە بە پلەی ئیمتیاز).

دواجار، وێنەی بەهەشتیش لەم بەناو ئایدیۆلۆژیایەدا دەکێشرێت وەک شوێنێک بۆ ڕابواردنی سێکسی بۆ بڕوادارە جیهادییەکان. هەر جیهادییەک حەفتا و دوو حۆری بەردەکەوێت؛ هەر

لە چرکەی یەکەمەوە خودای گەورە (الله)، خالقی ئەم گەردوونە، سەرقاڵی نیکاحە و بۆ هەر جیهادییەک حەفتا و دوو حۆری داناوە کە هەر هەموو پاکیزە، واتە کچن. لەپاڵ خێمەکەشیانەوە ژمارەیەک پەرستاری داناوە کە دوای ئەوەی ئاغای جیهادی ئەو حۆرییە دەکاتە ژن، ئەو پەرستارانە «بەکارەیان»، پەردەی کچێنییان جارێکی دیکە بۆ دەدوورنەوە، بۆ ئەوەی ئاغای عەرەبی جیهادیی پیاوکوژ چێژی سێکسی زیاتر ببینێت. ئەم پرۆسەیە (پێڤاژۆیە) هەتاهەتایە بەردەوام دەبێت. وەک دەڵێن، هەر نیکاحێک ٧٢ ساڵ دەخایەنێت. ئێستا بپرسین، بێڕێزی هەیە لەمە گەورەتر بە پەروەردگارێک کە ئەم گەردوونەی دروست کردووە، کە گەردوون لە هەزاران هەزاران گەلەستێرە و ملیۆنەها ئەستێرە و کەواکب دروست بووبێت، لەلایەن پەروەردگارێکەوە کە لێرەدا سەرقاڵی کاری چێژبەخشین بە جیهادییەکی پیاوکوژە؟ بێڕێزی هەیە لەمە گەورەتر لە مێژوودا بە زاتی ئیلاهی!؟ من لێرەدا ئیتر کەڕ و لاڵم لەبەردەم ئەم بێحورمەتییەی کە بە خودا کراوە و دەکرێت، لەگەڵ ئەو بێحورمەتییەی بە خودی مرۆڤ کراوە و دەکرێت لەم ئایینەدا. من مێژووی ئایینەکانم خوێندووەتەوە؛ تا ئێستاش لەم بێڕێزییە گەورەتر بە زاتی ئیلاهی، بە پەروەردگار کە خالقی گەردوونە، نەبینیوە. گەیشتمە ئەو قەناعەتەی خودی ئەم وێژمانی (دیسکۆرسی) عەرەبی-ئیسلامییە خۆی گەورەترین بێڕێزییە بە هێزی ئیلاهی، بۆ ئەوەی ڕێز بۆ خوداوەند بگەڕێنینەوە، دەبێت گوتارەکانی ئایینێکی ئەوتۆ ڕەخنەگرانە شی بکەینەوە و بیخوێنینەوە.

لە ئیسلامدا، محەممەد دوو ڕۆڵی لەهەمان کاتیدا بینیوە: ڕۆڵی ئایینی (وەک پێغەمبەرێک) و ڕۆڵی ڕابەرێکی سیاسی، کە ئەوەی دواییان زیاتر وەزیفەی سیاسییەکەیەتی. لەبنەڕەتیشدا، ئەو هەر ئەو وەزیفەیەی هەبووە، واتە ڕۆحانیبوونی ئەو هەزاران فرسەخ لە ژیان و ئەزموون و کارکردی ئەو دوورە، بەتایبەت ژیانی سێکسیی ئەو، ژیانی ڕۆحانیی ئەو نییە.

محەممەد، پێغەمبەر، ویستوویەتی کە هۆزێک دابمەزرێنێت و ببێتە سەرۆک هۆزێکی عەرەبی. بگرە، جەماعەتێک یان گرووپێکی سەعلوگ (؟)، ئەویش بەهۆی غیابی کەسانی دیکەوە. کەواتە، ڕۆڵی محەممەد (گەر ئەم کەسایەتییە بوونی هەبووبێت!) وەک ڕابەرایەتیی سیاسی، نەک وەک بەناو پێغەمبەر، ڕێکەوت نەبووە، بەڵکوو مەبەست بووە (لەو دونیابینیی ئیمپریالیستی-عەرەبی

و ئیسلامییەدا). مەبەستی سەرەکیی دامەزراندنی دەوڵەتێکی تۆتالیتاری و سەرتاسەری بووە، کە شەریعەتێکی هەبێت (کە کۆمەڵێک کۆدی بەربەری و هەمەجی گرووپەکانی پێشووترە و زادەی عەقڵ و تێڕامان نین) ڕێنمایی بکات.

ئەم بەناو شەریعەتە ترسناکترین کۆدەکانی حوکمڕانی و حوکمکردنی کۆمەڵگایەکە کە بە پلەیەک ترسناکە کە ئاوەز لە بەردەمیدا هەرس دەهێنێت، چونکە بەتەواوی دژە عەقڵە، دژە فکرە، دژە لۆژیکە، و دژە ژیانە. هەر لە سەرەتاوە، کۆمەڵگای عەرەبی-ئیسلامی لە مەدینە، کە ناوەکەی پێچەوانەی پراکتیزەکردنی موسڵمان و عەرەبە موسڵمانەکانە، چونکە مەدینە پێش ئەوەی جیهادییەکان بۆی بچن، ناوی یەسرب بوو. تێیدا مەسیحییەکان و جولەکەکان و بتپەرستەکان و ئایینزاکانی دیکەی تێدابوو. جۆرە هەمەڕەنگێک و فرەییەکی بیروبۆچوونی ئایینی و مەزهەبیی تێدابوو. بە زمانی ئەمڕۆ، فۆرمێک لە دیموکراسییەت و ئازادیی دەربڕینی تێدابوو، کە محەممەد و جیهادییەکان دەچن بۆ ئەوەی ئەو هەمەچەشنەییە خاپوور بکەن. ئەو لەو شارەدا یەک بەرگرییەک و یەک دونیابینی و یەک ئایین و یەک مەزهەب و کۆمەڵێک سرووت بەسەر ئایینێکدا دەسەپێنێت.

بە مانایەکی دیکە، شارستانییەتی یەسرب لە شار دەخەن، لەوەی دەخەن کە شار بێت و دەیکەنە سەربازگە. ئەو عەرەبانە هیچ شارێکیان دروست نەکردووە. ئەو شارانەشی کە داگیریان کردوون، کردوویانەتە سەربازگە، شوێنێک بۆ وەڵاخەکانیان، بۆ ئەو هەمەجیانەی کە سەرقاڵی نیکاح بوون. عەرەبی موجاهید تەنیا چاوی لە نیکاح بڕیوە، نەک مەدەنییەت، نەک پرەنسیپ، نەک ئەخلاق، نەک عەقڵ، نەک ویژدان، و نەک دادپەروەری.

هەر لە سەرەتاوە، کۆمەڵە عەرەبە جیهادییەکان لە مەدینە شتێک دادەمەزرێنن بەناوی «The Constitution of Medina» واتە «دەستووری مەدینە»، کە لەڕاستیدا نە دەستوورە و نە پەیمانی کۆمەڵایەتییە و نە یاسایە، بەڵکوو ڕێککەوتنێکی زارەکییە کە هەر زۆر زوو تێک دەشکێندرێت و تێدەپەڕێندرێت و هیچ گرنگییەکی مێژوویی یان فیکری یان یاسایی یان دەستووریی نییە. جیهادییەکان و ئەپۆلۆجیستەکان و ئەوانەی سەرقاڵی عوزرخوازی هێنانەوە بۆ ئیسلامن، واتە پینەچییەکانی لەچەشنی هەڵەدنی و کاروانی و سدیق، ئەوانەی سەرقاڵی پینەکردنی تاوانەکانی عەرەبە جیهادییەکانن، چونکە خۆیان هۆشیاری

و ئاوەزی خۆیان فڕێداوە و تەسلیمی ئەم وەزیفە پڕ لە شەرمەزارییە بوون. بەڵکوو ئەم بەناو دەستوورە هیچ نییە و هیچ نەبووە جگە لە دروستکردنی زەمینەیەکی سیاسی بۆ ئەجێندایەکی سیاسیی ئیسلامی سەراپاگیر، بۆ داگیرکاریی ئیسلامی عەرەبی نەک پێکەوەژیان یان دروستکردنی هەلومەرجێک کە گرووپە جیاوازەکان بتوانن لەژێر سیاسەتی هەلومەرجێکی سیاسی-ئایینیدا بژین یان کۆببنەوە.

هەر لەم نێوەندەدا ئەوەی کە هارمۆنییەکەی تێکداوە و ئازادییە فیکری و ڕۆحییەکەی بەسەریەکدا شێواندووە، بریتییە لە چەمکی جیهاد وەک ئەوەی لە ئیسلامدا هەیە و ناوەندییە. ئیفرایم کارش لە کتێبەکەیدا «ئیمپریالیزمی ئیسلامی» ئەوە دەردەخات و ڕوونی دەکاتەوە کە هەندێک موسڵمانی عوزرخواز و توێژەری خۆرئاوایی، کە سەرقاڵی بەهانەهێنانن بۆ ئیسلام و داکۆکی لە هەموو کردارەکانی ئیسلام دەکەن، وا جیهاد ڕاڤە دەکەن کە گوایە ململانێیەکی ڕۆحییە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە جیهاد یەک مانای هەبووە و هەیەتی. جیهاد کرۆکی ئیسلام و کرۆکی ئیمپریالیزمی عەرەبی-ئیسلامییە. جیهاد بریتییە لە عەقیدەی قیتالی، بریتییە لە ڕاگەیاندنی جەنگ و شەڕ دژ بە گشت جیهان، گشت ئایینەکان و مەزهەبەکانی دیکە لەپێناو دامەزراندنی هەژموونی ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی عەرەبی. جیهاد بریتییە لە کۆدی سەرەکیی ئیمپریالیزمی عەرەبی-ئیسلامی کە یەک مانای سەرەکیی هەیە، ئەویش داگیرکاری و تاڵانکردن و چەوساندنەوەی ئەوانی دیکە، داگیرکردنی وڵاتان و نیشتمانی ئەوانی دیکە و، بەکۆیلەکردنی هەر کەسێک کە عەرەب نییە، کردنیان بە کۆیلەی عەرەب و بە خزمەتکار و نۆکەر و کۆیلە بۆ ئەم سەروەرە بەربەرییە کە ناوی عەرەبە. ئەمانە مانای جیهادن.

لەبنەڕەتدا و لەو مێژووەدا (کە لە ژمارەی داهاتووی «ئاوەز»دا کتێبێکی گرنگ لەم بارەوە دەخوێنینەوە)، داگیرکارییەکانی عەرەب دوای مەرگی ڕابەری سیاسی کە محەممەدە (محەممەد سیاسی بوو بە پلەی ئیمتیاز) بڵاوبوونەوەی ئایدیۆلۆژیای نوێی (عەرەبی-ئیسلامی وەک دونیابینییەتی عەرەبایەتی) بوو کە دواجار دەبێتە کرۆکی ئیمپریالیزمی عەرەبی-ئیسلامی، هەر لە خەلافەتی ڕاشیدینەوە کە بریتییە لەسەر ڕێگاخستنی کەمپینێکی توندوتیژی و دوژمنکارییەکان لەپێناو دەسەڵاتێکی بەربڵاوی ئیسلامی پڕ لەو داگیرکاری و دوژمنکارییە دژ بە دەرەوەی نیمچەدوورگەی عەرەبی.

داگیرکارییەکانی دوای مەرگی محەممەد بە هیچ شێوەیەک داکۆکیکارانە نەبوون، بەڵکوو

دوژمنکارانە بوون، داگیرکارانە بوون، ئیمپریالیستیانە بوون، کۆلۆنیالیستیانە بوون. هەر لەبنەڕەتەوە ئیستعمار لە ئیسلامەوە دێت. ئیسلام لەبنەڕەتدا ئیستعمارێکی عەرەبیی ترسناک بووە کە بەربەرانە هاتووە و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی داگیر کردووە، کە خاکی نەتەوەکانی دیکە بووە. ئیسلام بە بەرگی ئایدیۆلۆژیانەی دونیابینییەکی ئیمپریالیستی عەرەبییە کە هەر لەبنەڕەتەوە بۆ داگیرکردن و تاڵانکردن و داگیرکاری دامەزراوە و داهێنراوە. هەموو کتێبی پیرۆز و دەقی حەدیسەکانیان بەڵگەی ئەم دونیابینییەن.

خولەفای ڕاشیدین هێرشی دوژمنکارانەیان ڕێکخست بۆ چەسپاندن و بڵاوکردنەوەی حوکمڕانیی عەرەبی-ئیسلامی، سەرەتا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە دواجار بۆ هیندستان و ئێران و میسر و شوێنەکانی دیکە لەوانە باکووری ئەفریقیا و بەشێک لە ئەورووپا. ئەم داگیرکارییانە داکۆکیکارانە نەبوون، ئەمە درۆیەکی گەورەیە، بەڵکوو دوژمنکارانە، داگیرکارانە، هێرشبەرانە و بە مەبەستی تاڵانکردن و داگیرکاری و وێرانکاری بوون.

.

ئیسلام هیچ کاتێک، جگە لە شمشێر، بە هیچ شتێکی دیکە بڵاو نەبووەتەوە. ئیسلام و شمشێر و جیهاد و داگیرکاری چوارینەیەکی لێکدانەبڕاون تا ئەمڕۆ و تا ئەم چرکە ساتە.

## خەلافەتی ئەمەوی (٦٦١ - ٧٥٠ ز)

ئەم پاڵنەرە ئیمپریالیستییە بەدەستوور کرا و ئیمپراتۆرییەتێکی گەورەی دروست کرد. ئەمەوییەکان نەک تەنیا ئەفکاری عەرەبی-ئیسلامییان بڵاو کردەوە، بەڵکوو دامەزراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیشیان دروست کرد. لێرەدا کارش (نووسەری ئەم کتێبی بەرباسی ئێمە) دەڵێت کە ئەمەوییەکان جزیە (Jizya)یان سەپاند. جزیە جۆرە باجێکی تایبەت بوو بۆ سەر مەسیحی و جوولەکەکان، کە باجی ئەوەیان دەدا کە نەبوونەتە موسڵمان، واتە باجی ڕیسوایی. لێرەدا ئەم باجە ڕەنگدانەوەی سووککردن و ئازاردان و ستەمکارییە، کە خودی باجەکە بە مەبەستی گەیاندنی ئەم مانایە داهێنراوە. بەڵام لەیادمان بێت، لە سەپاندنی ئەم باجەدا، ئامانج و مەبەست بریتیی بوو لە سەپاندنی ئایدیای سەروەریی موسڵمانەکان و سووکوسەلیمی مەسیحی و جوولەکەکان.

## خەلافەتی عەباسی (٧٥٠ - ١٢٥٨)

ئەم خەلافەتە درێژەی دا بە تموحە ئیمپریالیستییەکانی عەرەب. لێرەدا کارش، نووسەری کتێبەکە، پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی گوایە عەباسییەکان گرنگییان داوە بە کولتوور و فەرهەنگ و زانست و پزیشکی و حیکمەت لە بەغداوە. هەر ئەوان «خانەی حیکمەت»یان دامەزراند و گرنگییان بە فەلسەفە و وەرگێڕانی فەلسەفەی یۆنانی دا. دیارە ئەو قۆناغە قۆناغێکی زێڕینە، بەڵام لەڕووی سیاسییەوە هێشتا کێشەدارە. ئەوە جگە لەوەی کە ئەو قۆناغە بەردەوامیی خۆی وەرنەگرت و لە شوێنێکدا تووشی نوشوستی بوو؛ نوشوستییەکی گەورەی شارستانی!

## ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی (١٢٩٩ - ١٩٢٢)

نوێنەرایەتیی ئیمپریالیزمێکی تەواو عەیاری ئیسلام دەکات. سەرەتا وەک دەوڵەتۆچکەیەکی ئەنادۆڵ دەست پێ دەکات. عوسمانییەکان بەرفراوان دەبن و بەرەو ئەوروپا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا هەڵدەستن بە دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتێکی فرەئەتنیکی کە گوایە حوکمی دەکات بەناوی پرەنسیپەکانی ئیسلام (؟)

کارش لە کتێبەکەیدا وا وەسفی داگیرکردنی ئیستانبوڵ لە ساڵی ١٤٥٣دا دەکات وەک خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی ناوچەکە و لە مێژووی ئیسلامدا. بەتایبەتی داگیرکردنی پایتەختی بێزەنتی کۆتاییهێنان بوو بە شارستانییەتێکی یەک هەزار ساڵی کە لە شوێنیدا هیچ بینا نەکرا، کەلاوەیەک مایەوە کە ناوی تورکیایە. تورکیا نە شارستانییەتە و نە کولتووره و نە نەریتە (تڕادسیۆنە)، تەنیا و تەنیا بۆشاییەکی ڕۆحیی گەورەیە کە ژاوەژاوێک دەیەوێت پڕی بکاتەوە کە ناتوانێت.

لە کاتێکدا کەوتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩٢٢دا سەرەتایەکی مێژوویی بوو بۆ کۆتاییهاتنی خەلافەتی ئیسلامی، بەڵام خەون و دیدگا بۆ ئیمپراتۆریەتێکی ئیسلامی لەسەر ئاستی جیهان کۆتایی نەهات. بگرە، بزووتنەوە ئیسلامییە فاشیستەکان لێرەوە سەریان هەڵدا و بۆ هەمان ئامانج و ستراتیژی کاریان کرد؛ لەوانە ئیخوان موسلیمین، قاعیدە، داعش، یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی، و بزووتنەوەکانی مەلا کرێکار و مەلا هەڵۆ. ئەمانە خەون بە فاشیزمی ئیسلامییەوە دەبینن

و دەیانەوێت ببنە سووتەمەنیی ئەو بزووتنەوەیە. دەیانەوێت ببنە بەشێک لەم جیهانە بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای جیهادی ئیسلامی لەپێناو بڵاوکردنەوەی فاشیزمی ئیسلامی. ئیسلامییەکان لە کوردستان ئەمڕۆ هوشیارن و کێشەیان نییە. ئەوەی کێشەی هەیە، غەفڵەت و دەبەنگیی بزووتنەوەی کوردایەتییە کە ناحاڵین و تێناگەن چی دەگوزەرێت!

قاعیدە و داعش هەڵگری فاشیزمی ئیسلامین کە بە فەرمی بانگەشە بۆ جیهاد و خەلافەت دەکەن. لە کاتێکدا داعش (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) خەلافەتی ئیسلامی لەساڵی ٢٠١٤دا ڕاگەیاند. ئەو خەلافەتە بەشێکی دانەبڕاوە لە مێژووی خەلافەتی ئیسلامی، لە محەمەدەوە تا بەغدادی. واتە ئەوەی داعش لە عێراق و سووریا کردی، بەشێکی دانەبڕاوە لە ڕەوتی مێژوویی ئیسلام، لە جیهادی ئیسلامی، لە خەلافەتی ئیسلامی و لە حوکمڕانیی ئیسلامی. گەر سبەینێ مێژووی خەلافەتی ئیسلامی بنووسرێتەوە، بە ناچاری و بە زەرورەت دەبێت حوکمڕانیی داعش وەک خەلافەتێکی ئیسلامی یان بەشێکی جەوهەری لە حوکمڕانیی ئیسلامی دابنرێت. ئەوەی دەڵێت داعش ئیسلامی نییە، یەک دوو نووسەری کورد تەشویقی ئەم قسە پڕوپووچانەیان کردووە و خۆیان لەو هەموو بەرپرسیارێتییە دزیوەتەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەوان نووسەری سەر بە حیزبی دەسەڵاتن و کادری سۆشیال دیموکرات بوون.

## چەمکی ماڵی ئیسلام و ماڵی جەنگ

چوارچێوەی کۆلۆنیالیزم و دابەشکردنی جیهان، وەک ئەوەی کە تەنیا لە ئیسلامدا هەیە، دابەشکردنێکی فاشیستیانەی ترسناک و پڕخوێنە لەنێوان:

- ماڵی ئیسلام (Dar al-Islam)
- ماڵی جەنگ (Dar al-Harb)

ئەمە شتێکی زۆر گرنگ دەربارەی ئیسلام ڕوون دەکاتەوە، ئەویش زەینێتی ئیمپریالیستی و کۆلۆنیالیستی عەرەبی-ئیسلامییە بە پلەی ئیمتیاز.

ئەم دابەشکردنە ئیلاهییە (Theological) جۆرێک لە حوکمڕانیی ئیسلامی بەسەر خاک و

جوگرافیای ناموسوڵمانەکاندا دەسەپێنێت. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ئەمە لەڕێگەی جیهادەوە جێبەجێ دەکرێت، کە جیهاد تەنها عەقیدەیەکی شەڕکەرانە (قیتالی)یە و هیچی دیکە نییە. لەبەرانبەردا، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ، بزووتنەوە ئیسلامییە هاوچەرخەکان وەک حەماس، یەکگرتوو، حیزبوڵڵا، و داعش وا وێنا دەکرێن کە پەرچەکردارن دژ بە ئیمپریالیزمی ڕۆژاوا، کە چاپەمەنییەکانی ئەوروپا بەم کارە هەڵدەستن.

ئەم دابەشکردنەی نێوان ماڵی ئیسلام و ماڵی جەنگ، لەبنەڕەتدا دابەشکردنێکی فاشیستیانە و بەربەرییانەیە. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕووی نەداوە کە مرۆڤەکان و جوگرافیای کۆمەڵگەکان بەم شێوەیە دابەش بکرێن. گوتاری عەرەبی-ئیسلامی لەم دابەشکردنەدا هەموو سنوورەکانی عەقڵ، ئەخلاق، مەدەنییەت، یاسا و ئیتیکی بڕیوە. بە کارێک هەستاوە کە هیچ ئایدیا، دونیا بینی، قوتابخانەیەکی فکری، ئایینزا، ئایین یان ئایدیۆلۆژیایەک جورئەتی نەکردووە ئەو وێنەیە بکێشێت، ئەو سنوورە دیاری بکات، ئەو جوگرافیایە لەسەر نەخشە دیاری بکات. هیچ ئەندازیارێک جورئەتی نەکردووە ئەم نەخشەیە بکێشێت، هێڵکاری دیاری بکات و بڵێت: «ئەمە... ئەمەیە!»

ئەی چۆنە ئێستا ئەم جوگرافیایە دیاری دەکرێت؟ یاخود چۆن دیاری دەکرێت؟ لە دوایین پێناسەدا، ئیمپریالیزمی ئیسلامی تەنها بریتی نییە لە دیاردەیەکی مێژوویی، بەڵکو بریتییە لە هێزێکی کارا لەناو فەزای جیۆپۆلیتیکدا، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەکاتێکدا ئیسرائیل ناوزەد دەکرێت بە دەسەڵاتێکی داگیرکەر، بەڵگەکان ئاماژە بە ئیسلام دەدەن وەک هێزێکی ئیمپریالیستی لە مێژوودا. هێز و ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی-عەرەبی لەڕێگەی داگیرکردن و داگیرکارییەوە ناسراوەتەوە. ئێستا ئێمە چاومان کراوەتەوە و دەبێت ئەو سەرچاوانە بخوێنینەوە کە پەلمان دەگرن بەرەو ڕاستییە مێژووییەکان و بە هەموو توانایەکمانەوە دژ بە پڕوپاگەندە، ستەمکاری و دۆگمای ئایینی بوەستین، لەپێناو خۆڕزگارکردن و ئازادبووندا.

# خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی
# "فەلسەفە و ژیار لە سەدەکانی ناوەڕاستدا"


وەرگێڕان و ئامادەکردنی: عەبدولخالق یەعقووبی

توێژەری بواری هزر و ئەدەب




فەلسەفەی سکۆلاستیک (Scholasticism) ڕەوتێکی فەلسەفی-لاهووتییە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی لە ئەورووپای مەسیحیدا، سەری هەڵدا و ئامانجی بریتی بوو لە هاوسەنگکردنی باوەڕی ئایینی لەگەڵ عەقڵ و بەڵگەی فەلسەفی. ئەم قوتابخانەیە لە سەدەی ٩ تا سەدەی ١٧ی زایینی خایاند و گەشەسەندنی هەرە گەورەی لە سەدەکانی ١٢ و ١٣دا بوو. کتێبی «فەلسەفە و ژیار لە سەدەکانی ناوەڕاستدا» نووسینی مۆریس دی ئۆلف، پرۆفیسۆری فەلسەفە لە زانستگەی لۆڤان و هارڤارد، ئەندامی ئەکادیمیاکانی بروکسل و مەدرید، کتێبێکە تێیدا نووسەر هەوڵی داوە لە گۆشەنیگایەکی نوێوە سەدەکانی ناوەڕاست تاوتوێ بکات و نیشان بدات کە چۆن تێڕوانینی ئەم قۆناغە پەیوەندییەکی نزیکی بە ژیاری (شارستانییەتی) ڕۆژاواوە هەیە. ناوبراو لەنێوان فەلسەفەکاندا، فەلسەفەی سکۆلاستیکی (فەلسەفەی قوتابخانەیی یان مەدرەسی) کە فەلسەفەی باڵادەست بووە، خستووەتە ڕوو و پەیوەندییەکەیی لەگەڵ ئیلاهیاتدا خستووەتە ژێر تیشکی سەرنجەوە، هەروەها کاریگەریی ئیلاهیات و فەلسەفە لەسەر یەکتر و کاریگەریی فەلسەفەی لەسەر ڕەهەندەکانی تری ژیار وەک هونەر و دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان شرۆڤە کردووە.

ئامانجی نووسەر لەم کتێبەدا ئەوەیە کە لە گۆشەنیگایەکی نوێوە سەدەکانی ناوەڕاست تاوتوێ بکات و نیشان بدات کە چۆن تێڕوانینی ئەم قۆناغە، کە میتافیزیکی لەخۆ گرتووە، پەیوەندییەکی نزیکی بە ژیاری ڕۆژاواوە هەیە. ئەو گۆشەنیگایەی نووسەر لەم کتێبەدا بەکاری دەهێنێت، ڕەهەندەکانی پەیوەندیی نێوان فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستە، کە لەڕاستیدا فەلسەفە لەگەڵ فاکتەرەکانی تری ژیاردا وەک ئایین، هونەر، زانستەکان، سیاسەت و جڤاک وەک یەک کۆمەڵەی لێکتەنراو لەبەرچاو دەگرێت و ڕەنگدانەوەی ژیار لە فەلسەفەی سەدەکانی دوازدە و سێزەدا شی دەکاتەوە. لەنێوان فەلسەفەکاندا، فەلسەفەی سکۆلاستیک کە فەلسەفەی باڵادەست بووە، باس کراوە و پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئیلاهیاتدا جێگەی سەرنج بووە. کاریگەریی ئیلاهیات و فەلسەفە لەسەر یەکتر و کاریگەری فەلسەفە لەسەر ڕەهەندەکانی تری ژیار، وەک هونەر و دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، بوونەتە جێگەی بایەخی نووسەر. نووسەر لەنێوان دۆکتۆرینەکانی (کۆمەڵە بیروباوەڕ) فەلسەفەی سکۆلاستیکدا، سێ دۆکتۆرینی خستووەتەڕوو کە پەیوەندییەکی نزیکیان بە ژیارەوە هەیە: فەلسەفەی عەقڵانی،

میتافیزیک، و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی کە پەیوەندیی بە ژیانی سیاسی و ئایینییەوە هەیە. هەروەها چەمکی پێشکەوتنی مرۆیی لەم ڕێگایەدا خراوەتە ڕوو و هەندێک لە بۆچوونە دژەکانی سکۆلاستیک بە مەبەستی بەراوردکردن هێنراونەتەوە. نووسەر بانگەشەی ئەوە ناکات لەم کتێبەدا هەموو بابەتە پەیوەندیدارەکانی خستووەتە ڕوو، بەڵکوو هەوڵی داوە ڕێبازێکی نوێ بێنێتە ئاراوە. لەم نووسینەدا، خوێندنەوەیەک بۆ کتێبەکە لەسەر بنەمای پێکهاتەی بەشەکانی کتێبەکە پێشکەش دەکەین.

## بەشی یەکەم: پێشەکی

نووسەر لە پێشەکیی کتێبەکەیدا، لایەنە پەیوەندیدارەکانی فەلسەفە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەو ڕێگایانەی بۆ لێکۆڵینەوە لە سەدەکانی ناوەڕاست بەکارهێنراون و، گرنگیی سەدەکانی دوازدە و سێزدەی زایینی لە ژیاری سەدەکانی ناوەڕاستدا تاوتوێ دەکات. نووسەر پێی وایە لە لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کەمتر بایەخ بە بارودۆخی مێژوویی ئەم سەدانە دراوە. نووسەر لەم بارەیەوە دەنووسێت: «لە توێژینەوەی ئێمەدا سەبارەت بە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست، ناکرێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئەو سەردەمە، ناسینێکی دروستمان لەسەر فەیلەسوفانێک وەک ئەنسلم (Anselm) و تۆماس ئەکویناس ( Thomas Aquinas) دەست بکەوێت.» بە بڕوای نووسەر، نابێت زۆر تیشک بخرێتە سەر کەسایەتییەکان بە جیا، بەڵکوو دەبێت ڕۆحی فەلسەفیی ئەو سەردەمە و تێگەیشتنی ئەوان لە ژیان و ڕاستی تاوتوێ بکرێت (ل ٤). بۆ تێگەیشتن لە ژیاری سەدەکانی ناوەڕاست، دەبێت ئەمە قبوڵ بکرێت کە ژیاری ئەم سەردەمە وەک سەردەمی ئێمە نییە و فاکتەرەکانی، واتایەکی جیاوازیان هەیە و بۆ مرۆڤەکانی سەردەمێکی جیاواز دروست کراوە. جگە لەوەش، بۆ تێگەیشتن لەم ژیارە دەبێت بەبێ ناوبژیوانی لە چۆنیەتیی بیرکردنەوەیان بڕوانین و سەیری فاکتەرەکان و پێکهاتەی ناوخۆییان بکەین.

هەروەها، دەبێت هەندێک فاکتەر وەک کۆمەڵەیەکی یەکپارچە تاوتوێ بکرێن و نابێت دامەزراوەکانی ئەو سەردەمە بە سەردەمی ئەمڕۆ بەراورد بکەین؛ چونکە ئەم بەراوردکردنە بێمانا دەبێت (ل ٧). بە بڕوای نووسەر، ئەگەر بمانەوێت لە ژیاری سەدەکانی ناوەڕاست تێبگەین، دەبێت ئاماژە بە

پێوەرێکی جێگیر بکەین و ئەویش شەرەف و بەهای سروشتی (چییەتیی) مرۆڤە (Human Nature). سروشتی مرۆڤ سەرەڕای گۆڕانکارییە مێژووییەکان، ناچارەکی جێگیر دەمێنێتەوە و، ئەمەش یەکێک بووە لە دۆکتۆرینە باوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست. ژیاری سەدەی سێزدەهەم یەکێکە لەو ژیارانەی گەیشتووەتە ئاستێکی بەرزی گەشەسەندن؛ چونکە ئیلهامە تایبەتەکانی مرۆڤ لەو سەردەمەدا خۆیان دەرخستووە. لە ستایشکردن یان سەرزەنشتکردنی فاکتەرەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا، بارودۆخی سەدەکانی ناوەڕاست بە بارودۆخی زانینی خۆمان بەراورد ناکەین، بەڵکوو ئەم فاکتەرانە بە شەرەف و سروشتی مرۆڤ دەپێوین (ل ١٠-١١).

لێکۆڵینەوە و ناسینی سەدەکانی دوازدە و سێزدە لەبەر ئەوە پێویستە کە ئەم دوو سەدەیە لەڕاستیدا دڵی سەدەکانی ناوەڕاستن. نووسەری کتێبەکە لێکۆڵینەوەکانی خۆی بەم دوو سەدەیە سنووردار دەکات؛ چونکە لەم قۆناغەدا ژیاری سەدەکانی ناوەڕاست شێوەیەکی دیاریکراو بە خۆیەوە دەگرێت. بە بڕوای نووسەر، سێ هۆکار لە داڕشتنی ژیاری سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕۆڵیان هەیە: میراتی بەدەستهاتوو لە جیهانی کۆن، کاردانەوەی کارایی و ناچالاکیی نەتەوە نوێیەکان (سێڵت و تیوتۆنی)، و ڕێنمایی ڕێپیشاندەرانەی مەسیحییەت. سەدەی سێزدەهەم، بەهاری ژیاری سەدەکانی ناوەڕاستە و هەموو دەرکەوتنە باڵاکانی ڕۆحی مرۆڤ کە ژیار پێکدەهێنێت و پێشکەوتنی دیاری دەکات، لەوانەش ئابووری، سیاسەت، خێزان و کۆمەڵ لەم قۆناغەدا ئاشکرا دەبن. لەنێوان ئەم هۆکارانەدا، سەرەتا دامەزراوە سیاسییەکان گەشە دەکەن، لە کاتێکدا فەلسەفە لە هەموویان درەنگتر دەگاتە قۆناغی پێگەیشتن و تەواوبوونی خۆی (ل ١٣). دووەمین هۆکار کە نووسەر تیشک دەخاتە سەر سەدەکانی دوازدە و سێزدە، بیچمگرتنی فەزای فەلسەفەی ڕۆژاوا لەم قۆناغەدایە. هەموو مێژوونووسان فەرەنسا بە پێشەنگی ئەم قۆناغە دەزانن و، لە فەرەنسا بوو کە بیرۆکەی فیۆداڵی بیچمی گرت و هەروەها ڕێبازی بێندیکتی (Benedict) جوامێریی (Chivalry) ڕیفۆرمەکانی ئایینی و ڕەببانی، هونەری گۆتیک و ڕۆمانی هەموویان بەرهەمی ئەو کەشوهەوایە بوون کە لە فەرەنسادا باڵادەست بوو. سەدەی سێزدەهەم شایەتی داڕشتنی نەتەوە گەورەکانی ئەوروپا بوو. لە تایبەتمەندییەکانی ئەم سەدەیە جیهانگەری (Cos-mopolitan) و یەکێتی و یەکپارچەیی بوو. هەرچەندە لە ڕوانگەیەکی گشتییەوە سەدەی دوازدەهەم

گرنگیی زۆری هەیە، بەڵام لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە سەدەی سێزدەهەم گرنگییەکی زیاتری هەیە؛ چونکە هەمیشە ژیار خێراتر لە فەلسەفە گەشە دەکات و فەلسەفە بەرهەمی ژیارە (ل ١٤-١٥). لە سەدەی دوازدەهەمدا، کەنیسەکان وردە وردە لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا کاریگەر بوون. داب و نەریتەکانی فیۆداڵیزم و جوامێری وەک تایبەتمەندییەکانی ئەو سەردەمە بڵاو بوونەوە. لە ژیاری سەدەی سێزدەهەمدا، حکوومەتی پاشایەتیی فیۆداڵی هەموو ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەی کە بۆ ژیانی نەتەوەیی پێویستن لەخۆ دەگرێت. خۆشگوزەرانیی ماددی زیاد دەکات و پەیوەندیی نێوان نەتەوەکان گەشە دەکات. ئایینیش لە یەکێتی و یەکپارچەییدا ڕۆڵێکی زیاتر پەیدا دەکات و دەچێتە ناو هەموو ڕۆحییەتەکان و ژیانی گشتیی ئەو سەردەمەوە. سیستەم و بیرۆکە فەلسەفییەکان بەلێشاو دەردەکەون و لەنێوان ئەم سیستەمانەدا، فەلسەفەی سکۆلاستیک لەگەڵ ئەم سەردەمەدا خۆ دەگونجێنێت. بە سێ هۆکار ئەم فەلسەفەیە جێگەی سەرنجە: یەکەم ئەوەی ئەم فەلسەفەیە ڕەهەندی پەیوەندیی هەیە کە لەگەڵ چالاکییەکانی تردا هاوسەنگە و یەکتر دەخوێننەوە، دووەم ئەوەی کە زۆرێک لە بنەماکانی کاریگەریی بیرۆکە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیان تێدایە و سێیەم ئەوەی فەلسەفەی سکۆلاستیک فەلسەفەی ئەو کەسانەیە لە پێشەنگی بزووتنەوەی کولتووریی سەدەی سێزدەهەمدا بوون. نووسەر لە بەشەکانی دواتری کتێبەکەیدا سەرقاڵی سەلماندنی ئەم خاڵانە دەبێت (ل ١٨).

## بەشی دووەم: تاوتوێکردنی ژیار لە سەدەی دوازدەهەمدا

لەم بەشەدا نووسەر تیشک دەخاتە سەر ئەورووپای فیۆداڵی و کاریگەرییەکانی مەسیحییەتی کاسۆلیکی و هەروەها بەها و شەرەفی تاکەکەسی، شێوازە هونەرییە نوێیەکان و کاریگەرییەکانی فەرەنسا لەسەر سەدەی دوازدەهەم تاوتوێ دەکات. بە بڕوای نووسەر، بۆ تێگەیشتن لە ڕەنگدانەوەی ژیاری سەدەی دوازدەهەم لە فەلسەفەکەیدا، دەبێت سەرنجێکی گشتی بەو توخمانە بدرێت کە پەیوەندییان بە ژیانی هزرییەوە هەیە، وەک دامەزراوە سیاسییەکان، ئایدیالە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان، ستانداردەکانی هونەر و بیروباوەڕی ئایینی. فیۆداڵیزم لەو سەردەمەدا باو بوو. بارۆنەکان، دوکەکان و

لۆردەکان لە قەڵاکانی خۆیاندا دەژیان و کەم تا زۆر مافی موڵکایەتیی خۆیان هەبوو. ئەوان بەپێی ئەو گرێبەستە ئازادەی کە لەنێوانیاندا هەبوو دەژیان. لە سەدەی سێزدەهەمدا، ئاراستەیەک بەرەو ناوەندگەرایی (Centralization) هاتە ئاراوە و دواتر بەهێزتر بوو. ئینگلتەرا و فەرەنسا بەرەو چڕکردنەوەی دەسەڵات هەنگاویان نا، بەڵام ئەڵمانیا وردە وردە ڕەهەندێکی زیاتر فیۆداڵیی دروست کرد. حکوومەتی پاشایەتی و فیۆداڵیزم لە فەرەنسا و ئینگلتەرادا هاوشێوە بوون. ئیسپانیا لەژێر کاریگەریی ڕۆژاوا و ژیاری عەرەبیدا بوو، بەتایبەتی باشووری ئیسپانیا لەژێر کاریگەریی ژیاری عەرەبیدا بوو و ڕۆڵی خۆی لە بزووتنەوەی فەلسەفی سەدەی سێزدەهەمدا بینی.

کەواتە، تایبەتمەندیی سەرەکیی دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەم قۆناغەدا فیۆداڵیزم بووە. فەرەنسا خاڵی دەستپێکی فیۆداڵیزم بوو و ئینگلتەرا و بەشێک لە ئیتاڵیا و ئیسپانیا و ئەڵمانیا و هەموو ئەورووپای ڕۆژاوا لەژێر کاریگەریی فیۆداڵیزمدا بوون (ل ٢١-٢٣). کەنیسەی کاسۆلیک پەیوەندییەکی نزیکی بە سیستەمی فیۆداڵەوە هەبوو. سەدەی دوازدەهەم سەردەمی زێڕینی کەنیسەکانە. کەنیسەی کلوونی و سیتوکس کە دوو لقی گرنگی بیروباوەڕی بێندیکت بوون، لە سەرانسەری فەرەنسا و ئەورووپا بڵاو بوونەوە (ل ٢٤). سامانە زۆرەکەی کلوونی بووە هۆی داڕمان و پاشان سیتوکس بڵاو بووەوە. ئەوان هەوڵیان دەدا سیستەمی کۆیلایەتی هەڵوەشێننەوە. نووسەر ئاماژە بە ڕۆڵی قەشەکان و پاپاکان دەدات و پێی وایە بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێگەی پاپا ناتوانین لە دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەورووپا تێبگەین. پاپا دوای ڕزگاربوونی لە دەستی ئیمپراتۆری ئەڵمانی، بوو بە هێزێکی ڕۆحی لە جیهاندا و لە ماوەی سەدەی دوازدەدا حکوومەتێکی خودایی و ئایینی خەریک بوو بیچمی دەگرت کە لە سەدەی دواتردا گەیشتە لووتکە. پاپاکان کاریگەریی سیاسی بەهێزیان لەسەر پاشاکانی مەسیحیی ئەو سەردەمە هەبوو (ل ٣٣). لەژێر کاریگەریی کلوونی، هەستە فیۆداڵییەکان ڕەنگ و شێوازێکی مەسیحییان بە خۆیانەوە گرت و، هەروەها لە سەدەی دوازدەدا بوو کە شێوازێکی نوێی هونەر دروست بوو و کەنیسەکان بە شێوازی ڕۆمانی دروست کران. ئەم تەلارسازییە شێوازێکی یەکگرتوو و یەکشێوەی نەبوو و ئامرازگەلی ڕازاندنەوەی تێدا بەکار دەهات. لە سەدەکانی دوازدە و سێزدەدا فەرەنسا چاو و مێشکی ئەورووپا بوو. مێژوونووسی ئەڵمانی لامپرێخت باڵادەستیی بیرۆکە فەرەنسییەکان لە ئەڵمانیادا پشتڕاست

دەکاتەوە. ڕاهیبەکانی کلوونی شێوازی تەلارسازیی کلوونییان هێنایە ڕاین و ڕاهیبەکانی سیتوکسیش تەلارسازیی شێوازی گۆتیکیان هێنا. کەواتە، بە بڕوای نووسەر لە سەدەی دوازدەدا بەردی بناغە دادەنرێت و هێزە گەورەکان بیچم دەگرن، بەڵام هێشتا چالاکییەکانی ئەم هێزانە یەکناگرنەوە و ڕۆحی ناوچەیی کە فەرەنسا، ئینگلتەرا و وڵاتانی تری بە ناوچە فیۆداڵییە بچووکەکان دابەش دەکرد و لە کارە هونەرییەکانیشدا دیار بوو، لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاییینی ئەو سەردەمەدا باڵادەست بوو (ل ٣٨).

## بەشی سێیەم: ڕەنگدانەوەی ژیار لە فەلسەفەدا

لەم بەشەدا، نووسەر بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەنگدانەوەی ژیار لە فەلسەفەدا، تیشک دەخاتە سەر دۆخی قوتابخانەکانی فەلسەفە، هاتنی بیانییەکان بۆ قوتابخانەکانی فەرەنسا و هەروەها جیاوازیی نێوان فەلسەفە و هونەرە ئازادەکان و ئیلاهیات و، نیشان دەدات کە بیرۆکەی فیۆداڵیی بەهای تاکەکەسی لەگەڵ دۆکتۆرینی فەلسەفیی ڕەسەنایەتیی تاکەکەسیدا گونجاوە. لە سەدەکانی دوازدە و سێزدەدا، حکوومەت کۆنترۆڵی لەسەر پەروەردە نەبوو، بۆیە قوتابخانەی سەربەخۆی زۆر لە دەوروبەری کەنیسە و پەرستگاکان دروست بوون. هەر قوتابخانەیەک هەوڵی دەدا بە زیادکردنی ئازادی و ڕاکێشانی مامۆستای ناسراو، سەروەریی خۆی بەسەر قوتابخانەکانی تردا بسەپێنێت. لەنێوان مامۆستا بەناوبانگەکانی سەدەی دوازدەهەمدا دەتوانین ناوی ئەنسلم، ئابالرد و هۆگۆ بهێنین. لە سەردەمی ئابالرددا، هاتنی قوتابخانە فەرەنسییەکان لەلایەن بیانییەکانەوە گەیشتبووە لووتکە. هاتنی خوێندکارانی ئینگلیزیش زیادی کرد؛ چونکە هیچ سەنتەرێکی فێرکردن لە بەریتانیا نەبوو (ل ٤٠-٤١). کەسانی ئایینیی ئەڵمانیاش چوونە قوتابخانە فەرەنسییەکان. ئیتاڵیاش پیاوانێکی ناردە فەرەنسا. قوتابخانە فەرەنسییەکان بەپێی ناوبانگ و ناوداربوونی مامۆستاکانیان پۆلێن دەکران. ناوبانگی ئابار لە قوتابخانەکانی کاسیدراڵ و سانت جینیڤیۆ زۆر مامۆستا و خوێندکاری ڕاکێشایە پاریس. خۆجێییبوونی ئەم قوتابخانانە نەبووە ڕێگر لە یەکگرتن و یەکپارچەیی لە شێوازی وانەوتنەوەیاندا و ئەم یەکڕەوتییە، زەمینەی بۆ بڵاوبوونەوەی وانەوتنەوەی فەلسەفە لە زانستگەکاندا خۆش کرد. خۆجێییبوون (Localism) و ناوەندگەرایی هەردووکیان پێکەوە تێکەڵ بوون و وایان کرد فێربوون و وانەوتنەوە تەنها تایبەت بە چینێکی کۆمەڵایەتی، واتە پیاوانی ئایینی بێت.

زمانی لاتین یەکگرتوویی و یەکپارچەیی لەنێوان مامۆستایانی ڕۆژاوادا دروست کرد، بەڵام کۆچی خوێندکاران و زانایان لە قوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی دیکە بووە هۆی داهێنان لە شێوازی پرۆگرام و وشەسازی (ل ٤٥-٤٦).

مژاری دووهەم کە نووسەر سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی ژیار لە فەلسەفەدا دەیورووژێنێت، پەیوەندیی بە سنووردارکردنی بوارەکانی نێوان زانستەکانەوە هەیە. لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا، پرۆگرامەکانی خوێندن پێک هاتبوون لە تەوەرەیەکی سێ قۆڵی (دیالێکتیک، ڕێزمان و ڕەوانبێژی) و تەوەرەیەکی چوار قۆڵی (مۆسیقا، ئەندازە، بیرکاری و فەلەکناسی)، بەڵام ئەم جۆرە پرۆگرامە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا سنووردار دادەنرا، بۆیە فەلسەفە پێگەیەکی تایبەتی لە دەرەوەی هونەرە جوانەکاندا پەیدا کرد و ئیلاهیاتیش بووە خاڵی سەرنج. دەوترێت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا فەلسەفە بەهەڵە لەگەڵ دیالێکتیکدا تێکەڵ دەکرێت، بەڵام کەسانێک وەک ئەنسلم نەک تەنها دیالێکتیکیان خوێندووە، بەڵکوو پێگەیەکی سەربەخۆیان بۆ فەلسەفە دروست کردووە (ل ٤٦-٤٧). لە کۆتاییەکانی سەدەی یازدەهەمدا، فەلسەفە پێشکەوتنی بەخۆوە بینی و لە ناوەڕاستی سەدەی دوازدەهەمدا کۆمەڵێک دۆکتۆرینی هەبوو. فەلسەفە کاریگەریی لەسەر هونەرە جوانەکانیش دانا. لە سەدەی دوازدەهەمدا، هونەرە جوانەکان و ئیلاهیات لە فەلسەفە جیا کرانەوە و سنوورەکانیان ڕوون کرایەوە. دۆکتۆرینە فەلسەفییەکان لە هەوڵەکانی سەدەی دوازدەهەمەوە سەریان هەڵدا. لە تاوتوێکردنی ڕەنگدانەوەی ژیار لە فەلسەفەدا دەگەینە خاڵی سێیەم کە هاماهەنگییەک لەنێوان تێگەیشتنی فیۆداڵییەت لە بەهای کەسی و دۆکتۆرینی فەلسەفیی ڕەسەنایەتیی تاکدا هەیە.

## بەشی چوارەم: هەستانەوەی گەورەی فەلسەفە لە سەدەی سێزدەهەمدا

لەم بەشەدا نووسەر تیشک دەخاتە سەر هۆکارەکانی گەشەسەندنی فەلسەفە لە سەدەی سێزدەهەمدا کە بریتیین لە: دەرکەوتنی زانستگەی پاریس و ئۆکسفۆرد، بوونی دوو ڕێبازی گەورەی مەزهەبی (دۆمینیکان و فرانسیسکان) و وەرگێڕان و چاپکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کارە فەلسەفییە گەورەکان کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتوون. هەروەها نووسەر ئەم ئەنجامە گشتییە دەخاتە ڕوو کە لەنێوان

سیستەمە فەلسەفییەکاندا، فەلسەفەی سکۆلاستیک فەلسەفەی باڵادەستە. لەم بەشەدا باس لە پۆلێنکردنی گشتگیری زانستەکان دەکرێت. یەکەم هۆکاری پێشکەوتنی بیری فەلسەفی لە ئەوروپای ڕۆژاوا ئەوە بوو کە بیرمەندانی سەدەی دوازدەهەم بزووتنەوەیەکی سەرەتاییان دەست پێ کرد و ڕۆڵی ئەوان لە ڕێڤاژۆناسی (میتۆدۆلۆژی) و دیاریکردنی سنوورەکانی هەر زانستێکدا بەتەواوی دیارە. سێ هۆکاری دەرەکیی پێشکەوتنی بیری فەلسەفی بریتیین لە: دروستبوونی زانستگەی پاریس، بوونی دوو ڕێبازی ئایینیی گەورە، چاپکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کارە فەلسەفییە گەورەکان کە لە ڕۆژهەڵاتەوە وەرگیراون. لە ناوەڕاستی سەدەی دوازدەهەمدا، قوتابخانەکان بەسەر سێ گرووپ دابەش دەبوون: قوتابخانەکانی کەنیسەی نوتردام، قوتابخانەکانی سەینت ڤیکتۆر و قوتابخانەکانی کەنیسەی جینیڤیۆ (ل ٦٥-٦٦). دوو تایبەتمەندیی دیاریی هەموو زانستگەکان ڕۆحی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدان و بڵاوبوونەوەی پەروەردە بوو. گەشەی قوتابخانە فەلسەفی و ئیلاهیاتییەکانی پاریس بە دروستبوونی دوو ڕێبازی مەزهەبیی دۆمینیکان و فرانسیسکان و کاریگەرییان لەسەر زانستگە خێراتر بوو و بە دارمانی ڕێبازی ڕەبەنایەتیی بێندیکت، ئەم دوو ڕێبازە برەویان سەند و باو بوون. ئەم دوو ڕێبازە لە هەموو بوارەکاندا ڕکەبەرییان دەکرد، بەڵام لە بواری فەلسەفە و ئیلاهیاتدا ڕکەبەرییەکەیان زۆر توند و سەرکوتکەرانە بوو (ل ٧٤-٧٥).

سێیەمین باسێکی دیکە کە دەبێت بایەخی پێ بدرێت، بوونی دەقە فەلسەفییە نوێیەکانە، لەوانە نامیلکەکانی میتافیزیک، فیزیک و نامیلکەی ڕۆح-ی ئەریستۆ کە لە یۆنان و ئیسپانیاوە هێنران. هەروەها، بەرهەمە نوێ ئەفلاتوونییەکان و لێکدانەوە عەرەبییەکان کە گەیشتنە دەستی مامۆستایانی فەرەنسا و، بەرهەمە عەرەبی و جوولەکەکان کە بنچینەیان فارابی بوو و هاتنە ناو گۆڕەپانەکە. لە کۆتاییەکانی سەدەی سێزدەهەمدا بوو کە ڕۆژاوا توانی بەتەواوی ئەم گەنجینە بیانییانە شرۆڤە بکات و ئەو پاشاگەردانییە سەرەتاییەی کە لە بواری وەرگێڕان و لێکدانەوەیدا هەبوو، ڕێکوپێک بکات (ل ٧٨-٧٩). دوو ڕاستیی زەقوزۆپ کە زاڵن بەسەر هەموو بیری سەدەی سێزدەهەمدا بریتین لە فەلسەفەی سکۆلاستیک لە ئەوروپای ڕۆژاوا و پۆلێنکردنی کاریگەری زانستە مرۆییەکانە. بیرۆکەی دژ بە فەلسەفەی سکۆلاستیک هەبوون، لەوانە ماتریالیزم، نوێ ئەفلاتوونیزم و ئاڤێرۆیزم (Averroism).

بۆ نموونە، ئاڤێرۆیزم ڕەسەنایەتیی تاکەکەسیی بیرکردنەوە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت هەموو کەسێک بە ئامرازی یەک ڕۆحی یەکگرتوو بیر دەکاتەوە (ل ٨٣). سەبارەت بە پۆلێنکردنی زانستەکان، کە دووەمین ئەنجامی ژیانی فیکریی سەدەی سێزدەهەمە، ئەم باسە لە ئارادا بوو کە دوو زانست دەتوانن مامەڵە لەگەڵ یەک ماددەدا بکەن، بەڵام گۆشەنیگا جیاوازە و بەم یاسایە، دەکرێت جیاوازیی نێوان زانستەکان ڕێک بخرێت. هەروەها زانستە تایبەتمەندەکان و زانستە گشتییەکان بەم یاسایە دەکرێت بخرێنە ڕوو. فەلسەفە وەک زانستێک بەدوای ناسینی گشتیی شتەکاندا دەگەڕێت. سەدەی سێزدە ئێمە بەرەو گرنگیی گشتێتی کە هی فەلسەفەیە ڕێنمایی دەکات. پۆلێنکردنی زانستەکان پەیوەندییەکی پتەوی بە ژیارەوە هەیە.

## بەشی پێنجەم: ئاراستەکانی یەکخستن (Unifying) و گشتگیری (Cosmopoli-tan)

لەم بەشەدا، نووسەر باسی یاسای کورتبڕی و سیستەمی زەوی-تەوەری (Geocentric) و چەمکی مرۆڤ-تەوەری (Anthropocentric) دەکات و کۆمەڵگای مرۆیی لە فۆرمە ڕامانە (تیۆری) و کردەکانیدا (پراکتیکییەکانیدا) تاوتوێ دەکات. دوو ئەنجامی گرنگی هۆکارە جیاوازەکانی گەشەسەندنی فەلسەفە لە سەدەی سێزدەهەمدا بریتین لە: پۆلێنکردنی زانست و سیستەمی بیرکردنەوەی باڵادەست، واتە سکۆلاستیک. تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی لەم دوو حاڵەتەدا، ئاراستەبوون بەرەو یەکێتی و جێگیرییە و، هەمووان بەدوای هارمۆنییەکی گشتیدا دەگەڕێن. لە فەرەنسادا، فیۆدالیزمی ناوخۆیی لاواز بوو و ناوەندگەرایی شاهانەیی زیاد بوو. دوو جۆر حکوومەت لە ڕۆژاوادا دروست بوو: یەکێکیان دابەشکردنی سەربەخۆیی سیاسی بەسەر بەشەکانی ئیمپراتۆریەتی فیۆداڵدا و ئەوی دیکەیان دەسەڵاتی ناوەندگەرای ئەڵمانی (ل ١٠٢). هەموو ژیارەکان خوازیاری جیهانیبوون، یەکێتی و دروستکردنی سیستەم بوون. ئەم ئارەزووی سیستەماتیزەکردن و ڕێکخستنە، لە هەندێک حاڵەتدا بووەتە هۆی زیادەڕۆیی. بۆ خەڵکی ئەو سەردەمە، زەوی-تەوەریی جیهان و مرۆڤ حوکمڕانی جیهان بوون و، مانگ و هەسارەکان جێگیر دادەنران (ل ١١١). لەو سەردەمەدا، ئەوان بەدوای کۆمارێکی مەسیحیدا دەگەڕان کە هەموو

مرۆڤایەتی بگرێتەوە. بۆ یاسادانەران (Legist) و شەرعزانان (Canonist)، کۆمەڵی مرۆیی وەک کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو دادەنرا کە تێیدا ڕێکخستن لە سەرانسەریدا بوونی هەیە. شەرعزانان باوەڕیان بە ڕامانەی (تیۆریی) دەسەڵاتی ڕەهای پاپا هەبوو و یاسادانەران باوەڕیان بە پاشایەتییەکی جیهانی لەژێر ناوی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی پیرۆزدا هەبوو (ل ١١٩-١٢٠). سەدەی سێزدەهەم خۆی بە ئارام و جێگیر دەزانی و هەموو زانستەکانی پۆلێن کردبوو و، ئەوان (شەرعزانان) پێیان وابوو هەموو پرسەکانی فەلسەفەیان چارەسەر کردووە و هونەر بە هەموو جوانییەکەیەوە لە کەنیسەدا خۆی دەرخستووە. ئەم هەستە ڕەزامەندییە بڵاو بووەوە و سەدان ساڵ بەردەوام بوو. باسێکی دیکە جیهانشموولی و گشتگیرییە (Cosmopolitan)؛ واتە ئارەزووی ئەوەی هەموو شتەکان بە پێوەری جیهانی هەڵسەنگێنرێن و ئەم ئارەزووەش، ئەنجامی ڕێککەوتنێکی بەرفراوان و قبوڵکردنی فەلسەفەیەکی باڵادەستە، واتە فەلسەفەی سکۆلاستیک. لە سەدەی سێزدەهەمدا، لە فەلسەفە و ئیلاهیاتدا یەکێتی و یەکگرتوویی بێوێنە هەبوو. هەروەها لە دامەزراوە سیاسییەکانیشدا جۆرێک لە یەکپارچەیی لەئارادا بوو.

## بەشی شەشەم: گەشبینی (Optimism) و ناتاکەکەسێتی (Impersonality)

لەبەر ئەوەی فەلسەفەی گەشبینی یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی هەموو ژیارێک، لەم بەشەدا نووسەر تیشک دەخاتە سەر گەشبینی لە فەلسەفە، ئایین و هونەردا و تایبەتمەندیی ناتاکەکەسێتی (Impersonality) و مێژووی فەلسەفە تاوتوێ دەکات. متمانە بە توانستە مرۆییەکان مەرجی جێبەجێکردنی کرداریی ئایدیاڵەکانە. فەلسەفەی گەشبینی بە واتای متمانە بە هێزی بەڵگەهێنانەوە و ئارامی و لەسەرخۆیی لە کاری فیکریدا دێت (ل ١٣٥). فەلسەفەی سکۆلاستیک پێی وایە بەختەوەری، تەواوترین قۆناغی گەشەسەندنی کەسایەتیی مرۆڤە و ئەم بیرۆکەیەی هەیە کە تەنانەت خراپترین کەسەکانیش مەیلیان بۆ چاکە هەیە. ئایدیالیزمی مەسیحی، واتە هیوای بەختەوەری لە داهاتوودا، دنەدەرێکی دیکەیە کە دیدگای فەلسەفەی گەشبینی هان دەدات (ل ١٣٦-١٣٧). تایبەتمەندییەکی دیکە کە پەیوەندی بە فەلسەفەی گەشبینییەوە هەیە، تایبەتمەندی ناتاکەکەسێتی و نەبوونی ڕەسەنایەتیی زەین و هەستە. ناتاکەکەسێتیی ئەم فەلسەفەیە لەم ڕاستییەدا ئاشکرا دەبێت

کە ئەوانەی دروستیان کردووە هیچ شتێکیان لە ژیانی سۆزداری و ناوەوەی خۆیان ئاشکرا نەکردووە. فەلسەفەی سکۆلاستیک بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی بوو و تاکەکان زیاتر هەمان دۆکتۆرینەکانیان پەرە پێ دەدا و هیچ شتێکیان بۆ زیاد نەدەکرد (ل ١٤٢-١٤٣).

ڕاستی (هەقیقەت) بابەتێکی هەمیشەییە و بێ گومان دەرەتانی بۆ پێشکەوتن لە زانست و گونجاندنی لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا هەیە، بەڵام بنەماکان بەبێ گۆڕان دەمێننەوە، وەک سروشتی مرۆڤ. تایبەتمەندیی ناتاکەکەسێتی لە سیستەمی گۆتیکدا دەبینرێت کە لە هەموو ڕەهەندەکانیدا لە فەلسەفەی سکۆلاستیک دەچێت و، هەر تاکێک بە شێوازی خۆی لێکی دەداتەوە و لەڕاستیدا هی کەس نییە (ل ١٥-١٤٦).

## بەشی حەوتەم: فەلسەفەی سکۆلاستیک و ڕۆحی ئایینی

لەم بەشەدا، نووسەر پێناسەی فەلسەفەی سکۆلاستیک وەک فەلسەفەیەکی ئایینی دەکات و جیاوازیی نێوان فەلسەفە و ئیلاهیات و کاریگەرییەکانی فەلسەفە لەسەر باوەڕەکانی دیکە تاوتوێ دەکات. هەمووان دان بەوەدا دەنێن کە فەلسەفەی سکۆلاستیکی ڕۆژاوا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەژێر کاریگەری و خزمەتکار و شوێنکەوتووی ئیلاهیاتی کاسۆلیکی بووە. فەلسەفەی سکۆلاستیک فەلسەفەیەکە لە خزمەتی دۆکتۆرینێکدایە کە لەلایەن کەنیسەوە دروست کراوە. بە بڕوای نووسەر، ئەمە پێناسەیەکی ورد و تەواو نییە و دەبێت دۆخی مێژوویی لەبەرچاو بگیرێت و فەلسەفە و ئیلاهیات، هەردووکیان تاوتوێ بکرێن. لە ناوەڕاستی سەدەی دوازدەهەمەوە، فەلسەفە لەڕاستیدا زانستێکی سەربەخۆ و جیا بوو لە ئیلاهیات. مامۆستایانی فەلسەفە و ئیلاهیاتیش لە یەکتر سەربەخۆ و جیا بوون و، ئەم سەربەخۆییەش بە هۆی جیاوازیی دیدگای فەلسەفە و ئیلاهیاتەوە بوو کە لەسەر بابەتەکان هەیانبوو (ل ١٥١). فەلسەفە و ئیلاهیات لەڕووی ئامانج، پێڤاژۆ (پرۆسە) و ڕێگاکانەوە جیاوازن. فەلسەفە و ئیلاهیات هەردووکیان بەشێکی گرنگی ژیارن کە لەژێر کاریگەریی ڕۆحی ئایینیدان. زۆرێک لە سیاسەتمەداران وەک سەینت لویس لە فەرەنسا و ئێدواردی یەکەمی ئینگلتەرا کەنیسە بە بناغە و بنچینەیەکی پێویستی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەزانن (ل ١٥٨).

دەکرێت پەیوەندیی نێوان فەلسەفە و ئیلاهیات لە سێ گرووپدا ڕوون بکرێتەوە: گرووپی یەکەم لە پێشینەی کۆمەڵایەتیی ئیلاهیزانەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و، فەلسەفە جۆرێکە لە ئامادەکاری بۆ خوێندنەوەی ئیلاهیات. مامۆستایانی کۆلێژی ئیلاهیات بەسەر مامۆستایانی تردا باڵادەستن (ل ١٥٩). دووەمین گرووپی پەیوەندییەکان، لە کاریگەریی فەلسەفەوە بۆ ناو ئیلاهیاتی بیرمەندانە (Speculative Theology) و بەرگریکردنی بەڵگەدارانە (Apologetic) بۆ مەسیحییەت بووە کە تەنها کاریگەریی لەسەر ئیلاهیات هەبووە و کاریگەریی لەسەر فەلسەفە نەبووە. ئەم ڕێگایە، کە زۆر جێگەی بایەخی مامۆستایانی پاریس بووە، دیالێکتیکە لە ئیلاهیاتدا، بۆ ئەوەی بیروباوەڕە کاسۆلیکییەکان بەڵگەدار و لۆژیکی دەربخەن (ل ١٦٢). گرووپی سێیەمی پەیوەندییەکان، لەنێوان فەلسەفە و ئیلاهیاتدا نییە، بەڵکوو لەنێوان فەیلەسوفەکان و ئامانجی کۆتایی خوێندنەکانیانە، کە هەمان بەختەوەرییە. فەلسەفەی سکۆلاستیک ئەم ئەنجامەی بەدەست هێنا کە دۆکتۆرینی فەلسەفی ناتوانێت دۆکتۆرینی ئیلاهیاتی پێشێل بکات، بۆیە ڕێگەیان پێ نادرێت ئەم کارە بکەن. ئەگەر ئێمە قبوڵ بکەین کە دۆکتۆرینی ئیلاهیاتی ڕاستەقینە (واقیعی) و ڕاستە (هەقیقییە) و دۆکتۆرینەکانی تر ناتوانن پێشێلی بکەن و ڕەتی بکەنەوە، ئەوا سرووش [و ئیلهامە] ئایینییەکان کاریگەری لەسەر هەموو چالاکییەکانی تر کە ژیار پێکدەهێنن، دادەنێن (ل ١٦٨).

## بەشی هەشتەم: فەلسەفەی عەقڵانی (عەقڵگەرایی) لە ئایدیۆلۆژیادا

لە نێو دۆکتۆرینەکانی سکۆلاستیکدا سێ بابەت کە پەیوەندییەکی نزیکیان بە ژیارەوە هەیە، دەورووژێنرێن کە یەکەمینیان فەلسەفەی عەقڵانییە. هیچ فەلسەفەیەک عەقڵانیتر لە سکۆلاستیکی سەدەکانی ناوەڕاست نییە. لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژییەوە، عەقڵگەرایی سکۆلاستیک شێوەیەکی ڕوون و شەفافی ئایدیالیزمە و فەیلەسوفانی سەدەکانی ناوەڕاست دەخاتە ناو خێزانی ئەفلاتوون و کانت-لایبنیز. لە دیدگای سکۆلاستیکەوە، وەرگرتنی بیرۆکە ڕووت و ڕەهاکان (موجەڕەد)، یاسای عەقڵە. ناسینی ڕەهاگەرایانە (ئەبستراکت) لەڕووی قەبارە و برەوە جیاواز نییە لە تێگەیشتنی هەستەکی، بەڵکوو لەڕووی جۆرەوە جیاوازە و ناسینی ڕەهاگەرایانە لە تێگەیشتنی هەستەکی باڵاترە. ڕەهاگەرێتی

لەڕاستیدا یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی مرۆڤ (ل ١٨١).

عەقڵ و بەڵگەهێنانەوە چرای ڕێنماییکەرمانن و، ئێمە زۆرجار مەیلمان بۆ شتێک هەیە کە بە گونجاو دەردەکەوێت. هەروەک چۆن عەقڵ بیرۆکە ڕووت و ڕەهاکان لە ڕاستی وەردەگرێت، چاکەش دەدرکێنێت و وەری دەگرێت. عەقڵ ڕووبەڕووی دوو بڕیارداندا دەبێتەوە؛ بۆ نموونە، بۆ من باشە گەشت بکەم یان نەکەم. لەژێر کاریگەریی ویژداندایە کە عەقڵی کرداری بڕیاری خۆی دەدات و هەر لەژێر کاریگەریی ئەودایە کە چالاکییەکی تایبەت، بە باشتر دیاری دەکرێت. لە کاتی هەڵبژاردندا، بیرکردنەوە دەوەستێت و جێگەی خۆی دەدات بە بڕیار. ئازادی لە ویژداندادایە، بەڵام ڕەگوڕیشەی لە بڕیارداندایە. کردارێکی ئازادانە، کردارێکی بیرکراوەیە. لە دیدگای سکۆلاستیکەوە، زۆر جار ئێمە بڕیاری عەقڵانی نادەین و پێویستیشمان پێی نییە.

داماڵین (Abstraction) [لە عەرەبی تەجەڕود و لە فارسی ئینتیزاع-ی پێ دەڵێن] چالاکیی سەرەکیی عەقڵ و ئاوەزە و، ئەم داماڵینە، نامادیبوونی ڕۆح، یەکێتیی ڕۆح و جەستە، زیندووبوونەوە و هەستانەوە و یەکگرتنەوەی ڕۆح و جەستە دەسەلمێنێت. ڕامانە (تیۆرییە) زانستییەکانیش بەبێ عەقڵگەرایی و داماڵین و گشتگیرکردن قابیلی تێگەیشتن نین. باڵادەستیی عەقڵ و ئاوەز لە بواری میتافیزیکیشدا بوونی هەیە کە ڕێکخستنی بنەڕەتیی شتەکان تەتەڵە دەکات و هەروەها نەگۆڕیی یاسای ئەخلاقی و سروشت پاساو دەداتەوە. لە ڕامانەی (تیۆریی) حکوومەتیشدا عەقڵ و ئاوەز ڕۆڵ دەبینن؛ لەم ڕامانەیەدا سیستەمی هەڵبژاردن قابیلی پاساودانە، چونکە لەگەڵ بەڵگەی عەقڵیدا گونجاوە. عەقڵگەرایی لە ڕوونکردنەوەی ڕێوڕەسم و هێما ئایینییەکانیشدا دەبینرێت. کۆمەڵگای ئەو سەردەمە عەقڵانییە؛ بەم واتایە کە هەموو ئەو سەردەمە بەدوای ڕێکخستندان و ڕێکخستنیش، وەک تۆماس ئەکویناس دەڵێت، دەستیوەردان و ڕۆڵی عەقڵ و ئاوەز نیشان دەدات؛ چونکە تەنها بیر و عەقڵ دەتوانن ڕێکخەر[ی چەمک و شت و کاروبارەکان] بن (ل ١٩٢-١٩٣).

## بەشی نۆیەم: چەمکی فرەژمارەیی (پلۆرالیستیی) جیهان

دۆکتۆرینێکی دیکەی فەلسەفەی سکۆلاستیک کە پەیوەندی بە ژیارەوە هەیە، میتافیزیکە.



نووسەر لەم بەشەدا باس لە پێناسەی میتافیزیک و ڕەهەندە جێگیر و گۆڕاوەکانی ڕاستی [Reality] (ڕەسەنایەتیی بوون) دەکات و بابەتگەلێک وەک هێز (Potency) و کردار (Act)، جەوهەر (Sub-stance) و عەرەز (Accident)، پرسی تاکایەتی، کەسایەتیی مرۆڤ و بوونی خودا تاوتوێ دەکات. بۆ لێکۆڵینەوە لە چەمکی جیهان لە دیدگای سکۆلاستیکەوە، دەچینە ناو بواری میتافیزیک. لێکۆڵینەوەی میتافیزیکی، پشت بە ناسینی داماڵدراوی (موجەڕەدی) بوونەوەرەکان و تایبەتمەندییەکانی پەیوەست بەوان دەبەستێت. بۆ ڕەسەنایەتیی بوون یان ڕاستی دوو لایەن لەبەرچاو دەگیرێت: یەکێکیان لایەنی جێگیر و ئەوی دیکەیان لایەنی گۆڕاو (ل ١٩٤).

هەر مرۆڤێک، ئاژەڵێک یان هەر گەردیلەیەک بە شێوەیەکی بنەڕەتی بوونی هەیە و خاوەنی تاکێتییەکی بێکەموکوڕییە و، ئەمە دۆکتۆرینی سەرەکی میتافیزیکە و لە سەدەی دوازدەهەمەوە بە میرات ماوەتەوە. سکۆلاستیک خاوەنی فەلسەفەیەکی فرەیی (پلۆرالیستی) و دژ بە تاکگەرایی و یەکگرتووییە و دژ بەو بیرۆکەیەیە کە دەڵێت هەموو ڕاستییەکان لە یەک ڕاستیدا تواونەتەوە. جەوهەری مرۆڤ، کەسایەتییەکەیەتی کە جێگیر دەمێنێتەوە، بەڵام ڕەفتارەکان دەگۆڕێن و، تاک سەربەخۆ لەم ڕەفتار و گۆڕانکارییانە دەمێنێتەوە. لە دیدگای سکۆلاستیکەوە، جەوهەر و عەرەز، کە لەلایەن ئەریستۆوە خراونەتە ڕوو، لەڕاستیدا یەکن؛ واتە هەمان بوونی ڕاستەقینە و واقیعی. بۆیە بۆ نموونە، جەوهەری دارێک کە بناغەی تاکێتییەکەی پێکدەهێنێت، ئەم تاکێتییە لەسەر هەموو تایبەتمەندییە عەرەزییەکان ڕەنگ دەداتەوە کە هی تاکێتیی ڕاستەقینە و واقیعییەکەیەتی. بەگشتی، جەوهەر و عەرەز لە یەک بووندا جێبەجێ دەبن و بوونی دارەکە جێگیر و بێجووڵە دادەنرێت.

وێنەیەکی ئەوتۆ ڕێتێچوو نییە؛ چونکە هیچ شتێک بێجووڵە نییە و ڕەسەنایەتیی بوون لە گۆڕان و گەشەسەندندایە. لە تاوتوێکردنی دیدگای ستاتیکی (جێگیر)دا، دەبێت دیدگای گۆڕاویش لەبەرچاو بگیرێت. ڕامانەی (تیۆری) هێزەکی (بالقوە) و کردەکیبوون (بالفعل)، پێکهاتەی میتافیزیک پێکدەهێنێت. ئەم ڕامانەیە لە ئەریستۆوە وەرگیراوە، بەڵام فراوانتر کراوە. گۆڕانی جووڵە لە دۆخی «ئەلف»ەوە بۆ «با»، توانایی گۆڕان بۆ دۆخی «با» نیشان دەدات. پەیوەندیی هێز و کردە لە ڕاستی و قووڵایی ئەودا دەچەسپێت و، ئەمەش بە باشی چەمکی میتافیزیک لە دیدگای سکۆلاستیکەوە ڕوون دەکاتەوە.

تۆماس و سکۆلاستیک دەڵێن: «جگە لە عەرەز کە دەگۆڕێت، جەوهەریش لەنێو گەردەلوولی گۆڕاندایە.» داربەڕوو دەمرێت و لە شیکردنەوەیدا ماددەی کیمیایی جۆراوجۆر بەرهەم دەهێنرێت. کاتێک ماددەیەک دەگۆڕێت بۆ ماددەیەکی تر، هەر یەکەیان تایبەتمەندییەکی تەواو جیاوازیان هەیە. ماددەکان لەڕووی جۆرەوە ناگۆڕێن، بەڵکوو لەڕووی بڕ و قەبارەوە دەگۆڕێن. ڕامانەی (تیۆریی) ماددە و فۆڕم لەڕاستیدا هەمان ڕامانەی هێز و کردەیە. هەر مرۆڤێک شێوە و فۆڕمی تایبەت بە خۆی هەیە؛ واتە شێوەیەک کە ناتوانرێت بگۆڕێت بۆ شتێکی تر. هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە گەشەسەندن و کامڵبوونی بوونەوەرێکەوە هەیە، پەیوەندی بە شێوە یان فۆڕمەوە هەیە و هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە حاڵەتی کامڵنەبوون یان کەموکورتییەوە هەیە، پەیوەندی بە ماکەوە (Matter) هەیە. بۆیە لە ڕوانگەی سکۆلاستیکەوە، ماک و سروشتی سەرەتایی شتێک بە شێوەیەکی هێزەکی، کۆمەڵێک شێوە و فۆڕمی تێدایە کە دەبێت خۆی لە ڕەوتی بەکردەکی بوونیدا گۆڕانکاریی تێدا بکات (ل ٢٠٦-٢٠٨).

چۆن تاکە جیاوازەکان لە یەک جۆر و بە یەک گەشەسەندنی سروشتی بوونیان هەیە؟ تۆماس ئاماژە بەوە دەکات کە بەبێ گشتگیرکردن و فراوانکردن ناتوانرێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە. بوونی تاکە زۆرەکان (Individuation) لە یەک جۆردا، لەگەڵ ڕەسەنایەتیی تاکدا یان تاکایەتی (In-dividuality) جیاوازن. هەر بوونەوەرێک خاوەنی ڕەسەنایەتییەکی تاکە. فەلسەفەی سکۆلاستیک زیاتر لە هەر فەلسەفەیەکی دیکە تیشکی خستووەتە سەر دۆکتۆرینی کەسایەتی. یەکێتیی ڕۆح و جەستە بە شێوەیەکە ڕۆح لە هەموو چالاکییەکاندا پێویستی بە یارمەتیی جەستە هەیە. ڕۆح وەک شلەیەکە کە بەپێی قەبارەی دەفرەکە جیاوازە. لە فەلسەفەی سکۆلاستیک، لەڕاستیدا، جەستەی مرۆڤ کە بەرهەمی لەدایکبوونی مرۆڤە و بنەمای تاکایەتی پێکدەهێنێت، هۆکاری فرەیی تاکەکان ڕوون دەکاتەوە. هەرچەندە ڕۆحی ئەخلاقی و مەعنەوی بەرهەمی لەدایکبوون نییە، بەڵام دایک و باوک وەک سەرچاوەکانی پێدانی جەستە بە منداڵ، بەرپرسیارێتیی جێگیرکردنی هێزە مرۆییەکانیان لەسەرە (ل ١١١). سروشت کۆمەڵێک فاکتەری کاریگەر و کۆمەڵێک گۆڕانکارییە، وەک یاسای پاراستنی وزە و یاسای ڕاکێشان. دەستپێکی ڕەها تەنها لە بارودۆخێکدا و تەنها لەلایەن بوونێکەوە

دەکرێت ڕوو بدات کە نەگۆڕ بێت و، ئەویش بوونی خودایە. ئەگەر نا، پرۆسەی هۆکاریێتی بێکۆتایی دەبێت. ئەگەر خاڵێکی وەستان لە زنجیرەی هۆکاریێتیدا نەبێت، گۆڕانکاریش بوونی نابێت. فەلسەفەی سکۆلاستیک، بوونی خودا بە مەرجێکی پێویست دەزانێت بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەسەنایەتیی بوون (واقیع). بەپێی بۆچوونی تۆماس، خودا بوونێکی ڕەهایە. هەموو بوونەوەرەکان بڕێک لە بوون وەردەگرن کە بە لەبەرچاوگرتنی زیادبوونی توانستیان، بڕەکەی زیاد دەکات (ل ٢١٧).

## بەشی دەیەم: تاکایەتی و چالاکیی کۆمەڵایەتی

لەم بەشەدا، نووسەر فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، کە یەکێکی دیکە لە دۆکتۆرینەکانی سکۆلاستیکە و پەیوەندی بە ژیارەوە هەیە، دەخاتە ڕوو و هەروەها باس لە بنەمای بوونی گرووپ بۆ ئەندامان دەکات و ژێرخانی ئەخلاقییەکەی ڕوون دەکاتەوە و گرووپ بە جەستە بەراورد دەکات. فەلسەفەی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە دواچینەکانی بینای سکۆلاستیک. دۆکتۆرینە نوێیەکان کە بۆ فەلسەفە زیاد دەکرێن، نابێت دۆکتۆرینەکانی پێشوو بشێوێنن؛ بەپێچەوانەوە، دەبێت لەگەڵ دۆکتۆرینەکانی پێشوودا گونجاو بن بۆ ئەوەی کۆمەڵەیەکی یەکگرتوو دروست بکەن. تایبەتمەندیی ڕێکخراو (سیستەماتیک) ی فەلسەفەی کۆمەڵایەتیی سکۆلاستیک لە بەرهەمەکانی تۆماس-دا زۆر دیارە. ئەو یەکەم کەسە لەسۆنگەی بەکارهێنانی بابەتە نوێیەکان، دۆکتۆرینێکی دروست کرد (ل ٢٢٥). لێرەدا نووسەر باس لەم بنەمایە دەکات کە هەر حکوومەتێک بۆ خۆشگوزەرانیی هاووڵاتییان بوونی هەیە و پێچەوانەکەی ڕاست نییە؛ واتە هاووڵاتییان لەپێناو خۆشگوزەرانیی حکوومەتدا نین. ئەم بنەمایە پەیوەندی بە هەموو سیستەمی فەلسەفەی سکۆلاستیکەوە هەیە و لەسەر بنەما ئەخلاقی و میتافیزیکییەکان دامەزراوە، کەواتە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی لەسەر دوو بنەمای دووانە، واتە بنەمای ئەخلاقی و میتافیزیکی دامەزراوە.

بۆچی حکوومەتێک دەبێت لە بەرژەوەندیی هاووڵاتییانی کار بکات؟ ئەخلاقی سکۆلاستیک دەڵێت، لەبەر ئەوەی هەموو مرۆڤێک بەهایەکی پیرۆز و تاکایەتییەکی پێشێلنەکراوی هەیە. هەر تاکێک لە ژیاندا بەدوای ئامانجێکەوەیە و، ئامانجیش بریتییە لە تەواوکردنی تاکایەتی. ئامانجی مرۆڤ هەمان

بەختەوەرییە کە هەر کەسێک بەدوایدا دەگەڕێت (ل ٢٢٣). مرۆڤەکان ئازادن بەدوای ئامانجی کۆتایی ژیانی خۆیاندا بگەڕێن و، بەختەوەری ئەوەندە تاکە کە چاکەی کەسێکی دیکە تێکەڵی نابێت. ئێستا ئەمە بۆ دابینکردنی ئامانجەکە بەس نییە و پشتگیریی ئەخلاقی و ئاراستەی تاکەکەسی پێویستە. تۆماس دەڵێت: «مرۆڤ سرووشتێکی هەیە کە بۆ ژیان لە کۆمەڵدا دروست کراوە؛ چونکە ئەو پێویستی بە کۆمەڵێک شتە بۆ ژیانی خۆی کە بە تەنیا ناتوانێت دابینیان بکات.» (ل ٢٢٤-٢٢٥).

فەیلەسوفانی سەدەی سێزدەهەم لەگەڵ ئەریستۆ و ئەگوستیندا هاوڕان ئەمە پێویستییەکی سروشتییە کە مرۆڤ لە کۆمەڵدا بژی. بەپێی بۆچوونی تۆماس و دانتێ، حکوومەتی پاشایەتی باشتر دەتوانێت ئاسایش و ژیانی ماددی و ڕۆحی دابین بکات. تۆماس دەڵێت: «ئامانجی گرووپ، ناچارەکی هەمان ئامانجی هەموو تاکێکی ئەندامی گرووپەکەیە.» بەپێی بۆچوونی ئەریستۆ، کۆمەڵ یان حکوومەت غایە یان ئامانجە، لە کاتێکدا فەلسەفەی سکۆلاستیک، حکوومەت بە شوێنکەوتووی چاکەی تاکەکان دەزانێت. لە دیدگای ئەریستۆوە، ئەرکی گرنگ ئەوەیە هاووڵاتییەکی باش بێت. لە دیدگای فەلسەفەی سکۆلاستیکەوە، ئامانج ئەوەیە بەهای مرۆڤایەتی بە ژیان بدەیت و مرۆڤێکی باش بێت و، حکوومەت دەبێت یارمەتیدەری ئەمە بێت (ل ٢٢٧-٢٢٨). میتافیزیک دەڵێت: لەبەر ئەوەی کەسایەتیی مرۆڤ ڕاستییەکی سروشتی و ڕاستەقینەیە، هەر گرووپێک هەرچییەک بێت، بوونەکەی پەیوەندیی بە تاکەکانییەوە هەیە. ئەم دۆکتۆرینە زیاتر جێگەی بایەخی یاساناسان و شەرعزانانە نەک فەیلەسوفان. نووسەر بە شێوەیەکی کەسی هاوڕایە کە کۆمەڵگا بەبێ هاووڵاتییانی بوونێکی ڕاستەقینە و واقیعی نییە. (ل ٢٣١-٢٣٢) لە دیدگای فەلسەفەی سکۆلاستیکەوە، جیهان خاوەنی تایبەتمەندیی فرەییە و، تەنها بوونێک کە ڕاستەقینە و ڕەسەنە تاکەکانن. تۆماس دەڵێت: گرووپ تەنها خاوەنی یەکێتیی ڕەوتە (دەرەوەیی). جیاوازییەک هەیە لەنێوان یەکێتیی ناوخۆیی کە هی خودی تاکە مرۆڤەکەیە و یەکێتیی دەرەکی کە بەرهەمی پۆلێنکردنی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکە جیاوازەکانە. تۆماس دەڵێت: «یاسا دەبێت زۆر شت لەبەرچاو بگرێت، وەک تاکەکان، کارەکان و کات.» لەبەر ئەوەی کۆمەڵ لە تاکە جیاوازەکان پێک هاتووە، دەبێت چالاکیی جۆراوجۆر دابین بکرێن. لە ڕوانگەی فەلسەفەی میتافیزیکەوە، هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان یەکێتیی گرووپێک کە بەلەمێک ڕادەکێشن و یەکێتیی

خێزانێک. تەنها جیاوازی، باسی باشبوونی چالاکییە پێشکەشکراوەکانە. کارکردنی دروست پەیوەندی بە هەمەڕەنگی و هەمەجۆریی کارکردنەکانەوە هەیە (ل ٢٣٦).

لە دیدگای تۆماس و سکۆلاستیکەوە، ژیانی گرووپی دەتوانێت واتایەکی بگۆڕ و دینامیکی دەستەبەر بکات و، ئەوەش پشت بە هاوبەشیکردنی چالاکییەکان دەبەستێت بۆ خۆشگوزەرانیی هەمووان. سەرەڕای هەبوونی سروشت و ماهییەتێکی مرۆیی هاوشێوە، تاکەکان خاوەنی جۆراوجۆریی توانست، لێهاتوویی و چالاکین. ئەمە یاسای میتافیزیکە کە بەسەر گرووپی کۆمەڵایەتیدا زاڵە. بەراوردکردنی کۆمەڵ بە جەستەی مرۆڤ، بەراوردێکی باو بوو لەو سەردەمەدا. ئەم ڕامانە (تیۆرییە) ئۆرگانییە دژ بە بەهرەی فەلسەفەی سکۆلاستیکە و لەگەڵ دۆکتۆرینی شەرعیی سەدەی سێزدەهەمدا نایەتەوە و وەک تراویلکەیەکی فریودەر لەقەڵەم دراوە. ئەوە دۆکتۆرینی میتافیزیکە کە دەتوانرێت بە بەردی بناغەی فەلسەفەی کۆمەڵایەتیی سەدەی سێزدەهەم بێتە هەژمار. لەسەر ئەم ژێرخانە، ئەخلاق ڕاوەستاوە. بۆیە ئەگەر زیان بەم دۆکتۆرینە بگات، ئەخلاق دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە و بەدوای ئەوەدا لە فەلسەفەی کۆمەڵایەتیدا ئاریشە دروست دەبێت و، ئەم وابەستەیی نزیکەی نێوان دۆکتۆرینەکان نیشانەی یەکگرتوویی سیستەمی سکۆلاستیکە (ل ٢٤٠).

## بەشی یازدەهەم: ڕامانەی (تیۆری) وڵات یان حکوومەت (State)

نووسەر لەم بەشەدا تیشک دەخاتە سەر بابەتی دابەشکردنی دەسەڵات لەلایەن خوداوەندەوە، ئەخلاقی حوکمڕانان، باشترین شێوەی حکوومەت لە دیدگای تۆماسەوە و پێویستیی یاسادانان و، بەراوردی دەکات بە حکوومەتەکانی ئەوروپا لە سەدەی سێزدەهەمدا، نەتەوە هاوچەرخەکان و ڕامانەکانی (تیۆرییەکانی) سەدەکانی پێشوو. وڵات یان حکوومەت بۆ چاکەی تاکەکان بوونی هەیە نەک بەپێچەوانەوە. هیچ ژیانێکی کۆمەڵایەتی بوونی نییە، مەگەر دەسەڵاتێک هەبێت کە ئەندامانی خۆی ناچار بکات پابەندی پەیڕەویکردنی لەو دەسەڵاتە بن. پرسیارەکە ئەوەیە دەسەڵات هی کێیە؟ فەیلەسوفانی سەدەی سێزدەهەم دەڵێن سەرلەبەری دەسەڵات بۆ خودایە، بۆیە دەبێت ڕاسپاردنی دەسەڵات لەلایەن خوداوە بێتە ئارا. حوکمڕانەکان وەک نوێنەر دەسەڵات بەڕێوە دەبەن (ل

٢٤١-٢٤٢). دەسەڵات و حوکمڕانی (Sovereignty) ڕۆڵ و ئەرکێکە دەبێت بۆ خۆشگوزەرانی بەکار بهێنرێت. بەپێی بۆچوونی تۆماس ئەکویناس، شازادەکان لەلایەن خوداوەندەوە دەسەڵاتیان پێدراوە، بەڵام ئەوان بۆ خۆشگوزەرانیی هەمووان کار دەکەن. لە حکوومەتی خودایی پاپادا، پاپا خزمەتکاری بەندەکانی خودایە و، حکوومەت بۆ خۆشگوزەرانیی ئەوان ڕاسپێردراوە (ل ٢٤٣). دەوڵەت بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی ئەرکێکی سێ قۆڵی لە کاروباری ژیانی خەڵکدا: یەکەم، ئاسوودەیی و بەختەوەریی گشتی لەڕێگەی پاراستنی ئاشتی؛ دووەم، پاراستنی ئەم دۆخە؛ و سێیەم، کارکردن بۆ پێشکەوتن و چاککردنی کەموکورتییەکان. هەر ڕەفتارێکی باش کە تاک ئەنجامی دەدات، دەتوانێت بۆ کۆمەڵ سوودبەخش بێت. دەوڵەتیش دەبێت هاووڵاتییان هان بدات ژیانێکی ئەخلاقییان هەبێت (ل ٢٤٥).

بۆ تێگەیشتن لە سیستەمی سیاسیی تۆماس دەبێت دوو بابەت جیا بکرێنەوە: یەکێکیان باسی پێگەی دەسەڵات و حوکمڕانی لە هەر وڵاتێکدا و ئەوی دیکە ئەوەی کە کێ گونجاوترین و شیاوترین کەسە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات. لە هەر حکوومەتێکدا دەسەڵات لە کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت و هی خەڵکە. دۆکتۆرینی دەسەڵاتی خەڵک، باسێکی نوێ نییە و لەگەڵ فەلسەفەی سکۆلاستیکدا گونجاوە کە دەڵێت تاکەکان، تەنها ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکانن و حکوومەت لە دەرەوەی ئەوان بوونی نییە و، ئەم باسە کۆمەڵایەتییە پەیوەستە بە میتافیزیکەوە. خەڵک دەکرێت دەسەڵات بە حوکمڕانێک ببەخشن و، حوکمڕانیش دەسەڵاتەکە بۆ خەڵک بەکار بهێنێت. کەواتە، دەسەڵات لە خوداوە بۆ خەڵک و لە خەڵکیشەوە بۆ حوکمڕان دەگوازرێتەوە. بنەمای سەدەکانی ناوەڕاست واتە بەدەستهێنانی دەسەڵات لەڕێگەی گرێبەستەوە، گونجاندنێکی شایستەی ستایشی هەیە لەگەڵ دۆکتۆرینی میتافیزیک کە دەڵێت، تاک سروشت و زاتێکی ڕاستەقینەی هەیە (ل ٢٥٠-٢٥١). ئەم بنەمایە هەروەها لەگەڵ کۆمەڵی فیۆداڵ و حکوومەتی پاشایەتی فیۆداڵیدا، کە لەسەر پەیمان و گرێبەست دامەزراوە، گونجاوە. بەپێی بۆچوونی تۆماس، لە پاشایەتیدا، دەسەڵات چڕکراوەتەوە و نەبوونی پەرشوبڵاوی، کارایی زیاتر دەکات. بەڵام ئەو دەڵێت ئەوە بارودۆخە دیاریی دەکات کام شێوەی حکوومەت، واتە پاشایەتی، ئەرستۆکراسی یان کۆماری گونجاوە. تۆماس خۆی تێکەڵەیەک لەم فۆرمانەی حکوومەتی پێ باشترە. لەبەر ئەوەی دەوڵەت دەبێت لە بەرژەوەندیی خەڵک کار بکات و، حوکمڕان دەبێت ئاوەزمەند و

خاوەن ئەخلاق بێت. هەروەک چۆن تۆماس لە ڕاڤەی خۆیدا دەربارەی سیاسەتی ئەریستۆ دەنووسێت:

هەڵبژاردن کارێکی عەقڵانی و لۆژیکییە و هەڵبژاردنی شیاوترین کەس لێرەدایە دێتە گۆڕێ.

تۆماس مەرجێک دادەنێت و دەڵێت، دەبێت خەڵک ڕاهێنانی سیاسییان پێ بکرێت و، ئەو جۆرە خەڵکەش دەبێت مافی هەڵبژاردنی حکوومەتی هەبێت. مافی دەنگدان دەبێت بە قازانجی گشتی بێت و، ئەگەر مافی دەنگدان بۆ خودی خەڵک زیانبەخش بێت، جێبەجێکردنی دەبێت دوا بخرێت. چۆن دەسەڵاتی حوکمڕان ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات؟ بەپێی فەیلەسوفانی سکۆلاستیک، دانان و دەرکردنی یاساکان بۆ ئەم کارە پێویستە. ڕامانەی (تیۆری) یاسا مرۆییەکان و سیستەمی یاساکان بەپێی بۆچوونی سکۆلاستیک پێک دێن لە دەروونناسی، ئەخلاق و میتافیزیک و، ئەمانەش بەشێکن لە کۆمەڵەیەکی سەرەکی کە پێی دەوترێت سیستەمی یاساکان. یاسا مرۆییەکان دوو ڕەهەندی جەماوەری و ژیارییان هەیە. یاساکان لە یاسایەکی سروشتی و زاتییەوە سەرچاوە دەگرن. یاسای سروشتی لەڕاستیدا کۆمەڵێک ڕێسایە کە لەسەر گەشەسەندنی بنەڕەتیی مرۆڤ دامەزراوە و ناگۆڕێت؛ چونکە پەیوەندییەکی دوو لایەنە لەنێوان زاتی خوداوەند و بوونەوەرەکانی ئەودا هەیە. یاسای مرۆیی نابێت یاسای سروشتی و زاتی پێشێل بکات کە لەم یاسایانەدا هەر تاکێک خاوەنی ئەرک و مافێکە کە لە هەموو سەردەمەکاندا بۆ هەموو مرۆڤەکان یەکە؛ وەک یاسای سروشتیی مرۆڤ کە دەڵێت، خراپەکار دەبێت سزا بدرێت، بەڵام ئەوەی کە سزاکە چۆن بێت، دەگەڕێتەوە بۆ عەقڵی لۆژیکی مرۆڤ (ل ٢٥٨-٢٥٩). دۆکتۆرینی تۆماس بۆ وڵاتان و حکوومەتەکان بەکار دێت، نەک بۆ نەتەوەکان. بێ گومان خۆشەویستیی نیشتمان لە سیستەمی ئەخلاقیی تۆماسدا جێگە و پێگەی خۆی هەیە. نەتەوەکانی ئەورووپا بە پێناسەی ئەمڕۆ لە سەدەی سێزدەهەمدا بەم چەشنە نەبوون. کەواتە سێ سیستەمی یاسادانان، واتە فیۆداڵی، شارستانی و یاسای شەرع یان کەنیسەیی خاڵی هاوبەشی گرنگیان هەیە، لەوانە سەرچاوەی خودایی دەسەڵات، پابەندبوونی پادشا بە یاسا، پادشا خزمەتکاری دادپەروەری، دەستێوەردانی کۆمەڵ لە دابەشکردنی دەسەڵات و بەشداریکردنی خەڵک لە حکومەتدا (ل ٢٦٢).

## بەشی دوانزەهەم: چەمکی پێشکەوتنی مرۆیی

لەم بەشەدا، نووسەر قسە لەسەر چەمکەکانی جێگیر و گۆڕاو و چەمکی پێشکەوتن لە زانست، ڕەوشت، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سیاسی و شارستانیدا دەکات. ئایا لە فەلسەفەی سکۆلاستیکدا شوێنێک بۆ ڕامانەی (تیۆریی) پێشکەوتن یان ئەگەری گۆڕانکاری بەرەو دۆخێکی باشتر هەیە؟ وەک پێشتر بینیومانە، چەمک و تێگەیشتنێکی جێگیر لە جیهان لەئارادا هەیە. سروشتی مرۆیی نەگۆڕە و جۆرە سروشتییەکانیش جێگیرن. بەگشتی، بنەما و پێوەرەکان جێگیر و ناچارین، وەک بنەمای ناکۆکی (تناقض) و بنەمای هۆکارێتی (علیت) کە لە بنەما ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییە پێویست و جێگیرەکانن. لەلایەکی ترەوە، جیهان گۆڕانکاریشی تێدایە و سکۆلاستیک پرسی گۆڕانکاری تاوتوێ دەکات. بنەمای «هێز» و «کارایی» لە هەر بوونەوەرێکی گۆڕاودا یارمەتیی چارەسەرکردنی ئەم پرسە دەدات. گۆڕانکاری لە جیهانی میتافیزیکیدا بوونی هەیە، بەڵام خودی گۆڕانکاریش پابەندی بنەمایەک دەبێت و لەژێر دەسەڵاتی هۆکارێکی کۆتایی (غایی)دایە. لە بابەتی گەشەسەندندا (تەکامول)، میتافیزیکی چالاکانەی سکۆلاستیک، نە گۆڕینی جۆرێک بۆ جۆرێکی تر قبوڵ دەکات، نە لێی پاشگەز دەبێتەوە. سروشتی مرۆیی لە هەموو مرۆڤەکاندا یەکێک و جێگیرە، بەڵام توانستەکان، کە سەرچاوەی ڕاستەوخۆی چالاکییەکانن، لەڕووی هێز و کاراییەوە لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر جیاوازن. بیرکردنەوە و ویستی مرۆڤ کەم یان زۆر چالاک و پڕ وزەیە و بە پەروەردە گەشە دەکات و، گەشەسەندنی بێسنوورە. هەروەها دووبارەبوونەوەی چالاکییەکان (خوو یان عادەت) گۆڕانکاری هەمیشەیی دروست دەکات، بۆیە شوێنێک بۆ پێشکەوتن و گۆڕانکاری بەرەو دۆخێکی باشتر لەگۆڕێدا هەیە و زانست گەنجینەیەکە بە شێوەیەکی هەمیشەیی لەلایەن نەوەکانی داهاتووەوە [پێی] زیاد دەکرێت.

لە بواری ڕەوشت و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا، باسی گۆڕانکاری بەرەو دۆخێکی باشتر لەئارادا هەیە. بەپێی بارودۆخەکان، شێوازی جۆراوجۆر لەگۆڕێدا دەبن کە تێیدا ڕەنگە بنەمایەک پێشێل بکرێت. ویستی مرۆڤ بۆ چاکە لە قووڵایی سروشتی مرۆیدا هەیە، بەڵام دەکرێت بەرەو دارمان بڕوات، بەڵام هێشتا بەتەواوی لەناو نەچووە و تەنانەت لە خراپترین مرۆڤەکانیشدا، سروشت و چاکەی مرۆیی بەباشی دەمێنێتەوە (ل ٢٧٥). سەبارەت بە یاسا کۆمەڵایەتییەکان، دەتوانین بڵێین ئەوان زیاتر

لەژێر کاریگەریی بارودۆخەکانن وەک لە یاساکانی ڕەوشتی تاکەکەسی. بۆیە پێشکەوتن لە یاسا مرۆییەکاندا بابەتێکی ڕێتێچووە. وەک تۆماس ئەکویناس دەڵێت: «دوو هۆکار بۆ گۆڕانکاری لە یاسا مرۆییەکاندا هەن: یەکێکیان پرسی عەقڵ و بەڵگەیە و ئەوی تریان مرۆڤە کە چالاکییەکان و ڕەفتارەکانی بە یاسا ڕێک دەخرێت.» بەپێی بارودۆخە گۆڕاوەکانی مرۆڤ، یاساکانیش دەگۆڕێن. ئەم ڕامانەیەی (تیۆرییەی) تۆماس ڕێگە بۆ پێشکەوتن لە یاسا مرۆییەکان و پێشکەوتنی حکوومەت یان دەوڵەت دەکاتەوە. حکوومەت دەبێت هەموو ئەو شتانە دابین بکات کە یارمەتیی گەشەسەندنی توانایی جەستەیی، هۆشەکی، ڕەوشت و بارودۆخی بەرهەمهێنان و کار دەدەن (ل ٢٧١).

کەواتە، هاوشێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەگشتی ژیار، مرۆڤ توانستی پێشکەوتنی هەیە؛ چونکە ئەوە ئەنجامی چالاکییەکانی مرۆڤە کە هەمیشە توانایی گەشەسەندنی هەیە. جێگیربوونی سروشت و ماهییەت، توانایی گەشەسەندنی بەهرەکان و خۆگونجاندنی ژیانی کۆمەڵایەتی بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخ و پێداویستییەکان، لەو بنەمایانەن کە سکۆلاستیک کێشەی پێشکەوتنی پێ چارەسەر دەکات (ل ٢٧٢).

## بەشی سێزدەهەم: فەلسەفە و کەشوهەوای نەتەوەیی لە سەدەی سێزدەهەمدا

لەم بەشەدا، نووسەر ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی سکۆلاستیک لەسەر ڕەفتار و سروشتی ئەو کەسانەدا پیشان دەدات کە پەرەیان پێداوە و سێ دۆکتۆرینی سەرەکی شی دەکاتەوە: بەهای تاکەکەسی، عەقڵانییەت و میانڕەوی، و ئاڤێرۆیزمی لاتینی؛ هەروەها دۆکتۆرینە دژەکانی سکۆلاستیکیش، وەک ناڕوونی و یەکێتیی بوون دەخاتە ڕوو. نووسەر ئەم باسە دەورووژێنێت کە فەلسەفەی سکۆلاستیک بەرهەمی بیرۆکەکانی نیۆ-لاتین و ئەنگلۆ-سێلتیکە. فەلسەفەی سکۆلاستیک فەلسەفەی زاڵی سەدەی سێزدەهەم بوو. ئەم فەلسەفەیە شوێن ڕەوتێکی گشتیی ژیاری ڕۆژاوا دەکەوێت و لە سەدەکانی دوازدەهەم و سێزدەهەمدا بەهێزتر بوو؛ واتە کاتێک پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی شێوەی فیۆداڵی وەردەگرێت. ئەم سیستەمە فەلسەفییە ڕەنگدانەوەی هەوڵەکانی یەکپارچەگرتنەوەیە و کاریگەرییەکەی گشتگیر و جیهانییە و ئاراستە ئایینی و گەشبینەکانی وای لێدەکات لەگەڵ تەواوی ژیاردا بگونجێت.

فەلسەفەی سکۆلاستیک گۆشکراوی نەژادگەلی ڕۆژاوایە. خەڵکی ڕۆژاوا کێشە و بابەتەکانی جیهانی ڕۆژهەڵات و یۆنان دووبارە بەرهەم دەهێننەوە، بەڵام چارەکانیان لە چوارچێوەیەکی بیری نوێدا دەگونجێنن. فەلسەفەی سکۆلاستیک سێ دۆکتۆرینی سەرەکیی جێبەجێ کرد کە بوونە ڕێبازێکی باو بۆ کێشەکان و چارەیان. یەکەم دۆکتۆرین، بەهای تاک یان تاکەکەسە وەک تاقە ڕاستیی مرۆیی. فەلسەفەی سکۆلاستیک، کە چەمکێکی فرەیی (پلۆرالیستی) لە جیهانە، هەر تاکێک بە بریکارێکی سەربەخۆ دەزانێت و، ئەم دۆکتۆرینە کە تاک ڕاستییەکی ناوەکی هەیە، سەرچاوەی ئەریستۆیی هەیە (ل ٢٧٦-٢٧٧).

فەلسەفەی سکۆلاستیک بازی بەسەر سنوورەکانی فەلسەفەی ئەریستۆ داوە و ڕێگەی زیاتری بڕیوە. هەرچەندە ئەریستۆ گوتی، تاکەکان بە سروشت جیاوازن، بەڵام کۆیلایەتیی بە سروشتی دەزانی، لە کاتێکدا فەلسەفەی سکۆلاستیک کۆیلایەتی بە گرێبەستێکی مرۆیی لەقەڵەم دا. هەرچەندە بەهاپێدانی زۆر بە تاکایەتی لەگەڵ ئیلهامە قووڵەکانی ژیاری سەدەکانی ناوەڕاستدا گونجاو نەبوو، بەڵام بیرۆکەکانی ڕۆژاوا تەنیا ئەو شتانەیان وەرگرت کە گونجاو بوون بۆیان. دووەم دۆکتۆرین کە بیر و ڕۆحی فەلسەفیی تێدایە، ئاوەزمەندی یان عەقڵانییەت و یاسای بەڵگەهێنانەوە و لۆژیکە. باڵادەستیی عەقڵ لە هەموو چالاکییە مرۆییەکاندا لە بۆچوونەکانی تۆماس و دانس، کە فەیلەسوفانی سەر بە ڕێبازی سکۆلاستیکن، بە ڕادەیەکی کەمتر دەبینرێت. جگە لە تاکگەرایی و ڕەسەنایەتیی تاکەکەس، تایبەتمەندییەکی گرنگی تر هەیە کە ڕۆڵی هەبووە لە دروستبوونی فەلسەفەی سکۆلاستیکدا و ئەویش میانڕەوییە (Moderation). میانڕەوی لەڕاستیدا تێکەڵەیەکی هاوسەنگە لە ناتورالیزمی ئەریستۆیی و ئایدیاڵیزمی ئەفلاتونی، بۆیە ئەو هاوسەنگییەی لە هەموو هێزە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەدا دەردەکەوێت، خۆی لە فەلسەفەی زاڵدا نیشان دەدات. عەقڵانییەتی سکۆلاستیک شێوەیەکی مامناوەندی ئایدیالیزمە. ئەم میانڕەوییە لە فەلسەفەی کۆمەڵایەتیشدا دەبینرێت. دەسەڵات لە وڵاتدا هەم هی خەڵکە، هەمیش هی ئەو کەسانەیە کە دەسەڵاتەکە بە نوێنەرایەتیی خەڵک وەردەگرن. بۆیە سکۆلاستیک خۆی لە زیادەڕۆیی و کەمتەرخەمی بەدوور دەگرێت. ڕەسەنایەتیی تاک، ڕەسەنایەتیی بیرکردنەوە و بیرۆکەکانی هاوسەنگی و میانڕەوی، ئەمانە سێ تایبەتمەندیی فەلسەفەی سکۆلاستیکن

کە لەگەڵ ژیاری ڕۆژاوا لە سەدەی سێزدەهەمدا گونجاون (ل ٢٨٠).

ئەم ژیارە زۆرتر لە هەموو شتێک باندۆری (کاریگەریی) فەرەنسای لەسەرە. هەموو ئەو مامۆستایانەی کە ڕۆڵیان هەبوو لە گەشەپێدانی فەلسەفەی سکۆلاستیکدا، پەروەردە و گۆشکراوی فەرەنسا بوونە. ئەڵمانییەکان ڕۆڵێکی کەمیان لە فەلسەفەی سەدەی سێزدەهەمدا هەبوو. ئەڵمانییەکان کەسانی دیاریان لە بواری ژیاردا پێگەیاند، بەڵام فەلسەفەکەیان فەلسەفەی سکۆلاستیک نەبووە. جگە لە فەلسەفەی سکۆلاستیک، دوو ڕەوتی سەرەکیی هزری هەبوون: ئاڤێرۆیزمی لاتینی و نیۆئەفلاتۆنیزم کە وردە وردە سەری هەڵدا، بەڵام گەشەی کرد. جیاوازیی نێوان ئاڤێرۆیزم و فەلسەفەی سکۆلاستیک وەک جیاوازیی کەنیسەی گۆتیک و مزگەوتی عەرەبەکان وایە. ئاڤێرۆیزم دوو دۆکتۆرینی سەرەکیی هەیە کە فەلسەفەی سکۆلاستیک لەگەڵیاندا ناکۆکە: یەکێکیان ڕۆحێکی یەکگرتووە بۆ هەموو مرۆڤایەتی و ئەوی تریان ڕامانەی ڕاستیی (هەقیقەتی) دووانەیە. ئەم جۆرە دۆکتۆرینە لەگەڵ لایەنە تاکەکەسییەکانی بیرکردنەوە و ئەزموونە ئایینییەکان و لەگەڵ نەمریی تاکەکەسی لە ناکۆکیدایە. بەپێی ڕامانەی (تیۆریی) ڕاستیی دووانە، ڕەنگە دۆکتۆرینێک لەڕووی فەلسەفییەوە ڕاست بێت، بەڵام لەڕووی لاهووتییەوە هەڵە بێت و بە پێچەوانەشەوە. دۆکتۆرینی لۆژیک و لاهووت لەگەڵ ڕامانەی ڕاستیی دووانە و لەگەڵ ئەسڵی دژگری-شدا (تناقض) لە ناکۆکیدایە. نیۆئەفلاتۆنیزم توانی ئەڵمانییەکان هەڵفریوێنێت (بەتایبەت لە سەدەکانی چواردەهەم و پازدەهەمدا) و لە نیوەی دووەمی سەدەی سێزدەهەمدا، هەندێک لە فەیلەسوفانی ئەڵمانی ڕوویان کردە نیۆئەفلاتۆنیزم (ل ٢٨١).

ئێکارت و فرایبێرگ لە کەسایەتییە دیارەکانی ئەم گرووپە فەلسەفییەن کە زاڵن بەسەر نیۆلاتین و ئەنگلۆسێڵتسدا. بیرکردنەوەی ئەم دوو بیرمەندە جیاوازە لە ئاراستەی هزریی نیۆلاتینەکان و ئەنگلۆسێڵتس. یەکەم تایبەتمەندییان ناڕوونی لە بیرکردنەوە و نادروستی لە زمان و وشەکاندایە. هەرچەندە ئێکارت وشەکانی فەلسەفەی سکۆلاستیک بەکار دەهێنێت، بەڵام بیرمەندێکە بیرۆکەکانی ناڕوونن و، ئەوان لەگەڵ نیۆئەفلاتۆنییەکان و ڕامانە (تیۆرییە) ناڕوونەکان و بەراوردکارییە چەواشەکارەکاندا ناکۆکن. دووهەم تایبەتمەندی کە تێیدا فەلسەفەی ئەڵمانەکان لەگەڵ فەلسەفەی سکۆلاستیکدا ناکۆکە، یەکێتیی بوونە کە تێیدا هیچ جیاوازییەک لەنێوان خودا و مرۆڤدا نامێنێت. ئێکارت باسی تەسەوفێک

دەکات تێیدا ڕۆح جۆرە یەکێتییەک لەگەڵ خودا دروست دەکات و، فرایبێرگ دژی یەکێتی بوون قەڵەم هەڵدەسووڕێنێت. ئەو ئیلهام لە نیۆئەفلاتۆنییەکان وەردەگرێت (ل ٢٩٢-٢٩٣). سێهەم تایبەتمەندی ئەوەیە کە فەلسەفەی ئەڵمانەکان هاوسەنگی و هاوئاستیی تێدا نییە. بە پێچەوانەوە، فەلسەفەی سکۆلاستیک بە ڕاستی (هەقیقەت) دەست پێدەکات و بە چاودێریکردن و شایەتیدانی ویژدانەوە بەردەوام دەبێت تا بتوانێت نەخشە گشتییەکانی جێبەجێکردنی یاساکان و بنەماکان بدۆزێتەوە، بەڵام نیۆئەفلاتۆنی ئەڵمان بە بیرۆکەی خودا دەست پێدەکات و هەنگاو بە هەنگاو بەدوای دەرکەوتنەکانیدا دەچێت (ل ٢٩٥). لە تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەی سکۆلاستیک، بیرۆکە ڕوونەکان، دەربڕینی دروست، تێکەڵکردنی فێرکاری و ئەزموونە کە لەلایەن نیۆئەفلاتۆنی و ئەنگلۆسێلتسەوە شی کرایەوە، بەڵام نیۆئەفلاتۆنی ئەڵمانی خاوەنی تایبەتمەندیی جیاوازن، وەک باوەڕ بە یەکێتی و تاکێتیی خودا، یەکێتیی بوون و ناڕوونی (ل ٢٩٦).

## بەشی چواردەهەم: بەشی کۆتایی

لەم بەشەدا، نووسەر تاوتوێی کاریگەریی سیستەمە فەلسەفییەکانی سەدەی سێزدەهەم لەسەر بیرکردنەوەکانی داهاتووی ڕۆژاوا دەکات و بەهای پەروەردەیی سکۆلاستیک (فەلسەفەی مەدرەسی) بۆ مێژووی فەلسەفەی نوێ شی دەکاتەوە. بیرۆکە یەکگرتووەکانی سەدەی سێزدەهەم تا ناوەڕاستی سەدەی چواردەهەم لەناو چوون. زانستگەی پاریس تایبەتمەندییە جیهانییەکانی خۆی وەک ناوەندێکی فێربوون و پەروەردە لەدەست دا و تەنها بوو بە دامەزراوەیەکی نەتەوەیی. جگە لەوەش، دەسەڵاتی پاپاکان لە بواری سیاسەتدا لاواز بوو، بەڵام سیستەمە فەلسەفییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست باندۆری خۆیان لەسەر بیرکردنەوەکانی ڕۆژاوا جێ هێشتووە. جیاوازیی فەیلەسوفانی نیۆئەفلاتۆنی و ئەنگلۆسێلتیک لەلایەکەوە و فەیلەسوفانی گرووپی ئەڵمانی لەلایەکی ترەوە لە سەدەی سێزدەهەمدا مایەوە. دیکارت و لۆک زۆر قەرزارباری فەلسەفەی سکۆلاستیکن و ئەڵمانەکانیش ئێکارت بە یەکەم فەیلەسوف لە ڕەوتی بیرکردنەوەی خۆیاندا دەزانن، بۆیە ئەم پرسە بۆچوونی نووسەر پشتڕاست دەکاتەوە کە سەدەی سێزدەهەم، سەدەی بڵاوبوونەوەی ژیری و بلیمەتیی ئەورووپاییە (ل ٢٩٧).

هەر وەک چۆن خوێندنی تەلارسازی و پەیکەرسازیی سەدەکانی ناوەڕاست و نیگارکێشانی ڕێنسانس کاریگەرییان هەبووە لەسەر داڕشتنی بیرکردنەوەی تەلارسازان و نیگارکێشانی داهاتوومان و، هەر وەک چۆن خوێندنی یۆنانی-لاتینی مەرجێکی پێشوەختی پێویستە بۆ کولتووری ئەدەبیی ئێمە، خوێندنی فەلسەفەی نوێ نەک تەنها دەبێت پشت بە فەلسەفەی یۆنانی ببەستێت، بەڵکوو دەبێت پشت بە چەمکەکانی جیهان و ژیان ببەستێت کە ڕۆحی فیکریی پێشینانی ئێمەیان پێکهێناوە. خوێندن و فەلسەفەی ئەوان قۆناغێکی پێویستە لە پەروەردەی فەلسەفیماندا و، ئێمە دەبێت بەڕاستی بەناو فەلسەفەی سکۆلاستیکی سەدەکانی ناوەڕاستدا تێپەڕین، ئەگەر بمانەوێت ڕەخنەی لێ بگرین و سنوورەکانی ببەزێنین (ل ٢٩٩).

## سەرچاوەکان

Maurice De Wulf, Philosophy and Civilization in the Middle Ages, Oxford University Press, 1922.

آینەی پژوهش، سال بیست و پنجم، شمارە سوم، مرداد و شهریور ١٣٩٣، گزارش کتاب «فلسفە و تمدن در قرون وسطی»، ترجمە و تلخیص مجتبی پاشا، صص ٧١-٨٠

Awez is a quarterly intellectual, cognitive and theoretical journal published by Kurdistan Chronicle.

**Editor-in-chief:** Faruq Rafeq

**Editorial Secretary:** Abdulkhaliq Yaqubi

**Coordinator:** Sardar Sattar

**Graphic Design:** Hilal Çelik

**Illustration:** Shamal Saadulla

**Print Circulation:** 1,500

**Price:** IQD 5,000

Legal License Number of Kurdistan Journalists Syndicate: 992

**Contact Awez:**
info@Awezjournal.com

+964 750 928 83 85



Awez is a quarterly intellectual, cognitive and theoretical journal published by Kurdistan Chronicle





AWEZ

# FACT

NOT OPINION

Kurdistan Chronicle

AWEZ